کتێبی ڕاپەڕینی نەتەوەی کورد
-------------------------------------

ناوی کتێب: ڕاپەڕینی نەتەوەی کورد
نووسەر: کریس کۆچرا
وەرگێڕاوەی برایم یونسی لە زوانی دەرەکی
وەرگیڕانی حامید ڕەشیدی زەرزا، لە زوانی فارسی بۆ کوردی
بابەت: مێژوویی
تیراژ/1000دانە
ژپ509 ساڵی 2006وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە
چاپ: چاپخانەی ئۆفیسی تیشک
سلیمانیە 2006
مافی لەچاپدانەوەی پارایزراوە،بۆ وەرگیڕ: حامیدڕەشیدی زەرزا
-------------------------------------------

-------------------------------------------------

ناوەرۆک

پێشەکی وەرگیڕ: ئیبراهیم یونسی
پێشەکی وەرگیڕ :حامیدڕەشیدی زەرزا
بەشی ئەوڵ:-نەتەوەخوازی کورد
1-ئەمیربدرخان، پاڵشای کوردستان......
2-دوژمنداری فرانسە..............
3-جەرەیاناتی گرینگی نەتەوەخوازی کورد...........
4-دەمەتەقە، لە ناخی بزوتنەوەی کورد.................
بەشی دووەم-ساڵەکانی سەرکوت..........
1-شۆڕشی کوردستانی تورکییە........
2-سمکۆ(سمایل ئاغا).................
3-شۆڕشەکانی شێخ مەحموود...........
4-شۆڕشی شێخ سەعید(1925)...........
5- کۆماری ئاراڕات..................
6-دوایین شۆڕشەکانی شێخ مەحموود.......
7-شێخ ئەحمەد بارزان........
8- شۆڕشی درسیم........
بەشی سیهەمین-خەبات بۆ سەربەخۆیی
1-یەکەمین ڕاپەڕینەکانی بارزانی وپەیدابوونی حیزبەکان......
2-حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئیران.......
3-پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئیراق.........
4-لەئینقلابی ئیراق(1958) هەتا شەڕ لەگەڵ قاسم......
5- شەڕ لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم.........

6-نێوان پەردەی ئەوەڵ...........
7-شەڕی یەکەمی بەعس..........
8- نێوان پەردەی دووەم.......
9-شەڕی عارف........
10-نێوان پەردەی سیهەم...........
11-سەڕی دووەمی بەعس............
12-ئاگربڕی دوورو درێژ.................
13-شەڕی سیهەمینی بەعس...........
14-رێکەوتنی ئەجەزایەر(6ی مارسی 1975)..........
بەشی چوارم-بێلان و هەتەری چاو........
1-بزوتنەوەی کورد لە تورکییە..........
2-حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئیران........
3-وەزیەت لە ئیڕاق، لە ساڵی 1976..........
4-دواییین قسە.........

سەبارەت بەنووسەر

کریس کۆچرا، نووسەری دڵپاکی فڕانسەوی لە ساڵی 1938چاوی بەدونیا هەڵیناوەو، هاواڵدەرە. لە گەڵ خێزانی کە وێنەکێشە دەیان ڕپرتاژی سیاسیان لە چاپەمەنیەکانی فڕانسەویو دەرەکی دابلاوکردۆتەوە. برێک لەوان: بیافزا،1969، کەنداوی فارس،1978،1970 سودان،1971، کوردەکان،1975،1971 شێلی 1976،فەلەستینیەکان 1976-1978 ئەوکتێبەی ڕاپەڕینی نەتەوەیی کورد، شوێنی پێنووسی ناوبراوە. وەک ئامارژەمان پێکرد، ئەو هاواڵدەرە، نەک مێژوو نووس، لە بەرئەمە خوێنەر نابێ بە چاوی مێژوو لەو کتێبە بڕوانێتو چاوەنواڕی لێکدانەوەی موو قەڵیشی مێژووی لە نووسەرهەبێت. بە تایبەت ئەوەی لەو کتێبە سەرنج ڕاکیشە دڵپاکیو ئینسافی نووسەرە،کە بێ لایانگری لە دەسەڵاتداران، یان سیاسەتێکی نەخازا زۆرتر هاودەردی لە گەڵ زوڵم لێکراوانی ڕووداوەکان دەگێڕیتەوە.

(پێشەکی)

چەند لەمەوبەر کتێبێک لە سەر بنەڕەتی یەکێک لە چیڕۆکەکانی (شانامەی) مامۆستا فیردەوسی تووسی بڵاوبۆوە کە لەویدا نوسەری بەڕێز پاش ئەژماردنی دەلیلو هۆیەکانی هاتنە سەرکاری زوحاکو چیڕۆکی سەرهەڵدانی دوومار لە سەر دووشانی ناوبراو،و دابین کردنی چێشتی ئەم مارانە لە مێشکی سەری لاوانی خەڵک، بەڕێنوێنی شەیتان... و بە ڕاوێژی دوو مرۆڤی ڕەسەن کە لە جلو بەرگی ئاشپەزیدا خزمەتی زووحاکیان دەکرد. لە چیڕۆکی هاتنی فریدوون دەنووسێت. بەڵام پرسیارێکی دیکە، بۆچی فریدوون یەکێک لەو لاوانەی لە مردن ڕزگاربووی سەرهەڵگرتوو بۆ

چیاو چۆلگە نییە؟ بۆچ ئەم لاوانە لە پانەگۆڕایی دوایی چیرۆکدا خۆ ناخەنە بەرچاوو، ئاریکاری فریدون ناکەن؟ بۆچ ئەوگروپە دوو سەد کەسیانە کەلە گەڵ گاوگۆلو پەزەکانیان پشتیان لەشارو ئاوایی کردوەو سەریان بۆ کیوو چۆلگە هەلگرتووە، پێکەوە یەکگرتوونابن و، وەکوو لێمشتی بەلا بە سەروسوکوتی زوحاک دانارژین؟ بۆچی ئەوکوردانەی خێلاتی وخێڵەکی وەدوای گاووگۆلو مەڕو مالات کەوتوو، لە فکری تۆڵە ئەستاندنەوەی خوێنی برایانی بێتاوانی خۆیان دانین؟ ئاخۆ ئەم لەبیر بردنەوەیەو فەراموشی‌یە خووخدەو خەسلەتی کێووچۆلگەو پێدەشتەو لەگەڵ کۆچ کردنو شەپۆلی بەلاو موسیبەت چەسپیوەو دوور لەڕێ بەدەربردنە؟ یان پەیوەندی خۆڕسکاوی‌و نەخشی گەنجی یە ؟ وەلامی ئەو هەموو بۆو ئاخۆیانە بە بیری تیژوو وردبینی دۆستانی لاوم دەسپێرم!
بیرورا لێرە وەرام دانەوە بە نووسەری کتێبو رەخنە گرتن لە ڕەوشتو شێوەیی کاری جوانی وان نییە، شۆڵی وی بەڕاستی بەنرخەو دەستیان نەڕزێ. بەلام لە مەڕ خالێک لە بەندی پێشوو کە فەرموویانە!
بابەتێک هەیە کە دەمەویست بۆ ئاگاداری عەرزتان بکەم: ئەز بە بۆ چوونی خۆم پێم وایە ئەو سەردەمیش وەکوو ئەم ڕۆژگارە(فریدونەکان هیچ کات لە مەیدانی کردەوە دا نەبوونە، لە قولینچکەک یان لە گۆشەی عێبادەتگایەکدا خۆیان حاشار داوە، هەتا ئەوانی دیکە زووحاکی سەردەمیان بۆ لەناو بەرنو ئەوی بە سەلامو سەڵەواتو دەفەلێدانو تەپلو توزەلە لە ژێرڕا بینەوەو لە سەرتەختی دابنێن. بەلام وەختێک کە لە سەر کورسی دەسەلات پاڵی داوەتەوە ئیدی مەسەلەکە کۆتایی پێ هاتووە براوەتەوە، هەموو شت لە بیر برد راوەتەوە، هەمووکردەوەکانیان بە حیسابی چۆرتی فکری خۆیان قەبلاندوەو، بۆ ئەوەی بەئی دیکە نیشان بدەنو پێیان بسەلمێنن کە هەر بۆخۆیان بوونەو هەرپشت ئەستوور بەخۆیان بوونە،چ ڕاوێژکەرو ڕێگا نیشاندەریان نەبووە، دەستیان بە تالانو برۆی مالی خەلکو ڕژاندنی خوێنی ئاپۆرەی بێ تاوان کردووە. ئەز بە ئیجازەی نووسەری بەرێزی کتێب چەند بابەت لە پەیوەندی ئەم برایانەی ڕۆیوو بۆ تۆڵەی خوێنی برایانی خۆیان نەگەڕاونەتەوە، دەگیرمەوە کە پێم وایە بایەخی وەردانەوەی هەبێت...بەهەرحاڵ وەبیر هێنانەوەی ئەم بابەتە لە مەڕ زووحاک لە قەولی مۆریە(سەفەری دووهەم 1812) جێگەی سەرنجو سەرهەلبڕینە! کەلەو سەردەم لە ڕۆژگار، 31ی مانگی ئەوت هەموو سالێک لە دەماوەند جێژنێک بە شانازی ئازاد بوونی ئێران لە زولمو زۆری ئەو پاشای زالم کە بە(جەژنی کوردی) بە ناوبانگ بوو ڕێکدەخرا.
ئەوەی لە ڕاپۆرتی (ڕێچ) هەڵدەکرێ، گەشتو سەیرانو هەلمژینی ئاوو هەوای ئازاد هەمێشە لە سولەیمانیە عادەت بۆوە. ئەز هێندێک چێرۆک سەبارەت بە جەژنی بەهارە گوێ بیس ببووم کە بناخەی کەونارایان هەبوو جۆرە ساتۆرنالیابوو، لە سەرەتای (شەڕی ئەوەلی دنیاگر)یان کەمێک بەرلەوی وەلانرابوو. سەرەتای بەهارکە سەرەتای سالی تازەی ئیرانی کەونارایە، تەواوی خەلک لە شار وەدەر دەکەوتنو دەچوونە سەرکانیەکانی (سەرچنار) لە وێ جێژنیان بەرێوە دەبرد، لەو ڕۆژەدا پادشای کەس بەکەس لە حکوومەت دادەنرا، ئەوفەرمانڕەوایە دەسەلاتێکی بەرفراوانی هەبوو، موەقەتەن بەسەر زۆر ئادابو نەریت دادەچۆوە، کاروباری ئاسایی ڕادەگرت یان هەلیدەپەسارد. سەناتۆر ڕەفیق وەهەبی لە کورتە نووسراوەیەکدا کەلە فۆلکلۆری کوردی نووسیوەو لە گۆڤاری (سۆمر) پەیوەنددار بەدەمو دەزگای کۆنینەناسی ئێراق بە چاپ گەیوە، بەکورتی ئامازە بەم نەریتە دەکات: بەیانی ڕۆژی دیاری کراوخەلکی سولەیمانیە شار بەجێ دێلنو لە شوینی جەژنەکەدا کۆدەبنەوە، پاشایەکی لە سەر تەختی شایەتی دادەنێن، دەربارینو پارێزگاردان دیاری دەکەن، پاشا بەسواری گایەک لە حالێکدا کە دەربارییان بە دوای وەنە لەناو جەماوەردێتە ئۆردوگاو خیوەت هەلدەدەنو دیوان دەکەنەوەو تییانان دادەنێنە

سەرکۆچکاور،هێندێک کەوڵی ولاخ و بزنیان لەبەردەکەن، لە تەواوی جەژندا کە سێ ڕۆژ دەخایێنێت نەخشی حەیوانی کێوی بەڕێوە دەبن، خەڵک بەبێ چ ناقایل بوونو ڕەخنە، فەرمانو دەستوورەکانی پاشا بەڕێوە دەبەن. شا بۆ ئەو خەڵکە، چ ئەوانەی بەشداریان کردوە چ ئەوانەی نەیانکردوە باجو پێتاک دیاری دەکات...ئەو کەسە هەتا ساڵی داهاتوو یانی ساڵهاتی جەژن، ناوی پاشایەتی لە سەردەبێت. بە بۆچوونی من ئەم چێژنە لە ڕاستی دا بیرەوەری شۆڕشی فریدوون دژی زووحاکی زۆردارەو دڵڕەقە، کەلە ڕووداوەکەدا هەروەک لە شانامەی مامۆستا فیردەوسی تووسی دەیبینین، فریدوون زووحاکی لە سەر تەخت هێنایەخوارو سەلتەنەتی ئێرانی هێناوەدەست. کوردەکان دەڵێن: فریدوون سواری گایەکی نێر ببوو، هێزەکانی خۆی لە شەڕ دژی زووحاک ڕێبەری دەکرد.

(نەورۆزی 1959پانزدە ڕۆژ پاش سەرکوتکردنی شۆرشی مووسڵ، کوردەکان لە سولەیمانیە بە شکۆیەکی هەرچەند تەواوتر (نەورۆز) یانی ڕۆژی ئەوەڵی ساڵی هەتاوی ئێرانی دەکەنە چێژن، شاری بە وینەکانی گەورەی ژەنەڕاڵ قاسمو بارزانیو پاڵەوانانی نەتەوەیی کورد،یانی شێخ سەعیدوشێخ مەحموود دەڕازینەوە. کوردەکان کارناواڵی چەند هەزار کەسی بە بەشداری سازمانەکانی لاوان، جۆتیاران، ئیتحادیەکانو کرێکاران وەڕێدەخەن. لەو کۆ بوونەوەیەدا ڕێبەرانی حیزب وتاری پڕ ناوەرۆکو درێژ لە تاریفو پێهەڵاگوتن بە ژەنەڕاڵ قاسم سەرکۆماری ئێراقو یەکیەتی کوردو عارەب دەخوێنەوەو بۆ میللەتی کورد کە هەر وا لە ژێر نیری بیخسرییە سەلام دەنێرن. ئەم جەژنە مەزنە بە خۆپێشاندان لە شەقامەکان( چێرۆکی ئێرانی، شۆڕشی کاوەی ئاسینگەر بە دژی زووحاک کۆتایی پێهات. ئەم نمایشانە لەسەر گۆڕەپانی جۆراجۆر بەڕێوە چوو. لەم نمایشەدا کاوە سەرچاوەی گەش بینی خەلکو زووحاک سیبەری ڕەشی شەیتانی داگیرکەری ئینگلیزو دەمارگرژی ناسری بوو. ئەوەی لەوکتێبە باسی لیکراوە، قسەی دەمی فیردەوسی مەزن لە چیرۆکی کۆنی ئەفسانەییە. بەڵام ئەو بابەتەی ئەز دەیگێڕمەوە، شتی تازەنو لە ناو خەڵکی ئێمە،یانی خەڵکانی کورد زیندونو لە ژیان بەردەوامن. ئاخۆ سەیر نانوێنێ کە ئاگاداری ئەفسانەگۆی نەتەوەیی لە برایانی کێویوکامڵ تەواو نەبووبێت! دەبێ هەرئەو خەڵکە نەبووبن کە فریدونیان بە سواری گای نهێنابیتەوەو لە سەرتەختی پاشایەتی دانەنابێت؟

ئاخۆ ئەوبابەتە زیندوە حیکایەت لە سەر ئەو مانایە ناکاتو ئەنگوستی ڕاستی بۆ ئەو واقیعیەتە ڕانادێرێ؟ لەوانە تێپەڕبینو ڕابرین...ئیستعمارگەرانی بیانیو قازانج خوازانی ناوەخۆ بەکەلک وەرگرتن لە کەمتەرخەمی برایان، وەزعەکەیان ئەوها ئاڵۆزکردوە کە برایانی فارس ئێستاش بە چاوی نەوەی بزربووی میژوولێمان دەڕوانن، ڕوون نیەکێین! لەکوێڕاهاتووین؟ بۆ چی هاتووین؟ پیناس؟ نیمانە! ئیدی هاتووین بۆخۆشمان نازانین بۆچی؟ چونکە فیردەوسی ڕووحی شادبێت کە هەرنەبێ ڕابردووی (ئەفسانەیی چیرۆکی) بۆ دۆزیوەتینەوە! بە پێچەوانەی ئەوانەی دیکە بێچوە نەمەچێترین، لە تۆرەمەی قەفقازین، یانی کە ئیستاکەش تەکلیفمان ڕوون نییەو مەعلووم نیە،لکو پۆپی چ دارەکین؟ ئەو زوانەی کە ئاخافتنی پێ ئەکەین، ئەگەر ئیکجار لووتفو مەرحەمەتو گەورەییو سەروەری بفەرموون وردە زوانەو لەهجەیە!

خەبەربیژو مێژوو نووسی خەلافەتیش بێ کار ڕانەوەستاون، چیرۆکێکی ڕۆژهەلات بە ڕەوشتو شیوەی خۆی دەلیلی نامرادی کوردان شی دەکاتەوەو دەڵێن: کاتێک محەمەد ڕاسپاردەی خوا خۆی ناساند، هەموو پاشاو شازادەگانی دونیا بۆ کڕنۆشو سەردانواندن وی گۆی ڕکە بەرەیان لە یەکدی دەفڕاندو کەوتبوونە کێ بەرکێ! ئۆغزخان کە پاشای تورکان بوو، شازادەیەکی کوردی دانیشتووی بەغدای کە ناوی (زەمین) بوو بردەلای محەمەد(ص). کە چاوی بە هەیکەلی ئەو دێوە

نەقۆڵایە ڕەنگو ڕوو ناحەزە کەوت وەختابوو بتۆقێ، لە ڕەچەڵەو تۆرەمەی پرسیارکرد. کاتێک کە زانی ناوبراو کوردە، دەستی دوعاو پاڕانەوەی بۆ بارەگای خوای مەزن بەرزکردەوەو داوای لێکرد دەخیلە نەهێڵی ئەو دوژمنە قەپۆزبەرانە وەحشییە ڕۆژێک ببێتە نەتەوەیەکی یەک گرتوو، ئەوەیە دەلیلی لیک ترازانو ناکۆکیو چەند دەستەیی کەلە نیوان کوردان سەری هەڵداوەو هەر بەردەوامە!

ئەو گروپە بەمەش وازیان لە ئاکارو ڕەوشتی کرێت نەهێنا بەڵکوو بە وەدوا کەوتنی ئاکاری ناشیرین خوا لێخۆشبوو غەزالی تووسی، بۆ لە ناو بردنی هەرجۆرە شوێنی نشینگەو ئاسەواری مێژوویی- وەبیرم دێت: لاوەکانیان بۆ تەقە لێکردن لە پەیکەرەکانو جێ شوێنو ئاسەوارەکانی کەونارایی زەڕدەشتی هاندەدا، وەک هەنووکە لە هەڵپڕکێ تاقی بۆستان یان سەر پردی زوهابو جێگاکانیتر شوێنێک نییە کە وەبەرچاو بکەویو کە لە مەترسی دوا ڕۆژی پیسی ئەو هاندەراوانەو پڕوپاگەندەکان دەست وێنەکەوتوو سەر بە مۆر مابیتەوە!

بەڵێ ئەوشتانە بیانیەکان دیلێنو براکانی بلیمەتو پسپۆرو زانای ئێمەش وەردیاندە دەنەوە، دووپاتو سێ پاتو کاوێژیان دەکەنەوەو دەرخواردی خەڵکیان دەدەن، بداخەوە لە نێو ئەوانەدا کەسانێک هەن کە ڕەچەڵەیان کوردە، دیسانیش بەو جەغزەدا هەنگاو هەڵدێننو دەڕۆن، ئەوانە پچووکترین تێکۆشانو تەقەلایان بۆ ڕوونکردنەوەی بۆچوونی ئاڵۆزی هاووڵاتیانی ئێمە نەکردووە. چاو بەسەر وشەدانەکاندا دەخشێنیو دەتەوێ بزانی (ئاڕاڕات) لەکوێیەو مانای چیە، دەدینی وشەدان نووسی بەڕێز هەرئەو وشەی دووپاتو سێ پات کردۆتەوە، کە بەڵێ ئاڕاڕات لە وشەی عەبری ئاڕاڕاتەوەهاتوە، چیایەکە لە تورکیەیەو پێی دەڵین (ئاغری داغ)! نووسەری بەڕێز لە مەڕ عیبارەتی ئەوها کە هەویەیی ڕاستەقیبەی نەوەی هەشتەمی ئاشپەزی سوڵتان تەغرل سەلجوقی بە ڕەچەلەو بنەچەکە دەباتەوە سەریەکو بیچمو ڕوخساری دەداتە بەرباسو لێکۆڵینەوەو هەتالە مەڕ زەوقی شێعر گوتنەکەشی کە پینج خشتەکی بووە، بەڵام کە دەگاتە زێدی کوردەکانی ئێرانی قەڵەمی کۆڵ دەبێ لەوی بەئاغری داغ هەڵکەوتوو لەتورکییە باس لێدەکات و چ حەوجێ نابینی کەبۆخۆی لەم بارەوە هێندێک لە سەرخۆ بێو پەلە نەکات هەتا تێ بگا کە ئەم ئاڕاڕاتە چێیەو لەکوێوە هاتوە، یان ئەم (ئاغریە)چ گیان لەبەرێکە! لەبیرنەکەین کە ئەم (ئاڕاڕاتە) هەرئەو (هەراوداد، یانی چیای سەخیودەست هاوڵایە، کە لە عاڕەبی دابۆتە (جبل الجودی) (ئاغری داغ)، هەرئەو ئاگری بە یای سووکو ئاگر لەکوردی بەمانای ئاورەو ئەم کێوە(ئاگرین بووە). لە کاری نەمر ڕەشید یاسمی ش، ئەم عەیبە وەبەرچاو دەکەوێ، ئەویش هەرچەند بۆخۆی کوردە برێک شت لەم بابەتەوە دەڵێ: بەڵام بۆ ئەوەی شکو گۆمان لە کارەکەی دانەهێڵێتەوە، تارمای نەڕەوێنیتەوە، مەسەلەی کوردو فارس نەهێنێتە گۆڕ هەتا لەوەش پتر زێدەڕەوی دەکاودەڵێ: زوانی کوردی لە ڕاستیدا خوارو خێچەوە بووی فارسییە! فارسێیەکی لە قەوارەکەوتووە، هەر وەک فارسەکان بە نموونە دەڵێن برف کوردەکان دەڵێن بەفر،فارسەکان دەڵێن ڕوز، کوردەکان دەڵێن ڕۆژ، فارسەکان دەڵین ( ماه) کوردەکان دەڵێن مانگ! چبکەن بێچارە کێوینە زوانیان ناگەڕێ!

هەتا نەمر (موجتەبامینوی) ئەبەو بەرفرەوانی زانیاریو تیژی زەین لە تۆژینەوەی بنچینەی چێڕۆکی (تاجیرونیزی) کە لە مەڕ نومایشنامە،بە ناوبانگی شکسپیر) کردویە، لە دوایی گێڕانەوەی خەبەرەکە، لە چێڕۆک لە ئاماژە بە وەرگرتنی بنچی وی هەروادەڵێت.

ئەوقسەیە ئاغای محەمەد مووکری لە گۆڤاری یادگاریساڵی پێنجەم ژمارەی 6و7ص47هەتا48لەکتێبی ریازولخلوو، دەگێڕیتەوە. خاوەنی (ریاض الخلوو)کەلە زانیارانی سەدەی دەهەمو یازدەهەمی کۆچی بووە، ئەوی لە(مکارمالاخلاق) وەرگرتووە. بەڵام شوێنی

ڕووداوەکەی لە شاری سەدومی چووکە(سدوم صغیر)هەڵکەوتوو لە کوێستانی شارەزوور گرتوە، بەقسەی ئەو، پردی ناوبراو لەسەر چەمی (کەڵوی) بووە، لە دوایی ئەوە فرشتەی شارەکەی لە ناوبردوە، دەستوجێ بووە بە دەریا کە پیی دەڵین زرەبەحر! خوالێ خۆشبوو(مینوی)لەسەر ئەوهەموو وردبوونەوە کە لە بەدەواچوونی سەرینچاوەی چێڕۆک گرتویەتە بەر، لە سەر ئەو هەموو واز وازییەیو عەمبەڵی بوون کە لە تێڕوانینو تۆژینەوە سەبارەت بەبنچینەی دورستی وتەو وشەکانی گشتی وڕاست وەرگرتنیان تێدەکۆشی لێرۆکانە نەختۆڵەیەک بۆ فکرکردنەوە ڕانەوستاوە! هەتا بە ئێمەبڵێت ئەم زرە بەحرە چێیەو لە کوێیە، وبۆچی زرەبەحرە! ئاغای محەمەد مووکری کە تۆرەمەی کوردە بەداخەوە هەرچەند وێدەچێ زانی بێ کە ئەم زرەبەحرە هەر ئەو گۆلی مەریوانە، پچووکترین خاڵی بۆ ڕوونکردنەوە لەوبابەتە نەگوتوە. ئەوە هەر وەک ئەو باسەیە کەلە قسەی خوالێخۆشبوو یاسمی لە گۆڕانی وشەکان ئەمازەم پێکرد. ئەوەڵەن نووسەری بەڕێز دەبوایە نووسیبوای کە(زرە) نییە،بەڵکوو(زریا، یان زر،بییە، کەبەداڵی هیجائی سووک نەزریە. هەروەک خوالێخۆشبوو بەهار، لەلاپەڕەی 214ی بەشی وەرگێرانی ناوەکان لە پەهلەوی بۆ فارسی، جلدی یەکەمی شێوەناسی دایە، ئاکابری گەرەکو کۆچە ئەو لەفزە(زریا) تەلەفز دەکەن، وشەکە لە سەریەک بە(زریاوار) ناودەبەن. بەحر مانای نیە! ڕاستە بەشی دووهەمی وشە یانی پاشگری (واو) ئەغڵەب لەناوچە (بار)ش تەلەفزدەکەن. بەڵام ئەم بارە، (بەحر)نییە،ئەم (بارە) هەر هەمان (وارە)ی پاشگری فارسی‌یە بەمانای وەکوو وی، لە بەرئەمە (زریاوار) یانی دەریاوار، یانی وەکوو دەریا،دەریاچەی شارەزوریش شهرزور نییە،تەلەفزی ئەم وشە لە زوانی کوردی (شارەزور)ە. هەروەک خوالێخۆشبوو لەلاپەڕەی 215ی بەشی یەکەمی شێوەناس دادەڵێ: لە ئەسلو نەڕەتدا سیەرۆژ بووە، بە مانای جەنگەڵی سیاە، بە بۆچوونی من جەنگەڵی سیاە، یان چێای سەرو،(ژوور-لەبەرامبەرژێر. معادل جورو جبرلەگیلەکی، سەروخواری فارسی،خوالێخۆشبوو بەهار شی کردنەوەکی لەم بابەتە هەیەو دەڵێ: ئەغڵەب لە لەهجەی پەهلەوی باشووروشەی سین بەشین ولە لەهجەی پەهلەوی باکوور بەپێچەوانەدەکارکراوە. سەیر ئەوەیە خوالێخۆشبوو بەهاریش بە لاساکردنەوەی هی دیکە ئەو ناوی بەشهرزور دەکارکردوە(شارە زور دەشتێکە لە پارێزگای سولەیمانیە، لەکوردستانی فیدڕالی ئیراق.

ئەمن نازانم خوالێخۆشبوو زەبیح بیهروزی کاتێک پێشنیار دەکات لە جیاتی (تانگ)لەفزی (ڕەواندز) دەکاربکرێ، هەتاچ ڕادەیەک لە سەر ئەو وتەیە کە لە بارەی ئەو جێگایە لە وڵاتی ئێمە دائاشکرابڵاو بۆتەوە، ئاگاداری هەیە یان نییەتی! نووسەری بەڕێز هەرلەو قەراخەی سنووری ڕوکەش، لە کوردستانێک کە لە وێ بەناوی کوردستانی ئیراق ناولێدەبن، جێگایەکە بەناوی (ڕەواندز) کەئەگەر دەرس خوێنەکانی ئیمە پێشتر زانیاریان سەخمەرات بە ئەو نەبێت بەلام لانی کەم لەدوایی لە ناوچوونی سەلتەنەتی بنەماڵەی هاشم لە ئیراق لە1958 وڕاپەڕینی ژەنەڕاڵ بارزانی‌و پێکهڵاچوونی عەڕەبو کوردەکان لە دەیەکانی 60و70ی زایینی نابێ لەگەڵی ئاشنانەبن‌ونەیناسنەوە.

ئەوناوە پاشانیش لە جەریانی شەڕی نێوان ئیرانو ئیراق پەیتا پەیتاوسەدان کەڕەت لە چاپەمەنیەکانی دادەدیتراوە، بەڵام هەتا بۆ تاقەجارەکیش نەمدی کە چاپەمەنیەکانی ئیمە ئەوەی ڕاست وەکوو خۆی بنووسن، بەو وەزعو حاڵەوە چاوەنواڕیەکی بێ جێیە ئەگەرئیمە لە دۆستانی خوێنەرمان بووێ کە قۆڵی هیمەتیان هەڵماڵن‌وبچنە ئەوشوینەو لە سەربناخەی ئەم وتەو قسەکانی لەم بابەتەو تۆژینەوەبکەن، ئەو ناوەیان لە چاپەمەنیەکانی ئێمە هەمیشە بە (ڕواندوز) وەرگرتوەونووسیوە، ئیستاش هەرئەوهادەکەن. ئێرە ئەو ناودەڤەرەیە، کە لە سەردەمی پەلاماری عاڕەبەکان بۆ ئێران-جێگای ئەوبرایانەی ڕۆیوو نەگەڕاوەبوە، ڕۆژ بەرۆژ لە ناو چووە،

بۆتە چێرۆک. پارێزگاری کرد، بەڕۆژ دەیانوەشاندو کە شەو دادەهات ڕادەپەڕینو جێگاکەیان بۆ نەیاربەجێ دەهێشت. بەڵام سەیر ئەمە بووە کە عارەبەکان کە سبحەینان چاویان دەکردەوە، بەرگری کەرەکانیان بە نەختۆڵەیەک جێگۆڕین لە بەردەمی خۆیان دەدین.-ئەو جێگایە ئیستاش هەیە- هەنۆکەش هەروا (ڕەواندز)بوو. نازانم سەدام ئەوی خاپوورو وێران کردوە،یان نا،بەڵام هەتا ئەم ڕۆژانەو لە دەیەکانی 60و70بەتەواوی مانا(ڕەواندز) بوو. هەموو ڕۆژێ ئۆلکەی شەڕو پێکدادانی سەدان تانگو لەشکرەکانی پیادەنیزام بەداکۆکی هێزی عاسمانیو پۆلەکانی تۆپخانە بوو! حکوومەتی بەعس بەتایبەت حکووومەتی سەدام ئەو دژە ورەیەی سەدان کەڕەت لە هەردو عاسمان کوتا، بەڵام دژی ورە بە چووکدانەهاتو هەروا لە بوونو مانی خۆی بەرگریو دیفاع کرد. چاپەمەنیەکانی ئێمە هەروا ئیستاشی لەگەڵ دابێ هەر بە ڕەواندوزیان خوێندەوە. (قەڵادزێ) بە-یای سووک یەکێک لەو جێگایانەیە کە لە چاپەمەنیەکانی ئێمەدا هەمیشە بە(قلعەدزە)یان نووسیوەو،-لە حالێکدا دز هەر ئەو قەڵایە بووە کە کوردەکان لە ئاخافتنی کوردی خۆیان ڕاگرتووەو عارەبەکان لەفزی عارەبی خۆیان بە سەرداسەپاندوە، تازە ئەگەرلەفزی (قلعەی)عارەبیش ڕوخسارەگۆڕدراوەکەی لە قلاتی کوردی، کلاتی خوراسانی، کلاوی مازەندەرانی نەبێت. بەڵام چاپەمەنیەکانی ئیمەی برایانی ئیرانی دورست هەر ئەوشتەیان گۆڕیوە کە کوردەکان دەست لێنەدراوو سەربەمۆریان ڕاگرتوە! بەڵام ئەمە تەنیا ڕەواندز نەبوو کە لە بەرامبەر عارەباندا خۆی ڕاگرت،خەڵکی ئەو شارەبچکۆلانەی ئێمە(بانە) لە دوایی تێپەربوونی چواردەسەدە ئیستاش لەهێندێک لە ناوچەکانی کوردستان بە(ئەسحابەکوژ)ی ناو لێدەبەن. تازە(بانە) جێگایەک بوو کە ئەمیرەکەی بۆخۆی دینی ئیسلامی قەبووڵ کردبوو بە(ئەمیرئیختیارەدین)ناوی دەرکردبوو ...برای زانیار مامۆستای هێژا کوردەکان- ئەم برایانەی ڕۆیشتووی نەرگەڕاوە- بەهۆی هەل و مەرجو هەڵکەوتوویی جوغرافیایی هەمیشە، مەتاڵی براکانی (ماومان)بوونەو هەمیشە لەو سەردەمو ڕۆژگار کە مێژوو وەک هاتوتەدیو خویندراوەتەوە، گوێ بیس بوینەو دیتوومانە لە مپەری بەرگری قڕ کردنی ئەو برایانە بوونە-لە ئاشۆرو یۆنانو ڕۆم بگرە هەتا خولەفاکانی عەباسیو مستەفاکەماڵو سەدام...کوردەکان چۆن پاشەکشەی دەهەزار یۆنان بەتێکشکان، ئاوەژوکردۆتەوە، قۆشەنی ڕووسێیە سەرەتا لە کوردستان تێپەڕدەبێو کاتێک دەگاتە برایانیتر بە تەواوی لە وزەو توانا کەوتووە. مامۆستای بەڕێزو هێژا: بە پێچەوانە هەمیشە ئەوبرایانە زووحاکو ئەفراسیابی خۆیان هەبووەو هەیە! سەیرە لە زۆربابەت بە شایەتی مێژوو لەم سەردەمە بە شایەدی تۆرەمەکەمان، کەیخوسرەوەکانو فریدوونەکانی برایانی دیکە، زووحاکو ئەفراسیابەکانی ئەوانیان ئاریکاری کردوەو یارمەتی داوە. لە بەڵێننامەو ڕێککەوتنامەو پەیماننامەکانی قوستەنتەنیەو ئارزەڕۆمو زوهاب، شتێک ناڵیم،باسەکەی وەلادەنێم. نموونەکانی تازەو نویترو لە فکرو هزر نزیکترن. لە سەرەتای دەهەی 20ی زاییینی-شێخ مەحموود بەرزنجی لە کوردستانی باکوورلە ئیگلیزیەکان ئاڵەدین بۆوەو پاشایەتی خۆی ڕاگەیاند...هەر بینەرێکی بێ غەرەزو بوغز، سروشتییە،لەناو ناتۆریدا ئەم فکرە دەکاتەوە کە بە دەسەڵات بوونی ئەو برایانە لە بەشێک کوردستانی بن دەستی خەلافەتی پیشوو بە بێگومان بە قازانجی ئێرانو برایانی ئەم وڵاتەیە، چاوەنوارێ ئەمە دەکرا ئەگەر براکان ئاریکاریو یارمەتیو سەقامگیربوونی حکوومەتی ئەوبرایانەیان نەکەن، لانی کەم لە دورەوە بەدەماخو کەیفو خۆشی لێیان بڕوانن! بەڵام بە داخەوە فەرمانڕەوایانی ئەم لایەی سنوور لە گەڵ براکانی هاومەسلەکی خۆیان یانی ئافراسیابو زووحاک دەبن بە هاوپەیمان، هەڵبەتە خۆشحاڵیش دەبن، بەڵام ئەو بەدەماخیە لە لایەکی دیکەیە: بەدەماخن لەو ڕووەوە، کە زووحاک- بەیارمەتی ئینگلیز-ئەوبرایەی لە مەیدان وەدەرناوە،هەر وەک لە نیوەی

ژوئیـنی 1931ی زاییـنی کۆنسوڵـی ئیران لـه ئانکارا، مەسەلـەی ئاریکاری نیوان سێ دەوڵـەتی هاوبـەشی (مـەسەلـە) لـە،لای باڵوێزی بریتانیا هێناو گۆڕێو لـە سەرگرینگیی خۆ بەدەستەوەدانی شێخ مەحموودلاقی قرساند(نووسینی کریس کۆچرا ڕاپەڕینی نەتەوەی کورد)لاپەری 104بەرلەگرێدانی بەڵێننامەی سێ قۆڵی سەعدئابادو چەندماوا دوایی تێشکانی ڕاپەڕینی شێخ مەحموودو شێخ سەعیدو ڕاپەڕینی ئاراڕات ڕوو دەداتو ڕەزاشا، بەقەوڵو بەڵێنو ڕەزامەندی دەربڕین بۆ هاتنی ئەرتەشی تورکییە بۆ ناوخاکی ئیرانو پەلاماردانی کوردەکان لە ناوخاکی کوردستانی ڕۆژ هەلات بە تێشکانو لەناو بردنی ئەو ڕاپەڕینە هاوکاری دەکات. سەبارەت بە پەیماننامەی بەغداو سەنتۆش کە ئاگاداریتان هەیەو ڕوکنی بنەڕەتی ئەوان ئاریکاری فریدوون بە زوحاکو ئافراسیاب لە سەرکوتکردنی(مرۆقی خەراو) مەبەست لە کوردەکانەـلەسێ وڵاتدا-یانی هاوکاری برایان لەگەڵ تورکیەو ئیراق، لە سەرکوتکردنی کەمایەتیەکانی کوردی کوردستانی ڕۆژهەلات ئیران(دووهاووڵاتی هاوپەیمان). بەڵام باسەرهەڵبڕینو بدینین کە هەر ئەوشێخ مەحموودەی ئیران لە خۆ بەدەستەوەدانی شایلەخانە بەڕێوەدەبات لە مەڕ ئەم برایانە چ دەڵێ: بیرو بۆچوونی شێخ مەحموود ئەمەبوو: کە ئیرانیەکان بەئیستلاح سەری هەودایان لەناو کەلاف لێ ون کردوە لە کوێرەڕێگەیەکی غەڵەتو هەڵە لە مەسەلەکە دەڕوانن، چونکە کوردەکان لەگەڵ ئێرانیەکان هاورەچەڵەو تۆرەمەن، تاسەی سروشتیو زاتیان بە هاریکاری لەگەڵ ئێران هەیە، بەو هۆیەوە دەوڵەتی ئێران ئیمکاناتی زێدەتری بۆ ڕەکێشکردنی ئاریکاری کوردەکان بۆ بەرەوپێش بردنی سیاسەتی نەتەوەیی خۆی لە بەرامبەر نەیاراندا هەیە هەتا دەوڵەتانی دیکە. ئیستا ئەگەر دەوڵەتی ئیران لە میللەتێک کە سروشتیـیە لەگەڵ ئەوان ئارەزوی هاوکاریان هەیە، تووشی زەبرو زەرەربێ ئەوەجیا لەکزبوونی سیاسەت،یان نائاگاداری ناکرێ بە شتێکی دیکە نیسبەت بدرێ.

پسیارێکە کە هەمیشە دەبێ لە ئێران بکرێتو بدریتە بەرباسو ئەوەیە! بۆچ دەبێ دەوڵەتی ئێران لە بەدی هێنانی بزوتنەوەی نەتەوەخوازی کورد بە دەستی بیانیەکان بە دژی خۆی بزانێو نیگەران بێت! لە حاڵێکدا ئەگەر دەوڵەتی ئێران دەست پێشخەری بکات، بۆ نموونە نەتەوەخوازی کوردی ئێراق بەدژی ئێراق بەهێزکات دەوڵەتی ئیراقی لە گەڵ دڵەخورپەیەکی توندتر لەوە کە خۆی لەگەڵ وی دەستەو یەخەیە ڕووبە ڕوو دەکات. ئەوکات ئەوە ئێراقیەکان دەبن کە بۆ دامرکانی ئەو شۆڕشە هەڵگیرساوە لە دەوڵەتو خەڵکی ئێران داوای نیەت پاکی دەکەن نەک بەپێچەوانە!

ئەمما دوای فریدونەکانو مەزنەکانی ئەوبرایانە لە مەیدانی برایەتی لەگەڵ ئەوبرایانەی ڕۆیوو نەگەڕاوە، هەنگاوی دیکەشیان هەڵگرتووە، کوردی هەزاربەرگری پەلامارەکانی تورکانی لە دوو لاوەی ڕۆژهەلاتو ڕۆژ ئاوا وەئەستۆ دەگرتو زێدونیشتمانی بەهەرتێکۆشان

کەبوو دەپاراستو پەلاماردەری بە پاشەوەدا دەکشاندەوە، بەڵام هێندە پێ نەدەچوو بەگەرم بوونی پەیوەندی لە نێوان فریدونەکانو ئەفراسیابەکان، فریدونی کاتی لە جیاتی ئەوە نەتەوەی ئێرانی لە دەورەی یەکدی کۆکاتەوە، میللەتی کوردی بە بروبیانووی هیچو پووچی جۆراوجۆر لە ماڵوحاڵو زێدی خۆی هەڵدەقەندو پەروازە دەکردو بۆ وەدەست هێنانی ڕەزامەندیو بە دەماخ بوونی ئەفراسیابی کاتی ئەوانی بەدەردەسەریو بێ بەزەیی تووشی بەخت ڕەشی دەکرد

بۆناوچەکانی دیکەی پەروازەپیدەکردنو شێرازەی ژیانی دەپساندنو تورکەکانی لەجێ زێدی وان سەقامگیر دەکرد، هەتا گۆیا هاومەسلەکو مەزەبی لە ڕۆژی مەبادا یارمەتی دەرو دوعاگۆی بن!

برای مامۆستاو هێژا ئاخۆ لەو ئاودرانەی تورک لێ دانیشتووی سەر زەمینی کوردستانتان ڕوانیوە؟ چ جار لە خۆتان پرسیارکردوە ئەو کوردانەی قەراخ قۆپیو کاڕوشی خۆڕاسانو دووڕگەو

بەندەرەکان کێن‌و لە کوێ ڕاهاتوون؟ ئەوان دەسەڵاتدارانی براکانی دیکە هێناویانن، هەتا ئەفراسیابەکان‌و زووحاکەکانی کاتی دڵنیاو ئاسودەبن.
تورکیە کوردەکانی ئاناتۆلی دوورخستنەوەو لە جێگای ئەوان تورکی لێ دانیشتوودەکرد، شای ئێران کوردەکانی بۆ خوراسان‌و جێگاکانی ترپەروازەدەکردو لە جێی وان تورکی دەهێنا، شای ئیران کوردەکانی جوانڕوی دووردەخستەوەو، ئیراقیش کوردەکانی کەرکووک‌و ناوچەکانی دیکەی سەقامگیر دەکرد...بەڵی برای زانیارو مامۆستا ئەو سەردەمیش وەکوو ئەم ڕۆژگارەبوو ئەوان- ئەو برایان-فیردەوسی‌و ڕوودەکی‌و بێهقیان هەبوو کە شێعریان بۆ دەهۆندنەوە، بە شێعریک دڵی ئەمیری بوخارایان دەڕفاند، ئەویان لەکۆڕی عەیش‌و نۆش بۆ ئەو جێگای کە دۆست حەزی لێدەکرد دەبرد، کوردی هەژار ئەو سەرگەرمیەی نەبوو یەکێک لە گەورە پیاوان گوتویەتی: نەتەوەیەکی زیندو کە ماوەیەکی دوورو درێژ لە ژێر نیری کۆیلەتی‌و یەخسیری‌و فاتیحەکی بیانی ماوەبێتەوە، وردە وردە هەموو وزەوتوانای خۆی دژی ئەم نەیارە کەلک لێ وەرگرتوە، فەلەج دەبێت ئیدی توانای حەول‌و تەقەلای بۆ ڕزگاری لە دەست دەدا، دەفەرمووی باشە دەبێ بە فەرهەنگی بەربەرکانی خۆی شانازی بکات. ئەز عەرزت دەکەم، بەڵام لە مەڕ سوڵتان مەحموود یان ئەمیرنەسری لە بن گوێچکەی ئیمە نەبوو-ئەوەی بوو کوردستان بوو، کوردستان‌وفەرهەنگ‌و خۆڕاگری، بەرەنگاری وی ئەم ئەدەبیاتی حەماسەیە، کە بە ناوی حەیران‌و لاوژە سینگ بەسینگ‌و دەو بە دەو دەگەڕێ، ئەو ناوانەی کە دەستیان تێ وەردەدرێ‌و دەگۆردرێن! کوردی هەژار دایم‌و دەرهەم لەگەڵ زووحاک‌و ئەفراسیابان ڕوو بەڕوو بووە وەک هەنۆکە لە ڕۆژگاری ئێمەدا، سینگی لە بەرامبەری حکوومەتی زاڵم کردۆتە قەلخان‌و تیری هاویشتووە- تیر لە کەماڵی کەوانی یان لە لوولەی تفەنگی دەرچووە، مەسیری خۆی لە هەوادا بڕیووە، سینگی نەیاری کونکردوویان نا،دەنگەکەی کپ کراوە، لەوانەیە گیانی تیر هاوێژیش لە گەڵ تیرەکە دەرچووبێت ئیدی نە لە تیر هاوێژ ناوێک ماوەتەوەو نەئاوازەیەک لە تیرەکەی، نە شاعێری هەبوو هەتا سەرکەوتنەکانی بۆ بخاتە چوارچیوەی هەلبەستو خەڵات وەربگرێ‌و نە تەماشاچێ، کە بە شێوەی پروپاگەندەی ئیستا چەپڵەی بۆ لێدرێوو هۆڕای بۆ بکێشرێ هەتا لە مێژوودا جێی بۆ بکەنەوەو بینوسن-وەک دەزانی خەڵات بە تەماشاچی دەدەن! دەبێ وەرێ کەویوو پروپاگەندە بڵاو کەیەوە، خۆت بنوێنی- دەنا هەرجۆرە تێکۆشانیک بێ ئاکام دەمێنێتەوە، دەی چاولێکە ئاکامی ئەوهەموو سینگ قەڵخان کردوجەنگاوەریانە، چ بووە؟ وەک ئامازم پێکرد هێشتا لە شەڕ نەحەساوەتەوەو هێرش کەری وەک پەویست ڕاونەناوەو کە سەروکەللەی (برای) پەیدادەبوو سیپاڵی لە کەریان گایەک باردەکردو دەستی ژن‌و منداڵی دەگرت‌و لە زێدی خۆت هەتڵە هەڵوەدا دەکردو دەیناردە قەراخ قۆپی‌و قوڕاوێک‌و هەتا لە بەرامبەرپێشبڕەی تورکان پاردە بێت! تورکەکانی لە جێگاو وڵاتی وی نشتەجێ دەکردهەتا زاوزوی برای زێدەناکات، خوانەخواستە داوای برایەتی‌و پشکەبەش‌و بەرابەری نەکات،کە بۆ ئەو برایانە نەبیتە هۆی تەنگەژە!ئاخرین شاکار لەو ئۆلکەیە(ئاریامیهری جێگری جەم بوو: ڕاپەرینی نەتەوەیی 15ساڵی خایاند، ئەو برایە لە بەرامبەر دەمارگرژی عاڕەب سینگی کردە ئامانجی تۆپ‌وتونگ هەزاران شەهیدی دا، هەڵبەت ئەوکات برابوون لە تۆرەمەی (ئاریا)بەڵام کاتێک گەمە بە بەشداری کی سینجرونیکسون،دەستی پێکرابوو لە کۆتایی خۆی نزیک بۆوە، شاهەنشای جێگری جەم لەگەڵ زووحاکی عاڕەبی دەستی ئاشتی یەکتریان کوشی، دەزانی چ ئاخافتنەکی حەکیمانەی فەرموو:
(چاولێکەن ئەگەر شێری ببستمەوە کار تەواوە) یانی ئەگەر سەدام خواروخێچ نەڕوات لەگەڵم پێکبێت داکۆکی‌و یارمەتیەکانم لەکوردان دەبڕمەوە ئەوکات ئیدی هەمووشت تەواوە! هێشتا بە وەش ڕانەوستاو هەڕەشەی کرد ئەگەر بێ یارمەتی ویش لە شەڕ دژی سەدام دەست بەردەوام بن،

ئەوكات ئەوو ئافراسیاب بە یاری زووحاكوە دەچنو تەفروتونایان دەكەنو دەمار لەڕۆژگاری (برایانی ڕویوو نەگەڕاوە دەردێنن)...
ڕەنگە بفەرمووی كە ئەوانە نوینەری خەڵكی ئێران نەبوون باشە ئەز پسیارەكی دیكەم هەیە: كام هەستیار یان نووسەریان خوینكار لەو برایانە بۆ تێكۆشانی وان بایەخ یان داناو پێیان دڵگەرم كردن؟ چ ڕۆناكبیرو شاعێر لەوانەی كە شەوی شێعریان ڕێكدەخستو
ئەنجومەنی ئەدەبیان پیكدێنا یان بەشیک لەوان لەو بەستینەدا پێنوسیان وەگەڕخست یان شعریان هۆندەوە؟
دوایی پەیماننامەی 1975ی ئەلجەزایر دیمانو خوێندمانەوە كە زووحاك چی كردو دەێهاتی كوردستانی باشووری لەگەڵ خاپوركردو سەرینچاوەی كانیەكانی چێمەنتۆ ڕیژ كرد،خەڵكەكەی بۆ باكوور دوورخستەوە،دیسان دیمان چلۆن سنوری بە قەرا دەكیلۆمێتر چۆل كرد هەتا برایانی ئەم دیوو ئەودێوی سنوور نەتوانن پیكەوە ئامۆشۆیان هەبێت. ئەوشمان لە بیر نەچێت كە شای گۆڕ بەگۆڕ ئەوقەولەی پیدابوو لەو دیوەش ئەوها بكات هەتا سەدام بەمێشكی حەساوە بخەوێ! ئێمەچمان كردوچمان گوت؟ ئاخۆ ئەتۆ كەسێك دەناسی لەم بارەو لەتە شێعرێكی هۆنبیتەوە! بۆ نموونە(سەرینچاوی كانیەكانیان چێمەنتۆ ڕێژ كرد)؟
وەبەركیمیاوی كەوتووی هەلەبجەیان هێنانە تاران-ئەمن نەمدیو گوێبیس نەبووم كەسێك لە برایانی ئێرە سەردانی ئەو خوشكو برایانەی برینداری كردبێو چەپكە گوڵێك یان ئاوی نەباتێكی بە نیشانەی برایەتیو هاودەردی بۆ بردبن. ئەمن نەمدیو گوێبیس نەبووم كە چاپەمەنیەكان كەسیكی بۆ پێویست ئەوكارە دنەبدەن، ڕەنگە بڵیی نەخۆشخانەیە پێیان ڕادەگەن،بەڵی ڕاستە بەلام لە حاڵی ئاسایش دا دیسان كەسیک لەگەڵ نەساخ دەچێتو چاوڕوانی سەردانیش دەكات. ئەوجارهەرئەوندە هەست بەبێ كەسی ناكات بەلام چۆن بوو نەچووینە سەردانیان؟ نەمانەویست بەوبرایانە بڵێن: كە ئیستا بەوجۆرەتان دەبینین شەرێكی خەمتانین هەنۆكەش هەر برای ئێمەن.
چ شتێك بوو بە لەمپەر كە نەتوانین بچێنەلایانو حاڵیان بكەین نەهاتنن بێ هۆی نەبوو؟ ئەمما ڕاستە دەستەگولو ئاوی نەبات برینەكانی سارێژ نەدەكرنو كارتێكەری لە گازی خەردەل نەدەكرد بەلام هەست بەمحیبەت دەبۆ هۆی بەرزبوونەوەی ورەو گوڵكردنی ئیحساسیان!
فریدونو جەمەكانی ئێمە كاتێك دەكەونە بیری (برایانی ڕویوو نەگەڕاوە) كە ئەوبرایانە لە جێگایەك گوڵیان گردبێ، هۆی سەربەرزیو شانازیان وەدەست هێنابێت. ئەو وەخت بۆ وەی لەو ئیفتخاراتە بەشێكی بەرن،داوای خۆیان دەخەنەڕوو: دەجا ئەو كەسایەتیە چ سەلاح ئەدین ئەیووبی بێت چ كەماڵ جونبەلاتی كورد( ئەو كات وشە نووسی بەڕێز فەورەن تێدەگات كە جەنبەلای بە مانای جان پۆلای فارسیيە!) یان شێركۆی شاعێریكورد...یان دەرپەڕاندوەكی لە مردن ڕزگاربوو...تەوفیرناكات.

ئەوندەو بەس هەتڵەو هەڵوەدایەكی كوردلەدەستی دەمو دەزگای فیتنەو فەسادی فریدونو زووحاكو ئەفراسیابەكان پەنابەری دەرەكی ببێو لەوێ بە كوێرەوەریوو تێكۆشان پیی بەشتێكی شانازی بەندبێ، ئەوكات بووقو كەڕەنای بۆ لێدەدەدرێ : خەڵكینە شایلەخانە بكەن گۆوەند بگێڕن فلان ئێرانی لە فلان شت خەلاتی وەرگرت! بەخوای جوانە! جێگای سەرفەرازیە بەڵێ ئەوەی فلان جایزەی لە دونیا وەرگرت كوردە، ئێرانی یە لەخۆمانە!..ماشاالله سەدماشاالله كوردی چ زوانێكی پاراو لەبارو پاكوخاوێنە لەگەڵ چ وشەی بیانی تیكەل نەبووە، كورد چ نیژادێكی بێ گەردو تەمیزە!...حەرفێك لەپرسەی دوایی مەرگ... دڵم دەیەویست لە شوینی

پربایەخی ئەو نووسەرهی بەڕێز لانی کەم ئەم بابەتەم خویندبایەوە کە کوردەکانی ئیراق-ئەمە لەولای دانین کەکوردەکانی تورکیەهەتا ماقی کوردبوونیان نییە، بە پیی چیرۆکی نەتەوەیی کوردەکانی دانیشووی وێ بەتورکی کێوی ناودەبن، هەموو ساڵێک بە تاوانی بەرپاکردنی جەژنی نەورۆز دەستە دەستە ڕەوانەی بەندیخانەکان یان بۆ ناچەکانی باکووری ئیراق ڕەوانە دەکرێن..لە شەوی نەورۆز لە چیاکان ئاگر دەکەنەوە، زووحاکو فریدونەکان بەچاوپێکەوتنی ئاگری نەورۆز ئاگردەگرنو ئەوی بە وەبیر هێنانەوەی سەربەخۆی لێکدەدەنەوە، ئەگەر مۆڵگەی نیزامی لەوئاستان بێ بیگمان لێشیتی تەقەیان لێ دەکات هەتا ئەوانەی ئاگریان هەڵکردووە وەبەربێنو بکووژێن. ماممۆستای بەڕیز ئاخۆ بەو شیکردنەوەیە بە ئاوڕدانەوە بەو وەزعەوپەیوەندی ئەو سەردەم کە بەچێرۆک ناوی لێ بڕدراوە، دڵنیابن کە فیردەوسی لە مەسەلەی ڕەواندز چ ئاگاداری نەبوە،ئاخۆ وێناچێت کە داستانسرای مەزن وەکوو ئێمە کە لەگەڵ ئەم برایانی چیانشین زورتر نیزیکینو لە ڕۆژگارێکدا دەژین کەرەسەی پەیوەندی دووری لێکتری بەکردەوە لە بەین بردوە، لە چۆنیەتی مەسەلەکە نائاگابووبێت!؟ کوردچ کاتێک بە ئیشتای خۆیو بە کەیفە لە کوردستانەکەی خۆی کۆچو بار نەکردوە. شایەتی مێژووی هەربەوجۆرەی کە شی کرانەوە قسەکەری ئەم لە بیر وونەوەو(بارگەو بنە لە شەپۆلی دەردوبەلابردنەدەرە)...
مامۆستای بەڕێز ئەز چونکە جەنابتان تائەوجێگەیە دەناسمو دەزانم کە لە گەڵ کوردانت لوتف هەیە، بۆیە لەو وتارەدا ڕووی قسەم لە جەنابت کردوە، ئەگەر پڕ ڕویی کراوە یان قسەیەک لە شوێنی خۆی هەڵقەندراوەو،لایداوەو،ڕەنگو ڕووی ناحەزی بەخۆوەگرتوە داوای لێبوردن دەکەم.

---

پێشەکی

دەهۆو پیلانگیڕان و تەڵەی داگیرکەران، ئەوانەی کوردستانی گەورەیان بە سەردا دابەشکراوەو لە خاڵی بەرژەوەندی و قازانج و زەرە پێکەوە شەریک و هاوبەشن،بە درێژای مێژوو دەمیان دەقرڕقرۆچکەی کورد ناوە، ئەوەدەیکرۆسنەوە، وەک گورگی دەم بە خۆین لە سەرکەلاکی مشت و مرپیانە. پادشاکانی خوێنخۆری ئیران لە شا سمایل سەفەوی بگرە هەتا شاعەباسی خوینمژو فەتعەلی شاو قاجارەکان و پەهلەوی،قاتڵی وردو درشتی نەتەوەی کوردبوونە. ئەوانە هەموویان بە نوورەی خۆیان بێجگە لە کوشت و کوشتار،تالان و برۆو ملک وماڵ لێ زەوتکردن،ئاگر لە هەست و نیست بەردان،تەرەو تەوەلاو هەڵوەدایی، هەریەکە هەزاران کوردی پارچە کوردستانی ڕۆژهەلاتیان کە لە شەڕی چالدڕانی 1514 بەئیران لکاندرا، بۆ مەڵبەندەکانی دیکەی ئیران بە تاییەت خوڕاسان گوێزتۆتەوە. لە کوردستان،هەنۆکە بە پیی ئەو مێژووەی کە(کەلیموڵڵای تەوەحەدی لەحەوت جلد) نوسیویەتی سەرئەژمێری کوردەکانی دوورخراوە بۆ خوراسان دوو میلیون وسێسەت هەزار کەسە. دیارە شوێنی ئەوان لە ئازاربایجان(ورمێ وشارەکانی خۆی وشاپوور) بە عەجم پڕکراوتنەوە. بەم جۆرەبەشێکی گەورەی ئەم بەشە کوردستانەیان کردوە،بە مەڵبەندی تورکەکان. هێندێک لەوکوردانە شاسمایل سەفەوی، بۆ بەرگری لە هێرشی ئەزبەک، ڕەوانەی خوراسانی کردون. و لە سەردەمی(عەباس میرزا) کوڕو نایب السەلتنەی فەتعەلی شا،کە زەمانێکی دوورو درێژ حاکم و دەسەلاتداری ئەوکاتی ئارەزبایجان، (ورمێ)بوو زۆر تێکەولێکەی سیاسی ڕوویداوو قەومان و حوکمڕانیەکەی هەتا 1834 بەردەوام بووە،کە بریتی بوون: لە شەڕی ڕووس و ئیران و بە سەرداسەپاندنی پەیماننامەی گوڵستان 1813 وجاری دووەم بەسەرداسەپاندنی پەیماننامەی تورکمانچایی 1828 وشەڕی عوسمانی و ئیران کە دوایی

چەندساڵ پەیماننامەی ئەرزەڕۆمی لێکەوتوە. عەباس میرزا،هێندە لە کوردان داخ لە دل بوو دوایی چاوپۆشی لە ئاراس، شەش دانگی شاری نەغەدەی بە خەلات دا بە ئیلی قەرەپاپاخ، هەرئەوندە بەرگری لە هێرشی کوردەکان بکەن.
هەتا دەگاتە زەبروزەنگی زراخان وکورەکەی وهەرس هێنانی کۆماری مەهاباد، لە1947 پەیمانی گلاوی ئەلجەزاترلە1975. دەجاخۆ، دەم ودەزگای ئیسلامی ئیرانیش قسەی لە سەرناکرێ، خوینمژکانی ئەوە هەر بەرێوەن، لەچ پیاوکوژی دەست ناگێڕنەو شەهیدکردنی دوو سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دوای یەکدا(نەمر دکتۆرقاسملوو لە13ی ژوئیەی 1989، ونەمردکتۆرشەرفکەندی لە17ی سپتامبەری 1992) و هەزاران شەهیدی دیکەی ڕیگای ئازادی نموونەی جنایاتکاری ئەم ڕێژیمەگلاوەیە. داستانی هاتنی ئیمام مهدی لە بیری سامرە سەر وەدەرنانێ لە(قوم) لە بیرەکی دیکەو... ئەو قسە بێتامانەی لە(سازمانی ملل)گرۆی لەسەر دەکرێ،بەم گرەوە لە سەر خەلک فریودانە سەروەت و سامانی ئیران لە تەخشان پەخشان دەدەن، دەگرن، دەکوژن،هەلداوەسن، دیارە مرۆڤی خەڕافاتی و خەرفاویش لە هەر دەورو زەمانێکدا هەیە،گادەری دەرۆی پەتی هەرحیلەی دێ. جگە لەوخۆینمژانە مرۆی خۆ فروش و چلکاوخۆری وەک (سەرلەشکرحەسەن ئەرفەع) لە ئیران و(سەرهەنگ عەلیشەفیق ناسراوبەئەزدەمیر) لە تورکیە، کەم نین،کە بە پێوەڕین بە قارەمانانی کورد،خەریکی مێژوونوسین بن، هەرچەند دەریا بە دەمی سەگ گلاو نابێت!دەجا وەردانەوەی جینوسایدی سەدام و داروەستەکەشی لە ئیراق پێویست ناکات ئەوە بۆ خۆی دارو دەستە خوینمژەکەی لەگەڵ دەوسیەکەی لەبەردەم دادگەی حکوومەتی ئیڕاق دایە،و لە حکوومەتی ئالی عوسمانی تورکیە، دەیان سەرۆک وقائدی کورد کوژران، یان بۆ ولاتانی دیکە دوورخرانەوە، گزەوفێلی ئیسلامی هەلبەستەی خۆدۆڕاو کەلەکەی درۆ، مرۆڤی ناتێگەیشتوو فەرمانی خەلیفەی عوسمانی کردبوو بەئایەی قورئان کەس ماڤی سەرپێچی لێکردنی نەبوو، تایبەت لەکاتی هاتنەسەرکاری مەستەفا کەماڵ (ناسراوبەئاتاتورک) کەلەبێ بەزیی وبیشەرمی خوین ڕژتن لینگەی نەبوو وهەنۆکەش شوینتێکەری ومیراتگرانی لە سەدەی 2001لەکوشتن وبڕین وخاپورکردنی کوردستان زوحاکی چێرۆکن. هەنۆکەش دیکتاتۆرانی تورکیە،کوردان بە تورکی کێوی لە قەلەم دەدن نێزیکەی سی(25) ملیون کووردـبێ بەش لەچارەنوسیان دەزانن. ئوسمانیە دڕندەکان،بە ئەمپەڕاتۆری لایەکی دونیایان کردبوو جێپاوانی خۆیان ، لە سەردەمی خەلیفەگەری بابی عالی. ئەمیردەدرخان لێیان ڕاپەڕی ئەو،لەوکات هەستی بە مەسەلەی سەربەخۆیی کردبوو، بەلام سەرئەنجام لە1847 خۆی بەدەستەوەدا، بۆ دێمشق دوورخرایەوە، ولە187ۆ لەوێ وەفاتی کرد. ڕاپەرینی شێخ عەبەیدولا کەلە1880 دەستیپێکرد لەگەڵ حکوومەتی ئیران بەهاوکاری هێندێک زۆلە کورد تێکشکاندرا، یەک لەوان دەستەیەک مامەش بوون کە لەقەبی (ئەمیرعشایریان) لە لایان پاشای ئیران پێخەلات کرا. شێخ عەبەیدوڵلا بۆ مەکە دوورخراوە لە1883 لەمەکە وەفاتی کرد، دوایی عەبولقادری کوریشی لە1960 بە دەستی ڕێژمی ئوسمانی لە سێدارەدرا،بە دوایی تیشکان و هەرس هێنانی کۆماری ئاراڕات لە چیایی ئاگری، خۆبەدەستەوەدانی ئیحسان نووری بە حکوومەتی فیتنەو فەسادی ئیران، ڕزاشا لە سەرئالەگۆڕی بیروڕالەگەڵ کەمالیستەکانی فاشیست هەزاران کوردی جەلالی، خۆی، بۆ ناچەکانی فارس وتورک دوورخستەوە، گوێزتەوە لەوبەریش ئاتاتورک لە ساڵی 1925شۆڕشی شێخ سەعید خەریکی پیلانەگلاوەکەی بوو،دوایی هەرس هێنانی ڕاپەڕینی شیخ سەعیدو ئیعدام کردنی ئەو،مستەفاکەمەلی خوینخۆری فاشیست هەزاران شۆڕشگێری کوردی تەرەو لە زیدی خۆیان دور کردەوە. بە هەزارانی کوشت و یەک ملیون ئەرمنی بەکۆمەڵ جینۆسایدکرد. ڕزاشای کۆنەپەرستی دەمارگرژ دوایی بەتلانی سمکو، کە بەدەهۆلە1930 لە

شاری شنۆ بدستی چڵکاوخۆرانی شەهیدکرا، دەستی لەچ خەراپەیەک نەگیراوە، بۆ توانەوەی کورد یەکێک بوو وەک مستەفاکمالٚ تورکی بیشەرم وگۆڕ بەگۆڕ، جێ پەنجەی محەمەدڕەزاش لە مەڕ کورد لە مێژوو دیارن، بەلاّم لەسەر ئەوهەموو خوینڕیژیە، کە کوردبۆتە قۆچی قوربانی لەو کوردستانە لەت وپەت کراوە،بەشێکی کەم ئەویش بە نێوەچڵ وبێ کلک وگوێ، ئەوە قسەی فیدرالّی لەچوارچیوەی ئیراق لە ناودەستوربۆ هاتۆتە گور کە هەربست و قولانجێ بە خوینی دەیان شەهید ئاودراوە، بەلاّم دیسان ئەوە تورکیەیی کەمالّی و،ئیرانی ئیسلامی میهدی کردویانەتە ئولکەی شەڕەنخێوی سەروبنی مەیدن، بە بەیانووی پ.ک.ک، تۆپبارانی دەکەن، سەرێکیان لە ئاڕاڕات ویەک لە قەندیل،ولە ناوخاکی تورکیە وئیرانیش ئەشکەنجەی ڕۆناک بیران لە هەردووبەشە کوردستانی ڕۆژهەلاّت وباکوور،کرتن وترساندن و تۆقاندن، کاری ڕۆژانەیانە! ولە مەڕسیاسی دیپلۆماتیش خەریکی فیل گزەو وتەلّەکەن، چاویان بە ئالاّی کوردستان هەلّنایە،ڕەبی گلێنەیان دەرپەڕی وچاویان کویربێت. ئەوشمان لە بیر نەچێت لە تەواوی ئەوبەلاّو مسیبەتانە دا دەستی ئینگلیز دەبینین، هەموئەوچەقوو تەفە پیلانی وین،داردامە دەکێڕێ، بەداشێک سەت ئاغای دەخوا، کە پێویست بوو ئەویش دەکوژی دەیکاتە،تەقە!.................. حامیدڕەشیدی زەرزا،ڕیکەوت 2006/11/5ی زایینی ئوستەڕالیا.

---

(ڕاپەڕینی نەتەوەی کورد)

ئەمیر بەدرخان پاڵشای کوردستان

(ئەمن پاشای مەملەکەتم نەک سوڵتانی عوسمانی. ئەگەر ئەو لەمن بە وزەو تواناترە، لە بەرامبەردا ئەمن لەوی ڕەسەنترم.)

ئەو قسەیە ئی بە زیپکەکی مەزنی کوردە! لە سەدەی حەفدەهەم بە ڕاسپاردەی پادشای فەرانسەی گوتوە. لە ڕاستیدا تکاوەی جەوهەری دونیای ئاوەزو بەرزەفڕی ماقوولێکی کوردو کاردانەوەی مێرێکی ڕۆژ هەلاّتی نیزیکە. ماقوولێک کە خێوی قەلاّیەک یان خانی شێوو دۆڵێکە، یاسای خۆی بە سەر لۆچێک خەلّک یان چەند بنەمالّەیەک داسپاندووە، خۆی پێ ڕەسەنتروو بە کەسایەتی‌تر لە مەزنترین ئەمپەڕاتووری ڕۆژ هەلاّتی ناوەڕاست دەزانێو...بەچاوی داگیرکەرلێی دەڕوانێ... لە ناخی داتووشی لێکدانەوەی هزرێکی گەورەیە، هەتا ئەو هێزە نابەرابەرە تێکداو هەلّوەشێنێ.

بەدرخان بەگ لە بنەچەکەی یەکێک لە کۆنترین خانەدانەکانی کوردستان بووە. لە جەغزی ئەو ڕێوو شوێنە دا هەنگاوی هەلّێناوەو لە کێشەی عەشیرەتی، نێوان ئەمیرانی کوردو سوڵتان یەکەمین کەس بووە کە بیرو بۆچوونی نەتەوەیی لە مەسەلەکە زیادکردوەو ڕەنگی سیاسی پێداوەو بەناوی بابی نەتەوەخوازی کورد لە مێژوو جێگەی خۆی کردەوتەوە...

ئەم میروو ئاغا مەزنەی کورد، بەم هەیئەتو هەیکالو بیچمو شەوکەتو شانو ژێهاتوویی، بە سەڵتەیەکی زێڕکفت، پێچەکی گەورەی حەریر، هەوری دەئارمووش بەقەرا گەزێکو پانتۆلی

ئاوریشمی ڕێڕیٚو کاڵەی شەمامە بەند قەڵافەتێکی پاشایانەی بەخۆوە گرتووە. وەرزێرانی کورد بە ڕیزوو حورمەتەوە لێیاندەڕوانیو بە شتێکی پیرۆز وەکوو ڕاسپاردەی خوٚا چاویان لێدەکرد.
ئەو بەناردنی دیاری بە نرخ بۆ مەلاکانو یارمەتی بە تەوایی مووسڵمانان، کە توانایی کڕینی چەکو چۆڵیان نەبوو بریتی لە: شیرو مەتاڵو تفەنگ بە دراوی تەنخواە، لەم ڕێگەدا قۆچاغانە تێدەکۆشا.
کوێروو نەقوستانو بیوەژنو بەلەنگازو نەدارو دەستەوەستان هەر چەند کەرەت لە کاتی دیاری کراوە پۆل، پۆل لە حەوشەی دەرگۆل، نزیک جەزیرە کۆ دەبوونەوەو. ئەو لەو کیسە ئاڵتوونانەی کەلە قەراخو تەنیشت خۆی دانابوو بە دڵۆڤانیو دەست هاوەڵایی بەقەدەر پێوسیت دەیدانێ. ڕۆژێ 120 دۆلاری دەبەخشی کە لەو سەردەم دا دراوەکی یەکجار زۆربوو.
بەدرخان پیاوەکی مووسڵمانو مەزەبی بوو. بە وردی بەکارو باری دین ڕادەگەیی. بە وتەی مرۆڤە ئایینی یەکانی ئامریکایی کە سەردانیان کردووە، نوێژی بە سات دەکرد. هەر وەک بۆ خۆی بە یەکێک لە وانی گوتبوو مرۆڤێکی قەوڵ پتوون بووە.
کەسانێک کە سەردانی ئەویان کردوە لە مەڕ دیاردەو هزری ئیسلامیو ئاقیدە بە قەزاو قەدەر، بی لینگەی دەزانن.
لە بابەت پتەو بوونی دەسەڵاتی، گەلێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی مەزنو ماقول لە ژێر ئەمری دابوونەو نەوێراون دژایەتی لەگەڵ بکەن. پێیانوابووە خودا بەلێهاتوویی ئەو گەورایەتیەی پێ بەخشیوەو ڕەکەبەریان لە گەڵ بە دژایەتی لە گەڵ ئەمری خودا زانیوە.
بەدرخان دەیزانی چتۆ لە بەستینی بەستەڵەکی بەرتەسکی ئێلو عەشیرەت بێتە دەرو، بۆ ئەوەڵێن کەڕەت لە ڕۆژگاری نوێ، حکوومەتی نەتەوەیی کورد بنیات بنێت. هەر ئەوەش ئەوی لە ئەمیرەکی ئاسایی کورد جیاکردەوەو پاڵاوت.
لە سەر ئەوەش تێکۆشانی پێشووی کە لەو بارو دۆخە کردوویەتی روون نیە. وەدەرخستنی کاکڵکی کردەوەی بۆ لەسەر دوان و دەنگدان چەتوونە. ئەو بۆ خۆی لە 1846 بەو ئامریکایانەی کە سەردانیان کردەوە، گوتبوو: هەشت ساڵ بەرێ یانی لە 1838ئەو هێشتا ئەمیرەکی کزوو کەم دەسەڵاتو دەست بەتاڵو نەناسراوبوو.
مەحموود پاشا ئەمیری کورد لە ڕێکەوتی 1820 لە سولەیمانیە کە بنەماڵەکانی مەزنی کوردی بۆ یەکێک لە دیپلۆماتەکانی ئینگلیزی سەرژماری دەکات. لە مەڕ ئەو بنەماڵەیە، تەنیا بە کاولو خاپوور کردنی جەزیرە پێتەختی ئەماڕاتی بۆتانو خاشەبڕ کردنی ئەو خانەدانە کە ڕۆژگارێک بە تەنتەنەو جەلالو شکۆو بووە دوایی بە ئاخافتنەکانی دێنێت.
بە قەولی سەرچاوەگەلێک، بەدرخان هەتا قەدەرحەیامێک، لە لایەن ئەمیر ئەشرەف ئەدین، یانی میراتگری بۆتان حوکماتی دەکرد. کە کورەکەی خۆی بە ناوی ئەردەشێر بەرلەگەین بەجێگری وی لەبەند کردبوو.
ئەمیر بەدرخان لە1821 ئەو هێندە خۆی بە وزەو توانا دەدینێ کە ئیدی سوارەو تفەنگ نادات ە حکوومەتی عوسمانیو هەتا تێدەکۆشێ سەرۆکە مەزنەکانی کورد تایبەت دراوسیکانی خۆی یانی خان مەحمود ئەمیری وانو، نورڕوڵلا بەگی حەکاری بەتێگەین بە مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان ئیقناح بکات.
ئەمیر بەدرخان دوایی ئەوە کە بەچەتوونی دەرەقەت دێ پەلاماری عوسمانیەکان لە ساڵکانی 1836و1838 بەرپەرچ بداتەوە، لە ساڵی 1839 پەیمان لە گەڵ سوڵیان گرێدەدا. چەند حەوتوو دوایی هێزی برایم پاشایی میسر، قشوونی سوڵتان تێک دەشکێنێت. شکانی نیزیب لە21و24ی

ژوئن 1839 بۆ کوردان، جیا لە تۆڵە وەرگرتنەوە لە عوسمانیەکان،کە فکرەکی دیکەیان لە مێشک دانەبوو، عەلامەتی ڕاپەڕینێکی گشتیـیە.
پێنج ساڵ دوایی یانی 1844و1846 بەدرخان گەیوەتە پلەبەرزی توانایی خۆی. سکە لێدەدا، لە نوێژی هەینی خوتبەی بەناوی دەخویندرێتەوە. ئیستا حوکمڕانیەکەی لە ڕۆژ هەڵات لە سنوورەکانی ئێران تێدەپەڕێ، لە ڕۆژ ئاوا، لە ناخی دوو چۆمان(بین النهرین) دریژە پیدەدا، لە دەروازی دیاربەکر، هەتا دەروازەی مووسڵ وەبەرە خۆی دەدا، سامانی بە لیشاوەو دەحیساب نایە.
بە داخەوە لە شیوازی بەڕێوەبردنی کوردستان لە سەردەمی بەلەز تێپەڕیوی حکوومەتی ناوبراو ئاگاداریەکی ئەو تۆمان لەدەست دانیە. بەڵام لەمە داگومان نییە کە ئیدی ڕێگریو جەردەیی بە تەواوی لە ناوچووە، ئاسایشو ئەهوەنی بە تەواویی لە کوردستان سەقامگیر بووە، ڕێبوارانی فرنگستان (ڕۆژئاوای) ئەو سەردەم لە مەڕ ئەو بابەتە بۆ کۆ شایەتی دەدەن.
دوو مرۆڤی ئامریکائی پەیوەنددار بە لێژنەی ڕاگەیاندن بە ناوەکانی ام.ام. ڕایت، برێت، کە بەدرخان لیی گێڕاوەتنەوە بهێنە (دەرگۆل) لە ساڵی 1846 نێزیکەی 23 ڕۆژ سەرانسەری کوردستان، لە ورمێ
(ڕزائیە) بگرە هەتا جەزیرەی ئیبنی عومەر، بە پیادە دەگەڕێن. بێ ئەوەی تووشی چ گیرو گرفتێک بن. لە جۆڵەمیرگو کانیەکانی چەمی خاپوور، بەناو چیاکانو دۆڵو دەرەو ئەستەمو چەختو ڕکەو حاسێ دا،تێدەپەڕن.
یەکێک لە کارگێڕانی باڵوێزخانەی فەڕانسە کەلە1835 بەبۆتان دا ڕابردوە، شایەدی ئەو تەوفیرە سەرنج ڕاکیشە لە نیوان مەڵبەندی ژێردەسەڵاتی حکوومەتی تورکو زێدی ژێر دەسەڵاتی ئەمیرخان دەداو دەڵێت: لە دوایی بڕینی نزیکەی 50فەرسەخ لە دیاربەکر، لە دەجلە دادەبەزی، دەستو جێ لە گۆڕانکاری خۆڕسکاو لەو مەڵبەندە سەرت دەتاسێ! پاپۆڕەکان تەکووزو بە قەتارە لەنگەریان گرتووە، خانووبەری گوندەکان ڕیکو پیکو باشتر دورست کراون. وادەنوێنێ کە لە ژیانیکی پڕ لە ئاسایشو پاراوتر دان. ئەمە گۆڕەپانی ژێر دەسەڵاتی بەدەرخانە، هەرچەند 250000پیاستر پیتاک دەداتە بابی عالی! ئەو باش بە وڵاتەکەی ڕادەگات. ئەمیرەکی کارقایمە، بەڵام بەزاکوونو دادپەروەر. لە زێدەکەی هێمنایەتی سەقامگیرە. لە وێ بەختەوەریوو حەسانەوە وەبەرچاو دەکەوێت! ئەگەرچاو بەسەر وڵاتی تورکان دا بخشێنی کە جیناری یەکدین واقت وڕدەمێنێ، پێچەوانەکەی دەبینی!
بەدرخان مرۆڤێکی وریاو وشیارو چاونەترسو بەرزەفڕ بووەو. لەگەڵ هەموو ئەمیرەکانی کوردی هاوکاتی خۆی جیاوازی هەبووە. دوکتور ڕایت وبڕیت مەسیحی پتر لە دوو حەوتوو لەلای ماوەتنەوەو هەستانو ڕۆنیشتنیان لەگەڵ بووە، بەڵام بەخت ڕەشی لە مەڕ چارەنووسی مەسیحیەکان کە فکری وی بەخۆوە خەریک کردوە، هەروا لەمەڕ پەیوەندی ئەمیری بۆتان لەگەڵ سوڵتانی عوسمانیو، داڕژتنی ئەو پڵانانەی ئەو هەیبووە چ پرسیاریان لی نەکردوە.
ئەمیر بەدرخان کەلە1843ناوچە مەسیح نشینەکانی بەردەست کردبوو، بۆ دووهەم کەرەت لە1846 دەستی لە نەستۆڕیەکان وەشاند کە ئاکامەکەی تێدا چوونی خۆی مسوەگەرکرد. سوڵتانی عۆسمانی تەوژمی ڕەخنەی لە لایان پاریسو لەندەن کەوتبوو سەرشان، لە شکرەکی بۆ سزادانی وی نارد. ئەمیرخان لە قەڵاتەکەی خۆی لە (ئیڕوخ) مانی گرتبوو. لە ئەوتی 1847 خۆی بەدەستەوە دا. ئەویان بۆ کەنەدا پاشان بۆ دێمشق بردوو لە 1870 لە وێ وەفاتی کرد.

مێژوو نووسان لەمەڕ ئەمیرخان بیرو بۆچوونیان جیاوازە. ئەو کوشتارانەی کە ئەو لە مەسیحیەکانی کرد، لە شێوازی وی لە بەرچاوی میژوو نقیسانی وەکوو نیکیین کە پیی وایە جێگرانی هەڵویستی وبیان لە وەی کە هەبوو قەبەترکردۆتەوە، یارمەتی داوە.
لایەکیتر، مێژوو نووسی ڕاستگۆتر، یەک لەوان (ئیگڵتین) لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەو کوردێکی نەتەوەخواز بووە. بەلام لەسەر ئەو حاڵەش بیرو ڕایان وایە کە هەڵویستی وی هەرگیز بە ڕوونی ناناسرێت! بەڵام بە لێکدانەوەی زۆربەی ئەوکوردانەی کە لەحیزبە ناسراوەکاندا خۆلیان هەیە، بەدرخان جیا لە سەردارعیلەکی
مەزن شتێکی دیکە نییە. ئەمما لەسەرئەو حاڵەشڕا ئەمیربەدرخان بێ قسە لەسەرکردنو لە سەردوان یەکێک لە قارەمانانی سەربەخۆخوازی کوردی سەدەی نۆزدەهەمەو لەگەڵ بنەماڵەکەی جیاوازیەکی حاشا هەڵنەگری هەیە. لە ڕۆژگاری چێڕۆک تەنیا کوردێکە بەو هەموو تەمەن کورتی حکوومەتەکەی دەسەڵاتی خۆی بە سەر هەموو کوردستان، لەکوردستانی ئێران بگرە هەتا دەجلە ڕەکێش کردو. ناوبانگی دادپەروەریو قورسایی ویقاری ئەوهابوو کە هەشتا ساڵ دوایی خۆی کوڕوو نەوەکانی کە وەزنەکی ئەو تۆیان لە تای تەرازوو دانەبوو، لە هەنگاو هەڵێنان بۆ کۆ کردنەوەی ئاپوورەی خەڵکو ئەکابری کورد لە دەورو پشتی خۆیان بە ناوی سەربەخۆیی کوردستان لە ناوی ئەویان کەلک وەردەگرت.
ئەمیر بەدرخان یەکەمین کوردیش بوو کە ڕەنگدانەوەی کارتێکردنی ئەوهەی پاشان بیچمی دۆستایەتی زلهێزەکانی ئوروپائی لەمەڕ کوردەکان لە بەردی مەحەکو ئەزموون دا. بە ئاشتی نەک بە دۆژمناتی، سەرەتا بەهۆی نەستووریەکانو ئەرمەنیەکان لەدوایی بە هۆی نەوت!
بەڵام ئەمیرخان لە سەر ئەو هەموو مەزنایەتیە دەبوایە سەرکەوتوو نەبوایە! چونکە هەتا بنچو بنەوانی نەئاژۆتو، خۆی بە حکوومەتێک بەدەستەوەدا کە چاوەڕوانی چ شتێکی لەوان نەبوو.
ویلیام ئیگڵتن مێژوو نووسی کۆماری مەهاباد دەڵێ: سەدساڵ دوایی قازی محەمەد سەر کۆماری تەمەن کورتو بچکۆڵانەی مەهاباد وەدوایی ڕێووشوینی وی کەوتو. بەداخەوە لە1975 مەلا مەستەفا بارزانیش هەر بەم شیوازە جۆلایەوە!

2(-شێخ عەبەیدلای شەمزینان)

سەرۆکەکانی کورد پاش ئەوە خۆیان بەستەوەدا، لەگەڵ ئەمیرخان دوورخرانەوە. لە ڕاستێدا گەلی کورد بێ سەرمانەوە. دانانی حوکمڕانانی تورک لە شوێنی سەرۆکانی میراتگری کوردو حەولو تەقەلای دەوڵەتی عۆسمانی بۆ داسەپاندنی دەموودەزگای ڕاستەوخۆ بوو. بەڵام هیچ یەک لەوان نەیانتوانی ئەو بۆشایانە پڕکەنەوە کەبە لە ناوچوونی پێشەوایانی کورد قەڵشتو کەلێنیان تێکەوتبوو.
سەردەمی ئاسایشو حەسانەوەو هێوربوون لە دەورانی حوکمڕانی بەدرخان لە کوردستان، جیگای خۆی دا بە هەرکەس هەرکەسو بەرەڵلایی. دوایی لە ناو خەڵکێکی یەکجار تووڕەو پێشخواردووی ئاوییەکان تاقمەیەکی نوێ لە ڕێبەران سەریان هەڵدا، ئەمانە شێخەکان یانی سەرۆکانی ئائینی بوون. کە دەسەڵاتی مەزن ئەوانی لە بەرچاوی ئاپوورەی خەڵکی کورد، بەجیگرانی ئەمیرانی لەناوچوو بە پیویست دەزانی، ئەکابری ئەو بەرەبابە نیو سەدە دوایی ڕۆڵی سیاسی گرینگ دەگێڕن.
شێخەکانی شەمزینان کە خۆیان بە ڕەگەزو ڕەچەڵە دەگەیاندەوە عەبدولقادرگەیلانی لە1078و1166 بنیات نەری بەرەبابی قادرین.

شێخ عەبەیدوڵلا کە ماوەیەک بەرلە1830 لە دایک ببوو، سامانو کەسایەتیەکی بێ وێنەی لە باپو باپیرانی بۆ بە میرات بۆمابۆوە، زۆر زوو نیشانی دا، کە زورتر لە وەی بە پەسلانو مەزەب گیرۆدەیە، تامەزرۆی سەرکردایەتی خەڵکیشە!
لەکاتی شەڕی 1877و1878 ی ڕووسو ئۆسمانی، شێخ عەبەیدوڵلا بە سەرۆکی دەستەیەکی بچووکی کوردان لە شەڕ بەشداری کرد، بەڵام لە ڕووسان بە توندی تێشکاو بەدەست بەتاڵی گەڕاوە. بەڵام ئەمە نەبوو بە لەمپەر خیرا بەناوی ڕێبەری کورد ناوی دەرکردو ناسرا. ئەو مێرخاسێکی قانعو دادپەروەرو بە تەقواوو یەکجار مەزەبیو هەرە عەودالی خۆشبەختی نەتەوەکەیو تاسەباری سەرکەوتوویی کوردبوو. لەبەرچاوی هاو وڵاتیانی وەک ناردراوەی خودا لێی دەڕواندرا. ئەم مەسەلە لە هەڕەتی قاتو قڕیو خاپوور بوونی بێ وێنە یانی دووهەمین شەڕی ڕووسو ئۆسمانی لە مەڵبەندی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕوونی وەبەرچاو دەکەوت.
ئەو بۆخۆی لە سەر ئەوبیرو بۆچوونە بوو. چ هاوسەنگی قەبووڵ نەدەکرد. هەتا لە ناوچەیەکی لاتەریکی وەکوو بارزان.
شێخ عەبەیدوڵلا پێی وابوو تەنیا چارەو دەرمانی بەخت ڕەشی نەتەوەی کوردپێکهێنانی کوردستانی سەربەخۆییە، کە کوردستانی بن دەستی ئێرانو کوردستانی بن دەستی ئۆسمانی لە خۆیدا گریداو یەکگرتووبکات، یانی گرێدانەوەی هێلی جوغڕافیایی.
وەلەم بارەوە لە یەکەمین داخۆیانی نەتەوەخوازی کورد لە بەردەست دایە. شێخ عەبەیدوڵلا بە یەکیک لەنوینەرانی زلیهێزەکانی ڕۆژ ئاوا کە دۆستایەتی لەگەڵ هەبووە دەڵێ: ئەمڕۆ سەرۆکانی کوردستان چ ئەوانەی پێناسی تورک یان ئێرانیان هەیەو سەرجەم خەڵکی کوردستانن، لە سەر ئەو بڕیارە کۆکو سوورو پێداگروو یەکدەنگن، کە لە گەڵ ئەو دوو دەوڵەتە ناتوانن هەڵکەنو بەرنەسەر، دەبێ کاریک بکرێو، لێکۆڵینەوە لەم بارەوە ئەنجام بدرێ ... کە خەڵکی کورد نەتەوەیەکی جیاواز لەوانەن... ئێمە دەمانەوێ کارووباری خۆمان لە کوردستان بە دەستی خۆمان هەڵسووڕێنێن!
شێخ عەبەیدوڵلا بەم ڕاگەیندراوەو ئاگاداریە لە ناوبنیات نەرانی سەربەخۆخوازی کورد جیی کردەوە...بەڵام دوو ڕاپەڕینی وی بەدوای یەکدا لەساڵەکانی 1879و1880 بادینانو ئێران ڕێبەری کرد، جیا لە بزووتنەوەیەکی زوو تێپەر چێتر نەبوون. تایبەت شاڵاوەکەی بۆ سەر ئێران نەبوو بەهۆی شانازی! بە تالان کردنی میاندواو، جارێکی دیکە بە دوژمنانی کوردیان نیشاندا کە کورد بۆیان نالوێ لە ڕووی قائیدو ورەوشت شەڕبکەنو، لە تالانچی بەدەرنین!
تایبەت هێرشەکەی بۆ سەرئیران بوو بەهۆی خۆ تێهەڵقوتاندنی دەڵەتانی ڕۆژئاوا بە، نەخازا بریتانیای مەزنو فەڕانسە لەکاروباری حکوومەتی ئوسمانی. هەروا ئەم لەشکرکێشیە، بۆ بەهۆی ئەمە کە ئایالاتی یەکگرتوویی ئامریکا دەوڵەتی ئێران بە فەرمی بناسێتو لە1882 نوێنەری سیاسی بنێرێتە ئێرانو ئەوی لەداکۆکی خۆییو میللەتەکەی دڵنیا بکات. ئەوە یەکەمین نیشانەی گێرۆدەییو خۆ تێخزاندنی ئامریکا لە کارو باری ئێرانە. کە لە پاشە ڕۆژ دا پەلووپۆ داوێ.
چڵ ساڵ دوایی وەفاتی شێخ عەبەیدوڵلا کە لە ئۆکۆبری 1883 لە مەکە ڕوویدا،کە لە وێ بە چەشنی دوورخراوە دەست بەسەربوو، کوڕەکەی عەبدولقادرو نەوەکەی سەید تەها، بە بەرەکەتی کەسایەتیو حورمەتو کارتێکردنی لە لای خەلک دەورەکی گرینگیان لەکارووباری کوردستان گێرا.

3(-دامەزرانی ئەنجوومەنی کورد)

تەنیا لە یەکەمین ڕۆژەکانی سەدەی بیستەمو پاش نیوسەدە ڕاپەڕینی پچڕپچڕو بەربڵاو، دەستەیەکی مام ناوەندی لەکوردستان سەر هەڵدەدەن. لە ڕاستیدا ئەو گروپە بۆرژاوازی گەورەی بەلەنگاز بوو لە بنەچەکەی ئەمیرانی مێژوون.
ڕێبەرانی نوێ کە بێ چوونەیی ئەم ڕاپەڕینانەو پێویستی پیکهێنانی یەکگرتوویی کوردیان هەست پێکردوە لە1908 ئەوەڵین بنکەی سیاسی کوردی بنیات دەنێن.
لە ساڵی 1887 مەدحەت بەدرخان یەکەمین گۆڤاری کوردی بەناوی کوردستان لە قاهیرە خستەگەڕ، کە بە توندی لە سیاسەتی ئۆسمانیەکانی ڕەخنە دەگرت. دوایی سەردەمیک یەکیک لە براکانی بە ناوی عەبدولڕەحمان ڕێگای وی گرتەبەرو، گۆڤارەکەی بەردەوام لە1892 ژنۆفۆلکتون بڵاو کردەوە. لە جەنگەی شەڕی یەکەمی دونیاگر سووڕیا بەدرخان کە کوڕی ئەمین بەدرخانە گۆڤارەکەی لە قاهیرە بڵاودەکاتەوە.
لە1889حیزبێکی سیاسی نوێ لە تورکییە بە ناوی (کۆمیتەی یەکیەتی پێشکەوتوو) بە دەستی چوارکەس لە خەباتکەران بنیات دەنرێ کە دووکەسیان بە ناوی ئیسحاق سکووتیو عەوڵاجوودەت کوردن. یەکیک لەو کەسانە کە تامەزرۆی تاسەی نوێخوازی کۆمیتەی نابراوەو پێیوە دەلکێت شێخ عەبدولقادر کوڕی شێخ عەبەیدوڵلایە، کەلە پلانی 1896 دژی سوڵتان عەبدولحەمید بەشداری دەکات.
دوو کەسایەتی پلە یەکەمی دیکەش، عەبدولڕەحمان بەدرخانو حیکمەت بابان، لە1902 لەسەرەتای کۆنگرەی (کۆمیتەی ئیتحادوتەرەقی)لە پاریس بەشداری دەکەن. سەیرئەمەیە کە بە درێژایی نیزیک بە دەساڵ نەتەوەخوازانی کوردو تورک لە ڕەخ یەکدی، لە بنکەیەکی سیاسی تێکۆشانیان دەبێو ئەم ئاریکارییە هەتا سەرهەڵدانی بزووتنەوەی (تورکانی لاو) لە1908 هەر بەردەوام دەبێت. یەکێک لە هەوەڵین ئامانجی بەڕێوەبەرانی ئینقلاب، خۆجێی کردنی سەرلەنویی مەشڕوتیەتی لیبراڵ لە 1876بوو. ئەمە سەرەتای مانگی هەنگوینی (کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقیو) تەواوی بزووتنەوەی نەتەوەخوازی تورکییەیە. ماقوولانو ئاکابری کورد ئیجازەیان پێدەدرێ بگەڕێنەوە (قوستەنتەنیيە) لەو جیگایە هەوەڵین بنکەی سیاسی کوردی دەکەنەوە. لە پاییزی 1908 باشگاەئەمین عەلی بەدرخان (گۆڤاری یەکەتیوتەڕەقی کورد) بەچەند مەقالە لە سمایل حەقی بابانزادەو سەعید کوردیو عەبدولقادری شەمزینان بڵاو دەکاتەوە.
ئەمین عەلی بەدرخانو شێخ عەبدوڵقادری شەمزینانو شەریف
پاشاو ئەحمەد زولفەین پاشا لە 1908 (بنکەی تەعالیو تەڕەقی کوردستان) بنکەیەکی دیکەش کە پترخۆماڵییە بەناوی(ناوەندی بڵاوکراوەی زانیاری)(جمعیەتی ئینتشاراتی معارفی کورد)ڕێکدەخەنو قوتابخانەی کوردی لەگەڕەکی چەمبەرلی تاشی) ئەستەنبۆڵ دەکەنەوە. ئەم گۆڤارە بە تایبەت وتارێکی لە بارەی پێویستی بەدەست پێڕاگەیشتنو داڕژتنی (زوانێک) کە ئاچەری فیرکردنو پێشکەوتوییە بڵاو دەکاتەوەو بۆ زەنگینی فۆلکلۆری کوردیو بەهێزکردنی ڕۆشنبیریو چێڕۆکی سینگاو سینگ پێ دادەگری.
ڕیبەرانی کورد لە هێندێک وتاری سیاسی تر بە وشیاریەکی زۆر بە پارێز لە ناو لەفافەدا خەڵک پێ دەحەسێنن کە فێرگەی تورکی بۆ منداڵانی کورد کات بەفیڕۆدانوو وەخت زایە کردنەو دامەزراندنی فێرگەیەکی کوردی پێکهاتوو لە خەڵێفو پوورەی عەشیرەتی پیشنیاردەکەن.

ئەمما هێشتا زوانی قسە شاراوەیە، ناکرێ بدرکێت. کلووبەکانی کوردی لە بەغداو مووسڵو دیاربەکر دەکرێنەوە.
بەڵام سەیر ئەمەیە کە قوستەنتەنییە هەروا یەکەمین چاوگەی نەتەوەی کورد دەمێنێتەوە. جەماوەری کوردی دانیشتووی قوستەنتەنییە، لە ڕووی قیاسو هەڵسانگاندن یەکجار کەمە، تەقریبەن سی هەزارکەس، بریتی لە بەشێک خەڵکی هەژارو دەستەوەستان، یانی سەقاو، بارەبەروو ئەو جۆرەکەسانەن.
سەرجەمی ئەمیرو ئاغالەرانی لە کار وەلانەراوی کوردی، کە توانیوویانە لە دوورخراوەیی میسر، کرت، بۆ ولات بگەڕێنەوە مەجبوور بەمانەوە لەوشارەکراونو هەموو لە ژێرچاوەدێری دان. کە بەرەیەکی هەڵبژێراو بەنفوز پێکدینن کە لە خەڵک لاتەریک بوونە وانیشاندەدەن کەم زۆر بوونە بەتورک!

4(بنەماڵەی بەدەرخان)

لەناو ئەو گروپەی ژێهاتوو وهەڵبژاردە بنەماڵەی بەدرخان سکۆیەکی گرینگیان داگیرکردوە. هیچ کەس هەتا نۆکە نەیزانیوە کە ئەو ئەمیرە چەند منداڵی هەبوە. لە ئەژماردا هێندێک دەیگەیننە 90کورو. بەوتەی (ماژورنوئل)و40کوڕو14کچ بەوتەی تراترکنسول) بەوتەی الفینسون)
ئەمیرکامران بەدرخان نەوەی (مەلیکی کوردستان) زۆرجار دەیگوت: دەڵێن باپیرم 99منداڵی هەبووە... ئەوهەی ڕاست بێ کە وەختیک باپیرم وەفاتی کرد21کورو 21کچی هەبوو.. ئەمن بۆخۆم پازدە،یان شازدە مامووە بە قەرا ئەوەندەش پلکم وەبیردێن.
بەهەرحاڵ ژمارەیەک لە نەوەکانی ئەمیر بەدرخان لە بزووتنەوەی نەتەوەی کورد زۆروکەم نەخشی گرنگیان بەڕێوەبرد.

(کوڕەکان):

عوسمانو حوسین(ڕاپەڕینی ساڵی 1879یان ڕێبەری کرد.) لەئاکامدا حوسین لە1910 ئیعدام کرا. مەدحەت بەگ بناخەدانەری گۆڤاری کوردستان شۆرشی 1889ی ڕێبەری کرد. کامل بەدرخان لەگەڵ ڕووسەکان بەڵێنامەی یەکیەتی گرێداو لە لایەن ڕووسی‌یە لەڕێکەوتی 1917 کرا بەرپوەبەری حکوومەتی ئەرزەڕۆم، لە دوایی دا لە تفلیس دەژیا. خەلیل بوو بە پاڵێوراوەی مەلاتییە. حەسەن بەدرخان کە هەڵبژاردەی 1910 وپاڵیوتراوەی کورسی نوێنەری ئەنجوومەنی نیشتمانی لە کوردستان بوو لەگەڵ حوسینی برای بەنوێنەر هەڵبژاردران بەڵام. پاش شەش مانگ دوایی دەست بەسەرکردنی حوسین،ئەو خۆی حاشارداو لە ئاکامدا بەردەست کراو خرا بەندیخانە، لە گرتووخانە ئەوهێندە بێ بەزە دەگەڵی جووڵانەوەو جەزرەبە کرا کاتێک بەریاندا لەش ساخی لەدست دا. عەبدوڵڕحمان لە دوایی مەدحەت بوو بەسەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان. بەحری لە گەڵ شیخ عەبدولقادر هاوکاری کرد. ئەمین عەلی 1851و1926 حقوق زانو یەکیک لە بنیات نەرانی باشگا ی کورد لە1908بوو. عەبدولڕەحمان کوری نەوەی نەجیب پاشا، لەکوڕانی ئەمیرخەدرخان فەرمانداری قوستەنتەنییەی لە شەڕێکی ناوەخۆیی داکوشت، لەگەڵ سەرجەمی بنەماڵەکەی دوورخرایەوەو، بوو بەپەنابەری ڕووس، لەوێ بوو بە دەرکەوانی بارەگای تەزار. لە ساڵی 1918لەمووسل کوژرا.

کوڕەکانی ئەمین عەلی: سووڕەیا (1883-1938 جەلالەت (1893-1951کامران (1895-1978

ئەوبەدرخانانە تۆرەمەی سەرۆکو ئەمیرانی سۆرانو بابانو بنەچەکەی شێخ عەبەیدوڵلاو- عەبدولقادرو تەهای شەمزینانو دوو ژەنەراڵی بنجو بنەوانو ڕەچەڵە کورد بە ناوەکانی شەریف پاشاو لوتفی پاشاو چەند کەسی تر لەئاکابرو ماقولو ئاغالەرو مەزنانی دیاربەکر، کاکڵی ڕێبەرانی نەتەوخوازی کورد پێکدێنن. پاش قەدەرحەیامێک زلهێزەکان لەگەڵ ئەو پاژە زنجیرەی پەیوەندی ڕادەچێنن.
سەرەتای 1909 جامینخوازانی سووڵتان هەنگاو بەدژی ئینقلابیک هەڵدێنن کە سەرۆکانی نەتەوەی کورد تێیدا بەشداریان هەیە. بەڵام ئەودژ هەڵگەڕانەوەیەی ئینقلابی، بەدەستی تورکانی لاو پووچل دەکرێتەوەو تەواوی دژکاران لەناودەبەن. ڕیبەری یەکیەتیو تەرەقی ئیدی ئەو وادەو بەڵێنانەی بە کوردیان داوە دەخەنە ژێرپێو سیاسەتی کورد بەتورک کردن دەکەنە ئامانجی سەرەکیو، تەواوی ئەنجوومەنی چاپەمەنیەکانو قوتابخانەکانی کوردی دادەخەن.
ئەمین عەلی بەدرخانو شەریف پاشا، سزای ئیعدامیان بۆ دیاری دەکرێت. بەڵام ڕادەکەنو خۆیان قوتاردەدەن. سوڕیا بەدرخان کەلە قاهیرەگەڕاوەتەوەو لە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری کوردستان بەردەوامە سەر لە نوێ ناچار بە تەرە لە نیشتمان دەبێت.
لە ساڵی 1910 دوو خویندکاری قوتابخانەی کشتو کاڵ،هاڵکانی بە ناوکانی خەلیل خەیاڵی، دانیشتووی مووتکی عومەر، خدربەگ جەماڵ پاشازاد، بە هاوکاری فەواد تیمۆ لە خەڵکی وانو زەکی ئەفەندی لە دیاربەکر ئەنجوومەنی خوێنکارانی پێشکەوتووتر لە ئەنجوومەنەکانی پێشوو دادەمەزرێننو ناوی (هیوای) لێدەنێن. ئەم کۆڕە کە لە مووسڵ بە هیوا ناسراوە، هەتاجەنگەی شەڕی یەکەمی دنیاگر، ژیانی خۆی بەردەوام دەکاتو گەلێک سەرکەوتوو دەبێتو گوارێک بەناوی (ڕۆژی کورد) بڵاو دەکاتەوە.
سێومین گۆڤار بەناوی (ژین) بەدەست گروپەکی کورد بریتی لە: مەمدووح سەلیم سکرتێری گشتی دواڕۆژی ئەنجمەنی کوردو کەماڵ فەوزی بەگ کەلە1925ئیعدام کراو هەمزە ئەفەندی دەست بەکار دەکات.
لە ساڵی 1912شایەدی تێکۆشانی ئاگربەس لە نیوان(تورکەکانی لاوو) نەتەوەخوازی کوردین، بە دوای ئەو حەولوو تەقەلایەدا، پشێویو ئاژاوە لە بۆتان سەری هەڵدەدا، لەو چەقو تەفەو هەڵاو بگرە سولەیمان بەدررخان بە دەستی پۆلیس دەکوژرێ.
دوایی لە ساڵی 1813بە هۆی سەرەڕۆیی ئەنورپاشا،لێکهەڵبڕان لە نێوان (تورکەکانی گەنجوو نەتەوەخوازانی کورد) کامڵ دەبی!
ساڵێک دوایی شەڕی دنیاگر دەقەومێت. کە دەوێدا کوردەکان بە تێگڕاییو دڵپاکی، شان بە شانی عوسمانیەکان دژی دەوڵەتە یەکگرتوەکان لە شەڕ بەشداری دەکەن. بەشیک لەخاکی کوردستان بە هێزی فەڕانسەداگیر دەکرێت.
سەرکەوتنی دەوڵەتە یەکگرتوەکان پیرۆزیەکی بێ لینگەیە، بەڵام شانازیەکی ئەوها لە مێژووی کورد تۆمار ناکاتو بۆ یەکەمین جار ڕێبەرانی کورد دیپلۆماتیەمی ڕاستەوخۆ دەجەڕبێنن. ئەمپەڕاتووری ئۆسمانی تێکدەقرماوە محکووم بە پەرشو بڵاوو لەتو پەتەو وا دەنوینێ کە بە ئێکچەلی تێکشکاندراوە، وردوو خەڕاش بووە. ڕێبەرانی کورد ئیجازە وەدست دێنن لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس دەنگی خۆیان بەگوێچکەی خەڵکی دنیا ڕابگەیێنن. لەوحاڵەشدا دەتوانن لە(قوستەنتەنییە) لەگەڵ نوێنەری زلهیزەکان پەیوەندی بگرن.

کوردستانی گەورە هیشتا لە ئارادا نییە، بەڵام نوێنەرانی زۆروکەم لە هەل‌و مەرجی ڕەخساوەی دیپلۆماتیک کەلک وەردەگرن‌و لە سەروادەی (ویلسۆن) و بلاو کراوەکانی پەیتا پەیتای ئیگلیزو فەڕانسە،(بۆ کوردەکان سەردەمی ڕزگاری کوردستان)بەبێ ئەملا ئەولا نزیک بۆتەوە) کاتی ئەوە هاتوە، کە کورد بشێن دەوڵتێکی گەلی کە دەسەلاتی خۆی بەدەنگی دێمووکراسی خەڵک وەرگرتبێ دابمەزرێنن. بەلام ئەم هیواو چاوەنوارێیە لە داوەڵێک وێوەتر نییە، سەربەخۆیی کوردستان هێشتا لە سێرەی چاودانییە. قەوزەی فەرمانڕەوایی لە نێو تەم‌و مژوو بوڵێڵی خەیاڵ دابزر دەبێ‌و دەست وبیرانگات. خۆ پێ باخی‌و قولدڕی دەوڵەتەکانی زلهێزێ(بریتانیاو فەڕانسە) (وبچکۆڵە ئیتالیاو ژاپوون) کە بەو تەوەرەیە دەیانەویست ئەمپەڕاتووری ئۆسمانی پێ تێک بقرمێنن‌و مووره مووره بکەن لەونیوەدا بەشیکی بەرپرسایەتی هەیە! بەلام سەرۆکانی کوردیش ساویلکەیی‌و بێ لەیاقەتیەکی سەرسوڕهێنەریان لەو گۆرەپانەدا نشاندا، ئەو بەرێزانە خۆیان کردە...گەمەی زلهێزەکان‌و تێیدا قاڵ بوونەوە.

5- شەریف پاشا )

لە پاریس یەکێک لە سیاسەتمەدارانی ئۆسمانی کەلە نەکاو ڕەچەڵەی کوردایەتی خۆی دیتەوەبیر، سەرکەوتوو دەبێ، کەخۆی بە ناوی (بەرپرسی لێژنەی نوێنەرایەتی کورد) بە کۆنفرانسی ئاشتی داسەپێنێ.
شەریف پاشا کە لە سولەیمانی هاتۆتە دنیا، لە گەڵ شێخ مەحموودی لە قوتابخانەی (باباخواجە) دەرسی خویندبوو. لە قوستەنتەنییە، پلەی بەرزی لە دەم‌و دەزگای عوسمانی تێپەرکردبوو. ببوو بە دیپلۆماتی دەوڵەت. کە ئیدی جیا لە ڕەگەزە دیاردەیەکی دیکەی لە کۆردایەتی پێوە دیارنەدەدا. ولەکۆتایی 1890 لەلایەن سوولتان بە، بەرپرسایەتی بالویزخانەی عوسمانی لە (ئیستوکهۆڵم) دادەنرێ، لە گەڵ بەشێکی زۆر لە دیپلۆماتەکان کە لە کوردبوونی وی ئاگاداریان نەبوو هاوپیاڵەبوو.

بیرو بۆچوونی وی چ جاران نەبوو بەهۆی بەرگری لە پلەوپایەی! لە سەرەتا لە گەڵ ڕێبەرانی (یەکیەتی‌و تەرەقی) یەکگرتوو بوو، لە دوایی ئینقلابی 1908چونکە لە دانانی وی لە بالۆیزخانەی پاریس دژایەتی کرا، لەگەڵیان کەوتە بەربەرەکانی!
وەختێک کە شەڕ دەستی پێکرد شەریف پاشا کە دژ بە یەکیەتی عوسمانی لەگەڵ دەوڵەتی ئالمانیە بوو ئیجازەی پێدرا لە فەڕانسە نشتەجێ بێت. ئەو زوربەی کاتی شەڕی لە وێ لە ویلای تایبەت بە خۆی بە ناوی (موون کیف) لە(موونتکارلۆ) ڕابوارد.
کوڕی یەکێک لە مروییت مەزن دەنقیسی: ئەو ئەربابەکی بە تەواوی مانابوو. مرۆڤێک بوو...خۆش گوزەران...گێرۆدەی شامپانی‌و کلوبەکانی شەوانە، باش ڕابوار. بە ڕەواڵەت پارەیەکی زۆری هەبوو.
بەڵام ئینگلیزەکان چونکە خۆشیان نەدەوست تەرحەکی تریان لێ خستووتە بەرچاو. ئەو مرۆڤە کە لە لای تورکەکان بەهۆی ئەلبیسەی ڕۆژ ئاوائی کە لە بەری دەکرد بە (کلاولار)دەناسرا. مرۆڤێکە یەکجار مقام پەرستو...یەکجار کوێرزەینە! بە وتەی کارگێڕانی تورکی دانیشتووی سوێس، تەنیا زەنگینی برێک سامانەکەی بۆتە هۆی کارتێکردن‌و ڕێز لێنانی لە نێو تورک‌و مووسڵمانان، کە هەیەتی. ژنە شازادەیەکی دەوڵەمەندی میسری مارەکردوە...)

شەریف پاشا دوایی ئەمە کەلەساڵی 1914 بە خۆڕایی لەگەڵ ئینگلیسەکان پەیوەندی دەگرێ لە کۆتایی شەڕ لە سەرڕا ڕابیتەیان لەگەڵ خۆشدەکاتو لە3ی ژوئنو مارس 1918 بە سەرپەرشتی کاکس،گزیری وڵاتی بریتانیاو بەرپرسایەتی کاروباری دووچۆمان (بین النهرین) یەکتر دەدینن. لەو سەردانەدا سیاسەتی بەڕیوەچوو مەوعیزە دەکاتو بە کاکس دەڵێت: بریتانیا هەر لە ئیستاوە خودمووختاری بدا بەکوردانو مووسڵ بکاتە ناوەندی بەڕێوەبردنی کوردستان.- کەلە بەشیک دابوو ئەوکات فەڕانسە چاوەدیری بەسەردا دەکرد! بەڵام پاش بەڵێنامەی ئاگربەسی مەرەرس،(31ئۆکتۆبر1918 دەچێتە سویس). لە وێ لە کۆنگرەی عوسمانیەکانی ئازادیخواز، بە بەرپرسایەتی پرنس سباح ئەلەدین، بۆ جەلەسە بانگهێشتن دەکرێو لە دانشتنی سیاسی ئۆڕووپا خۆی وەک پارێزەری مافی عوسمانیان دەناسێنێت.
ئاخۆ شەریف پاشا کەلک وەرگرتن لە ناوی کوردستان، یانی ئەو خەڵکەی کە بە ڕەواڵەت هەستی چ کەسی بۆ لای خۆی ڕانەدەکیشا، بەچوونەی فکر لێکردبۆوە؟
نا بە هیچ لەونێک! بە پەیوەندی خۆی لەگەڵ لەندەنو پاریس پیی دادەگرت. لە لەندەن بە ساردی وەردەگیرێت، چونکە سیاسەتی (نەبوونی ناوەندی ئیداری) پێشنیاردەکات کە لە چ بارەوە لەگەڵ سیاسەتی بریتانیا کە بڕیارگیر بە جیاکردنەوەی ناوچەکانی غەیرە تورک لە ئەمپەڕاتووری ئۆسمانی نییە کە دەست لێنەدراوو سەر بە مۆر بمێنیتەوە.
پاریس ئەوی گەرمتر وەردەگرێ، لە وێ یەکێک لە کارگێرانی پلە بەرزی وەزارەتی دەرەوە کە دەدینێ ناوبراو خۆی کردۆتە پاڵێوتراوەی ئەمارەتی کوردستان بێ ئەوە پێی سەیر بێت دڵگەرمی دەکات کە داوای خوودمووختاری لە ژێر سێبەری فەڕانسە بکات.
لەوکاتەوە شەریف پاشا تێکۆشانێکی بێ وجان دەست پێدەکا، لەگەڵ سەرجەمی دەوڵەتەکانو سەرۆک وەزیرانو دیپلۆماتەکانیان پەیوەندی دەگرێ.
لە6ی فۆرییەی 1919 لەمەڕ مافو داخوازیەکانی خەڵکی کورد، وەبیرهێنانەوەیەک بە کلمانسۆ، بەرپرسی کۆنفرانسی ئاشتی دەدا. لەوی داوای کوردستانی خود مووختار دەکات، کە بریتی لە: ویلایەتەکانی دیاربەکر، خارپووت، بتلیسو مووسڵ بە لکاندنی سنجاقو ئۆرفە!
شەریف پاشا لەم پسوولەدا ئەوە وەبیر دەخاتەوە،کە ئەمە لانی کەمی پێشنیارەکەیە، دەنا کوردستانی پتوون لە ئەرزەرۆم تێدەپەڕیو کوردستانی ئێرانیش دەگریتەوە.
چەند حەوتوو دوایی لە قاقەزێکدا بەناوی وێلسون، کلمانسو،للوید جورجو اورلاند، داوای پێکهێنانی (دەوڵەتی مووەقەتی کوردستان) دەکات. پەیتا پەیتا کاغەز بەدوای قاقەز دا لەسەر مەسەلەی کورد بەڕێدەکات.

(دوژمناتی فەڕانسە)

بەڵام فەڕانسە زۆر زوو لەگەڵ دامەزراندنی (دەوڵەتی کوردی دەکەوێتە دەژایەتیو بەربەرکانیو ئەو گەڵاڵە بە دێکتەی ئینگلیزتانو بە پێچەوانەی قازانجی خۆی لێکدەداتەوە. بەڵام شەریف پاشا، هەروا وەدوای هەڵویستی خۆی دەکەوێو حەولدەدا سەرنجی ئینگلیستان بۆ لای خۆی ڕابکیشێ.

(بەرخۆردی بریتانیای مەزن)
لە بیستەمی مانگی مەی 1919 شەریف پاشا، لە (لویس مالت)

لە سەرکۆنسولی بریتانیا لە پاریس، داوادەکات پاڵیوراوەی وی بۆ پۆستی ئاماراتی کوردستان بەلەز پیی ڕاگەیاندرێ! خێرا (مامەلەی) خوارەوەی پێ پێشنیاردەکات:
بریتانیای مەزن سەربەخۆیی کوردستان بە فەرمی بناسێو لە وێ حکوومەتی ناوەندی پێکبێنێت. کە بە نۆبەی خۆی مافی تەواویی سەرۆکانی کورد لە چوارچیوەی ڕێژێمی ئەربابی قەبووڵ بکات.)
لە بەرامبەردا، دەوڵەتی بریتانیا (دەتوانێ دڵنیابێ کە لە نوێکردنەوەی بنکەی ئیداریو ئابووریو نیزامی دەسەلاتی تەواوی دەبێت. بە لە بەر چاوگرتنی نهێنیکاری بەو شێوە کە تایبەتی بریتانیایە.)

شەریف پاشا بەڕاگەیاندنی ئەوبابەتە کە سەرجەمی سەرۆکانی کوردو...هەموو ماقوولو ئاکابرو دانیشتوانی قوستەنتەنییە، ئەویان بە بەپرسی خۆیان هەڵبژاردوە...(پێدادەگرێ،کە پێویتە ئەوموچانەی کە بە عارەبان دەدرێ بۆ سەرۆکانی کوردیش تەرخان بکرێت، نە تەنیا دانیشتوانی ناوچە بڵکوو ئەوانەش کە دانیشتووی قوستەنتەنییەن و لە وێ دەژین. بەلام ئینگلیزەکان لە گەڵی ڕێکناکەون.

چەندحەوتوو دوایی یەکێک لە کارگێڕانی خاوەن پلەی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیستان دەنووسێ: دەوڵەتی بریتانیا بووچوونی ئەمەیە، کە ساڵبۆریو مانەوەی دوورو درێژی شەریف پاشا لە پاریس بۆتە لەمپەر، کە نەتوانێ بە ناوی سەرکردایەتی ولاتی پاشەڕۆژی کورد نەخشی گرینگی هەبێ.
فەڕانسەویەکان بەڵگەی ئەوهایان هەیە کە خۆی پێ دڵنیا بکەن کە شەریف پاشا لە ئینگلیستان بە گشت تاسەکانی گەیوە.
لە بەخت ڕەشی ئینگلیزیەکانیش ئەوی بە فڕانسەویەکی بە ئەزموونو کۆنەکاردەزانن!
لە سەر ئەوەشرا مێژوو نووسان لەم بابەتەوە شەریف پاشا بە مرۆڤێکی یەکجار وەخت ناس شی دەکەنەوەو، دەڵێن: ئەگەر ئەو نەبوایە دەنگی کوردستان بە گوێچکەی گەورەبەرپرسانو سەرۆک وەزیرانی ئەو دەوڵەتانەی کە لە کونفرانسی پاریس بەشداریان کردبوو نەدەگەیی.
ئەمما بێگومان ئەم قسە لە واقعیەت بەدوورە، لە ڕاستیدا ئینگلیستان پێشگیری لە ڕۆشنبیرانی دیکەی کورد بۆ پاریس دەکرد. بەڕێوە بردنی ئەونەخشە تاقانەیە ئاریکاریەکی زۆری کرد. هەروەک لە دیمشق بە ئەمری بێ پێچو پەنای گزیری دەوڵەتی بەغدا بەرگریان لە چوونی دووکەس لە نوێنەرانی دیکەی شیخ مەحموود(مەلیک) بۆ کوردستانی باکوور کرد. نوێنەرانی دیکەی کوردیش کە دەیانەویست لە قاهیرە بێنەکۆنفڕانس ئیجازەی پێویستیان بۆ وەرنەگیرا.
بەلام پاشان فکرێکی بلیمەتانە کەوتە کەللەی، کە بوو بە هۆی
تێشکانی لە ئولکەی سیاسی. ئەو کە بەردەوام لە گەڵ ڕاویژکەرانی سیاسی ئۆڕوپاو ئامریکا لە پەیوەندی دابوو، خێرا هەستی بە پێویستی ئاشتی لە نێوان دوژمنداری کوردوو ئەرمەنیەکان کردبوو. ئەو دوو کەمایەتیە داخوازی ولاتەک بوون، ئەرمەنیەکان لە هەڵچوونی هەستی هەموانی خەڵک کە بە قازانجیان بوو کەلکیان وەردەگرت، چاپەمەنیەکانی ئۆڕۆپا هەموو ڕۆژێ لە کۆشتارێک کە ئەرمەنیەکان لە ماوەی قەڕنێک لێیان کرابوو، بە نوێکردنەوەی بیرەوەری و بە سەرداچوونەوەی ڕووداوەکان لێیان دەپێچاوە. سەرئەنجام شەریف پاشا نوغووس بۆبار سەرکردایەتی لێژنەی نوێنەرایەتی ئەرمەنیەکانی بۆ ئیمزای قەولنامەیەکی هاوبەش دنەدا،

بەڵام ئەوشاکارە سیاسی‌یە، ناکۆکیەکی توندی لە قوستەنتەنییە وەرێخست. شەریف پاشا کە ئەوها لێی بێزاربوو، لە27ی ئاوریلی 1920مەجبوور بەوازهێنان بوو، لەو هەموو تاسەیە کە بۆ ئامارەتی کوردستان هەیبوو چاوی چووقاند.

(باشگاکانی کوردی قوستەنتەنییە)

کاتێک پەیماننامەی ئاگر بەس ئیمزاکرا، ئەنجومەنەکانی کورد تێکۆشانی خۆیان دەست پێکردەوە. لە پێتەختی عوسمانی دوو کەسایەتی کە دەستیان بەسەر کۆرەکانی کورد دەشکا، یەکیان سەناتۆرعەبدوڵقادر کوری شێخ عەبەیدوڵلا کەلە چاخی لەشکرکیشی بابی عالی بۆ سەر ئێران لە1880 هێزەکانی وی رێبەری کردبوو. ئەوەی دیکە ئەمین عەلی کە لە دوایی مردن یان شرتووگۆم بوونی هێندێک لە براکانی لەخۆی بە تەمنتر سەرۆکی بێ ئینکابەری ئێلی بەدەرخان بوو.
ئەو دووە (جەمعیەتی تەعالی کوردستانیان) بنیات نا، عەبدولقادر بەرپرسو ئەمین عەلی بەدرخان جێگری بەرپرسی جەمعیەت بوو. ئەندامانی بەرچاوی دیکەی بریتی بوون لە کەسانێک وەک: رەمزی بەگ لە خاپوور، ئەکرەم بەگ جەمیل پاشازاد، لە دیاربەکر، نەجمەدین حوسین، مەمدووح سەلیم، دوکتورشوکری محەمەد، ئەمین زەکی بەگ، حوسین ئەمین بەگ، نوینەری پیشووی خارپووت، محەمەدبەگ نوێنەری پێشووی مەلاتیە،سەرهەنگ خەلیل بەگ لە درسیم، مەحموود بەدیم پاشا لە ئۆرفە، ژەنەراڵ مستەفا لە سەلەیمانیە، هەروا ژەنەراڵ حەمدی پاشا.
وەک دەبینین شۆرشگێرێک لە نێو ئەو جەماوەرە وەبەر چاوناکەوێ رێبەرانی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد کەسایەتی دەخاوەن شوغڵنو بەشێک خاوەن پلەو پایەی بەرز لە ئەرتەشو دەمو دەزگای حکوومەتی عوسمانین. سناتۆر عەبدولقادر هەتا بەرپرسی شوورای حاکمییەتو یەکێک لەو سێزدە وەزەرەی دەوڵەتی داماد فەریدە، هەتا لە کاتی دەست لە کارکێشانەوەی ئەو دەوڵەتە لە دوایی داگیر کردنی (ئەسمیرنە) بە دەست یوونانیەکان (14 و15ی مەی 1919)
سەرهەنگ خەلیل بەگ هەر بەرپرسی پۆلیسی قوستەنتەنیەیە! نیو سەدە دوایی کامران بەدرخان یەکیک لە کورەکانی ئەمین بەدرخان دەڵێ: بەشی پتریان لاقەکیان لە ئۆردوگای کوردانو لاقی دیکەیان لە دەمو دەزگای عوسمانی ئیسلامی بوو...دەیانەویست ببن بە وەزیر!)
خێرا ئەنجومەنەکانی کورد لە شارە گەورەکانی کوردستان باکوور وەکوو: مەلاتییە، ماردین، خارپووتو دیاربکر کرانەوە.

6(رووداوەکانی گرنگی نەتەوەخوازی کورد)

بەڵام نەتەوە خوازانی کورد چ ئەوانەی لە وڵایات کورستان یان پێیەختی عوسمانین بەچری لە تەفرەقەدانو لێکترازاونو لە نێویاندا دەتوانین ئەنگوست لە سەر ئەوسێ خاڵە بنەرەتیە دابنێن:
1-مەسەلەی (تورکوکوردو) پان ئیسلامی، کە نەتەوەخوازی تورک لە وێ بۆ دنەو پاڵ پێوەنانیان، بۆ شۆرشێکی دژی ئینگلیزی، لە کوردستانی باشوورو، بەرگریو پێشکێری لە پێکهێنانی وڵاتێ دوارۆژی ئەرمەنی کەلک وەردەگرن. لەنێو ئەوبابەتەش دا خافڵو
کەمتەر خەم نین کە ئەگەر هاتوو دەوڵەتێکی کوردی پێکهات بەرگری لێ بکەن ئەگەر حکوومەتی ناوبراو لە ژێر سێبەرو کارتێکەری بیانی دابێت!

2- مەسەلەی خودموختاریخوازان کە سەناتۆڕعەبدولقادر نوێنەری گرینگی ئەوە.
3- مەسەلەی سەربەخۆیی (خویبوون) کە بەرێبەری ئەمین عەلی بەدرخانە.
پەیوەندی سەرەتایی لە نێوان کوردەکانو دەوڵەت بەهۆی مستەفا عارف بەگ وەزیری ناوەخۆ لە دەمو دەزگای حکوومەت بەسانایی سەردەگرێ! ئەم کەسایەتیە دۆستی بەدرخانەکانە کە خەلیل بەگ دەکاتە حوکمڕانی مەلاتیەو ئەمین عەلی بەدرخان دەکاتە پاڵیوراوەی پارێزگای دیاربەکر.
لە جەرەیانی ئەو وتو وێژانەی کەلە ساڵی 1919 لەم بارو دۆخە دا
پێک دێ وا دیاری دەدا نەتەوەخوازان پێیان ناخۆش نییە قەدەرحەیامێک سەرچۆپی کێشی گەڕێ داوەتی عوسمانی بن.
گەلێک کۆبوونەوە لە نووسینگەی سەرۆک وەزیران پێکدینن، کە لە لایان کوردەکان ئەو کەسایەتیانە بەشداری تێدا دکەن:
سەناتۆڕ عەبدولقادر2- ئەمین عەلی بەدرخان3- مرادبەدرخان4-مەولانزادە ڕەفعەتو دوو ئەفسەری کورد: 1-سەرهەنگ دووهەم 1-1-ئەمین بەگ 2- سەرگوردعەلی عەونی بەگ.
قسەکەرانی مەزنی دەوڵەت بریتین لەوکەسانە: حەیدەرزاد(شێخ الاسلام) ئەبووک پاشا،وەزیری پێشووی بەرگری، وەزیری ناوەخۆ، و عەونی پاشا، دەریادار.
تورکەکانی بە خەڵاتی خودمووختاری بۆ کوردستان لە ژێر حوکم ودەسەڵاتو چاوەدێری سولتانو ئەنجوومەنی نشتیمانی (بەبەشداری نوینەرانی کورد) ڕەزامەندی دەردەبڕن. فەرماندەرانی ژاندارمو کارگێرانی ناوچەیی هەموو کورد دەبن. بەشێ زۆری داهات ناوچەیی لە کوردستان خەرج دەکرێ. کوردەکان پێشیان کراوەیە لە پسپۆرانی بیانی کەلک وەربگرن. بەلام ئەو وڵاتە بەشیک لە جیانەبووەی ئەمپەڕاتووری عوسمانی دەبێت. ڕێبەرانی کورد لەنێەت پیسی تورکان دەکەونە شکو دوو دڵیو ئەومەترسییەیان ڕێدەنێشێ کە ڕۆژێک کوردستان بکەویتە باتڵاخی موفلیسایەتی عوسمانی.
بەڵام تورکەکان-زۆر زوو قەولو بڵێنەکانی خۆیان لەبیر دەکەن.

(دەمەتەقەی نێوان ئەنجوومەنەکانی کوردوو دەوڵەتی عوسمانی)

بەڵام خێرا وتوو یژی نهێنی تێکەڵ بە دندووکە ئاشکرادەبێت، دەوڵەتی عوسمانی بەرەنگاریەکی چاپەمەنی دژ بە نەتەوەخوازانی کورد وەڕێدەخات.
لە هەمووان سەرنج ڕاکێشتر گۆڤاری(وەقید) وتارێکی دوورو درێژو نێوئاخن توند دژی کوردەکان بلاو دەکاتەوەو لەوتارەکە دا دەڵێ: (ئەمڕۆ قسە هەڵبەستنو دەزاری کوشین لەمەڕ سەربەخۆیی کوردستان جیا لە مانای یارمەتی بە ئەرمەنیەکان شتێکی دیکەنییە!
کەسانێک کە ئەو جۆرە لێکدانەوە مەوعیزە دەکەن...چ ئیلاقەو پەیوەندیان بە نەتەوەی کوردەوە نیتە..ئەگەر هەیانبوایە لە جیاتی وتار دانو قسەکردن لە قوستەنتەنییە، دەچوونەوە کوردستانو کاتی خۆیان لە خزمەتی بەرەوپێش بردنی زانیاریو گەشەکردنی ڕۆشنبیری کورد تێپەڕ دەکرد، کە ئەوها جاهلو ساویلکەو نەزانو پاشکەوتە نەمێننەوە! لەم جۆرە هەلو مەرجەدا ئەوانەی داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، گەورەترین دووژمنی نەتەوەی کوردنو چ فڕیان بە میللەتی کورد وەنییە! بەڵکوو گەورەتری دووژمنانی کوردن!
ڕیبەرانی کورد لە گۆڤارەکەی خۆیاندا بە ناوی(ژین) حەولدەدەن بێ ئەوە ئاگری ناکۆکیەکە خۆشکەنو بدەفێنن، لە تێکۆشانی خۆیان دیفاع بکەن. ( ئێمە ئەوڕاستییە دەسلمێنین کە

ئەمپەڕاتووری عوسمانی ساتەگەلێکی چەتوونو دژوار ڕادەبوێرێ بەڵام لانی‌تر ئاخۆ ئەمە دەکرێ چاوەنواربکرێ کە میللەتی کورد،هەتانۆکە ددانی بەسەر ڕەنج وکوێرەوەری سەدەکانی ڕابردووی داگرتووە، داخوازی باشبوونی بارودۆخی وەزعی خۆی نەکات؟

هەرکات کوردەکان سفرەی سکاڵاو ناگوزیری خۆیان کردۆتەوە، ژیانی خۆیان شی کردۆتەوە دەوڵەتی ناوەندی ناوی شۆڕشو جیاخوازی وەپال ناونو، کارگێڕان لە جیاتی ئەمە بە دەردوو مەرگیان ڕابگەن لە سێرەی ویژدانەوە بەدادپەروەری لە داواکانیان بڕوانن بە زۆری زۆرداری دەمکووتیان کردوونو بڵیسەی داخوازیەکانی دامرکاندوون!)

دەوڵەتی عوسمانی لە نێوشەڕی چاپەمەنی، مەسەلەی تۆمارنووسی، خۆهەڵچوونی لە پارێزگاکان وەڕێخست. ناوەڕۆکی ئەم تۆمارانە دژ بەبزووتنەوەی سەربەخۆیی کوردستان لە ژێر سەرپەرستی بیانی دابوو! لە یەکێک لەم بەرقیانە(تیلگراف) ئاغالەری کوردی بتلیس بەناوی دەوڵەت لە دووی ژانوییەی 1920 دەڵێ: (بازێک خەرابخوازی گەلی کورد پێشنیاریکی بە گەلەکۆیان، بە بۆنەی شیکردنەوەی ئەم ڕوو داوە، کە کوردستان لە ژێر چاوەدێری ڕێژێمێکی بیانی ببێت تەکۆزکردوو. ئەم داخوازیانە بێ هیمو ساختەن، ئێمە بۆ ئەوانەی کە ئەم نامەیان نووسیوە لەعەنەت دەنێرین)

لە ئاکامدا وەزیری ناوەخۆ، لە ئیجازەی تێکۆشانی(حیزبی دێمووکراتی کوردستان) پاشگەز دەبێتەوە، ئەمە ناوێکە کە بیستو پێنج ساڵ دوایی، بنیات نەرانی حیزبی دێمووکڕاتی کوردستان لە مەهاباد لەسەر حیزبی خۆیان دادەنین.

حیزبی دێمووکڕاتی کوردستان لە ڕاستیدا کۆگای نووری سیاسی جەماوەری تەعەلی کوردستانە، وسکرتیر کەی نەجمەدین حوسینە، کەبەر لە داگیرکردنی قوستەنتەنییە لەلایان هێزەکانی مستەفا کەماڵ گەلێک پسوولەی وەبیرهێناوە، بۆ دەوڵەتانی عوسمانی و یەککگرتوەکان دەنێرێ.

بەڕێوەبەرانی حکوومەتی عوسمانی هەتا ئەو جێگایە دەچنەپێش کە ژمارەیەک لە ڕێبەرانی کورد، یەک لەوان هەمزە بەگ سەرنووسەری گۆڤاری (ژین) دەست بەسەر دەکەن. هەمزەبەگ محاکەمە دەکرێو کۆتایی 1919 بەئیعدام محکووم دەبێ. چونکە لە دانشتێکی تایبەتی لە ماردین گوتویەتی: کوردەکان دەبێ خۆیان ئازاد کەن.)

ئاشکرایە لە هەڵو مەرجی ئەوها ناسکدا ڕێبەرانی کورد، لە دەربڕینی بیروو بۆچوونی ڕوکو ڕەپ سەبارەت بە قازانجی سەربەخۆیی کوردستان خۆیان دەبوارد، چاوەڕاون بوون کە لەوە دڵنیا بین کە کونفڕانسی ئاشتی لە ئاکامدا کوردستان ناخاتە ژێردەسەلاتو حوکمڕانی تورکەکان!؟

شەڕە دندووکەو ناکۆکی لە ناخی بزووتنەوەی کورد سەبارەت بەئامانجەکانی پاش بزووتنەوە یانی (خودمووختاری یا سەربەخۆیی)!

بەڵام ڕێبەرانی کورد خێرا ناچاردەبن کە لە قابغو توێکڵی سەبروو خۆڕاگری بێنەدەر! شەریف پاشای نوینەریان لە پاریس(بیستەمی دەسامبەری 1919) ڕێکەوتنامەیەکی لە گەڵ غورس نۆبار، نوێنەری ئەرمەنیەکان ئیمزاکردبوو کە دەیگوت: دوو نەتەوە کە هەر دوو ڕەگەزیان ئارییایە، قازانجەکی هاوبەشیان هەیە بەدوای یەک ئامانج هەڵدسووڕێن،( سەربەخۆییو ئازادیەکەیان) بەڵام سەبارەت بەو بەشە زەویانەی کە دڵۆپەی ناکۆکیان تێدا دێتە بەرچاو...یانی تخووبی دوو وڵاتی پاشەڕۆژ...ئێمە بەفەرمی ڕادەگەێنین کە ئەوبابەتانە بە تەواویی بە بڕیاری کۆنفڕانسی ئاشتی دەسپێرین.

ئەورێکەوتنامە کە سەرهەڵدانی کێشەی نێوان کوردوو ئەرمەنی لە ناو کەلافی ئاڵۆزدا دەدۆزیەوە! لە لایەن ئەنجوومەنی دیپلۆماتی ڕۆژ ئاواو ئامریکا، پێشوازیەکی گەرمی لێکراو، لە قوستەنتەنییە وەک بۆمب تەقیەوە: ئەمە کە کوردەکان داوای سەربەخۆیی بکەن دیسان ڕێگەیەکی تێدەچێ، چونکە چ کوردێک لە فەرمانو فتوای سوڵتان –خەلیفە بەشکوگومانو دوو دڵ نییە - ئەمما ئەمە کەبێنو لەگەڵ ئەرەمەنیەکان باڵێننامە گرێدەن، ئەمە ئیدی بەستنی پەیمان لەگەڵ دوژمنێک بوو،کە دەبوو بە هۆی ڕقو تووڕەیی هەرتورکێک- ئەمە خەیانەت بوو!
دەست بەجێ بڵاوە کەوتە ناو ڕێبەرانی کوردو لێک ترازان- ڕێکەوتنامەی شەریف پاشا- بۆغوس نۆبار، لە ڕاستیدا ئەوانی ناچارکرد لەمەڕ مەسەلەی گرنگو زەریفی دوایین ئاماجی خۆیان بڕیاریان دەربڕن: خوودمووختاری یان سەربەخۆیی)
لە چاوگەی پەرژەوەندی زۆربەی ئەوان مەسەلە هێندە ڕوون نەبوو...هەرلەبەر ئەوەش بوو کە نەجمەدین، سکرتێری گشتی حیزبی (غەیرەقانوونی)دێمووکڕاتی کوردستان) بەپێی نووسراوەیەک لە (دەوڵەتی بریتانیای مەزن) داوادەکا، سەربەخۆیی کوردستانێکی تاقانە لە چوارچیوەی تخووبی خۆماڵیو شروشتیو نەتەوەیی وی... باشترین ڕێگەیە کە بۆ ئاخرین جارو هەمێشە بە ئاڵوزیو پشێوی (ئاسیای چووک) دوایی بهێنرێت
ئەمما دەستوجێ ئەمەی لێ زیاد دەکات: کوردەکان ناتوانن وەسیلەیەک بۆ دابین کردنی ئاسایشو ئاشتی دنیابن، مەگین ئەمە، بتوانن لە چوارچیوەی سنوورەکی ئەوهاو لە ژێر ئالای کوردستانی خود مووختار بژین.)
ئەمیرعەلی بەدرخان دەموودەست خۆی لە سەرۆی باڵی سەربەخۆ خوازانی کوردستان جێکردەوەو تایبەت لە وتووێژ لە گەڵ ڕۆژنامەی (لوبوسفور)ڕایگەیاند: ئێمە هەموو سوڵتان بەخەلیفە دەزانین، بەلام دەستەیەک کە نوێنەری بزووتنەوەی بە هێزترن، دەیانەوەی لە مەڕسیاسی بەئێکچەلی لە تورکییە جیاببنەوە،ئەوانی دیکە کە هەلپەرستن، مەترسی ئەوەیان هەیە کە ڕۆژ ئاوا ئەوان بەرەڵلا کات، ئەمە بزووتنەوەیەکە، کە دیەوێ تورکان لە گەڵ ئێمە تێک بەردا، هەنۆکە بەخودمووختاریەک لە چورچیوەی تورکییە ڕازین، بەڵام ئەو تاقمەیە هەر کەمایەتیەکنو بس، ئێستا کە بەگشتی وەدوایی ڕێوو شوێنو پێشنیاری (وێلسون) دەکەوین، بۆچ ئەو بنەمایە، لە مەڕ کوردستان بەکردەوە، دانەبەزێنین؟ ویککەوتنی ئیمە هۆی ناڕازابوونی دەوڵەتی ناوەندی، تایبەت
هێزەکانی نەتەوەیین، ئاخۆ لەو بارەو چ دەتوانین بکەین؟...)
ئەمە کردەوەیەکی یەکجار بوێرانە بوو... و هێندە جێگای ڕەزمەندی باڵی (هەلپەرست) بەڕێبەری سەناتۆر عەبدولقادر نەبوو!

عەبدولقادر لە وتووێژ لەگەڵ ڕوژنامەی الاقدام(27ی فوریەی1920) حەولدەدا ڕێکەوتنامەی شەریف پاشاو نۆباربێ بایەخ نیشان بداتو گوتی: تورکەکان هاو ئائینو برایانی ئازیزی ئێمەن، چونکە ئێمە هەموو مسڵمانین، بوغزوو غەرەزوو دوژمنایەتی لە نێوانماندا ئیمکانی نییە. ئیمە تەنیا دەمانەوەێ لە مافی گەشەکردنو بەروپێشچوونوو پێگەینو ئازادی بەرهەم وەرگرین. ئەمە کەدەلێن بەڵێننامەیەک بە دژایەتی تورکییە لە نێوان شەریف پاشاو بوغووس نۆبار ئیمزاکراوە، بناخەی نییە. بیروو بۆچوونو تێڕوانینو لێکدانەوە لەم بارەوە کە ئێمە ڕوژێک دەست لە کارەکی ئەوها دەدەێن،چ هۆیەکی نییە!)
کوڕی شێخ عەبەیدوڵلا پاشان دەڵێ: ئەمڕو پێنج یان شەش ولایەتی کوردنشین هەن...واباشە حکوومەت بەوانە خودموختاری بدات، هەتا ئێمە بتوانین بە کەلک وەرگرتن لە مرۆڤی ڕاستگۆو

زاناوو پسپۆورو داددپەروەر، کاتی خۆمان لە پێناوی بەرەوپێش بردنی زێنی خەڵکەکەو ئاوەدانی بەرفرەوانی ئەو هەردانە تەرخان بکەین، هەروەک ئاماژەم پێکرد ئێمە چ دوژمنایەتیمان لەگەڵ تورکان نییە، هەتا داواکارین لەو دەوڵەتە خودمووختارییەی، کە ئێمە داوای دامەزراندنی دەکەین، تورکەکان بەشداری تێدا بکەن...)
چەند رۆژ دواتر شێخ عەبدولقادر لەوتووێژیکی دیکەدا، ئەوکەرەت لە گەڵ رۆژنامەی (تصویری ناشرافکار(اتحادوتەرەقی)بەو مەسەلەی ئاماژەکرد: ئەمە سەت دەرسەت نادورستە کە دەڵێن: کوردەکان دەیانەوێ لە تورکییە جیا ببنەوە. ئەمن بۆخۆم خوازیاری بۆچوونی جیایی بوونەوەنیم. ئاخۆ ئیمکانی هەیەلەم بارەوە بۆچوونێکی بە پێچەوانە هەبێت؟ فەقەت یەکیەتی موسڵمانانە کە دەتوانی دەستەبەری پێشکەوتوویی‌و سەرکەوتنی ئەوان دابین بکات. کوردەکان، بە تایبەت سەبارەت بە خەلیفە جێگری (خەلافەت) حورمەتێکی زۆر لە ناتوریاندا هەست پێدەکەن. هەموو خوازیاری ئەومەسەلەن، ئەمن بۆخوم یەکێک لەو کەسانم کە لایانگری خودمووختاری کوردستانم‌و تەنیا ئەمن نێم کە مافەکی ئەوها دێنمە بەرباس. (کۆمیتەی تەعالی کوردستانیش) داخوازی ئەمەیە. ئێوە،دەزانن کە ئەو کۆمیتەیە، بە بیروو ڕای کوردان ڕێکخراوەو دامەزراندراوە. هەڵەکانی دەم‌و دەزگای ناحەزی عوسمانی بە درێژایی میژوو کوردیان هێنا سەر ئەو بڕیارە کە داوای خودمووختاری بکەن. لە مەڕ دیفاع لە تێکۆشانی شەریف پاشا گوتی: ئەو حەول‌و تەقەلاو خۆ ماندوو کردنە، نەتەنیا بە قازانجی کوردان بڵکوو بەقازانجی تورکانیشە.)

ئەم ئاخافتنانە بەو هەموو نەرم‌و حەلیمیەوە تۆفانێکی لە ئەنجووکەنی نیشتمانی عوسمانی وەڕێخست. نوێنەرانی کوردی (جامینخوازی دەوڵەت) ڕەخنەیان لە قسەکانی سەنانۆڕ عەبولقادر گرت‌و هەتا داوای دەرکردنی ئەویان کرد. دەیانگوت: کردەوەکەی دژ بەئەو سوێندەیە کە ئەو بۆ ئەمگناسی‌و وەفاداری بە وڵات‌و سوڵتان خواردوویەتی!
لە یەکەمی مارسی 1920 نوێنەرانی ناوچە کورد نشینەکان بریتی لە: وان، ئەرزەڕۆم، ترابۆزن، حەکاری، بایەزید، لایەحەی
دەرکردنی ئەویان دا بە مەجلیس! پەڕلەمان ئەو پێشنارەی پەسەند کردو ناردیە سنا. لە دانیشتنێک کە لەپشت دەرگای گاڵەدراو پێکهات عەبدولقادر کە بە توندی کەوتبوو بەرهێرش مەجبوور بوو قسەکانی پانزە هەمی مارسی 1920ی خۆی وەرگرێتەوە.

7لەبەریەک هەڵوەشانی بزووتنەوەی کورد)

بەڵام ئەو ئاخافتنانە لە ناخی ئەنجوومەنی کوردەکانیش تۆفانی هەڵستاند. بەتایبەت ئەندامانی بنەماڵەی بابان بە ڕەخنە لە دژی هەلس‌و کەوتی بەرپرسی جەمعێەت جووڵانەوەو لە ئەندامەتی باشگا وازیای هێنا.
لە سەرەتای ئاریلی 1920 شێخ عەبدولقادر لە (تاجیرەکانی) دانیشتووی ئەستانبووڵ کە نوێنەری بەشێکی ئێکجار هەزاری خەڵکی کوردی دانیشتووی پێتەخت بوو ( سەقاو، کرێکارو ئەو جۆرە کەسانە )نووسراوەیەکی پێ گەیی کە تێدا نووسرابوو : تەنیا ئێوە ئەوژێهاتوویەو هەیە بەناوی خەڵکی کورد بدوێن!
لە لایەکی دیکە دەستەی ڕۆناکبیران کەلە دەورەی ئەمیرئەمین عەلی بەدرخان هالابوون عەبدولقادریان لە بەرپرسایەتی خست‌و لە جەمعێەت وەدەرنا! لە ئاکامدا لە بەریەک هەڵوەشانەو پتەو بوو.

دوو بنکەی نەتەوەخوازی کورد لە قوستەنتەنییە، دەستیان بە تێکۆشانی کرد. لە جەمعیەتی ئیتحادی کورد، بە بەرپرسایەتی ئەمین عەلەی بەدرخان لە گەڵ مەمدووح سەلیم، لە پلەی سکرتێری گشتی جەمعیەتی (کوردو کوردستان) بە ڕیاست عەبدولقادر.
دژخوازانی عەبدولقادر بە تایبەت بنەماڵەکەی قەت سەبارەت بەوی بەویژدان داوەریان نەکردووە. تەواویی دیپلۆماتەکانی دەرەکی کە ئەو لە گەڵیان تێکەڵاوی هەبوە لە ڕاستیدا کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی ویقارو قورسایی کەسایەتیو مەتانەتی وی. ئەوکە مرۆڤێکی ئێکجارمەزەبی بوو، فەرمانو دەسەڵاتی سوڵتانی وەکوو خەلیفە ڕێزلێدەگرت. ئاقیدەیی مەزەبی وی لە جامینخوازی بۆ خوودمووختاری کوردستان لە ژێر سێبەری تورکەکان، سروشتییە کە بێ کارتێکردن نەبوو. بەڵام کوڕی شیخ عەبەیدوڵلا بەڵگەی سیاسیتری بۆ بەرتەسک کردنەوەی داواکانی خۆی هەبوو.

ئەو لە وتوو وێژ لە گەڵ یەکێک لە دیپلوماتی بریتانیایی پەیوەنددار بە کمیساریای عالی بریتانیا لە قوستەنتەنییە، مەتەڵەکی کوردی دێنێتەوە: (نەیارهەتا ئەگەر میرولەیێک بێ مادام کە دوژمنە دەبێ لێی خافڵ نەبی) عەبدولقادر بە پێچەوانی تورکانو داگیرکردنی بەشێک لەوڵاتی عوسمانی بە دەست هێزەکانی یەکگرتوو باش حاڵی ببووە کە تازە سەرەتایەتی... و ئەگەر یەکگرتوەکان بۆ مەجبوورکردنی تورکان بۆ قەبووڵ کردنی هەلو مەرجی ئاشتی هێزی تەواویان لەبەردەست دانەبێت کوردەکان بە داواکردنی سەربەخۆیی زەرەر لە خۆیان دەدەن.
عەبدولقار دوو شتی هەرخۆو بنەڕەتی بوو: یەکیان ئەو دەستەبەرانەی کە پەیوەندی بە خۆودموختاری یان سەربەخۆیی کوردستان وەهەبوو دووەم (یەکیەتی کوردستان) ئەو بەپێچەوانەی ئەمین عەلی بەدرخان خودمووختاری کوردستانی تاقانەی لەژێر سێبەرو سەرپەرشتی عوسمانی پێ باشتر لە کوردستانی سەربەخۆ بەڵام ئاڵۆزو پەشیو،دەزانی.

سەناتوور عەبدولقادر لێکدانەوەو بۆچوونی خۆی بۆ برام دوربک- یەکێک لە ناردراوانی گزیری بریتانیا لە قوستەنتەنیە- دەخاتەڕوو!
(ئەگەر دەوڵەتی ئەعەلاحەزرەت پاشای ئینگلیستان ڕەزامەندی لە سەرئەوەبێ کە ئەو ڕاستەوخۆ سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەینێتو لە وی داکۆکی بکات،بێگومان لە هەلو مەجێکی ئەوها نارون، هەنگاو هەڵێنان بۆ کردەوەکی ئەوها قازانجی نابێت.)

(8-حەولدان بۆ دۆزینەوەی پاڵپست)

لە دوایی چاریگە سەدەیەک خۆڕاگریو بەربەرەکانی چەکدارانە لەپێناو سەربەخۆیی لەئاکامدا پێ دەحەسێ کە ئەم کردەوە چەکداریە بەبێ داکۆکی پاڵپشتێکی سیاسیو دیپلوماسی ئاکامەکی وەدەست نادا! ڕێبەرانی کورد(کەبەپتوونی کوڕونەوەکانی ڕێبەرانی پێشوون)بەگشتی دەبن بەباڵی دژایەتی! زوربەیان حەولو تەقەلای خۆیان لە ڕێگای ڕەکێش کردنی بیرو بۆچوونی نوینەرانی زلهێزەکانی ڕوژئاوا وەگردەخەن، لە سەروەی هەموان بریتانیای مەزنە! وەک دەدیترێ باڵی پانوو پۆڕی هێزوو دەسەڵاتی داسەپاوی بەسەرانسەری ڕوژهەڵاتی ناوەڕاستداکێشاوەو دوایی وی هەتا ئەندازەیەک دەولەتی فڕانسە.

هەرکوردێکی خاوەن ئاوەزو شعوور لەم مەتڵەبە گەیوە، کەکوردستانی دوارۆژ، بەبێ یارمەتی ئینگلیستان نەشیت گەشەبکاتو ژیانی خۆی بەرێتەسەر،(ئێمەحازرین چارەنووسی وڵاتی خۆمان بە دەست ئینگلیستان بسپیرینو ئەوهەی لە وزەو تەواناییماندایە بۆ خزمەت بەو زلهێزانە بەکردەوە دەکارکەین!)

ئەمە چەقەرەی کردەوەیەکی بەرچاوە... ڕاگەیاندنی ئەم بابەتە، لانی کەم لەوجێگایە کە لە لایەن ڕێبەرێکی نەتەوخوازی کورد، گوتراوە،جێگای سەرنجو سەرسوڕمانە. ئەمە بەشێک لە قاقەزی نەجمەدین حوسین سکرتێری گشتی حیزبی دێمووکڕاتی کوردستان

بۆ گزیری پایەبەرزی بریتانیا(کمیسیریعالی)

هەموو ڕێبەرانی هێژای کوردی ئەو سەردەم بەو شێوازە خۆیان لە ئینگلیستان و فەڕانسە نزیک دەکەنەوە... سەناتۆرعەبدولقادر لەم ڕێگایەدا گیانی خۆی بەخت دەکات.

ئەمین عەلی بەدرخان لە پسوولەیەکدا بۆ گزیری پایەبەرزی فەڕانسە لە قوستەنتەنیە، لە دوایی بەسەرداچوونەوەی پێرستێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەی کە لە پێناو سەربەخۆیی کورد گیانیان بەخت کردوە دەنووسێ: ئێمەکارتێکەری‌و دەست ڕۆیشتوویەکی زۆرمان بەتایبەت لەوپاژە کە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی فەڕانسە هەیەو دەوڵەتی ئێوە دەتوانی لە وەی بە قازانجی بەرژەوەندی خۆی کە شتێک جیا لە سەقامگیر کردنی ئاشتی‌و بەختەوەری لەو سەرزەویانەی کە لە ژێر چاوەدێری دان نییە،کەلک وەربگرێ.)
لە ئاوریلی 1922لە هەڵو مەجێکدا کەکارتێکردنی بریتانیا کەماسی کەوتۆتێ ،فەڕانسە پەیوەندی خۆی لە گەڵ نەتەوەخوازانی کەماڵی پتەو کردۆتەوە،عەبدولقادر(پوانکارەی)-سەرۆک وەزیرانی فەرانسە لە ساڵەکانی 1912-1913-1923-1924-19261929- تێدەگەیێنێ کە ئەگەر فەڕانسە لە کارتێکردنی خۆی لە دەوڵەتی مستەفاکەماڵ کەلک وەرگرێ‌و کارێکی ئەوهابکات کە دەوڵەتی ناوبراو خودموختاری کوردستان قەبووڵ بکا،(ئەمن بە ناوی سکرتێری گشتی کوردستان حازرم قەولنامەیەک ئیمزابکەمو بەپێی وی سەرجەمی توانایی خۆم بۆ سانایی کردنی ئەرکی فەڕانسە،لە سووریە بەکاربێنم، ئەوەشی لێ زیاددەکات: تەنیا بە فەڕانسە ئیجازە دەدات کە شتوومەکی سەوداو مامەلەی خۆی بێنێتە بازاری کوردستان)
کامڵ بەدرخان کە لەگەڵ ڕووسەکان دابوو لە تفلیس دەژیا لە(ژانوییەی 1918پێشنیاربەئینگلیستان دەکات کەلە کوردستان ئاگرێکی مەزن بکاتەوە کەلە کەوشەنی ئێران بگرەهەتا ئەولای دیاربەکر، وەبەرخۆیدا،بەو مەرجە وڵاتە یەکگرتوەکان نەخشەی وی پەسن بکەن! کامڵ بەگ پاشان دەلێ: ئەمن دەبی ببم بەسەرۆکی ئەو کوردانەی کە لێمان دەهاڵێن)
تۆژینەو لە بەڵگەو سەنەدی پێشووی سیاسەتمەدارانی ئەوسالانە، ئەمە دەخاتە بەرچاو کە سەرجەمی ڕێبەرانەی کورد ئەم سەودایەیان بە بریتانیاو فەڕانسە پێشنیار کردوە: ئەگەر ئێوە ئەوهابکەن کە ئێمە خودمووختاری یان سەربەخۆیی وەرگرین دەوڵەتی ئێمە لە ژێر دەسەڵاتی ئێوە دا دەبێت.) بێ ئەوەبزانن کە ئەو ریکەوتنە بۆخۆی پووچەلکردنەوەی تاسەکەیانە!

هەموو ئەو ڕێبەرانە بە تیکڕایی لە حاڵێکدا کەداخوازیان ئازادیو ڕزگاری کوردستانە، بە دوای قازانجی خۆشیان دا هەڵدەسووڕین، هەرکام لەوانە گەرکی‌یە کە لە حکوومەتی نوێی کوردستان، سەرۆک، ئەمیر، پاشا، یان سەرکۆمار بێت. لەوەش گەڕین کە هەریەکە داوای مووچەیەکی سەربەخۆی دەکرد، لەم حاڵەدا کە فکردەکەنەوە ئەوشتانە دەبێ وەرگرن،دەزانن ئەوانیش لە بەرامبەردا شتیان بۆ پیشنیار بەوان هەیەکەڕەزامەندی زلهێزەکان بە دەست بێنن.
هەر وەک یەکێک لە کارگێڕانی پلەبەرزی ئەم سەردەمەی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا دەنووسێ: خەیاڵی ئەو دوو حیزبە گەنجە کوردە، کە دەیەوێ بەدراوو نەفەری هێزی بیانی سەرکردایەتی وڵاتی کوردی بخاتە دەست کە بۆی دادەمەزرێنن، ئەفسانەیەکە، کە هەر گیز نایەتە دی.)
لە ئاکامدا کوردەکان بە لە دەست دانی خۆسارێکی زورتێدەگەن کە سەربەخۆیی شتێک نییە، کە پێیان ببخشرێ، دەبێ بێ ئەستێنن!
بۆ کەمکردنەوە لە قورسایی بەرپرسایەتی ڕێبەرایەتی کورد پێویستە ئەو خاڵەی لێ زیادکەین: کە جیا لە سەناتۆڕ عەبدولقادر- ئەم گرووپە خەڵکێکی بەلەنگازوو هەرە هەژاربوون. چاوپۆشی لەوە وەزعو چۆنیەتی کۆمەلایەتی وان،بەسەردابڕاوی پلەی ئەمیرو ماقولو دەنگین ئەوانی بە ژیانەکی بە زەڕق وبەرق ڕازاوەوتەژی لە دەرچوون مەجبووردەکرد.
ئەوکات قوستەنتەنییە بنکەی ناوەندی دەستەبەندیو دەنە و ئاژاوە سازیەکی سەرسوڕهێنەربوو کە لە وێرا بۆ سەرانسەری وڵاتی عوسمانی پەڕووپۆی داویشتو لەوی فەسادو فیتنە هەموانی بوو.
یەکێک لە وەزیرانی ناوەخۆی ئەو چاخ1919بەرپرسی (ئەنجمەنی دۆستدرانی بریتانیا) بوو،بە گومانی فەڕانسەویەکان هەرهەڤی 150000لیرەی لە ئینگلیستان وەردەگرت...فڕانسەویەکانیش بە حەولوتەقەلایەکی زۆر ئەو سەرکەوتەنیان وەدەست هێنا کە
کە کوڕێکی بە ناوی (ئەنجومەنی دوستدرانی فەرانسە) دامەزرێنن کە بەرپرسی ئەم جەماوەرە...ئینگلیستان بوو!
بەلام کوردستان دووربوو. ئینگلیزەکان بەشێکی گەورەیان لە کوردستانی باکوور داگیر کردبوو، فەڕانسەویەکان ئەوڕێگایانەی کە جەمسەریان دەگەیەوە یەکدی لە ژێرچاوەدێری دابوو...
ڕێگای باشووریش لەلایەن تورکو ڕووسو ئێران بەسترابوو.
کە کونفراسی ئاشتی لە هەژدەهەمی (ژانوییەی 1919لەپاریس کرایەوە، بریتانیای مەزنو فەڕانسە لە مەڕ لە بەریەک هەڵوەشانی ئەمپەڕاتووری عوسمانی بە توندی لەگەڵ یەکدی کەوتبوونە بەرسینگە لێک بڕینەوەو ململانیو خیلەسەری، بێ ئەوە سیلەچاوێک بەداخوازیەکانی میللەتی کورد دابخشێنن، لەحاڵێکدا وڵاتی کوردان لە چوارچیوەی ئەوناوچەیە هەڵکەوتبوو کە فەڕانسەو ئینگلیز، لە گەڵ یەکدی کەوتبوونە ململانێ!
وکوردەکان کە هەموو قسەکانو داخۆیانو بلاوکراوەکانی سەرکۆمار (ویڵسون)یان لەمەڕ مافی میللەتانو چارەنووسی خۆیان لەبەرکردبوو، لەناوجەستەی ئامریکاش لایەنگرانێک کە بە تاسەی دۆزینەوەیان بوون نەدیتەوە: ئەندامانی کمیسیونی ئاریکایی ناودێر بە کمیسیونی لێکۆڵینەوە(کینگ کرین) چوونە سوریەو قوستەنتەنییە بەلام سەرنجیان بۆ دووچۆمانو(بین النهرین) ئەناتۆلی ڕانەکێشرا.

زلهێزەکان بۆ ڕێکەوتن بەقەولنامەی سیڤر(ڕێکەوتی 11ی ئەوتی 1920) ئەم کوتە قاقەزە بێ بایەخە،ئەم مەلۆتکەیەی مری بە دنیاهاتوو، ساڵو نیوێک پێکەوە چەنەیان لێدا، تازە ئەوە پەیمانێک نەبوو، کە بتوانێ مەسەلەی ڕۆژ هەلات چارەسەربکات، بەلام بە بۆچوونو لیکدانەوەی

بەشێکی زۆر لەکوردان، ئەو بەڵێننامەیە، یەکەمین دەم پێداهێنان بە هەبوونی جەستەی ئەوان لە لایان ئاپوورەی دنیایە.
بڕگەی 62ی ئەو بەڵێننامەیە پێشبینی دەکات، کە کمیسیونی پێکهاتوو لە نوێنەرانی ئیتالیا، فڕانسەو بریتانیا، کە بنکەی وان لە قوستەنتەنییەدەبێت، لە ماوەی شەش مانگ دا گەڵاڵەی (خودمووختاری ناوچەیی) لەو مەڵبەندانەی کەلەواندا زورایەتی دانیشتوانی کورد پێکدێنن- یان لەوناوچانەدا کە لە ڕۆژهەڵاتی فڕاتو باکووری کەوشەنی ئەرمەنستانو باشووری سنووری تورکییەو سورییەو دووچۆمان (بين النهرين) هەڵکەوتوون.
مادەی 64- ئیمکانی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ میللەتی کورد (ناوچەکانی خودمووختار)لەماوەی ساڵێکداپێشبینی دەکات!

پاژی دوو- (ساڵەکانی سەرکوت)

پەیماننامەی سیڤر،کەوێنەیەکی لە خودمووختاریو خۆیبوون دیاری دەدا، لەڕاستیدا بەمانای ڕاگەیاندنی ژیانی سەرلەنویی تورکییە، بە ڕێبەرایەتی مستەفاکەماڵو لە دایک بوونی ئێراق لە ژێردەسەڵاتی حکوومەتی مەلیک فەیسەل بوو.
هێشتنەوەی مەسەلەی مووسڵ، کە قەولنامەی (لۆزان)نیش، یارمەتی یەکلابوونەوەی نەکرد، لە جەنگەی وەرگەڕانی ساڵەکانی ڕەشو تاریکوترووکی سەرکوتو دەنگبڕوو پەنگخواردوو، زەختو تەوەژمە.
کوردەکان کەهەنۆکە لەژێرحوکمڕانی سێ دەوڵەتی تورکییەو،ئێرانو ئینگلیستان، (بەواسیتەی ئیراق)ئۆقرەیان گرتووە، ئەوهیوایە لەدڵدا دەگووڕێننن کە بتوانن لە ئینکابەریو کێ بەکێی ئینگلیزو تورکییەو ئێرانیەکان ویان ئێران و ئینگلیز کەلک وەرگرن...
لە تورکییە(باشگای کوردی) قوستەنتەنییە، کە بەڕەواڵەت سەرکەوتووببوو، هێندێک یارمەتی لە(یوونان) وەربگرێت، لە سەرەتا تێدەکۆشێ، لە ناکۆکی نێوان ئینگلیستانو تورکییە بەرهەم وەربگرێت،ئەومەسەلە، لە سەردەمێکدایە کە(للویەجورج) ئامادەیە خۆی لە بەڵای مستەفاکەماڵ،ئاسوودە بکات. بەڵام ئەو حەولو
تەقەلایە لە خۆڕانییە، دەوڵەتی تورکییە ڕاپەڕینی 1921ی کوردان تێکدەشکێنێ، ئەو یارمەتیەی کە کوردان بە چوارچاو چاوەنواڕی دەکەن،لە بەغداوە بۆیان بیت، هەرگیز پێیان ناگات.
لە ئێران، سمکۆ لە سیاسەتی(ناوەندی) ڕەزاخان پاشای دواڕوژی ئێران هەست بە مەترسی دەکا، تێدەکۆشێ لە بولێڵی پەیوەندیەک
کە لە دوای ئیمزای قەولنامەی 1919،لە پەیوەندی ئینگلیزو ئێران هاتۆتەدی کەلک وەرگرێ،- ئەم قەرارداده قەت لە لایەن مەجلیسی ئێران پەسەند نەکرا، بەڵام تورکەکان بە سمکۆیان خەیانەت کرد،ئینگلیزەکانیش پشتیان تێکرد.
لە ئێراق، شێخ مەحموود کە بەڵگەو دەلیلی پێ ئیقناح بوونی بەدەستەوەهەیە کەلەوە زێدەتر هیوا لە سەر ئینگلیز هەڵنەچنێت، ڕوو لە تورکان دەکات،کە لانی کەم بیچمەکی پێ نیشاندەدەن، کە ئەو بتوانێ هیواداربێ بە قازانجی (گۆڕەپانی فەرمانڕوایی) لە کێشەو هەرای ئەوان لە گەڵ ئینگلیستان کەلک وەرگرێ. بەلام ئەو شتێکی لەبیر چووبوو! ئەویش ئەمە بوو: دووبەلەنگاز لەبن لێفەشرەیەکدا دەحەوێنەوە بەڵام دوو پاشا لەوڵاتێکدا ناحەوێنەوەو دانیان پێکەوە ناکولێ.

بابەتەکەی خەماوییو سەرسوڕینەر ئەوەیە کە ڕاپەڕینەکانی کورد هەتا لە سەردەمی ئێمە نێزیک دەبنەوە، پەردەی دەنگبڕوکشو کپیان پتر بە سەردا دەکشرێنو قورستر دەبن!

فەسڵی یەک

ڕاپەڕینی کوردستانی تورکیە(1912

ڕیبەرانی کوردی دانیشتووی قوستەنتەنییە، کەلە حەولو تێکۆشانی خۆیان، بۆ ڕەکێش کردنو وە دەست هێنانی سەرنجی زلهێزەکان، بە تایبەت بریتانیای مەزن، بە جۆرێکی دلساردو ناهومێد ببوون، لە ڕووبەڕوبوون لە گەڵ کەماڵیستەکانیش سەرکەوتنیان وەدەست نەهێنا.
مستەفا کەماڵ کەلە 1920 لەبارەی چەکداری کەوتبوو دۆخێکی ئێکجاردژوارو ئەستەمو تەنگەژە لەگەڵ کوردان، بەڵیننامەی گرێدا. بە قەولی سەرچاوەیەکی کوردی هەتا ئەو دەستەبەری کرد، وەختێک ئەڕتەشی یوونیان بۆ پشت سنووڕاونراو قەولنامەی ئاشتی بەسترا، ئەومافەی کە پەیمانی سیڤر بۆ ئەوانی بەفەرمی ناسیوە، بەناسیت! خاڵەکانی پەیمانی سیڤر سەبارەت بەکوردان بەڕێوەبەڕێت)
بەلام کە لە 1921 مەترسی ڕەویەوە، قەولو قەرارو دەستەبەری خۆی لەبیربردەوەو ئیمزای خۆی لستەوەو، وەک بڵێی کە چ پەیمانو بەڵینێک لە نیویاندا نەبووبێت...
لە بەهاری 1921بەم لاوە شایەتی گەلێک ڕاپەڕین لە کوردستانی تورکییە دەبین،زۆربەی ئەو ڕاپەڕینانە ناوچەییو داوین کورتن، هێندێک بنچینەی نارازایو ناقایل بوونە، کە داوای کەماڵیستەکان بۆ سەربازو پارەو گاووگۆل، دابین کردنی ئاتاجیو پێویستی شەڕ لە گەڵ یۆنانیەکای بۆتە هۆی. بەلاّم هێندەپێناچی کەڕاپەڕین پەل و پۆداویو بەر فرەوان دەبێو ڕەنگو شۆڕشیکی هەموانی بەخۆوە دەگرێ.
تورک سیاسەتێک دێنەکایە،هەتا ئەمڕۆش تایبەت بەخۆیانەو پەردەی دەنگبڕی تەواو بەسەرڕاپەڕینەکەدا دەکیشنەخوار،بەم هۆیەوە گەلێک لایانەکانی وی لە سێرەی هەتەری ڕوانینو لێکدانەوە،دوور ماونەتنەوە...
لە سەرەتا شۆڕشگێرانی کورد لە مەڵبەندی ماردین بە فەرماندەری پەریزاد بەکر، سەرکردەی سوپای چوارەمی ئەرتەشی سەردەمی عەبدولحەمید،لەبەرامبەر کەماڵیستەکان گەلێک سەرکەوتن وەدەست دێنن.
لە ژوئێن 1921کەمالیستەکان، نوینەرەکانیان بۆ وتووێژ لەگەڵ پەریزادبەکر،دەنیرن. کوردەکان داوای خودمووختاری پارێزگاکانی کوردنشین دەکەن، بەم سنوورانەی کە بۆخۆیان دایاندەنێنو ڕیکخراوەیەک کە بۆخۆیان پێکی دێنن. لە دەوڵەت دەخوازن کە تەوای کاربەدەستانو ژاندارمی تورک لە کوردستان گاس کەنەوەو هەموو سەبازانی کورد لە خزمەت مەرەخەس بکات.

لێژنەی نوێنەرایەتی مستەفاکەماڵ دەڵێن: کە بۆ ڕیککەوتن لەو بەستێنە خاوەن دەسەلاّتی تەواونین، بۆ ئانکارا دەگەڕینەوە.
لە سپتامبەری 1912 لێژنەکی نوێ بریتی لە نوێنەرانی پەڕلەمانی مللی ودەوڵەت بۆ وانوبتلیس دەچن، بەلاّم لە ڕاستیدا کەمالیستەکان ئیشتیایان لە گەمەی پێشنیارو پێشنیاری بەرامبەر نەبوو بەدوای هەلو فورسەتو کات قۆزتنەوەو دامرکانی هەستی وەکوڵهاتووی ئاپۆرەی خەلک کەوتبوون...ئەمما لە ئۆکتۆبری 1912تورکەکان بەنوێکردنەوەی بنکەی ئیداری وڵاتو قازاخ گرتن، دەبنە هۆی سەرهەڵدانی بڵیسەی شەڕو شۆڕش سەرلەنوێ بەرفرەوانیەکی دڵەڕاوکە بەخۆوەدەگرێ، داوێنی هەتا درسیم لە بەریەک دەکێشرێتەوە...

(1- ئینگلیزەکانو ڕاپەڕینی کورد)

فەڕانسەویەکان گومانیان لەوەدا نەمابوو کە ئەو ڕاپەڕینە ئینگلیزیەکان وەڕێیان خستووە، کە دەیانەویست بەرگری لە هەرەشەی ولایەتی مووسڵو ئێراق، لە لایان کەمالیستەکان بکەن. ژەنەڕاڵ (پلە) گزیری پایەبەرزی فەڕانسە لە ڕۆژ هەلات لێی یەقین بووکە ئینگلیزیەکان دەیانەوەێ بەهەرچەشنێک بێ شۆرشی کوردان گەورە کەنەوەو بە هێزی بکەن هەتا بتوانن لە نێوان فەیسەلو نەتەوەخوازان تاقمەیەکی پێکهاتوو لە لایانگرانی بەقودرەت سازدەن.)
بەلام هەنۆکە زۆروکەم ڕوون بۆتەوە کە ئەگەر ئینگلیزیەکان دەستیان لە هەلایساندنی ئەو ڕاپەڕینەدا هەبوبێت لەوخۆلە، دوورترنەڕۆیون.
فکری خۆ تێهەڵقوتاندن بۆ یەکەمین جارلە پاییزی 1920 بە بیچمێکی مجد هاتەگۆڕ...بە پێی نەخشەیەک کەلەم کاتەدا گەلالەکرا، وادانرابووکە (جەزیرە) بەحالاتێکی (نادائیم)داگیر بکرێت، چەکو چۆڵ بدرێتە کوردان، دڵنیاییو متمانە بێتەدەست کە لە پاش ئازادی ناچنە ژێر حوکمڕانی فەڕانسە.)
ئەونەخشە لە ئاکامدا بە دژایەتی وەزیری بەرپرسایەتی کاروباری هیندوستان، بە دانی چەکو چۆڵ بە کوردان، بەهۆی چەند دەلیلو بەڵگەی دیپلۆماتیک لە18ی ژانویەی 1920 وەلانرا.
لە ژوئینی 1921سەرپرس کاکس، هاتەسەرئەو بڕیارە، ئەگەر هاتوو سەرنەگرتنی کۆنفڕانسی لەندەن لە فوورییەی 1921ببێتەهۆی دوژمنایەتی ئاشکرا، لەگەڵ کەمالیستەکان ئەو نەخشەیە دابەزێنن.
ئەو بە لە بەرچاوگرتنی ئێکجارنهێنی پێشنیاری کرد، ئەگەرهاتوو دەوڵەتی بریتانیا بییەوی لە ئاکامدا ئەوگەلاڵە قەبووڵ کات، بە ئاریکاری نوئلو یەکێک لە ئەندامی بنەماڵەی بدرخان، کە بە ڕەواڵەت هەمیشە گۆچانی دەست ئینگلیستانن، هەنگاو بۆ ئەو شۆڵە هەڵێنن.
لە ئۆکتۆبری 1921 مەسەلەکە بە هاتنی خەلیل بەدرخانو چوارکەس لە ئەندامانی باشگای کوردی قوستەنتەنییە، ڕەنگو ڕووی نویی بە خۆوەگرت.
بە وتەی خەلیل بەدرخان، گزیری پایەبەرزی بریتانیا، لە قوستەنتەنییە کە ویزای هاتنە ژووری بە ئەوان دابووو ئاگاداری مەسەلەکە بوو، بۆیانی داوای سەرکەوتن کردبوو.

(2- نەخشەی خەلیل بەدرخان)

خەلیل بەدرخان لە هەرەتی یەکێک لە وتووێژەکانی لە گەڵ (سرپرس کاکس)گزیری پایەبەرزی بریتانیا لە ئیراق گوتی: شورشێک کە باشگای کوردی قوستەنتەنییە شەش ساڵە خەریکی سەروبەر کردنین، لە جەنگەی سەرهەڵدان دایە، وەکوو کوردەکانی درسیم، دیاربەکر، وانو بتلیس، هاوکات ڕادەپەڕن. ئێستا باجو پێتاک بە تورکان نادەن، ئەوان تەنیا چاوەنواڕی من دەکەن، کە بە ناوی نوێنەری بنەماڵەی بدرخان، ئەوان پێکەوە یەکگرتووبکەم! دەڵی: ئەمە لە گزیری پایەبەرزی بریتانیا ناشارێتەوە کە هاتووە داوای یارمەتی بکات! بۆ ئەوە کە ئەوی بۆ هەوڵدانی ئەو ئاریکاریە هان بدا. ئەو ئاخافتنانە لە چوارچیوەی قالبو ناوەرۆک، بە داخەوە چ بابەتی نوێیان تیدا بەدی نەدەکرا،ڕووبەڕووی بێتەوە.
ئەو نەوەی ئەمیربەدرخانی لە خۆبایی دەڵێت: ئێمە بەگیانودڵ لایەنگری بریتانیان، ئێمە داوای سەرپەرستی لە بریتانیا دەکەین، ئەگەر بریتانیای مەزن ئاریکاری ئێمەبکات، ئێمەش بە نۆرەی

خۆمان، لە نێوان ئێراقو دوژمنانی وی یانی: رووسی‌یە، تورکیە،دەبینە وڵاتێکی لەمپەربۆ بریتانیا لەگەڵ ئەرمنیەکانو جەماوەری مەسیحی هاوکاری دەکەین!)
ئەمما ئەو یارمەتیەی کە خەلیل بەدرخان لە بریتانیا چاوەنواردەکات- بەر لە هەموو شت ناردنی هێندێک لە یاوەران(ئەفسەرانی ئینگلیزی) بریتی: لە ماژوریل، کە بە جلو بەرگی کوردی بێنەناوچە، هەتابتوانن بەدەوڵەتی ئینگلیستان بلێن، ڕاپەڕینێک کە ئەمن بەئێوەم وادە داوە ئاخۆ حەقیقەتی هەیە یان نا؟!
خەلیل بەدرخان چەکو چۆڵی دەوێ: بەلانی کەمەوە، دوو قەبزەتۆپی چیا، چەند ڕەشاشو 5000تفەنگو تەقەمەنی بۆ هەوەڵجار، پاشانیش چەکو تەقەمەنی پتر، (بەپێی پێویست)
ئەوەی لێ زیاددەکات: ئەمن دراوم ناوێ، ئەوەی دەیدەن بەمن سەودایەکە، بارمتەیە،ئیحتوبارو متمانەیە! لەکاتی دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ دەتاندینەوە.)
دوایی بەفیزەوە دەڵێ: ئەگەر ئێوەش قەبووڵ نەکەن، ئەمن دیسان حەولو تەقەلای خۆم دەدەمو تێکۆشانم بەردەوام دەکەم، هەتا ئەگەرسەرچاوەی ئیمکاناتی پێویستم بۆ دەست پێکردنی شەڕێکی ڕێکوپێک بۆ هەڵنەسورێ، لانی کەم بتوانم شەڕێکی چریکی وەڕێ بخەم.)

3- یارمەتی یۆنان)

بە وتەی سرپرکاکس، لێژنەیەک کە سەرکردایەتیەکەی بە خەلیل بەدرخان بوو، لە پێشدا 10000لیرەی لە بانگی قوستەنتەنیە وەرگرتبووو بۆ وەرگرتنی پارەی پتر،تیلگرافی بۆ دەوڵەتی یۆنان لێدابوو، خەلیل بەدرخان بۆ پەیوەندی گرێدان لەگەڵ یۆنان ڕەمزی تایبەتی لە دەست دابوو.
دەوڵەتی یۆنان پاپۆڕێکی چەک، بەوان وادە دابوو، بەو مەرجە کە ئینگلیزیەکان ئیجازەی بدەن ئەوبارە بەئێراق دا تێپەڕببێت.

4- بڕیاری چرچێل)

هێزەکانی چریکی تورک، لە ژوئین بەم لاوە، ڕەواندزیان داگیرکردبوو. بنکەکانی فەرمی بریتانیا، وردە، وردە لەو کردوەیان بەچاوی ئاژاوەی کەمالیستی دژ بەئێراق لێ دەڕوانی...بەبۆچوونی (سرپرکاکس) سروشتی بوو، فکری یارمەتی بە دوژمنانی تورک پێویستەکاری لە سەربکرێت!
ئەو وەزیری موستەعمەرات ڕادەسپێرێت ئەو نەفەراتەی کە خەلیل بەدرخان دەیەوێ، بخرێتە ژێردەسەڵاتی بەو مەرجە کە ئەوانە کەسانێک بن کە بە ئارەزوی خۆیان هاتبن، هەتادەوڵەت بتوانێ سەبارەت بەخۆی بەرپرسایەتی لە گەردنی لابدا.!) لە ئاکامدا گزیری پایەبەرز پێی لە سەرئەمە دادەگرێ دەوڵەتی بریتانیا لەو بارەوە هەرئەو شیوازە بەرێوەبەرێ کە تورکەکان لە بەرامبەر ڕەخنەی بریتانیا، دژی حزووری ئەفسەرانی تورک لە ڕەواندز دەیکەن.
بەڵام سەبارەت بە،بەڕێکردنی چەکو تەقەمەنی لە ئێراق، سرپرکاکس پێشنیاردەکات کە چاویان لەو مەسەلە بچوقێنن، لێگەڕێن کوردەکان بە باشترین ڕێگا کەلکی لێ وەرگرن)بەڵام لەوحاڵەش دا ڕادەسپێرێ، بریتانیا بۆخۆی چەکیان نەداتێ!

کەچی چەند ڕۆژ دوایی چرچێل، فەرمی بەسرپرکاکس ئەمردەکات: لە هەرجۆرە تێکۆشان بۆ داکۆکیو دڵ گەرمی کوردەکان لەو جەنگەیەدا خۆیان بپارێزن.

5-سەرکوتکردنی شورشی کوردەکان)

ڕێژێمی مستەفا کەماڵ، لە دوایی ئیمزای دووهەمین موافیقەتنامە لە گەڵ فەڕانسە، لە ئۆکتوبری 1921بەکردەوە دەستەبەربوو، جەواد پاشا شۆڕشی کوردەکانی کە لە نوامبەری 1921 هەتا فۆرییەی 1922بەردەوام بوو، تێکشکاند.

لە بەغدا، ڕفعەت بەگ کە دیبووی بریتانیا چ جۆرە یارمەتیەک بە ڕاپەڕین ناکات، لە کۆتایی ساڵی 1921گەڕابۆوە قوستەنتەنیەو خەلیل بەگ کە هەست بەمە دەکات کە ژیانی لە وێ لە مەترسی دایە،هەتا مانگی مەی 1922بەهیوای پلەو پایە لە بەغدا ئەوپێ ئەوپێی کردو دوایی ناچاربوو گەڕاوە قوستەنتەنیە.

(فەسڵی 2سمکۆ کەڵە پیاوی مێژوو

سمایل ئاغا ناسراو بە سمکۆ، کوڕی محەممەد ئاغا سەرۆکی عەشیرەتی شکاک بوو، کە لە ساڵی 1918نیزیکەی /2000 بنەماڵەبوو.

دوایی وەفاتی محەمەد ئاغا، سەرکردایەتی عەشیرەتەکەی کەوتە دەست براگەورەی سمکۆ، بە ناوی جەعفەرئاغا. کەسایەتی و شوین تێکردنی ئەو جەعفەراغایە، ئەوهابوو کە نیزاموسەلتەنە، فەرمانڕوای تەورێز بۆ بەتاڵاندنی کەوتە پیلان. پێشتر تەراز نیکۆلای دووهەم جەعفەرئاغای لەگەڵ عەبدولڕزاق بەدرخانو سەید تەهای شەمزینان بۆ رووسیەیە، بانگهێشتن کردبوو. نیزامولسەلتەنە، ئەوی بۆ چاوپێکەوتن سەبارەت بەئاسایشی ناوچە کە لە دوایی ئینقلابی 1906تووشی ئاژاوە ببوو، بۆ تەورێز مێوانکرد. لە1907 تاقمەیەکی چەکدار لە پشت دیواری خۆیان بۆ کوشتنی لە بۆسەنابوو. ئەوگروپە چەکدارە بە ناخافڵ تەقەیان لێکردو، جەعفەرئاغایان لە بەرچاوی نیزاموسەلتەنە شەهیدکرد.

لەوچاخەوە، سمکۆ غەرزوو بوغزی دوژمنایەتیەکی زۆری لە(عەجەمان)لەدڵ گرتو بۆ وەدەست هێنانی پاڵپشت دژی ئەوان کەوتە حەولو تێکۆشانو بۆ ئەوئامانجە جار ڕووی لە تورکان دەکردوو جارفکری دەپەڕیە سەرئاریکاری ڕووسیێە، یان ڕووی لە ئینگلیز دەکرد...لێرەدا لەگەڵ کاپیتان (دیکسن) وابەستەی نیزامی بریتانیا لە(وان) پەیوەندی دۆستانە دادەمەزرێنێت.

لە کۆتایی شەڕی ئەوەڵی دنیاگر، ستادی ئەرتەشی بریتانیا

ئومێدەواربوو بە یەکگرتنی ئەرمەنیەکانو ئاشۆریەکانو کوردەکانی سمکۆ، دژی عوسمانیەکان، تێشکانی جەبهەی ڕووسیەیە، قەرەبۆ کاتەوە. بەڵام سمکۆ لە هاتنە ناوگەمەی دەوڵەتەکانی یەکگرتوو پاشەگەزبوو، لە بەرامبەردا لە25ی فورییەی 1918پیشەوای ئاشۆریانی بەناوی مارشموون کوشت.

سمکۆ لە دوایی پاشەکشەی هێزەکانی عوسمانیو ئیمزای بەڵێنامەی ئاگربەس، لە ئۆکتۆبری 1918ببوو بەسەرداری ناوچە، وردە وردە مەڵبەندی هەڵکەوتوو لە نێوان گۆلی وەمێ(رزائیە)و سنووری ئێرانو عوسمانی ئازادکردو خستەبن چۆکی خۆی.

لە بەریەک هەڵوەشانو هەڵتەکانی دەسەلاتی حکوومەتی ناوەندی لە ماوەی ساڵەکانی کۆتایی سەلتەنەتی بنەماڵەی قاجار بە سەرکەوتنەکانی وی ئیکجار ئاریکاری کرد. ئێران بۆ پارازتنی هەموو خاکە بەرفرەوانەکەی زافتر لە/12000جاندارمو /7000 قازاخ، هێزی دیکەی نەبوو!

هەتا کودەتای ڕەزاخان، لە1921قازاخەکان لە ژێر ڕکێفی فەرماندەری ئەفسەرانی ڕووسی دابوون، و جیرەی سەربازەکان... دەوڵەتی بریتانیادەیدا، کە یارمەتیەکی زۆری بە دەوڵەتی ئێران کردو لەکۆتایی شەڕ( کەوتەساجی عەلی) ومفلیس بوو.

دەوڵەتی ئێران هەر لەسەرەتا تێدەکۆشا، سمکۆ لەناو بەرێ، سندوقۆڵەیەکی تەژی لە مەوادی تەقینەوەی بۆ نارد! کەچی بۆمبەکە تەقیەوەو یەکێک لە براکانی بەناوی عەلی کوژرا، بەلام سمکۆ سەرکردەی عەشیرەتی شکاک لەو پیلانە گیانی ساخی بردە،دەر.

لە هاوینی 1919سمکۆ ورمێ(ڕزائیەی) ئازادکردو چەکدارەکانی شاریان تالان کرد. دەوڵەتی ئێران ئەوکات تەواوی هێزەکانی لە ناوچە، بە فەرماندەری سەرهەنگ فیلیپوفی ڕووسی کە لە خزمەت تیپی قەزاخ دابوو، بۆ بەربەرەکانی سکۆ نارد.

فیلیپوف لە مەڵبەندی شاپوور(سەلماس)پەلاماری سمکۆی دا،هەتا گوندی چارییەی وەدواکەوت، بەلام لە جیاتی ئەوە لە بەینی بەرێ، لە گەلێ کەوتە وتووێژ، سمکۆ بەڵێنی پێدا لەمە بەدوا دەست لە ناوچەی ورمێ وەنەدا.

پاش گەڕانەوەی سەرهەنگ فیلیپوف،سمکۆ کەم کەم سەرجەمی ئەوناوچانەی کە،بەرێ، دەست بەسەرداگرتبوو، جارێکیتر ئازادکرد.

ساڵی 1920و نیوەی ئەوتی ساڵی 1921تەقریبەن بێ شڵەژانو هێورە، بەلام گەیشتنی هیزی یاریدەر لە تاران، بۆ تەورێز، سمکۆی هێناسەر ئەوبڕیارە، بەر لەمە ئەم قوشەنە بگەنە ساوجبلاخ (مەهابادی ئێستا) دژی وی بکەونە عەمەلیات، ئەو مەهاباد ئازاد بکات.

## بەردەست کردنی ساوجبلاخ1921

سەیدتەها، زاواو ڕاوێژکەری سمکۆ، لە6ی ئۆکتۆبری 1921لەگەڵ چەنەسەد سوارەی چەکدار، هێرشی بردەسەرمەهاباد، پێج سەدوو پەنجا جاندارمی ئێرانی لە شاری سابلاخ پارێزگاریان دەکرد. چارەنووسی شەڕ ناڕووناک بوو، بەلام ڕۆژێ پاش، لە دوایی ئەوەی کە سمکۆ بە/2000 سوارەی چەکدار، بۆ یارمەتی سەیدتەها، هات وەزعەکە گۆڕا، سمکۆ مۆڵگەکانی سەر ڕێگای خیرا تێک وەرپێچانو ژاندارمەکانی بۆ ناو شارڕاونانو لە وێ ئەوانی بەبێ بەزەیی کوشت.

تێشکانی هێزەکانی دەوڵەت ئێکجار بێ فەزیعەت بوو/400 ژاندارمی ئێرانیو هەموو زابوتو فەرماندەرەکان، جیالەدوو سێ کەس، لەگەڵ چەکدارەکان یێخسیرو بە دیل گیران...ئازادکردنی مەهاباد لە سۆنگەی بێ عورزەیی فەرماندەرانی ئێرانی بوو...کەبۆ خۆراگری شار،بەکردەوە بچوکترین هەنگاویان هەڵنەهێناو چاندرمەکانیان لە وەزعەکی ئەوها شپرزەو ناڕێکوپێک هێلایەوە، بەلام دەلیلی بنەڕەتی تیشکانیان بەبارمتەگرتنی دوو سێ کەس لە ماقولانی شاربوو، لە سەریەک جولانەوەی هەستی دوژمنایەتی خەڵکی ناوچە هۆی ئەسڵی بوو.

هێزەکانی سمکۆ لە دوایی دەست بە سەرداگرتنی مەهاباد، شارەکەیان تاڵان کردو لە جەنگەی شەڕدا یەکێک لە پیاوە ماقوولەکانی شار بەناوی قازی لەتیف کوژرا، ماڵی بەشێک لە دانیشتوانی شار وەبەرتاڵان کەوت... چەند حەوتوو دواتر، سمکۆ لە وتووێژێکدا لەگەڵ مستەفا پاشا، ناردراوەی باشگاکانی کوردی قوستەنتەنیە، سەبارەت بەو ڕووداوە، نەزەری خۆی دەربڕی! بەم جۆرە کە ئەو دەڵێ: وەختێک دەگاتە مەهاباد، ئاکابری شار بۆلای خۆی کاس دەکات بەڵام کەس بە دەنگی وەناچێت! خەڵکی سابڵاخ چ ڕاسپاردەیەک بۆ لای نانێرن، سمکۆ دەڵێ: عەجەمان لەچوار دیواری شار داشەریان بە سەرەخۆدا سەپاند، شاریش لە ئاکامدا بە هێرش کەوتە بەردەستو خەڵکی شار بە قوربانی ئەوکردەوە بوون، شکاکانیش لێیان کوژرا!
بەڵام لە مەڕ تاڵانی شار، سمکۆ لە سەر ئەو بڕیارەیە کە بە پێچەوانەی دژایەتی ئەو، ئەوکارە پێشی پێ نەدەگیرا... دەڵێ:
تێدەکۆشم ئەمە لە دڵی خەڵک دەرباوێژم) بەرەواڵەت حەوڵو تەقەلای سمکۆ، بۆ لاواندنەوەی ماقوڵو گەورەپیاوانی مەهاباد، بە ئاکام نەگەیشت، هەتا ئەمڕۆش ناسراوانی شار هەروا سەبارەت بە وی کە یەکێک لە باوکی نەتەوەخوازی کوردی ئیرانە، بەتوندو تیژی قەزاوەت دەکەن.
سمکۆ هێرشی بردەسەر/ 2000چریکی حکومەت کە لە عەجەمی قەرەیەغە پێکهاتبوو بەفەرماندەری ئەمیر ئەرشەد، ئەوهێزی دەستوجێ تیکشکاندو تەفروتوناکردو ئەمیرئەڕشەدو دووسەت کەسی لە چەکدارەکانی کوشت. پاشان بایداوە سەرهێزی سەرهەنگ (لوندبرگ) ئەویش خۆی لەبەر نەگرتو خیرا بەهۆی کەمبوونی تەقەمەنی کەوتە باشەکشە. جاندارمەکان چەکی ئینگلیزیان پێ بوو، لە حاڵیکدا ئەو تەقەمەنیەی کە لە ناوچە هەیان بوو، تایبەتی تفەنگەکانی ڕووسیو فەڕانسەوی بوو.
دوو تێشکانی دیکە لە(ازدیکان) لەنیوەی نەوامبەری 1921و قەرەتەپە، لە سەرەتای سپتامبەر، هێزەکانی دەڵەتی لە سەرەتای دیسامبەر1921مەجبوور بەبەتاڵ کردنی شاری خۆی کرد.
لە دوایی ئەو سەرکەوتنانە، کەڕامەتو کارتێکردنو کەسایەتی سمکۆ ئەوهای لێهات کە تەواوی ئێلو عەشیرەی کوردی قەراخو قوچاخو دەورو پشت سەری کڕنۆشیان بۆ دادەنواندو ئەمری ویان بەجێ دینا. مەڵبەندی ژێردەسەڵاتی فەرمانڕوایی وی، تەواوی لێواری ڕۆژ ئاوای گۆلی ورمێ(ڕزائیە) لە شاری خۆی لە باشوور هەتا(بانە) لە باکوور، وەبەرخۆی دەداو دەگرتەوەو بە،بەرەکەتی یەکیەتی لەگەڵ تەها، هەتا بیرەکپرە دەڤەری زیبار درێژەی دەبوو.

2-سمکۆ

ئێستا سەربەخۆیی زورو کەم کاملە...
سمکۆ، کە ئێرانیەکان(حەسەن ئەرفەع)و تورکەکان( ئۆزدەمیر) ئەویان بەتاڵانکەرو گۆرانوبێ بەزە دادەنین، لە ڕاسیتدا کەڵە پیاوێکی بە کەسایەتیو پێچراوەیەو بە پێچەوانەی پیلانی جاهیلو نەزان، کە هێندێک نەتەوەخوازی کوردی ئێرانیش لەکۆتە خۆریوکاسە لێستنەوەدا دوریان هەیەوبەشداری کردووە. هەتا لە وی بوێرەکی زاتدارو ئاسایی وشەڕ کەرێکی فئوداڵ دورست کەن. بەڵام بە هەقو بەشایەتی مێژوو نەتەوەخوازێکی ڕاستینو لێهاتوو بوو. جگە لەوە، ئەو پێاوێک بوو پاکژو جوانی جلو بەرگی کاری لە ماقولانی ئینگلیستان کردبوو، ئەوبلۆوزەکی

بەدووگمەی لە بەر دەکردو پانتۆڵەکەی ئەوها بوو دەتگوت لە(ساویل رۆ) بەدروون دراوە، چەکمەی جندی ڕووسی دەپێ دەکرد، بەو کلاوە لارەو زۆپە قیتە، لە بەر چاو قەلافەتی مرۆڤی ئورۆپایی بەخۆوە گرتبوو، سمێڵی شێوەی زابوتی ئینگلیزی دەداو لێوەکانی عیزّەتو شەڕفیان لیدەباری!

مەقەڕی لە چاریە(چهریق) لە نزیک سنووری کوردستانی باکوور، لە ئاخری باشووری گۆلی ورمێ لە ڕەخ قەلایەک کە باوکی لە سەرگاشە بەردێک لە نێوەڕاستی چەم دورستی کردبوو، وەک هێلانە هەلۆیەک بە مانای وشەبوو. کۆشکەکەی بەوێنەی ئەم سەردەمە، سازدرابوو، لە دەورو بەریدا زیدەیەک وەکوو مدبەقو

هتد... لەم کۆشکەدا ئێرانیەکان دوایی تێشکانی سمکۆ، (پەیانۆیەک) دەدوزنەوە. مێژوو نالێ کە ئەو پەیانۆیە، لەوجێگە چڕو، ڕەقەنو ئەستەمو نامۆ پێ هەڵنەگەڕاوەو بەڕبەڕیەی کوردستان ئاوارەو بێ خودان ماوەتەوە، چ کەسێک لێیدەدا!؟

لە ڕەوتی عەجاییاتی (نوێخوازی) سمکۆ، یەکیش ئەمەبووە،کە خەتی تەلەفوونی ڕاچاندبوو، لەجێی دانیشتنی لە(چاریە) لەگەڵ ساوەجبلاخو دیلمانو ناوەندیتر زوربەی ناوچەکانی ژێر ڕکێفی دەسەلاتی وی بە یەکدی وەدەنووساندو دەلکاند.

ئێرانیەکان زۆر بە تامو خوێ دەگێڕنەوە کە سمکۆ ئەوانەی دژایەتیان کردوە،چتۆ لە بەرزایی قەلاتەکەی بابی فڕێدەدانەخوارو دەکوشتن!

بەلام چێرۆکی خوارەوە کە ڕاپۆرتی یەکێک لە ئەفسەرەکانی ئێرانی مەعمووری سەرکوتی ئەوە نیشاندەدا کە سمکۆ ئەوگیاندارە سەرەتاییو ساویلکەیە نەبوە، کە ئیرانیەکان دەیانەوێ ئەوی بەوتەحرو بیچم و ڕووخساربنوینن.

لە دوایی شەڕ(ئەزدیکان) نیوەی نەوامبەری 1921بەیەکیک لە زابووتەکانی بییخسیرکراو ئەمردەکا، شیوەی کارپێکردنی ڕەشاشی ئێرانی کە دەسکەوتە، بەوی نیشان بدەن، ئەفسەر سەرکەوتوو دەبێ کە ڕەشاشی لە کارکەوتوو بخاتەکار، خەشابی دەهاوێتە سەرو لە نەکاو بەنیەتی کوشتنی سمکۆ لوولەی ڕەشاش بۆ لای وی دەسووڕێنێ، سمکۆ کە لە نیەتی گەیوە، خۆی بەسەردادەداو دەستی دەگرێو پێی دەلێ: سوپاس تێگەیشتم چۆنی کەلک لێوەرگرم)... لە زانداری ئەو مرۆڤە کە ویستبووی ئەوی لەناو ئەو هەموو سەرۆکە کوردانە کە دەورەیان دابوو، بکوژی! لەوحالێکدا کە دەێزانی بۆخۆشی بێ گومان دەکوژرێت! هێندەی کەیف پێدێ کە ئەوەی لە گەڵ هەموو ئێخسیرەکان بەرەللا دەکات وبەهەر یەک لە وان زێڕک،دەداتێو دەستوور دەداهەتا خەتی ئێرانیەکانیان بەڕییان بکەنەوە.

بەلام سمکۆ ئارخاین ببوو کە ڕووخانی ڕێژێمی شاهەنشاهی ئێران لە ئاکامدا دەبێتە هۆی هێنانەدی سەربەخۆیی یان خودمووختاری کوردستان.

سمکۆ لە1922 لە قاقەزێکدا بەگەمە بۆ(زەفەرولدەولە) کە ئەوچاخ فەرماندەری فەوجێک، لە ئازەربایجان بوو، پاشان پلەی گەییە فەرماندەری هێزەکانی ئێران لە ئازەربایجان)دەنوسێ: سەرهەلبڕە بدینە، میللەتانی کچکەی دنیا کە بەزۆرایەتی یەک چوارمی گەلی کوردنین، شتۆ مافی خودمووختاریان لەدەولەتانی مەزنی وەکوو ئەلمانیە ئەستاند. ئەگەر ئەو میللەتە گەورەیە نەشێت مافی خۆی لە ئێران وەربگرێ، نەبوونی لە بوون باشتر!

حکووەتی ئێران چ دان بەمە دابێنیو چ نەێنێ ئێمە کوردستان دەکەینە خودمووختار، دەجا ئەگەر کەسێک بێیەوێ لە خۆڕاببێتە بەرهەڵستو هۆی بەتلانی گیانی ئەو خەلکە، هەلەیەکی زلی کردوە!

سمكۆ وادیاره هەلی بۆ نەڕەخساوە کە بیرو بۆچوونی خۆی سەخمەرات بەشێوازی بەڕیوەبردنی دەمو دەزگای خودمووختاری بەوردی شی کاتەوە.
لە مەڕ پسیاری مستەفاپاشا، ناردراوەی، یانەی کوردی قوستەنتەنیە، کە هاتووە سەبارەت بە ئامانج، لێی بکۆڵێتەوە، پرسیاردەکات: ئاخۆ دەمودەزگایەکی هەیە؟ بەچ شیوەیەک دەیەوێ وڵاتەکەی کە خستوویەتە ژێرڕکیفی دەسەڵات بەڕێوەی بەرێو بۆچ بەیداخی نیە؟
لەوڵامدا سمکۆدەڵێ: هەنۆکە دەمو دەزگایەکی تایبەت لە گۆڕێدانییە، ئەمن تەنیا کوردی کوردستانم، بنەڕەتی کار، نەجاتدانو ڕزگار کردنی وڵاتەکەمانە! گرینگ ئەوەنیە چ کوردێک لە حکوومەت دادەنێشێو بەڕێوەی دەبا، ئەمن بۆخۆم لەم بەستێنەدا چ ئارەزووم نییە! بەڵام لە مەڕ بەیداخو ئەوجۆرە شتانە... ئەمن فکر ناکەم ئاتاجی بەم شتانە هەبێ... وەک دەبینی شکاکەکان بۆ هەرلکو پەلو دەستە، جۆرە بەیداخەکیان هەیە!)
لە کۆتایی ساڵی 1921 ڕێبەرانی کوردی قوستەنتەنیە کە زەمینەی ڕاپەڕینەکی سەرانسەریان وەڕێدەخست (بەشی دووهەم لە فەسلی 1)کەوتنە ئەوفکرە کە سەرنجی سمکۆ بۆ ئەم بزووتنەوەیە ڕەکێش کەن-وێدەچێ کەمەعموورەیەتی گرنگی مستافاپاشا، هەرئەوەبێت، کە لە سمکۆ پرسیاردەکات بۆچ لە جیاتی شەڕ لە گەڵ ئێران، ئاریکاری کوردەکانی وان، ئەرزەڕۆمو خارپووت ناکا،کە لە ژێر زوڵمو ستەمی مستەفاکەماڵ دا دەناڵێننو عەزاب دەکێشن؟ سمکۆ لەوەڵامدا دەڵێ: نایەوێ پەیوەندی خۆی بە یەکجەلی لە گەڵ تورکان ببڕێ، کە چەکو تەقەمەنیان لێ وەردەگرێ.
بەڵام دوورنییە لە بیروبۆچوونی دا دژایەتی لەگەڵ (پیکهێنانی کوردستانی گەورە) هەبووبێو دەخۆی ڕانەدیبێ هەڵی سووڕێنێ!
ئەمما مستەفاپاشا، ناهومێدی خۆی ناشارێتەوەو لە بارەی سمکۆ بە ڕقو تووڕەیی داوەری دەکاتو بۆ کوڕەکەی خۆی دەنووسێ: سمکۆ مێرەکی نائاگادارە، ئەو لەگەڵ ڕەگەزپەرستانی کەماڵی ڕێککەوتوە، چونکە تەقەمەنی دەدەنێ! لە کۆتایی دا دەنووسێ: ئەم کارە ئاکامی نییە)

### 3- سمکۆو ئینگلیزیەکان

وێدەچێ سمکۆ لە ژێر کارتێکردنی تەها،لە1919کەوتبێتە ئەو ڕاوێژە کە ئاریکاری بریتانیای مەزن بۆ لای خۆی ڕەکێش بکات
ئەو تەهای لە مانگی مەی 1919 بۆ وەدەستهێنانی ڕەزامەندیو
ئیقناع کردنی ئینگلیستان، بۆ گونجاندنی کوردستانی ئێران، بووڵاتێکی کوردی، کە ئەو سەردەم دامەزراندنی لە بیروڕا دابوو، نارده بەغدا، تەها چەند کەڕەت چاوی بەویلسون کەوتو لە خۆبواردنی وی لەم بابەتەوە،ئێکجار هیوابڕاو بوو. ئینگلیستان لە بارەی پەیمانێک خەریکی وتوویژ لەگەڵ ئێران بوو. بەوتەی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، هەرچەند دەوڵەتی ئێران چ کاتێک بە کردەوە، حوکماتی بەسەرکوردستانی (ئیران) دانەکردوە، دەسەڵاتی بەسەردا نەشکاوە، بەڵام جیاکردنەوەی یەکجەلی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی(بن دەستی ئیران)بێگومان ئاژاوە لە تاران وەڕیدەخاو بۆ سەردەمی نوێ کە هیوادارین بە بەڵێننامەی نێوان ئینگلیستانو ئێران، بکرێتەوە، سەرفەسڵێکی باش نابێت

لە ساڵی 1921سمکۆ لەگەڵ( سرپرکاکس) کە لە کاروباری وتووێژ، سەبارەت بەبەڵێننامەی بەناوبانگ لەگەڵ ئێران ببووەو
گەڕابۆوە بەغدا، پەیوەندی گرت... بەڵام هەلومەرج تەوفیری کردبوو، چونکە پەیمانی ناوبراو کاتێک لە لایەن دەوڵەتی (وسووقودەولە)ئیمزاکرا، لەگەڵ دژایەتی توندی ئاپورەو حشامات ڕووبەڕوو بوو، لە ئاکامدا بەدەستی (دەوڵەتی سەید زیائەدین تەباتەبایی)کەلە 20ی فۆرییەی 1921بەکودتایەک، دەسەلاتی بەدەستەوەگرت، باتڵو بێ بایەخ ڕاگەیاندرا.
لە ژانوییەی 1921وەختێک کە سمکۆ ڕایگەیاند کە حازرە بۆ ئاخافتن لەگەڵ کاربەدەستانی ئینگلیزی بچێتە شنۆ، هەتا کارسازی قەرارێک بکا، کە بە قازانجی هەر دوو لایەنە)گوتبووی بەر لە هەموو شتێک پێیخۆشە،پەیوندی لەگەڵ بریتانیا بەرقەرار بکات. سرپرسی کاکس لە19ی ئەوتی 1921لەگەڵ بنەڕەتی وتووێژ لە گەڵ سمکۆ ڕزایەتی نیشان دابەڵگەو چۆنیەتییەک کە سمکۆی لە بەرزایی دەسەڵاتی خۆی بەمجۆرە بە تێکۆشانو یەکیەتی لەگەڵ ئینگلیستان دنە داو بزواند چ بوو؟
لە گوینە هاتنە سەرکاری ڕێژێمی نوێ لە تاران ئەوی نیگەران کردبیت: ڕزاخان سەلتەنەتی قاجاری ڕوخاندبوو، سمکۆ کەبۆخۆی لە1914شایەتی هێرشو تاڵانو بڕۆی تورکو ڕووسوئینگلیز لە کوردستان ببوو، نەیدەتوانی لە بە دەسەڵات گەیشتنی گروپێکی تازە ڕسکاو کە مرۆڤێکی وەک ڕەزاخان لە سەرویان بوو، تووشی دڵەڕاوکە نەبێت!
سمکۆ تێگەیبوو، ئەگەرلەو مەڵبەندی کە لە سنووری ئیرانو تورکییە،کە بن بەستێک زێدەترنییە، تەنیا بمێنێتەوە، بەو هەموو زاتدارییەو زاکوونو بوێریەوە، بۆی ناکرێ ماوەیەکی زۆر لە بەرامبەر دەست درێژیو پەلاماری هێزەکانی ئێران خۆی ڕاگرێ، مەگین ئەوە کە لەداکۆکی دەرەوە، پشت ڕاستو ئارخاین بێت.
سمکۆ بۆخۆی دەیگوت: ئێمەکوردەکان لە هەموو شت پترحەوجێ بە چەکو تەقەمەنین، ئەگەر کەرەسەی شەڕمان تەوابێ تووشی سەرئێشە دەبین.)
وتووێژی سمکۆو بەرپرسانی ئینگلیزی دانیشتووی بەغدا، بەناوبژی کەسێک لە سەرۆکانی عەشیرەتی لێواری سنوور، بە ناوی بابکرئاغا، هەتا ماوەی سێ مانگ بەردەوام بوو.
بەڵام لە ئۆکتۆبری 1921(کاکس) لە بەرامبەر دڵەڕاوکەی ئێران، ئیدی وایلێهات چ کەسێک بۆ سەردانی سمکۆ نەنێرێتو بەوەندە بەس کات، هەتا ئەو جیگایەی کە بۆی دەلوێ دەنگووباس لە مەڕ جووڵانەوەو ئیمکانی سەرکەوتن، بۆ مقامات لە بەرامبەر پەلاماری هێزەکانی ئێران کۆ بکاتەوە.
سمکۆ بە ناوبژی مستەفاپاشا، بۆ دواین کەڕەت لەگەڵ ئینگلیزیەکان پەیوەندی دەگرێو دەڵێ: ئەمنو سەیدتەها بەئێوە قەولی شەڕەف دەدەین، ئەگەر دەوڵەتی بریتانیا چەکو تەقەمەنیمان بداتێ... ئێمە بخاتە ژێرپشتوانی ڕاستەوخۆو مەرجو قەراری ئێمە پەسەند بکات... وان، ئەرزەڕۆم، سیواس، حەکاریو
بتلیس لە جەستەی ڕەگەزپەرستانی تورک خاوین دەکینەوەو بە ئەوانەی کە لە ڕەواندزدان، دەرسێکی باشیان پێ دەدەین..ئێمە دەخۆڕادەبینین کە ئانکاڕاش داگیربکەین! ئەگەر بریتانیا دژکردەوە لەخۆی دەرنەبڕیو ئەم ورە لەخۆماندا دەبینین کە لە ماوەیەکی کورتدا ئێرانیەکان لە سنە، وەدەرنێین.
دەوڵەتی فەڕانسە پیی وابوو کە سمکۆ هەر لە سەرەتاوە کەرەسەو پارەی لە ئینگلیزەکان وەرگرتووە،بۆیە حەولو تەقەلای سمکۆ بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ ئەو دەوڵەتە بێ ئاکام دەمێنیتەوە.

4- سمکۆو تورکەکان

لەئاکامدا سمکۆ مەجبوور بوو لەتورکەکان یارمەتی وەربگریَ!
پەیوەندی سمکۆ لەگەڵ تورکان دوو لایانەیە..سمکۆ لە ڕەگەز پەرستانی تورک بێزارە، ئەوان بۆ کوردان لە ئیرانیەکان بە دوژمنتردەزانی) بەلاَم قەت پەیوەندی لەگەڵ ئەوان نەپساند، چونکە ئەو حەوجیَ بە چەکو تەقەمەنی بوو، کە ئەوان دەیاندایە!
بەلاَم تورکەکان سەرهەنگ عەلی شەفیق، ناسراو بە(ئوزدەمیر) کە لە سەرەتا سمکۆی بە پیاوەکی دوورەپەرێز لە زانیاری دادەنا، پاشان کە سمکۆ هەموو کوردستانی ئازادکردو خستە ژێردەسەلاَتی خۆی، بەم ئاکامە دەگا، کە ئەو پیاوەکی کارزانولێهاتووە، لێوەشاوەیی ئەوەی هەیە کەلە لایەن ئەوان بکرێتە حاکمی مەڵبەند.)
دەوڵەتی ئێران تێدەکۆشی بەیارمەتی ئەوان بەشورشی سمکۆ دوایی بهێنێت، بەم مەبەستە بۆ کۆتایی هێنان بە دنەدانی ئینگلیزیەکانو فەیسەل، لەناو تایفەکانی کوردی ژێر دەسەلاَتی خۆی لە25ی ئۆکتۆبری 1922لەگەڵ تورکی‌یە، پەیمان گرێدەدا، ئەمە یەکەمین بەڵێننامە، لەو زنجیرە قەولنامانەیە، کە دژی کوردەکان لە نیوان ئەو دوو دەوڵەتە دەبەسترێت!

5-سمکۆو ڕووسەکان

بەگوێرەی هێندیک دەنگۆ، سمکۆ حەولیدا ئاریکاری ڕووسی‌یەی بۆلای خۆی ڕاکێشیَ، بەوهۆیەوە لە بەهاری سالّی 1922نوێنەریکی بۆ باکۆ نارد.
هەڵبژاردنی چرکەی تێکۆشان بۆ ئەم کردەوە لەوەی خەرابتر ناتوانیَ ببێت. ڕێژێمی نوێی ئێران بەگرێدانی قەولنامەی 26ی فۆریەی 1922پەیوەندیەکەی لەگەڵ شوورەوی ئاسایی کردبۆوە، ئیتحادی شوورەوی یارمەتیەکانی خۆی بەرێبەرانی حکوومەتی ئینقلابی گیلان (1920-1922)پساندبوو.
هەڵوەشانی (کۆماری شوورەوی ئێران) بەمانای ڕاگەیاندنی کۆتایی هێنان بەکاری سمکۆیە: لەمەبەدوا، پادشای پاشەرۆژی ئێران، تەواوی وزەو توانای خۆی لە پێناوی مەبەستێک بەخت دەکا، کە بەئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە: هێنانی ئەوهەموو ئێلو عەشیرەو تایفە، بۆ ژێر ڕکێفی دەسەلاَتی حکوومەتی ناوەندیو چەک کردنی سەرجەمیانو تێشکانی هێزو دەسەلاَتی سەرۆکەکانی (سوونەتی) ئەوان.
لەدەسامبەری 1921 ڕزاخان گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لەئەرتەش هێنایەدی، سەربازو تابوورەکانی ژاندارمو هێزەکانی ناوچەیی کەهەتا ئەو کات، لەبرگەو دەستەی جۆراوجۆرو سەربەخۆو جیالەیەکدی، پێکهاتبوونو فەرماندەرەکانیان لەگەڵ یەکتری لە ڕەکەبەریو کیَ بەرکیَ دابوون، دەکاتە هێزەکی یەکگرتوو پتەو.
ئەو کە بڕیاری ئەوە بوو، بزووتنەوەی سمکۆ یەک لابکاتو
کۆتایی پیَ بێنێت، بۆچوونی ئەمەبووکە سەرکەوتنەکانی یەکدا بەدووی ناوبراو زۆرتر هۆی بیَ لەیاقەتی فەرماندەکانی ناوچەبووە، کە بۆ تێشکانی وی لە جیات لەشکرێکی گەورەو پۆشتەو

تەیاروو پەرداخ، گرۆپی بچکۆڵەیان بۆ بەربەرەکانی دەنارد ئەو، ئەوانی یەک لەدوای یەکدا تێکشکاند.

6-شەڕیمیاندوئاو1922

ژەنەڕاڵ شەیبانی ماوەیەکە(ژانویەی 1922) هاتۆتە تەورێزێ، یەکی دیکە لەو تێشکانانە، ئەزموون دەکا: ئەو لە ئەوریلی 1922پێنج سەدکەسی لە شۆرشگێڕانی گیلان، بەسەرکردایەتی یەکێک لە سەرکردەکان بە ناوی (خاڵۆ قوربان) لە میاندوئاو، سەقامگیردەکات، کە پەلاماربەرێتە سەرمەهاباد، هێزەکانی سمکۆ هێرشی دەکنەسەر، کە زۆر زوو مەیدان بەتاڵ دەکەنو خاڵۆ قوربانی (جاش) دەکوژرێ!

نزیکەی سێ مانگ کار دەکەویتە بن بەست، لە دوایی شکانی میاندوئاو، ئیدی مرۆڤی عەشایری عەجەم دژکردەوەنیشان دەدەنو ناچنەوە شەڕی کوردان.

بەم جۆرەی کە ژەنەڕاڵ ڕزاخان، وەزیری بەرگری نویی ئێران، بە وابەستەی نیزامی ئینگلیز دەڵێ: گرێپووچکەی بنەڕەتی وی نەبوونی دراوە، ئەگەر پارەی بە قەراپێویست لە دەست دابێ دەتوانێ لەشکرکێشی دژی سمکۆی لە ماوەی چەند حەوتوو داکۆتایی پێ بێنێ.

ڕزاخان لە شەڕ لەگەڵ سمکۆ تووشی تەنگەژەیەکی گەورەبووە: بۆ نموونە: پادگانی سنە 400سەربازی دەورە نەدیتووی هەیە، بکردەوە چەکو چۆڵیان نییە،ئەو تەقەمەنیەی کە ساڵی ڕابردوو، بۆ ئەو پادگانەیان ناردووە، تایبەتی تفەنگەکانی ڕووسی پادگانی ئیسفەهانێ بووە، لە حالێکدا ئەو فیشەگانەی کە دەبوو بۆ کوردستانیان ناردبوایە بۆ ئیسفهان ناردراوە.

سمکۆش بەنۆرەی خۆی ناتوانێ ئەو هەلەی کە بۆی هاتۆتە پێش بقۆزێتەوە ئەویش تەقەمەنی نییە! ڕکەبەرێو کێ بەرکێ لە ناو ئێلو عەشیرەتەکانو دەنگۆی گەیشتنی هێزەکانی یاریدەرو تابشی دەوڵەتی لێ بۆتە کۆسپێک، کە نەتوانێ دەسەلاتی خۆی لە باکوور زاڤتر پەرەپێبدا.

سمکۆ، لە مانگی ژوئن1922لەشەمزینان چاوی بە هەیدەربەگ والی پێشووی مووسڵ دەکەوێ، کە سەرپەرستی لێژنەی تورکی پێ ئەسپاردراوە. لەم دانیشتنو گفتووگۆیە شتێک نەزانراوە، جگە لە وەی کە بە توندی بۆتە هۆی دڵەخورپەی بەرپرسانی ئینگلیزی لە ئێراق.

لە ژوئیەی 1922ئەو هێزانەی کە لە تاران هاتبوون، یان بۆخۆیان لە ناوچە پێک هێنرابوون، تەیارکراونو ئامادەی عەمەلیاتن: فەرماندەری نوێ ژەنەڕاڵ جیهانبانی، تابوورەکی ناردراوەی لە تارانو تیپی تەورێز، تێکەڵاو لە واحیدەکانی لەشکری ئازەربایجانو گۆردانی تێکەڵ لە خوازیارانی ئەرمەنی، بە فەرماندەری سەرهەنگ بەگ ژورابڤ، ئەفسەری پێشووی تەرازی لە بەردەست دایە.

لە سەریەک هەشتهزارکەس لە هێزەکانی ئێرانی کە لە باشووری گۆلی ورمێ، جێگربببوون، لە23ی ژوئیەی 1922 بۆ بەرەنگاری سمکۆ بەرەو سلماس وەڕێ دەکەون.

7-شەڕی شکریازی 25ی ژوئیەی 1922

شەڕی چارەنووس، لە ڕاستیدا ئەوەڵین شەڕو ئاخرین شەڕ- لە25ی ژوئیەی لەشکریاری قەوما، کوردەکانی پیادە، چوارکەڕەت هێرشیان کردە، سەرهێزەکانی ئێرانیو کەلێنیان لە جەرگەی پیادەنیزام کرد، بەپێچەوانەی ڕەوشت بە خەنجەرو شیر، لەگەڵ یەک دەست بەیەخەبوون، خەسارەکی قورسیان لە هێزەکانی دەوڵەتی دا، بەڵام لە ئاکامدا پاشەکشەیان کرد.

سمکۆ دوایی ئەوەی سوارەی چەکداری هێنایە مەیدان، بەڵام پیادەنیزامی ئێران، ئەوانیشیان ناعیلاج بەپاشەکشەکرد، گوللەی تۆپخانەی کوردان، کە تۆپچی‌یە کانیان تورک بوون زۆردۆخ بوو، بەڵام زوربەی گوللە تۆپەکان نەدەتەقینەوە لە ئاکامدا لەشەڕی پاش نیوەرانێ کوردەکان تێشکان.

سمکۆ لە سەرەتای شەڕ/10000کەسی لە ژێر فەرمان دابوو، ئێستا لە کۆتایی ڕۆژ، هەزارکەسی زێدەتر لە ژێر ئەمری دا نییە، ئەوانیش خزمو کەس‌وکاری خۆیەتی. هۆی تێشکانی زۆری هێزەکانو پڕچەک بوونی لەشکرەکەی ئێرانە!

هێزەکانی نیزامی ئێران بەرەوپێش بۆ ورمێ یان ئاژۆت، لە مانگی ئەوت کەلێنیان تێکردو خۆیان لە شاری کێشاو ورمێیان لە دوایی چوارساڵ کە ئازادکرابوو، لەدەستی کوردان دابوو جارێکی دیکە داگیرکرد.

ئەرتەشی ئێران لە دوایی گرتنەوەی ورمێ، بۆ چاریە(چهریق) مەقەڕی سمکۆ کەوتنەڕێ،گوردانێک لە وان هەتا لووتکەی تخوب ڕۆیشت هەتا لە تورکان بخوازێ چەکدارانی سمکۆ کەلە سنوور دەپەڕنەوە چەک کەن!

## شەڕی ساری تاش، ئەوتی 1922

سمکۆ هێرشی بردەسەر ئەو گوردانەی کە خۆی گەیاندبوو لێواری سنوور، ئەوی مەجبوور بە پاشەکشەکرد، هەنۆکە لە هەزارکەسێک زێدەتر، بەتەکیەوە نین، گەیشتنی یارمەتی تازە پشووی هێزەکانی ئێرانی ئەوی ناچارکرد، کە پەنا بۆکیوی (ساری تاش)بەرێ. قوشەنی یامەتیدەری تازە پشوو، بریتی لە تیپی تۆپخانەبوو. دوایی زنجیرە تێک هەڵچوونێکی توند، لەوێڕا ئاوای کوردستانی باکووربوو.

تورکەکان سمکۆیان خستەژێر چاوەدێریو...پێشمەرگەکانیان چەک لێ وەرگرتنو داپڵۆسین!

## 9-هەتلە لە زێد)

لە ئۆکتوبری 1922سمکۆ دەگاتە کوردستانی باشوور- نزیک ئەربیل-(هولێر) ئێستا هەموو شتی لەدەست داوە، تۆپخانەکەی، ڕەشاشەکانو تەقەمەنیەکەی، خیزانی شەهیدبوو، کوڕەشەش ساڵە نووری چاوەکەی بەدیل گیراوە. بەڵام بە گوێرەی قسەی ئینگلیزیەکان، کە چاویان پێدەکەوێ، ئیدی غەرەزو دوژمناتی تایبەتی لەگەڵ ئێرانیەکان نییە، بەقسەی خۆی ئێستالەگەڵ وان حیسابیان پێکەوە نەماوە...

بەڵام دەیەویست لە تورکان کە گوتبوویان یارمەتی دەدەن، پێشیان نەکرد، تۆڵە بستێنیتەوە، ئەوناشارێتەوە، دەڵێ: بەونیازە هاتوە کە ئینگلیزیەکان حازر بەداکۆکی کوردان دژی ئەو دوو دەوڵەتە، بکات، کە لە گەڵ ئەوانی دوژمنایەتی هەیە.)
سمکۆ لە وتووێژێکی تێروتەسەل لە گەڵ یەکێک لە خاوەن پلەوپایەی ئینگلیزی بەناوی (سی.جی.ادموندز) لە دێرە، لە12ی نوامبەری 1922، سەرسوڕمانی خۆی لەوبابەتەوە ڕادەگەێنێ، کە دەبێنێ ئینگلیزەکان ئەوهێندە سەبارەت بە ئێرانیەکان لە دڵەڕاوکە دان کە بەدرێژای سنوور، دژی وان لەگەڵ ئەوتورکانەی کە دەیانەوێ، ئەوان لە ڕەواندز وەدەرنێن، ئاریکاریان دەکەن!

10- مێوانداری شێخ مەحموود

سمکۆ لە ئاکاری ئینگلیزەکان ناهومێدبووە، لەتەها جیا دەبیتەوەو دەچیتە سولەیمانیو لەوێ لە8ی ژانوییەی 1923وەکوو سەر کۆماری وڵاتێک پێشوازی لێدەکرێ- بەتەقاندنی حەوت گوللەتۆپ! شار بە شانازی هاتنی وێ لەوچاندایە، سمکۆ لە ڕێژەی نیزامی کە بە بۆنەی تەشریف هینانی وی ڕێکخراوە، بەشداری دەکات.
بەڵام ئەو یارمەتیەی کە ئەو بەدوایدا عەودالە، لەدەمو دەزگای شێخ مەحموود نادۆزیتەوە. پەیوەندی لە نێوان بەغداو سولەیمانیە، گەیشتۆتە سەردەرانەی بۆلێڵی، شێخ مەحموود بۆی ناڵوێ هەتا بەخاتری (جەنابی سمایل ئاغا) قارەمانی نەسرەوتوو نەبەزی کوردستان، خۆی لەو قاڵمەقاڵمە دوورەدەستە دەگیرخات. سمکۆ مانگەکوو چەند ڕۆژ لە سولەیمانی دەمێنێتەوە، هەتا قەتیانی پەیوەندی شێخ مەحموودو ئینگلیزەکان مسوەگەردەبێ، ئەوجار سولەیمانی بەجێ دێڵێت.

11-سالەکانی هەتڵەو هەڵوەدایی)

سمکۆ لە دوایی ئەمە، ساڵێک لە تورکیە لە بەرچاوان ون بوو، لە ساڵی 1924 سەر لە نوێ لە ئێران سەری هێنادەرو خۆی بە ژەنەڕاڵ تەهماسبی فەرماندەری هێزەکانی ئێران لە باشوور ناساندو ئیجازەی وەرگرت لە چاریبە بمێنێتەوە. سمکۆ لە1925 چاوی بە ڕەزاشا کەوت، بەڵێنی وەفاداری پێدا.
بەڵام ساڵی دوایی لەگەڵ چەند کەس لە کۆردانی هەرکی، دەشتی سەڵماسی گەمارۆداو لە هێزەکانی ئێران تێشکاو هەتا سنووری ئێرانو تورکییە، ڕاونرا. کاتێک ئاوای ئەو دیوی کوردستانی باکوور بوو تورکان چەکیان لێ وەرگرتو دەست بەسەریان کرد.
چەند هەڤی دوایی سەر لە نوێ لە ئێراق سەری وەدەرنا، لە کۆتایی ساڵی 1926و پاشان لەکۆتایی 1927. جارێکی دیکە لە ئێراق لە1928. وەکوو مرۆڤێکی بێماڵو حاڵ، لە حاڵێکدا جگە لە دە دوازدەکەس زێدە لەگەڵی نەبوون.

دەوڵەتی ئێراق بەو بەڵگەیە کە تاوانی سمکۆ (سیاسی)یە، داوای ئێرانی بۆ گل دانەوەی سمکۆ قەبوڵ نەکرد بەڵام چونکە لە بوونی وی لە ئێراق مەترسی ڕێنیشتبوو زەختی خستە سەر ئێران، هەتاموو‌چەی بۆ ببڕێتەوە...
لە ئاکامدا سمکۆ ئیجازەی گەڕانەوەی لە ئێران وەرگرتو کرا بەدەسەڵاتداری شاری شنۆ، بەڵام ڕەزاشا، حوکمی بەتڵانی دابوو، چەند ڕۆژ دوایی بەدەهۆو ناحەقو غەدر بەدەستی سەربازانی ئێران لە(شنۆ) شەهیدکرا (1930).

## فەسڵی 3 ڕاپەڕینی شێخ مەحموود

(ئەمن ئیدی چ کاتێک بۆ سازدانی چ پادشایەک بەشداری ناکەم، کارێک ئیکجار چەتوونو دژوارە...) ئەمەدان پێداهێنانی گرترودبل، یاریدەری سرپرسی کاکسو،وێلسن، لە بەغدایە. ئینگلیزیەکان هەمێشە بە بێشرمی گوتوویانە: ئێراقیان لە لەتو پەتی چۆراو جۆر، پیکەوە ناوەو. فەیسەڵ لە گەڵ ئەوپادشای ئەوان دەیانەویست زۆری تەوفیر هەبوو، بە باشی بیچم دەکرێ.
بەبیروبۆچوونی لایەنگرانی ئەمپەڕاتووری بریتانیای مەزن، دووچۆمان(بين النهرين) دەبا لە ژێر فەرمانو سێبەری ئینگلیستان بمایەوە، چونکە ئەگەر دوو چۆمان لە ناوبچێ،ئێران لەناودەچێت، (هێندوستانیش) محکووم بە لەناوچوون دەبێ.)
بەو مەرجە کە ئەم دەسەڵاتوخۆ داسپاندنە، وەکوو خۆی بمێنێتەوە، بیچمو ڕەواڵەت گرنگ نییە. ویڵسون بۆخۆی لایەنگری خۆداسەپاندن بوو. بەڵام لە دوایی ڕاپەڕینی تەژی لە مەترسی هاوینی 1920 کەبوو بەهۆی بەتڵانی زوربەی هێزەکانی هندو ئینگلیز، بەرپرسانی بریتانیا، لە دوو چۆمان ئیدی دەسەڵاتو هەڵبژاردنەکی دیکەیان نەبوو. بەقەولی سرپرکاکس، یان دەبوایە کەوڵو پێستیان سەرلەنوێ لەکۆڵ هەڵدابوایەو ڕۆیشتبوانەوە،یان لەدوایی سەقامگیربوونی سەرلەنوێی ئاسایش بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی خەڵکی ملیان ڕاکێشابوایە.
لەو سەرو بەندەدا فرانسەویەکان ئەمیرفەیسەلیان لە24ی ژوئیەی 1920لەدیمشق ڕاونابوو، لەگەڵ25هاوسەرو، 175پاریزگاردی خۆی لەهێزی حیجازو25ئەسبوچوارتون کەڵو پەل لەچۆلگەی دەرەوەی ئۆردۆن بوو، حازرو لەبەردەست بوو.
دەوڵەتی فرانسە لەوی بەچاوی مرۆڤێکی بێ بڕیارو دور لە متمانەوگورچیلە چووکە، ئەمما باڵێکی مەترسی، چاولێدەکرت. ئەو کاتێک گوێبیس بووکە ئینگلیزیەکان ئەویان بۆ سەلتەنەتی دووچۆمان دەنەزەر گرتووە لەداخان پڕ بەدەم قیژاندی! ئەمە بوو بە هۆی ئەوە،کە(کرزن) قەدەرحەیامێک لەو نەخشە چاوپۆشی بکات. لەوە عەجاییتر کە(کرزن) یەکەباریخۆی دڵخۆشی بە لێهاتوویی‌و کەسایەتی ئەم مرۆڤە نەبوو،ئاقیدەی وابوو کەئەو بە ئاشکرا لە بەرامبەر قەیراندا کزو بێ ورەیە، کە لە دیمشق دلخەکێک زیدەتر نەبووە.
بەڵام لەو جێگایە کەپێکهێنانی کۆمار، دژایەتی لەگەڵ ڕەوشتی ئیسلام هەبوو، نەدەکرا باسێ لێبکرێ! پاڵێوراوەی دیکەش وەلانرابوون، لەئاکامدا کرزنو دەوڵەتی بریتانیا، دوایی کۆنفرانسی دووهەمی قاهیرە 12-24ی مارسی 1921 هاتنەسەرئەو بڕیارە، ئەمیرفەیسەل لەسەرتەختی دوو چۆمان، کەبەلکاندنی مەڵبەندەکانی کوردان بەرفرەوان دەبۆوە، دانێن.
لکاندنو گرێدانی ناوچەکانی خۆجێیی کوردەکان بە(وڵاتی ئێراق) لەدوو خولدا سەری گرت. ئەوەڵ هێندیک پاش کۆنفرانسی قاهیرە، ویلسن بەپێی ڕاگەیاندنی ڕێکەوتی 6ی مەی

1921لەخەڵکی کورد پسیاردەکات: لەوڵاتی ئێراق چ دەمو دەزگایەکتان پێخۆشە، ئەوراگەیاندنە ئەوها رێکخراو گەڵاڵەکرابوو، کە مەسەلەی بنەرەتی یانی بیانەوێ یان نەیانەوێ، لەژێر حوکمڕانی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێراق دادەبن، دەنگبڕکرابوو.

دنگدان لەهەل‌و مەرجێکی نامتمانەو ئەستەمدا بەرێوەدەچێ، لە سولەیمانیە تەنیا ئەوکەسانە دەیانتوانی ڕاستەوخۆ دەنگ بدەن کە خانووبەرەیەکەیان بایی 1000قڕان بوایە! لە200 هەڵبژردراو بەم شێوەیە 190کەس لەدەنگداندا بەشداردەبن‌و لەو دەستەیەش تەنیا 32کەس بەلکانی مەڵبەندی سولەیمانیە بەئێراق دەنگی رازی بوون دەدەن، یانی 150کەس موخالیف دەبن. دەنگی خەڵکی هەژاریش هەژارانەو بێ بایەخ‌و وەرناگێرێ!

پیاوەکان گەرەک بەگەرەک گاس دەکەن‌و پێیان دەڵێن: بە بەرزکردنەوەی دەست دەنگ بدەن، بەڵام دەبێ هەستی نەتەوەیی چەندە بەهێز بێ، کەلە سەر ئەوەش ڕا کەس بەلکانی سولەیمانیە بەئێراق دەنگی ڕازی بوون نادەن، جگە لە دانیشتوانی جوولەکە ،کە لە گەرەکی خۆیان 82دەنگ لەبەرامبەر4 دەنگی ناقایل وەردەگیرێ.

بۆ ناوچەکانی دیکەی سولەیمانیە، فەرماندار مەعموردەنێرێت، لە سەریەک لە6000دەنگ 5000دژی لکانی سولەیمانی‌و مەڵبەندەکەی دەنگ دەدەن. لێرە1000دەنگ نادیارە، یانی موافیقەتی نەزەری بریتانیا.

چوارکەس لەماقوڵانی کورد، لە دانیشتنێک لەگەڵ یەکیک لەخاوەن پلەوپایەی ئینگلیزی قەبووڵ دەکەن، کەبەرهەڵێخی بەرگری گۆمرگی ( کەئینگلیزیەکان، ئەوانەی دەنگی نەی بدەن، هەرەشی پێ دەکەن) بۆ دانیشتوانی سولەیمانیە دواڕۆژێکی تاڵی بەدواوە دەبێت، ئەمما دەڵێن لەسەرئەم دواڕۆژەی تاڵ، لەژیانێک لەژێر سەرکوتی ڕێژیمی عارەبی گەلێک بە باشتردەزانن.)

گزیری بریتانیا شیکردنەوەیەکی سەبارەت بەچۆنیەتی دەنگدان لەناوچەکانی دیکەی کوردستان یانی : دەهۆک، زاخۆ، عەقرە، ئەربیل‌و عیمادیە وەدەست نادا، بەڵام وادەگەێنێ کەدەنگدەرەکان لەگەڵ مەجلیس یانی شووڕای مەزناتی گەرەک، دەبوایە ڕاوێژیان کردبوایە.

بۆ نموونە: لە ئەربیل دەنگدەرەکان دەچوون لەگەڵ ڕدێن سپیەکانی شار- ئەویش لەمەڵبەندێک کەبەتەواوی کوردنشینە- ڕاویژیان دەکرد. هەرلێرە دا دەتوانین تێ بگەین کە کۆڕی شووڕای مەزناتی گەرەک، کری چ قوماشێک بوونە!

لەئاکامدا جیا لەسولەیمانیە، ناوچەکانی دیکەی کوردنشین بەلکان بەئێراق، دەنگی ناقایل بوونیان داو لەدەنگدانی دووهەم –یانی دەنگی گشتی بۆ هەڵبژاردنی (مەلیک فەیسەل) بۆ شای ئێراق- بەشداریان کرد!

## 2- پسیاری گشتی

گزیری وڵاتی بریتانیا، دیسانەکە، دەوسییەی کاکڵی هەڵبژاردنی بنکەی پرسیاری گشتی وشێوازو دەرهێنان‌و ئاکامی دەنگەکان بۆ لەندەن نانێرێ!

بەهۆی ئەو نیشانانەی کەلەبەردەست دایە، چۆنیەتی دەنگدان لەناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دیکە، جیاوازی هەیە، لەهێندێک شوێن کەس ناچێتە شوێنی دەنگدان، یەکێک دەڵێ: ئەمن بۆ ئەو پۆلە هەڵبژاردە،یانی (بۆ ئەو دەستەمێرخاسە کەتەمەنیان لەژووری بیست ساڵە)دەنگی بۆین دەدەم‌و ئەندامانی بنکەی دەنگ وەرگر، دەنگەکەی دەخەنە پێرست!)

لەشوێنەکی دیکە، سەرۆک عەشیرەتێک! دوو سێ هەزار کەس لە عەشیرەتەکەی کۆ دەکاتەوە، بۆخۆی دەنگی بۆین دەدا، ئەوانیش وەدوای دەکەون.
بەڵام هێشتا ئەمە بەس نییە دەیان بوار، دەگۆڕدرێن: لەکەرکوک، بەگوێرەی ڕاپۆرتی فەرمی کەلە(سرپرسی کاکس) بەدەستەوەیە، ڕاوێژکەرێکی ئینگلیزی، وتارێک لەلایان گزیری ناوەخۆ، بۆ شووڕای مەزنانو کەسایەتی شار دەخوێنێتەوەو، شووڕا بەزوربەی دەنگ فەیسەل هەڵدەبژێرێ!
بەڵام ئەندامانی شووڕا کاتێک دەگەڕێنەوەماڵ، دانیشتنەکی تایبەتی پێکدێنێنو لەبڕیارەکە پاشەگەز دەبنەوە، لە23ی ژوئیە لەکۆڕێکی تایبەتی دا، لەماڵی یەکیک لەزانایانی ئائینی، بڕیاردەدرێ فتوایەک دژی فەیسەل بدرێ!
کارگێڕانی سەرپرسی کاکس، لەسەرڕا دەست بەکاردەبن، ئاکامی دەست تێوەردانیان لە ڕستەیەک داکورت دەکەنەوە! کە قاچی چارەنووس بۆ نەتەوەیەک لەگۆڕێدانەبوایە، جێگەی پێکەنین بوو
(ئاکابری مەزن ڕادەگەێنن، کەلەسەر داخوازیو نەزەری بریتانیا، دەنگدەدەن، بەڵام داخوازیان فەیسەل یان حکوومەتی عارەبی نییە!)
هەر وەک ئامادەکەری ڕاپۆرتی فەرمی ئاکام وەردەگرێ: (مەڵبەندی کوردنشین داخوازی دەوڵەتی کوردی دەکەن) بەڵام چونکە لە18ی ئەوتی 1921ئاکامی پسیاری گشتی بە نەقیب ڕادەگەیندرێ،مەعلووم دەکاکە96لەسەدی دەنگەکان بۆینیان داوە-ئەمە بەلێروانین بەدژایەتی شیعەکانی باکووری ئێراق، لەگەڵ فەیسەل، کە لە هەلسەنگان لە گەڵتوندوتیژی کمترلەدژایەتی کوردان نییە، سەیردەنوێنێت.
لە23ی ئەوتی 1921 ئەمیرفەیسەلی کوڕی شەریفی مەکە، بە خویندنەوەی سرودی (خوا شای بپارێزێ) بەپاڵشای ئێراق ڕادەگەیندرێ!-هەڵبەتە، بێ حزووری نوێنەرانی سولەیمانیو کەرکوک.
دەڵخەکی کرزن، کاتێک لە سەر تەختی پاشایەتی پاڵ دەداتەوە، وەهامەرخ لە دەسەڵات خوش دەکا، کەخیرا دەبێتە هۆی ناقایل بوونی ئینگلیزەکان.
چرچیل دەنووسێ: لەو هەموو بەرقیە(تیلگرافە) دووروو درێژانەی کەسەبارەت بەفەیسەلو ژیانیو خووخدەی بەدەستم دەگات، ماندو بووم، شەش مانگە سووڕتحسابی مێوانخانەکانی لەلەندەن دەدێن،هەنوکە ناعیلاج بوومە، ڕۆژێ 800وشەی لەبارەی جێگاو چۆنیەتی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوە، بخوێنمەوە...
ئێستا کە شێوازی ڕوو بەڕوو بوون دیاری داوە، ئینگلیزیەکان زۆرجار وەبیر فەیسەل دیننەوە، کەلە بیر نەکات، ئەمە ئەو بووین کە ئەومان لەسەر تەختی پاشایەتی ئێراق دانا. بەڵام فەیسەل لە فکریک زێدە نیتی، ئەویش پتەوکردنی چوارپێچکی کورسی دەسەڵاتو بەرفرەوانکردنەوەی هەرچی زۆرتری ئەوسنوورانەی ژێر فەرمانڕەوای، کە پێی ئەسپاردراوە.
هەرلە سەرەتادا مەسەلەی کورد گرینگایەتی بنەڕەتی دەخاتە بەرچاو: فەیسەل لە ڕاستیدا بۆچوونی ئەمە بوو، کە ئینگلیزەکان لە حاڵیکدا، کە فکری دامەزراندنی وڵاتێکی عارەبی سەربەخۆ،زەمزەمە دەکەن، دەیانەوێ کە ئەگەر پێویست بوو، لە کوردەکان دژی عارەب کەلک وەرگرن) هەڵبەتە ئەگەر هەڵگێڕ وەرگێڕی عارەبەکان لە(سەربەخۆیی) لەگەڵ زەوقی وان یەک نەگرێتەوە.
مەسەلەی کورد بۆپادشای تازەی ئێراق لایەنەکی تریشی هەبوو، کە ئەویش ئەوندە گرنگ بوو، فەیسەل لە لایان کەمایەتیەکی بچووک، لە سوونەکانی عەڕەب داکۆکی لێدەکرا، کە زوربەیان

دانیشتووی بەغدابوون، تەنیا لایانگرانی بەڕاستی چەند ئەفسەری گەڕەک بوون، کە لە حیجاز لەگەڵی هاتبوونەوە.

بەڵام سەرجەمی باکوری دووچۆمان(بین النهرین) کە شێعە مەزەب بوون، لەگەڵ کوڕی شەریفی مەکە، کە سوننەبوو، بەتوندی دژایەتیان دەکردو دوژمنی بوون...فەیسەل لە مانگی سپاتەمبەری1921دەکەویتە فکری دامەزراندنی مەجلیسی (مؤسیسان) کە دەبوایە هەڵبژاردرا بوایە، دەیەویست بەرگری لە مە بکا، کە مەجلیسی ناوبراو بە پێچەوانەی (چەندیەتیو چۆنیەتی)خەڵکی شێعەمەزەب بکەوێتە ژێر دەسەڵاتو چاوەدێری ئەوان، کە قودڕەتی بەسەریاندا بشکێ.

فەیسەل دەیزانی کە کوردەکانی ئێران لەفکری جیابوونەوە لە ئێرانن، کوردەکانی تورکیەش، هەر ئەونیازەیان هەیە(هێندەی پێناچێ کە هێندێک مەڵبەندی کوردنشینی، یان هەموویان لە ئێراق جیادەبنەوە، کە هەتا بەناوچەکانی دیکەی کورد بلەکێن.) لەبەرئەمە، بە (سرپرسی کاکس)کە گزیری بریتانیابوو،گوت: بەڕاشکاوی بەوی بڵێت: ئینگلیزیەکان دەیانەوێ چ بکەن: (ئاخۆ لە ڕاستیدا، دەخوازن ناوچەکانی کوردنشین بە تەواوی لە ئێراق جیا بکرێنەوەو بە کوردستانی باشوور بلەکێندرێ؟ ئەگەرنا، ئامانجی ئێمە چیە؟)

وەرامی سرپرسی کاکس ئیکجار ناڕوون بوو: دوایی وەبیر هێنانەوەی ئەو بابەتە، کە دەوڵەتی بریتانیا دوایی کونفرانسی مارسی 1921ی قاهیرە، بڕیاری بۆ پێکهێنانی وەڵاتێکی کوردی گرتبوو،کە فکرناکات ئامانجی دەوڵەتەکەی ئەمەبێ کە(ناوچەکانی کوردنشین لەئێراق جیابکاتەوە) پاش گەڕانەوە لە قاهیرە، بۆی دەرکەوت (کەکوردەکان سەبارەت بەجیا بوونەوە لە ئێراق یەکگرتوو تەبا نینو بیروبۆچوونیان وەک یەک نییە)

وەڵامی سەرپرسی کاکس، هەرچەند تاڕادەیەک، ڕووخانی بەرکەڵێخ لەکوردان بوو، ئەمما فەیسەلەی ئیقناح نەکرد، فەیسەل چەند ڕۆژ دوایی سەرلەنوێ ئەوباسەی هێناوەگۆڕو، لە گزیری بریتانیای پرسیارکرد؟ ( ئاخۆ دەکرێ وەکوو ئێراقیەک قسەبکا، کە کوردستان بەشێکی جیانەکراوە، لە ئێراق دادەنێ! یان لەسێرەی پاشای وەڵاتێکی عرەبی، کە کوردستان جیا لە ئێراقە؟

وەرامی سرپرسی کاکس، بەم پرسیارە توندەو دەڵێ: ئێمە لەگەڵ ئەو فەیسەلە بیروڕان گۆڕیبۆوە کە بەرلەوەی لەسەر کورسی پاشایەتی پاڵ داتەوە، قەبووڵی کردبوو، ئەو مەوزوعەی بەچاوی مەسەلەیەکی (شیاوی قسە لەسەرکردن) لێبڕوانێت)

فەسەل لەکورە دەرنەچوو هەڵنەبەزەوەو بەهێنانە گۆڕی زنجیرەپرسارێکی دلڕەنج لەگزیری پایەبەرز،شێوەی ئاخافتنی بەقازانجی خۆی وەرچەرخاند: ئاخۆ بریتانیای مەزن حازرە بۆ بەرگری لەکوردستان لەبەرامبەر دەست درێژی بیانی، خۆی تووشی تەنگەژەبکات؟ هەتا چ ڕادەو چ زەمانێک؟ ئاخۆ بریتانیای مەزن ئەو ئامادەبوونەی هەیە، بەرپرسایەتی بەرگری لەئاژاوەی ناوەخۆی کوردستان وەئەستۆ بگرێ؟ هەتا چ زەمانێک؟)

فەیسەل دەیزانی لەو سەرو بەندەدا بریتانیای مەزن کەچەندە لە تێهەڵچوونی عەمەلیاتی چەکداری بێزارەو هەتا حازرنییە تاکە کەسێکی بۆ دیفاع لەکوردستان بنێرێت.

بریتانیای مەزن کەلە بەرامبەر مەسەلەی کورد لەلایەک کەوتبوو ژێرگوشاری قەولو برِیەی ناو نەتەوەیی‌و لایەکی دیکە لە ژێرگوشاری فەیسەل دابوو، تێدەکۆشا، مەسەلەی (بەرەڵلاکردنی) ئێکجارەکی کوردان، هەتائەوجێگایە کەبۆی دەلوێ زورتر،وە دوا بخات.

بەڵام فەیسەل بەهەرحاڵ بەئامانجی خۆی گەیبوو ئێستائیدی جیالە گۆڕانکاری ڕووداوەکانی چاوەنواڕ نەکراو،شتێکی دیکە لەمپەرو بەرگری سەرڕێگا نەبوو.

4- دنەی تورکان لەکوردستان

فەیسەل کەتورکان ئەویان بەچاوی هاو وڵاتیەکی (بکوژ) لێدەڕوانی لەکاتی دەست پێکردنی سەلتەنەت ناچاربوو لە بەرامبەر هەڕەشەی تورکەکان لەوکوردستانەی کە ئەو( مەرخی لێ خۆشکردبوو بەرەنگاری بکات: وەزع ئەوها ئاڵۆزبوو کە هێندێک لە ناوچەکانی کوردستان هێشتا لە ژێرچاوەدێری ئینگلیزیەکاندا بەڕێوەدەچوون،سنووری نێوان تورکیەو ئێراق هێشتا دیاری نەکرابوو، ئینگلیزیەکان دژی وتوویژی ڕاستەوخۆی فەیسەل لەگەڵ تورکان بوون.

لە ژوئین 1921 کەمالیستەکان ئەفسەرێکیان بەناوی فازل ئەفەندی بۆ کوردستان ناردبوو کەلە مەڵبەندی ژێر دەسەڵاتی سمکۆ ڕا خۆی گەیاندبوو ڕەواندز.

لە مانگی ئەوت عەشیرەتی کوردی دەورو پشتی ڕەواندز، وردە وردە بەجۆرێکی پڕمەترسی دژ کردەوەیان لەخۆ نواند، ئینگلیزەکان لە رەواندز(جێگەی کۆبوونەوەی هێزەکانی دوژمن)یان لە ڕۆژ هەڵاتی باشوور بۆمباردومان کرد.

لە کۆتایی ساڵی 1921 وەزعەکە ئێکجار دەبێتە هۆی نیگەرانی دەوڵەتی بریتانیا،دەوڵەتی بریتانیا لەم ئاژاوەنانەودا دەست تێوەردانی فڕانسە دەدێنێ، کە( بەهۆی چاوبڕین لەنەوتی مووسڵ ئاریکاری بەتورکان دەکات) هەروا دەست تێکەڵاوی شەریکەی ئۆستانداردی اویل،هەر بەو هۆو بەڵگە.

لەدوایی چۆلکردنی (سیلیسی) لە4ی ژانویەی 1922لەلایان هێزەکانی فڕانسەوی، کامالیستەکان دەشێن هەموو هێزەکانی خۆیان لەولایەتی مووسڵ ڕوو بەڕووی ئینگلیزیەکان بکەن.

لە نێوەڕاستی مارسی 1922 کەماڵیسەتاکان جێگرێک بۆ ڕەواندز دیاری دەکەن، کەلەکۆتایی مانگی مەی دەهاتە وێ.

تورکەکان خێرا لە بەستێنی پڕوپاگەندە، سەرکەوتنەکی بەرچاو وەدەست دێنن، لەکۆتایی مانگی مەی کوردەکانی زێباری لە نزیک چەمچەماڵ ڕادەپەڕن. لەنێوەڕاستی ژوئین بەکوژرانی دوو زابوتی ئینگلیزی بەناوکانی بۆندو مکنت، بەدەستی کەریم فەتاح بەگ سەرۆکی هەمەوەندەکان، عەشیرەتی ناوبراو لە ئینگلیزیەکان هەڵدەگەڕێنەوە.

لەنیوەی دووهەمی ژوئین 1922 سەرهەنگەکی تورک بەناوی عەلی شەفیق ناسراوبە(ئۆزمیر) بۆ وەدەست هێنانی فەرماندەری هێزەکانی (چریکی) تورک، دانیشتووی ڕەواندز دەگاتە ناوچەو بەحەولو دەولی ئەو کابرایە تورکەکان بەخێرایی سەرکەوتنی پتر بەدەست دێننو ناوچەی سولەیمانیەش ئاڵۆزدەبێو بیچمەکی مەترسیدار بەخۆوە دەگرێ.

بەڵام لەبەغدا لەوکاتەوە کەکوردەکانی سولەیمانیە، بەزانینو تێگەین ڕێگای جیابوونەوە لە ئێراقیان هەڵبژاردەوە، زۆربەی خاوەن پلەو پایەی ئینگلیزی بەتوندو تیژی ئەو دەمارگرژییەی کە هەرعارەبێکی ڕەگەز پەرست سەبارەت بەکوردان هەیەتی، لەدەم پێداهێنان بەم مەسەلە کە ئەم خەڵکە وێدەچیو سروشتییە

مافی چاوتێبڕینی هەرجۆرە یارمەتیەکی لەئەوان هەبووبێ ڕوو وەردەگێڕن!

دەکرێ بڵێن گزیری دەوڵەتی بریتانیا هەموو وزەی لەکردن هاتووی خۆی لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێراقو فەرماندەری هێزی بریتانیا نابوو بەکردەوە لەتوانا کەوتبوو...بۆسرپرسی کاکس تەنیا مەسەلەی گرنگ جێگیرکردنی دەزگایەکی ڕاستەوخۆ بەرێوەبەری ناڕاستەوخۆی ناوچە بەکەلک وەرگرتن لەکەسایەتیەکی لێهاتووی کوردبوو.

بەڵام ئینگلیزیەکان لەهەڵبژاردنی ئەو کەسایەتیە بۆچوونی جیایان هەبوو. هێندێک لەوان دەیانەویست حامیەبەگی بەدەسەڵات بگەێنن کەلە بنەچەکەی ئەمیرانی بابانی سولەیمانیە بوو بەڵام حامید بەگ زوانی کوردی نەدەزانیو ئەو هێندەش خوازیار بەمیژووی بنەماڵەکەی بوو بەسیاسەت گیرۆدەنەبوو.

دەستیەکی دیکە داخوازی ئەوەبوون شێخ مەحموود بگەڕیننەوە سولەیمانیە، کەلەسەرۆکانی ناوچەبوو. ئینگلیزیەکان ئەویان لە 1921 لەدەسەڵات خستبوو.

ادمۆندز یەکەباری خۆی دەیەویست سەید تەها بەدەسەڵات بگەینێو هەتا دوایەکانیش لەسەرقسەی خۆی سورو پێداگرو مکوڕ مایەوە. بەڵام چوونەپێشی ڕووداوەکان بەخێرایی سرپرسی کاکس یان ناچار بەبڕیارگرتن کرد.

## 5-چۆلکردنی سولەیمانیە، یەکەمی سپتامبەری 1922

لە کۆتای مانگی ئەوتی ساڵی 1922 هێزەکانی ناوچەیی سولەیمانیە بۆ بەر بەرەکانی هێزەکانی چریکی تورک کەلە ڕەواندزوە هاتبوونە پێشو لە ڕانیە نزیک ببوونەوە دەنیردرێن. بەلام ئەو هێزانە دەکەونە تەنگەژە، دوو گورهانی (سیک) بەیاریدەری ئەو واحدە دەنێردرێن، ئەم ستوونە کە بەستوونی (ڕانیە) ناوی دەرکرد لە 31ی ئەوت لە دەوروپشتی (دەربەند) نزیک زابی چکۆڵە دەکەویتە بەر پەلامارو مەجبوور بە پاشەکشە دەبێ، ئەوەند پێ ناچێ کەپاشەکشەکە دەبێتە تێشکانو هەڵات هەڵات( دوو تۆپو تەوای کەلو پەلو تەدارەکاتی نیزامی لەناوچە بەجێ دێڵنو دوو ئەفسەری ئینگلیزی بریندار دەبنو 20هەتا 40 قازاخی (سیک) دەکوژرێن، یان بەدیل دەگیرێن.

ئینگلیززیەکان لەوە، دەترسن کە کوردو چریکەکانی تورک هێرش بەرنە سولەیمانیە، بەخوێڕیایەتی سولەیمانیە چۆل دەکەنو یەکەمی سپتامبەری 1922 چەند فڕۆکە لەپانەگۆڕایەکەی ڕەخ شار هەڵدەنیشنو کارگێڕانو ئەفسەرانی ئینگلیسی بە چەشنیک کە هیچ جێگای شانازی نییە، لەو گرداوە خۆیان دەرباز دەکەنو هەڵدێن، لەپێشدا ئاچەری خەزینەکایان کەبریتی لە/30000لیرەی ئیسترلینگ بە ڕوپیەلەگەڵ قۆڕخانە کە500تفەنگی تمۆرکی تێدایە، داوەتەشیخ قادری برای شیخ مەحموود.

## 6-گەڕانەوەی شێخ مەحموود

پاشان سرپرسی کاکس دێتە سەرئەو بڕیارە کە شیخ مەحموود بۆ سولەیمانیە، بگەڕیننەوە، هەروەک بۆخۆی دەڵێ: ئەوڕێگا چارەیە خەڵکی سولەیمانیە، بە سەر ئەویاندا سەپاند کە هەموویان بە یەکدەنگ داخوازی گەڕانەوەی کەسیک بوون کە(تەنیائەو دەیتوانی ئاسایشو ئارامی بگەڕینیتەوەو، وەزعەکە ئەهوەن بکاتەوە.)

سەرپرسی کاکس کە هێزەکەی ئەوتۆی بۆ داگیرکردنی سەرلەنویی شار لەدەست دانەبوو هیوای لە سەر ئەمە هەڵچنی بوو کە نەتەوەخوازانی کورد لە دەورو پشتی شێخ مەحموود کۆکاتەوەو

لەوان بۆ  ڕوو بەڕوو بوونو بەرەنگاری لەگەڵ تورکان کەلک وەربگریٚ) ئەو بۆ خۆی بە ڕاشکاوی دەڵیٚ: ئیٚمە بە ئەزموونی سەرلەنویی شیٚخ مەحموود شتیٚک لە دەست نادەین)

بەڵام وەزیەت حاڵاتیٚکی پڕمەترسی بە خۆوەگرتبوو ژەنەڕاڵ فریزر، فەرماندەری پایەبەرزی هیٚزەکانی بریتانیا لەمە خۆفی دەکرد کە کوردو تورکەکان لە مانگی سپتامبەر لە گەڵی زابی گەورە، دەست بەهیٚرش بکەنو عەفرەو ئەربیل بکەونە هەڕەشەی  مەترسی.

شیٚخ مەحمود بە ناوی حوکمڕان یان ڕیٚبەری کوردستانی سەربەخۆ پیٚشوازی لیٚدەکریٚ، چاپەمەنیەکانی ناوچە لەسەر ئەو خاڵە ئەنگوستی ڕاستی ڕادەدیٚرن کە(ماژورنوئل) ئەفسەری پەیوەندگری بریتانیا لە ڕاستیدا(سەرکۆنسۆلگەری ) یان ناوبژی کەر، لە نیٚوان شیٚخ مەحموودو گزیری دەوڵەت ویٚوەترنیە.

7- شیٚخ مەحموود مەلیٚکی کوردستان

شیٚخ مەحموود کەلە 1922 تەمەنی چلو چوارسالەو پاشان دەبیٚتە یەکیٚک لە دوژمنانی گەورەی بریتانیا لە کوردستان، مرۆڤیک بوو هەرە بویٚرو چاونەترس. ئەو کە ئەنگیٚوەیەکی یەکەمو شەڕ کەڕیٚکی بە ناوبانگ بوو سەرجەمی سیفەتو تایبەتمەندی سەرداریٚکی کوردی لیٚ بەدی دەکرا، بەڕیٚکووپیٚک قسە دەکردو دەماوەربوو بەیتو باو ئاهەنگەکانی فۆلکلۆری کوردی بەریتم دەخویندەوە، نفووزی تەواوی بە سەر دەورو پشتو جامینخوازو ئۆگرانی خۆیدا هەبوو بە سیلە چاویٚک خۆییوکەسایەتیو ئیحتوباری بنەچەکەی شیٚخانی بەرزنجی بۆ ئی دیکە دەخزاندە ژیٚرکارتیٚکردنیکی واقعی. دەنگۆ بوو کە چ شتیٚک کاری لیٚناکات. لایانگرانی سویندیان دەخوارد کە بە چاوی خۆیان دیویانە گوللەی  وەکەوتووەو دیوەدەری کردوەو موزەڕەتی پیٚ نە گەیاندووە، وەکۆ باپیری کاک ئەحمەدی شیٚخ دەیتوانی بیروبۆچوونی ناودڵی خەڵک بخویٚنیٚتەوە.

ئەو کە بە زوانی تورکی، عارەبی، فارسیو کوردی قسەی دەکرد بۆ هاو وڵاتیانی نووسەریٚکی لیٚهاتوو بوو. جگە لەوانە پیاویٚک بوو بەژن مام ناونجی بەبیچمو قەڵافەتیٚکی دیاری دراوی کوردیو سەرەکی مەزنو ڕوخساریٚکی پانو دوو چاوی دەرەش.

کەم کەس وەکوو وی توانیویە: هەتا ئەو ڕادەیە ڕقو تووڕەییو بیٚزاری نەیارانی بهەژیٚنیٚت. تاکە ئینگلیزیەکی ناتوانی وەدۆزی بە لەونیٚکی جوامیٚرانە باسی لە وی کردبیٚت! (سۆن) کە ئەفسەریٚکی ئینگلیزیەو چەندساڵ بەر لەڕووداوەکان وەکۆو گەڕۆک سەفەری بۆ کورستان کردەولەکتیٚبەکەی خۆیدا بیچمەکی بە پیٚچوانەی لە باوکی شیخ مەحموود دەداتەدەستو دەڵیٚ: شیٚخ مەحموود لە مەڕچەوسیٚنەریو تاوانی بابی ئیشتای خۆی نیشان دەدا.)

کارگیٚرانی ئینگلیز کەلە1919ڕاپۆرتەکەیان لە ژیر ناوی پوختەیەک لە کاروباری کوردستانو ریٚکووپیٚکی هیٚنانە سەر کاغەز لە مەڕ تیٚگەینو بەرفرەوانیو رایەڵی تانو پۆی هزرولیٚکدانەوە ئەوی وەک زاروکەکی دەغەڵو فیٚڵبازو بەرزەفڕو لغاو پساو بەدحەمەلو ئیٚسک قورس لە قەڵەمدەدا...جگە لەوەش تاقمەیەک ماستاوچی لیٚی هالاًبوون شتی سەیروسەمەرەیان دەگویٚچکەی دەسریواند کە بوو بە هۆی ئەوە کە خۆی بە مەلیکی کوردستان بزانیٚ.)

پیاو لە خۆڕا ئەو پسیارەی بە میٚشک دادیٚ؟ دەجا ئەگەر وایە بەو وەزعو حاڵە چلۆن حکوومەتو بەرپرسانی پایە بەرزی بریتانیا ئەویان کردۆتە فەرمانڕەوای سولەیمانیە؟ لە1922ش وڵامەکەی ئەوەیە کەلە 1918 بوو لە پۆختەی ئەم ڕاپۆرتەدا ئەوها دەخویٚنینەوە: ( بەڵیٚ بەبیٚ ئاریکاریو

بەبێ یارمەتی ئەو پێویستە پادگانەکی پۆشتەو بەهێز لە سولیمانیە بنیات بنرێ، کە ئەوەش لە دەرەوەی باس کردن بوو)

شێخ مەحموود چەند رۆژ دوای گەڕانەوەی سەربەرزانەی خۆی بۆ سولەیمانیە لە10ی ئۆکتۆبری 1922بەگوێرەی فەرمانێک لە سەلەیمانیە پایتەختی کوردستان پیکهینانی پەرلەمانی کوردستانی بە،بەشداری هەشت وەزیر راگەیاند:

1-شێخ قادر سەرۆک وەزیران

2-شێخ مەحموود وەزیری بەرگری

3کەریم ئەلکە (مەسیحی) وەزیری ئابووەی

4-شێخ محەمەد غالب وەزیری ناوەخۆ

5-حەمەدئاغا وەزیری کاروباری خەڵک

6-شێخ عەلی کلدانی وەزیری عەدلیە

7-سەید ئەحمەد سەرکردایەتی پۆلیس

8-حاجی مستەفاپاشا وەزیری پەروەدەو فیرکەدن

کەمتر لە مانگێک دواتر یانی لە18ی نەوامبەری 1922شێخ مەحموود،خۆی بە ناوی مەلیکی(پاشای) کوردستان دەناسێنێ.

بەیداخەکەشی هەر ئەوەیەکەلە 1919بوو، سەوزو چەمبەرەکی سوور کە لە ناوەڕاستی چەمبەرەکەدا، داسوولکەی مانگی یەک شەوەیە. شێخ مەحموود تەمریش چاپ دەکات. بەوێنەی دوو خەنجەری کوردی چوارچمک،(چوارگوێچکە) ئەمەدۆرشمی دەوڵەتی کوردستان بوو.

8-چاپەمەنیەکانی کوردی لە سەردەمی سەلتەنەتی شیخ )

مستەفا پاشا لە سەرەتای ئەوتی 1922 گۆڤاری (بانگی کوردستان) بنیات نابوو کە لە وی سێزدە ژمارە بڵاوبوونەوە.

شێخ مەحموود دوای گەڕانەوەی مستەفاپاشای لەوئەرکە معاف کردو گۆڤارێکی نویی بەناوی (ڕۆژی کوردستان) دامەزراند کە یەکەمین ژمارەی وی لە15ی نوامبەری 1922 بڵاو بۆوە.

ڕۆژی کوردستان کە بیروڕای وایە ببێتە گۆڤارێکی فەرمی سیاسیو ئەدەبی بە هاوکاری ڕووناکبیرانو هەستیارانی گرینگی سولەیمانیە بە تایبەت (سائبو ڕەفیق حەلمی) هەتا 3ی مارسی 1922 حەوتووی ژمارەیەکی لێ بڵاو دەبێتەوە.

گۆڤاری شێخ مەحموود کە لە سەرەتای دەست پێکردنی لەگەڵ چاپەمەنیەکانی بەغدا کە کوردستانی باکووریان ئەوها باس لێوە دەکرد کە دەڵی: ئەوە بەشێک لەوڵاتی ئیراقە) و بە لیوای سولەیمانیە) ناوی لێدەبەنو پارڵەمانی کوردستان بە شوڕای بەڕێوەبەری پارێزگە ناولێ دێنن، تووشی شەڕەدندوکەیەکی توند دەبێ.

نووسەری گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) لە دوایی دەربڕینی سەرسوڕمانی لەمە کە(هاوسێی گەورەو دۆستی ئێمە (ئیراق) کە بتوانێ ماقی هەزارساڵەی ئێمە پێشێل بکات یا...بەسنوورەکانی ئێمە دەست درێژی بکات) لاقیش لە سەرئەمە دادەگرێ کەکوردو عەڕەب لانی کەم بران! ئاکام وەردەگرێت کەکوردو عەڕەب لانی کەم وەکوویەکن لە بەشی خۆیان لەومافو سنوورەانەی کە لە لەلایان نێونەتەوەیی دانراون شەریکو پشکەبەشن)

خويندنەوەی ئەم گۆڤارانە بۆئێمە ئەو هەلە دەڕخسێنن کە وەدوایمەسەلەی پەیوندەیەکانی شێخ مەحموود لەگەڵ ئینگلیستان بکەوین.

هەنۆکە لە دوایی تێپەڕبوونی نیو سەدە بە ڕژدو چەتوونی دەتوانین تێ بگەین کە چتۆ ئینگلیزیەکان کە جارێک شێخ مەحمووديان تاقی کردبۆوە دیسان دەستەو داوێنی دەبن، ناخازا کە دەدینن تەقریبەن دەستوجێ (لە دوایی بانگهێشتن سەر لە نویی وی بۆ کار) پەیوەندەیەکەیان تێکدەچێ!

شێخ مەحموود بە ئاشکرا هەر وەک بەرێ بۆچوونی ئەمە بوو کە ئەرکەکی مێژۆویی لە سەر شانەو ئەم ئەرکە، بریتی لە مەیە: کە کوردستانی باشوور لە ژێر حوکمو دەسەڵاتی خۆی یەکگرتوو بکاتو لەسەر بنەڕەتی مەنتیقو ئوسوولی سەرکۆمار(ویلسون) وەڵاتێکی سەربەخۆ بنیات بنێت!

بەرپرسانی ئینگلیزی دانیشتووی بەغدا بۆخۆیان نەخشەو گەڵاڵەیەکی (بەرزەفڕیان) لەوبابەتە بە دەستەوەنەبوو، ئەوان دەیانەویست شێخ مەحموود نەخشێکی تەواو ناوچەیی دابەزێنێ، ئەرکو نەخشی وی ئەمە بوو کە بەرگری لە سەقامگیر بوونی تورکان لە مەڵبەندی سولەیمانیە بکات.

بە ڵێڕوانین لە وردبینیو تەبیعەت واس واسی ئینگلیزەکان تێگەینو هەڵسەنگانی ئەو بابەتە چەتوونە کە چۆن بە چاو بەستراویو هەڵنەسەنگان ئەویان لە بەندیخانە هێنادەرو هەر جارێک کەلە چاوەدێریو دەسەڵاتیان دەرچوو دیسان ئەویان خستەوەداو!

## 9-مەسەلەی کەرکووک)

یەکێک لە کێشەی گەورە هەرلەسەرەتا،مەسەلەی کەرکووک بوو. شێخ مەحموود لە ناو وتو وێژکانی کە بەر لە گەڕانەوە بۆ سولەیمانیە لە نێوەڕاستی مانگی سپتامبەری 1922 لە بەغدا لەگەڵ (سرپرسی کاکس) هەیبوو، دەستەبەر ببوو کە لەبەرێوەبردنی ناوچەکانی کەرکووکو ئەربیل(هەولێر) خۆی دوورەپەرێز ڕابگرێ.

لەم کاتە دا کەرکۆک وەزعێکی تایبەتی هەبوو! بەبیرورا، پەیوەندی بە ئیراقەوە نەبوو، لە پەیوەندی لەگەڵ بەغدا، زوانی فەرمی زوانی تورکی بوو، یاسای ئەمپەڕاتووری تورکییەێ (عوسمانی) لەسەر دەسەڵاتی خۆی مابوو. بەلەدیە سەربەخۆیی تەواوی هەبوو. بەیداخی ئێراق لە سەر دەرکەی عیمارەتی شار نەبوو. والی کەرکووک تورکێک بوو کە بە هاوکاری ڕاوێژکەرانی ئینگلیز کاروباری ڕادەپەراند، لە سەرئەوەش ڕا بەبۆچوونی یەکێک لە کاربەدەستانی ئینگلیزی ئەوچاخ کەرکووک( لەڕاستیدا جۆرێک بەڕێوە دەچوو کە دەتگوت بەشێکە لە ئێراق.)

خێرا لە ژێر گوشاری فەیسەل ئەم پەیوەندییە بەئێراق ڕۆژ بەڕۆژ پتر گەشەی کرد. کاربەدەستانی ئینگلیزی فەرمانێکیان پێ گەیی کە ماقولو مرۆڤێت مەزنێ کەرکووک بەشداریکردنی ئەم ناوچەیە لە دەنگدانی مەجلیسی (مؤسسیان) وادارکەن. (دەستوری ڕێکەوت 23ی ئۆکتۆبری 1922ی فەیسەل.)

شێخ مەحموود بە ئاشکرا دژی ئەو پیلانە دەجوڵاوەو بەبۆ چوونی وی کەرکووک مەڵبەندێکی کوردستانی بوو هەرچەند بەشیک لە دانیشتوان شار تورکمان بوون.
شێخ مەحموود لە دەسامبەری 1922 دوو کەسی کەرکۆکی کردە جێگری خۆی هەتا بەوان نیشان بدا کەرکۆوک بەشێک لەخاکی وڵاتی ژێردەسەڵاتی خۆی دەزانی. لە کۆتایی ئەو ساڵێدا گۆڤاری ڕۆژی کوردستان خەبەری هاتنی سەرۆک عەشیرەتەکانی کەرکۆکی بۆ شاری سولەیمانیە بڵاو کردەوە!
لە سەریەک هەر یەک لەو دوو باڵە ئەسپی خۆی لەم مەیدانە بەجۆرێک لینگدەداو تێدەکۆشا(پۆند) باشتر بەنیەتی وادارکردنی لایەنەکەی دیکە، بۆ مامەلەو ئاشتی کەلک وەردەگرت.

10-شێخ مەحموودو تورکەکان

بەڵام شێخ بە گەندەتای ناو گەمەی سیاسی بەغداا، دوورەپەرێز بوو. (ماژۆرنوئل)تایبەت لە بەر ئەم هزرەدابوو کە لە نێوان شێخ مەحموودو سمکۆو تەها، هاوکاریو یەکیەتی دژی تورکان ڕێکخات.
سمکۆ حەزی بە بەشدار بوون لەکردەوەیەکی ئەوها بەتەواوی ڕووکەشو ناوچەیی نەبوو. بەڵام تەها بە یەکچەلی خۆی بە ئینگلیزیەکان بەستەوە، ئینگلیزیەکان ئەویان لە نێوەی نەوامبەری 1922 بە قۆشەنەکی 150کەسی لە قازاخی کوردی سوپای ئێراق بۆ ناوچەی ڕەواندز نارد، بەم هیوایە کە(ئۆزمیری) لە ناوچە ڕاوبنێت.
عەمەلیاتی ڕاولشی( لەشکری ڕواندز) سەرکەوتنێکی بەرچاوی وەدەست نەهێنا، تەها بەکردەوە ئەوجۆرە نەبوو کە لێی چاوەنوار دەکرا، لەوجەنگەدا ڕێژنەبارانێکی وەرزی هێزەکەی لە کارخستبوو، ئەگەر تورکان لە ئاکامدا (ڕانیە) یان چۆل کرد، لە سەر یەک هۆیەکەی تەداخولی هێزی عاسمانی بوو.
لە ئەنجامدا ئاکامی عەمەلیاتی (لەشکری ڕەواندز) بەرەو ژووربردنی ئیحتووباری شێخ مەحموود، کارتێکردنی وی بووکەلە هاوکاری لەگەڵ ئینگلیزەکان دژی تورکان جواب جەنگی کردبوو.
هێندە پێ ناچێ کە شێخ مەحموود لەگەڵ سەرهەنگ عەلی شەفیق ناسراوبە(ئۆزدمیر) دەستی بەقاقەز گۆڕینەوەکردو گوتی: حازرە لە ڕێگای ئەرتەشی تورکییە، گیانی خۆی بەخت کاتو ڕایگەیاند: لە جیاتی سەربەخۆیی بەخودمووختاری لە ژێر سێبەری تورکییەی داڕازییە. وا دیارە شێخ دەیەویست بە دانانی ئینگلیزیەکان لە بەرامبەری تورکاندا نرخی سەودا برێتەسەر!
ئەمما تورکیش ساویلکە نەبوون: سەرهەنگ عەلی شەفیق سەرتا ئەوی بەدەست پەروەردەو بەخێوکەری ئینگلیستان دەناسێنێ! و لە ئاکامدا بەو بنەڕتە،دەگات ( ئێمە کاریکمان بەو شێخە نییە-زۆرفێلبازە!) بەڵام تورکەکان بێ ئەوە دەستەبەرێک لە بەرامبەردا وەئەستۆ بگرن، تێدەکۆشن لە چوارچیوەی حەولو تەقەلای خۆیان لە وەرگرتنەوەی مووسڵ کە چارەنووسی لەو کاتەدا لە هەمووکات نادیارتربوو، لە وی کەلک وەگرن.

11-ڕاگەیاندراوەی سەرتای 1922ی بریتانیا)

سەرەتای ڕۆژی جەژنی زایینی 1922گزیری دەوڵەتی بریتانیا داخۆیانێک بەم ناوەرۆکەوە بڵاو دەکاتەوە( دەوڵەتی بریتانیاوئێراق مافی کوردەکانی دانیشتوو لە چوارچیوەی سنوورەکانی ئێراقدا بەپێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی لەنیو ئەم سنوورانە بەقانوونی دەناسنو هێوادارن خەڵکی کورد هەرچی خێراتر لە نێوەخۆیاندا سەخمەرات بە شکڵو بیچمو شێوازیک کە دەیانەوێ ئەو حکوومەتە بەخۆیەوەبگرێو کەوشەنێک کە لە نیویدا گەرکیانە ئەوحکوومەتە بەرفرەوان بێتەوە، پێکەوە ڕێککەونو نوینەروبەرپرسانی خۆیان بۆ وتوو وێژ سەبارەت بە پەیوەندی ئابووریو سیاسی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی بریتانیاوئێراق بۆ بەغدا بنێرن.)

یەکێک لە زابوتەکانی سیاسی بریتانیا کە پێی ئەسپاردراوە ئەم داخۆیانە بۆ سەرۆکانی عەشایری کورد وەخوێنێ سەرسوڕمانی خۆی لە ناوەڕۆکی ئەو ڕاگەیاندراوە ناشارێتەوو دەڵێ: بەغدا لە گوفتوگۆدا لە گەڵ نەتەوەخوازانی کورد چ کاتێک ئەوها هەنگاوی بەرەوپیش هەڵنەهێناوەتەوە بەلام کەچی ئەمڕۆش پیاودەتوانێ لە خۆی پرسیاربکات؟ ئەوە چ شتێک بۆتە هۆیو چ بەرنامەێک بەرپرسانی بەغدای هێناوەتە سەر ئەو بیروبۆچوونو بڕیارە کە ڕاگەیاندراوەیەکی ئەوها دەربکەن. بەلام ڕاستیەکەی ئەوەیە،قەت لە بۆ چوونی واندانییە، وادەکانی

ئەو ڕاگەیاندراوەیە، بە کردەوە بهێنەدیو داببەزێنن.

12-لەکاروەلانانی شێخ مەحموود)

لەدوایی سەرنەکەوتوتی هەوەڵین کۆنفراسی لۆزان (4ی فۆرییەی 1923ئاتەگی هەلاوبگروپشێوی تەواوی کوردستان دادەگرێ. بەرپرسانی بریتانیا ئەو ئاگاداریە وەدەست دینن کە شێخ مەحموود لە گەڵ ڕێبەرانی شێعەی کەربەلاو نەجەف پەیوەندی گرتووە، بەو هیوایە کە ڕاپەڕینی گشتی لە ئیراق وەڕیخات، لە حالێکدا لە سەرئەوە ساخ بۆتەوە کەلەمانگی مارس لە گەڵ(ئۆزمیر) هێرش بکاتە سەر کەرکوک...

لە بەر ئەوە بەپرسانی بریتانیا بەپەلە دەکەونە ڕاویژو، ئەو بڕیارە کە شێخ مەحموودی لەکۆڵە خۆیان بکەنەوە: بەپیچەوانەی ساڵی 1919 ئەو کەڕەتە قسەی شۆڕش لەگۆڕێدانییە. بەڵکوو قسە لە سەردنەو هاندانە...

سەپرسی کاکس، گزیری دەوڵەتی بریتانیا لە ژوئیە بەو لاوەلە(لەندەنە) چووە هەتا دانیشتنێک کە پەیوەندی بەسیاسەتیک، کە دەبێ لەئیراق بەڕێوەبچێت بشداری بکات...

(سرهنری دابز) کە پاشان دەبیتە جێنشینی وی، هەنۆکەجێگری وییە. بەلام بە هەرحاڵ چارەنووسی شێخ مەحموود دیاری کراوە!

له نێوەڕاستی مانگی فۆرییەی بەرپرسانی گرینگو باوەڕ پێکراوی ئینگلیزی لە ئێراق یانی سرهنری دابز، ئەیرکمودوربرتن، و بوردیلن، سکرتێری گزیری بریتانیاو ئەدموندز لە دەوری یەکدی کۆدەبنەوەو پیلانی خۆیان دژی (پاشای کوردستان) دادەڕێژن- لە21ی فۆرییەی 1922شێخ محموود کە هێشتا 5مانگ لەڕێکەوتی پاشایەتی تێ نەپەڕیوە(بەڵگەلێبڕینی خوارەوە، وەردەگرێ): یان لەگەڵ تەواوی ئەندامانی شوڕای بەڕیوەبەری (بەوتەیەکی دیکە ئەندامانی دەوڵەتەکەی)بچنە بەغداو مەبەستی خویان شی کەنەوە،یا کوو وەلادەنرێ! وادانرا کە نارۆکی ئەم بڕیارە بەفڕۆکە بە سەرشاری سولەیمانی دابەردرینەوەو بە خەڵکی سولەیمانیە ڕاگەێنن ئەگەر بێو دژی ڕاوەستنو بەرەنگاری بکەن شار بۆمباردوومان دەکرێت!

13-بۆماردومانی سولەیمانیە)

هەر وەک پێشبینی کرابوو، شێخ مەحموود لەچوون بۆ بەغدا خۆی دەبوێرێو لە22ی فۆرییەی 1923بیست فڕۆکە بۆ بڵاوکردبەوەی ئەو داخۆیانە بەرەو سولەیمانیە دەکەونەڕێ. بەڵام هەژدە فڕۆکە لە نێو تەمومژ کە کوردستانی داپۆشیوە، هەتڵە دەبنو ڕێگا ون دەکەن، تەنیا دوو فڕۆکە خۆ دەگەینە سولەیمانیە.

نیوەشەوی 24ی فۆرییە شێخ مەحموود لە کەرکووک لە ئەدموندز دوادەکات بێتە تیلگرافخانە. سەرانسەری شەو بە تیلگراف پێکەوە دەدوێن،کە ڕێگا چارەیەک بدۆزنەوە، لە ئاکامدا لە3ی مارس لەحالێکدا کە دوو ناردراوەی شێخ مەحموود(شێخ قادری برای سەرۆک وەزیرانو مستەفاپاشا) دەگەنە کەرکووک، فڕۆکەیەک چەند بۆمب بە سولەیمانی دادەدا.

بەرەبەیانی 24ی مارسی 1923 شێخ مەحموود لە سولەیمانی دەردەچێو خەزێنەو دەفێنەو بەشێکی زۆرلە خەڵک(هێزی بەرگری) سولەیمانیە لەگەڵ خۆی دەبات.

لە ئەشکەوتێک لە(سۆرداش) نشتەجێ دەبێتو لەوێ لە 8ی مارس گۆڤارێکی نوێ باناوی (بانگی حەق) بڵاو دەکاتەوە کە ئەوەڵێن ژمارەی وی فتوای خەزای تیدابوو. لەگەڵ ئەرتەشی (نەتەوەیی کوردستان) لە چەند سەدکەسێک زێدەتر نییە، بە فەرماندەری سالح زەکی ئامادەی شەڕ کردن دەبێت.

14-عەمەلیات بەدژی ئۆزدمیر)

(سەرجان سالموند) فەرماندەری هێزەکانی عاسمانی بریتانیا لە ئێراق کە مەترسی تورکان مجدتر لە مەترسی شێخ مەحموود دەزانێ، دێتە سەر ئەو بڕیارە،کە یەکچەلیو هەمێشە بەجەستەی تورکان لە ڕەواندز دوایی بێنی. ستوونێک بەناوی (کۆیکۆل) تێکەڵاو لە نەفەراتی بریتانیا بە ئامانجی جیاکردنەوەی شێخ مەحموود لەتورکان لەمووسڵ بۆ لای ئەربیل(هەولێر)و کوێو سنجاق وەڕێدەکەوێ. ستوونێکی دیکە بەناوی ستوونی سنووری (فرۆنتی کۆل) تێکەڵاو لە هێزەکانی ناوچەیێو پۆلیس ڕاستەوخۆ دەچێتە(دێرەو سپی لکو ڕەواندز) سەرهەنگ عەلی

شەفیق لە بەرامبەری ئەو هێزە کە دژی وی کۆکراوەتەوە، لەشەر خۆی دەپارێزیٚو لە22ی ئوریلی 1923 ڕوژێک بەر لەکردنەوەی دووهەمین کۆنفڕانسی لۆزان، شاری ڕەواندز بە تاڵ دەکات.

15-دانانی سەید تەها بەحاکمی ڕەواندز)

چەند ڕۆژ دوایی ئینگلیزیەکان تەهای شەمزینان دەکەنە بەپرسی ڕەواندزو بەئاریکاری گوردانێک لەمرۆڤی دەئاشووری لە قەباخ تورکاندا ڕادەوەسێو هەڵویست دەگرێ. لە سەریەک ئەو نەوەیەی شێخ عەبەیدوڵلاو ڕاوێژکەری پیشووی سمکۆ، ئیدی ڕۆلێکی هێندە گرینگ لەرووداوەکانی کوردستان بەڕیوە نابات.
ناوبراو ئەو پۆستەی هەتا کۆتایی دەهەی بیست لەدەست دادەبێتولە1939 لە تاران لە هەلومەرجێکی ناروندا بەهۆی مەسموم ّیت (دەرمانداو) وەفات دەکات.

16-داگیرکردنەوەی سولەیمانیە 16ی مەی 1923)

دەسەڵاتدارانی بەغدا کە هەنۆکە مەترسی لە دەست درێژی تورکان ناکەن، دەتوانن لەوە بەدوا بە دڵنیایی پیلان بۆ شێخ مەحموود داڕێژن کەلە ئەشکەوتی چاسنە، نزیک سۆرداش، بەسەرناوچەدا حوکمڕانی دەکات، هەر وەک بڵێی چ شتێک نەقەوماوە، پێتاک کۆدەکاتەوە.
لە بەغدا بەرپرسانی ئینگلیزیو ئێراقی لە مەڕ سیاسەتێک کە پێویستەو دەبێ لەو بەستێنە بیخەنە بەرچاو ناکۆکی سەلیقەیان هەیە. دەوڵەتی ئێراق بەبێ بەرژەوەندەیو وردبوونەوە، لە ناوەرۆکی ڕاگەیاندراوەکانی جێژنی زایینی ساڵی 1923
دەیەویست دەمو دەزگایەکی ئەو تۆ بێنێتە سەرکارکە زۆرو کەم لە ژێرچاوەدیریو ڕێنوێنیو ئەمری ئەو دابێت. ئەوە شتێک بوو کە ڕێبەرانی کورد قوبووڵیان نەدەکرد.
لایەکی دیکە (سەرهنری دابز) پێیوابوو هەتا شێخ مەحموود ئازاد بێ بۆیان ناڵوێ ڕێژیمی (خودمووختاری) لەکوردستان دامەزرێنن... ئەمە بۆخۆی فام کردنی وەرگرتنێک بوو کەبەرپرسانی خۆماڵی بریتانیا لە خودمووختاری هەیانبوو کە بە باشی نیشان دەدا!
بەڵام گزیری پایەبەرزی بریتانیا لە سەرئەوە سوورو پێ داگربوو
مادام کە شێخ مەحموود نەکوژراوە یان بە دیل نەگیراوە، دەبێ لە گەڵی هەڵکەن! بەڵام لایەنگرانی سەرکوت، ئاچەری ئەو کیشەیان دۆزیەوە، لە8ی مەی 1923هێندێک قاقەزیان بەفرۆکە بەسەر سولەیمانیەدا بەردانەوەو تێدا ڕایانگەیاند بوو سولەیمانی بە زوویی بۆمباردوومان دەکرێ.
لە12ی مەی دوو گوردان لە سوپای هێند لە گەڵ چەند ئەفسەری ئینگلیزیو ئەدمونذ، لە کەرکووک بەرەو سولەیمانیە کەوتنەرێ، ئەوکەڕەت، سولەیمانیە بێ دەست وەکەریو خوێنڕژان خۆی بەدەستەوەدا. شێخ مەحموود نیەتی ئەمە بوو لە ئانیشکەی (تاسلجووجە) جڵەوی هێزەکانی ئینگلیزی بگرێ بەڵام چوونەپیشی سوپای ئینگلیز خێراتر لە هێزی ئەو بوو، وەختێک

پێی زانی کە هێزەکانی لەوگەوەیە تێپەڕ بوونە، ڕووی لەچیاکردو سولەیمانیە لە16ی مەی 1923 داگیرکراوە!

ادموندز، لە نووسینگەی شێخ مەحموود یانی لەقوتابخانەی پۆلی مام نێوەنجی سولەیمانیە کەلە 1919 دەفتەری کاری ماژورنوئل، بنەگربوو. تەنیا لەجێ شوێنی پادشای کوردستان لەناوچە، ئەوشتانە وەبەرچاو دەکەون: لەسەر دێوار وێنەی شێخ مەحموود، کە نەوارەکی سووری خراوەتە ئەستۆو بەیداخی کوردستان لەگەڵ تاجێک کە سەرەوەی ئالای پاشایی پوولەکەدروکراوە!

ئەدموندز، حەول دەدا بە هاوکاری ماقولو گەورەپیاوانی کوردکە حازرن ئاریکاری لەگەڵ بەغدابکەن دەمودەزگای (خودمووختاری)کوردی لە ناوچە دامەزرێنن. شێخ قادری برای شێخ مەحموودو(سەرۆکی وەزیرانی پێشۆوی حکوومەتی کوردستان) کە هەمێشە جامینگری ئینگلیزبووە، بە بەرپرسی ئەهوەن بۆنەوەی شارداەنرێو بەر پرسایەتی رێوەبەراتی بە ئەحمەد تۆفیق بەگ لە کەسایەتی سولەیمانیە دەسپێردرێوبەلەدییە سەرلەنوێ دەست بەکاردەکات.

لە20ی مەی 1923پۆلەکی نیزامی بۆ ئەشکەوتی (جاسنە) کە شێخ مەحموود لەدوایی چۆلکردنی سولەیمانیە، گوێزتبوویەوە وێ، بەشێک لە پێشەوەی زاری ئەو ئەشکەوتە کە بە ئەشکەوتێکی بەرتەنگتر دەکرایەوە، دێواریان لێ کێشابوو، باش نەدیترا کرابوو بە هۆدەیەک کەخرتووپرتی ژووری بریتی بوون لە تەختە خەوێکی ئاسن، چەند کورسیلەی دارو ماشین تایبو تەلەفوون، کە عیمارەتی پاشای بە ئاوایەکان گرێدەدا. بە نێزیک بوونی ئەو واحدەچەکدارەی ئینگلیزی شێخ مەحموود لەگەڵ چەند سوار لە ناوچە دووردەبیتەوەو بەرەو سنووری ئێران دەڕوات.

بەڵام بە زوویی خۆماندوکردنی ئینگلیستان بۆ حوکماتکردن بە سەرکوردستان، بە ئاریکاری دەستەیەک کەسایەتی کە لەگەڵیان دەست تێکەڵاوی هەبوو تووشی گریمانەیەکی پووچەڵو ئالۆزبوو. دوایی گزیرپایە بەرز دەم بەوە دادێنێت کە دۆزینەوەی کەسایەتێەکی کورد کە هەتا ئەو جیگایە بە دەسەڵاست بێ، کەبێ داکۆکی بریتانیا لە گەڵ کارتێکەری شێخ مەحموود بەربەرەکانی بکات،بوزی نەدەخوارد. لەحاڵێکدا گەورەپیاوانی کوردی هاتبوون لەگەڵ ئینگلیزیەکان هاوکاری بکەن نەک لەگەڵ فەیسەل!

لە کۆتایی مانگی مەی 1923سەرۆک وەزیرانی ئێراق( عەبدولموحسین ئەلسعدون) لەگەڵ بەرپرسی بەلەدییە بەغدا، ساحیب بەگ نشأت لەکوردی (هەولێر)و پایەبەرزێکی بریتانیا(کورنوالیس) دەچنە سولەیمانیە.

کورنوالیس ڕادەگەێنێ: کە دەوڵەتی بریتانیا، بریاری ئەوەیە کە ژمارەی هێزەکانی خۆی لە ئێراق کەم کاتەوەو بۆ هەمیشە شەش گوردان بهێڵێتەوە.

ستوونی ڕانیە (ڕانی کۆڵ) لەنیوەی ژوئین لەسولەیمانیە، بانک کردەوە. سەرهنری دابز،ئەدموندزو کورنوالیس سەبارەی بەم ڕووداوە(سەفەری سەرۆک وەزیران بۆ سولەیمانیە) قسە دەشارنەوە، بەڵام زورتر وێدەچی کە سەرۆک وەزیرانی ئێراق بەو قەستو نیەتە هاتبیتە سولەیمانی هەتا پێشنیارەکان سەبارەت بە پەیوەندی گرێدانی پاشەڕۆژ لە نێوان سولەیمانیەو ئێراق بە دەستەچن بێنێتەگوڕ.

بەڵام لە سەر ئەوەشرا کە وزیری پایەبەرزی سرهنری دابز،یش لە2ی ژۆئین 1923هاتە سولەیمانیە، مرویت ماقولو گەورەپیاوانی کورد، نەیانتوانی لەگەڵ بەغدا ڕێککەونو لە14ی ژوئین شوڕایی موەقەتی سولەیمانیە بە تیکڕایی لە کاری خۆیان واز هێنا)

قەرار بوو هێزەکانی بریتانیا لە17ی ژوئین 1923 سولەیمانیە بەتاڵ کەن. سێ ڕۆژ دوایی بە پیچەوانەی ئەدموندز( کامووس واقعی ) بوو، شێخ قادر حازربوو بەرپرسایەتی پارازتنی شاری سولەیمانیە وەئەستۆ بگرێ بەو مەرجە ئینگلیزیەکان پارەی پێویستی بۆ مووچەی هێزەکی ناوچەیی 350کەسیبدەنێوبە لانی کەم ئەفسەرێکی ئینگلیزی بۆیارمەتی دەر بخەنەبەردەست.
بەڵام سرهنری دابز، هەروا پێی قرساندوەو بڕیاری پاشەکشەی بریتانیا لە سولەیمانیە یەکجارەکییە.
لە17ی ژوئینی 1923 ستوونی (کوی کول) سولەیمانیەی بەتال دەکات لە حاڵیکدا جەماوەرێکی 2000کەسی لە(پەنابەرانی) کە کەمو زۆر یاری دەری ئینگلیزیەکان بوونە بەدواوەیە.

18- گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ سولەیمانی 11ی ژوئیەی 1923

بەرپرسانی بریتانیا کە گەڕانەوەی شێخ مەحموودیان بۆ شاری سولەیمانیە پێشبینی کردوە، لە ڕێگای ئەدموندز، کە نەخشەو ڕۆڵی وی لەم کاتە دیاری دەرە، بۆ بەرتەسک کردنەوەی کارتێکردنی شێخ مەحموود لە ناوچە دەست بە زنجیرە عەمەلیاتێکی جێبەجێکردن دەدەن، ڕانیە، قەڵادزە، لە باشوورو چەمچەماڵ لە ڕۆژ ئاواو قەرەداغو هەڵەبجەی لە باکوور لە مەڵبەندی سولەیمانیە جیا دەکاتەوە.
پاشای پێشووی کوردستان وەختێک کەلە11ی ژوئیەی 1923 لە گەڵ ئەرتەشی نەتەوەیی کوردستان کە ئیستا لە ژیر فەرماندەری ماجدمستەفادایە، بۆ سولەیمانیە دەگەڕێتەوە دەبێ لە سەر کوردستانێکی بێ کلکو گوێ حوکمرانی بکات یانی لە سەر ناوچەکانی دەورو پشتی سولەیمانیە، کەوتۆتە نێوان سنووری ئێرانوناچەکانی کوردنشین کەلە ژێر دەسەڵاتو چاوەدێری دەوڵەتی ئێراق دایەو( پشتیندەیەکی پارێزنای)بە مانای ڕاستە قینەی وشە پێک دێنێ.
ئەودەست پێشخەریە بەنامەی رێکەوت 20ی ژوئیەی 1923 لەلایەن گزیری پایەبەرز- سەرهنری دابز-بەشیخ مەحموود ڕادەگەیندرێت.
هەر لەو چاخە دا دەوڵەتی ئێراق ڕاگەیاندراوەیەکی لە پەیوەندی ئەو کوردانەی کە لە ژێر حوکمو دەسەڵاتی شێخ مەحموود وەدەرکەوتوونە دەردەکاتو تێدا بەڕاشکاوی ئامارە بەمەدەکات(دەوڵەت جیا لە کارگێڕانی فەنی، نەیەوێ کارگێڕانی عەرەب لە ناوچەی کوردنشین دابنێت، هەروا لە بیروڕای دانییە دانیشتوانی کوردی ئەم ناوچەیە لە گۆڕینەوەی نامەی فەرمی بەکەلک وەرگرتن لە زوانی عارەبی مەجبوورکاتو لەمافی دانیشتوانو خەڵکی وڵاتو مەزهەبی ئەو مەڵبەندانە وەکوو خۆی دەست لێندراو سەربەمۆردەمێنێتەوە.
ئەو مەسەلە، لەگەڵ ڕاگەیاندراوەی جەژنی زایینی ساڵی 1922 زۆری تەفیری هەیە.
ئەمە ڕاستە کە پەیمانی لۆزان (22)ی ژوئیەی 1923تازە ئیمزاکرابوو، هەرچەند گیروگرفتی مووسڵی چارە سەر نەکردبوو بەڵام لە بەرتەقا دا پلانی خودمووختاری کوردستانی لە قەبرنابوو.
لە ئێراق بۆ گشت کوردەکان(جیا لەوانەی کە چاو کراوەیان نەبوو)ڕوون ئاشکرابوو، تەنیا دواڕۆژێ بووزخواردو،کە زێدەکەیان، لە بەردەمیەتی لکانی بەوڵاتی ئیراقە!
بەڵام شێخ مەحموود لە سێرەی چاودا تەسلیم نەببوو! ئەو بە پێچەوانەی هەڕەشەی گزیری بریتانیا لە سەڕافەتکردنی ناوچەکاندا بەردەوام بوو.

خاوەن دەسەڵاتانی بریتانیا (بۆ خۆنواندن)،لە16ی ئەوتی 1923 جێگا مەقەڕی وی لە سولەیمانیە بۆمباردومان دەکەن لەم بۆمباردومانەدا بۆ هەوەڵین کەڕەت لە بۆمبای گەورەی (220) پۆندی کەلک وەردەگرن.
چەند مانگ دوایی لە ڕۆژی جەژنی زایینی1923چەند فرۆکە بە بیروڕای بۆمباردوومانیکی دیکە سولەیمانیە لە ئەربیل دەکەونە باڵەفرە، بەلاّم نیّوەی لەو فرۆکانە لەناو تەمو مژ ریّگا ون دەکەنو لە نیوەی ڕێگا دا دەگەڕینەوە، لە حاڵیکدا کە دوو تەیارە لە مەڵبەندی،جێ دانیشتنی شیخ، ناعیلاج بە هەڵنیشتن دەبن. بەرپرسانی ئینگلیزی لە شیخ مەحموود داوادەکەن ئاگای لێیان بێ. ناوبراو ئەوداوایە بەڕێوە دەبات!

19-مەجلیسی مۆسیسانو پەیمانی یەکیەتی لەگەڵ بریتانیایی مەزن)

بەلاّم خاوەن دەسەلاّتانی بریتانیاو ئێراق دڵەڕاوکەیەکی دیکەشیان هەبوو، ئەم نیگەرانیانە سەبارەت بە هەڵبژاردنی مەجلیسی مۆسسان بوو، کە لە چاخی دانیشتنی فەیسەل لەسەر تەختی پاشایەتی بەردەوام وەدواخرابوو.
بەرپرسانی ئێراق لە دوایی پووچەلکردنەوەی بەرەنگاری شێعەکان، و دوورخستنەوەی ژمارەیەک لە ڕێبەرانیان، ئیستا دەتوانن دەنگدان وەڕیخەنو- بە شێوەیەک بەڕێوەبەرن کەدوور لە هەرجۆرە ڕووداوێکی ناخۆشو چاوەڕوانەکراو بێت: بەگوێرەی دەنگدانی سەرەتایی هەموو مرۆڤێکی ئازەب(هەڵبژراردەراوەی دەوری ئەوەڵ) هەبژاردراوەی خولی دووهەم هەڵدەبژێرنو لە دەنگدانی دووهەم، ئەو هەڵبژێردراوانەیخولی دووهەم، نوێنەرانی مەجلیس هەڵدەبژێرن.
سەیر ئەمەیە کە بەرپرسانی ئینگلیزی پاشان بە ڕوو هەڵمالاّویەکی تەواو لە ژێهاتوویی ئەوشێوە یاددەکەن: زوربەی هەڵبژاردراوانی دەورەی دووهەم – بە تایبەت نوینەرانی عەشایر تەقریبەن بێ جیاوازی لە مەڕ شێوەی بەڕێوەبردنی ماڤی خۆیان لە دەسەلاّتداران داوادەکەن، لە ئاکامدا کەرکووکو سولەیمانیە نوێنەری باشو دەلاّل بۆ مەجلیس دەنێرن.

دنگدانی ڕۆژی 12ی مارسی 1924کۆتایی پێدێ)

کوردستان 17نوێنەری لە پارڵەمانی مۆسیسان هەبوو لەنیو ئەو نوێنەرانەی ژێهاتوو لە هەمووان ناسراوتر شێخ قادر برای شێخ مەحموودو ئەحمەد بەگ تۆفیق لە سولەیمانیەو سالح نەفتچی زادە لە کەرکوکو جەمیل بەگی بابان لە کفریو شێخ حەبیب تاڵەبانی لە عەشاێر، وەبەرچاو دەکەون.
عەجایب ئەم دەنگدانە بەو هەموو فۆڕمەلیتەیەی ئەوجۆرە نەبوو کەخۆی دەنواند.
پاڕڵەمان نەختێک دوایی کۆبوونەوەی خۆی دژایەتی توندی لە بەرامبەر پەیمانی یەکیەتی لە گەڵ بریتانیای مەزن-کە ماوەکەی بە هەرحاڵ لە20ساڵ بەچوارساڵ کەمکرابۆوە دەربڕی! هەڵلا تایبەت لە بەغدا بەرز بۆوە، دوو کەس لە نوینەرانی بۆین بە، بەڵێننامە کەوتنە بەرپەلاماری تێرۆڕ!

داوێی ئەو هەڵچوونە خیرا گەییە کوردستانو لایەنگرانی شێخ مەحموود لەو ڕووداو تاڵە کە،لە کەرکووک قەومابووو لەویدا بە کرێگیراوانی ئاشۆری لە ناو بازێر تەقەیان لە خەڵک کردبوو نیزیک بە پەنجاە کەسیان کوشتبوو قازانجیان لێ هەڵکڕاندو کەسایەتیو ئیحتوباری شێخ مەحموودی یەکو دوو بەلەز، بەرزکردەوە.

ئەو هەڵچوونە تۆفاناویە، لەگەڵ سەرلەناو کەلاف مانەوەی گوماناوی بەرلەوتووویژی بە ناوبانگی (دەماغەی بوسفور) کە بۆ دیاری کردنی سنووری ئێراقو تورکیە لە پەیمانی لۆزان پێشبینی کرابوو بێ پەیوەندی نەبوو.

## 20-بۆمباردوومانی سولەیمانیە(مەی 1924)

بەلام بەرپرسانی بەغدا دەبەر ئەمەدان کە بەلای شێخ مەحموودی
لە کوڵ خۆیان بکەنەوە، ئەوی تەیبەت بەمە سەرکۆنە دەکەن کە بێ ئیزنو ئیجازەی وان دەستی بە قازاخ گرتنو کۆ کردنەوەی پێتاکی ناقانوونیو سەرکوتکردنی خەڵکو دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ نەیارانی وڵات کردووە.
لە20ی مانگی مەی بڕیک قاقەز بە سەر سولەیمانی دا دەخەنە خوارو ڕاستو ڕەوان بە خەڵک ڕادەگەینن ئەگەر بێتوو شێخ مەحموود هەتا 25ی مانگی مەی نەچێتە بەغداو شاربۆمباردومان دەکرێ. ئینگلیزیەکان لە27و28سولەیمانی بۆمباردمان دەکەن، خەسارەی گرینگی ئەم بۆمباردوومانە خێرا شی دەکریتەوە.

بە وتەی بنکەی هێزەکانی عاسمانی سەلتەنەتی بریتانیا لە بەغدا بە هۆی ئەوە کە پێشتر دانیشتوان ئاگادارکرابوون) ژمارەی کوژراوان کەمە، بەلام لە3000هەزار خانووبەرەی شار نزیکەی 50/هەتا/100ماڵ، یەک لەوان عیمارەتی کۆنی شیخ مەحموود زەبری وێکەوتووە.

بەلام بە گوێرەی داوای تورکەکان کەلە 3ی سپتامبەرسکالایان بردبوو بەرسازمانی ملل، زەرەرقورسەو دووبەشی شار بە تەواوی خاپوور بووە. ئەم بۆمباردمانانە لەسەر ئەو هەموو توندو تیژیو قورسایی خەسارە، پێشی بە بەرەکانیو خۆڕاگری شێخ مەحموود ناگریو لە بەغداش دژایەتی لە گەڵ پەیمانی (ئینگلیزوئێراق) قایشی لێ دەکیشرێو تاو دەگرێ.

ئینگلیزیەکان ناعیلاج دەبن بە نوینەری مەجلیسی مۆسیسان بە توندی (بەڵگەبرێن) بدەن: بێتوو بەڵێنامە بەر لەنیوەشەوی 10ی ژوئین پەسن نەکرێ لە نەزەری وان، بە ڕەتکراوە حیساب دەکرێ-بەسەرجەمی ئەو دوا ڕۆژو ئاکامەی کەلیێ دەکەویتەوە.

ئەوکات کە(پەیمان) لەهەڵو مەرجێکی سەیر مەجلیس پەسندی دەکات. 69کەس لە100کەسی نوێنەرانی مەجلیس بە بەشداری دانیشتنێک کە ئیستێک بەر لە نیوەشەوی 10ی ژوئینی 1924 پێکدێت، رازی دەکات و پێشنیارێک بە موافقی پەسندکراوی پەیمان بۆ مەجلیس بەرێ دەکەن و پەیمان بە37دەنگی بۆین لەبەرامبەر 24دەنگی نا، 8دەنگی نەدراوبیچمی قانوونی بەخۆوە دەگرێ. نوێنەرانی کورد لەگەڵ دوو نوێنەری مەڵبەندی مووسڵ لەنیوەی زێدەتر لە دەنگەکانی بۆین دابین دەکەن. فەیسەل حەق بوو کە هەموو تێکۆشانی خۆی بۆ لکاندی ناوچەکانی کوردنشین بە ئێراق تەرخان کردبوو!

## 21-داگیرکردنی سەرلەنوێی سولەیمانیە(19ی ژوئیەی 1924

لە ئەوەڵی ژوئیەی 1924 دەسەڵاتدارانی بەغدا هاتنە سەر ئەو بیروبڕوایە، کە سەر لە نوێ سولەیمانیە داگیر کەنەوە، بەڵگەو عیلەتی گرتنی ئەو بڕیارە بە دورستی ڕوون نییە، بێگومان لەدوایی شکانی وتوو وێژکانی قوستەنتەنییە، کە جارێکیتر دەخۆنەگەیوی شێوازی مووسڵی دووبارە دەکردەوە، ئیراقیەکانو ئینگلیزیەکان دەیانەویست پیرۆزی یەکچەلی لە دەست ڕەقیب وەربگرنو ئەو جاڵەیە، بە یەکجارەکی لە بەرپێی خۆیان هەڵگرن، ئەم تەکەیە،شێخ مەحموود بوو. بێگومان لەم هەنگاوە شوێنی دەستی فەیسەل دەبینین. ئەم بڕیارە بەتایبەت لەو نەزەرەوە سەرنج ڕاکێش بوو کە بێ ڕاوێژ کردن لەگەڵ دەوڵتی لەندەن گرترابوو.
وەزارەتی دەرەوەو، وەزارەتی(داگیرکەری) بریتانیا وەختێک لەم بڕیارە ئاگاداربوون، بەتوندی دژکردەوەیان نیشانداو لەم بارەوە کە گزیری پایە بەرز بڕیارێکی ئەوهای گرینگی بەبێ پرسو ڕاوێژی پێشوو لەگەڵ دەوڵەتی ئەحەلاحەزرەت پاشای ئینگلیزتان گرتووە)یەکجارهەستیان بەسەرسوڕمان کرد، بەڵام نەهاتنە سەر ئەم بڕیارە کە(خەریکی ڕەتکردنەوو پووچەل ڕاگەیاندنی وی بنن) ئیدی درەنگ ببوو، دەوڵەتی لەندەن کاتێک لە بڕیاری بەغدا ئاگاداربوو کە هێزەکانی ناردراوەی بەغدا گەیشتبوونە دەروازەی شاری سولەیمانیەو لە19ی ژوئیەی 1924 سولەیمانیە داگیرکرا.

## 22-ئاکامەکەی

شێخ مەحموود سولەیمانیەی بە بێ شەڕ بەجێ نەهێشت: پاش بەتاڵکردنی شار لەگەڵ 150کەس بەوتەی ئینگلیزیەکان پەنای بردە (تەپۆڵک) کە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی پایتەخت هەڵکەوتبوو لەوێ هەتا 27ی ژوئیەی لەبەر بەرەکانی هێزەکانی داگیرکەر بەردەوام بوو. پاشان بۆ بەرزنجەو لە دوایی بۆ پێنجوین ڕۆیی. جامینخوازانی هەروا هەتا کۆتایی ساڵ لە ڕەخ شار لە زەبرلێدانی هێزەکانی ناردراوی داگیرکەر بەردەوام بوون.
لەکۆتایی نوامبەری 1924 ئەدموندز، یەکەباری خۆی ڕێنوینی بۆمباردومانی ناوچەی (سیک) هەڵکەوتوو لەبەشی شاربازێڕ وەستۆ دەگرێو هێزەکانی عاسمانی بریتانیا بۆ ئەوەڵین جار لەکوردستان لە بۆمبی ئاگراوی کەلک وەردەگرن.
ناوچەی سولەیمانیە مووەقەتەن دەکەویتە ژێر چاوەدیریو سەرافەتی یەکێک لە خاوەن پلەوپایەی سیاسی بریتانیا، بە ناوی(چاپمەن) کە ئەرکی پارێزەر بە ڕیوە دەباو کەڕاستەوخۆ بەگزیری پایەبەرز پەیوەندی هەیە.
ڕۆژی 20ی دەسامبەری 1924مەلیک فەیسەل بۆ یەکەمین کەڕەت دەچێتە کەرکووکو بە بۆنەی ئەم سەردانە بەیداخی ئێراق بۆ ئەوەڵین جار لە سەر، سەردەرانەی دەرگای عیمارەتی حکوومەتی کەرکووک، هەڵدەدرێ. دوایی ئەوەی کە مەلیک دەچێتە(کفری) بەیداخەکە هەروا دەمینێتەوە. بەڵام مەلیک فەیسەل ناچیتە سولەیمانیە.
دەسەڵاتداران دەڵێن (شار) بەفری لێکەوتووە، ڕێگاوبان بەستراون..لە ڕاستی دامەلێک فەیسەل زاتی نەدەکرد بەم زوانە بچێتە پایتەختی کوردستانی باکوورو نەتەوەخوازانی کورد هەترە

بکات.  لە ڕاستیدا فەیسەل قوماری سیاسی بردبۆوە، تەکەی لەدەست دابوو، شێخ مەحموود چووبوو ئیران.
ساڵیک دوایی لە16ی دەسامبەری 1925 سازمانی ملل ڕاپۆرتی (کمیسیۆنی لێکدانەوە) سەبارەت بە لکاندنی پارێزگای مووسڵ بە ئیراق پەسەند کردو خەتی بەناوبانگی (برۆکسل) بە سنووری تورکییەو ئێران ناسرا.
ئەمما کوردەکان-سازمانی ملل لە دەوڵەتی بریتانیای داواکرد(بۆ پێکهێنانی دەمو دەزگایەکی ڕێوەبەری ناوچەیی هەنگاوی پێوست هەلێنێت.

## فەسڵی 4- شورشی شیخ سەعید 1524

هەڵوەشانی خەلافەت لە لایەن مستەفا کەماڵو ڕاگەیاندنی کۆمارلە3ی مارسی 1924پەردەی لە سەر نهێنیکاری ڕەگەز پەرستانی تورک کەلە1918بەم لاوە بۆ لاواندنەوەی کوردانو کەلک وەرگرتن لەوان بەدژی ئینگلیستانو یۆنانو گرتنەوەی پارێزگای مووسڵ بەزانینو هەڵسەنگان بەسەرنیەتو بیروڕای خۆیاندا هەڵکێشابوو، لادا.
هەودایەک کە کوردەکانی بە ئەمپەڕاتووری عوسمانی گاودەکرد-یانی ڕێزو حورمەتی (خەڕافات) سەخمەرات بەخەلیفە-کە بۆ خۆی هێندیک هۆی بەرپرسایەتی تیشکانی تێکۆشانی نەتەوەخوازانی قوستەنتەنیەبوو-بەجۆرێکی چارە نەکراو پساندرابوو.
بەڵام مخابن ئەو هەنگاوە زۆردرەنگ هەڵێنرا، چونکەلەو جەنگەدا کوردەکانی باکوری تورکییە، ئامادەی شەڕوخەبات لە پێناوی سەربەخۆیی بوون، لیک پرشو بڵاوی ئەمپەڕاتووری عوسمانی کامڵ ببوو و کۆتایی پێهاتبوو سنوورەکانی نوێ دیاری کرابوون. ئەوحەولو تێکۆشانە ئیدی بیروبۆچوونو سەرنجی چ کەسێکی بۆ لای خۆی ڕانەدەکیشا، کوردەکان کەلە چوارچێوەی بەرتەسکی ئاناتۆلیو ئێران لاتەریکو تەنیا مابوونەوە، ڕاپەڕینو شۆڕشیان کردو بەبوێریو قۆچاخانە جەنگین بەڵام کەس شایەتو چاولێکەری سەرکەوتنەکانیان نەبوو.
کوردستانی باکوور لە1921 هەتا 1937 بەکردەوەو بێ نێوەدانو پسانەوە،لە حاڵی شۆڕش دایە بەڵام ئەو شۆڕشانە کە هەتا ڕادەیەک ناوی شێخ سەعید(1925)وشۆڕشی ئاراڕات(1930) وڕاپەڕینی دەرسیم(1937یان بەخۆوە گرتووە، بەشێکی ئەوتۆی لێ نەزانراوە.

### 1-شۆڕشی شێخ سەعید

لە15ی فۆرییەی 1925 هەواڵدەری ئاناتۆلی لە دەنگوو باسەکی کورتدا ڕووداوی تێکهەڵچوونێک لە گوندی پیران نیزیک گەنج، لەنێوان پۆلەکی جاندارمو کەسێک بە ناوی شێخ سەعید کە پەنجا کەس لە مریدانی لەگەڵ بوون ڕاگەیاند... بەگوێرەی ئەم خەوەرە لەم ڕووداوە دا، دوو ژاندارم کوژرابوون.

لە23ی فۆرییە چاپەمەنیەکانی تورکییە گوتیان کە ئەم (هێرشەڕێگرانە) شتێکی مجدتربووە، بەڵام هاورەدیفی نیزامی بریتانیا لە قوستەنتەنییە هێشتا لە سەر ئەم گۆمانەیە،کە دەوڵەتی تورکیە بەهۆی بیروبڕوای سیاسیو سیاسەتی ناوەخۆ بۆ ڕەکێش کردنی دژخوازان یان لە نێوبردنو قەڵتوبڕ کردنیان مەسەلەکەی قەبە دەکاتەوە.

لە24ی فۆرییەی وەزیری ناوەخۆی تورکییە ڕادەگەێنێ کەپڵان ئەمە بووە کە لە کۆتایی مارس شۆڕشێکی گشتی بخرێتە گەڕ، ژمارەی لایانگرانی شێخ سەعید7000کەس پترتێپەڕ دەکاو لەنێویاندا گروپێکی قازاخی ڕاکردوو دەبیندرێ.

هێندێک لە ڕۆژنامەکان دەنووسن کە بریتانیای مەزن شۆڕشگێرەکان ئاریکاری دەکات. لە سەر ئەمەشرا ڕۆژنامەی(وەتەن) بۆچوونی ئەوەیە کە ڕیشەی ڕاپەڕین لە ناوچەیە.

لە26ی فۆرییە چاپەمەنیەکان ڕادەگەینن، کە تەواوی ناوچە لە بەردەستی شۆڕشگێڕان دایەو بزوتنەوە لە بنەڕتدا سروشتێ مەزەبیـیەو ئامانج ئەوەیە کە یەکێک لە کوڕەکانی سوڵتان عەبدولحەمید لە سەرتەختی سەلتەنەت دانێن. بەڵام چ ڕۆژنامەوانو دیپلۆماتی ئۆڕوپایی ناتوانن لە جەرەیانی شۆڕشی شێخ سەعید هەتاسێ ساڵ دوایی وی، بچنەکوردستانو لە بەرامبەر، ڕاپۆرتەکانی یەک لایانەی چاپەمەنیەکانی تورک، مرۆڤ مەجبوورە دەکا، گومانی ڕێنێشێتو پەنا بۆ شک بەرێ...هەتا ئەمرۆش بە لە بەر دەست دا بوونی هێندێک بەڵگەو سەنەد نوێکردنەوەی گرێی ئەم ڕوداوە ئیکجار دژوارو چەتوونە

جیگا نەخشە------------------ی کوردستان

2-شێخ سەعید

سەیر ئەمەیە کە لە سەرئەمەش ڕا ئەم پیاوە کە ڕێژیمی مستەفا کەماڵی لەرزاند بە کردەوە شتێکی لێ نەزانراوە. تەمەنی و بەژنو باڵاو قەلافەتی وی، دەموچاوو ڕوخساری، بیچمی بۆ ئێمە شەراوەن.

ئەو وتارانەی کە چاپەمەنیەکانی تورکییە لە بارەی محاکمەکەی کە لە دیاربەکر، بەڕێوەچووە بڵاویان کردۆتەوە، بێگومان ئەم هەلە بۆ مرۆڤ ناڕەخسینێ کە وێنەیەکی ڕووناک لە کەسایەتی وی لە مێشکدابکێشێ.

شێخ سەعید کە تورک ئەوی بە پیاوەکی گوندەیی خەرفاو کەم ئاوەز دەناسینن، جێگری بابی خۆی شێخ عەلی کەلەشێخەکانی نەخشبەندی ناوچەی(پاڵۆ) بوو مرۆڤێک بوو کەوتەجێو بەتەقواو دیندارو ناوبانگ خۆش.

داوەری سەخمەرات بە بیروبۆچوونی ویش چەتوونە ئاخۆ شۆڕشی وی زێدەتر لە هەموو شتێک ڕاپەڕینی مەزەبی دژی حکوومەتی ئانکارا بوو کە ساڵیک پێشتر خەلافەتی هەڵوەشاوەڕاگەیاندبوو یان لە بنەڕەتدا ڕاپەڕینی نەتەوەخوازی بوو؟

هەتا ئاگاداری لە سەرناوی ئەو کەسانە کە ئەویان ئاریکاری کردوەو لە گەڵیشی دابوونە ئیمکانی ئەمە بەمرۆڤ نادا کە وەرامێکی پوختو پاراو بەم پرسیارە بداتەوە، چونکە لایەنگرانی مستەفا کەماڵ لەم شۆڕشەدا بۆ سەرکوتی سەرجەمی دژکارانیان کەلک وەرگرتو تەواوی ڕێبەرانی کوردیان چ ئەوانەی ئاخۆ لە بزوتنەوەکەدا بەشداریان هەبوو یان نەبوو لەناوبرد! هەربەم جۆرە کەسایەتیەکانی نەتەوەخوازی کورد کە لەبزوتنەوەکانی ساڵی 1919(کارگێرانی

ماژورنوئل) بەشداریان کردبوو یان بۆخۆیان بەم دەلیلە کە بەناوی ڕێبەرانی ڕاپەڕێوی نەتەوەی کورد ناوبانگیان دەرکردبوو بەگشتی دەست بەسەرو ئیعدام کران.

بە ڕوونی مەعلووم نییە کە ئەندامانی تاقمەی سێواتدارانی کورد وەکوو دکتۆر فەواد لە دیاربەکر، تۆفیق بەگ پارێزەری دادگوستەری ئاخۆ لە هاوکارانی شێخ سەعید بووبن.

بەڵام شێخ عەبدولقادر کوڕی شێخ عەبەیدوڵلا کەبووبە(قۆچی قوربانی پیلانی پۆلیس)-زورو کەم لەوشۆڕشەدا بەشداری نەبوو.

فەقەت هاوکارای دوور لە گومانی شێخ سەعید دووکەس بەوناوانە بوون: خالەبەگ سەرۆکی عەشیرەتی جبرایلیو سەرهەنگ نورس بەرپرسی پێشووی تیپی حەمیدیە.

## 3-خۆحازرکردن بۆ شۆڕش

سەرەتای چێرۆکی خەماوی شێخ سەعید لەنوامبەری 1924 دەست پێدەکات. لەم کاتەدا ئەو بێ ئەوە نییەتی خۆی وەشاریتەوە لە گەڵ نێزیکەی سەت سوار بە نەزەری سەرلێدان لە عەشێرەتی دەورو پشتی دیاربەکر، وەڕێدەکەوێ. ئەم کردەوە لەلایەن ڕێبەرێکی مەزەبیو ئیکجار دەوڵەمەندو خورت کە هەتا ئێستا چ وەختێک نیشانەیەک لە دوژمناتی لەگەڵ حکوومەتی نەخستۆتە بەرچاو بۆکەس جێگای سەرسوڕمان نییە.

بەمجۆرە شێخ سەعید بێ ئەوە گومانی کەسێک داڕوشێنێ یان کەسێک وەشک بخات لە سەرانسەری ناوچە دەستی بەتێکۆشانێکی بەربڵاوی مەوعیزەکرد. خەڵکی هەموو ئەو گوندانەی کەئەو پێیاندا دەڕۆیی وەدوای خۆی دەخست. لە وەرزێرانی کورد داوا دەکرد کە بۆ خەزا دژی بێدینانی ئانکاڕا یەکگرتووبن. متمانەی تەواوی پێدەدانو دڵنیای دەکردن کە لەبەڵاو موسیبەت دەپارێزرێن. هەروا داوای لێدەکردن بۆ خودمووختاری بجەنگن.

هۆی سەرکەوتنی پڕوپاگەندەی شێخ سەعید زورو کەم ڕوونە

دەوڵەتی ئانکاڕا لە ماوەی پەیمانی لۆزانو هەڵوەشانی خەلافەت دەستی بە زنجیرە کردەوەیەک دژی کورد کردبوو. سەرۆکانی کوردی دوور خستبووە. جگە لەوەش وەزعی ئابووری وڵات باسێ لێ نەدەکرا کە چەندە مووسیبەت باربوو، بە نوێکردنەوەی بنکەکانی ئیداری وڵات پاڕیزگاکانی پێشوو هەڵوەشاوە ڕاگەیاندرابوون. لە جێی فەرمانداریەکانی بەرێ کە ئێستا ببوون بەپارێزگا، والی لیی ڕۆنیشتبوون، کە زۆر بێڕوحمتر گەندلو فاشێستتر لە فەرمانڕەوایانی بەرێ بوون.

لە ئاکامدا دەوڵەتی تورکییە بە سیاسەتی (تورککردنی) ناوچەو بەخشێنی مڵکی ئەرمەنیەکانی دوورخراوە یان قەڵتو بڕ کراوو کوژراوهەتا زەویوزارو خانووبەرەی کوردەکانی هەتڵەو هەڵاتوو بەمل چیاو، یان دوورخراوی شەڕی یەکەمی دنیاگر، بەکۆنە قازاخانی تورک، تەواوی گوندەیەکانی کوردی بەکردەوە لەخۆ بیانی کردبوو.

## 4- خۆتێهەڵقوتاندنی ئینگلیز

ڕاپەڕین کوردستان لە سەردەمێک داهاتۆتە کایە کە ئەندامانی (کمسیونی لێکۆڵینەوەی) نیودەوڵەتی بۆدیاری کردنی پاشەڕۆژی مووسڵو دیاری کردنی تخووبی ئێراقو تورکییە لە مووسڵ دانیشتنیان هەیە! بۆ مستەفا کەماڵ گومان لەوەدا نییەکە ئەو شۆڕشە ئینگلیزیەکان وەڕێیانخستووە!

تورکییە لە مەترسی دایە... ئینگلیستان پاڵ پشتی کوردانە... بەردەوام دژی تورکییە لەکوردان کەلک وەردەگرێ... دەستەودەیارەکانیان بەردەوام لەناوچە لەهاتوو چۆ دانە. عەشایر پڕچەک دەکەنو دنە دەەن.

ئینگلیستان مووسڵو نەوتەکەی دەوێ. ئاچەری مووسڵو ئێراق لەدەست کوردان دایە)

خاوەن بیروڕای بێ لایەنیش بە هاوکاتی ئەو دوو ڕوو داوە ئەنگوست ڕادێرن( ڕوژنامەکانی تورک، ئینگلیستان تۆمەتباردەکەن کە یارمەتی دەری ئەم بزوتنەوەیە. وادابنین ئەمە تۆمەت بەدەر نەبێ، بەڵام لە ڕاستیدا دەبێ عافەریم لەو بەختە بکەین کە هەمیشە دۆستانی گاس نەکراوی ئینگلیزی خستۆتە بەرلوتف!)

بەڵام لە قوستەنتەنییە (ئاڵبرسارۆ) سەرکۆنسەلگەری فرانسە، ئەوقسە پشت ڕاست دەکاتەوەو دەڵێ: مەحکەمەکان چ بەڵگەی باوەڕ پێکراو ناخەنە بەرچاو کە بۆ دەست تێوەردانی ئینگلیستان ئەنگوستی ڕاستەو خۆ ڕادێرن.)

لە ڕاستی دا ئینگلیزەکان لە سەرەتاوە لە خۆیان پرسیاردەکرد نەکا ئەم شۆڕشە پیلانێک بێ لەلایەن دەوڵەتی تورکییە! هەتا هێزەکانی خۆی لە ناوچەی سنووری پاریزگای مووسڵ سەقامگیر بکات دوایی بە بیانووی پێشگیری لە یارمەتی کوردەکانی مەڵبەندی دیاربەکر بە شۆرشگێڕان، هێزەکان خۆی بۆ ناوچە بنێرێت!

## 5- پلانی شووڕەویەکان

بە وتەی ئینگلیزیەکان خالدبەگ جبرانلی لە گەڵ کۆنسۆلی ڕووسیە لە(ورمێ) پەیوەندی گرتووە، دژکردەوەی کۆنسوولی ڕووسیە (نەریتی) بوو...ئەم قسەڕاست یان ناڕاست ئەوە دەگەێنێ: کە شۆڕشی شێخ سەعید بەهۆی کەمتەرخەمی بێ حەدو سنووری زلهیزەکانی ڕۆژ ئاوا بەرفروانتربۆوە لە ئاکامدا تێکشکاندرا. لە حاڵیکدا حکوومەتی یەکگرتووی شووڕەوی بە شێوازێکی زۆرفەرمی بە زوانی (ایزوسیتا) ئەوی بەڕاپەڕینەکی دەرەبەگیو دژ بەئینقلابی کوردان ناو دەبرد، کە بۆتنە وەرگیرکەی دەستی ئینگلیستان.

## 6-ناکۆکی نێوان ماقولو مەزنی شارەکان

زورپێ ناچی شایەتی کەلێنێک دەبین، کە لەنێوان شارەیی و گوندەیەکان دەکرێتەوە. لە دیاربەکر ژمارەیەک لە کەسایەتی ڕەگەڵ کەماڵیستەکان دەکەون:

پرینجی زاد سەدیقی، بەرپرسی حیزبی خەلکو سێ کەس لە نوینەرەکانی ناوچە لە مەجلیسی ئانکارا یانی: پرینجی زاد فەیخی بەگ وەزیری پێشووی ناوەخۆو مفتی زادە شەرفو زلفی زاد. ئەمما هەتا قەبیلەی جەمیل پاشازاد کە بێگومان لە مەوزوع ئاگاداربوو بە ڕەواڵەت خۆی تێکەڵ نەکرد.

قاسم برای ئەرشەد کەلە 1919تۆمەتبار بە هاودەستی لەگەڵ بوو، بۆ لەناوبردنی هەرشکو گومانێک ئاشکرا چووبوو قوستەنتەنیە.

یەکێک لە ئەندامانی تایفە-محەمەد بەگ هەتالە سەرکوتکردنی شۆڕشێش دابەشداری کردو بە سەرۆکی تاقمەیەک(جاش) لە ڕەخ قۆشەنی تورک بە دژی لایانگرانی شێخ سەعید چۆ شەڕ.

## 7-سەرەتای شۆڕش

هێند پێناچێ شێخ سەعید بەسەرۆکی هێزێکی/ 10000کەسی پێکهاتوو لەلایەنگرانی کە حازرن بەگیانو دڵ لەپێناوی تێ بکۆشن. بەڵام ئەو هێزەچەکو تەقەمەنیو کەلو پەلی نییە، پتری خەڵکەکە جیا لە شیرونیزە چەکی دیکەیان نییە، دەست پێکردنو پیکهەڵپرژانو پێکدادان لە نێوەراستی فۆرییە ڕوودەدا.

بە دوای ڕووداوێک کەلە 13ی فۆرییەی 1925لەپیران لە تەقەو لێکدانیکدا لە گەڵ لایەنگرانی شێخ دەقەومێ فەرماندەری پادگانی دیاربکر، پینج گوردان لە پۆلە هەڵبژێردراوەکانی پادگان بۆ بەرەنگاری شۆڕشگێرەکان دەنێرێ. لە22ی فۆرییە بریندارەکان دەگەنە دیاربەکرو حیکایەتی پر مەترسی دەگێڕنەوە. کوردەکان هەرپینج گوردانی ناردراوەی دەوڵەت خرۆپتوون بەهەموو شتەوە لەناو دەبەن.

لە24ی فۆرییە بە ئەستەمو پشێوی بوونی وەزع دەسەڵاتدارانی تورک لە دیاربەکرو خارپووتو ئۆرفە وەزعی نائاسای ڕادەگەینن. ژمارەیەک لە کەسایەتی ناسراو دەخەنە بەند، کە دوو کەس لەوانە جەمیل پاشازاد ئەکرەمو دختۆر فوادە.

## 8- ئازادکردنی خارپووت26ی فۆرییەی 1925

لە26ی فۆرییە لە دوایی گەینە جێی لایانگرانی شێخ سەعید بۆ خارپووت، پەیوەندی ئەو شارە لە گەڵ دیاربەکر دەپچڕێ... شارخێراچۆل دەکرێ. بەللی نییە ئاخۆ هێزەکانی دەوڵەتیان لەم شارە ڕاوناوە، یان کوو ئەم هێزانە بەخوازیاری خۆیان لە دوایی خۆ بەدەستەوەدان تەسلیم کردەنەوەی چەکو چۆڵ شاریان بەجێ هیشتووە!؟

بەڵام ئێستا هەموو ناوچەی هەڵکەوتوو لە باشووری دیاربەکر لە گەڵ ئەرغەنە، پالۆ، پیرانو خارپووت، لە دەست شۆڕشگێران دایە.

بەوتەی ڕۆژنامەی دەوڵەتی (جەمهوریەت) واحیدەکانی ئەرتەشو ژاندارم- کە لە خەڵکی ناوچەیی پیکهاتبوون- پاڵیان وەشۆڕشگێران داوە، دەمو دەزگای دەوڵەتی ئانکارا هەنۆکە(بەڕاستی تووشی سەرلێ شێواویو ترسولەرز بوونە)

## 9-گەمارۆی دیاربەکر4-7ی مارسی 1925

لە دووهەمی مارس هێزەکانی شێخ سەعید چەند ساعاتیک زێدەتر لە دیاربەکر دوورنین، دەسەلاتدارانی تورک لە27فۆرییەخەلکی شاریان چەک کردوون.

لە چوارمی مارس چونکە شار دەکەویتە مەترسی گەمارۆ فەرماندەری پادەگان بیست قەبزە تۆپ لە برجی شار دادەمەزرێنێ، قوتابخانەو قازاخانەو نەخۆشخانە کەلە دەرەوەی حەوشەی شار هەلکەوتوونە بەتال دەکاتو ئەو کەلێنانەی کەبۆ هاتنە ناو شار لە دێواری حەسارکراون بە کەرەسە بەرەبەستیان دەکات.

هێرش بۆ ناوشار لە نیوەشەوی حەوتەمی مارس لە دەروازەی خارپووت دەست پێدەکا، هێرشەکە بەرپەرچ دەدرێتەوە. کوردەکان تووشی زەرەرێکی قورس دەبن... بەلام لە ساعاتی دووی بەیانی لە دەروازەی ماردین دەست بەهێرشێکی قورس دەکەن، تاقمەیەکی 100کەسی سەرکەوتوو دەبن بە نهێنی خۆ بگەیننە ناوشار. ئەم گروپە پێگەیەکی هەلکەوتوو لە نیزیک حەسار بەردەست دەکەنو هەموو چەکدارەکانی ئەو مۆلگەیە دەکووژن. وەدەچن کەلە پشتەوەڕا خەتی بەرگری شاربەردەست کەن بەلام لووتو بزووت تووشی پۆلە سوارێکی تورک دەبنو لە ناو گەرەکو کۆلانی شار لە ناو دەچن... لە ساعەتی 3ی بەیانی وردەوردە هەست بەماندو بوون دەکەنو لە کازیوەدان پاشەکشە دەکەن...

پادگانی دیاربەکر کە چەند سەد قازاخ پترنییە، لە بەرامبەر هێرشی شەش هەتا هەشت هەزار کورد خۆ ڕادەگرێ. ئەوڕاستە کە سەربازەکان لە پەنا حاشارگەو حەوشەو حەسارەکی قایم دەجەنگین بەلام بە هەرحال بەربەرەکانیان دەکرد.

ئەوناسەرکەوتنە بۆ شێخ سەعید شکانێکی گەورەبوو! چونکە بەڕاستی شاری دیاربەکر ئامانجی گرینگی ئەوبوو. خۆگەیاندنی هێزی یارمەتی دەری تازە پشووی تورک پێشگیری لە هەنگاو هەلێنان بۆ هێرشێکی تازەبوو.

دەسەلاتدارانی تورک، لە هەشتەمی مارس تەرمی ئەو هێرش بەری کوردانیان کە بە شەو کوژرابوون لە کوچەو کولاناندا بۆ تاماشا دەگێرا. سەرجەمی دانیشتوانی دیاربەکر لە چواردیواری شار دا زیندانی کران، گەڕەکەکانی کوردان مال بەمال شێش کوت دەکران، سەدان کوردی زازا بە تۆمەتی هاودەستیو هاوکاری لەگەل شۆڕشگێڕان خرانە گرتووخانە، لە ڕاستی دا بەپیچەوانەی دەنگۆیەک کە لە ئانکاڕاو قوستەنتەنییە بلاو ببووە ئەو خەلکە شۆڕشگێڕانیان بۆ ناوشار ڕێنوێنیو ئاریکاری نەکردبوو بەلام ئەمە بیانوەک بوو کە بۆ بێگیانکردنی خەلکی گومان لێکراو) کەلکی لێ وەرگیرا.

تەواوی کاتی شەو، پاشانیش تەقەو دەسڕێژ لەوکوردانەی کە بەر لە تەقەش ڕایان کردبوو دەیانەویست خۆیان لەشار دەرباز کەن لە دیاربەکر ئاوازەی دەداوە!

## 10-بەرفرەوان بوونەوەی شۆڕش

شێخ سەعید کە لە نیزیک دیاربەکربوو لە10ی مارس بەلاوە سەرنجی بۆ باشووری ڕۆژئاوارادەکشرێ، سولیوان، هزرو، ئەرغەنە، چرمک، ئازاد دەکات ئەوجار دەچێتە سیورک.

لە دوایی نیوەی مارس بە بەرفراوان بوونەوەی داوێنی شۆڕش تەواوی ناوچەکانی کوردستانی تورکییە هەڵکەوتوو لەڕۆژئاوای گۆلی (وان) دەکەویتە بەردەست لایەنگرانی شێخ سەعید.

شۆڕشگێران لە دوایی بەرپەرچ دانەوەی هێرشی ئەرتەشی تورکییە دەست بەسەر بینگۆڵو کیگی دادەگرنو لەڕۆژ هەلات هەتا مەلاگر، دەچنەپیشو لە باشوور سەیرەت،کە بە سەر سێلوانا دا دەڕوانی ماردین دەخەنە بەرهێرشولە ڕۆژئاوا هەتا مەلاتیە دەچن- بۆ مەلاتیەش هیرش دەبەن.

لەو کاتەدا دڵەڕاوکەی دەوڵەتی تورکییە ئەوهایە کە دەکەوێتە بەر ئەوە خۆ باوێتە باوەشی زلهێزەکانی ڕۆژئاوایی بە تایبەت فڕانسەو لە ماوەی چەند ڕۆژدا گەڵیک گرێپوچکەی هەڵاوەسراو سەبارەت بە کارەکانی لە گەڵ فڕانسە جێ بەجێ دەکات.

11-بنکەی سەرکەوت

بەڵاسم دەوڵەتی تورکیە دوایی ماوەیەک تاساو سەرلێشێواوی پشووی دێتەوەبەرو پیلانی سەرکوتکردنێک دادەڕیژێ کەئیکجار بێڕحمانەیە!

بۆ ڕێبەرایەتی عەمەلیات، دژی کوردەکان کەماڵ ئەدین پاشا، کە بە بۆچوونی وەزارەتی جەنگی ئینگلیستان یەکێک لەباشترین ژەنەڕاڵەکانی تورک لە باڵوێزخانەی بێرلین، بانگ دەکرێتەوە.

لە سەرەتای مارس دەسەڵاتدارانی تورک لە دەوڵەتی فڕانسە داوا دەکەن ئیجازەیان پێ بدا بۆ گواستنەوەی بیست هەتا بیستو پینج هەزار سەربازوسەرجەمی چەکو تەقەمەنی بۆ مەیدانی شەڕ، (ڕۆژێ چوارقەتار) قازاخ لە ڕێگای خەتی ئاسنی بەغدا بۆ ناوچە بنێرن.

دەوڵەتی تورکیە هەروا لە5ی مارس دوو (دادگەی سەربەخۆ) بەرزدەکاتەوە.

حوکمەکانی ئیعدام کە مەحکەمەکانی ئانکارا دەریاندەبڕی بۆ پشت ڕاستکردنەوە دەیاننادرە مەجلیس، بەلام بڕیاری ئەو مەحکەمانەی ناوچەکانی شۆڕش دەستوجێ بەڕێوە دەچوون.

مستەفاکەماڵ سەر لە نوێ لە عیسمەت پاشا، بۆ سەرۆک وەزیران دەعوەت دەکات ئەو لە9ی مارس سەرۆک وەزێرانێکی هەیە کە ئامادەیە سیاسەتی سەرکوت بەڕێوەبەرێ کە مستەفا کەماڵ دەیەوێ!

ئەو فەرمانەی بەهێزەکانی سەرکوت دراوە، یەکجار توندو تیژە:( ئاوایەکانی هەڵکەوتوو لە ناوچەی شۆڕش لە گەڵ هەرد ڕاست کەنەوە، بە هیچ کام لە ڕاپەڕیوەکانو ماڵو منداڵیان ئیجازەی دەرچوون نەدەنو نەهێڵن دەربازبن، ئەو دەرسە دەبێ هێندە مەترسی هێنەربێت هەتا هەتایە دانیشتوانی ولات لە بیری نەکەن)

بەڵام عەملیات یەکدابەدوو دەست پێناکات، هاتنی قۆشەنی سووریە بەخەتی ئاسنی بەغداو نشتەجێکردنیان لە ماردین هێندێ وەخت دەگرێت.

جگە لە وەش دەوڵەتی ئانکارا دەبێ لەگەڵ(تەوژمی ئابووری) بەربەرکانی بکات کە لە ئاکامدا مەترسی وی لە ڕاپەڕینی کوردان پترەبێت. دەوڵەت لە20ی مارس لە پاڕڵەمان داوا دەکات، بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ شۆڕش بودجەیەکی10ملوین لیرەیی تەرخان کات.

12-عەمەلیاتی نیزامی دژی کوردەکان

عەمەلیات لە کۆتایی مارسی 1925 دەست پێدەکات. هێزەکانی دەوڵەتی بۆ بەرگری لە کارتێکردنی شۆڕشگێران لە ناوچەکانی ڕۆژھەڵاتو گرێدانی ڕێگەی پاشەکشەیان بۆ ئیراقو ئێران، ھەر لە سەرەتاوە دەورەیان دەگرن.

کوردەکان زورزوو لە تەواوی ئەو شارانەی کە ئازادیان کردوون ڕاو دەنرێن، ئەوجار تێدەکۆشن لە چیای گەنج دەست بە بەربەرەکانی بکەن بەڵام ھێزەکانی یارمەتیدەر کە لە نیوەڕاستی مارس لە دیاربەکر نشتەجێ بوونە لە8ی ئاوریل بۆکۆتایی ھێنان بە شۆرش دەکەونە عەمەلیات...مەسەلەکە خێرا دەکەویتە قووڵکە...چونکە لە5ی ئاوریلی 1925شێخ سەعید لە نێزیک(گەنج) لەگەڵ سی کەس لە لایانگرانی بریتی لە ژمارەیەک شیخو ئاغاوەت بە دیل دەگێرێ. بە ھۆی ھێندیک دەنگۆ لە مەسەلەکەدا کە بۆ سەری شێخ خەڵات دانرابوو خەیانەتی پێکرا.

تەواوی عەسکەری ئەو پێنج گوڕدانەی کە لە فۆرییە لە دیاربەکر ناردرابوونو بە دیل گیرابوون لە ئۆردۆگای شێخ بەساخو سەلامەت دۆزرانەوە...( ئەمە بۆخۆی شایەتی لە خۆیەو نیشاندەدا کە شێخ سەعید لە شەڕدا کە کردویە چەندە میھرەبان بووە، ویدەچی ویستبێ بە مانای وشەی لێبوردوویی داکۆکی یان نێوبژی زلھێزەکانی ئوروپایی بۆ خۆی دابین کات. ئیستا عەمەلیاتی نیزامی بە مانای وشەی ڕاستەقینە کۆتایی پێھاتوە بەڵام سەرکوت ھەروا بەردەوامە!

13-سەرکوت

ئێستا سەرکوت لە کوردستانێک کە بە دەست /30000عەسکەری تورک داگیرکراوە ئیکجار توندو تیژو وحشیانەیە، لە دیاربەکر بەشی زۆری زازاکان کە دوایی گەمارۆی شار لەلایەن ھێزەکانی شێخ بەند کرابوون لە دەرەوەی شار بە دەستی قازاخی تورک وەبەردەستڕێژی ڕەشاش دەدرێن یان لە مەیدانی گشتی شار لە سێدارەیان دەدەن! بێ ئەوە ھزرێکی موافیقەت یان دژایەتیان بە میشکیدا تێپەڕ ببێت. بێ تەفاوەتی مەحکوومانیش کەمتر لە تەماشاچیان نییە: لە بەڕێوەبردنی وەحشیگەریەک کە سەبارەت بە ئیعدامەکان دەکرا زوربەی نیوساعاتیکی نەدەکێشا، نە کەسێک لەوان، دەپاڕاوە و دەلاڵاوەو نە ھەڕەشەشی دەکرد.)

لە15ی ئاوریل بەم لاوە چوارکەس لە کەسایەتی کورد کە دوویان بریتی لە: یوسف زیا نوێنەری پێشووی مەجلیسو سەرھەنگ پەلید، لە قەنارەدران.

لە18ی ئوریل شێخ عەبدولقادر کە لە مەڵبەندی قوستەنتەنییە نەبزوتبوو لەگەڵ دوازدەکەس لە کوردی دەنگین خرانە، بەندیخانە. پاشەڕۆژی چارەنووسی کوڕی شێخ عەبەیدوڵلا خەماوییە: ئەو کە لە ساڵی 1913لە خۆفی تۆمەت بۆ ھەڵبەستن(خائین بەولات)لە گەڵ ماژورنوئل نەچووبوو کوردستان، شەش ساڵ دوایی، بوو بە سەدەقەی پیلانی پۆلیس: لە کۆتایی ساڵی 1924 یەکێک لە ھاوکارانی شیخ لەگەڵ(تمپلی)ناوێک کە خۆی بە ناوی بەرپرسی کاروباری ڕۆژھەڵاتی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیزتان ناساندبوو پەیوەندی دەگرێ، بەڵام ئەو کابرایە لە ڕاستی دا ئیستخباڕاتی پۆلیسی تورکییە بوو! شێخ لەگەڵ ناوبراو بەڵێنامە گرێدەدا(وەک ئەو پەیمانەی کە ئینگلیستان لەگەڵ شەریفی مەکەی گرێداوە) لەسەربنەڕەتی شایەدو بەڵگەی یەقین، شێخ عەبدولقادر

دەسەر پێچەقاندنی کوێرەکوێرەی خۆی گەڕاو بە تۆمەتی هاوکاری لە گەڵ ئینگلیزەکان مەحکووم بەئیعدام بوو بە سێدارە ئەسپاردرا.

## 14- مەحکەمەکانی سەحرایی

لە ئانکاراو دیاربەکر دادگاکانی سەربەخۆ، بێ نێوەدان وەگەڕ کەوتبوون. لە دیاربەکر یەکەمین پەروەندە کە دەکەوێتە بەرلێکۆ ڵینەوە، هی دکتۆر فوادە.
ئەو کەبێ لێبڕانەوە حازری چاکەو پیاوەتی بەلایانگرانیەتی، ئەوەندە جێگای مەترسی نییە. دوکتۆر فەواد دوایی مەحکەمەکی کورت ئیعدام دەکرێ، نەفەری دووهەم ئەکرەم جەمیل پاشازادەیە، پاشان نۆرە دەگاتە شێخ سەعید...چەند ڕستەیەک لە دادنامەی دادستان نیشاندەدا کە شێخ سەعید تەنیا دەمارگرژێکی مەزەبی نەبووە: سەبەبو ڕیشەوبنچینەی شۆڕشێک کە چەند لەمەو بەر لە پارێزگای ڕۆژهەڵاتی سەرزەمینی خوداپێداوی تورکییە سەری هەڵدا، وەکوو ئەوانەیە،کە...بوسنە، و هرزەگوین- ی تووشی گۆڕانکاری کرد...ئارمانو ئامانجو بیروڕایەک کە بوو بە هۆی هەلایسانی شۆڕشی کوردان، کە هەروەکوو ئەویە کە سوورییەو فەلەستینی تووشی چارەرەشی کرد...ڕێنوێنی بەشێک لە ئێوە، فیزوتەکەبرو خۆبینی بوو، هینديک کەوتبوونە ژێر تەوەژمی کارتێکردنی ئارەزوو تەماحی سیاسی بیانەکان، بەلام لە سەریەک هەمووتان خاڵەکی هاوبەشتان هەیە کە دەتانەویست کوردستانی سەربەخۆ پێکبێنن! ئێستا بایەخی تاوانی خۆتان لەسەر سێدارە وەردەگرنەوە.
سەرکوتی وزەبروزەنگی مەحکەمەکانی شۆڕش خێرا لەناوەخۆی وڵاتدا بیچمی عەمەلیاتێکی سیاسی بەرهاوەڵا بەخۆوەدەگرێو دژی هەموو هەودارو لایانگرانی ڕێژیمی خەلیفایەتیوکمونیستەکان، تایبەت (حیزبی تەرەقیخواە) کە بە هۆی قورسای کەسایەتی سەرۆکەکانی لە سێرەی چاو، دوژمنێکی مەترسیداربوو، وەکار دەکەوێت. هاودەستی و هاوکاری (حیزبی ترەقیخوا) لەگەڵ شۆڕشگێڕان قەت بەڵگەی نەکەوتە دەست. بەڵام کوردەکانی دیاربەکرو قوستەنتەنییە بەوحیزبە، کە بەرنامەی وادەی جۆرێک (ناناوەندی ئیداری بوو)کە وەڵامدەری داخوازی سەرۆکانی کوردبوو،پێیوەلکابوون. هەر وەک یەکێک لە دەسەڵاتدارانی پایەبەرزی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیستان دێنێتەوە بیر کە مستەفاکەماڵ بە کەلک وەرگرتن لە شێوەی(مووسولێنی) لەمە بەدوا تەواوی ئەمرازی سەرکوتی هەموو دژکارانو گرێدانی زوانی هەموو ڕەخنەگرانی لە بەردەست دایە)

## 15-لێکەوتەوەی شۆڕشی شێخ سەعید

هەرچەند دەوڵەتی تورکییە لە کۆتایی ئاوریلی 1925 ڕاپەڕینی کوردەکان بە تەواو بوو دادەنێ، بەڵام ڕاپەرین هەروا ئەمما بە ڕوخسارێکی بەربڵاوو پچرپچڕ بەردەوامە:
کوردەکان کە ڕێبەرانی خۆیان لە دەست داوەو لێک ترازاون دەست بە شەڕی چریکی دەکەن.
یەکیک لەو دیپلۆماتانەی فڕانسەوی لە کۆتایی مەی 1925 ئەمە دەردەبڕێ: وەزێت لە کوردستان نەگۆڕاوە، کوردەکان بەسەرچیاو بەرزایەکاندا زاڵن) دەوڵەتی تورکییە ناعیلاجە سەر

لە نوێ لە دەوڵەتی فرانسە داوابکات ئیجازەی پێ بدا لەڕێگای ئاسنی بەغدا هێزەکانی یارمەتی دەر بەڕێکاتە مەیدانی شەڕ.
زێدەڕۆیی لە سیاسەت(جیایی دین لە حکوومەت) کە دەبێتە هۆی سەرکوتی تەکیەو خانەقاو بڵاوەکردنی سۆفی ودەرویشو (کە ناوەندی فەسادو نەزانینو کۆنەپرستی‌یە)و هەروا دوورخستنەوەی شێخو خەلیفەو سەرۆکی سونەتی‌و هەنگاویک کە بۆ سەرکوتی ئاپورەی خەڵک بەڕیوەدەچێ هۆی ڕوودانی زنجیرە شۆڕشێکی زۆروکەم ناوچەیی لێ دەکەویتەوە. یەک لەوان شۆڕشی حاجۆ لە ناوچەی (نسینین) کە لە مانگی مارس 1926قەوما.

هاتنی پەنابەران بۆ ئێراق

کوردەکانی ئێراق بە ڕەواڵەت سەرنجیان بۆ ڕاپەڕینی شێخ مەحموود ڕاناکێشرێ هەتا کوو لە نزیکەی سپتامبەری 1925ژمارەکی زۆرلە پەنابەرانی کوردو مەسیحی دەگەنە ناوچەکانی زاخۆو دەهۆک.
ئینگلیزەکان بە تایبەت لە زۆرایەتی پەنابەرانی مەسیحی تەزوویان بەلەشدادێ، دووهەزار کەس لە گوندەکانی دەرگۆیانی، شڕناک، ڕاونراون. بەڵام پەنابەری کوردیش کەم نین. ئینگلیزەیەکان ئەوخەڵکە لە سێ ئۆردگای جیاواز لە زاخۆ، دەهۆک، برسوی، نزیک سنوور جێ دەکەنەوە.
لە نێو پەنابەرەکانی کورد تاقمەیەک ئاغاوەت دەدیترێ کەلە(بەرێوەبردنی دەستووری تورکان بۆکووشتار لە مەسیحیەکان جواب جەنگیان کردبوو، هەروا ژمارەیەکیش لە سەربازەکانی هەنگی شێستو دووی تورک کەلە خزمەت ڕایانکردبوو. هەربەم جۆرە دەستەیەک وەرزێری کورد کەلە ئۆردگاکانی کاری بەتۆبزی هەڵاتبوون، جگە لە هێندێک خێڵاتی (چادرنشین).

17-لە سەرکوت هەتا سڕینەوەی ڕەچەڵە

هاتنی ژمارەیەکی زۆر پەنابەری مەسیحی‌و کورد بۆ ئیراق دەردە سەرەو تەوەژمیکێ بەرفرەوانو زۆری بۆ دەزگای ڕێوەبەری پیکهێنا.
لە کۆتایی نوامبەری 1926 سەرهنری دابز، گزیری پایەبەرزی بریتانیا لە ئیراق لە دانیشتنەکی فراوین، لە ئەنکاڕا ئەم مەسەلەی هێنا گۆڕ، ئەمما وەڵامێکی سەرسوڕهێنەری لە تۆفیق راشد بەگ وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیە گوێ لێبوو کە دەیگوت: نەک تەنیا ئەوکوردانەی کە بوونەتە پەنابەری ئیراق ئیدی ناتوانن بگەڕینەوە هەتا بیروبۆچون ئەوەیە کە کوردەکانی ئاناتۆلیش ڕاوبنرین هەربەو جۆرە کە یۆنانیەکانو ئەرمەنیەکان ڕاونراون.)
چەند حەوتوو دوایی وەزیری دەرەوەی تورکییە، لە سەردانیکدا لە گەڵ باڵوێزی بریتانیای مەزن(کلرک) بەم وەزیەتە ئاماژە دەکات(تێئۆری فەلسەفەی میژووی)
دەوڵەتی تورکییە ئەوها بەبێ شەرمی باسەکە،دێنێە گۆڕ کە دیپلۆماتی بریتانیا فکردەکا بەراوەژو دەبیسن! (بەهۆی ئەم تێئۆڕیە) سەردەمی گروپەکانی نەتەوەیی بە لەونەکی دیکە سەردەمی ئەمپەڕاتوریەکان گەڕاوەتەوە. ئیستا ئیدی سەربەخۆیی (جیابوونەوە) بۆ نەتەوەکی چووکەی، یەک دوو میلیونی (وەکووئاڵبانی)ئیمکانی نییە. کوردەکانیش مەجبوورمەحکووم بەو

چارەنووسەن. ئەمما ئەمانە پلەی ڕۆشنبیریان ئەوهێندە لە خوارەوەیە مێشکیان ئەوەندە پاشکەوتووە کە بەسانایی دەتوانن لە ناو نەتەوی تورک دا بتوێنەوە. ئەوانەش وەکوو هیندوەکانی ئامریکایی(کلرک دەڵێ: وێدەچێ مەنزووری ئاغای وەزیر سوورپیستی ئامریکائی بن!) کە لە کێشەی مانەوەناتونن لە مەڕ ئابووریەوە خۆیان لە گەڵ هەڵو مەرج وەزعەکەڕێکخەن کە لە تەک تورکەکانی پێشکەوتە لە ناوچەکانی کوردنشین نشتەجێ دەکرین هاوهەنگاوی بکەن ناچار مەحوو دەبنەوە.

تازە ئیستا کەمتر لە500000کورد لەتورکیە دەژین، لەم دەستەیەش هەرژمارەیەک کە بتوانن بۆئیران یان ئیراق کۆچ دەکەنو ئەوهەی دەمێنێتەوە ساف‌وسادە،وەکوو کەرەسەیەکی ناسازگار لە ناوچە لە ناودەچن.)

چەند مانگ دوایی تورکییە بە فەرمی یاسایەکی ڕاگەیاند( قانوونی ژمارە1097 ڕیکەوت 19ژوئین 1927)کە ئیجازەی بە دەوڵەت دەدا(بەهۆی نیزامیو ئیجتماعی) لە پاریزگای ڕۆژئاوا 1400کەس بەماڵو منداڵەوە لە پارێزگای ڕۆژهەڵات تەواوی ئەوکەسانەی کەبە(سزای قورس مەحکووم بوونە) بەگوێزرێنەوە.

دووساڵ دوایی شۆڕشی شێخ سەعید سەڕافەتی کوردستانی تورکییە تووشی تەگەرەبوو(30000سەربازی تورک بەچەتوونی دەرەقەتی پارێزنایی لە مەڵبەندێک دێن کە لە باکوور هەتا ڕۆژهەڵاتی گۆلی وان، درێژدەبێتەوە، پێی ڕابگات، هەتا ناوچە ئەوهێندە چەختو هەڵەمووتو ناڕێکە ئەو ژمارە سەربازە لە بەر ئەمە دانین ناوچە لە جەستەی نەیار خاوین کەنەوە.

تورک لە یەکلاکردنەوەی کاری کوردان ناهومێد بوونە، خەریکی ئەمەن کە ئاریکاری لە ئیران وەرگرن. بەڵام ئێران ئێشتای لەم کارەنییەو نایەوێ بە چ لەونیک مەسەلەیەکی ئەوها بێنێتەگۆڕ!

## فەسلی 5-کۆماری ئاڕاڕات(1927-1931)

### 1-پێکهێنانی(خۆیبوون) سەربەخۆیی)

چۆنیەتی دامەزراندنی کۆمیتەی(خۆیبوون) بە دورستی ڕوون نیە.

بەگوێرەی گیڕانەوەی یەکێک لە بنیات نەرانی وی لە کۆنگرەیەک کە لە بەهاری ساڵی 1927لەداوینی چیای ئاڕاڕات دامەزرا، نوێنەرانی چوار بنکەی سیاسی نەتەوەخوازی کورد یانی(تەعالی کوردستان، تەشکیلاتی کوردستان، میللەتی کورد، کۆمیتەی سەربەخۆیی) بڕیاریان بەهەڵوەشانەوەی خۆیان گرت، هەتا لە بنکەیەکی تاقانە یانی(کۆمیتەی خۆیبوون) یەکگرتووبن.

بەڵام وا دێتە بەر نەزەر کە ئەم کۆمیتە لە شاری(بحمدونی لبنان ڕێکخرابێ، ئەم بۆچوونە لەم ڕووەوە، وەڕاست دەچێ چونکە کوردستانی باکوور لەو جەنگەدا ئولکەی عەمەلیاتی نیزامی بوو.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری (خۆیبون) ڕێبەری دەکات کە بنکەکەی لە(حەڵەبە)-هەتاهاوینی 1928 کە بە دەستی فرانسەویان لەبەریەک بڵاو دەبێ. لەو کۆمیتەیەدا،کەسایەتی، مرۆێت مەزنی کوردی دانیشتووی قوستەنتەنییە بە تایبەت بنەماڵەی بەدرخان دێتە بەرچاو، بەرپرسی کۆمیتە بەجەلال بەدرخان یەکێک لەکوڕەکانی ئەمین عەلی بەدرخانە. ئەندامانی دیکەی کۆمیتە بریتی بوون لە براکانی کامرانو سوڕییا بەدرخانو مەمدوح سەلیمو شاهین بەگ.

ڕێبەرانی (خۆیبوون) کە بڕیاردەرن لە تێشکانی ڕابردو ئەزموون وەرگرن، دەیانەوێ بە شێوەیەکی وشیارو ئایخ هەنگاو هەڵێننو سەرنجی سەرجەمی عەشایری کورد بۆ جۆڵانەوە ڕەکێش کەنو عەمەلیاتەکەیان یەکدەست بکەنو شەڕکەرانی کورد بەچەکی ئەورۆ پۆشتەو تەیارکەنو ئەوان بە ڕێووشووێنی شەڕ ئاگاداربکەن.

ئەم گروپە کە نەسلێک بەر لە بیرو بۆچوونی شەڕی چریکی ئامریکای لاتین، بنچینەی (ناوەندی ئینقلابیان) هێنادی، دێنە سەرئەوفکرە( لە یەکێک لە چیاکانی کوردستان ژێرچاوەدیری تورکان ناوەندیەکی نیزامی بەوجودبێنن کە لە شەڕێکی بڕاوەو چارەنووس دیاریکەردا لە جێگەی پادگانی ناوەندی (زانکۆ) کەلکی لێ وەرگێرێت) ئەم ناوەندییە،لە بەر دستی( فەرماندەری گشتی هێزەکانی یەککگرتووی کورد دابێت)

ڕێبەرانی خۆیبوون کە پێداگری ئەم بڕیارەن هەتا(ڕاونانی تاکەسەربازی تورک لە سنوورە دەستکردەکانی کوردستان) بجەنگن، هەموو تێکۆشانی خۆیان بۆ لاتەریکیو ناهەڵچوونی هەستو دژایەتی وڵاتانی هاوسێ وەگەڕدەخەنو ڕادەگەینن کە(دەیانەوێ بە باشترین شێواز پەیوەندیو ڕستەی دۆستایەتیو ئامووشۆیان لە گەڵ دەوڵەتو میللەتی برا ئیران هەبێت) هەرچەند ئەمە پێشگری لەمە ناکات کە دەوڵەتی ئیران-ڕاستەوخۆ هەتا ڕادەیەک بو پیچەوانەی ئیشتای خۆی – لە سەرکوتکردنی بزوتنەوەی کوردان ئاریکاری بە تورکان بکات.

بەڵام لە پەیوەندی لە گەڵ ئێراقو سوورییە- خۆیبوون کە (بەمافێک کە بە گوێرەی قەولو بڕیەی سەرپەڕشتی بەکوردی ئەو دوو وڵاتە دراوە ئەنگوست ڕادێروخۆشحاڵی خۆی دەردەبڕیو داوای مافی پتری سێاسی یان بۆ ناکات) ئەمە بۆ پیشگری لە هەڵچوونی دوژمناتی بریتانیاو فرانسە سەبارەت بە بزوتنەو، ڕاوێژەکی ئاقڵانەیە.

لە ئاکامدا ڕێبەرانی بنکەی نوێ( دێنە سەر ئەو بیرو بڕوایە کە تەواوی گرێپوچکەی نابۆینو ناکۆکی لە گۆڕێدا لەگەڵ میللەتی ئەرمەنی بە ئیکچەلی چارەسەربکەن)

لە ڕاستیدا لە نێوان خۆیبوونو حیزبی نەتەوەخوازی ئەرمەنی داشناک پەیوەندیەکی نزیک لە گۆڕیدابوو. هەرچەند ئەم داوا گومانایە کە خۆیبوون بە(داخوازی) پاپازیان، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی داشناک بنیات نرابیت. چونکە لەڕاپۆرتی ئینگلیزیەکان دەردەکەوێ پاپازیان بۆخۆی لەکۆنگری خۆیبووندا بەشداری نەبوو، بە هەر حاڵ ئەرمەنیەکان بەشێک لە چەکو تەقەمەنی شۆڕشگێرانی ئاراڕات لە ڕیگای تەوریز دابین دەکەن.

لە چۆنیەتی پەیوەندی نیوان کۆمیتەی خۆیبون، نشتەجێ لە حەڵەب، لە گەڵ ئەو گروپەکانی شەڕکەر کە لە ناوچە دەجەنگین، ئاگاداریەکی ڕوونو دیاریکراو لەدەست دانییە، چونکە کۆمیتە جگە لە ئەرکەکانی، دیکە- یەکەکیش بەڕێوەبردنی پڕوپاگەندە لە ئوروپابوو کە دەیتوانی بە سانائی ئەو گومانە لە خەڵک دا بخوڵقێنێ کە بەسەر شەڕکەرەکاندا کە ئەو بۆخۆی تەنیا هەودای پەیوەندیان لەگەڵ دنیابوو، دەسەڵاتی تەواوی هەیە. لە1925 بەم لاوە، شۆڕش بەکردەوە لە کوردستانی تورکییە بە تایبەت لە ناوچەی بایەزیدو ئاراڕات کۆتایی پێ نەهاتبوو، بەڵام بنیات نەرانی کۆمیتەی خۆیبوون پێیان ناخۆش نییە بڵێن بزوتنەوەیەکیان بەوجود هێناوە کە بەر لەوان لە ڕاسێتدا نەبوو، خێرا دوایی ڕۆینی فەرماندەری گشتی (ئیحسان نووری)لەهەلو مەرجێکدا کە زۆرتر، وەهەلاتن دەچوو، دەسەڵاتی خۆی بەتەواوی لە دەست دا. بەڵام گومان لەودانییە کە کۆمیتەی خۆیبوون لە دەرەوەی ناوچەی عەمەلیات پتر گروپەکانی نەتەوەخوازی کورد لێکدی کۆداکاتەوەو پەلو پۆ لە سەرانسەری دنیا هەتا لە دەوڵەتی یەککگرتووی ئامریکا بەتایبەت(دیترویت) لکی هەیە.

## 2-ڕووبەڕووبونەوەکان ساڵی 1927

گوزاریشەکانی دیپلۆماتەکانی دانیشتووی ئێرانو تورکییە حیکایەت لەوە دەکەن کە لە ماوەی ساڵی 1927تەواوی کوردستانی تورکییە، لە کوڵینو هەڵچووندا: لە دەورووپشتی دیاربەکر، مووش، خنسو بولانک، شێخیەکان مەترسیان خستۆتە ناوچە.

مەڵبەندی بتلیسو چیای ئاڕاڕاتیش بەم چارەنووسە دەست بە ئێخەیە! یەکێک لە پەلامارەکانی سەرەتایی ئەرتەشی تورکییە لە دەسامبەری 1927 لە دۆڵی زیلان، تووشی تێشکانیکی پڕ لە موسیبەت دەبێ: کوردەکان بە ئاریکاری شەڕکەرانی عەشایر کە لە ئێران ڕاهاتوونە، پاشەکشەی ئەو قۆشەنەی تورکییە کە بریتی لە: 8000قازاخە، وەڕاستیان لێ بەکارەسات دەگەێنن، چوارقەبزە تۆپو 35ڕەشاش بەدەستکەوت دەگرن، 14ئەفسەرو سەدان سەربازیان لێ بەدیل دەگرن. چەند فەوجی لەشکری تورک لە دوایی ئەم تێشکانە خوێناوییە، بۆ دیاردین پاشەکشەدەکەن. دەوڵەتی تورکییە ئەو سەرکەوتنەی کوردان بەئاریکاری کوردی عەشایری کوردستانی ڕۆژ هەلاتی بن دەستی ئیران لە ناوچەی ماکۆ، لە قەڵەم دەداو بەڵگەبڕین دەداتە دەوڵەتی ئیرانو داوای لێدەکات سنوورەکانی خۆی داخاتو کوردەکانی تورکییە کەبۆ ئیران پەنادەبن چەکیان کات.

## 3-هەڵویستی ئیتحادی جەماهیری شوورەوی سوسیالیستی

لە ماوەی ئەوشەڕانەی کە دیواربە دیواری سنووری باکۆری یەکیەتی سوڤیەتو لە ناوچەیەکی یەکجار پڕمەترسی لە ئارادایە، هەڵویستی ئیتحادی جەماهیری شووڕەوی سوسیالیستی یەکجار ناڕون دەنوێنێ.

یەکیەتی سوڤیەت بەگوێرەی دوو پەیمان کەلە بەهاری 1921 لە گەڵ ئێرانو تورکییە بەستویەتی، ناتوانێ لە بزوتنەوەی نەتەوەی کورد کە ئامانجی جیابونەوە لە یەکێک لەو دوو وڵاتەبێت، داکۆکی بکات.

یەکیەتی سۆڤیەت وەکوو فڕانسە بەڵام بە بەڵگەو شێوازی جۆراوجۆر لەو فکری هێنانەگۆڕی سەربەخۆیی کوردستان بەپیلانی ئیگلیستان دەزانێ.

وەکاراخان جێگری گزیری دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت لەژوییەی 1927 پەیمانێکی لە گەڵ تورکییە ئیمزاکرد، کە دژی بزوتنەوەی کوردبوو: ئەم پەیمانە لە مەسکۆ بە دەستی زەکی بەگو بە حزووری کۆنسولی پێشووی شووڕەوی لە تورکییە(ارالف) بەئیمزاگەیی.

بەڵێننامەی یەکیەتێ کەلە نێوان کۆمیتەی خۆیبوونو ڕێبەرانی حیزبی نەتەوەخوازی داشناک گریدرا، سروشتییە کە بەتوندو تیژی یەکیەتی سۆڤیەت لەگەڵ کوردان یارمەتی دا. لە ساڵی 1930 کاتێک کە شەڕی دە یەکجارقورسو بی وچان لەدەورو پشتی ئاڕاڕات لە گۆڕێدابوو، شووڕەویەکان بۆ دامرکانی شۆڕشی نەتەوەخوازێکی دی کە لە لایەن ئەرمەنیەکان ئاریکاری شۆڕشی ئاڕاڕات دەکەن- لەگەڵ تورکان هاوکاری نیزیکیان هەیە، ئەرتەشی ڕوسیە ڕێگای دەربازبوونە خۆڕسکی (ئارازی)، کە سنووری نیوان دوو وڵات پێکدێنن بە تێل دڕوو سەگەکانی تەعلیم دراو حاملاویان خستۆتە ژێرچاوەدیریو نێوەنێوە بنکەی چاوەدێری ڕاستەوخۆی لی

دادەنێن، یاسەوڵەکانی پیادەنیزام بە قەتارەشوێنەکانی سنوور بەسەردەکەنەوە، بەڵام بە پیچەوانەی لەسەرئەو هەموو قایمکاریە چ کاتێک تخووب بەتەواوی نەهاتە گاڵەکردن!

لە کۆتایی ژوئیەی 1930بەرلەپەلاماری تورکان بۆ (دیواری قەڵایچە)ی ئاراڕات، پۆلێک سوارە نیزامی شورەوی کە بریتی لە500سوارە دەگاتە گوندی (دەلۆ) هەڵکەوتوو لە نیزیک ئاراس، دوو ڕۆژ لەو گوندە دەمێننەوەو شەوێک ون دەبن،... وەرزێرانی ئاوایی دەلۆ، لێیان یەقینە کەئەو سوارەنیزامە بە شەو لە ئاراس پەڕیونەوە، هەتا لە ڕەخ هێزەکانی لەبن نەهاتووی تورکییە لەشەڕ دژی کوردەکان بەشداری بکەن.

هەرچەند دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆی یەکیەتی سۆڤیەت بۆ سەرکوتکردنو دامرکانی بزوتنەوەی ئاراڕات چ وەخت بەڵگە نادادەدەست، بەڵام هەڵویستی دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەت جیگەی گومانە. دوایی ئەو پێکهەڵچوونانەی کەلە چیای ئاراڕات دەقەومێن دیسان دەبێ دەستی ئەمپریالیستی دونیا بدینین کە دەیەوێ پەردەیەکی ئاسن بەدەورو بەری یەکیەتی سۆڤیەتی سۆسیالیستی دابکێشتەخوار.)

هێرشی دووهەمی تورکەکان کەلەسەرەتای نەوامبەری 1930 دژی شۆڕشگێرانی ئاراڕات دەست پێدەکەن لە پەلاماری کەرەتی هەوەڵ سەرکەوتووتر نییە، هێزەکانی تورک خێرا ناعیلاج دەبن بۆ تێپەڕ کردنی وەرزی زستان لە بایەزید بمیننەوە...

بۆ هەوەڵین کەڕەت ئیحسان نووری فەرماندەری نوێ یان ڕاوێژکەری نیزامی کوردەکان، ناوی لێدەهێنرێ. لەو وەختەدا کوردەکانی ناوچەی بتلیس، ڕادەپەڕنو هەتا دەورو بەری شار دێنەپیش.

## 4- ئیحسان نووریو بزووتنەوەی ئاراڕات

ئیحسان نووری کە بەتلیسیو سەرگوردی پێشووی ئەرتەشی تورکییەیە، بە قەولی میژوو نووسانی کورد لە1925 شۆڕشەکی لە چیاکانی بۆتان(بێت ئەلشهاب) وەڕێ خستبوو پاشان لەگەڵ چەندسەد کەس، لە شەڕکەرانی، بۆ چیای ئاراڕات پەنای بردبوو.

لە ساڵی 1927 بەناوی (نوێنەری) شۆڕشگێرانی ئاراڕات(ئاگریداغ) لە کۆنگرەی خۆیبوون بەشداری دەکات، چونکە لەلای کۆنگرەپێی پێی دەسپیردرێ کە ناوەندیەکی بەرگری بێنیتەدی سروشتیيە ئاراڕات بۆ ئەم پلانە هەڵدەبژێرێو دیاری دەکاتو ساڵی 1927 بۆ یەکگرتووی نیشتمانخوازان تەرخاندەکات کە لە چیاکان پرشو بڵاون.)

لە ساڵی 1928 ئیحسان نووری سەرۆکی چەندهەزار مرۆڤی شەڕکەرو پۆشتەو زانکۆ دیتوو ڕێکو پێکە) دەمو دەزگای سەرافەتو ڕێوەبەری بە سەرۆکەیەتی ئیبراهیم پاشاحسکی خەڵکی تیللۆ ناسراو بەحسکی تێللۆ، بنیات دەنرێو بەیداخی کوردستان هەڵدەدرێو کۆماری بچکۆلانەی کوردی ئاراڕات لەدایک دەبێت.

## 5- ئاراڕات

بۆ بنیاتنانی (ناوەندی) چریکی لە دونیا، کەمتر شوێن بەباشیو لێهاتوویی ئاراڕات(ئاگریداغ) دەتوانی بدۆزیەوە. ئاراڕات بەدوو قیتکە یانی: ئاراڕاتی بچووکو گەورە، هەڵبڕاوەی دیواری سروشتی بە بەرینایی 960کیلۆ مێتری چوار قولینچک پێکدێنێ، ئەم دوو ترۆپەی (چیای ئاگری) کە بە خەتێکی سەرڕاست 12کیلۆمێتر لە گەڵ یەکدی نێوانیانە، بەرێکی 3396و 5157مێتر، لەگۆڕەپانی دەریا بەرزترن، لە ئانیشکەی (سەرداری پوولاک) بەبەرزایی 2445مێتر بەیەکتر دەلکێن. لەورێکەوت سنووری تورکییەو ئێران لە کیوی ئاگریداغ(ئاراڕات) تێدەپەری قوچو ئاتەگی رۆژهەڵاتی ئاراڕاتی بچووک بەشیک خاکی ئیران بوو، ئەوەبۆخۆی پیشگری لە ئازادی کردەوەی تورکان لە هەنگاو هەڵینان بۆ گەمارۆی شۆرشگێران دەکرد.

ئاراڕات چیایەکی ئاگرینی بێ دەنگو کوژاوەیەو بە سەرەوژێرەکی 45دەرەجە بۆخۆی لەگەوەی سەرداری پولەک جێگایەکی یەکجار هەڵەمووتە. ئاراڕاتی گەورەش چەختو بڕاوبڕاوەو لیک پێچراو داپۆشراو بەتوانەوە گورئاسنی ئاگرپەژێنو تەژی لە خوارەپیچەو ئەشکەفتە کە مەزنتریان لە داوێنی رۆژهەلاتی کێو دەڕوانیتە ڕوسیەو دەتوانێ/ 3000کەس بەماڵو مندالەو پەزو گاوو گۆل دەخۆی داجێ بکاتەوە. بەرێ یانی لە شەڕی ئەوەڵی دونیاگر کوردەکانی جەلالی لە ئاراڕاتی مەزن خزابوونو توانی بوویان لە بەرامبەر هەموو تێکۆشانی ڕوسیەو ئەرمەنیەکان بۆ ڕاونانیان لە ناوچە بەرنگارو خۆڕاگربن: ئەم خەڵکە کە لە ماوەی سی ساڵ لە150کیلۆ میتری پشت جەبهە تەنیاولاتەریک مابوونەوە، توانیان هەتا لەپیشرەوی قۆشەنەکانی عوسمانی لە1918لەناو سەرزەمینی داگیرکراوی ڕوسیە بەردەوام بن.

6-وت وویژی ساڵی 1928

ساڵی 1928دەوڵەتی تورکییە دێتە سەرئەو بیرو بڕوایە لەگەڵ شۆرشگێران دەست بە وتو وێژبکات، بۆ ئەو بۆچوونەو وەدیهێنانی هەوابانێکی لێک حاڵی بوونو پێکهاتن، هێندێک هەنگاو هەڵدێنێ: لە دوورخراوەیی خەڵک دەست ڕادەگەرێ،(یاسای موحلەق هێشتنەوەی لە قەنارەدان،لە پەسندکردن دەگوزەرێنێ، ئەو کوردانەی کە هەتا،ماوەی سێ مانگ بۆ ماڵی خۆیان بگەڕینەوە لێیاندەبووری)
بە دوور خراوەکان ئیجازەی گەڕانەوەدەدا، گرتوەکان ئازاد دەکات. بەلام زوانی کوردی هەریاساخو قەدەخەیە. دەوڵەتی تورکییە سوڕەیابەگی والی بایەزید دەکاتە مەعمووری وتو وێژ لەگەڵ شۆرشگێران، والی لە قاقەزێکی دوورو درێژدا بۆ حسکی تێللۆ ئاغا، داوادەکات لە شۆڕش دژ بەتورکییە دەست هەڵگرێوکردەوەیەکی ئەوها(بەشێتانە) لێکدەداتەوەو دەڵێ: دەوڵەتی تورکیە حکوومەتێکی شەش سەت ساڵەیەو لەنێو ئێوەش ئەو کەسانەی خوێندەوارن دەزانن، لە ماوەی ئەوسەردەمە هەزاران کەس دژی دەوڵەت ڕاپەڕیون... ئاکامەکەی چ بوو؟ هیچ! دەوڵەت هەروا ئاغاو ئەربابی ولات ماوەتەوە) لێی داوادەکات لە فەرمانی لێبوردن کەلک وەرگرێ.

والی بایەزید، چەند وشەیەکیش لە پەیوەندی لە مەر ئیحسان نووری لەم نامەدا زێدە دەکات: (گوێبیس بوومە زابوتێک لەلای هەنگۆیە، ئەمن بەناوی هاوکار بۆی بە پەرۆشمو دلم بەحاڵی دەسوزێ، ئەمن نازانم ئەو چ تاوانێکی کردوە.)

بەڵام ئەو هەستی پەیوەندی لە گەڵ مرۆڤێک کە هاو فەرهەنگ،یان بۆخۆی هاوشان وهاوردیفی ئەوە لەخۆڕاییەو بی ئاکام دەمێنیتەوە، وەڕامی حسکی تێللۆ توندو مەغرورانەیە:

ئەگەر بە ڕاستی لێبوردنیک لە گۆڕیدایە ئەم لێخۆشبونە پێوستە هەموانیبێتو بەگەزو نیوگەزی دونیای پیشکەوتوو بپێورێ، ئەگەر دەتانەوێ بەم چاولێپۆشینە، جەماوەری کرچو کاڵ فریو بدەن، ئەمە باسێکی دیکەیە، ئێوەنابێ لەگەڵ کەسایەتیەکی وەکوو ئێمە ئەبەم شێوازە سەری قسە بکەنەوە چونکە ئیمە بەش بە حاڵی خۆمان بە ڕادەیەکی پڕپیست ئەزموونمان هەیەو دونیامان لە کەوەداوەو هەموو شتێکمان هەڵسەنگاندوە، ئیدی لەم سەردەمدا مرۆڤی کێوی لە هیچ کویی دونیا نییە، ڕێبەرانی پایەبەرزی دەوڵەتی تورکییە دەبێ ئەم ڕاستیـیە بسەلمینن) پاشان دەڵێ: (ئەگەر بەحەقیقەت لێبوردن لەگۆڕیدا ئیدی بۆچی لە دوور خراوەیدا لە بەرامبەر هەمووجۆرە بەدبەختیو توندو تیژیو بێ بەشی خۆراگریان کردوە، بۆناو بنەماڵەکانیان نەگەڕاوەتنەوە؟ دەجا هەتا دوورخراوەکان بۆ نیو ماڵو منداڵی خۆیان نەگەڕینەوە، باس لە سەرکردن لە مەرگەرانەوەی ئێمە ناکرێ قسەی لە بارەیدا بکرێت.)

ئەڤێگاڤێ یەکێک لە ماقولانی بایەزید، قاقەزێکی بە یەکێک لە شۆڕشگێڕانی ئاراڕات بەناوی نەعمان ئەفەندی دەنووسێ: نەعمان ئەفەندی کاربەدەستی پیشووی دەمو دەزگای دەوڵەت بوو دوورخرابۆوە بەلام سەرکەوتووبوو لە(تەبعید) ڕابکات. دوایی 47ڕۆژ ڕێبڕین بە پیادە خۆی گەیاندبۆوە ئاراڕات، ناوبراو لە نامەکە دا لێبڕاوانە لە خۆی پرسیاردەکات چلۆن توانیوەلە ناو(لۆچێک خەڵکی ناحاڵی وخەرافاتی) هەڵکاو ژیان برێتەسەر، پێشنیاری پێدەکات لەفەرمانی عفووبخشیش کەلک وەرگرێو دەڵێ: بەرپرسیاریەکی دەدرێتێ هاوتای بەرپرسی پیشووی بێو لە هەر شوێنێک کە ئەو خوازیاربێ.)

وەرامی نەعمانیش ڕەقە

(لە دوایی ئەو شتانەی کە بینیمنو ئەو هەموو کوێرەوەریەی کە لە بەرامبەر داخۆم ڕاگرتو بێ ئەمە هەڵەیەکم کردبێ یان تاوانێکم هەبێت، بێ مووحاکمە، هەر بەهەواو هەوەسی دەوڵەت...بەڵێ لە دوایی ئەو هەمووە، گەڕانەوەو سەردانواندن بۆ دەوڵەتو قەبووڵ کردنی لێبوردن شتێکی شێتانەوبێ هیمو بناخەیە! هەنۆکە کەزێدم وێرانو تالان کراوە، ژیان کردن لێرە یان لە جێگایەکی دیکە بۆمن ئیدی وەکوویەکە!)

دەوڵەتی تورکییە لە دوایی تێکۆشانی جۆراجۆر کە بۆ ئیقناح کردنی شۆڕشگێڕانی ئاراڕات بەکەلک وەرگرتن لەلێبوردنی دەستی پیکرد لە دەسامبەری 1928لێژنەیەکی بۆ دانیشتنو وتو وێژی ڕاستەوخۆ لە گەڵ ئیحسان نووری نارده بایەزید، ئەم لیژنە تێکەڵاو لە دوو کەس لە نوێنەرانی ئانکاڕاو والی قەرەکلیساو فەرماندەری فەوجی بیستو نوهەمو قائیم مقامی دیاردینو بایەزید بوو.

ئەم سەردانە لە نیوەی سپتامبەری 1928لە شێخلی کۆپرو لە سێ کیلۆ میتری بایەزید هەڵکەوتوو لە داوینی ڕوژهەڵاتی (چیای ئاگر) ڕویدا.

وەفدی نوێنەرایەتی تورک بۆ وتوویژ لە گەڵ ئیحسان نووری کە بەشێست سوارەوە بۆ جێژوانو پیشنیاری لێبوردویی هەموو هاڤاڵو هاوکارانی دەکەن بەو مەرجە کە بۆ حکوومەت مل کەچ کەنو چەکەکانیان تەسلیمی دەوڵەت بکەنەوە.

جگە لەوەش تورکییە بەفەرماندەری گشتی نیزامی (کۆماری کورد) ی ئاراڕات دەرەجەی ژەنەڕاڵیو مووچەیەکی زۆر وەک هاو قەتارانی نیزامی لە هەرولاتێکی ئۆروپائی کە ئەو داخواز بکات،دەدات. ئیدی باسو خواس لە مەڕ داخوازیەکانی ماڤی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە

گۆڕێدانییە، ئیحسان نووری هەموو پێشنیارەکانی دەوڵەت ڕەت دەکاتەوە، ئەمە بە مانای قەتیانی پەیوندییە.

7-سەرەتای سەرەکان

لە چاخی توانەوەی بەفرەکانو پسانی ڕەنوو، یانی لە نیوەی مارسی 1929 تورک دەستیان بە کۆکردنەوەی دوو سوپای 12000هەتا15000لەیەیگلەرو بایەزید دا بە بەشداری نیزیکەی سی فڕۆکە. فەرماندەری ئەم هێزانە بە سالح پاشایە. هاوکات لەگەڵ ئەم هەنگاوە دەسەڵاتدارانی تورک بە تایبەت لە ئارزەڕۆم دەست بەگرتنی خەڵکەکی زۆر دەدەن، لەوێ 90کەس دەخەنە زیندان، کە یەکیک لەوان سەلاحەدین کوڕی شێخ سەعیدە کەلە(کاتی دەست بەسەر بوون 21ساڵە نابیت کە سزای 15ساڵ زیندانی بەکارکردن بۆ بڕایەوە کە یەک پینجەمی زیندانەکەی وەبەرلێبوردنی گشتی دەکەوێ.

عەمەلیاتی بنەڕەتی لە11ی ژوئین 1930 بەهێرش بردن بۆ (بنکەکانی سنووری کۆماری ئاراڕات دەست پێدەکات... هەتانیوەی دووهەمی ژوئین تورکەکان بەڕەو ڕووی هێزەکانی کورد نشتەجێ لە ئاراڕات ڕادەوەستن.

8-هیرشی بەربهەفی کوردەکان(نیوەی ژوئیەی 1930

بەڵام کوردەکان خیرادەست لە عەمەلیاتیکی زورپانو بەرین دەدەن، ئیحسان نووریو برایم بەگ سەرۆکی کوردەکانی جەلالیو مەحموود بەگ کە سەرگوردی پێشووی عوسمانیە، بەئاریکاری عەشایری کورد،کەلە دوولای سنووری دەستکردی ئیرانو سوورییە دەژین، لەپشتەوەڕا فەوجی کانی ئەرتشی تورک پەلاماردەدەنو لە حاڵێکدا تێدەکۆشن پەیوەندی ئەوان لەگەڵ یەکدی ببڕن بە هاوکاری خەڵکی ناوچەو بە تیپەڕین لە باکووروباشوور گۆلی وان، دەیانەوێ دیاربەکر داگیربکەن!

بەمجۆرە هیندەپێ ناچێت جەبهەیەک بە درێژایی 150کیلۆمیتر دەکرێتەوە کە لە باشوور لە ئاراڕات هەتا(خوشاب)هەتا ڕوژهەلاتیو (وان) دەبەرخۆی دەگرێ.

لە5 هەتا9ی ژۆئیەی 1930هێزەکانی تورکو کورد لەشەوێکدا لە دەشتی زیلان، لە باشووری ئەرجیس، توشی یەکدەبن، پێکوەردەبن، کوردەکان بە بەربەرەکانیەکی توندو تیژ ڕووبەرو دەبن، لە هەڵسەنگاندا تورکەکان دووهەتا سێ قات بەقەراوانو لە مەڕ چەکو چۆڵو پۆشتەی تەقەمەنی لە ڕادەبەدەر بە سەرەوانیاندا هەیە، لە ئاکامدا تێدەشکین، بەشیک لە هێزەکانی کورد لە باشووری وان لە هێزەکانی دیکە جیا دەبنەوەو ماباقیەکەی ڕوو لە ئیرانو ئاراڕات دەکەن، کوژراوەی کوردان دەگاتە 900و بریندارییان خۆی لە2400کەس دەدا، 160خورتیش ون بوونە، لە حاڵێکدا کوژراوبریندارو بێ سەروشوینی تورکان لەتای تەرازوی هەڵسەنگان لەئی کوردان قورسترە: 2800 کوژراو4000بریندارو1700دیل.

کوردەکان دەلێن: کە24قەبزە تۆپو 60ڕەشاشو 60000 دەنکە فیشەنگیان دەسکەوت بووەو 12فڕۆکەیان خستۆتەخوار!

ئەو ژمارە بێگومان پیی وەنراوە بەڵام ڕاپەڕینی کوردەکان بە پیچەوانەی نووسینی چاپەمەنیەکانی تورکیە لەگەڵ تێشکان تەوفیری زۆرە.
لەو کاتەدا عافرەتیکی ئینگلیزی بە ناوی (ڕۆزیتافاربز) تەنیا ڕاپۆرتێک لە ڕاپەرینی ئاڕاڕات دەداتە دەست، ئەوژنە پاش ئەوە لە خۆوە تێدەکۆشێ بچێتە ئەرمەنستانی شوورەوی لەئاکامدا چۆتە کوردستان و یازدەڕۆژ لەلای شۆڕشگێڕانی کوردماوەتەوە، جگە لە وەی وێنەی یەکێک لە فرۆکەکان کەبەربۆتەوە هەڵدەگرێتەوە، یەک دوو ڕەشاشی دەست کەوتیشی دیبوو.
ڕۆزیتافابز، هێندێک لەو یارمەتیانەی کە ئیران بەبزوتنەوەی کوردی کردبوو، دەم پێدادێنێو دەگێڕیتەوە کە چلۆن( کوردەکان نەیاندەزانی لەو تۆپانەی دەست کەوت کەلک وەرگرن، لە زەفەرەودولە فەرماندەری هێزەکانی ئیران لەئازەربایجان(دوژمنی کۆنی سمکۆ)یان دەویست تۆپچێیان بۆ بنێرێ.
(ڕوون نییە ئاخۆ ئەو(زەفەرودەولەیە) بۆخۆی نەیدەویست یان ئیرانیەکان دەترسان....بەڵام لە ئاکامدا زەفەرودولە، چەند ئەرمەنی بەو بۆنەوەنارد کە یەکجار خۆفیان ڕێنشتبوو دەترسان ئەگەر تەقەبکەن تورک بیانکوژنو ئەگەر تەقەش نەکەن کوردەکان تەماحی کوشتنیان تێبکەن، لەبەری دەپاڕانەوە کە لە گەڵ خۆیان بباتەوەئیران.)

9- چەقەچەقی تورکیەوئیران

تورک کە بڕیاریانداوە کاری کوردەکان یەکلاکەن تووشی لەمپەریکی مەزن دەبن: سنووری تورکییەو ئێران بە بەشێک لە تخووبی ساڵی 1914دیاری کرابوو لە ئاڕاڕاتی بچووک تێدەپەڕی. بەم هۆیەوە هێزەکانی تورکیە توانایی گەمارۆدانی ئەوکوردانەی کە لە ئاڕاڕات خۆیان حاشاردابوو بۆ نەدەڕەخسا، شۆڕشگێڕان هەر وەخت ویستبایان دەیانتوانی بچنە ئیرانو لەئیران یارمەتی وەرگرن.
بەم شێکردنەوەیە، سەرکەوتنی یەکچەلی پەلاماری تورکان پەیوەندی بە ئیرانیان هەبوو کەبە800سەرباز، پارێزنایان لە سنووردەکردو ئەم گروپە بە هیچ لەونێک بەشی ئەوپڵانەی نەدەکرد.
لە لایەکی دیکە دەوڵەتی ئیران کە سەرکەوتووببوو لە تیشکانی سمکۆ بەم لاوە ئاسایشو حەسانەوەبگەڕێنێتەوە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ئێران، دەجاحەزی نەدەکردئاکامو کارتیکردنی ئەم سیاسەتە، بە هۆی هێزی نیزامی دژی شۆڕشگێڕان بخاتە مەترسی کە زوربەیان پەیوەندییان بەبەرەی عەشیرەتی ئیران وەبوو.
لە ئامدا ئێرانیەکان بەپیچەوانەی ئەو بەڵێننامانەی کەلەگەڵ تورکییە هەیانە دوژمنداری خۆیان لە پەیوەندی لە گەڵ (سەربەخۆخوازانی) کوردی عوسمانی ئاشکراناکەن...تەنیا مەرجیک کە قایل بوونە ئەمەیە: کە ئەرمەنیەکانی
ناوبژیکەر نێوان سازمانەکانی ئەرمەنیو بەربەرەکانانی کورد لە ئەرمەنیەکانی ئیران نەبن، پێشگریان لەمە دەکرد کە نەتەوەخوازانی ئەرمەنی تەورێز زۆر لە سنوورنزیک ببنەوە،یان لە شاری ماکۆ نشتەجێ بن. لە تەواوی ئەو ماوەیەی کە شۆڕش بەردوامە، حکوومەتی ئێران پەیوەندی خۆی لەگەل ئەوان ڕادەگرێ و لە1930ڕاسپاردەیەکی زۆر دەنیریتە ئاڕاڕات.

دوو دەوڵەتی تورکیەوئیران زنجیرەنوسراوەیەکی توندوتیژ لە گەڵ یەکدی دەگۆڕنەوە،لە ئەوتی 1930لە تاران ڕەنگوڕووی شەڕ لە گەڵ تورکیە بەدڵەڕاوکەوە باسی لێوەدەکرێ، دڵەڕاوکەلەم بارەوە کە ئیران لەوچاخە دابە چ جۆرێک ئامادەگی ئەوگێجەڵەی نیە.
تورک بەتاڵووکەن، کە هەتا، زوتر کارەکەی یەکلابکەن لە کۆتایی ژوئیەی‌و سەرەتای ئەوت هەتا ئەو مەترسییەی لێدەکەویتەوە، کە شۆڕش داوینی پانو بەرینو بەرفرەوانیەکی تەژی لە نیگەرانی بەخۆوەبگرێ.

10-دەست تێوەردانی شێخ ئەحمەدبارزانی

لە ئێراق شێخ ئەحمەدبارزانی لە دەوروبەری 21ی ژوئیەی 1930سەت یان دووسەت شەرکەر بۆ یاریدەدەری کوردی ناوچەی هاوسێ خۆی (ئومار) بۆخاکی تورکییە دەنێرێ. لە26ی ژوئیەی 1930 دەوڵەتی تورکییە بەفەرمی لەلای کۆنسۆلی بریتانیا لەو بابەتەوە گازەندە دەکات. چەند ڕۆژ پاش یانی نیزیکەی 8ی ئەوت شیخ ئەحمەد دووهەمین گروپ لە چەکدارەکانی بۆکوردستانی تورکییە بەڕێدەکات، ئەم گروپە بێنێوەدان لە گەڵ هێزەکانی تورک تووشی تیکهەڵچوون دەبن...بەڵام ناردنی هێزەکانی یارمەتی دەری تورکییەبۆ باکوور پێشگێری لە بەرفراوانی بزوتنەوە دەکات.
بەڵام بەشداری شیخ ئەحمەد لە ڕاپەرینی کوردەکانی تورکییە هەربەئەوندە کۆتایی نایە: لە دوایی تێشکانی بزوتنەوە لە 1930ئەوهێندێک لە کوردی تورکییەی کەلە بەرسەرکوت زەبروزەنگی ، تورکان ڕایانکردوە،لەلای خۆی پەنادا، ئەم گروپە لەم (حاشارگەدا)بەعەمەلیاتی چریکی دژی هێزەکانی تورک دەست بەکاردەبن.
لە کۆتایی سپتامبەری 1930 نوری پاشا خۆی لەگەڵ داوای تورکییە بەرەوڕوو دەبینێت کە لێیان دەوێ، ئیجازەبدا هێزەکانی تورکییە بۆ یەکلاکردنی کاری ئەو کوردانەی کە پەنایان بردۆتە بەرشێخ ئەحمەد بچنەوڵاتی ئیراق. دەوڵەتی ئێراق ئەم سەر دەدونانە قەبوول ناکات، بەڵام ئاریکاری شێخ ئەحمەدی بارزانی بە کوردەکانی تورکییە هۆکاری ڕاستەوخۆی عەمەلیاتێکە کە چەنددوایی یانی لە سپتامبەری 1931دژی وی دەست پێدەکا.

11-ڕاپەڕینی حاجۆ

لە سوورییە یەکێک لە ڕێبەرانی کوردی ناوچە بەناوی حاجۆ، بە ئاریکاری کۆمیتەی خۆیبوون لە گەڵ گروپەکی چەند دەکەسی سنوور دەپەڕێنێو لە5ی ئەوتی 1930 ئاواییەکی بچکۆڵە لە ناوچەی (نسیبین) ئازاددەکاتو لەوێ ڕاگەیاندراوەیەک بە داکۆکی لە(سەربەخۆیی) کوردبڵاو دەکاتەوەو لە تەواوی کوردان داوا دەکات بۆ یاریدەری وئاریکاریو یارمەتی هاونیشتمانیان کە لە ئاراڕات دەجەنگن، ڕاپەڕن.
ئەڤێگاڤێ شۆرشی دەناوچەیی لە جۆڵەمیرک لە(7 ئەوت)و نێزیکەی سیرەت لە(6 ئەوت)و لیسە(کۆتایی ئەوت)ولە هەمووان گرنگتر لە دیاربەکر دەقەومێ.

12-جوانەمەرگ بوونی کۆماری ئاراڕات(سپتامبەری 1930

دەوڵەتی تورکییە لە نیوەی ئەوت دێتە سەرئەم بۆچوونە کەئیدی لەمەو پاش گوێچکە نەداتە داخوازیەکانی تابیەتی دەوڵەتی ئیرانو بەژەنەڕاڵ سالح پاشا ئەمردەکا هێرش بەرێتە سەرئەوکوردانەی کە لە ئاراڕات مەتەرێزیان گرتووە.
کەرتێک لە ئەرتەشی تورکییە بۆداگیرکردنی حاشارگەوچەپەری ئەوان هەڵکەوتوو لە لای ڕۆژهەلاتی چیای ئاگرین(ئاراڕات)و هەڵبڕینی خەتی پاشەکشەی شۆڕشگێڕان لە تاڵخ ئاوا دەبن.
ڕۆژی 10ی دەسامبەری 1930سالح پاشا جەمسەری نیوان دوو ئاراڕات یانی ئانیشکەی سەرداری پولەک داگیردەکات، ئەمە بە مانای یەکلاکردنە... کوردەکان کە لە لای تورکان سەریان دەدوونراوە بۆلای باکوور ڕادەکشێنو ئیحسان نووری فەرماندەری گشتی کۆماری ئاگری (ئاراڕات) پەنابەری ئێران دەبیتو هەتا وەفات کردنی کە لە نیوەی ئاوریلی 1976ڕوویدا لە تاران پایتەختی ئیران دەژی.
بەڵام لە ڕاستیدا چ شتێک کۆتایی پێ نەهاتوە ئەمما تورکەکان چیڕۆکی بە درۆ لە ڕووداوەکان دەدەنە دەستو مێژوو نووسانی کورد لە بەر ئەمە دانابن کە بەشێک لەو ڕووداوەناخۆشانەی ئەو سەردەم ڕوون بکەنەوە: بە تایبەت بە سەر ئەو بابەتانەدا تێدەپەڕن کە ئیحسان نووری بۆ پەنابردن بە ئیران لە چ ڕێکەوتێک بڕیاری بەجێهێشتنی مەقەڕی فەرماندەری خۆی گرت لە حاڵێکدا کە چوونی بۆ ئیران وەڕاکردن دەچێ!
شەڕو بەرەنگاریو تەقەو پێکدادان لە تەواوی ساڵی 1931 لە ناوچەکانی سنووری ئیرانو ئاراڕات بەردەوامەو بە گویرەی هێندێک سەرچاوی باسو خواس بەنەزەردەگات کە ئیحسان نووری لە(هەل وومەرجێکی ئیکجار ئەستەمو دژواروناسک لە پاییزی 1930 لەمەعرەکە ڕایکردوە.
کۆمیتەی خۆیبوون کە کردەوەی فەرماندەری پەسەندکراوی بۆتە هۆی سەرشۆڕی ئیدی وەدوای ئەمە ناکەوێ کەسی دیکە بەناوی فەرماندەر لە سەر ئەو کەسانە کە بەردەوام لەناوچە بەرەنگاری دوژمننو دەجەنگن دیاری کات، ئەوەی کە هەڵبژێردراون پێیان قایلە!
بیلانی کۆماری چیای ئاگری( ئاراڕات) یەکجار خەماوییە: کوردەکان تووشی دوو شکانی گرینگ بوونە(زیلانو ئاراڕات) بەشی زوری کادیرەکان شوینی حاسێی چیایی ئاگریان لەدەست داوەو ئەو چەکو تەقە مەنیەی کە ماوەی چەند ساڵە کۆیان کردۆتەوە، زەرەرەکی زۆری وێکەوتووە یان بە تەواوی لە ناوچووە.
بە پیچەوانەی نەبوونی ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەل سەبارەت بە چۆنیەتی عەمەلیات دەتوانین بڵێن: کوردەکان بەدەست پێکردن بە شەڕی ڕوو بەڕووی ڕێکو پێک(جەبهەیی) لە جیاتی شەڕی چرێکی لە تەواوی کوردستان تووشی هەڵەیەکی زل بوونە.
مێژوو دووپات نابێتەوە بەڵام مرۆڤ لەخۆرا وەبیری ڕووداوی زۆر وێکچوو دەکەویتەوە، کە نیزیک بەنیو سەدە دوایی لە ئیراق دەقەومێ.

13-چوونی شەڕ بۆئیران(بەهاری 1931

دەوڵەتی ئێران دەنگبڕی توندوتیژی بۆ ئەو ڕووداوانەی کە لە ناوچەکانی سنووردەگوزرا دانابوو لە سەرهەموو شت گوێچکەسڵ بوو بەڵام زۆر زوو ڕوون بۆوە کە وەزیت ئەوەندە لە بارنییە.

لە نێوەراستی مارسی 1931 لە دوایی هێرشی کوردەکان بۆ ناوچەی ماکۆ فەرماندەری نیزامی تەورێز، هێزێکی گرینگی یارمەتیدەر بە سەرۆکایەتی ژەنەڕاڵێک بۆناوچە بەرێ دەکاتو دیپلۆماتەکانی دانیشتووی تاران چاوەنواڕی توانەوەی بەفرەکانن هەتا عەمەلیات دەست پێ بکاتەوە.

دەوڵەتی ئێران بیهەوێ یان نەیهەوێ سیاسەتی خۆی لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتی تورکییە هاوسەنگ دەکاو ڕێکدەخاتو کوردەکانی جەلالی دانیشتووی ناوچە هەڵکەوتوو لەنیوان ئاراڕاتو تخووبی شووڕەوی بە تێکرایی مەجبوور بەبارکردن دەکاتو دوورخراوەیی!

لە سەرەتای ئاوریلی 1931 ڕێووبارێک تووشی کۆچو کۆچباری ستوونەک بە درێژایی دەکیلۆمێتر لە کوردەکانی دوورخراوە لە باشوور دەبێ... ژنو منداڵەکان بە کردەوە کە چ مرۆڤیان لەگەڵ نیەو لە بەر زێدە بوونی عارەبەکانو پەزوماڵات بەراوردی سەر ڕاستی بۆ چەتوون دەبێ بەڵام تەخمینی 5000کەسیان لێدەکات.

خالیدئاغا یەکێک لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی جەلالی کە بە تاڵانکردنی گوندەکەی دەکەویتە جواب جەنگی لە گەڵ غولامەکانی پەنابەری تورکییە دەبێت لەوکاتەدا ڕێوبارێکی دیکە کە لە ناوچەی بایەزیدو ئەیگدر تێدەپەڕێ دەدینێ کە( تەواوی دەڤەر تەژی لە سەربازی تورکن)لەلای ئاراڕات هەراوهوریای شەڕی گوێ لێدەبێ: دەنگی دەست ڕێژی ڕەشاش وگەللە تۆپان دەبیسیت!

لە لایەکی دیکە کە دوایی ڕوون دەبیتەوە کە تورکەکان زێدەترلە دەکیلۆمیتر لە ناو خاکی ئێران چوونەتە پیشو سەبارەت بە گۆڕینەوەی ئاراڕاتی بچووک لە بەرامبەر بەشێک لە ناوچەی قۆتر لە گەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران خەریکی وتو وێژن.

## 14-هێزەکانی حازر لە ناوچە

سەرژمێری هێزەکانی کە دەوڵەتی ئیران لە ساڵی 1931 لە ناوچە هەیەتی نزیک بە3800سەرباز/ 2000قازاخی خزمەت تەواوبووی بانگ کراو بۆ خزمەتو 1200کوردی جامینخواز(جاش). و هێزەکانی عاسمانی ئیران بریتین لە سێ فڕۆکە کە بۆ ناسینی شوینەکان کەلکیان لێ وەردەگێرێ.

هێزی کوردەکان بریتی‌یە لە کاکڵی شەش حەوت سەت کەس لە عەشایری جەلالیو حیدرانلوو جگە لە300کەس لە کوردەکانی ناوچەی ئاراڕات کە بەم دەستەیە لکاونو پۆشتە بە چەکو چۆڵی تەیارن، تفەنگ خودکارەکانیان خەشابی 25ی دانە فیشەک دەخۆن.

فەرماندەرەکەیان کەسیکە بەناوی فەرزەندە کە کۆمیتەی خۆیبوون ئەوی بۆ فەرماندەری ستادەکەیان دەست نیشان دەکات، یەکێک لە کوڕەکانی برایم ئاغای جەلالیە کەبە(بڕو) ناوی دەبن.

ئەرمەنیەکانی داشناک پەیوەندیو ئاتاجیان هەروەک ساڵی 1930 بۆ دابین دەکەن.

## 15- خولی یەکەمی عەمەلیاتی ئیرانیەکان لەمەی –ژوئین 1931

هێزەکانی ئیرانی لە نیوەڕاستی مانگی مەی ساڵی 19312 بیروڕای پێشگێری لە تێکۆشانەکانی سمایل ئاغای جەلالیـیە لە هەنگاو هەڵێنان بۆ کۆ کردنەوەی شۆرشگێڕانی ئاراڕات دژی (قەرەعەنیی) دەست بە پەلاماردەکەن: سمایل ئاغا،کاتێک لە هاتنە پێشی ئیرانیەکان ئاگادار دەبێت لەگەڵ چەکدارەکانی پەنا بۆ تورکیە دەباتو ئیرانیەکان ناوچەی چۆل کراو داگیردەکەن.

نیزیکەی 19ی مەی 1931 کوردەکانی جەلالی بە ئاریکاری ئەو کوردە، شەڕکەرانەی کە لە تورکیە ڕاهاتوون شەوخونێک لە ئۆردوگای ئیرانیەکان دەوەشێنن. بە گوێرەی دەم پێداهێنانی کەریم سەیاح بەر پرسی کمسیونی ئەمنیەتی تالخی ئیرانو تورکیە، ئەو شەوخوونە بۆ ئەرتەشی ئیران مووستبەتیکە، لەو پەلامارە 124سەرباز کوژراونو 200هەتا300کەس بریداربوونە، بەڵام بە وتەی سەرینچاوەی دیپلۆماتەکانی بریتانیا کوژراوەکانی ئیرانی سێ بەرابەر ئەوەندەیە.

کوردەکان تەلەفاتیان کەم داوە تەنیا 7کوژراو لە مەیدانی شەڕ وەبەرچاو دەکەون، کوردەکان کوژراوەکانیان هەمیشە لەگەڵ خۆیان دەبردن. لە دوایی ئەو قەدەخەو قۆرخە لە سەردەنگوباس پەیوەندار بە ئەم عەمەلیاتە دێتەکردن، ئەوسەربازانەی کە ئەودەنگو باسوتیک هەڵچوونە بە جۆریک بدرکێننو وەدەرخەن بە مەحکەمەی سەردەمی شەڕ(دادگەی زەمانی جەنگ) دەسپێردرێن.

سەیر ئەمەیە ئیرانیەکان کە لە ئاکامدا سیاسەتیکی (توندیان) لە بەرامبەرکوردەکان گرتۆتە بەر، بەش بەحاڵی خۆیان لە نەکردنی ئاریکاری لە لایەن تورکەکان بەگازەندەن! بە تایبەت سەرهەنگ کەریم سەیاح خان ئەم تۆمەتە وەپاڵ تورکان دەدا، کە سیاسەتێکی ئاشتی خوازانەیان لە بەرامبەر کوردەکان گرتۆتە پیش، ئەم کابرایە لە جەنگەی عەمەلیاتی ئەرتەشی ئیران لە19ی مارس هەتا9ی ژوئین لە چۆنیەتی شێوەی ئاکاری ئەوان گازەندی دردەبڕین.

16-خولی دووهەمی عەمەلیاتی ژوئیەی 1931

بەپێچەوانەی ئەوقسە توندوتاڵانە، هاوکاری دوو ئەرتەشی تورکو ئیران پەلو پۆ داوێژێو بەرفرەوان دەبیتەوە: لەوجەنگەدا کە ئەرتەشی تورکیە بە سەردەدونانو عەمەلیاتی خۆی خەریکە بە وتەی بەرپرسیاری کمسیونی سنوور سێ ئەرکی کەوتۆتە سەرشانی ئەرتەشی ئیران:

1-گرێدانی سنووری ئێران بۆ پیشگێری لە کەلین تێکردنی کوردەکان بە هەر شێوەیەک.

2-چۆلکردنی گوندەکانی ناوچی لێواری سنوورئیران، هەڵقەندنی کوردان لە شوێنی زیدی خۆیانو دوورخستنەوەیانو قەدەغەکردنی چادرنشینو خێڵاتی بۆ ناوچەی ئاراڕات بە جۆرێک ببێتە ناوچەیەکی چۆل.

3- شەر لە گەڵ کوردەکان، کە لە دەست بە تاڵانو ڕێگری دەدەن.

تێبینی:(ئەم تۆمەتانە کە بە درێژای میژووی داگیرکردنی کوردستان کە ئەو دوو دەوڵەتە داگیرکەرە، وەپاڵ کوردانی دەنێن، لە قەولنامەکانی گڵاویاندا دەیگونجێنن بیانو بۆ سەرکوتکردنو کوشتاری بە کۆمەڵی کوردەکانو خاپۆورکردنی کوردستانو چۆلکردنی وهەڵوەدایی کوردو بەتورکوعەجەم کردنیانە. وەرگیر.)

سەرەتای ژوئیەی 1931 هێزەکانی ئیران(قەرەعەینی) سەرلەنوێ داگیر دەکەن، ئەوهێزەلە4ی ژوئیەی دەکەونە بەر هێرشی دەستەیەک لە کوردەکانی ئیرانو تورکیە، تەلەفیاتێکی قورس دەدەن.

سبحەینەی ئەوڕۆژی کوردەکان 50کەس لەدانیشتوانی گوندێکی ئێران دەکوژنو چەند ئاوایی دیکەش تالآن دەکەن، ئیرانیەکان ئەم تۆمەتە لە سەربازانی تورک دەدەن کە جلو بەرگی کوردیان لە بەر کردوەو هاتونەتە ئاریکاری کوردەکان لە حالێکدا تورکەکان، شوورەوی بەمە تاوانبار دەکەن کە چەکو چۆڵی داوەتە کوردەکان.

17-هاوکاری ئیرانو تورکیەدژی کوردان

بە پێچەوانەی تۆمەت لێکدان، نزیک بوونەوەی تارانو ئانکارا لە زێدە دەدا. ئیرانیەکان لە ئاکاروکردوەی تورکان ناقایلن (بەو ڕادەی بۆیان بلوێ کوردان زۆرتر بۆ ئیران ڕەپاڵ دەنین. بەم داوا لێبوردنە، کە ناوچە شاخاوی نیەو حیساب لەگەڵ کردنیان سانایی ترە.)

بەڵام لە سەرەتای ساڵی 1923دوولێژنەی تورک بەگوێرەی ڕێووڕەسمی قانوونی سەردانی ئیران دەکەن، یەکیک لەو لێژنەیە کە بەر پرسیایەتیەکەی بە جەلال بایار، سەرکۆماری دواڕۆژی تورکیەیە،بەڵێننامەی ئابووری و ماڵی لە گەڵ ئێران ئیمزادەکات. ئەوی دیکە بەبەرپرسایەتی تۆفیق ڕەشید وەزیری دەرەوەی وڵات، بەم بۆچووونە هاتوونە ئیران، کە ناوچەی (ئاگری) ئاراراتی بچووک لە بەرامبەر بەشێک لە خاکی تورکیە کە بریتی لە شەش گوندی کوردنشینی ئیرانە، پێکەوە بگۆڕنەوە.

مەسەلەکە بە،تەداخولی ڕەزاشا، جێ بەجێ دەکرێو چەند مانگ دوایی یانی لەساڵەکانی 1930و1931وەزیری دەرەوەی ئێراق دوو کەڕەت چووتە ئانکارا، لە هاتووچۆی ئەو سەردانانەدا ڕێبەرانی تورک لە دەوڵەتی ئیراق داوادەکەن(بۆکۆتایی پێهێنان بە تێکۆشانو حەولو تەقەلای شۆڕشگێڕان لەناوچەی بارزان کە هێندێک لە کوردەکانی تورکیەی لە گەڵ تێکەڵ بوونەولەم حاشارگایانەدا پێشگیری لە گەڕانەوەی ئاسایش لە ناوچە دەکەن، دەست بەعەمەلیاتی نیزامی بکات.)

دەوڵەتی ئێراق کە حەز دەکا(چ هەلی ڕەخساوی لەناوچەی سنوور بەبزوتنەوەی کوردان نەدات، داوای تورکان بەدڵو گیان وەردەگرێ-دژی شێخ ئەحمەدی بارزان قیت دەبێتەوە.

لە نیوەی ژوئین 1931 کۆنسۆلی ئێران لە ئانکارا( لەلای کۆنسولی بریتانیا لە مەڕ ئەم ئاریکارییەی کە لە نێوان سێ دەوڵەت لە گۆڕێدا کە مەسەلەی کوردان بۆتە هۆی دڵەڕاوکەو هەوینی ناکۆکی ئەوسێ وڵاتە، سەری قسە دەکاتەوە و لە سەر گرینگی خۆ بەدەستەوەدانی شێخ مەحموود ئەنگوست ڕادەدیرێو لاق دادەگرێ.

کوردەکان زۆرپێشتر لە ئیمزای پەیمانی سێ قۆڵی سەعد ئاباد 1937 ئەم سێ دەوڵەتەیان لە بەرامبەر خۆیان یەکگرتوو هاوبیر دیبوو، هیواداربوون ڕۆژێک ئەوان دژی یەکدی دنەوهاندن!

18-ڕێگای چارەسەری تورکان بۆمەسەلەی کورد

لە5ی مەی 1931 دەوڵەتی تورکیە یاسایەک بڵاودەکاتەوە کە ئیجازە بەوی دەدا دەست بە گوێستنەوەی گرینگی جەماوەری کوردان بکاتو هیوادارو دڵنیایە بەم ڕاونانە نیژادی کوردی چوارپارچە کوردستانەکان بەتەواوی لەناو بەرێو بتوێنیتەوە!

ئەمە هەر ئەوپیلانەیە کە دەوڵەتی تورکیە لە کاتی سەردانە،بەناوبانگەکەی گزیری پایەبەرزی بریتانیا لە بەغدا لە گەڵ مستەفاکەماڵو تۆفیق ڕشیدبەگ؟ سەردانی کۆنسوڵی بریتانیا لە قوستەنتەنیە لە نوامبەری 1936وژانوییەی 1927دەمێشکی داگورابوو دەیکوڵاند.

ئەم قانوونە کە دەسەڵاتی سەرۆکو بەگو شێخەکانو سەرجەمی عەشایرەکان هەمووبنکەو دەمو دەزگای وان پووچو بێ بایەخ لە قەلەم دەدا بە دەوڵەت ئیجازە دەدات ئەوان بۆ پارێزگاکانی ڕوژئاوا بگوێزیتەوە هەروابە دەڵەت دەسەڵات دەدا هەموو ئەوانەی چاوەنواڕی جاسوسێان لە دەڤەری تالخ لێدەکرێ هەروا کەسانێک کە لە ڕۆژهەلات خاوەن کەسایەتین دووربخاتەوە.

ئاوەدانکردنەوەی ناوچەوگوندەکانو خانووبەرەو کۆشکو تالار بۆ کەسانێک کە بە زوانی جیا لە زوانی تورکی دەدوێنو قسەی پێدەکەن هەربوم جۆرە پیکهێانی مامەلەو بازرگانی بۆخەڵکی ئەوها یاساخە. بەڵام دوورخراوەیی کوردەکان لە ڕاستیدا بەرلەم قانوونە دەستی پێکردبوو!

لە سپتامبەری 1931 2000کورد- وێدەچێ لە عەشایری جەلالی بێت- بە40000سەرمەڕوماڵاتەوە کە هەنگێکی عەسکەری تورک لە گەڵیانن بەپانو برینی وڵاتی تورکیە لە ڕیدانو بەرەو شوێنی دوورخراوەیی دەڕۆن. لەمە بەدوا خەڵکی تورکیە بە وەڕێخستنی دەستەی زورو کەمی کوردەکان کە زوربەی ئاپوورەیان ژنو منالی ڕووتو قووت پێکدینن، کە بەشی زۆری پیادەنو پێ پەتی لە ئاواییو شارەکانی تورک نشین تێدەپەڕنو ستونی عارەبەکانیان بە دواوەیە کە نەخۆشو کەلالەو دەستەوەستانو مرۆڤی لە گیانەڵادان! کەلو پەلی کەرەسەیان هەڵگرتوە،پێڕاهاتوون.

ئەم ئاپۆرەیە کاتێک دەگەنە شارێکی تەقریبەن گرینگ، دەبردرینەنە خۆشخانە لە وێ دەشۆڕینەو...شەو لە سەر سیمانی نەخوشخانە دەخەفن چونکە پێخەفیان نادەنێ هەتا بەیانی لە سەرمان هەڵدەلەرزن) هەنۆکە کوردستان ئەبەو خەڵکە ڕووتو

ڕەجاڵە وێرانەیەک زێدەترنیە. پێشتریش یانی ساڵی 1930 ئەدموندز بەجیا بە ئیجازەوەرگرتن لە حکوومەتی تورکیە بەشێکی کوردستانی تورکیە گەڕا لە مەرعش، سیورک، دیاربەکرو بتلیسو مووش، بەڵام خەراوی ڕێگاکان ڕێگری چوونی بۆ (وان) بوو. لە سەفەرەدا جیا لە ویرانو کاول بوون نەیدی.

بتلیس بیچمێکی خەماوی هەیە...بەدرێژایی تەقریبەن دوو کیلۆمێتر کاوڵەکانی شار یەک بەدوای یەکدا لەدوو لای گەڵی قەتارەیان بەستووە، ئەمە شوێنی شارێکە کە40000دانیشتووی هەبوو ئیستا ئاوایەکە بە5000کەس!

حاڵو ئەحواڵی شاری مووشێش لە وی کەنەفترە ئەم شارە30000دانیشتووی هەبوو هەنۆکە 3000دانیشتوو تێک تەپیوو وێران کراو! بەرلەڕاپەڕینی درسیم 1937لەو کاولانەی بە سەریەکدا تەپیوی کوردستان دەنگی جریوەیەک بەگوێ ناگات.

## فەسڵی 6-ئاخروئۆخری ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحموود

شێخ مەحموود بەرزنجی پاش چۆلکردنی سولەیمانیە لە ژوئیەی 1924 لە ناوچەی سنووری ئیرانو ئیراق نشتەجێ بوو، هەروا بە کردەو حوکماتی خۆی لە سەر عەشایرەکانی دەڤەر کە لە حوکمو چاوەدێری ئیرانو ئێراق تەرخان بوون بەردەوام دەکرد. بەپێچەوانەی حەولو دەولی پەیتاپەیتای دەوڵەتی ئیراق بۆ یەکلاکردنەوەی ڕاپەڕینی شێخ مەحموود،حەوت ساڵ پاش یانی

له ساڵی 1931دوایی ئاخرین شۆڕش ویە،کەدەسەڵاتدارانی ئیراق سەرکەوتەدەبن ئەوی بۆ هەمیشە لە گۆڕەپانی سیاسەت وەدەرنێن.

1-شەڕی 1925

هەوڵین شەڕی دەوڵەتی ئیراق دژی شێخ مەحموود لە هاوینی 1925 یانی ساڵێک دوای دەست بەسەرداگرتنی سولەیمانیە، دەقەومێت.
مانگی ژوئین کەرتێک لە سوپای ئیراق بۆ بەرەنگاری لەگەڵ شیخ مەحموود دەنیردریتە هەڵەبجە، بەم ئومێدە کە ئێرانیەکانیش عەمەلیاتێکی بەم شێوازەلەو دیوی سنووردەست پێبکەن. بەلام لە سەرهەڵدانی هێزەکانی ئێران چ سەروشوێنێک نادیترێ. شێخ پەنابۆ مەحموودخان دزەلی ومەحموودخانی کانی سامان سەرۆکانی عەشایری مەریوان دەبات.

2-عەمەلیاتی ساڵی 1926

ساڵی دوایی هەرئەم تیاترویە دووپات دەبیتەوە ستوونەکی بۆ بەرەنگاری لەگەڵ شیخ مەحموود پیک دێنن، شێخ بەئاریکاری بەشێک لە کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ئیران هێرش دەکاتە سەرستوونەکی ناردراوەی ئیراقو بەپاشی دادەگێرێتەوە! لەدوایی فڕۆکەوانێک مکانیسین ئینگلیزی بە دیل دەگرێ، ئەو دووە
چەند هەڤی لە لای شێخ دەمیننەوە،بەڵام زەمان بۆ ئەم دوو ئیخسیرە باش تێپەڕدەبێت، چونکە شێخ فڕۆکەوانی ئینگلیزی بۆ ڕاوشکار لە گەڵ خۆی دەبات.
ئەم کەڕەتە دەوڵەتی ئیران لە سەردوو داوای ئیراقیەکان ڕەزامەندی دەردەبڕی بەڵام بەخت ڕەشی داوینی دەگرێ، چونکە ئەوئاریکاریە بەکارەساتێکی بچکۆڵەی دڵتەزێن دەگۆڕێ. لە3ی سپتامبەری 1926 پۆلەکی نیزامی بریتی لە300پیادەو200 سوارەهێرش دەکەنە کوردەکانی پژدەری کە ماکەی بنکەکەیان قەڵادزەی ئیراقە، دوایی چەند ساعات شەڕوپیکداد‌انو پێکهەڵچوون ئێرانیەکان ناعیلاج دەکرێن بە بەجێهیلانی نزیکەی 100قازاخی کوژراو مەیدانی شەڕچۆل بکەنو هەڵێن، کوردەکان هێندێک دیلو قەبزەتۆپێکی نیزامی بەدەست کەوت لەگەڵ خۆیان بۆکوردستانی ئیراق دەبنەوە.

3-گفتوگۆ لەگەڵ کورنوالیس(9-ئۆکتۆبری 1926

شێخ مەحموود بەپیچوانەی ئەورزامەندیە بەتوندی دەکەوێتە بە ڕەهێڵەی هێزی ئاسمانی سەلتەنەتی بریتانیاو لە ئۆکتونری 1926قایل دەبی لە بەغدا سەردانی کورنوالیس ڕاوێژکەری پلەبەرزی بریتانیا بکات.

ئەم چاوپیکەوتنەلە9ی ئۆکتۆبری 1926 لەخورماڵی کوردستانی ئێراق بە ڕێووشوێنکی (پالەوانانە)پێکدیٚو جێگای ئاخافتن لە گۆڕەپانێکی ئاقاری دەرەوەی ئاوایی دیاری کراوە، هەر یەک لەدوو لایەن بە ئیسکۆرتی خۆیەوە دەگاتە جێژوان!

کورنوالیس لەگەڵ ئەحمەد بەرزنجی ئەوەڵین سدت مێتری نێوان ڕێگادازوا، شیخ مەحموود بە چەکدارەکانی خۆیەوە لە چوارسەت مێتری ڕاوەستاوە، لە گەڵ فرۆکەوانی بە دیل گیراوی ئینگلیسی کە هێناویە تەسلیم بە کورنوالیسی بکاتەوە، دێتەپێش. دوایی بەتەنێیان بەجێدێڵن. ئەم دووە لە سەر پشتنێندەکی کوردی کە بۆیان لە سەرهەرد ڕاخستوون دادەنیشنو ماوەی دوو ساعات لە ژێرچاوەدێری حەرەسەکانیان پێکەوە گفتووگۆ دەکەن.

کورنوالیس، لە لایەن گزیری پایەبەرزی بریتانیا بەشێخ مەحموود پێشنیاردەکات لە ئیران ناوچەیەک کە بۆی دیاری دەکریٚ نشتەجیٚ بێتو پێتاکی مڵکەکانی خۆی لە کوردستانی بن دەستی ئێراق وەربگریٚ، پوختەی کەلام خۆی بەدەستەوەدداو دووربخرێتەوە. شێخ مەحموود حازر بەگویٚ هەڵێخستن لەم پێشنیارەنیەو بەبۆچوونی وی دوورخستنەوەی هەتا هەتایە! پێی دەڵێت: ئەوچارەنووسی خۆی لەلا گرنگ نیە، بەڵام ناتوانیٚ بۆ وەبەربادانی هیواو ئۆمێدی خەڵکی کورد کە تاسەیان لەسەر هەڵچنیوە،دەست بەرداربێت. دەڵیٚ: هەموو کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ئیران بۆ بریتانیا لە داگیرکەری ئیران دەستێنێتەوە، بەم مەرجە بۆخۆی بە ناوی دەوڵەتی بریتانیا فەرمانڕاوی بێت- لەئاخر شێخ داوا دەکات ئیجازەی بدەن لە پێنجوین بمێنیتەوە، بەڵام بیٚ ئاکام! کورنوالیس داوای لێدەکات جارێکیتر لەخورمال یەکدی ببین بەڵام شێخ پێشنیارەکەی رەت دەکاتەوە. دوایی لیک جیادەبنەوە، هەتاسبحەینەی ئەوێڕۆژێش شێخ حازر نیە لە گەڵ وی لە نیو لۆجێک عارەب چاوپیکەوتنیو پەیوەندی بگرێت. دوایی حەوتوویەک ئاگربەس شەڕ دەست پێدەکاتەوەو هێزی ئاسمانی سەلتەنەتی بریتانیا، شێخ ناچاردەکات پەنا بۆ ئیران بەریٚو لە وێرا بە شێوەی چریکی پەلاماری هێزەکانی ئیراقی دەدا.

لە ساڵی 1927لەگەڵ دەوڵەتی ئیراق دەست بەوتوویژ دەکاو تێدەکۆشی ملکەکانی وەرگریتەوە.

ئەمما لە مەڕ نیزامی ئەو نەتەوەخوازی دەمارگرژی کورد)ئیدی نوێنەری چ شتێک نیە، بەڵام لە نەزەر سیاسی (زەخیرەییٚ) هزرێکە کە زۆر لەو کەسانەی ئەویان بەخەونو خەیاڵ لێکدەداوە، ئەو فکری سەربەخۆیی کوردستانە، کە تەواوی کەسایەتی کوردی کەلە1921لە ژێر گوشاری ئینگلیزیەکان بەوڵاتی ئیراق لکاندران هەنۆکە شوین پێیان هەڵگرتوەو بەدوایدا دەڕۆنو لێی دەکۆڵنەوە.

ئەم دەستە کە لە ئاکاری فەیسەل ناهومێد بوونە، دەست لە ئاڵەگۆڕی مەیدان ددکەن. لە ساڵەکانی 1926-1927تەواوی کوردستانی ئیراق ناوەندیەکی قژقژ کولێوی هەستی نەتەوەییەو لێدەڕژێت!

## 4-ئەزەوەزەی کوردەکان لەکوردستانی ئێراق 1926ی1927

تەواوی چینو تووێژی جەماوەری کورد، لەڕاستیدا هاتوونەتە سەر ئەو بڕوایە کە ئیدی چیدی ناتوانن لەگەڵ حکوومەتی عەرەبو کارگێڕانی کە پشت گەرم بە هێزی نیزامین هەڵکەن!

زورکەمن، ئەوانەی لە کۆتایی ساڵی 1926بە بڕیوەبردنی بەشیک لەم وادەیە، لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زوانی کوردی بەناوی زوانی فەرمیو قانوونی کوردستانی ئیراق خۆشحاڵ بن.

ئەم گەلهەی کوردی کەلەم سەردەمە، دێنە جەستە لە ئەسڵدا ئاپورەی فەرهەنگیو ڕۆشنبیریو ئینسان دۆستین.

لە بەهاری ساڵی 1926ڕەفیق ئەفەندی، ڕەمزی بەگ، فایق بەگو مارف گەلهەی (ئەنجومەنی ئەدەبی کوردستان) لە سولەیمانیە دادەمەزرێنن،کە ئامانجی حاڵیو فیرکردنی(ئاپورەی کوردە)کە بە پێچەوانەی بنیات نەرانی وی سەرەتای مەرجی خەبات لە ڕێگای بە دەست هێنانی سەربەخۆییە...کلاسی شەوانەی کە ئەو جەمعییەتە پێکدێنو ئەوسیمنارو کۆنفرانسانەی کە ڕێکدەخەن، ئیکجار سەر کەوتووانەن. بەڵام خێرا بەشێک لە ئەندامانی جەماوەر، یەک لەوان جێگری بەرپرسی وی جەماڵ بەگ دەکەویتە ئەوفکرە ڕەنگو ڕووی سیاسی بداتێ.

لەم جەنگەدا مستەفا پاشا، بۆ بەڕیوەبردنی دەنگدان(هاوینی 1926) بۆ سولەیمانیە دەگەڕێنەوەو ڕادەگەینێت ئەگەر بە نوێنەری هەڵبژێرێت نوینەرانی کورد لەحیزبەکەی تاقانە لە دەوری یەکدی کۆکاتەوە.

لە ڕەواندز تەها، تێدەکۆشێ ئەنجومەنی ئەدەبی(هۆگر)بۆ (ڕاست ولووسو گەشەپێدانی زوانی کوردیو ئاگادار بەمێژوو سروشتی کورد)بێنێتەدی بەڵام گەڵاڵەکە هەر لە سەرەتا هێندە زەقەو بیچمی سیاسی پێوەدیارە، دەوڵەت قەبووڵی ناکات.

بەڵام ئەمە (مووسڵە)و چوار ڕێیانی کوردستانو ناوەندی هاتووچۆی نێوان کوردەکانی ئێرانو تورکیەو ئیراق دایە. لەساڵی 1926 ئینگلیزەکان کۆڕیکی نهێنی بە ناوی (پێش کەوتن) کە پەیوەندی تەواوی ئەوبنکانەی پێکەو دەلکاند دەدۆزێتەوەو لەناوی دەبات، بەڵام ئەوندەی پێ ناچێت کە بنکەیەکی نوێ سەرهەڵدەدا. لە کەرکووکو ئەربیلیش ئەنجومەنەکان زوروکەم لەحاشارگەدانو شێخ مەحموود لەگەل هەموو ئەوسازمانانەی شاراوە، لە پەیوەندی دایە.

هەروەک ایرکمودورێ ئینگلیزی بە دڵە ڕاوکەو دەڵێ: سەرجەمی کوردەکان، کارگێڕانی حکوومەت،عەشایرو خەڵکی شاری هێدی هێدی کەوتونە بازنەی هزری سەربەخۆیی...ئەگەرزێدەپاروەکیان نەدرێتێ لە وانەیە وەکوو ئیرلەندی ڕۆژئاوا لایەنگرانی (سەربەخۆیی) وردەوردە سەریان وەدەرخەن، لەوکاتدا دەوڵەتی ئیراق لەگەڵ دوژمنێک لە چواردیواری خۆیدادەست بە یەخە دەبێت.

## 6-ڕاپەڕینەکانی سولەیمانیە(6ی سپتامبەری 1930

بڕیاری بریتانیای مەزن لەفوریەی 1939بەدەست هەڵگرتن لە سەرپەرشتی خۆی لە ئیراقو (پتوون مانەوەی) لەگەڵ ئاخافتن سەبارەت بەپەیمانامەیک کەقەراربوو لەژوئین1930واژۆ بکرێت بوو بەهۆی زنجیرەیەک کڵپەو بڵیسەی نەتەوەخوازانە، کە لە شۆڕشەکانی سپتامبەری 1930بە چڵوکی بەرزایی خۆی گەیشت.

لە ڕاستیدا ئەگەر کوردەکانی نائیفراتی لەگەڵ پێکهینانی (ویلایەتی کوردی)کە کوردەکان بۆخۆیان بەڕیویان دەبرد، بەهۆی گزیری پایەبەرزی بریتانیا لەگەڵ دەوڵەتی ناوندی پەیوەند دار ڕەزامەندیان نیشاندابوو، ئەمە لەو بارەوەبووکە شکو گومانیان سەبارەت بەمە ڕەوییۆوە، کە بۆین بە بڕیاری دسامبەری نیو نەتەوەیی ڕۆژێک کە سەرپەرشتی بریتانیا دوایی پێبێت، دبێتە

هۆی سەربەخۆیی یان. بەلام دەولەتی بریتانیاو ئیراق ئەم جۆرە بیروبۆچوونەیان نیە، بە پێچەوانە بۆ کردنەوەی رێگای سەر بەخۆیی،تەشریفاتی دەنگدانی مەجلیس حازردەکەن.
لە مانگی فورییە بەم لاوە کۆرێکی نوێ بەناوی (خێلی یەکیەتی کوردان) چەند وتارێکی رەخنەگرانە سەبارەت بەسیاسەتی (زۆرەملی) بریتانیای مەزن بەلاو دەکاتەوە.
بە پشتیوانی زۆروکەمی فەرمی توفیق وهەبی، موتوسرفی سولەیمانیە، لە پێشگری دەنگدانی کەسایەتەکانی سولەیمانیە لە ریکەوتی 28ی ژوئیەو3و20و30ئەوت 1930 سکالا بۆ سازمانی نێونەتەوەیی دەنێرێو داوا دەکات دەولەتێکی کوردی لە ژێرچاوەدێری نێونەتەوەیی پێک بهێنرێت!
سەردانی غازی وەلیعهدی ئیراق دەبێتە هۆی سەرهەلدانی خۆ پێشاندانێکی دوژمنانەو لە3-ئەوت یەکێک لەلێژنەکانی ئیراق سووکایەتی پێدەکرێ. هەروەک سەرۆک وەزیران نووری سەعید دەلێ: داوێنی داواکانی کوردان بە لەز فراوان دەبێو بەرەو ژوور هەلدەکشێن: لە سەرەتا داواکانیان ئەوەیە: هێندێک دەستەبەری لە بەلێنامە داجیی بۆ بکرێتەوە... پاشان ناڕازیبوونی خۆیان لە دەمو دەزگای رێژیم دەردەبڕن لەدوایی دا داوای نیمچە خودمووختاریەکی دەکەن، ئیستا قسە لەسەر جیا بوونەوەیە!)

تەقینەوەلە 8ی سپتامبەر1930 دەقەومێ

لەو هەلو مەرجو وەزعە نائاساییو گوماناویەدا ئەرتەشی ئێراق تەقە لە خۆ پێشاندەرەکان دەکات دەیان کەس شەهید دەبن. دەولەتی ئیراق تۆفیق وەهەبێ والی سولەیمانیە لەوالیەتی دەخاو تەواوی ئیمزاکەری داواکاریەکان بەتۆمەتی رێکخستنی شۆرش دەست بەسەردەکات!
دەولەوتی بریتانیا زۆرتر لەم بابەتەوە چرژاوە کەچ دەلیلو بەلگەیەک لە دەست دانیە کە راستەوخۆ ئامارە بە ئەمە بکات کە ئەم کەسایەتیانە لە کاتی دەست بە سەربوونیان بەرپرسایەتی سەرهەلدانی ئەو شۆرشو پشێویەیان هەبووبێت..گرتنی ئەم کەسانە لەسەروبەندیکدا کە شوورای نێونەتەوەیی بیروڕای ئەوەیە بەلێکۆلینەوەی ئەم داوایانە ڕابگاتو خەرێک بێ، ئەرکی وی چەتوونو دژواردەکات.

شۆرشی شێخ مەحموود(نوامبەری 1930)

شێخ مەحموود ئەلەم هەلە بەباشی کاردانەوە وەردەگرێ: دوو سێ رۆژ دوایی ئاژاوەو پشێوی سولەیمانیە قاقەزیک سەبارەت بەبێ بەزییو، وحشی سیفەتیو بێ ویژدانی کەم وێنەی عارەبەکان لە سولەیمانیە بۆ گزیری پایەبەرزی بریتانیا لەبەغدا دەنووسێو لە ویدا ئەمە دێنێتەوە بیر، کەهەنۆکە دەبێ بۆ گزیری پایەبەرز روون بێتەوە کە(ئیدی بەچ لەونو کول و وبابەتیک لەهاتن نایە کە عارەبو کوردەکان پێکەوەبژینو ویکرابحاوینەوە.) شیخ مەحموود پاش دەربڕینی مخابن سەبارەت بەکارتێکردنی دۆستایەتی کوردان لە بابەت ئینگلیستان کە بۆ ئەوان جیالە دەردسەر کەلکەکی نەبووە) کاردانەوەکەی بەعارەبەکان گەیووەو بە ناوی ئەم میللەتەی ئاریایی دوادەکات لە بن نیری بیخسیری حکوومەتی عارەب نەجاتیان بێو لە وان جیاببنەوە... لە ژێرچاوەدێریو سێبەری بریتانیا دابن.

پاشان لەسەرەتای ئۆکتۆبری 1930تێکۆشانێکی نوێ پانەگۆڕایی نوسین دەست پێدەکاتو لە یەکێک لەونامانەدا دووکەس لە سەرۆکو عەشیری کورد داوادەکەن دەمو دەزگایەکی سەربەخۆوڕاستەقینەی کوردی لە ژێر پشتیوانیو سێبەری بریتانیای مەزن بنیات بنرێ) شێخ مەحموود بەحوکمڕانی کوردستان دابنرێت، لە داوانامەیەکی دیکەدا خاوەن ئیمزاکان دوایی ڕەخنە لە(زوڵمو زۆری کە لە حکوومەتی عەرەبیان دیوە) پێشنیاردەی دامەزرانی ڕاستەوخۆ دەکەن کە جیا لە شیخ مەحموود کەسی دیکە بەحاکمی کوردستان ناناسن.

لەنوامبەری 1930شێخ مەحموود دەست بەکردوەیەکی ڕاستەوخۆ دەکات، ئەبەم هیوایە کە ئەم خۆ نواندنو دەست پێشخەریە، نیو نەتەوەیەکان بخەتە ژێرکارتێکردن. بەڵام ڕوون نیە ئاخۆ ئەو شەڕانەی کە لە ناچەی ئاراڕات لە گۆڕیدا بوولە بڕیاری وی بۆئەم هەنگاوە کارتێکردنی هەبووە،یان نا،ئەممائەوبۆخۆی ئەوەی لەو دیوی سنووری دەقەما، خەبەرداربوو. لە نامەیەکدا بۆگزیری پایەبەرزی بریتانیا لە بەغدا بە(هیواداری کوردانی دراوسی کە بە ناهومیدی گۆڕاوە) ئاماژە دەکات.

ئەگەر شێخ مەحموود بۆخۆی بە هەڵسەنگانو زانیاری شۆڕشەکەی لەگەڵ ڕاپەڕینی کوردەکانی تورکیەو ئیران هاوکات نەکردبێت هەر وەک لە وتەکانی باڵویزی ئێران دیاری دەدا، نەیارانی شیخ بە هەرحاڵ بیرو ڕایان وایە کە ئەو پەیوەندیانە بیگومان لە گۆڕێدابووە! بالوێزی ئێران لە ژوئین 1931لە قوستەنتەنیە لەلای هاوتای بریتانیایی خۆی لەڕووی بێخەیاڵی، خۆ بەدەستەودانی شیخ مەحموود وەک خەبەریکی ئیکجار(گرینگ) باس لێوکات

شێخ مەحموود دەبەردایە کەنەزەری شێخ ئەحمەدبارزن بۆ ئاریکاری بۆلای خۆی ڕاکێشێ بەڵام خۆڕاییە! شیخ ئەحمەد لە حاڵیدا ڕێزگرتنی لە شێخ مەحموود بەسەربەرزی دەزانێ لەشەڕ حازر بەشەڕکردن لەگەڵ حکوومەت نیە (چونکەحکوومەتی ئێراق دەوڵەتێکی عەرەبیو موسڵمانە) ئەرکی ئیسلامی حوکمم لێدەکات کە لە فەرمانی وی لاڕی نەبم!)

لە30ئۆکتۆبری 1930لایەنگرانی شیخ کەحموود جاندارمەک لە پانزدە کیلۆمێتری سولەیمانیە دەکوژنو 13ی نوامبەرگروپێکی 300کەسی هێرش دەکەنە پێنجوینوبەشیک لەشاری بەردەست دەکەن...چل پۆلیس لەناوشارلەناوپاسگای خۆیاندا شەڕدەکەن، لە حاڵێکدا هیزی ئاسمانی سەلتەنەتی(بریتانیا)بۆ ورە وەبەرنانی بەرگرچییان، دەوروپشتی شاربۆمباردومان دەکات. بەڵام دژکردەوەی بەرگریکەران لە سەرخۆیە، چونکە بە دوودڵی چاوەڕوانی بڕیاری شوڕای نیونەتەوەین، کە قەرارە بەو داواکاریانەی کە کوردان تەسلیم بە شوڕایان کردوە،پیی ڕابگەن.

گزیری پایەبەرزی بریتانیا لە بەغدا لە دەوڵەتی خۆی دەخوازێ ئەگەر دەنگی شوڕای نیونەتەوەیی لە سەر پەسەندی داواکانی کوردبێت بۆ هەنگاوهەڵێنانی بەپارێز، لە پێشدا ئەوی ئاگاداربکات.

بەڵام لە30ی دەسامبەری1930دەوڵەتی بریتانیا، ڕاپۆرتی کمسیونی دائیمی سەرپەرشی نیونەتەوەیی بەر لە بڵاوبوونەوەی وی وەردەگرن. داوای کەسایەتیەکانی کورد بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی لەژێرچاوەدیری نیودەوڵەتی (بە ڕاسپاردەو پشتیوانی دەوڵەتی ئەحەلاعەزرەت پاشای ئینگلیستان) ڕەتکراوەتەوە.

7-دوایین عەمەلیات دژی شیخ مەحموود

ئیدی دەسەڵاتدارانی بەغدا چ خۆفیان نیەو شەڕ دژی شێخ کەحموود دەستوجی دەست پێدەکاتەوە.
لە سەرەتای فۆرییەی 1931شێخ مەحموود ئەوڵین قاقەز بۆ (کاپیتان هۆڵت)سکرتێری بەشی ڕۆژهەڵاتی گزیری پایەبەرزی بریتانیا، لەبەغدا دەنێرێو داوا دەکات بە قازانجی وی پێی بخاتەکێشەکە.
بەڵام لە ڕاستیدا لە دوایی شەرێ ئاوی بەزیکە(5ی ئاوریل 1931هەڵکەوتوو لە مەڵبەندی کفری ئیدی تێدەگات حەولو تێکۆشان بەخۆڕایە، لەم شەڕەدا لایەنگرانی شیخ زراوبردوو دەبن.
لەپاش ئەوڕوداوە شێخ لە ڕۆژ هەلاتی پینجوێن لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتی ئیران خۆی حاشاردەدا، لە ڕێکەورتی 24ی ئاوریل 1931 قاقەزێکی دیکە بۆ گزیری دەوڵەتی بریتانیا بەڕیدەکاتو لەم نووسراوەیەدا داوادەکات نوێنەرێک بۆ وتوێژ سەبارەت بەهەلو مەرجی خۆبەدەستەوەدانی بنێرێتەلای.
پۆشتەیی هێزەکانی ئێرانی(بەدوای دەوڵەتی ئێراق)لەسەرەتای مەی 1930لەمەریوان، ئەوی ئیقناح دەکات کەئەو خۆماندوکردنە چی لێ هەڵناکرێ.
دوای 5ڕۆژ وتوویژ لەگەڵ (کاپیتان هۆڵت)لە پێنجوین ڕەزامەندی خۆی بۆ خۆ بەدەستەوەدان قەبووڵ دەکات(13ی مەی 1931) هەتا هەرجێگایەک کە دەوڵەتی ئیراق بۆی دیاری کات لێی بمێنیتەوە.ـبەزێدە مووچەیەک بۆدابین کردنی پێویستیيەکانی.
بەدەستەیەک پۆلیس لەگەڵ دێنە، سولەیمانیەولە15ی مەی بە فرۆکە دەنێردرێتە(ئۆر) قەدەرحەیامێک بۆ حەسانەوەلەڕیگای ئاسنی ئێراق دەمێنێتەوەو پاشان دەنیردرێت(ناسرییە).
تێکۆشانی پێشینی شیخ مەحموود شتێکی بەدرۆو بیچمێکی ڕەوالەتی نەبوو: گزیری پایەبەرزی دەوڵەتی بریتانیا لە ڕاپۆرتی خۆی سەبارەت بەخۆ بەدەستەوەدانی شیخ مەحموود دەیان کەڕەت بە عەمەلیاتی دژوار کە لە پاییزی 1930دژی وی بەڕێوەی بردوە ئامازە دەکاتو دەڵێ: سەرکەوتنی ئەم عەمەلیاتە دێندارو لێهاتوویی لە ڕادە بەدەری ئەو کەسانەبوو کە ئەم عەمەلیاتە، بە ئاریکاری وان سەری گرت.
ئەبەم جۆرە ژیانی سیاسی (مەلیکی کوردستان) کۆتایی پێ دێ: شیخ مەحمودلە1940 بۆگۆڕەپانی سیاسی گەڕایەوەو دوایین تێکۆشانی خۆی دەکات بەو هیوایە کە بتوانێ پلانێک کە هەروەک لە جەنگەی شەڕی دنیاگری یەکەم کردبووی لە ئەستۆبگرێ. لە فۆرییەی 1940جارێک سەردانی (ادموندز) لە نووسینگەکەی دەکاتو پیی دەڵێ ئیدی پیربووە ئیستادەیەوێ خانەنشین بێو ژیانی ئاسوودەی هەبێت، داوای ئیجازەی گەڕانەوەی بۆ سولەیمانیە لێدەکات، لەنێو ئەوقسانەش دا ڕەنگو ڕووی تێکۆشانی گروپێک لەکوردان کە بە قازانجی شوڕەوی دەجۆڵێنەوە دێنێتەگۆڕ، تایبەت هەبوونی جەستەی (کۆمیتەی لایەنگرانی شووڕەوی) لە سولەیمانیە ئامازە دەکات، کە تێدەکۆشن لەگەڵ شووڕەویەکان پەیوەندی بگرن. بەڵام ئینگلیزیەکان بۆ پووچەڵ کردنەوەی تێکۆشانی خەیالی، یان حەقیقی، شوڕەویەکان لەئیراق ئاتاجیان بەشێخ مەحموودنەبوو، شیخ مەحموود لەگەڵ ئەوخەیاڵو لێکدانەوەیە یەکچەلی خواحافزی کرد...شیج مەحموود لەساڵی 1956 دوو ساڵ بەرلەڕوخانی سەڵتەنەتی بنەماڵەی هاشم یەکان کە ئیکجار ڕقو بوغزو کینەیان لەگەڵ پاشای هەژاروبێ پەسیوی کوردستان هەبوو، وەفاتی کرد.
هەنۆکە دەستەیەک لە کوردان دەیانەوێ کە بایەخەکی ئەوهێندە بەشێخ مەحموود نەدەنو بەچاوی وەرگێرکەی ئینگلیزتان لێی بروانن، کە جارحەنەکو جار بە پەرۆشەوە.
ئەمما شێخ مەحموود لەڕاستیدا(عذابی ویژدانی) ئینگلیزیەکان لە بارەگای مێژووە: بێ بوونی وێ، بێ خۆراگری سەرڕەقانەی وی، ئێراق کوردستانی بەخۆوە دەلکاند، بێ ئەوە ئەمڕۆ

کەسێک لە میژووی دوورودرێژی (بەرلڵا کراوو پشت بەتاڵ کەری چەند پات بووەی) کە لە پێناسی مێژووی لە دایک بووی ئێراقە، ئاگاداربێ.

بەشی 7-شیخ ئەحمەدی بارزان

شێخەکانی بارزان کە هاوتای پیری تەریقەتی دەست تەنگی شێخانی شەمزینانی سەدەی نۆزدەنە هەتا، یەکەمین شۆڕشی شیخ عەبدوسلامی دووهەم(1909 کە سەرئەنجام سەرەتای ساڵی 1914تورکان ئەویان لە سێدارەدا، لەڕاستی دا ڕۆڵێکی سیاسی یان نەبوو.

شیخ ئەحمەد برای شیخ عەبدوسەلامو جێگری ئەوبوو، ناوبانگێک لە وی لەگۆڕیدا نەبوو، تەنیا لەدوای کوژرانی دوو زابوتی ئینگلیزی لە ڕاپەڕینی نوامبەری بادینان ناوی کەوتە سەر زارانو لە نەکاو لە ئیراق دەسەرپیلانی ئینگلیزگەڕا-کەلەژێرناوی سەرکوتکردنی سەرل ێ شێواوێکی مەزەبی دەست بەزنجیرە عەمەلیاتێک دژی ویو براکەیان، کەلەئاکامدا بوو بەهۆی دوور خرانەوەیان لەساڵی 1934

ئەمڕۆ داوەری سەبارەت بە(ڕەوای ئائینی) برای مەلامستەفا بارزانی شۆڵێکی چەتوونە، ئەو ئەم تۆمەتەی وەپاڵ نرابوو کە دینی نوێ مەوعیزە دەکات، یان بۆتە مەسیحی...وێدەچێ سەخمەرات بەمە بێت: چونکە ئەوگۆشتی بەرازی کە موسڵمان نایخۆن حەڵاڵ کردبوو! هۆکارەکەشی وێدەچێ ئەمە بێ: ئەو وەکوو بابو باپیرانی حورمەتو ڕیزی لەلای لایەنگرانو مریدانی هەبوو لەوانەیە خۆی بە جەستەی خوا نواندبێ! –(یانی خوا لەمندا وەکوو منسووری هەلاج.-وەرگێڕ) بەڵام بە گوێرەی دەلیلو بەڵگە، شۆڕشی شیخ ئەحمەد بارزانیش سیاسیيەو دەسەڵاتدارانی ئێراق بەهاو دەستیو ئاریکاری ئینگلیزیەکان پەردەی بێدەنگی بەسەردا هەڵدەکیشن!

شەجەرەنامەی شێخەکەیانی بارزان

---------------------------------

تاج ئەدین

ا

-------------------------------------------------

شیخ عەبدولسلام عبدولڕحمان

ا

ا

شێخ محەمەد 1903؟

ا

----------------------------------------------------

ملامستەفا شێخ ئەحمەد، شێخ عەبدەلسلامی دووهەم

ا ا 1914-؟1885

ا ا

مەسعود،ئیدریس،لوقمان،عەبەیدوڵڵا ----------------------------
1927 1944- 1946
-------------

محەمەد خالد شێخ عوسمان

=--------------------------------------------------------------

لەساڵی 1927، شیخ ئەحمەد بارزانی لە پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغدا بە ئەوەڵین گیرو گرفتەکانی خۆی ئاگادار دەبیّو هەر لەرسەردەمە دایە کە دەسەڵاتدارانی بەغدا بۆ یەکەمین جار لە مەزەبی وی ئاخافتن دێنێتەگۆڕێ، دەڵین شێخ ئەحمەد داوای خودایی دەکات!

ئەمما سەیر ئەوەیە ئەویش لەوجەنگەدا لەبەردایە کە ئاتەگی دەسەڵاتو فەرمانرەوایی خۆی لە ڕۆژ هەڵات یانی ئەولای ناوچەیەک کە بەڕیوەبەرانی بەغدا بە ناوی سەر زەمینی ژێردەسەڵاتی وی دەناسن، بەرفرەوان دەکات.

ئەم بابەتە هەرگیز نەزاندرا کەئاخۆ گزیری پایەبەرزی بریتانیا ستوونەکی ناوچەیی بەفەرماندەری زابوتەکی ئینگلیزی ئەبەو مەبەستە بۆ شەڕی شێخ ئەحمەد نارد هەتاکوو ئەوی بۆ ڕێگای ڕاستەقینەی ئیسلام بگەڕینیتەوە...یان ئەم کردەوە بە نیەتی سەرکوتکردنی داواکاریەکانی سیاسی ئەوبوو!

بە هەرحاڵ مەسەلەکە هەر چی بوو، (ستوونەکە) تووشی چ بەرەنگاری نەبوو پادگانێک لە(بلێ) هەڵکەوتوو لە چەند کیلۆمێتری بارزان دورست کرا.

1-شێخ ئەحمەدو ڕاپەڕینی ئاڕاڕات

چوارساڵ دوایی یانی ساڵی 1931شۆرش لەو دیوی سنووربە توندوتیژی بەردەوامەو ئەرتەشی تورکیە خەریکی تێشکانی کۆماری کوردی ئاڕاڕاتە. لە مانگەکانی ژوئیەو ئەوتی 1931 شیخ ئەحمەد بە ناردنی چەند سەت پیشمەرگە بۆ یاریدەری شۆرشگێران دەبێتە هۆی ئەوە کە دەوڵەتی تورکیە بە توندی ڕەخنە لە دەوڵەتی ئیڕاق بگرێو بەدوایی ئەوسکاڵایانەدایە کە دەوڵەتی ئیڕاق دژی ئەم (یاخییانە) دەست بە عەمەلیاتی نیزامی لە ناوچەی بارزان دەدات.(بەشی 5)

بەڵام دەسەڵاتدارانی ئینگلیزی لەو یارمەتیو ئاریکاریانەی کە شیخ ئەحمەد بە کوردەکانی ئاڕاڕاتی دەکاتو سەبارەت بەداواو ئیعتزازی تورکەکان چ نابێژن، بەڵام دەڵێن: شەپۆلێکی لە نەکاو ناوچەی بارزانی خستۆتە لەرزین کە هۆکاری تێکۆشانی شێخ ئەحمەد بۆ سپاندنی دینی نوێیە!

کارگێڕانی بریتانیا لە نووسراوەکانی مێژووی خۆیاندا زۆرکەڕەت لەم بابەتەوە دەدوێنو یەکێک لەوان دەنووسێ: لە ژوئیەی 1931شیخ ئەحمەد دیسان ئاوەزی لە دەست داو ئەمری بە مریدانی کرد بۆ کەباب کردنو خواردنی گۆشتی بەرازی بە دینی نوێ بلکێن؟) ئەویدی کەمێک لەڕاسی نزیک دەبێتەوەو دەم بەمە دادێنێت کە(دەوڵەتی ئیڕاق بڕیاری گرتبوو بەرلەکۆیایی پێهاتنی دەورانی سەرپەڕشتی لە1932 دەسەڵاتی خۆی هەتا حدود بەرفرەوان کاتەوە.)ئەمما

دەڵێ: بەڕیوە بردنی ئەم بڕیارە(لەگەڵ عەجایباتی مەزەبی نویی شێخ ئەحمەد هاوکاتبوو) لەکۆتایی قسەکانی دا بە ڕاشکاوی دەڵێت: (بە چ بابەتێکی خەیاڵاوی نەشێن ئاڵۆزی ناوچەی بارزان هەتا ساڵی 1943 بەشتێکی وەکو ئیلهامی نەتەوەخوازی کورد ناوی نیشان بدەێن. تێگەینی ئەم مانایە چەتوونە کە چلۆن میژوونوسان ئەوها بەمجد توانیویانە ئەبەم جۆرە ڕاکێشی (خەیاڵاتی بۆنخۆشی) شێخ ئەحمەد بن!

کارەسات ئەمەیە، کەدەسەڵاتدارانی ئێراقی بەم جۆرە سەرکەوتنە، بە هزرو لێکدانەوەی (نوێگەڕایی دینی) شێخ ئەحمەد ئیحتووباردەدەن کە لەو سەردەمی کە ئەو ڕووداوە لەگ وۆرێدا، هیچ کەسێک لێکۆڵینەوەی لەلایەکی دیکە یانی سەبارەت بە نەتەوەخوازی کورد، باس لێوەنەدەکرد. ئاخۆ شێخ ئەحمەد لەگەڵ ڕێبەرانی کوردی باکووری بندەستی تورکیە، چ پەیوەندیەکی هەبوو؟ ئاخۆ لەگەڵ کۆمیتەی خۆیبوون لەپەیوەندی دابوو؟ یان لەگەڵ ڕێبەرانی ئاڕاڕات؟ یان تەنیا لەگەڵ سەرۆکانی ناوچەیی پەیوەندی هەبووە کە لەو دیوی سنووری ئێراق، یانی لە تورکیە لە شەڕدا بوون؟

ئاخۆ بەرلەژانویەی 1931یش بێ ئەوە کەسێک بۆنی کردبێ هێزەکانی یارمەتی دەریان بۆئاریکاری شۆرشگێڕان ناردبوو؟ لە ئاکامدا کە لە ساڵی 1930لە هاوکاری کردنو یارمەتی شێخ ڕووی وەرگێڕابووساڵی داوایی ئەو داوایەی قەبول کردو بە کوردەکانی تورکیەی یارمەتی کرد؟ زۆر پرسیاری دیکەش کە وێدەچی بێ وەرام بمیننەوە.

## 2-تەقەو لێکدان لە گەڵ شیخ ڕەشید لۆلانی

خێرا(ئاڵۆزیو پشێوی) داوینی بەربلاوی دەگاتە ناوچەی( برادۆست)لە نوامبەری 1931 پێکهەلاچوونیکی گرینگ، بارزانیەکانو برادۆستان لە بەرامبەریەکدی ڕادەگرێ. کاربەدەستێکی سیاسی فێڵباز، شێخ ڕەشید لۆلانی کە مرۆڤێکی دەمارگرژی مەزەبی بوو، ئیقناح کرد... کە شێخ ئەحمەدی بارزان(بۆ لەناوبردنی تەواوی موسڵمانان، لەگەڵ ئاشۆریەکان هاودەست بووە) ئەوی بۆ شەڕ لەگەڵ شێخ دنەدا..شێخ بەهۆی ساویلکەیی وچ نەزانی فریوی خواردو بۆ بە ئاڵەبووکی گاڵەجاری ئەو مەعموورە فیتنە هەڵایسینەرەو هێرشی کردە سەرشیخ ئەحمدو لە26ی نوامبەری 1931 لە وی تووشی تێشکانو تەلەفاتێکی قورس بوو. دەوڵەتی ئێراق کە لە مەی 1931 بەڵای شێخ ئەحمەدی لەکۆڵ خۆی کردبۆوە، بیانووی پێویستی وەدەست هێناو بێ ئەوە باسێک لە ئاریکاریو یارمەتی شێخ ئەحمەد بەکوردەکانی تورکێە لێوەبکات، بە شیخ ئەحمەدی ڕاگەیاند-کەبێ ولام ماوە هاتە سەر ئەو بڕیارە کە( بەهێرش بردن بۆ سەرگوندی شێخ ئەحمەد، لە(بلێ) ڕا لە شەخسی وی زەبر بوەشێنێت لەحاڵێکدا پێی وابوو کە پشتیوانی ئیخلاقی تەواوی لایەنگرانو پیاوچاکانی ئیراق لەپشت سەری خۆیدا دەدینێت!

## 3-ئەکەمین لەشکرکێشی دژی شێخ ئەحمەد(دەسامبەری 1931

هەوەڵین لەشکرکێشی دژی (قەڵای) شێخ ئەحمەد، تیشکانو ناسەر کەوتنە! ستوونیک لە ئەڕتەشی ئیراق(پێکهاتوو لەدوو گوردانی پیادەو دەستەیەک ڕەشاش) شەوی نۆهەمی دەسامبەری

1931 دەورەی بارزان ئاڵقەدەدا، بەم هیوایە کە چەکدارانی شیخ ئەحمەد غافڵگیرکەن، بەڵام نەخشەکە بە پێچەوانەی ئەم بەراوەردە لە ئاو دێتە دەرو چەکدارەکانی شێخ ئەحمەد ژمارەکیان لێ بەدیل دەگرن، کە یەکێک لەوان قایم مەقامی (بلێ)یە.

سبحەینەی ئەو ڕۆژی هێزەکانی ئاسمانی سەلتەنەتی بریتانیا، ئاوایی بارزانیان بۆمباردوومان کرد! شێخ ئەحمەد خیرا پەیامی ئاشتی خوازانە بۆ دەسەڵاتدارانی دەوڵەت دەنێرێو پێشنیاری وێدانەوەی دیلەکان دەکات.

## 4-دووهەمین لەشکرکێشی دژی شێخ ئەحمەد فۆرییەی 1922

بەڵام دەوڵەتی ئیراق بڕیاری ئەوەیە، شێخ لە کۆڵەخۆی کاتەوە، لە ژانوییەی 1932 لەگزیری پایەبەرزی بریتانیا دەخوازێ هەتا دەست پێکردنی عەمەلیات باڵەفڕەکان خۆنواندنی هەوایی لە ناوچەی زێبارو بارزان لە خۆ نیشان دەن! دەوڵەتی ئیراق هەربەم جۆرە داوای (هاوکاری تەواو) لە هێزی عاسمانی بریتانیا لە عەمەلیات دا، دەکات.

ئەڕتەشی ئیراق بێ چاوەنواڕی کۆتایی وەرزی زستان لەنۆهەمی فۆرییەی 1932 دژی ئاوایی بارزان دەست بە پەلاماروهێرش دەکات، تێشکانێکی دیکە! هێزەکانی ئێراقی 14کوژراو 9بریندار، (بارزانیەکان 20کوژراوە 30 بریندار)

پاشان دەوڵەتی ئیراق دێتەسەر ئەوبۆچوونە کە هەتا بەهاردادێ دەست ڕابگرێ.

## 5-سێومین لەشکرکیشی دژی شیخ ئەحمەد(مارسی 1932

لە12ی مارسی 1932 (بەڵگەلێبڕین) بە شێخ ئەحمەد دەکرێ: دەوڵەت بڕیاری ئەوەیە دەمو دەزگای حکوومەتی لە ناوچەی بارزان سەقامگیربکات، لە وی دەوێ لە ماوەی 24ساعات خۆی بە دەستەوەبدا.( دەوڵەت دەیەویست ئەوی بۆ مووسڵ دوورخاتەوە) بەڵام شیخ ئەحمەد خۆی بەدەستەوە نادات.

لە15ی مارسی 1932 هێزەکی گرینگی پیکهاتوو پیادەو سوارەو تۆپخانە لەگەڵ هێزەکانی ئەمنی بەپشتیوانی هێزەکانی ئاسمانی سەلتەنەتی بریتانیا، خۆیان دەگەینە شێروان.

چەکدارانی شێخ ئەحمەد لە بەرامبەر هێزەکانی دەوڵەتیدا دەست بە عەمەلیاتی چریکی دەکەنو لە ماوەی دوو پێک هەڵاچووندا لە ڕۆژەمانی 19-ی مارسو 30ئاوریل تەلەفیاتیکی تەقریبەن قورس لە وان دەدەن، کوردەکان بەتایبەت کاروانێک کە بریتی لە400هێسترەلەگەڵ تەواوی ئازوقەوکەلو پەل کە باری ئەوانە، دەوکەوێتە دەست، لە ئاکامدا بە بەرەکەتی خۆتێهەڵقوتانی هێزەکانی ئاسمانی سەلتەنەتی بریتانیا، پاشەکشە دەکەن، لەو عەمەلیاتەدا، فڕۆکەوانێکی ئینگلیزی دەکوژرێو فڕوکەوانەکیش دەئەنگاوتری. لە6-ی ئاریلی 1932 کوردەکان لەنزیک چیاکانی (لنگ) تێدەشکینو عەسکەری ئیراق لە دوایی گەیشتنی هێزەکانی یارمەتیدەرلە(عەقرە) خیراو بێ بەربەرەکانی بارزان داگیردەکات.6

## 6-نوقم بوون لەباتلاخ، ئاوریل 1932

سەرکەوتنی ئیراقیەکان لە درۆ وێوەتر نیە، کوردەکان فەندو فێڵی شەڕدەگۆڕن، لە شەڕی ڕوو بەڕوو (جەبهەیی) لەگەڵ هێزەکانی ئیراق، خۆ دەپارێزن. ڕێگای هێنانی کەلو پەلی نیزامی دەخنە بەر هێرشو پەلامار، کوردەکان لەبەرزایی چیاکان جۆڵانەوەی هێزەکانی ئیراقیان خستۆتەژێرچاوەدیری، هاتنەپیشی ئەوهێزانە بێ ئەو بەوەخت دەست پێ بکەن پووچەڵ دەکەنەوەو دوایی هەرهێرشێکی چریکی بۆ(پشت ڕۆی بچووک) دەکشێنەوەدوا.

دەوڵەتی ئیراق ناعیلاج لە11ی ئوریل 1932جاریکیتر لە هێزی هەوایی سەلتەنەتی داخوازی یارمەتی دەکات. دەسەڵاتدارانی ئینگلیزی دانیشتووی ئیراق دوایی هێندێک دوو دڵی بەو داوایە ڕەزامەندی نیشان دەدەن. هێزەکانی ئاسمانی سەلتەنەتی بریتانیا لە دەڤەری( مازوری سەرو) دەست بە عەمەلیات دەکەن. لە29ی ئاوریل یەکێک لەفڕۆکەکانی هێزی عاسمانی سەلتەنەتی لەمۆدی (واپیتی) دەکەویتەخوارو فرۆکەوانەکەش بەدیل دەگرن.

شێخ ئەحمەد لەم ڕوداوە بۆ دەست وێراگەین بەئاگربەس لە بەرامبەر وێدانەوەی فڕۆکەوانەکەی ئینگلیزی کەلک وەردەگرێ، ئەمە ئاگربەسەکی سەیرە، کە حەدوسەدی وی (روبچوک) ئاخیرەکەیەتی. ئەڕتەشی ئیراقیش لەو هەلە بۆبڕینەوی خەتی پەیوەندی کوردەکان بۆ (روبچوک) کەلک وەردەگرێت: هەموو پردەکان دەتەقێنیتەوەو ڕیگەی وەپەڕین لە گەڵیو دۆڵەکان دەخاتە ژێر چاوەدیری،

بەم شێوەیە شەڕکەرەکانی شێخ ئەحمەدلە(قەڵاو بنکەی خۆیاندا) گەمارۆ دەدرێن، لەوحاڵەش دا لە دەوڵەتی تورکیە داوادەکەن کە سنووری گریدا.

## 7-دواییین عەمەلیاتی ژوئین 1932

لە26ی مەی هێزەکانی ئیراق دژی شیخ دەست بە عەمەلیاتی تازە دەکەن کە بە ئاخرین عەمەلیات دژی وی دێتەحیساب.

سەرکەوتنی ئەو عەمەلیاتە برێک دەینداری حزووری بەشێک لە ئەفسەرانی ئینگلیزی بە فەرماندەری ژەنەڕاڵ (هەڵەم)ە

بەڵام لە ڕاستیدا خۆ تێکردنی پانوبەرینی هێزەکانی عاسمانی سەلتەنەتی بریتانیاو بۆمباردوومانی بێ وچانو بێ پسانەوەو پەیتاپەیتا بۆ سەر بارزانیەکان، شێخ ئەحمەد ناچاردەکات کەخۆی بەدەستەوە بدات، شێخ لە21ی ژوئینی1932 لە سنووردەپەڕێتەوەو لەگەڵ نزیکەی 400چەکدار خۆی بەدەسەڵاتدارانی تورک بەدەستەوە دەدا.

شێخ ئەحمەد بۆ قوستەنتەنیەو پاشان بۆ آدریانوپل(ادرنە) دەبردرێ، لەونێوەش دا دەوڵەتی تورکیە هێندێک لە چەکدارانی وی بە تۆمەتی ئەوە کە لەو کوردانەن کەلە1930 لەئاڕاڕات شۆڕشیان کردبوو پەنایان بۆ شێخ ئەحمەد بردبوو دەست بەسەردەکات!

بەم جۆرە شۆڕشی شێخ ئەحمەد بارزان کە قوربانی پیلانی دوو لایانیە، کۆتایی پێدێت. لەئاکامی ئەو پیلانە ئیراقیەکانو تورکەکان پیلانی بێدەنگێک کە بۆ بیروبۆچوونی هەڵایساندنی

بەڕاستی ئەو شۆڕشەی وەڕێخستبوو لەناو دەچێتو ئاخرین کەسایەتی بە دەسەڵاتو کارتێکەری کورد لە دەڤەرێکی ئیستراتێژی وەکووبارزان لە نێو هەڵدەگێرێ.

8-شۆڕش محەمەد سەدیقو مەلامستەفا بارزانی

بەڵام لە سەرئەوەش را دەسەڵاتدارانی ئیراقی لەکوردستانی ئیراق سەرکەوتوو بە ئاشتی‌یەکی عەرەبی نابن. لە کۆتایی سپتامبەری 1932 بەخشداری شەمزینان لە تورکیە لە هاوشانی ئیراقی خۆی لە مازوری سەرو، داوا دەکات بۆ هاوهەنگاوکردنی عەمەلیات دژی( ڕێگرانی بارزانی کە لە چیاکانی مانکۆلاو لێرەوارەکانی ڕووباری حاجی بەگ بڵاو بوونە، بۆ دیتنی وی بچێتە گوندی (بێڕوخ) هەڵکەوتو لە لێواری‌سنوور.

لە کۆتایی ساڵی 1932 تورکیە ئەو کوردانەی کە لە گەڵ شێخ ئەحمەد بوونو گرتبوونی ئازاد دەکات، دوو لەوان برایانی شیخ ئەحمەد یانی محەمەد سەدیقو مەلامستەفایە، ئەوگرۆپە بۆ دەڤەری بارزان دەگەڕینەوە، بەهاتنەوەی ئەوان شەڕی چریکی خێرا دەست پێدەکاتەوە: لە22ی دەسامبەری 1932 خەبەرلەڕوداویک لە نزیک میرگەسۆربڵاو دەبێتەوە.

لە مانگی مارسی 1932 دوو برای شیخ ئەحمەد نزیکەی 300شەڕکەریان لە خۆ خڕکردۆتەوەو لە گوندەکانی لێواری سنوور هێزەکانی ئیراقیان ماندو کردوە.

ئەمما لەوجێگایە کە ئاوایەکان لە پانەگۆڕای گۆوەندە لە باشووری بارزانو چل کیلۆمێتری ناوخاکی تورکیە هەلکەوتوونە، مەلیک فەیسەل بۆخۆی لە باڵوێزی تورکیە لە بەغدا داوا هۆکاری لەم بارەوە لێدەکات.

فەیسەل چەندمانگ دوایی یانی لە8ی نوامبەری 1933 دەمرێو ئاخرین تێکۆشانی وی دژی کوردەکان بێ ئاکام دەمێنێتەوە، چونکە دەوڵەتی تورکیە هیزی نیزامی لەو ناوچەیە نیە.

ئەو عەمەلیاتە سەرەتاییە، کە ژەنەڕاڵ بارزانی بۆماوەی چل ساڵ، لەگۆڕەپانی سیاسەتی کوردستان پیرۆزکرد، ئاگاداریەکی ئەوها لە دەست دانیە بەڵام مەلامستەفا بارزانی‌و محەمەد سەدیق کە پۆشتە بە چەکو چۆڵیک بوون کە بەر لە خۆ بەدەستەوەدان بە تورکیەلە1932لە نزیک سنوور شاردبوویانەوە، بە ڕەواڵەت مەبەستیان ئەوە بوو لە دوایی کۆکردنەوەی شەڕکەرەکان لە بەهاری ساڵی 1924 دژی هێزەکانی دەوڵەتی دەست بەهێرش بکەن. بەلام لەساڵی 1934 تورکیە برایانی بارزانی تەسلیم بەئیراق دەکاتەوە، ئیراقیەکان ئەوان ئەوڵ جار بۆ(ناسرییە) دوایی بۆ سولەیمانیە دوور دەخەنەوە، لە سەرئەوەش ڕا ئاسایشو ئارامی بۆ ناوچەی بارزان ناگەڕیتەوە، چونکە خەلیل خۆشەوی یەکێک لە هاڤاڵانو هاوبیرانی بارزانی‌و عەلۆ بەگی خاڵیان هەروا هەتا مارسی 1936لە بەربەرەکانی دابوون.

بەشی 8-شۆڕشی درسیم

لەپاش 1932و تەوەژمو سەرکوتێک کە بە سەر کوردستانی تورکیەدا داوێن ڕادەخات، ئەوهێندەتوندو تیژە کە لە گەڵ لێکۆڵینەوەو گوێچکە سڵی (سانسوۆر) هاو هەنگاوەو بەکردەوە لە

چۆنیەتی وەزیەتی کوردستان کە بە ناوچە یەکی قەدەخەو قۆرخ ڕاگەیاندراوە شتێک بۆ دەرەوە نادرکێت.

چەند دانە کورد، چەند سەت کورد، چەند هەزارکورد لە دوایی ڕاپەرینی ئاراڕات لە زێدی خۆیان دوورخراونەوە؟ ئاخۆ جیالەمە شۆرشی پچڕ پچڕیش لە ئارادا بووە؟ ئاخۆ سازمانو بنکەکانی خۆڕاگری نهێنی پێکهاتوون، لەم بەستێنەدا پرسیارەگەل بێ وەرام ماونەتەوە!

لە دەرەوەی تورکیە، بە دەگمەن کەسێک ئاگادارە کەلە1934 دەوڵەتی تورکیە، ناچاردەبێ ژەنەڕاڵ کەنعان پاشا فەرماندەری سوپای چوارمی دیاربەکر، بۆ شڕناک بنێرێ. ئەم ژەنەڕاڵە لەمانگی ئەوتی 1934بۆ تیشکانی خۆڕاگری کوردەکان لەبەرامبەر دوور خستنەوەی بە کۆمەڵ چیایەکان بۆ ماوەی 5ڕۆژ بێ پسانەوە بۆمباردوومان دەکات.

ژەنەڕاڵ کەنعان لە ساڵەکانی 1934و1935 بۆ لەکوڵ خستنی هەڵچوونی کوردانو چاوترسانیان، ژمارەیەک لەوان لە(چڕناک) لە قەنارە دەدا.

بەلام بۆ لابردنی پەردەی کپو بێدەنگی کە بە سەر کوردستانی تورکیە هەلکێشراوە پێویستە چاوەڕوانی ڕاپەرینی ساڵی 1927ی درسیم بین کە دەسەڵاتدارانی تورکیە، دەروەست بەشاراوەییو توندو تیژی عەزەمەتی نەبوون.

### 1-گەلاڵەی عابدین ئۆزمن، بۆ لەکەسایەت خستنی کورەکان

چەند هەقی پێشتر مفەتیشی ناوەخۆی پاڕیزگاکانی ڕۆژهەلات، گەلاڵەیەک بۆ بەلەز بە ڕیوەبردنی سیاسەتی (بێ بەشی سروشتیو کەسایەتی کوردی)لە کوردستانی باکوور بە دەوڵەی پێشنیارکردبوو، بەڵام ئەم سیاسەتە بەدڵخوازی دەوڵەت نەچوو بوو پێش!

ئەم گەلاڵە کە لە هێندێ پاژ کامڵ کراوەی یاسایەکەلە 1932 پەسندکرابوو بەدەوڵەتی دەسەڵات دەدا کە کوردەکان لەسەرجێوو بانی خۆ بۆ ڕوژئاوای وڵات دووربخاتەوەو پێشنیاری دەکردجەماوەرێک لە تورکان لە ڕۆژئاوای وڵات بۆ ناوچەی (وان)و دەشتی (مووش)و(گشت مەڵبەندی کوردستان) بگوێزێتەوە، یانی کوردستان بکات بەتورکستان! پەیوەندی ئەم ناوچانە لە ڕێگای (قیرەتاو شەمەندەفەر) دابین بکات.

بۆ کۆتایی هێنان بە یەکێک لە ڕێیچارەسەری یەکجارگرینگو ئاشتی هەڵنەگری نەتەوەخوازی کورد یانی جەستەی زوانڕیاری کراو-موفەتیشی ناوەخۆ پیکهێنانی قوتابخابەی 24ساعەتەی پێشنیارکرد( کە دەوێدا منداڵی گوندەکانی کورد مافی ئاخافتنیان بەزوانی کوردی نەبێت، زوانی تورکی فیربن.)

لە ئاکامدا عابدین ئۆزمن،هەڵوەشانەوەی سەرجەمی مەحکەمەکانی ئاسائیو بەدی هێنانی سیستەمی قەزایی بەدانانی داوەرانی تایبەت کە ئەرکەکانیان بە تەڕدەستیو پوختە بەڕیوەدەبن، پێشنیاردەکرد.

### 2-یاسای ساڵی 1937

لە سەرەتای ساڵی 1937 دەوڵەتی تورکیە قانوونێک لەپاڕلەمان دەردەچوێنێت کە خۆڕسکی گەلاڵەی سەرکوت پەسنددەکات، دەمو دەزگای ڕێوەبەری ولات هەڵدەپسێرێ، حکوومەتی سەرنیزە ڕادەگەێندرێ، فەرمانداری نیزامی لە پارێزگاکان دادەنرێن، ئەو کەسایەتیانە بۆ عەمەلیاتی نیزامی خاوەن دەسەلاتی بێ لێپرسینەوەن، مەحکوومەکانی ناوچەیی ئیجازەیان هەیە ڕاستەوخۆ حوکمی ئیعدام بدەن، جگە لە زوانی تورکی خویندن و فیرکردنی هەموو زوانەکانی دیکە یاساخ دەبێت، کتێبەکانی دەرەوەش قەدەغە، ڕادەگەیندرێن.

سانسۆڕیکی بە شێدەت سەبارەت بە خەوەری پشێوی کە لە بەهاری ساڵی 1937 لە درسیم دەقەومێ، بە ڕادەیەک توندو تیژە کاتێک لە نێو تەواوی ڕوژنامەکانی قوستەنتەنیە ڕۆژنامەی (سوون تێلگڕاف)لە23ی مەی 1937 ئاماژی پێدەکات دەستو جێ گاڵەدەدرێ! هەتا ئەمرۆش کەسێک نازانێ کە ئەم ڕاپەڕێنە بە ڕاستی چ چاخێک دەستی پێکردووە، هەڵسووڕێنەرو ڕێبەرانی وی چ کەسایەتیەک بوونە، هەر وەک لە ڕاپەڕینەکانی ساڵی 1935یش تەقریبەن شتێک نازانرێ.

3-سەید ڕەزا(1937-1862

ئەو دیپلۆماتانەی کە لە کاتی شۆڕشی درسیم لە ئانکاڕا بوون بە کردەوە شتێک سەبارەت بە ڕیبەری ئەم شۆڕشە نازانن، جگە لەمە کە دەزانن سەید ڕەزا بەرپرسی ناوچەیی وێدەچی سەرۆک عەشیرە بووبێ.

بەداخەوو دوکتۆر نووری درسیمی تاقە نووسەری شوین لێ بە جێماو لەبارەی شۆڕشی درسیم، کەبۆخۆی چەند ساڵ لەگەڵ سەید ڕەزا دابووە، کە لەمەڕ تێروتەسەلی کەسایەتی ناوبراو، لەنووسین دا قڕنیسی دەکات.

بەگوێرەی قسەی وی سەیدڕەزا کوڕی برایم سەرۆکی عەشیرەی شیخ حەسەنیان کە جێگا ڕۆنیشتنی وی لە ڕۆژ ئاوای درسیمو یەکێک لە(گرنگترینو باشترین عەشایری) ناوچەیە.

سەید برایم کەلەگوندی (دری اهری) دانیشتووبوو، بەکەسایەتی سەید لەلای ئاپوورەی خەڵک ڕیزوحوڕمەتی هەبوو، ئەو سەرۆک تایفەبوو.

سەیدڕەزا کوڕی چکۆڵەو یەکێک لە چوارکوڕی سەید برایمو لە مانادا (بنیامین) بوو(هەرەوک یەعقووب بینیامێنی لەکوڕەکانی دیکە خۆشتر دەویست) ئەویش لەنێو چوار براکانی عەزیزی باوکی بوو. لە لای یەکێک لە زانایانی ئائینی بەناوی محەمەدعەلی ئەفەندی دەرسی دینی خۆێند، ئەم مرۆڤە زۆری کارتێکردو ویژدانی نەتەوەخوازی وی لەخەو وەخەبەرهێنا.

سەید ڕەزا لە دوایی وەفاتی باوکی لە سەر وەسیەتی وی لە جێی دانیشتو لەگوندی (ئاگداد) هەڵکەوتوو لە بناری چیای توجیک نشتەجێ بوو.

بەگوێرەی نووسەری بیرەوەریەکانی (سەید ڕەزا لێهاتوویيو تایبەتمەندی تەواوی کوردێک بوو، مرۆڤێک بوو ڕووخۆش، دڵۆڤان، مێهرەبانو ژیانێکی عارفانەی هەبوو، ئیکجار کارچاک، لەدوایی ڕاپەڕینی شێخ سەعیدلە1925 هەزاران کوردی پەنابەری ئاریکاریو یارمەتی دا، ئەمە تەواوی ئەوشتانەن کە ئێمەسەبارەت بەئەو دەیزانین!

بەڵگەیەکی دەگمەن- نامەیەک لە سەید ڕەزا، کەلەئاڕشیوی وەزاڕەتی دەرەوەی ئینگلیز هاتۆتەدەست-ئەم وێنەیەکامڵ دەکاتو دیاری دەدا کە شیکردنەوەو لێکدانەوەیەکی زۆر دورستو

وەرگرتنێکی ئیکجار ڕوون، لە ناوچە دەداتە دەست، ئەم بەڵگەیە لەڕاستیدا داخۆیانی شۆڕشی درسیمو دوای یارمەتی لە دەوڵەتێک کەنامە بۆوی نوسراوە، لێی مزایقە دەکرێت.

4- داخۆیانی سەید ڕەزا

سەیدڕەزا دەنووسێ: دەیان ساڵە دەوڵەتی تورکیە، تێدەکۆشێ نەتەوەی کورد بتوێنێتەوە، بەم مەبەستە خەڵکی کورد سەرکوت دەکا، چەپەمەنیەکانی بەزوانی کوردی یاساخ کردووە، ئەوخەڵکەی بەزوانی خۆیان دەپەیڤین ئەشکەنجەو جەزرەبە دەدا،
بە دەرکردنی زورەملیو تەکوز گەلهە ناوچەکانی کوردستانی پڕپیتو ڕێژەوی کوردستان بۆناوچەکانی قاقڕوویشکارۆی ئەناتۆلی دەگوێزێتەوە، کە لەوێ کۆچەرەکان پۆل پۆل دەبەتلێنو لە ناودەچن.

چەند لەمەوبەر دەوڵەتی تورکیە هاتۆتە سەرئەم بڕیارە کە بیتەناوچەی درسیم، کە بەممبارەکی پێکهاتن لەگەڵ دەوڵەت هەتا ئیستا لە عەزابو ئەشکەنجە بەدوور بووە.
خەڵکی کورد لە بەرامبەر ئەم کردەوە، لە جیاتی بەتلان لەڕێگای دووروو درێژی کۆچ پێکردن، بۆ بەرگری لە خۆیان چەکیان بەدەست وەگرتووە، هەر وەک لە ساڵی 1930 لە ئاراڕاتو دۆڵو گەلیەکانی زیلانو بایەزیدیش ئەوهایان کرد.

ئیستا ماوەی سێ مانگە شەڕیکی بێ ڕەزاو توند لە ناوچەی من، حەشری بەرپاکردووە. بە پێچەوانەی نابەرامبەری لە چەکو چۆڵو تەقەمەنی شەڕی، لە سەر کەلک وەرگرتنی دەوڵەت لە فڕۆکەکانی بۆمب هاوێژو بۆمبادوومانی ئاگرینو گازی خنکان، ئەمنو هاوولاتیانم حەولو تەقەلاوتێکۆشانی هێزەکانی تورکن دەست بەپووش کردووە.
(فڕۆکەکانی تورک لە دژکردەوە، بەدەست وەکەری ئێمەئاواییەکان بۆمباردوومان دەکەنو ئاگرتێبەردەدەنو ژنو منداڵی ئاسایی وبێدیفاع دەکوژنو دەوڵەتی تورکیە تۆڵەی تێشکانەکانی عەسکەری خۆی بەم لەونە لەتەواوی خەڵکی کوردستان دەکاتەوە.

(بەندیخانەکان لە خەڵکی بێ تاوانو بی زەڕی کورد تەژیو دارمالن، خۆێنکاران دەدەنە بەدەست ڕێژی ڕەشاش، یان لە سێدارەیان دەدەن، یاکوو بۆ ناوچەکانی دیکەی تورکیە دووردەخەنەوە.

(سێ ملوین کوردی لە زێدی خۆیان نشتەجێن، خوازیاری شتێک جیالە ژیان کردنو ئاشتیو ئاسایشو پارێزنا لە ڕەچەڵەو زوانو ڕێو ڕەوشتو فەرهەنگو ڕۆشنبیریو پێشکەوتوویی خۆیان نین، دەستی یارمەتی بۆ لای جەنابت درێژ دەکەنو لێتان داوادەکەن بۆ کۆتایی هێنان بەم زوڵمو زۆریو دەست درێژی، نفووزی ئیخلاقیو گەورەیی دەوڵەوتی خۆتان بۆ پشتیوانیو داکۆکی لە میللەتی کورد وەگڕخەن.)
ئیمزا: فەرماندەری گشتی درسیم سەید ڕەزا.

ئاژاوەکانی ئەوەڵی 1937

بەگوێرەی قسەی دکتۆر درسیمی سەرەتای ئاڵۆزیو پشێوی ساڵی 1937 لە کاتێکدا بوو کە ئەرتەشی تورکیە مەبەستی خۆی بۆ بنیات نانی پادگانێکی گەورە لە درسیم دەربڕیبوو.

سەید ڕەزا کەببوو بەسەرۆک عەشیرەتەکەی بڕیاری بەبەرەکانی لەبەرامبەر ئەم کردەوەی دەوڵەت هەبوو، لەساڵی 1937 لەڕێکەوتێک کە بەدورستی ڕوون نیە، لەگەڵ ژەنەراڵ عەولا دۆغان فەرماندەری ژاندارمەری نشتەجێ لە(العزیز) دەست بەوتویژدەکات، لەباسو خواسی ئەم دیدارە دوو کەسێیە دا، سەید ڕەزا لە هەڵویستی شەڕ خوازانەی دەوڵەت ئاگادار دەبێتو دێتە سەرئەو فکرە، دکتۆر نووری درسیمی بۆ هەڵپشکووتنی هزری ئاپوورە بۆ ئۆرۆپا بنێرێ.

قەدەرحەیامێک دوایی ئەم چاوپێکەوتنە، ژەنەراڵ ئالپ دۆغان بڵاوکراوەیەک دەردەچوێنێت، دەویدا لە هەموو تایفەوعێلو عەشیرەی کورد داوادەکات بەگوێرەی ڕادەی سەرئەژمێری خۆیان دوو سەت دانە تفەنگ وەدەوڵەت بدەنەوە، لەو سەروبەندەدا کارگێڕانی دەمو دەزگای ئیستخباڕاتی تورکیە، وەک ئاگری بن کا، دەبنە دەستەچیلەو عەشیرەتەکانی کوردستان پێکتر بەشەڕ دەدەن.

دامەزراندنی پادگانەکانی نوێ هیمو هۆکاری سەرەتای ڕووداوەکەن: لە دوو شوین خەڵک هێرش دەکەنە ناوبنای پادگانەکەو کێشکچییەکان چەک دەکەن.

ئەڤێگاڤێ سەیدڕەزا لە ژەنەراڵ ئالب دۆغانی داوادەکات داخۆیانەکەی پەیوەندار بە کۆکردنەوەی چەکو تەقەمەنی پووچەڵو بێ بایەخ ڕاگەێنێتو دەزگای سەرافەتی خۆماڵی لە مەڵبەند بنیات بنین کە مافی نەتەوەیی دەستە بەرکات.

دژ کردەوەی حکوومەت دەستوجێیە، چەند فەوجو تیپ جاندارم بۆ درسیم دەنیردرێ، هەرلەوکاتدا پۆلەکانی سوپای نۆهەمو لە کەوشەنی درسیم نشتەجێ دەکرێن.

هاتووجۆی هەڵفڕینی شارەزایی ڕۆژانەی بەڵەفڕەکانی تورک، خەڵکی کورد توورە دەکاتو لە تەواوی ناوچەپێکهەڵاچوونی بچووک لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتی دەقەومێ. نزیک بوونەوەی وەرزی زستان دەبێتە هۆی ڕاوەستانی عەمەلیاتی نیزامی بەڵام درسیم لە ئاڵقەی گەمارۆدایە!

هۆکاری ڕاستەوخۆی ڕاپەڕینی 1937

توانەوەی بەفرەکان لەبەهاری 1937 توندو تیژی بێ سێو دووی عەمەلیاتی نیزامی بەدواوەیە، جاندارمەری تورکیە بەبیانووی چەک کردنی تایفەکانی عەشایروعیلات بۆگیرفان ئاخنین دەست بەڕاوو ڕووتی خەڵک دەکات، پێکهەڵچوونی پچڕپچڕ تایبەت لەناوچەی مازگرد، ڕۆژ بەڕۆژ لەزێدەدەدا.

لە بەهاری 1977 یەکێک لە کوڕەکانی سەید ڕەزا بەناوی برایم بۆچوونە قەرارگای تورکان دەچێتە هۆزات، هەتا لە لایان بابی لە فەرماندەری ناوچە داوابکات مەسەلەکە بەجۆرێکی دادپەروەرانە جێ بەجێ بکرێتو بە عەمەلیاتی نیزامی کۆتایی بێت، لەگەڕانەوە دەکەوێتە بۆسەی ئەفسەرانی تورک کە بە هاودەستی کوردەکانی گورگانی کەڕەگەڵ تورکان کەوتوونەو(جاش) لەرێگا بۆسەیان داناوەتەوە دەکوژرێ.

کوژرانی برایم ئاغا، دوژمنداری ئاشکرای نێوان دەوڵەتو کوردەکانی درسیمە، سەید ڕەزا ناوچەی گورگان گەمارۆدەدا، داوادەکات بکوژانی کوڕەکەی بدەنە دەست...بەڵام بکوژانی برا، لە دەوڵەتی تورکیە خەڵاتیان وەرگرتووە.

7-سەرکوتی شۆڕش

تورک بەپەلە هێزێکی گرنگ لەناوچە هەڵکەوتوو لەدەورو پشتی شۆڕش سەقامگیر دەکەن، کەسەرژماری ئەم هێزانە دەگاتە حەوت لەشکر. ناوەندی فەرماندەری ئەم هێزانە دیاربەکرە، بەڵام لکەکانی لەئۆرفە، سیرت، وان، العزیزو نێزیک ئادانە(سوپای شەش)بلاوکراونەوە.

وا بەنەزەر دەگات ئەم کردەوە بەم هۆیەوەبێت کە لە بەر فرەوان بوونەوەی شۆڕش بۆ باکوور پێشگیری بکات، وڕێگری لە مانۆڕیکی چەپەوانە لە لای کوردەکانی سووریيە بیت.(پێشتر شیخ عەبدولڕحمان برای شیخ سەعیدپاڵۆ، لەم بەستینەوە تێکۆشانێکی کارتێکەری بەڕیوە بردبوو بەڵام چونکە کوردەکان لە کەمایەتی دابوون لەتورکان تیشکانو شێخ عەبدولڕحمان کوژرا.

پەلاماری بنەڕەتی تورکان دژی شۆڕشگێرانی کورد بە بەشدار بوونی بەرفرەوانی هێزەکانی ئاسمانی لە ئەرزنجان دەستی پێکرد. هێزەکانی عاسمانی هەروەک لە نامەی سەیدڕەزاو، خەڵاتی دیپلۆمی بە یەکیک لە کیژەکانی فڕۆکەوان،بە ناوی(سەبیحەگوکچن) دێتە بەر چاو، دیاریدەدا کە عەمەلیات زۆر پانو بەرین بۆوە. ئەو دیپلۆم ئیفتخاریە بە هۆی عەمەلیاتی ئەو کچەبووە کە لە درسیم بەڕێوەی بردوەو لە وەبەرڕەشاش دانی بنکەی شۆڕشگێران لە سەرفڕۆکە،لە چیاکانو، کوشتوکوشتاری کوردان چ بەزەو دوو دڵی بەخۆی ڕێگانەداوەو. لەم عەمەلیاتەدا بۆ یەکەمین جار لە ڕوو بەرو بوون لەگەڵ کوردان لە تانگو زرێپوش کەلک وەرگیراوە.

8- وتوێژ

سەید ڕەزا سەرلەنوێ لە گەڵ ژەنەڕاڵ ئالب دۆغان پەیوەندی دەگرێو تێی دەگەینێت (ئەگەر ڕیزوحورمەتی چارەنووسی نەتەوەی کورد وەبەرچاوبگێرێ و بکوژانی کوڕەکەی بەمەحکەمە بسپێرن، حازرە هەموو ئەفسەرەو قازاخاکانی بە دیل گیراو، هەروا گشت کەلو پەلی دەست کەوت بداتەوە دەوڵەت.) بەڵام ئالپ دۆغان داوای خۆ بەدەستەوەدانی بێ مەرجو شەرتو...تەحویل دانەوەی 80000قەبزە تفەنگی ماووزەڕی لێدەکات... شەڕ دەست پێدەکاتەوە.

9- کارتیکەری عەلی شێروکوژرانی وی

بەرپرسی داڕژانی نەخشەی نیزامی کوردەکان شیرعەلی ناوێک بوو کە ئیکجار پسپۆربوو ئەویش وەک سەید ڕەزا لە تایفەی شیخ حەسەنان بوو لەگوندی عمران نزیک کۆچکری لە دایک ببوو لە قوتابخانەی سیواسی دەرس خویندبوو. لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدو لەدوایی ئەمە کە بە شاعیر نابانگی دەرکرد سکرتێری مستەفابەگ سەرۆکی تایفەی کۆچکری بوو، پاش کوژرانی وی بە دەستی والی درسیم، بوو بە مامۆستای کوڕەکانی ناوبراو. عەلی شیر لەم ڕیگەوە کارتێکەریو دەوری زۆری لە ناو بەرەو عەشیرەتی کۆچکری لە یەکگرتنەوەو یەکیەتی وان هەبوو.

لە دوایی پاشەکشەی هێزەکانی ڕووسیەیە لە1917لەکوردستانی تورکیە دەسەڵاتدارانی نیزامی تورکیە بۆ دووری لە هەڵچووی هەستی خەڵکی درسیم وا بە مەسڵەحەت دەزانن لە کردەوەی شێرعەلی لە ناوچەی ئاوەچک، چاوپۆشی بکەن. بەڵام شێرعەلی هەروا بە تێکۆشانی خۆی لە ڕێگای نەتەوەخوازی کورد بەردەوام دەبێ. لە1920 لکاندنی درسیمی بە(یانەی نەتەوەیی تەعالی کوردستان) ڕایگەیاندو لە ڕیبەری کوردی قوستەنتەنیەی داواکرد لکەکانی ئەوجەمعییەتە لە درسیم دابمەزرێنن.

لە1921خەبات لە پانەگۆڕایی نامەنووسین وناردنی تیگراف بۆ داوا لە دەوڵەت، بۆ دابەزاندنی قانوونی پەیمانی سیڤری دەستپیکردو کۆڕو کۆنفڕاسی زۆری بەزوانی کوردی پێکهێنان. چەند مانگ دوایی بەهۆی بەشداری لە شۆڕشی کۆچکری بە ئیعدام مەحکووم بوو بەڵام توانی خۆی لە دەست کاربەدەستانی تورک دەربازکات.

لە ساڵی 1937 ئیدی عەلی شیر تەنیا ڕێوەبەری عەمەلیاتی نیزامی پێ بەس نەبوو بۆ یەکیەتیو یەکگرتوویی خەڵکی کوردو،کۆ بونەوە لە دەورەی سەید ڕەزا، هەروا بابەتی نیشتمانی زوری نووسیو شێعری سیاسی ئیکجارهۆندەوەو خوێندەوە!

لەژوئین 1937 سەیدڕەزا لە عەلی شێر، داوا کرد(بۆ وەدەست هێنانی ڕەزامەندی فڕانسەو ئینگلیستان وەکوو هۆکار) بەمەبەستی پێشگیری لە خوێن ڕژانی پتر، بچێتە ئێرانو ئێراق، بەڵام شەوێک بەر لە وەڕێکەوتن بە دنەی ژەنەڕاڵ ئالپ دۆغان لە مەقەڕی خۆی هەڵکەوتوو لە ئەشکەوتی ئاگدات، بە دەستی (راهبر)برازای سەیدڕەزا کەبێ لایانی خۆی ڕاگەیاند بوو، بەڵام بەنهینی لەگەڵ تورکان تەونو بەستی هوبوو، کوژرا! کۆژرانی عەلی شێر، بۆ بزوتنەوەی کورد زەبرەکی قورسو بێ قەربۆو خەمباربوو.

10-کۆتایی عەمەلیات

لە ئاخری ژوئین 1937هەموو خەڵکی ئانکاڕا لێیان یەقین بوو کە شۆڕشی درسیم بە خۆ بەدەستەوەدانی ئاخرین گروپی شۆڕشگیران لە24ی ژوین کۆتایی پێهاتووە. لە چۆنیەتی عەمەلیات چ جۆرە ئاگاداریەک لەدەست دانیە، بەڵام دیپلۆماتانی ڕۆژئاوا بیرو بۆچوونیان ئەوەیە کە لە هێزی عاسمانیو ژاندارمەری تورکیە(گەلێک بتلاون.)

تەنیا بەهەڵکەوت دیپلۆماتەکانی ئینگلیزی دانیشتووی ئانکاڕا لەباسی وتوێژ لە گەڵ یەکێک لە کارگێڕانی وەزارەتی گشتی کە لە درسیم گەڕاوەتەو، پێدەحەسێن کە لە ڕاستیدا شەڕ هەروا بەردەوامە، ژەنەڕاڵ ئالپ دۆغان لەوبیروڕایەدانیە کە تەواوی ناوچەکانی شۆڕش لێ هەڵایساو داگیربکات، بۆ هەموو ناوچەکان... لە ساڵی داهاتوودا دەست پێدەکرێ!)

لە دوایی کوژرانی عەلی شێر، ناوەندی قورسایی عەمەلیات بۆ ڕوو لە ناوچەی بەختیاری دەکات،بەڵام سەرکوت ئیکجارتوندو بێ بەزەیانەیە: تورک لێڕەوارەکانی ناوچە ئاگر تێ

بەردەدەن، هەتا کارسازی کوژرانی شاهین، سەرۆکی عەشیرەی بەختیاری ئامادەکەن. لەگەڵی ئیکسور هەزاران ژنو منداڵ کە بۆ ئەشکەوتەکان پەنایان بردووە، بەهۆی دووکەڵی ئاگر کە لە بەرزاری ئەشکەفتەکان کراوەتنەوە، دەخنکێنو هەرلەوێ دەچاڵ دەکرین.

یەکێک لە کوڕەکانی سەید ڕەزا بەناوی حەسەن ڕەشێک، بەهۆی ئەنگواوی بە ساچمەبۆمبێک، کە دایکی بۆ دەرمان کردن بە ئەفسەرێکی تورکی دەسپێرێ، ئەفسەرکە،دوایی ئەشکەنجە دەیکوژێ!

توندو تیژیو بێ بەزەیی سەرکوت لە هەوەڵەوە دەبێتە هۆی ئەمە کە خەڵکێکی وەکوو(کۆریچاکان) کە بێ لایان ماوەتنەوە هەتا (کورگانەکان) کەچووبوونە پاڵ حکوومەت، بۆ لای سەید ڕەزایان باداوەتەوە. بەڵام ئەوعەشیرەتانەش بەبێ ڕوحمی دەکوژرێن: تورکەکان ییخسیریەکان وەبەر رەهێلەی ڕەشاش دەدەنو ژنو منداڵەکانیان لە کادینان‌دا ئاگر دەدەن. هەموو شوێنێک سەلاخانەیە، فەرماندەکی تورک کە هەستی بەبنکەی جێ دانیشتنی سەید ڕەزا کردوە ئەوێ بۆمبارددوومانو تۆپ باران دەکات.

ئیستا سەیدڕەزا تێدەکۆشی کە خۆی بگەیێنێتە ئاوەچک، بەڵام ئەوحەوڵو تەقەلایەی کە لە قزلجە بۆ تێشکانی ئاڵقەی گەمارۆدەکات بۆی بە قیمەتێکی ئیکجارگران تەواودەبێت هەزاران کەس لەخزمو کەسو کاری یەک لەوان خێزانی چکۆڵەیو یەکێک لە کوڕەکانیو سێ کەس لە نەوەکانی لە دەست دەدا!

## 11- دەست بەسەرکردنی سەید ڕەزا

لە دوایی ئەمە تورکان لە هەڵو مەرجێکی گوماناویدا دەستیان وەسەید ڕەزا ڕادەگات.

بە گوێرەی وتەی کوردەکان، والی ئەرزنجان لە ئەوەڵی سپتامبەری 1937ڕادەگەیێنێت کە دەوڵەت بڕیاری داوە داخوازیەکانی خەڵکی درسیم بێنێتەدیو زەرەروخەسارەی کوردان قەرەبۆ کاتەوە، ئاگربەس رادەگەیندرێ. سەید ڕەزا بەو بەڵێنو وادەیەی تورکان متمانەدەکاتو بۆ وتویژ لەگەڵ والی دەچێتە ئەرزنجان...لە وێ لە پێنجەمی سپتامبەری 1937دەست بەسەردەکرێ. سەیدڕەزا لە چاخی هاتنەدەر لە کۆشکی والی هەر ئەوەندە فورسەت دەکات کە چەند وشەیەک سەبارەت بە مەحکووم بوونی (ئەودەوڵەتە درۆزنو بێ شەڕەفە) دەربڕێ! لێکۆڵینەو بە دەوسیەی سەید ڕەزا لە ئەلعەزیز دەست پێدەکات...لە جەنگەی پرسیارلە وی، تێدەکۆشن دەستی شووڕەوی بکێشنە ناو هەناوی ئەم ڕاپەڕینە، دەیانەوێ لەبارەی حزووری ئەفسەرانی شوورەوی لە درسیمو چەکو تەقەمەنی دەوڵەتی ڕووسیەیە، قسە لە دەم سەید ڕەزا وەربگرن...

بەڵام سەیدڕەزا لە بەرامبەر تەواوی پرسیاری دادگە لاق دادەگرێو لە سەرئەمە سووردەبێ: بنەماڵەیەک کە ئەو لە داوینی بەربۆتەوە چ کاتێک گوێچکەناداتە قسەی بیانی...سەدان ساڵەکوردەکان بەهۆی نەتەوەخوازیو خۆشەویستی زێدەکەیانو بۆ قازانجو سەربەرزی نەتەوەکەیان کەوتونەتە بەر بەرەکانیو شەڕ، ئەویش هەروا بەم هۆیەوە جەنگیوە...بەڵام بەداخەوە بێ ئاکام بوو)

سەید ڕەزا لە دوایی چوار ڕۆژ هاتووچۆ لە مەحکەمە لە14ی نوامبەری لەگەڵ دەکەسی دیکە لە سەرۆکانی کورد بە ئیعدام مەحکووم دەکرێو لە18ی نەوامبەری1937 لە

سێداره دەدرێ. سەیدڕەزا لەبن قەناره دەڵێ: ئەمن 75ساڵم تەمەنە...دەچمەڕێزی شەهیدانی کوردستان، درسیم داگیرکرا، کوردەکانو کوردستان هەرزیندو دەمێننەوە... لاوەکانی کوردستان تۆڵەی ئێمە لە داگیرکەران دەستێننەوە، لەعنەت لە خائینو زاڵمو فاشیستان...)

سید حوسین سەرۆکی عەشیرەی کوریچاوعەلی ئاغا سەرۆکی عەشیرەی یوسفانو سێ کەسی دیکە لە سەرۆک عەشیرەتەکان لەگەڵ وی لە دار دران. حوکمی ئیعدامی چوار کەسی تر لەسەرۆک عەشیرەتەکان بەهۆی ساڵبۆری هەریەک بە30ساڵ زیندان...سێ کەسی دیکەش لە تۆمەت وەپاڵ نراوان بە زیندانی جۆراجۆر مەحکووم کرانو چوارکەسیش بێتاوان ناسرانو ئازادکران.

لە ڕۆژی 19ی نوامبەری 1937 کوردەکان لە مزگەوتی دیمشق پرسەو سەرەخۆشی بۆ شەهیدانی نیشتمان دادەنین

وەدەست هێنانی بیلانی ڕوونو دیاریکراو سەبارەت بە شۆڕشی درسیم کارێکی چەتوونو لەکردن نەهاتووە. سەرۆک وەزیران (عیسمەت ئینونۆ) لە پەرلەمانی میللی ڕادەگەیێنێ کە هێزەکانی دەوڵەتی ئەفسەرێکو 38قازاخیان لەدەست داوە، 5بریندارییشیان هەیە، لە حاڵێکدا کوردەکان 265کوژراو 30بریندارییان هەیەو 849کەس خۆیان بەدەستەوەداوە. بەڵام هاواڵدەری ڕۆژنامەی (تان) لەئانکارا ڕای گەیاند: لکەدارەکانی درسیم گوڵیان دابوو شۆڕشگێڕەکان هیشوەکانیان بوون کە پێیوە شۆڕببونەوە!

بەقەولی هێندێک سەرچاوەی کورد، ژمارەی کوژراوان نیزیکەی لە40000دەکرد. جارێکیتر پەردەی کپو بێدەنگی بەسەرکوردستانی تورکیە هەڵدەکێشرێ... شەرکەرەکانی کورد لە ماوەی ئەوبیست ساڵ سەرکوتی وەحشیانە، ئازاییو لەخۆ بردویەکی بێ وێنەیان لەخۆ خستە بەرچاو: لە1920هەتا1937ئەگەر ڕاکردنی ئیحسان نووری لێ دەرباوێن-تووشی چ سەر دانواندنو خۆ بەدەستەوەدانێک نابین: هەموو سەرۆکەکانی کورد، یان لە سێدارەدران یا لە گۆڕەپانی شەڕدا گیانیان بەخت کرد...شەرکەرو سەرۆکەکانی کوردستانی باکووری بن دەستی تورکیە کە جیا لە خۆیان کەسێک داکۆکو پاڵەپشتو بەرهەڵێخ یان نەبوو، دوور لە تەواوی عەیبوعاری مەزنەکانی کوردی قوستەنتەنیە، بوون.

ئەگەر دەوڵەتی تورکیە بە پەنابردن بە گزەوساختەو تەقەلوبی بی وینە، لەمە زێدە سەرکەوتوو نابێت، ناوی ئەو قارەمانانە بخاتە ناوکولەکەی بێدەنگیو پەردەی ئەستوور بەسەرئەوهەموو لەخۆ بردووی وان هەلکێشێت، چونکە تەنیا شێوازی خۆبەخت کەری ئەوقارەمانانە بۆ زیندو ڕاگرتنی بڵیسەی ئاگری نەتەوەخوازی کورد بەس بوو.

جێگاینەخشەی---------------کوردستان

بەشی 1-ئەوڵین ڕاپەڕینی بارزانیەکان

سەرهەڵدانی حیزبەکان

1945-1943

(نەتەوەیەکی زیندو کەقەدەرحەیامێک لەبن نیری زوردارێکی سەرکەوتووی دەرەکی ماوەبێتەوە، ناعیلاج هەموو هیزو پێزو وزەو تواناوی،هەمووریکۆشانی خۆی،دژی ئەم نەیاری،بیانی ودەرەکی

وەگرِدەخا، ژیانی ناخی فەلەج دەبێ، توانای خەریک بوون بۆ رِزگاریخوازی کۆمەڵایەتی لێ بەربەست دەکرێ:(کارِڵ مارکۆس).

پاش تێشکانی راپەرینی درسیم کەلەدوایی راپەرینی(کۆماری ئاراِرات) هاتەدی، کوردستانی تورکیە لە کاروانی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد بەجێما: چونکە سەرجەمی رِێبەرانی سیاسیو ئائینی وی یان لەخەبات داکوژرابوون یا لە سێدارەدرابوونو یاکوو گوللەباران کرابوون، هەموو کادیرە چالاکەکانو خەباتگێرانی کە لە بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی نەخشی گرینگ بەرِێوەدەبن، لە ناوبردرابوون، خوێنکارانو رِووناکبیران کەوتبوونە ژێر ئازارو ئەشکەنجەو لە قەنارە دەدرانویان لە دریا دەهاویژران.
چارەگە سەدەیەک، یانی سەردەمێکی پێویست بۆسەرهەڵدانی نەسلێکی نوێ لە کادیرەکان-وەختی هەڵگرت هەتاکوو کوردستانی تورکیە لەو خەوە چەشنە مردنە چاوی هەڵێنا. لەونێوەدا ئێرانو ئیراقن، رِەنگە بتوانین بڵێین بە سەرهەڵدانی حیزبەکانی سیاسی کورد، کەکەمو زۆر لە ژێرکارتێکردنی ئیدۆلۆژی مارکسیستین، خەبات بۆ ئازادی کوردستان بەر دەوام ببێت.
ئەمما لەو کاتەدامرۆڤێک لە گۆرِەپانی کوردستان زاهیربوو موقتەدربوو سی ساڵی رِەبەق بە سەریدا زاڵ بوو چەقەرەی مانەوەی ئەوحیزبانەی کە لە باسترخە سەریان هەڵدابوو بە توندی خستە ژێر هەرِەشە.
سولەیمانیە هەرئەوها ناوەندی مەزنو گرینگی نەتەوەخوازانی کوردبوو. لێرە بەرلە سەردەمی شەری دونیاگری ئەوەڵ، شایەتی گوڵکردنی گروپەکانی نەتەوەخوازی کوردین، کە رِەگو رِیشە دۆزینەوەیان ئیکجار زەحمەتە، بە تایبەت پاژێک لەوان جار وایە لە چەند کەس تێپەرِناکات، هێندێک کەرِەت تاکە کەسێک لەسەردەمێکدا ئەندامی چەند سازمانو بنکەی جۆراوجۆرە.

برایەتی

لەساڵی 1937 دوو سازمان، نەتەوەخوازانی کوردیان لەنێو خۆیاندا بەشکردبوو.
جەماوەری برایەتی کە بنیات نەری شێخ لەتیف کورِی شیخ مەحموودبوو لە سەرسیستەمی جەماوەری قوستەنتەنیەی دامەزراند بوو، تایبەت بریتی لە: بۆرژاوای ساڵبۆریو ماقولانی کوردبوو، محەمەد سەدیق شاویس(باوکی نووری شاویس)سمایل حەقی شاویس،(مامی ئەو) مەلائەسەد مەلای سولەیمانیە.
ئەو رِۆشنبیرانەی شاری لەرِاستیدا نەخشێکی گرینگ بەرِێوەدەبن، چونکە برای یەکێک لە سەرۆکەکانی کورد کە بەحاڵی دوورخراوەیی لە سولەیمانیەیە، لە کۆبوونەوەی نهێنی ئەواندا بەشداری دەکات، ئەو کەسایەتیە مەلامستەفا بارزانیە.
مەلامستەفا کە توانیبووی ماوەی سی ساڵ لە گۆرِەپانی سیاسەتی کوردستان سەرکەوتوو بمێنێتەوە، دەورەی نیزامی خۆی لەلای شێخ ئەحمەدی برای لە چیاکانی بارزان کۆتایی پێ دێنێت، بەهۆی ئەشرافی کورد لە(پایتەختی فکری) کوردستانی ئیراق لەگەڵ سیاسەت تێکەڵ دەبێ.

## سازمانی دارکەر

ئەمما برایەتی بنکەیەکی تایبەتی ماقولانو گەورەپیاوانی کوردبوو، لەویدا جێگایەک بۆ لاوانی کوردی کارتێکردووی حیزبی کموونیستی ئیراقو ئیسلاح تەڵەبی گروپی بەغدا نەبوو-حیزبی کموونیستی ئیراق لەساڵی 1834 بنیات نرابوو.

لە ساڵی 1938 لاوەکانی سولەیمانیە کە بە هۆی تەمەنو بیرکردنەوە، لە بنکەیەکی دیاری کراو لە(برایەتی) ناسراوبە(ئازادی کورد) لێکدی کۆ ببوونەوە، سازمانی سێهەمیان بەناوی (دارکەر) بنیات نا،بە لاساکردنەوەی ڕەژۆکەرانی ئیتالیا.

دامەزرێنەرانی ئەم سازمانە بریتی بوون لە: نووری شاویس ئەندامی دواڕۆژی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیوەندار بە بارزانی، یونس رئۆف شاعر، کە سرودی میللی کورد بەناوی (ئەی ڕەقیب) ئی ئەوە، پاشان بوو بە ئەندامی حیزبی کموونیستی ئیراق، هەروا عەولا تۆفیق جەوهەر بەڵام چونکە ناو براو ئەندامی برایەتیش بوو لە سازمان وەدەرنرا.

(دارکەر) ئەندامانی خۆی لەناو گەنجەکانی خوینکاری کورد هەڵدەبژارد کە لە نێو ئەوان دەتوانین بەتایبەت ئەوکەسانە ناو بەرین: ڕۆستەم جەباری حقووق زان لە ئەربیل، مستەفا عذیری کاربەدەستی بانک لە ئەربیل، کە پاشان بۆ بەقازیو والی- ئەم بنکەیە سازمانێکی تەواو چەپی بوو.

پڕۆگرامەکەی رەنگو رووەکی نەتەوەخوازی بێ گرێوگۆڵی هەبوو: خەبات بۆ خودمووختاری کوردستانی ئیراقو سەربەخۆیی بۆ تەواویی کوردستان(گرێدانەوەی هێڵی جوغرافیایی) کە گزنگو تیشک دانەوەی لە ژێر کارتێکەرو شوین لە سەردانانی حیزبی کموونیستی ئیراق بوو. بەڵام مەرامنامەکەی هێندە روون نەبوو: ئێمەدژی فاشیسمو هێتلەرو لایانگری دێموکراسی، بەڵام بەرهەڵستکاری ئەمپڕالیسم، تایبەت دژی ئینگلیزیەکان بووین) ئەمە دەورەیەک بوو کە حیزبی کموونیستی ئیراق بۆخۆشی بەهۆی قاڵ نەبوونی ئیدولۆژی خۆیو هەروا ئاڵۆزیو ئیدۆلۆژیکی گروپەکانی شوین تێکەرلەوی بەلایانو باڵو گروپی جۆراوجۆر بەش بەش کرابوون. سەرئەنجام (دارکەر) لە دەرەوەی سولەیمانیەش پەڕوپۆ داوێو لە1940لکی نهێنی لەئەربیلو خانەقینو مووسلو بەغدا لێ دەکەونەوەو بەوجوود دێن.

-

## 1-دامەزراندنی (هیوا)

لە ساڵی 1940 لەدوایی شۆڕشی ڕەشیدعالی گەیلانی (مانگەکانی ئاوریل ومەیو) پەیوەندی ڕەفیق حلمی بە(دارکەر) بەرپرسانی بنکە جۆراو جۆری کورد،لە جەنگەی کۆنفرانسێکدا دێنە سەر ئەوبڕیارە، کە بنکەکانی پەیوەندار بە حیزبی تاقانە بەناوی (هیوا) یەکگرتووبکەن. ئەم بنکەیە سەرجەمی تێکۆشەرانی نەتەوەخوازی کورد، لەیەکدی کۆ دەکاتەوە: ڕۆناکبیران، خوینکاران، قوتانیان، کرێکارانی (شەریکەی نەوتی کەرکووکو ڕێگای ئاسن)، وەرزێرانو ئەفسەران، کە نەخشێکی یەکجارگرینگو کاری بەڕێوەدەبەن.

بنکەی ناوەندی حیزب لە دەرەوەی کوردستان یانی لە بەغدایەو حیزب لکەکانی لە شارەگەورەکانی کوردستان(کەرکووکو ئەربیلو سولەیمانیە...)هەیەو گۆڤارێک بەناوی ئازادی بڵاودەکاتەوە کە دەویدا هەڵویستیکی نزیک بەحیزبی کموونیستی ئیراق هەڵدەبژێرێ، باڵی چەپی(هیوا) بە ئاشکرا کمونیستە.

نەخشی بنەڕەتی (هیوا) پاشان دەبێ بەئەمە کە مەلامستەفا بارزانی، لە1943 لەسولەیمانیە ڕادەکات، ئاریکاری بکات. بەڵام ئەو حیزبەنوێیە، لە بنیاتنانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد )کۆمیتەی حەیاتی کوردستان) لە کوردستانی بن دەستی ئیرانیش نەخشێکی گرینگ بەڕیوە دەبات.

مەلامستەفابارزانی کە پاش چەند مانک لە دوورخراوەیی لە(ناسریە)لە گەڵ شیخ ئەحمەدی برایو بنەماڵەکەی) کەلەئاکامدا دەگوێزرینەوە سولەیمانی، هەنۆکە، زێدەتر لە شەش ساڵ بوو لەم شارەدا بەبێتاقەتی چاوەنواری هەلی ڕەخساوی دەکرد، ئەوموسچەیەی کە دەوڵەتی ئیراق بە چاوتەنگی بۆی بڕیبۆوە، لە چاخی قاتو قریو گرانی ساڵەکانی شەڕ لە ڕاستیدا وەک هیچ بوو، نرخی خواردەمەنی ببوو دەقات بەگوێرەی ڕاپۆرتێک) مەلامستەفا، ئەوهێندە موحتاجو دەست تەنگ بوو، کە دوورنەبوو بۆ دابین کردنی دەستماییەی خۆ بەخێوکردن دەست لە جنایەت بدا، بۆهەموو ئەوکەسانەی کە لەگەڵ بارزانی پەیوندیان هەبوو روونو مەعلوم بوو کە ئەوچاوەنوارِی هەلو دەرفەتیکە کە بۆی بڕخسێو لەم شارە دەربچێت...بەلام خۆفی دەکرد تووشی گرتن بێ، هەروا نیگەرانی وەزیەتی شیخ ئەحمەدی برای ئەوی دوودڵ کردبوو!

## 2-ڕاکردنی بارزانی(13ی ژوئیەی 1943

مەلامستەفا بارزانی تەمەنی چڵ ساڵ بوو...لە پیاوێکی بە خووخدەو خەسڵەتێکی خۆڕسکاو هەڵسوڕینەرو بەزیپکو چاونەترس، چاوەڕوان نەدەکرا ماباقی تەمەنی تێدابەسەربەرێ کە مردنێکی بە زیندویی بوو، بەڵام لە مەڕ سیاسیش هەلو مەرجێک لەوە ڕەخساوتر نەیدەتوانی ببێت: لە دوای مەسەلەی ڕەشیدعالی هەودای پەیوەندیەکان لە نیوان ئینگلیزیەکانو بەرژەوەندی خەلکی ئیراق هەروا،نالەباربوو: هەتا سەر کەوتنەکانی ساڵی1943زۆربەی نێزیک بەتێکڕایی ڕوناکبیران بیروڕایان بە سەرکەوتنی قوشەنی(بازنە)بوو یانی (ئاڵمانیەو ئیتالیاو ژاپوون) ئینگلیزیەکان بە کەلک وەرگرتن لە(مەسەلەی کورد) هاتنی کوردانیان بۆ ناوئەڕتەشی بریتانیا بە زەوقو شەوق هاندەداو دڵگەرم کرد.

ئەوەش بڵین، حوکمو دەسەلاتی دەوڵەتی ئیراقیش لەباشووری کوردستان بەکردەوە (سفر)بوو، ژەنەڕاڵ بارزانی دوارۆژ لە13ی ژوئیەی 1943گۆیا بە ئاریکاری شێخ لەتیف، کە بۆخۆی دوایی دەڕۆژ لە سولەمانیەدەرچوو، بە خوارکردنەوەی ڕێگا بۆ لای ئیران، بۆخۆ دوور خستنەوە، لە تێهەڵنگوتن بە قۆشەنی ئیراق، خۆی گەیاندە بارزان.

## 3-وتووێژی ئەوڵ

بارزانی بۆ ناوچەیەک پەنای برد کە بە هەموو کەلینو قوژبنو سووچو قەڵشتی کیوەکانی ئاشنابوو. ئەو مەڵبەندەیکە، لە ساڵەکانی 1931-1932-1934 لەوێدا دژی ئیراقیەکان کردبوویەشەڕگە، یانی ناوچەی هەڵکەوتووی نێوان(ڕوکوچک)و سەمزینان لەکوردستانی تورکییە.

هەروەک لە یەکێک لە ڕاپۆرتی دیپلۆماتیکی بریتانیا، ئاماژەی پێکراوە لە سەرەتا ئاکارەی جێگای (دڵەڕاوکە) نیە: بارزانی دەرگای وتو ویژ لە گەڵ دەسەڵاتداران دەکاتەوەو داوای ئیسلاحات دەکات، بە ڕەواڵەت تێدەکۆشی لەگەڵیان پیک بێت!

لەو سەردەمدا وەزعی ئەو بەشەی کوردستان ئیکجار پر مەترسییە،: گوندەکان چۆل کراون، کەسیان تێدانیە، هێندێک لەوان هەتا کاول بوونە، لە تەواوی ناوچە شوێنەواریک لە کشتو کاڵ وەبەرچاو ناکەوێ، برسیایەتیو قاتو قڕیو سەرلێشێواویو بێ ئەنوایی گەیوەتە ئەوپەڕی خۆی.

گەندەڵی کارگێرانو بەرپرسانی دەوڵەی هەمووانیە، والی مووسڵو ئەربیل (هەولێر) چ کاتێک لاقیان وەناوچە نەکەوتووە. وەزەیەتی ڕێگاو بانیش دەبێ فاتحەیان بۆ بخویندرێ! بەشی زۆری بناکانی دەولەتی (قوتابخانەو نەخۆشخانە...) خاپووربووون!

وەزێتی پەروەردەو فیرکردنو دەواو دەرمانو لەش ساخی کوردستان هەتا ئەو ناوچانەی سیاسیش نەبوون یەکجارخەماویو جێی داخو حەسرەت بوو. بە گوێرەی وتەی کوردێک کەلە(میسر) بە حاڵەتی دوورخراوە دەژیا، لە ساڵی1946 لە تەواوی دەڤەرەکانی کوردستانی ئیراق، (تەنیاشێست قوتابخانەی هەبوو) لەوانەش تەنیا دوو قوتابخانە مام ناوەندی بوونو سی دانە لەوانە قوتابخانەی سەرەتایو ئەوی دیکە ئی زارۆکان بوون.

روون نیە لەم گفتوگۆیانە، داخوازیەکانی بارزانی چ بووە...بەڵام بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتانەی کە بۆبەغدا دەنێردران، بدوای چارەنووسی ئەوبەڵگانەوەدەست دێنان کە تایبەتی ئاڕشیوەکانی دەزگاکانی کاغەز کراوەیە، کە لە سەریەک مرشتەو کەڵەکەیان دەکران، بێ ئەوە کەسێک بە دوایاندا بچێو لێکۆڵینەوەیان لە بارەی دابکات

4-قەتیانی پەیوەندیەکان

لەسپتامبەری 1943 مەلامستەفابارزانی بەهاتنی سەعید بێڕوخی کە لەخە باتگێڕانی کوردستانی تورکیەبوو، وەتوانادەکەوێ. بڕیک دوایی (ڕووداوێکی بن دەست) دەقەومێ، بێ ئەوە کەسێک بۆی ڕوون بێتەوە ئەوڵین گوللە بارزانی هاویژتوویتی یان جاندارمەکان!

لە دوایی ئەم مەسەلەیە ڕووداوەکان پڕتاوەدەگرن، بارزانی ئەو ژاندارمانەی کە لە ناوچەی هەڵکەوتووی نێوان بارزانو سنووری تورکیە حەڕەس دەدەن، ناعیلاج دەکا پێگەکانیان چۆل بکەنو پاشان لە سەرەتای ئۆکتۆبری 1943 لە نێزیک میرگەسۆر، کۆمەڵێک بریتی لە150ژاندارم وادار بەپاشەکشەدەکاتو زەبرێکی تەقریبەن قورسی گیانیان لێدەدا!

لە کۆتایی ئۆکتۆبری 1943 دەوڵەتی ئیراق هەنگەکی تێکەڵاوبریتی لە: پۆلی پیادەی ژاندارمو واحدەکانی زرییو عاسمانی) دەنێرێتە شەڕی بارزانی... بارزانی ئیستا200چەکداری هەیە!

لە9ی نوامبەری 1943یەکەمین پێک هەڵپڕژانو تەقەولێکدان لەولای مێرگەسۆر، لەحزووری ژەنەڕاڵ(بروميلۆ) بەرپرسی لێژنەی نیزامی بریتانیالەئیراق) دەقەومێ، شەڕهەتا 11ی نوامبەری 1943لە(هینان) بەردەوام دەبێت، هێزەکانی ئیراق تێکدەشکێنو 60کوژراوبریندایان دەبێتو ژەنەڕاڵ بروميلۆ، لەناڕاهێنان ونەحاملانی هێزەکانی ئیراقی، بەداخەوە زوان دەکاتەوە.

5-بارزانیو ئینگلیزیەکان

بەڵام بارزانی هەروەها پەیوەندی خۆی ڕادەگرێو لەدوایی مردنی سەعید بێرۆخی کەلە کۆتایی 1943بەدەست تورکان دەکوژرێ، پێشنیاردەکات خۆی بەدەستەوە بدا، بەم مەرجە کەباڵوێزی بریتانیا مەرجی خۆ بەدەستەوەدانی دەستەبەربکات، لەڕاستیدا تێدەکۆشێ پیێ بریتانیا بکێشێتە ناو مەسەلەکە.

لەو سەردەمدا بۆ ئینگلیزیەکان چاوەدێری (ئیستڕاتیژیک) لە سەروی هەمووشتێکە: هەتا ڕێگای تەدارەکاتی بریتانیا لەگەڵ ئیران نەکەوتۆتە مەترسی، دەوڵەتی لەندەن نایەوێ، لەکیشەی کوردەکانی ئیراق خۆی تێکەڵ بکات، هەر وەک وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بەزوانێکی تەقریبەن تووڕە بە باڵوێزی خۆی کورنوالیس لەبەغدا ڕادەگرێنێ: عەمەلیاتی وێچوون، دژی بارزانی بە ئیراق بسپێردرێت..ئەگەر دەڵەتی ئیراق نەشیا، لەگەڵ ئەوبارودۆخە بەربەرەکانی بکات، دەلێلەکی نیە ئێمە بۆ پارێزنای ئەو خۆمان تووشی پێک هەڵچوونو ئۆغڵەمەی شەڕی چەکداری بکەین.)

کورنوالیس پەیتاپەیتا زەنگوڵەی وشیاربوونەو بۆ دەوڵەتی ئیراق ڕادەوەشێنێو هێندە بەرەوپیش دەڕوا کە لە دانیشتنێک لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئیراق، کورتو کرمانجی پیی دەلێت: تەواوی ئەوگیروگرفتانە لە بێ لە یاقەتیو نەزانی دەوڵەتی ئیراق کەوتۆتەوە، کە شیخ ئەحمەدو مەلامستەفای (بۆ مووچەیەکی کەمو بێ بایەخ)وهیچو بێ هیوا بەپاشەڕۆژ)لەسولەیمانیە ڕاگرت. کورنوالیس لە ناو قسەکانی دا وەبیر وەزیری ئێراقی هێنایەوە کە تەواوی دەڤەری بارزان وهێندەکی دیکەش لە ناوچەکانی باشووری کوردستان لە(سەرخەتی برسیەتیی و قاتی قڕیدان)و دەوڵەتی ئێراق لە سەر ئەوهەموو پێگوتن وبەگوێ هەڵێنانە هەنگاوێکی بەکردەوە لەم بارەوە هەڵنەهێناوە.

بەڵام لە دەسامبەری1943ئینگلیزیەکان لەبەرامبەر ڕزامەندی بارزانی هەست بەمەترسی دەکەن، وبۆ پشتگیری لەئەفسەرانی پەیوەندداری خۆیان وئۆردوگاە(هێزی ناوچەیی)بریتی لە ئاسۆڕی،عەڕابەکان بە زرێپۆش بۆ دیانا،هەڵکەوتووە لەنزیک ڕواندز دەنێرن-دەپێشدا لە ئیراقیەکانیان داواکردووە هێزەکانیان لەناوچە بکێشنەوە.

لەو نێوەدا وەزارەتی بریتانیا لە کۆرنوالێس داوا دەکات، بارزانی تێگەێنیت کە(وردە وردە کردەوەکانی دەبنە هۆی پێشگیری و تێکۆشانی شەڕی دەوڵەتی ئەعەلاحەزرەت پاشای ئینگلیستان.) بەڵام بارزانی لە هێرش بۆ سەر (دیانا) دەست ڕادەگرێ.

لە6ی دەسامبەری 1943(هیوا)(داخۆیانی ناوەندی گشتی) مێللەتی کورد کە(ڕووی لە خەڵکی نەجیبی ئێراق و دژی سیاسەتی دەوڵەتی ئێراق، لە مقامی دیکتاتۆڕیەک کە لە ژێر سێبەری مەنشووری ئاتلانتیک پێگەیوە) بڵاو دەکاتەوە.

هەنۆکە بزوتنەوەی بارزانی لە شۆڕشێکی ئاسایی چەکدارانە تێپەڕیوەو لە سێرەی سیاسی کێشی وەدەست هێناوەو کە هۆی دڵەخۆرپەو نیگەرانی دەسەڵاتدارانی ناوچەیە، ولەنیوەی دەسامبەری 1943کۆرنوالێس سەر لە نوێ سەردانی سەرۆک وەزیران(نووری سەعید)وجێگری سەلتەنەت دەکات وسەرنیجیان بۆ ئەم مەسەلە ڕادەکێشیت کە (ئاژاوەخوازانی کورد)دەیانهەوێ لەڕاپەڕینی بارزانی بەرهەم وەربگرن. ئەو هەروا نەزەری هەردووکیان بە(مەترسی مجدی)بزوتنەوەی

سەربەخۆ خوازی وپان وبەرینیەکەی کەتەواوی کوردستانی دەباوەش گرتووە، ڕادەکێشێت!
کورنوالێس بەراستی لەمە خۆفی ڕێنیشتووە کە بزوتنەوەی بارزانی (ئاژاوەی) لە تەواویی کوردستان بەدوادابێت،ئاژاوەکە بە تایبەت کاربکاتە(هێزەکانی خۆجێیی)وپارێزگاردی لە ناوچەکانی نەوتی و ڕیگاکانی هاتووچوو تووشی تەنگ و چەڵەمە بکات.

6 قاقەز گۆڕینەوەی بارزانی و کورنوالێس

کورنوالیس، لەونێوەدا قاقەزێک بۆ بارزانی دەنووسێ کە شێوەی زوانی فرە توندە و دەویدا وەبیری دێنیتەوە کە(بەم کردەوانە تێکۆشانی شەڕی ئینگلیستان دەخاتە مەترسی) وداوای لێدەکات کە خۆی بەدەستەوە بدات و دەغالەت بکا!
 نامەکانی بارزانی بۆ کۆنسۆلی باڵوێزخانەی بریتانیا نیشان دەدەن، کە بارزانی هەموو هیوای خۆی لە سەر دەست تێوەردانی بریتانیا هەڵچنیوە، بەڵام بێ ئاکام!
ئەم بەڵگە تاقانەیە( کەبۆ ئەوەڵین جارلەم کتێبەدا لێیان کەلک وەدەگیرێ) پەیوەندی لە نێوان بارزانی و ئیبگلیزتان لە ساڵەکانی 1943-1944ئەوکات کە(هیوا)پشتیوانی هەرە بە هێزی بارزانی، بە توندی دژی ئەمپەڕیالیست ودژی ئینگلیز، ڕوخسارێکی تازەی نیشان دەدا.
لە23ی دەسامبەری 1943بارزانی پاش وەرگرتنی نامەی کورنوالێس بەناردنی قاقەزێک جەژنی ساڵی تازەی زایینی(نوئل)ی لێ پیرۆزبایی دەکات و بەدوعا لەبارەگای خوا داوادەکات بەسەرکەوتنی ئەرتەشی بریتانیای مەزن بەسەر(ئەڕتەشی ئاڵمانی نازی) کە ئارەزووی هەموو مرۆڤێکی خێرخوازە، کە فکری پاشەڕۆژ دەکەنەوە، بە ئێمەش ئەو تەوفیقە بدات کە لە بەرەکەتی ئەو جەژنە ڕاستییە بەهرە وەربگرین)
بەڵام لە نێو ئەو نامانەدا قاقەزێک لە هەمووان سەرنج ڕاکێشترە، بێ گومان ئەمە نامەیەکە کە بارزانی لە ڕۆژی ساڵی تازەی زایینی بۆ کۆنسۆلی بریتانیا دەنێرێ، کە دەویدا ئەوی دڵنیا دەکات( کەهەر کارێکی هەبێت بۆی بەڕێوە دەبات و لە قسەی دەرناچێت!
بارزانی بەم پێ داگرتنە کە بێگومان ڕۆژ هەڵاتێە دەڵێ: کە ئەو بە (ئەحەلاحەزرەتی ئێوە متمانەی تەواوی هەیە)وهەستی دۆستایەتی ئێمەبەرامبەر بەدەوڵەتی پایە بەرزی بریتانیا،تخووب و سنووری نیە.
ئەوپاش تۆمەت وەپاڵنانی دەوڵەتی ئێراق، کەئەوی ناچار بەدیفاع لە خۆ کردووە، لاق لەسەر ئەمە دەقرسێنێ کە وادەی لێبوردنی دەوەڵەت (لە پیلانی بێڕوحم و درۆ) وێوەتر نیە، ولە کۆرنوالێس داوا دەکات: ئەفسەرێک – ماژورئیستیپینگ –بۆ لێکۆڵینەوە سەخمەرات بەچۆنیەتی ناوچە بنێرێت! و بە زۆر ڕستەی تەمەننا کەحەوجێ بە وەرگێڕان ناکات، وادەی پێدەدا کەلە بیرو ڕای وی سەرلانادا، بارزانی دەنووسێ( بەهەرحاڵ ئیمە فەرمانی ئەحەلاحەزەرتی ئێوە لەسەرچاو دادەنێن-دیلمانجی سەفارەت ئەم ڕستەیەی ئەوها وەرگێڕاوەتەوە: (ئێمەسەربەرزین کە لە بەرامبەرفەرمانەکانی ئەحەلاحەزرەت، بۆ جێ بەجێکردنی کڕنۆش بەرین و سەردابنوینین)چەنەپات کردنەوە!

لە27ی دەسامبەری1943بارزانی لە وەڕام(بەڵگەلێبڕانی)کورنوالێس،سەر لە نوێ لە وی داوادەکات،کە ئینگلیزەکان لەبەڕێوەبردنی لێکۆڵینەوە، سەبارەت بەسکاڵای وی بەشداری بکەن،

هەروا لە سەفیرداوا دەکات ئەمر بە دەوڵەتی ئێراق بکات ئەوی وەبەرعفووی خۆی بخات و جامینخوازانی وی ئازادبکات... لە مانادا حوکمات وهەڵسورانی ناوچەی بارزان بەوی بسپێرێت.
کورنوالێس لە کارگێڕانی ئێراق داوادەکات کە سەرنجیان بۆ مەسەلەی کورد ڕابکێشریت ولەگەڵ ڕێبەرانی کورد پەیوەندی بگرن، وهەتا پێشنیاردەکا، شێخ ئەحمەد بارزانی وشێخ مەحموود بەناوی سەناتۆڕ بنیردرینە مەجلیسی سەنا.

7-ناوبژیکەری ماجدستەفا

نوری سەعید لە ئاکامدا تەسلیمی زەختی ئینگلیزیەکان دەبێت، ولە25ی دەسامبەری 1943بە ساخکردنەوەی کابینە، ماجدمستەفا کە یەکێک لە ماقولانی سولەیمانیە،بەناوی وەزیری ڕاوێژکەر، دەخاتە کابینە بە دەگمەن کەسایەتێکی وەک ماجد مستەفا هەڵکدەکەون دژی داوەری ناوێنە چووبن!
خەباتگێڕانی (هیوا) زەعلەیان لەوێ دەچوو،وبەچاوی مووچەخۆری ئینگلیز(بە خائینیان لێ دەروانی.
ئەوشتانەی کە ماجد مستەفا، بە دەوڵەت پێشنیاردەکات، جێگەی داکۆکی سەروک وەزیران و لە گەڵ دژایەتی ئەندامانی کابینە ڕوو بەڕوو دەبێ، دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و هەڵچەرخینەوەیەکی مەزن لە ناخی مەجلیس دا.
لە ناوەرۆکی ئەو پێشنیارانە ئاگاداریەکی ئەوهانەزانراوە، چونکە ئەو پێشنیارانە بە جەوهەری زانیاری کەسایەتی پارلمانتاران تەوفیری دەکرد...
ماجد مستەفا لە سەر هۆو بەڵگەو لایەنی سیاسی و تاکتیکی، دژی کەلک وەرگرتن لە زۆرەملی، بیروڕای دەردەبڕی! بە بۆچوونی وی،وەزیەتی خۆڕسکاوی ناوچەو کەمایەتی خەڵک و گروپێکی بەرچاو لە شۆڕشگێڕان و یەکیەتی ڕێبەرانی بزوتنەوە، شتانێکن، کە هەر جۆرە تیکۆشانیک بەهۆی دەسەڵات بەسەرداسەپاندن بەزۆرەملی تووشی تێشکان دەکەن.

بەڵام چارەنووسی سەرۆکانی بارزان- ماجد مستەفا پێشنیاری کرد کە شێخ ئەحمەد بگەڕێتەوەبارزان و مەلامستەفا لە گوندێک هەڵکەوتوو لە دەرەوەی(شەرگەی عەمەلیات نشتەجێ بێ)ئەولە یەکێک لە دانشتنەکانی شووڕای وەزیران،بەڵگەی لیبووردنی شێخ ئەحمەدو محەمەد سەدیقی بەم جۆرە شی دەکاتەوە: بەبیرو بۆچوونی وی گەڕانەوەی دووکەس لەم سێ برایە بۆناوچە، ناعیلاج دەبێتە هۆی ناکۆکی لە نێوان ئەوان،وکزبوونی ڕێبەراتی بزوتنەوە)چونکە هەروەک ئەو دەڵێ: ئەو سێ برایە لە سەر ڕێبەرایەتی بزوتنەوە بێ لێبڕانەوە پێکەوە ناکۆکیان هەیە)و گەڕانەوەی دوو دوورخراوەی مەزن(نەزەری لایەنگرانیان لە ئامانجی هاوبەش لادەدا. ماجد مستەفا لەو نێوەش دا لە دەوڵەت داوا دەکات بۆ دورستکردنەوەی ڕێگاوبان و خەتی تەلەیفونی عەقرەو عیمادیە هەتا بلە،نزیک بارزان وسازدانی پێگەکانی قائیم وپتەو... هەروا بڵاوکردنەوەی دانەویڵە بەخۆڕایی یان بەنرخێکی هەرزان لە ناوخەڵک، پارەیەکی تەقریبەن گرینگ لە ژێر دەسەڵاتی ئەودابنێن! ولە ئاکامدا وەزیری ڕاویژکەر بۆ کەم کردنەوە لە شوین تێکردنی شێخ ئەحمەد، داوای سەقامگیری (دەزگایەکی لە ڕاستی وەتەنی)دەکات ولەبەرامبەرلێژنەی وەزیران پێ دەقرسێنێ کە(ئەگەرئەو نەخشەیە،بۆ بن بڕ سەرکەوتوو نەبێت، کاری سەرکوتی دواڕۆژی شۆڕش ساناتردەکات و لە دەی ژانویەی 1944چاوپێکەوتنێک لەنێوان ماجد مستەفا و مەلامستەفابارزانی و سەرۆکانی دیکەی کورد لە

نزیک مێرگەسۆر پیک دێ –سەبارەت بە پێشنیارەکانی ئەم وەزیرەی کورد، لانی کەم سێ بۆچوون لەسەرنەقل و قەول لە بەر دەست دایە: ڕاپۆرتی وی بۆ شووڕای وەزیران، ڕاپۆرتی کورنوالێس، بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیستان وقەول و نەقلی کوردەکان.
یەکێک لە پێشنیارەکانی ماجدمستەفا، کە شوین تیکردنێکی گرینگی لە سەرراپەڕینی کورد هەبوو، دیاری کردنی گروپێک لە ئەفسەرانی کورد، بەناوی پەیوەندیگر، بەبیروڕای پتەوکردنی ئاسایش لەناوچە، لە ژێر چاوەدیری خۆی بوو.
دەوڵەتی ئیراق ئەم زێدەپاروانەش(ئیمتیازات)بەگرنگ،نیشان نادا بەلام بە ڕادەیەکی تەواو گرینگن: (شورشگیڕان) لەو لێبوردنەی کە دراوە کەلک وەردەگرن، هەرچەنە بنکەی ژاندارمەری لەناوچە بە وجود دێن بەلام لە بەرامبەر ئەرتەش لە مێرگەسۆر نامێنێ

8-داوەی خۆ بەدەستەوەدانی بارزانی)لەبەغدا

بارزانی لە22ی فۆرییەی 1944 لەگەڵ هێندێک سەرۆک عەشیرەت، یەک لەوان فەتاح ئاغا،سەرۆکی خێلاتی هەرکی لەبەغدا دەغالەتیان بەدەوڵەت کردو ماوەی چەند ڕۆژ میوانداریەکی پاشایانەیان لێکرا.
بارزانی لە ماوەی مانەوەی لە بەغدا سەردانێکی کۆنسۆلی بریتانیای کردو لەم دانیشتنە دا،کۆنسۆلی بریتانیا ئەوی بۆ هەرجۆرە کردەوەیەکی ناهەڵسەنگاو لە پاشەڕۆژدا وشیارکرد تێکۆشا ئەو متمانەیە دەویدا بێنێتە کایە کە دەوڵەت ڕەوشتی دەگۆڕێ و سەرافەت و هەڵسوڕانی کارو باری باشوور باشتردەکات.
سەردانی سەرۆکانی کورد لە بەغدا، پتر وەسەردانێکی فەرمی دەچت هەتا خۆ بە دەستەوەدان بەحکوومەت)وبۆ کورنوالیس، سەرکۆنسۆلی بریتانیا، مەرجێک کە لەویدا شۆڕشی بارزانی حەل وفەسڵ بوو (بەئاشکرا ئاکامی کزبوونی دەوڵەتە، بەلام ئەم ڕێزو ئیحترام و حورمەت ومیوانداریيە، دەمارگرژانی عارەب دەهری دەکات، بارزانی ناعیلاج دەبێ، ماوەی مانەوەکەی خۆی لە بەغدا کورت کاتەوە، وەک دەڵێن بەهاندانی کۆشکی سەلتەنەتی لە سەنا، لە سیاسەتی ماجد مستەفا، ڕەخنە دەگرترێ.

9-بەجێ نەهێنان و بەڕێوە نەبردنی داواکان

زۆر زوو وەزعەکە بەرەو ئاڵۆزی وشڵەزان هەڵدەگەڕێتەوە، لەنێوەی ئوریلی 1944کۆرنوالێس، بەدڵەخورپەوە دەڵێت: لە ماوەی مانگەکانی تێپەڕبوو، شتێکی گرنگ بۆ ئاسایش وئەهوەن بوونەوەی کوردستان نەکراوە)وبەرلەڕۆینی نائب وسەلتەنە عەولا،بۆ کوردستان کە قەرار وایە لە نێزیک عیمادیە وڕەواندز، لەگەڵ سەرۆکانی عەشیرە، چاوپێکەوتن هەبێت(وت ووێژێکی زۆر مجد لەگەڵ وی دەکات.
ئەڤێگاڤێ یانی 24ی ئاوریلی 1944 نامەیەکی تازە لە بارزانی پێدەگات، کەلەویدا بارزانی لە مەڕ بەڕیوەنەبردنی وادەکانی دەوڵەت و باشتر نەبوونی وەزعی کوردستان و هێنانی هێزەکانی حەساوەی ئەرتەشی ئێراق بۆ پادگان، سکالا دەکات.

بارزانی لەو نێوەدا چەند نامەی وەک یەکی بۆ حاکمی سیاسی مووسڵ وماجدمستەفا، ناردووەو تێدا ڕوون کردۆتەوە کە ئەو خەڵکەکەی حازرن هەر چاخ کە دەوڵەتی بریتانیا ڕەخنە لە کردەوەیان نەگرێت،مافی چارەنووسی خۆیان بەدەستی خۆیان وەربگرن!
سەرکۆنسۆلگەری بریتانیا، لەو بەینەدا لە جێگری سەلتەنەت داوادەکات، لە کۆبونەوەی سەرۆکانی عەشایری کورد لەڕەواندز، بۆ دانیشتن لەگەڵ مەلامستەفابارزانی، کەلک وەرگیرێت،بەڵام پشێوی وەزعەکە، داڕشتنی گەڵاڵەی بەرنامەی سەردان لە عیمادیە بەتاڵ دەکات، وکاتی کۆ بوونەوەی ڕەواندز کە بارزانی بەهۆی ڕێژنەبارانەکانی وەرزی و.. بێخەبەری نەیتوانیبوو تێیدا بەشداری بکات،قوڵەکرد.

10-نووری سەعیدو کوردەکان

لە نیوەی مەی 1944، نووری سەعید سەفەرێک بۆ کوردستان دەکات، لە گەڵ ماجد مستەفا،سەر لە ئەنجومەنی ئەفسەران دەدا، هەروا دەچێتە مووسڵ وکەرکووک وهەولێر( ئەربیل)، ولەناو کۆمەڵی ئەفسەران بە درێژی قسە دەکات، لەم وتارانەدا یەکجارمحیبەت نیشان دەدا،مەدحی نیشتمان پەروەری کوردان دەکات، وڕادەگەینێ حازرە هێندێک لە داواکانیان، بە تایبەت وەدی هێنانی (لیوایەکی کورد) قەبوول کات، لەم جۆرە ئاخافتنانە! لە ڕاسیتدا سەرۆک وەزیران دوو ڕەگەو دوڕەیە، یانی دایکی کوردە، وبە کەلک وەرگرتن لە ڕوخسارێک کە ئەو لە مقامی دیفاع لە کوردان دەدوێ، تێدەکۆشێ ئەوخەڵکە ناتوند ڕەوانەی کە لە بارزانی هاڵاون جیاکاتەوە.
دوماهی وتووێژێکی تەقریبەن توند کە لە نێوان ئەوو ماجد مستەفا دێتەگۆڕ، لە ئامانجی سەرۆک وەزیران پەردە هەڵدەداتەوە.
نووری سەعید لە ماجدمستەفا داوادەکات کەلە کوردستان بمێنیتەوە، چەک لە بارزانی وەرگریتەوە، ماجد مستەفا لەوڵامدا دەڵێ: هەتا خەڵک بە کردەوە نەبینن کە دەوڵەت بە ڕاستی چ هەنگاوێکی بۆ پێ ڕاگەیشتن بەداواو سکاڵای ئەوان هەڵێناوە، ئەم هەنگاوە هەڵناگرێ ولەکردن نایە.
ئەوڤێگاڤێ ئەم شەڕە دندوکە چاوەڕوان نەکراوە، لەنێوان سەرۆک وەزێران ووەزیری ناوەخۆی کوردستان ڕوو دەدا!؟ نووری سەعید دەڵێ: ئەمە پەیوەندی بە مەسەلەکەوە نیە، دەجا خۆ ناکرێ ئەوهەی لێرۆکە جێ بەجێ کەین)ماجد مستەفا دەڵێ: نا ئەمن قەبووڵ ناکەم، ئەگەر بمانەوێ پێشەکیەکی لە بار پێکبێنین، هەڵگرتنی ئەم هەنگاوە پێویستە! ئێوە چۆن بیردەکەنەوە؟ ئەمن چتۆ دەتوانم ئەم چەک وچۆڵە کۆ کەمەوە، لە حاڵێکدا کە ئێوەتازە سی چل ئەفسەری کوردتان هەر بەم هۆیەوە لە کار وەلاناوە!؟
نووری سەعید دەڵێ ئەمن لە بۆ چوونم دانیە کەئەڕتەش ناقائیل کەم، بۆ دڵخۆشی مەلا مستەفا تەداخۆل لە کاریاندابکەم)
لێرەدا ماجد مستەفا لە سەرۆک وەزیران پرسیاردەکات: ؟ ( ئێوە هەتا ئێستا چ کارەکتان بۆ کوردان کردووە؟ پێم بفەرموون! هەتائێستا کاناڵێکی پانزدە دیناریتان لە کوردستان لێداوە؟ چەند تاکە کورد لە فیرگەی باڵا کەلکیان وەرگرتووە، جگە لە هەل ومەرجێکی تێدا هەڵنەکراو؟ چەند تاکە کورد ڕوانەی مەعموریت بۆ پەروەردەو فیرکردن کردووە؟ دەیان شتی دیکە...؟!
بەڵام ماجد تەسلیم دەبێ وبۆ وت ووێژ لەمەڕ وەرگرتنەوەی چەکەکان لە لایەن بارزانی، سەردانی ئەودەکات. لە نیوەی مانگی مەی 1944 یەکتربینینی بارزانی و ماجد مستەفا، بە

حزووری موتەسەڕیفی مووسڵ و ماژوور کینج، ڕاوێژکەری سیاسی ناوچەکانی باشوور دێتەدی. لەم چاوپێکەوتنەدا بارزانی ناشارێتەوەو کە هەڵگیر وەرگێڕی پادگانەکانی بلەو، میرگەسۆری، خستۆتە ژێر چاوە دێری، لەمە ترساوە کە بیانەوێ وەکوو ساڵی 1931 ئەوی گەمارۆ بدەن، قسەکە بەمە پشت ئەستووردەکات ودەڵێ: هەتا ئەم پادگانانە سەقامگیرن، ئەو بە دەوڵەت متمانە ناکات.)

موتەسەڕیفی مووسڵ بۆ وەرگرتنەوەی 11ڕشاش و 172تفەنگ و/250قازاخی هەڵاتوو، پێدادەگرێ، بارزانی لێکدا لێکدا بەمەسەلەی لێبوردن(عفوو) ئاماژە دەکات، ولەسەرئەمە پێ دەچەقێنێ کە سەربازە هەڵاتوەکان، پەیوەندیان بەوی وەنیە!

ئەو وتووێژە کە شەش ساعات دەخایێنێ وە ئاخافتنی مرۆڤی کەڕوو لاڵ دەشوبیندرێ.

ڕووداوێک کە گینج دەیگێڕیتەوە، چلۆنایەتی پەیوەندی تایبەتی نێوان بارزانی و ئینگلیستان دەچەسپێنێ، لە جەرەیانی ئەم ت ووێژە دا، ماژوورگینج، دەستی بارزانی دەگرێ بۆ قەراخێک دەبا، وبەسرتە پێی دەڵێ: لەگەڵ ئاگر گەمە دەکات!

کاتێک بارزانی بیروو بۆچوونی وی لەم بارەوە لێ پرسیاردەکات؟ گینچ پێشنیاری پێدەکات دەکەس لەهەڵاتوەکان لەگەڵ دوازدە تفەنگ بنیرێ... ئیدی ئەو هەموو نامە لەخۆڕا بەڕێ نەکات.

## 11-ئاگربەسی(ژوئێنی 1944- ژوئێنی 1945

دڵەخورپەی ئینگلیستان لەمەڕ پێشگێری سەرهەڵدانی هەرجۆرە ڕووداوێک لە کوردستان لە ژوئنی 1944لەگەڵ هەڵوەشانی دەوڵەتی نووری سەعید(3ی ژوئیی1944)کە بە هۆی پشێوی کوردستان ڕوو دەدا، جارێکی دیکە زختەکەی پەرە دەگرێت.

کورنوالیس، لە سەردانیکدا لە گەڵ وەزیری نویی ناوەخۆی وڵات، پێشنیاردەکات بەرنامەی دابەشکردنی زەویووزار لەکوردستان بەڕێوە بەرێ، هەتا ئیدی بارزانی بەناوی پارێزەری مافی چارەنووسی کوردان نەێتە بەرچاو، و پێدادەگرێ کە دەوڵەتی ئێراق نابێ بەبێ ڕاوێژ کردن لەگەڵ وی بڕیارێک بگرێ کە ببێتە هۆی هێنانە دی عەمەلیاتی نیزامی)

لە کۆتایی ژوئیەی 1944، جارێکی تر سەردانی بارزانی دەکات،لەو چاوپێکەوتنەدا هەست بە گۆڕانکاری ئاخافتنی وی دەکاو دەدینێ کە بارزانی یەکجار بێ مننەت بوو.

بارزانی تازە کیژی مەحموودئاغای زێباری مارەکردووە، دوژمنی کۆنی کردۆتە دۆست لەگەڵی یەکگرتوو بووە، شوێن تێکردنی خۆی هەتا سنوورەکانی ئیران بەرفرەوان کردۆتەوە، و دەبەردایە لەعەشایری کوردستانی ڕۆژ هەڵات ئاریکاری بخوازێ.

وەزیەت جۆرێکە کە ماژوورگینچ، پێشنیاردەکات کە کاربەدەستانی نشتەجێ لە ناوچەی زێبار ببردرینەدەر، وبالۆیزی(بەئاماژە بەمە کە لە حاڵی حازردا، خۆ بواردن لە تێکگیرسان و لە ئالۆزییەکانی کوردستان، بەقازانجی ئێمەیە) بەوپێشیارە ڕەزامەندی دەردەبڕێ.

لە ماوەی مانگەکانی دووماهی کە پاشی ئەم چەق وتەفە دادین، دەوریک ئاشتی مووەقەت و خۆڕسکاو بەسەرکوردستاندا حاکمە: هێزەکانی دەوڵەتی باشووری کوردستان گاس کراوەنەتەوە، ناوچە بەکردەوە خودموختارە، بارزانی خۆی بەسەرۆکی کوردستان دەزانێ، وبۆ ڕێگا چارەی ماشکیلەی عەشایری هەتا دهۆک دەڕوات.

بەڵام لە ئاوریلی 1945سەرکۆنسۆلێکی نوێ بەناوی (ئەستوون هیوئربرد) دەبێتە جێگری کورنوالێس.

کۆرنوالێس لە نامەیەکی خواحافیزیدا کە بۆ بارزانی دەنووسێ ئەوەی دێنێتەوەبیر: دۆستی زۆری هەنە کە ئەوی لە گەڵ کەرەسەی ئاشتی هەل ومەرجی هەنۆکە ئاریکاری دەکەن، کە لە ئاسایش دابن.)

پەرڵەمان لە10ی ئاوریلی 1945(یاسایی عەفووی)بەزۆرایەتی دەنگ دەچەسپێنێ وپەسەند دەکات، بەڵام شوێنەواری ئەم دەستووره سنووری بۆ دانراوە، یانی تەواویی نیزامی وپۆلیس وئەوکاربەدەستان کەلە ڕاپەڕینی بارزانی دابەشداریان کردوە جیاکردۆتەوە، (وەبەرقانوونی عەفوو ناکەون).

ڕۆینەوەی کۆرانوالیس و (کۆتایی پێهاتنی دەست و جێی ناکۆکی لە ئوڕۆپا)بە جێگای دوایی هێنانی پەیوەندی ئینگلیستان لەگەڵ بارزانی یە.

باڵوێزی تازەی بریتانیا، دەڵێی بەبیروڕای متمانە بەدەوڵەتی ئێراق، کە نیگەرانی ڕوشتی بریتانیا لەبەرامبەر کوردەکانە، وەبیر هێنانەوەیەک دەداتە دەوڵەتی ئێراق،ودەویدا دەڵێ: کە ڕەوشت و بیروڕاو خەتی مەشی بریتانیای مەزن لەبارەی کوردەکان هەر ئەوەیە کە بەرامبەر هەموو بەشەکانی دیکەی دانیشتوانی ئێراق هەیەتی!

دەسەڵاتدارانی ئینگلیزی چ کاتیک بەم کوردانەی کەخۆیان بە پێشەوای خەڵکی کورد دادەنین بایەخ دانانین... وکوردەکان بە سەرجەم بە چاوی دانیشتوانی ئێراقی ، نەک بەچاوی کەماتیەکی تایبەت لێدەڕوانن)

بەم شێوازە بە ڕاشکاوی ئێراقیەکان تێدەگەێنن کەکاتی کردەوەیە ولێیان وەخۆ کەون!

## 12-شەڕی 1945

ڕێکەوتی بێ نێوەدانی شەڕی 1945، لەڕاستیدا بۆ دوایین ڕۆژەکانی مانگی مارس دەگەڕیتەوە: مووتەسەڕفی هەولێر(ئەربیل)لە30ی مارسی 1945بڕیاری حکوومەتی ئێراقی بۆ نوێکردنەوەی پیگەکانی جاندارمەری ناوچەی بارزان، بە بارزانی ڕاگەیاندبوو.

بارزانی بێ وەخت سووتان دژی ئەم بڕیارە ڕاوستابوو، بەڵام دەوڵەتی بەغدا بایەخی بەم ڕەخنەی هەس دانەوەیە،نەدا.

ڕووداوێک کەبوو بەهۆی قەتیانی پەیوەندی لە ڕۆژەکانی شەش و حەوتی ئەوت،لە دێی بارزان قەوما، خەڵک تێوەردین و ئەو خەندەقەکانەی کە دەوڵەت بۆ قوتابخانەو پێگەی جاندارمەری لیداوە، پڕ دەکەنەوە، و چەکدارانی بارزانی کرێکارانی بنکەی کاروباری گشتی، لەم شوێنە دەردەکەن.

سبەینەی ئەوێڕۆژێ، یانی لە هەشتی ئەوت ئەس ئەسعەدئاغای خۆشەوی، دەست بە،(سەرای بارزان)یانی پێگەی نوینەری دەوڵەتی ناوەندی، دادەگرێ.

لەو حاڵەدا بارزانی بەئاخرین زەنگوڵەیی مەترسی یانی(ئیختاری کلنل مید) وەڵامێکی ڕەق دەداتەوە،وداوای پاشەکشەی هەموو هێزەکانی نیزامی لە ناوچە دەکات.

## 13- ناکۆکی بیروڕای ئینگلیزو ئێراق)

لە8ی ئەوتی 1945 شوورای وەزیرانی ئێراق بڕیار دەگرێ(هەرچی زووتر)ناوچەی بارزان، بەهێزی عەسکەری داگیر بکرێت(تاوانباران بگیرین...). ژەنەراڵ ژنتن بەرپرسی لێژنەی نیزامی بریتانیا،دەوڵەت ڕادەسپێرێ لە دەست لێدان بە هەرجۆرە کردەوەیەکی بەلەزو تالۆکە خۆی دوورە پەرێزبکات، شۆڵەکان بە نوێکردنەوەی ڕێگاو داڕژتنی گەلالەیەکی تەکوز بۆ پەلاماری دوارۆژ، سەروبەربکات، ئەم شالاوە بە بۆچوونی وی نابێ بەر لە15ی سپتامبەر، دەست پێ بکرێ. بەڵام ئێراقیەکان لە سەرئەمە بڕیاردەرن کە بەهێرشی جەبهەیی لە ماوەی دوو سێ حەوتوو، دەشێن بارزان داگیر بکەن، وبۆ بیروبۆچوونی ژەنەراڵ ڕنتن بایەخ دانێن!

بە بۆچوونی ژەنەراڵ ڕنتن،سازمانی عەمەلیاتی ئەرتەشی ئێراق (بە ڕادەیەک لەگەڵ ڕێو ڕەسمی شێوازی نیزامی دژایەتی هەیە) چونکە ڕوشتی بە بارهێنانی مەشق پێکردنی زۆرایەتی قازاخەکانی بە ڕادەیەک کزە) کە ئەو ڕازی نابێ ئەفسەرەکانی لەگەڵ هێزەکانی ئێراقی بۆ ناوچەی عەمەلیات بچن. و لە شانزدەی ئەوت کارداری باڵوێزخانەی بریتانیا، بە سەرۆک وەزیران خەبەردەدات کەبریتانیای مەزن، حەزی لە تووشکردنی هاووڵاتیانی بریتانیا، لەم شەڕەدانیە.

## 14- ئەوڵین پەلاماری ئەرتەشی ئێراق

بەڵام ئێراقیەکان بە گویی ئینگلیزیەکان ناکەن وئاخافتنی وان بۆ ڕاگرتنی لایەنی وشیاری بایەخ بۆ دانانێن، دوایی بۆمبادومانی (بلە)لەرۆژەکانی 13و15ی ئەوت، 3 لەشکر، دژی بارزان وارد عەمەلیات دەکەن. لەوسەردەمەدا بارزانی 750 مرۆی شەڕکەری لە ناوچەی برادۆست و دوو گروپی شەڕکەری لەناوچەی عەمەلیات داهەیە

کە بە تفەنگ ڕەشاش پۆشتەو تەیارن،کەلە 1943 لەئێراقیەکانی دەست کەوتیان بووە.

هەوەڵین پێک هەڵپڕژان لە نێزیک سیدەکان دەقەومێ،ئەم تەقەو لێکدانە بۆ دەوڵەتی ئێراق کە نزیکەی/100کوژراوی داوە، ڕوو داوێکی کچکەیە!

لەم کاتەدا سەرۆک وەزیرانی ئێراق داوای تەداخولی هێزی ئاسمانی (سەلتەنەتی) بریتانیا دەکات، بەڵام کارداری باڵوێزخانەی بریتانیا، ئەوداوایە ڕەت دەکاتەوە، وئاگاداری ڕێکەوت 5ی ئەوتی وەبیر دێنێتەوە.

## 15-تێشکانەکانی دیکەی ئەرتەشی ئێراق

لە سەرەتای سپتامبەر، ئێراقیەکان کە تابشەکی /14000کەسیان لە ئەقرەو ڕەواندز، نشتەجێ کردبوو، دژی بارزان دەست بەپەلامار دەکەن، یەکەمین ئامانجی ئەم عەمەلیاتە، مێرگەسۆربوو، بەڵام دیسان تووشی تێشکانێکی خەراپ دەبن.

ستوونی یەکەم کەلەرەواندز پیشرەوی دەکات، لە نێزیک(مزنە) تووشی شەڕێ دەسەخت دەبێ،زەرو زیانێکی تەقریبەن زۆری وێدەکەوێ، تەلفیاتێکی قورس دەدا. ستوونی دووهەم کەلە عەقرەڕا، بەرەوپێش دێ، دووماهی پێکهەڵچوونێکی توند( زینارتەی) داگیر دەکات، بەڵام لە8ی سپتامبەر لە دوای هێرشی بەرامبەری کوردەکان

بەفەرماندەری خودی بارزانی، ناعیلاج بەپاشەکشە دەکرێ، ئەرتەشی ئێراق لەو شەڕدا 160/کوژراوو بریندراری هەیە، وسێ تۆپی چیای لە شەڕگە لێ بەجێماوە،
ئەم سەر کەوتنانەی بارزانی، کەرامەت و کەسایەتی و شوێن تێکردنی وی لە ناوچە بە رادەیەکی زۆر زێدە دەکات، ئێستا سەر ژمیری پێشمەرگەکانی، خۆی لەژمارەی 2000 کەس داوە. هەوابانی سازمانەکانی دەوڵەتی یەکجار تەم ومژاویی و خەمبارە. فەرماندەری گشتی هێزەکانی ئێراقی لەبەرامبەردەست وەکەری (چاوەنوار نەکراوی شۆڕشگێڕان)ڕادەگەیێنێت کە شۆڕشگێڕان لە دەرەوەی وڵات ئاریکاری دەکرێن- هەڵبەتە بێ دەلیل و بەڵگە-سروشتێ یە، کە ڕووی قسەی ئاماژە بە دەوڵەتی شووڕەویە!
بەڵام ژەنەراڵ ڕنتن،لە وتووێژێکدا لەگەڵ سەرۆک وەزیران(11ی سپتامبەر) لە ئیدارەی بەڕیوەبردنی عەمەلیات ڕەخنە دەگرێ،وپێی دەسەلمێنێ،کە فەرماندەرانی ئێراق، لە جەرەیانی ئەم شالاوو هێرش کردنەدا، تووشی هەڵەی دەگەلێک زل ومەزن بوونە!

16-پەیوەندی مەحموودئاغای زێباری بەدوژمن

لە نەکاو، وەزعەکە دەگۆڕێ و دەبۆژێنەوە! لە14-ی سپتامبەر، مەحموودئاغای زێباری خەزوورو یەکگرتووی بارزانی دەغالەت بە حکوومەت دەکات، پسوولەیەک لە باڵوێزخانەی بریتانیا، لەبەغدا هۆی ئەم(هەڵگەڕانەوە) ڕوون دەکاتەوە. دیپلۆماتی بریتانیایی (نووسەری پسوولە)دەنووسێ: (تێکۆشان وحەول وتەقەلای وەزیری ناوەخۆ، بۆ جیاکردنەوەی زێباریەکان ودابین کردن وپشتیوانی لە عەشایرەکانی دیکە، بە سەرکەوتنێکی کامل نێزیکە) ودەڵێ: ئەم وەزیرەی ناوەخۆ لە بڵاوکردنەوەی چەک وپارە دەست ناگێڕیتەوە.
تێشکانی بارزانی لە بەرامبەر یەکدەستی (جاش وحکوومەت) کە قودرەتی ئەرتەشی ئێراقی لەگەڵ بەڵەدی بەناوچەکان، کەدەوڵەت سەرکردە کوردەکان،یانی (خۆفرۆشەکانی) کڕیبوو،تێکەڵ هەوکرد، دەرمانی نەبوو.

17- دوایین شاڕو

هێزەکانی حکوومەت لە یەکەمی ئۆکتۆبری 1945،لە چیایی(پیریس)جێگر دەبن، و لە حەوتی ئۆکتوبر، گوندی بارزان داگیر دەکەن.
بەڵام ئێراقیەکان لەم بارەوە کە بارزانی یان بە زۆری چەک شکاندووە نابێ بەخۆیان بنازن، هەروەک ژەنەراڵ ڕنتن ئاماژەی پیدەکا: ئاسایشی ڕێگاکانی هاتوو چووی هێزەکانی ئێراقی، پێویستی تەواوی بەوەفاداری عەشایری یەکگرتوو هەیە)
بەڵام بارزانی بەهەرحاڵ لە تەنگەژەدا ماوەتەوە، چونکە تورکەکان سنووری باشووریان گریداوە. بەڵام حەوتوێک دوایی (داخۆیانێکی فەرمی خەبەردەدا کە بارزانی توانیویەتی لە گەڵ(چەندکەس) لەلایانگرانی بچێتە ئێران!

18- دژکردەوەی دونیا، لەمەڕ ئەم پیکهەڵچوونانە

هاتنی 200هاتا 400کوردی کوردستانی ڕۆژهەلآت لە نێزیکە 20ی ئەوتی 1945 کە بۆ ئاریکاری بەبارزانی لە سنوور ئاوابیوون، وخۆڕاگری وبەربەرەکانی چاوەڕاون نەکراوی بارزانی بەبین لمللی بوونی ئەو بەرخوردەی کە فکردەکرا لە ناوچەکانی شاخاوی بارزان، بمایەوە،ئاریکاریکرد، حەوتووک دوایی سەر کۆنسۆلگەری شووڕەوی ئەم داواکارییەی کە کوردەکانی کوردستانی ئێران بەشداری لە ڕاپەڕینی بارزانی (پەیوەندی دۆستایەتی نزیکیان) لەگەڵ دەسەلآتدارانی داگیرکەری یەکیەتی سۆڤیەت هەیە)وەدرۆ دەخاتەوە!
دوازدە ڕۆژ دوایی، ئەم جار نۆرەی ئەیالاتی یەکگرتووی ئامریکایە، کەلە بەرامبەر وەزعی باشووری ئێراق، گومان بەدڵەخورپەیەکی زیدەبکات. بەڕیوەبەری رۆژهەلآتی نزیکی وەزاڕەتی دەرەوەی ئەمریکا، لەوت ووێژک لە گەڵ یەکێک لە دیپلۆماتەکانی بریتانیا، لە واشنگتۆن، لە ئالۆزیەی کە شوورەویەکان لەب اشووری ئێران، (پەرەی پێدەدەن) قسەدێنێتەگۆڕ، لەوە نیگەرانە کە دەست تێوەردانی بریتانیا لەباشووری ئێراق(ممکینەجێبەجێکردنی رزایەت مەندانەی بابەتەکانی هەڵپەسیردراوەی ڕوژهەلآتی نزیک بخاتە مەترسی.
ئەمریکایەکانیش وەکو ئێراقیەکان، نیسکۆڵەیەک دوو دڵیان لەمە دا نیە، کە کوردەکان لە یارمەتی (دەرەوە) کەلک وەردەگرن، ولەم بابەتەوە بەداخن کە پێشگیری دەوڵەتی ئێراق لە سەفەری آرۆزلیت(کوڕی)جێگری وابەستەی نیزامی ئامریکا بۆکوردستان ئەم شک وگومانانە دەچەسپینێ.
بەلآم دەسەلآتدارانی بریتانیا، لە بەغدا لێیان یەقینە کە شووڕەویەکان لە کوردستان بچووکترین خۆتخونکردن ودەست تێوەردانیان نەبووە، کاتێک (سریدربلارد) سەرکۆنسۆلگەری بریتانیا، لە تاران، ڕاپۆرتێک کە بەرپرسی ستادی ئەرتەشی ئێران سەبارەت بە چاوپێکەوتنی قازی محەمەد، لە مەهاباد لەگەڵ کابرایەک بەناوی (نەمازعەلی ئۆف)،گوزارش دەکات، دەسەلآتدارانی ئینگلیزی دانیشتووی بەغدا ئەم چاو پێکەوتنە دەدنە بەر بژارچنی لێکۆڵینەوە، و ئەم کەسایەتیە لەوی داوادەکات کە یارمەتی نیزامی بۆ بارزانی بنێرێت. بە بۆچوونی ئەوان چاوپیکەوتنی دەسەلآتدارێکی شووڕەوی لەگەڵ قازی محەمەد، کە(پالشای بێ تاج وتەختی مەهابادو ڕێبەری کۆمیتەی کوردە) شتێکی سروشتی یە.
دەسەلآتدارانی ئینگلیزی خۆجێی بەغدا ئاقیدەیان وایە کە ئامریکایەکان مرۆڤی دە خۆش باوەڕن،کە بە سانایی پێش داوەری دەکەن،وبەدەنگووباس وڕاپۆرتی وروژاو کەیف دەکەن ولەزەت دەبن.

## 19-بارزانی و حیزبی هیوا

مەلا مستەفا، کە لە چیاکانی باشووری بارزان، هەڵبڕابوە، تەنیا مابۆوە، بۆ دابین کردنی ئازوقەوچەک وچۆڵ وتەقەمەنی و دراوو دەرمان ...وئیستخباڕات، پشت ئەستوور بەتێکۆشەرانی نەتەوەخوازی هیوابوو. بەلآم پەیوەندی نێوان ئەم دووە یەکجارنارون بوو. مەلامستەفا بەوەداکەوتنی خەتی مەشی براگەورەی خۆی شیخ عەبدولسەلام، لەگەڵ نوینەرانی بریتانیا پەیوەندو هاتووچووی شەخسی وکەسینی ئیکجار گەرمیان هەبوو، وبۆ دەست ویڕاگەین بەداخوازیەکانی چاوی ئومێدی زۆرتر بەئینگلیستان بڕیبوو. بەلآم خەباتگێڕانی هیوا زۆرتر

لەهەموان قینیان لە ئەمپەڕالیستی بریتانیا بوو، وئەگەر بەدوای یارمەتی دەرەوەبوون ئەویارمەتیەیان لە مسکۆ زۆرسادەتر،لەنوینەرانی یەکیەتی سۆڤیەت داوادەکرد، کەجیناری دیوار بەدیواریان، یانی لەکوردستانی ڕۆژ هەلات، خەریکی خزمەت بوون. بەلام سەبارەت بە پەیوندیان کە وێدەچێ لەو سەردەم لەگەڵ شووڕەویەکان هەیان بێ، شتێک نەزانراوە، وئینگلیزیەکان بە پێچەوانەی ئامریکایەکان هەمیشە نەخشی ڕاستەوخۆی شوڕویەکانیان بێ بایەخ دەزانی وپێیان وابوو کەتەنیا( چەند هەڵگەڕابوونە کە ویستوویانە لە ڕێگای ئالەگۆڕی قاقەزلەگەڵ شوورەویەکانی دانیشتووی ئێران ڕایەڵی پەیوەندیان هەبووبێت!)

بەهەرحاڵ ڕاستی یەکە ئەمەیە،کە بارزانی لە پەیوەندی لەگەڵ (هیوا)بێ لێبرانەوە، لایانی وشیاری ڕادەگرت، هەتا لە سەرەتا بەحزووری نوێنەرانی ئەم حیزبە لە بارزان و تەنیا لە1944دایە کە بارزانی حزووری نوینەرانی ئەم حیزبەلاوو نەتەوخوازە، قەبووڵ دەکات. ئەم دەستە بریتی بوون لە : ئەفسەریک بەناوی عیزت عەبدولعزیز، کەلە ئەفسەرانی پەیوەندیگریش بوو،کەماجد مستەفا، بۆ سەرلێدانی کادیرەکانی ئاسایش لە کوردستان کردبوویە بەرپرس، و سەرهەنگ دووهەم ئەمین ڕەواندزی، سەروان عەبدولعەزیزگەیلانی( کوڕی سەید عەولانەوەی شێخ عەبدولقادر) ومیرحاج لەعەقرە، فەواد عارف(خوشکەزای ماجد مستەفا) لە پژدەر، مستەفا خۆشناو، ماجدعەلی.

بەلام ئاخۆ هەروەک تیکۆشەرانی چەپی ئەم حیزبە بووچوونیان ئەمەبوو کە ئینگلیزیەکان تێدەکۆشن لەم بنکە نەتەوەخوازە داکەلێن بکەن؟

بیگومان یەکێک لە ئەرکی بنەڕەتی هیوا ئەمەبوو کە بەکەلک وەرگرتن لە هەستی بن چینەی قەومی زەنگین وماقولانی کورد دراوەکی پێویست بۆ بارزانی کۆ بکاتەوە. هەرچەند لەبەر چاوی بەشێکی زۆر لە لاوانی تێکۆشەری هیوا، بارزانی بەبیچمی (شێخەکی کۆنەپەرست)دەهاتە بەرنەزەر ئەمماس هەتادۆزینەوەی جێگریکی باشتر دەبوایە لەوی پشتیوانی بکرێ، وهۆی نیگەرانی خودی بارزانی، ماقولانی سوننەتی کورد بوون، کەلەویان بەچاوی شۆڕشگێڕێکی مەترسیدار، لێدڕوانی!

وبەهۆی پەیوەندیەکانی بارزانی لە گەڵ شێخ لەتیف(کوڕی شێخ مەحموود) کە لە سەردەشت، هەڵکەوتوو لە سنووری کوردستانی ڕۆژهەلات(ئیران) نشتەجێ ببوو وحکوومەتیکی سەربەخۆی بۆ خۆ پێکهێنابوو، ڕابیتەی بارزانی وهیوا قەتیا.

لە کۆبوونەوەی ڕێبەرانی (هیوا) لەبەغدا، فەواد عارف، هێرش دەکاتە سەر شێخ لەتیف وئەوی بە پەیوەند گرێدان لەگەڵ شوورەوی تاوانبار دەکات. چەند ڕۆژ دوایی دوو کەس لە ساماندارانی کورد(کەدابین کەری ئابووری سازمانەکەیانن) یانی عەلی کەماڵ وتەوفیق وهەبی( کە دوایی هەرس دەوڵەتی نووری سەعید لە1945 لەدەوڵەتی حەمدی پاچەچی،بوو بە وەزیری ئابووری) کۆکەرەوانی یارمەتی نەتەوەیی لەلای خۆی دەردەکات و پێیان دەڵێت: (بڕۆن، بڕۆن لەدۆستانی بارزانی بخوازن)! یانی لە شووڕەویەکان!)

لەوکاتەدا ڕەفیق حلمی،کە نەتەوەخوازەکی مەیلەو سوسیالیستە، لە ژێر تەوژمی باڵی ڕاستی بزوتنەوە، کە بە چاوی کمونیستەکی لێدڕوانیێ،مەجبوور بە وازهێنان لە حیزبی هیوا دینێت.

20-لێک ترازانی هیوا

بەڵام باڵی چەپی ئەم بزوتنەوە، نەتەویەش، وەکوو باڵی ڕاست، تووشی تەفرەقە و هەڵوەشان و بڵاو بوون بوو، لە هاوینی 1945 لەبەریەک هەڵتەکاو لانی کەم بەچوار گرووپی جۆراوجۆر دابەش کرا:

-شۆڕش)بە300هەتا350 ئەندام کە لە ڕاستیدا حیزبی کۆمەنیستی کوردستانی ئێراق بوو، پتربەناوی گۆڤارەکەی(شۆڕش) ناودێربوو. ڕێبەرانی ئەم بزوتنەوەیە، بریتی بوون لە: عەلی عەولا، نووری شاویس، جەماڵ حەیدەری کەلەساڵی 1963بەدەست بەعس کوژرا، وسالح حەیدەری.

(ڕزگاری) بە5000هەتا/6000ئەندام لە ڕاستیدا سازمانێکی جەبهەی خەلکە، وکاکڵی دواڕۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراق پێک دێنێت. لەسەرووی وان، لە ڕەخ ئەو کەسایەتیانەی کە ناومان بردن، ئەم کەسایەتیانەش دەبینین: دکتۆر جەعفەرعەبدولکەریم(برای حەبیب کەریم، سکرتێری ئایندەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراق دوایی 1964) دکتۆر سەدیق ئوتریشی وتەهامحیەدین(جێگری سەرکۆماری ئێراق لە1975.

هەبوونی (هیوا)لەناو نەتەوەخوازانی کورد-وبەتایبەت پەیوەندی و تێکەڵاوی لە گەڵ ماجدمستەفا-یەکێک لەو بابەتانەبوو کەبوو بەهۆی لە بەریەک هەڵوەشان وهەڵتەکانی،جگە لەوە بابەتەکی دیکە کە ئەویش گرنگ بوو و ئەو پەیوەندی هیوا لەگەڵ حیزبی کۆمەنیستی ئێراق بوو.

## 21-حیزبی کمونیستی ئێڕاق ومەسەلەی کورد

حیزبی کۆمەنیستی ئەو سەردەم، سەرنج ڕاکێشی تایبەتی بۆکەمایەتیەکانی ئێراق هەبوو،وبەگوێرەی ڕاپۆرتی هێندێک سەرچاوە، ژمارەی ئەندامانی کورد،وی لە35هەتا 40لەسەتی گشتی ئەندامانی بوو، ئەم نیسبەتە لەبەرامبەر ئەمە کەکوردەکان 25 هەتا 30 لە سەتی دانیشتوانی ئێراق پیکدێنن، یەکجار گرینگ بوو. ئەوش بڵێن هێندێک لە ئەندامانی هیوا لەلایانگرانی کمۆنیست بوون، کەلە حیزبی شۆڕش ورزگاری دەخەبات دابوون. هەڵس وکەوتی حیزبی کۆمەنیست لەگەڵ مەسەلەی کورد دوو لایانەو دوو ڕوویانە بوو.: لەلایەک، هەتا ڕادەیەک لە ماف وداخوازیەکانی کورد لایانگیری دەکرد. کۆمیتەی ئیجڕایی حیزبی کمۆنیستی ئێراق لەسپتامبەری 1945،لەوکات داکەبارزانی هێشتا لە بەرامبەر هێزەکانی ئێراق بەربەرەکانی دەکرد،

لەبڵاوکراویەکدا، بە زوانی عارەبی وکوردی عەمەلیاتی نیزامی وچەکداری دژی کوردەکان محکووم دەکرد،وبەرپرسایەتی ئەم وەزیەتەی دەهاویشتە گەردنی ئیگلیزیەکان وداواکاربوو، عەمەلیاتی چەکداری ڕابوەستێت، زیندانیانی کورد ئازاد بکرێن، وبەحکوومەتی سەرنیزە لە باشووری کوردستان کۆتایی بێت، ولەمەڕ بەڵگەی بابەتەکە لێکۆڵینەوە بکرێت. بەڵام لەم بڵاوکراوەدا باسێک لە خودمووختاری یان سەربەخۆیی کوردستان وەبەرچاو نەدەکەوت. لە ڕاستی داحیزبی کمونیستی ئێراق هەتا بە(شۆڕش) ورزگاری) هێرش دەکرد، ئەوانی بەقسەکەری جیاخوازانە، ناولێدەبرد، و بەپەرەپێدانی لایانی جیاخوازی تۆمەت لێدەدا.

حیزبی کمۆنیستی ئێراق لە زنجیرە وتاریکدا کەلە(ئەلقاعدە) بڵاو دەبۆوە، لە بەرامبەر مەسەلەی کورد هەڵویستی دەگرێت.

حیزبی کموونیستی ئێراق دوایی ڕەت کردنەوەی (تێزی) کمونیستی کورد، بەو بۆچوونە کەهەر نەتەوەیەک،پێویستە حیزبی تایبەت بە خۆی هەبێت، لە(تیزی) کلاسیک لە ناخی بزوتنەوەی کموونیستی داکۆکی دەکات: بەم مانایە کە خەباتی هاوبەش لەچوارچیوەی حیزێکی تاقانەی کموونیست دژی چەوسانەوی ئاپۆرە، وئەمپەڕالیزم لە ئاکامدا بە ئازادی گشتی بریتی لە عەڕەب وکورد تەواودەبێت. کموونیستەکانی کوردی لایانگری سیاسەتی (جەبهەی مللی) دەست بەهێرشێکی بەرتەقا دەکەن، لە ڕاستیدا ئەمە شتێک بوو کە بزوتنەوەی کموونیستی، دونیاو بزوتنەوەی کوردی ڕۆژ بەڕۆژ لێکدەترازاند و مۆرەمۆرەو لێکترو جیا دەکردەوە.
ئەم مەسەلە لە ئاکامدا لە1946 بەدامەزراندنی حیزبی دێمووکڕاتی کوردستان ولکانی کموونیستەکانی کوردی حیزبی کموونیستی ئێراق بە وی، بەیەکجاری جی بەجێ دەبێ. بەڵام کاتێک کە بارزانی لە ئۆکتۆبری 1945 ئاوای سنووری ئێران بوو، ئالۆزیەکە لەناخی جۆڵانەوەی کورد هێشتا لە بەرزایی خۆیدا بوو،وێدەچێ کە(ژەنەڕاڵ) بارزانی، دواڕۆژ بیرەوەرەکی هێندە خۆشی لە یەکەمین پەیوەندی خۆی لەگەڵ سیاسەتی حیزبەکان نەبێت.

### 22-هاتنی بارزانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات- پەیوەندی سەرتایی وی لەگەڵ شووڕەویەکان

بارزانی بەرلە ئاوابوون بۆ ئێران، لێژنەیەکی سێ کەسی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات(ئێران ناردبوو، هەتا لە قازی محەمەد بخوازێ، ئاخۆ دەتوانێ لەگەڵ بنەماڵەکەی یانی (عەشیرەکەی) بریتی لەدەهەزارکەس، لە سنوور وەپەڕێ،قازی محەمەد، بۆچوونی ئەمە بوو کە هەنۆکە کات لەبار نیە، بەڵام بارزانی بەر لە وەرگرتنەوەی وەرام لەوی، گەیبوو کوردستانی بن دەستی ئێران.
چەند ڕۆژ دوایی بارزانی، ئەوڵین پەیوەندی ناسیاوی خۆی لەگەڵ شوورەوییەکان، بە کردەوە هێنادی، بەڵام لەو نێوەدا نابێ ئەمە لە بیر بکرێت کە شوورەویەکان بێ لێبڕانەوە ئەویان بە چاوی دەستەندەی ئینگلیستان لێدەروانی.
بارزانی لەگەڵ میرحاج و هەمزە عەولا، سەردانی ژەنەڕاڵ(لیوبڤ) یان کرد ولیوبڤ بەوی گوت: دەبێ لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی بن دەستی ئیران بڕوون، هەمزەعەولا و بارزانی – کەلەلای ژەنەڕاڵی ڕووسی، بەزوانی (کرمانجی) پێکەوە دەدوان،- تەکبیرەکیان دۆزیەوەو پیشنیاریان کرد کە پیاوەچەکدارەکان لە ئێران وەدەرکەون بەڵام لە ژەنەڕاڵ لیوبڤ یان داواکرد ئیجازەیان پێ بدا ماڵ ومنداڵ لەوەرزی زستان وسەرما وسەخڵەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ئێران بمێننەوە. دەڕۆژ دوایی، ژەنەڕاڵ لیوبڤ، هاتەوەو پێی گوتن: کە ئەم ڕێگا چارەییەی قەبوول کردووە... ئەو کات بارزانی لەگەڵ چڵ کەسی چەکدار لە ناوچەیەکی دوور کەوتووی پڕ لە بەفر، خۆی ون کردوو حاشاردا .
تێبینی:
لە ڕاستیدا بارزانی لە کوردستانی باشووری بن دەستی ئێڕاق، لەو کاتەدا کە بۆمباردمانی هێزەکانی ئاسمانی ئینگلیز لەگەڵ هێزی ئیراقی بە دوای وەبوون و بەرسینگەیان لی بڕیبۆوە، ڕووی لە کوردستانی ڕۆژ هەڵاتی بن دەستی ئێران کرد، کەلە ژێر نیری داگیرکەری ڕزاشا، هاتبوو دەر، و نەمر قازی محەمەد سەرکۆماری دواڕۆژی کوردستان و هەموو خەڵکی کوردستان بەباوەش هاوەڵایی پێشوازیان لێکرد، وئەو غەوارەی لەگەڵی بوون بە ڕێک وپێکی لە مەڵبەنی کوردستان جیگای حەوانەوەیان بۆ دیاری کرا، بارزانی و شێخ ئەحمەد لەنەغەدەو شنۆ مانەوە،وبەشایەدی

مێژوو بارزانی لە لایەن سەرکۆمارقازی محەمەد دەرجەی ژەنەڕاڵی درایە، هەموو چەکدارەکانی لە کۆماری مەهاباد بە پیشمەرگە وەرگیران،نەمر بارزانی هەتا جوانەمەرگ بوونی کۆماری کوردستان 1946بەوەفامایەوە. خاڵم مووسا خان زەرزا،کەبە300چەکدار لە عەشیرەی زەرزا لە گەڵ کۆماری مەهاباد بوو ئەوباسەی بەتێرو تەسەلی دەگێڕاوە. نوسین وەرگێڕ)

فەسڵی 2- شووڕەویەکان، لەکوردستانی ئێران وکۆماری مەهاباد

1-مەهاباد

چ شتێک بە مەهاباد ئەو تایبەتمەندییەی نەدەدا کەڕۆژێک بەیەکێک لە ناوەندی مەزنی نەتەوەخوازی کورد، بگۆڕدرێ، ولەم مەیدانەدا لە گەڵ پێشوای سولەیمانیە، رکەبەری بکات و چەپکە گوڵی کێ بەرکێی لێ برفێنێ، لە سەرئەمەش ڕا، ئەمە نەخشێک بوو کەلەناخی شەڕی دووهەمی دونیاگر، ونەختێک دوایی بە وی بڕا.

سابڵاغ(ساوەجبڵاغ) کە لە لێواری کوردستانی سوننە مەزەب ئێران(لەباشوور) ولەکوردستانی شیعە مەزەب( لە باکوور) هەڵکەوتووە، لە سەردەمی سەلتەنەتی زەزاشا، بە مەهابادناوی گۆڕدرا،لە1945 شارۆچکەیەک بووبە15000دانیشتوو، کەلەبارەی سەڕافەت لە سەر رزائیە(ورمێ)بوو،وهەتا ئەوکات هیچ چاخ نەخشی سیاسی یان بازرگانی گرنگی وەئەستۆی خۆی نەگرتبوو.

ئەو ڕیووبارانەی کە لە سەدەی نۆزدەهەم لە سەر ڕێگای خۆیان بۆ ورمێ، سنە، (سەنەندەج)یان کەرمانشا،-شاری گەورەی کوردستانی شیعەمەزەب- بەمەهاباد دا تێپەڕ دەبوون، ئەویان وەکوو شارۆچکەیەکی( خەواڵوو) بەنزیکەی 5000دانیشتوو، باس لێوەدەکرد.

ئەورۆ دانیشتوانی مەهاباد، وێدەچێ کەمیک زێدەتربن، بەڵام بەدیتنی ئەم شارۆچکە هەژاروبێ خاوەن ونەساخ- کە ژمارەی نەخۆشەکانی گەلێک لە سەرێیە-چەتوون دەتوانرێ فکری لێ بکرێتەوە،کە ڕۆژێک توانی بێ پایتەختی کۆمارێک ببێ و

هۆی دڵەڕاوکەی زلهێزانی دونیای پیکهێنابێت...!

ڕەتەوەنامەی بنەماڵەی قازی محەمەد

شێخ المشایخ

قازی فەتاح (1832-1916 — قازی قاسم 1

قازی عەلی 1934 — سیف القضات 1944

سەدر 1908-1937 — قازی محەمەد 1900-1947 — سیف ڕەحیم 1911-1947

لەباکۆ دەژی

کەماڵ عەولا وکیژێک   عەلی وشەش کچ

---

1-   بنەماڵەی قازی محەمەد

لەم شارۆچکە ولایەتیە، بنەماڵەی قازی محەمەد کە ڕوتبەی زانیاری و دادوەریان پێکەوە هەبووە، لەلای خەڵک خاوەنی ڕێزو حورمەتێکی بێ وێنە بوون.
باپیرە گەورەی قازی محەمەد (شێخ المشایخ) لەساڵی 1830سەرکردەکانی مەزنی کوردی لە گوندی بچکۆڵەلانەی (خەبات) هەڵکەوتوو لە نزیک دیواندەرە، لە دەوری یەکدی کۆکردەوە، هەتا بەرەیەکی یەکگرتوو، دژی ئینگلیزەکان دابین کردنی ئازادی پیکبێنن. قازی فەتاح (1832-1916)مامی بابی قازی، لەساڵی 1916لە دیفاع لە مەهاباد، دژو بەرەنگاری قۆشەنی تورک و ڕووس ڕۆڵێکی گرنگ وبەرچاوی بەڕێوەبرد و لەگەڵ یەکێک لە کوڕەکانی بەدەستی ڕووسەکان کوژرا.

قازی عەلی، بابی قازی محەمەد، (وەفات کردووی1934) بەزانایۆغ ناوبانگی دەرکرد بوو،وبراکەی سیف القضات(مەڕحووم بووی 1944لەساڵی 1930لەمەهاباد بنکەیەکی نەتەوەخوازی نهێنی بەناوی(بزوتنەوەی محەمەد)دامەزراند، کەلەگەڵ بزوتنەوەی شێخ محەمەد خیابانی پەیوەندی هەبوو. ئەو لەو دەورە دا بەستە شێعرێکی سەبارەت بە( ئینقلابی تەوریز)لەگوڤاری ئازادستان، بڵاو کردەوە(ئەوتی 1920)
ئەندامانی بنەماڵەی قازی محەمەد کە دەرس خوین ومەزەبی و نەتەوەخواز و خاوەن ملْکی دەمەزنیش بوون، گەلێک گوندیان لەناوچەی بۆکان هەبوو.

3-نێوانی ئینگلیزو ڕووسەکان

داگیرکردنی ئێ ران بە دەستی هێزەکانی بریتانیاو شووڕەوی لە 25ی ئەوتی 1941 هەلەکی ڕەخساوی میژوویی بۆ مەهاباد بوو.
هێزەکانی شووڕەوی دوایی پەڕاندنی سنوورلە25ی ئەوتی 1941 سبحەینەکەی شاری خۆو، ماکۆیان، داگیر کرد، ولەلای باکوورهەتا بانە، سنە، چوونە پیش. بانەوسنە(سەنەندەج)شیان موەقەتەن دەست بەسەرداگرت،پاشان بەخەتی شنوو، میاندواو هەڵکەوتوو لەچەند کیلۆ میتری باشووری مەهاباد تێدەپەڕی گەڕانەوە.
ئینگلیزیەکان دوایی دابەزینی کەرتەکانی پاڕاشووت (چەترباز) لە سەرینچاوەی نەوتی خوزستان، باکوری کوردستان هەتاکەرمانشا، هەڵکەوتوو لە سەر شۆسەی بەغدا-خانەقین-تاران-سنە،یان گرت هەڵبەتە لە دوایی بەتاڵ کردنی لەشکری یەکیەتی سۆڤیەت دەستیان بەسەر سنە، داگرت.
ناوچەی هەڵکەوتوو لە نیوان دوو مەڵبەندی داگیرکراو، ئینگلیزو ڕووسیە، یانی مەهاباد و بانە، و سەردەشت و سەقز،و دیواندەرە، لەڕاستیدا جۆرە سەرزەمینیک بوون کە بێ خاوەن مابوونەوە، لە ژێر حوکم وفەرمانی چ کەسێک نەبوون. ئەم (مەڵبەندانەی بێ خیوو،خاوەن) بەنۆرەی خۆی بە دوو ناوچەی شوین تێکەر، دابەش ببوو-ڕووسەکان، لەباشوور، دەوروپشتی مەهاباد، ئینگلیزیەکان، لەباکوور...

4-ئینگلیزیەکان وکوردەکان و شوورەویەکان

هێندێک لە زابووتی ئینگلیزی، ڕەنگە لە دوایی بیست وپێنج ساڵ، پێیان ناخۆش نەبووبێ، دۆزوو کەڵەکی باپیرانی خۆیان لە جەرەیانی شەڕی ئەوەڵی دنیاگر دووپات کەنەوە، بەڵام کۆمیتەی هاوبەشی بەرپرسایەتی ستادی بریتانیا ودەسەڵاتدارانی مەملەکەتی دەوڵەتی ناوبراو، بە دوو پسوولە(یادداشت) گوێ بەزەنگیان کردن. لەم دوو یاد داشتەگوتراوە: کە ئامانجی دەوڵەتی بریتانیا( داکۆکی لەدەوڵەتی ناوەندی ئێران ە) چ تەداخول ودەست تێوەردانیک بەقازانجی کوردان لە گۆڕێدا نیە، چونکە بزووتنەوەی کوردان(لەخۆیدا جۆڵانەوەیەکی پاشکەوتوانەیە، کە ناکرێ کۆنترۆڵی بکەین)خۆ تێوردانی ئەوان ئاکامێکی جگە (لەدەرگیرکردنی هێزەکانی بریتانیا لەچەقە چەقی بێ پسانەوەی تایفەگەری ومرۆڤەکان نیە) لە دوو پسوولە، کۆمیتەی هاوبەشی دەسەڵاتدارانی ستادی بریتانیا نیشانەو پێ شوێنێکی کە ئەوکردەوە بە قازانجی کوردکان لە ئێران وتورکیەو...هێزەکانی داگیرکەری شوورەوی هەیبوو دەست نیشان دەکرد.
بۆ ئینگلیزەکان هۆی داگیرکردنی ئێران، سیستەمێکی لەشکرکێشی بوو، دەبوایە دوایی تەوابوونی شەڕ کۆتایی پێ هاتبوایە. لەم ڕووەوە هێزەکانی بریتانیا دەبێ هەتا ئەوجێگاییەی کە بۆیان دەلوا تێکۆشابانە باشترین پەیوەندی لەکردن هاتوویان لەگەڵ کوردان هەبێ و بۆ دابین کردن وئاسایش وتیک نەچوونی نەزم لەهیچ تێکۆشانێک ڕانەوەستن، هەتا ئەو کەل وپەلەی کە بەشۆسەی بەغدا- خانەقین-کەرمانشا-هەمەدان-تاران، بۆ یەکیەتی سۆڤیەت دەنێردرێ بێ پێشگیری وتەنگەژە بەردەوام بێت.
ئینگلیزیەکان زۆر زوو تێگەیشتن، کەحکوومەتی یەکیەتی سۆڤیەت ڕەوشتێکی دیکەی گرتۆتەپێش، کاتێک شەڕکۆتایی بێت وادارکردنی حکوومەتی نابراو بۆ بەتاڵ کردنی باشووری ئێران سانایی نابێت، (وئازەربایجان بەدڵخوازی خۆی بەکۆمارێکی تازەی یەکیەتی سۆڤیەت دەگۆڕدرێت.
دەوڵەتی بریتانیا بەهۆی ئەم بیرکردنەوەی یەکیەتی سۆڤیەت، لەوسەردەمدا- یانی کۆتاییساڵی 1941وسەرەتای ساڵی 1942-پێی وابوو ئێستا کە کاتی هەس دانەوەی ڕووسەکان لە(داکۆکی سنوورەکانی باکووری وان، بە وەدەست هێنانی مەڵبەندی باشووری ئێران) نیە، باشترە مل کەچی قەزاوقەدەربین، وبەقۆڵکێشان لەسەر ئەو بابەتە، کە(ئەگەر لە شەڕ سەرکەوتووبین، ئیکجار زۆر بە ڕووسەکان قەرزدار دەبین،لە حاڵێکدا هەرچی بیتە پێش ملکەچی ئێرانیان نین)
ئەو ڕوو بەڕوو بوونەوەی بریتانیا لەگەڵ مەسەلەکە، ئاکامەکەی ئەمەبوو کەقازی محەمەدی، سەرکۆماری دواڕۆژی مەهابادی لەباوەشی ڕووسەکان هاویشت.

قازی محەمەدو شوورەویەکان

ئەوڵین جار لە25ی سپتامبەری 1941 یانی تەواو مانگێگ دوایی داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزەکانی بریتانیاو شوورەوی، دوو ئەفسەری ئینگلیزی و ئامریکایی لەمەهاباد.سەردانی قازی محەمەد دەکەن، لەماوەی ئەوچاوپیکەوتنە قازی محەمەد( گەاڵەی یەکیەتی کوردستان) بۆ دوو ئەفسەری ناوبردوو شێ کردەوە، ولەوانی پرسیار کرد چلۆن دەکرێ لەگەڵ( ستادی گشتی هێزەکانی بریتانیا) پەیوەندی بگرێت. ئەفسەری ئینگلیسی لەوچاوپێکەوتنەدا، ڕوو بەڕو بوونەوەیەکی (مجدی)لەگەڵ باباتەکە کرد، و قازی محەمەدی بەبەدواکەوتنی ئەم مەسەلە

دڵگەرم نەکرد، دوایی ئەم نائومێدیە بوو،کەقازی لەگەڵ شوورەویەکان کەوتە باس وخواسی سیاسی. بۆ کەرەتی دووهەم- وئەو جار زۆرمجد- قازی محەمەد لەگەڵ هێندێک لەماقوولانی ناوبەدەری کورد بۆ باکۆ) بانگهێشتن کرا.

6-هەوڵین سەفەری ماقول ومەزنانی کورد بۆ باکۆ(نەوامبەری 1941

بەگوێرەی هێندێک سەرچاوەی گیرانەوە، ڕووسەکان لەدوایی ئەمە کە گوێ بیس بوون کە ئینگلیزیەکان لەگەڵ گەورەپیاوانی کورد، دانیشتنیان لە بۆکان هەبووە، دوو ئەفسەری شوورەوی بەناوەکانی میرئەسڵان ئۆف، وعەلی ئۆف، لە مانادا دەستەیەک لە گەورەپیاوانی کوردانیان ڕفاندن وئەوانیان خستە( ئۆتومبیلەکانیان وبۆ تەورێزیان بردن ولەویش ڕا بردنیانە باکۆ!

بە گێڕانەوەیەکی دیکە تەقریبەن 30کەس لە ماقوول وناسراوانی کورد، لە مەهاباد کۆ ببوونەوە بەڵام لەم کۆبوونەو دا، چاوپێوتن لەگەڵ ئینگلیزیەکان لەگۆڕێدا نەبوو: ئەم گروپە بۆیە لەدەورەی یەک خرببوونەوە هەتا سەبارەت بە کێشەیەک کە حەمەڕەشید خانی لە بەرامبەرئێرانیەکان ڕاگرتبوو، بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک هاوفکری بکەن.

خولاسە ڕاست ودرۆی مەسەلەکە، هەرچی بێ واقعییەت ئەمەیە، بەرژەوەندی ڕووسەکان بەبۆچوونی ئامانج و لە ڕووی بەرنامەیەکی حیساب کراوبوو. لە نێو بانگێشتن کراوەکاندا،هەموو ماقوول وگەورەپیاوانی کوردستانی سوننە مەزەب(ئێران) دەبینین:

قازی محەمەد لە مەهاباد، ئەمیر ئەسعەد و حاجی باباشێخ، لە بۆکان، ڕەشێد بەگ وزێڕۆبەگ، لەکوردانی هەرکی، محەمەد قاسملوو(بابی سکرتێری گشتی دواڕۆژی حیزبی دێمووکڕاتی کوردستان ڕۆژهەڵات) لە دەوروپشتی ورمێ، محمەدسەدیق کوڕی سەید تەهای شەمزینان!

مەزنانی کورد، نێزیکەی دەڕۆژ یانی لە25ی نوامبەر هەتا 5ی دسامبەری 1941 لە باکۆ ڕایانبوارد، لەم ماوەیەدا، بە پێێ بەرنامە لە تێکۆشانی فەرهەنگی وڕامیاری وسەیرانی پروپاگەندە، وسەردان لە کارخانەو زەویوزاری نموونەو بنکەو سەرینچاوەی نەوت وقازاخانەو هتد... سەرگەرم بوون.

هەر بەم جۆرەی کە یەکێک لە دیپلۆماتەکانی ئینگلیزی بە تەوسەوە دەنووسێ: ڕووسەکان دەبێ لەم جەرەیانە دا بەخۆیان بنازن، چونکە دوو حەوتوو بەر لەمە هەشت کەس لە بۆرژوازانی تەورێزیان بۆ سەفەرەکی ئەوها بۆ تەورێز بانگهێشتن کردبوون.

باس وخواسی پەیوەندیدار بە وتووێژەکانی سیاسی لەباکۆ، لەگەڵ کۆمەڵێک لە بەشدار بووان، قسەی لەسەر دەکرێ، بەڵام هەموو ئەو نەقڵ وقەولانە لە یەک بابەت دا هاودەنگن: شوورەویەکان ( لەمانادا باقراف، بەرپرسی شووڕای بەرزی کۆماری سۆسیالیستی ئازەربایجان، بووخچەی مەسەلەی کوردی بە بیچمەکی یەکجارگشتی ... بەڵام زۆروشیارانە هێناگۆڕ! بەگوتەی یەکێک لە میوانەکانی ماقوول، یانی ئەمیر ئەسعەد، باقراف، بە ئەوانی گوت: یەکیەتی سۆڤێەت لەگەڵ سەربەخۆیی میللەتانی پچووک هاوبیروڕایە، بەڵام هەل ومەرج بۆ سەربەخۆیی کوردستان تەخت و لە بار نییە... کوردەکان پێویستە هێندێک لەسەرەخۆبن و تاڵووکە نەکەن). ئەوچار چەند کەسایەتی

کوردگوتیان: هەرئێستا سەربەخۆیان دەوێ! باقراف پێکەنی!

بەگوێرەی هەواڵێکی دیکە: باقراف، بە ماقوولانی کوردی گوت: لەسەرخۆ بن، ومتمانەی پیدان ودڵنیای کردن کە ڕۆژێک ( هیواکانی خۆیان وەدیدێنن)

چۆنیەتی مێوانداری ورێزگرتن لەو دوو لێژنەی ئازەربایجانی وکورد، زۆری تەوفیر هەبوو: لە چاوپێکەوتن لە گەڵ ئازەربایجانی یاندا، باقراف لە دوایی وەبیر هێنانەوەی پەیوەندییەکانی خوێن وتۆرەمەیی کە دوو ئازەربایجانی پێکەوە گرێدەدا،) ولەدوای پێداگرتن لەسەر ئەمە کەئەو( لەزەحمەت وکوێرەوەری وبەخت ڕەشی و دەردوو مەرگیان هاوبەشە، دەڵێ: لە مەڕ فەرهەنگی وڕەوانی ئیدی سنوورێک لە نیوان دوو ئازەربایجان وجوودی نییە، ئەم ڕوژە دادێ کەجیا لە ئازەربایجانێک نەبێت!)

7-دژکردەوەی دونیا، سەبارەت بە سەفەری باکۆ

ئاوازەی سەفەری ماقوولان و گەورەپیاوانی کورد، بۆ باکۆ، کە سەرکۆنسۆلی یەکیەتی سۆفیەت لەتاران، ئەوی بەسەفەرێکی ڕامیاری و فەرهەنگی ناولێبردبوو، لە سنوورەکانی کوردستان زۆرتر ڕۆیی: جەنگەی شەڕی دونیاگری دووهەم لە کاتێکدا کە بۆ دەوڵەتە یەکگرتوەکان کات یەکجار ئاڵۆزە، ئاغای کریپس، کۆنسۆلی بریتانیا لە مەسکۆ لە بیستەمی دەسامبەری 1941 لە مۆلۆتۆڤ، شی کردنەوەی دەوێ.
سێ ڕۆژ دوایی وی( سەریدربۆلارد) کۆنسۆلی بریتانیا، لەتاران، کەبۆ مەسکۆی سەفەرکردوە، جارەێکی تر لەم بارەوە، داوای شیکردنەوەی مەسەلەکە، لە مۆلۆڤ، دەکات، ومۆلۆتۆڤ لە25ی دەسامبەری 1941 پسوولەیەکی لەم بارەوە دەداتە سەر کۆنسۆلی بریتانیا، ئەبەم نێوەڕۆکە: کە کوردەکان بۆ خۆیان چوونەتە باکۆ، ئەم سەفەرە ئاخافتنی سیاسی تێدا نەکراوە.
هێند نەمابوو کە ئەم ڕووداوە تەپوو تومانێکی سیاسی هەڵبستێنیت (سەرئانتۆنی ایدن) پسوولەیەک لە بنکەی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیز بۆ کەلک وەرگرتن(ناخی سازمانی) بۆ ئەویان ڕێکخستبوو، بۆ مۆلۆتڤ ی نارد، لەم یادداشتە بەتایبەت دەگوترێ: کە (چۆڵەپێچەی بنەڕەتی ئەوەیە، کە سیاسەتی یەکیەتی سۆڤیەت لەناوچەی داگیر کراوی شوورەوی لە ئێران، سازمانێک گەلاڵەی دەکات ودایدەڕێژێ، کە کۆنسولی شوورەوی شویندانانی ئەوهێندەی لە سەر ئەوی نییە)!

8-مەترسی تورکەکان

لە ڕاستیدا هۆی سەرجەمی ئەم جەرەیانەو دەست تێوەردانی دیپلوماتێکی یەکیەتی سۆڤێەت، تورکەکان بوون: تورکەکان لە دووهەمی دەسامبەری 1941 بەم لاوە لە مەڕئاکارە وشێوەی هێزەکانی داگیرکەر لە ئێران(بێ ئەوە پێناسی ئەوهێزانە بەڕوونی دیاری بکات)ڕەخنەی لە ئینگلیزەکان گرتبوو، گوتبوویان ئەم هێزانە( کوردەکان بۆ دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆ هاندەدەن ودڵگەرم دەکەن) وپێیان لە سەرئەمە دادەگرت ودەقرساند کەپەیوەندی نێوان تورکیەو ئێران( بەکردەوە قەتیاوە) وکوردەکان لەناوخاکی تورکیە، دەستیان بە هێرش کردوە.
بەڵام هەربەم جۆرەی کە یەکێک لە دیپلۆماتەکانی ئینگلیز ئەنگوستی بۆ ڕادەدێرێ، ئەوەی کە تورکەکانی خستبوو دڵە ڕاوکە، کوردەکانی ڕۆژهەڵات نەبوون، بەڵکوو شێوە ئاکارێک بوو کە

شوورەویەکان لە کوردستان دەیانکرد، ئەوانیش وەکی ئێرانیەکان دەترسان، کەکوردەکانی باکوور ئەو داوایە ڕاستەو خۆ لەیەکیەتی سۆڤیەت بکەن.

9-دژکردەوەی سەفەری باکۆ لەناوچە

ئیگلیزیەکان کە کاتێک دیتیان کە ڕووسەکان لە ئۆلکەی پڕوپاگەندەدا بەسەر کەوتنەکی تەواو گەیون، لە ناردنی کاربەدەستانی سیاسی بۆ مەهاباد چاویان چووقاند، وئەم ناوچەیان لەمە بەدواوە، بەناوچەی شوێن تێکەری شوورەوی بە حیساب دەهێنا: شاری بچکۆلانەی مەهاباد کە هیچ کات بەدەستی هێزەکانی شوورەوی وئینگلیز داگیر نەببوو، بە کردەوە لەژێر حوکم ودەسەلاتی بەرپرسانی ئێرانی دەرچووبوو، لە نەکاو بیچمەکی جیاوازی بەخۆوە گرت، کەبۆ سەرهەلدانی ڕاپەڕینێکی تاقانەو بێ هاوتا،لەمێژووی بزووتنەوەی کورد،دا یارمەتی دەربوو.

10-کێ بەرکێ

بەلام لە ئاخری سالی 1941، سەرەتای سالی 1942، مەهاباد هێشتا لە چاخی قارەمانەتی ژیانی خۆی ئێکجار دوور بوو، دانیشتوانی لە،کێ بەرکێ یەک،کەلە نێوان قازی محەمەدو ئەمیر ئەسعەد دێبۆکری سەری هەلدابوو، بۆی بەداخ بوون.
چەند حەوتوو دوایی، دەست بەسەرداگرتنی ئێران لەلایان هێزەکانی بریتانیا و یەکیەتی سۆڤیەت، ولەبەریەک هەلتەکان وپەرش و بلاویی وحکم ودەسەلاتی حکوومەتی ناوەندی، قازی محەمەد، کە کارتێکەری و ئیحتووباری جیگەی ڕەزامەندی هەموو خەلکی مەهاباد بوو، بە قایل بوونی بن دەست ونهێنی لەگەل دەولەتی تاران، پارێزگاری ئاسایشی وەئەستۆ گرت.
بەلام لەفۆرییەی 1942 ئەمیر ئەسعەدو ژمارەیەک لە گەورەپیاوانی مهاباد، کە مەترسیان هەبوو کە لە ئاگری ویکەوتنی هێزەکانی دەولەتی لەگەل حەمەڕەشید خان و دەست تێوەردانی شوورەویەکان، بسووتێن-چونکە هەرئیستێک وەزیەت بەجۆرێک دەگۆڕدرا،لە ناوچەی شوین تێکردنی وان نزیک بوو، ترسی دەست تێوەردانی لێ وێدەچوو-لەسەقز لەگەل سپهبود شابەختی پەیوەندیان گرت، بۆدابین کردنی ئاسایش وپێشگیری لەئاژاوە، بەناوی دەولەتی تاران، ئامادەگی خۆیان ڕاگەیاند.
ئەمیر ئەسعەد کە بۆ تاران بانگهێشتن کرابوو، لەکۆتایی مانگ( بۆتاران) گەڕاوە: ئەوهەی کەویستبووی وەدستی هێنابوو، کرابوو، بەفەرمانداری مەهاباد، و بە ئوتمبیلو شۆفێرێک گەڕابۆوە، کە ئەوسەردەم کەسایەتی وئیحتوبارەکی زوری بەوی دەدا، هەروا بە پارەیەکی باش کە دەسەلاتی وی مسوەگەر دەکرد.
قازی محەمەد بۆ ڕەخنە لە دانانی ئەمیر ئەسعەد( بەقایمەقایمی مەهاباد)خیرا ڕێی تارانی گرتە بەر،... ئەمیر ئەسعەد، سەرکەوتوو نەبوو، حوکم ودەسەلاتی خۆی لە مەهاباد بچەسپینێ، لەئەوتی 1942مەجبوور بەوازهێنان بوو. ئاژاوەو ئالۆزی هەرکەس هەرکەس ئیستا بەکردەوە، لە تەواوی کوردستانی ئێران هەتا ڕوژئاوای گۆلی ڕزائیە(ورمێ) گەیشتبوو ئەوپەڕی خۆی!

## ڕۆڵی ناوبژیکەری شووڕەویەکان لەکوردستان 1942

بەم کوڵ وکۆو هەڵچوونەی کەلەساڵی 1942، سەرانسەری کوردستانی لە لەپ داگرتبوو، تاوانبارکردنی شووڕەویەکان بەمە، کەبوونەتە ماکەی ئاژاوە وئاڵۆزی، بەتاڵ لەدوو دڵی نییە، ئەمە شۆڵێکە کە هێندێک لە دیپلۆ ماتەکانی ڕۆژ ئاوا دەیکەن.
لەو جێگایە، کە لێکۆڵینەوە لە ئارشیڤی یەکیەتی سۆڤیەت دەستی وێراناگات، نووسینی مێژووی ئەو دەورەش، نالوێت، بەڵام دێتە بەرنەزەر کە ڕووسەکان لەم ماوەیەدا، لە جەبهەی قەفقاز هێشتا بەتوندی لەژێر هەڕەشە دابوون، سیاسەتێکی دیاری کراو پەنجە بۆ ڕادیریان لەکوردستان نەبوو: زۆر کەس لە بیریان دەچێتەوە، کەلە ئەوتی 1942هێتلەر کە لە یەکێک لە لێڕەوارەکانی( ئۆکڕاین) لە1500/ کیلۆ میتری ئاڵمانیە، لەسەرکورسی یەکی دار دانیشتوە، دەتوانێ لەم مەتلەبە فکر بکاتەوە، کەلە دواڕۆژێکی نزیکدا دەشێ، شۆرشگێرانی ئێران وئێراق، دژی ئینگلیستان دنەبدا، وڕاست کاتەوە، وبەکەیف خوشیەو لێکداتەوە، کەلە کۆتای ساڵ وزەو توانایی ئەوەی دەبێت، کە ڕەشماڵی قۆشەنەکەی لە تاران و بەغدا هەتا یەکاوی فارس(خەلیج) هەڵبدا...!)
ئەم(خەیاڵانە)بە لەوێبوونی، کەرتەکانی زرێپۆشی ئەڵمانیە، کە1200کیلۆمیترلەلای ڕۆژئاوا هاتبوونەپێش، وئامادەی دەست بەسەرداگرتنی بەشێ ئاسیایی یەکیەتی سۆڤێەت دەبوون، بەهێزدەکران. دەوجۆرە هەل و مەرجەدا، قبووڵ کردنی ئەومانایە چتوونە، کە دەسەڵاتدارانی شووڕەوی لە ئێران، کە نیگەرانی و سەرشێواویان لێدباری، لەبەر ئەم هزرە دابن کە بۆخۆیان نائاسایش وئاڵۆزی لە باڵی باکۆر وەگرخەن.
دوو ڕووداو ئیرادەو وشیاری شووڕەویەکان، لە بەرامبەر تێکۆشانی نەتەوەخوازانی کورد لەساڵی 1942 بە ڕوونی لەبەر چاو ڕادەگرێ: لە ژانوییەی 1942دەسەڵاتدارانی شووڕەوی کۆمیتەی حیزبی ڕزگاریخوازی، کە کوردەکان وئاسۆڕیەکان و ئەرمنیەکان پێکەوە یەکگرتوودەکرد، لەپاش تەقەو لێکدان ئەندامانی وی لەگەڵ ژاندارمەری ئێران هەڵوەشاوە ڕادەگەێنن، وکاری کێشکچی ناوشار بە هێزەکانی ئەرتەشی سوور دەسپێرن.

## 11-ئاڵۆزی ڕزائیە(ورمێ) ئاوریلی 1942

لەدوایی بڕیاری والی، دەوڵەتی ناوەندی بەچەک داماڵین لەکوردەکان و دانانی ژاندارمەری شێعە مەزەب ناوچەیی( یانی ئازەریەکانی کەبەزوانی تورکی قسە دەکەن) لە ورمێ پشێویەکی تازەو توندوتیژ لەبەرێ سەرهەڵدەدا.
ژمارەی ڕووداوەکان لەزێدەیی دەدا، لە28ئەوریل 1942،عەشایری کوردی دەورویشت، هێرش دەکەنە ناوشار، خەتی تەلەفوون هەڵدەبڕن، وشار گەمارۆ دەدەن، والی بۆ شاری تەورێز هەڵدێ!
ڕۆژی سێ ام ئاپریل، کۆنسولی شووڕەوی لە تەورێز، وبەرپرسی ستادی هێزەکانی شوورەوی لە ناوچە، بە فڕۆکە، دێتە ڕزائیە، ولەگەڵ سەرۆکەکانی مەزنی کورد وتوو وێژە دەکەن، سەرۆکانی کورد سکاڵایەک، دەدەنە ئەوان، کە دەویدا بەتایبەت داواکراوە کە ئیجازەیان هەبێت، بەچەک بێنەناوشار، وتەواوی ژاندارمەکانی ئێرانی کەلە ناوچەی نێوان خۆو، مەهاباد، سەقامگیر بوونە وەدەریان بێخن. لە ناوئاخنی سیاسی – سەرۆکانی کورد داواکاریان ئەمەئە، ( کەلە

هەڵسووڕانی کاروباری خۆیان ئازادبن) ولەسەرجەمی دەم دەزگاکانی حکوومەتی ورمێ وقوتابخانەکانی شار، نوینەریان هەبێت، دەرس خویندن بە زوانی کوردی بێت، 20 گرتووی کورد لەزیندانی ئازاد بکرین.
شووڕەویەکان کە دەبینن، ژمارەی چەکدارانی کورد خۆی لە/10000 کەس دەدا، بە ئاشکرا، لە بیروڕای ناردنی قۆشەنی سزادان لە بەرامبەر هێزێکی ئەوها گرنگ نیگەرانن، مەجبوورن لە گەڵ هەل ومەرجی کاتی مل ڕاکێشن.
ڕۆژی 7ی مەی 1942، بەرپرسی ستادی ئەرتەشی شووڕەوی (لەناوچەی داگیرکراو) لەگەڵ وەزیری بەرگری ئێران، و پارێزگاری نویی ئازەربایجانی ڕۆژ ئاوا، بۆ شاری ورمێ دەگەڕێنەوە.
کوردەکان، هێشتا لەدەورو پشت و نێزیکی شارن، بەڵام لەمەڕ وت وێژو ئاخافتن، کە ناوڕۆکی مەعلووم نییە، سەرۆکانی کورد، گەڕانەوەی هێزەکانی ئێران قەبووڵ دەکەن
وئەم هێزانە لەژوئن 1942 بەبێ چ کەندو کۆسب وگیروگرفت وڕوو داوێک، دێنە ناوشاری ورمێ(ڕزائیە).

## 12- کۆنفڕانسی شنۆ(سپتامبەری 1942

لەچوارمی سپتامبەری 1942، هەموو سەرۆکەکانی کوردی مەڵبەندەکانی باکوری ڕۆژئاوای ئازەربایجان و باشووری کوردستانی ڕۆژ هەڵات( ئێران) بۆ ماوەیەکی چەند ڕۆژ لە شنۆ لێکدی کۆبوونەوە، بەگوێرەی ڕاپۆرتی پرمەترسی کە دیپلۆماتەکانی ئینگلیز، دانیشتووی تەورێز دەینیرن،ئەم کۆبوونەوەیە یەکیەتی سۆفیەت ڕێکیان خستووە، لەوێدا لەکوردانیان داواکردوە، ( بۆ یەکیەتی سۆفیەت دوستی بە،بەقا،بن) وبەرەیەکی یەکگرتوو پێک بێنن.
بەڵام لە ڕاستی دا شووڕەویەکان، هووکارو خانەخوێی، ئەوکۆ بوونەوە، نەبوون: هۆی ئەولێک خڕبوونەوە، (شایی) کوڕی قەرەنی ئاغای (زەرزا) یەکێک لەسەرۆکەکانی گرنگی ناوچەبوو! کەچی حاڵی بون لەڕۆڵێک کە شووڕەویەکان لەم بابەتەدا هەیان بووە لەکردن نەهاتووە، بەڵام وابەنەزەر دەگات کەکوردەکان لەومەسەلەدا شووڕەویەکانیان دەست خەرۆکردبێت.
دوو مەبەستی بنەڕەتی بیروبۆچوونی سەرۆکەکانی کوردی، بۆلای خۆی ڕادەکێشا، لە لایەک نەبوونی یەکیەتی، ولەلایەکی دیکە پێویستی وپشت ئەستووربوون بە داکۆکی زلهێزک.
کێ بەرکێ وبەرسینگە لێکتر بڕینەوەو، ناکۆکی لەنێوان ئاغالەرانی کورد، چ کاتێک هەتا ئەم ڕادە قوڵ وتوندو تیژ نەبووە: لەنیو سەرۆکانی عەشایر، سێ کەس ڕوو لە ڕووی یەکڕاوستابوون: ئەمیر ئەسعەد دێبۆکری، عەولای بایزئاغای مەنگوڕ، قەرەنی ئاغای مامەش.
ڕێبەرانی سیاسی تر یانی، قازی محەمەد، حەمەڕەشیدخان، پێویستی یەکیەتی وبزوتنەوەی کوردیان دەزانی. بەتایبەت قازی محەمەد وردە وردە، لەوبابەتەوە،ترسی ڕێدەنیشت، ئەگەر بێتوو کوردەکان بەپەلە نەگەنە خاڵەکی یەکگرتوو، لەکۆتایی شەڕ کە زلهێزەکان، ماندوو شەقی وبێزار تر لەمەدەبن کەلە فکری چارەنووسی کوردەکان دابن، دەجا بەسانایی دەبن بەپاروی دەوڵەتانی ناوەندی.

## 13- خۆنواندی قازی محەمەد

شێوەی کاری قازی محەمەد، لەبەرامبەر دوو زلهێز کە حزووریان لە کوردستان دابووـیانی شووورەوی بریتانیا-هەتا ڕادەیەک ناڕوونە: قازی محەمەد لە ڕاستیدابە دوایی پەیوەندی گرتن لەگەڵ ئینگلێزیەکان بوو- بە تایبەت لە نیوەی ئۆکتۆبری، کە خانەخویی (دوو کرسپینی یی،ئایروایس، مارشاڵی بریتانیا لەئیراق،
و ئەورکرت، کۆنسۆلی بریتانیا لەتەورێزبوو.

ئینگلیزیەکان ئێکجارئاگادارند، لایەنی وشیاری ڕادەگرن، وتایبەت فکر دەکەنەوە، ویدەچێ قازی محەمەد لەگەڵ شووڕەویەکان پەیوەندی هەبێت، ئەو هەتا ئەو دووە( تەپکەی) بۆ وی دادەنێنەوە: لە دیفاعی ڕوسەکان لە ستالینگراد دەم بە پێداهەڵا گوتن دەکەنەوە! وقازی محەمەد لەبەرامبەردا... بەتاریف لە ئیگلیزەکان شێوەی کاریان لەگەڵ کوردەکانی ئێراق، دەچێتە خوار.
ودەڵێ کە(تەنیا بە ئاریکاری بریتانیای مەزن بووە کەکوردەکان توانیویانە بە باشکردنی وەزیەتی خۆیان و بەرهەم وەرگرتن لە ئازادی فکر بکەنەوە) ئۆرکرت بە نەقل و قسەی چیانیشینانی (ئەسکاتلەند) کە بەئاریکاری زلهێزانی دەرەوە- یانی فڕانسە- لە گەڵ پاشای ئینگلیستان جەنگین لە ئاکام دا، تێشکان، بۆچوونی خۆی بەکارزانی لێکداوە.
ئیگلیزەکان لێیان یەقین بوو کە قازی محەمەد، بەم بیرو ڕایە، پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەوان پەرەپێدەدا، کە ڕووسەکان بخاتە دڵەخورپە، هەتا ئەوان بۆ داکۆکی لە نەخشەکانی خۆی وادار بکات... ئەو کە ڕووگەش وکەیف خۆش وبەدەماخ، لەباکۆ گەڕابۆوە، هێندەپێ ناچێت کە لە شێوە ئاکاری، شووڕەویەکان نا ئومید دەبێت ودەیەوێ پەیوەندی ئەوان سەرلەنوێ سەخمەرات بە کوردەکان وڕوژاو کات.
ئینگلیزەکان کەلەو نێوەدا هەست بەوەدەکەن، کەکوردەکان لە کۆنفڕانسی(شنۆ) ویستوویانە، لە ڕووسەکان کەلک وەرگرن، یانی ئەوان بەپێچەوانەی مەیلی خۆیان بۆ داکۆکی لە بزووتنەوەی یەکیەتی کوردو خودمختاری کوردستان ڕاکێشن!

لەحاڵێکدا کە دەنگووباس، لەمەڕ هێنانەدی بزووتنەوەیەکی کورد کە،لەڕێگەی خودمووختاری کوردستان ، بەرز دەبێتەوە، شووڕویەکان لەئێرانیەکان دوو دڵ وبەگومانن، وئیجازەیان پێنادەن هێزێکی گرینگ بۆئەم ناوچە حەساسە بنێرن... لەلایەکی دیکە بۆخۆشیان نایەنەوێ ئەرکی پۆلیس بەڕیوەبەرن، لەبەرئەمە لەسەرۆکەکانی کورد داوادەکەن کەدابین کەردنی ئارامی ناوچە وەئەستۆ ی خۆیان بگرن.
لە سەریەک وانایەتە، بەرچاو کە شووڕویەکان بۆ سەربەخۆیی کوردستان، هەودای پیلانیان ڕاچانبێت! بەڵام لەم بابەتەوە کە ئینگلیزەکان ئەوهابکەن، بەپێچەوانە.
هەنۆکە وەزیەتێک کە بەسەر کوردستانی ئێران داحاکمە، هەتا ڕادەیەک جێگای، سەرسوڕمانە! یاریدەری کۆنسولی شووڕەوی لە دوایی سەفەر بۆ ناوچەی مەریوان بەهاوتای ئینگلیزی خۆی دەڵێ: ( کەلەم دوو دەڤەرە، بەکردەوە، ژمارەیەک کۆماری بچکۆڵەی کورد جەستەیان هەیە) وهێزەکانی ئێران بۆ گویزتنەوە لە خاڵێک بۆ خاڵێکی دیکە، لەخاکی خۆیان دەبێ 40 هەتا 50 کیلۆ مێتر لە ڕیگای ئەسلی دەربچن و بکەونە کوێرە ڕێگاکان!

تێبینی:

(کوردستانی ڕۆژهەڵات بە شێک لە خاکی ئێران نییە، ئێران حکوومەتێکی داگیر کەرە، کورستان لە شەڕی چاڵدڕان 1514بە ئێران لکاندراوە، بەشەکانی دیکەش دوایی لەبەریەک هەڵوەشانی ئەمپەڕاتووری عوسمانی لە پەیمانی گڵاوی لۆزانی 1923 بەسەر سوریە وئێراق دادابەش کران، دووسەد هەزار کیلۆ مێتریش جارێکی دیکە لکاندراوە بەتورکیە، دەجا ئیران، تورکییە، ئێراق، سورییە، هەرچوار دەوڵەت داگیرکەرن،(وەرگێڕ)
لە بابەت ئابووری وەزیت یەکجار نالەبارە: لە کەرمانشا، قات وقڕی ئەوهایە کە کۆنسولی ئینگلیز، بەرنامەیەکی بۆ ئاشی بەلاش دادەنێ، ورۆژانە بە200کەس خواردەمەنی دەدا.
لەسەرەتای ساڵی1943 هەزار جۆر تیفووس لەوشارەدا هەیە، نەخۆشخانەی شار دەبێ گاڵەبدرێ، ڕۆژێ 15کەس، لەبرسایەتی وهەژاری دەمرن. خەڵکی شار بەحەقیقەت بە نەمرنەژی ئەمڕۆی سبەی ڕادەبوێرن- چوونکە ئازووقەی پاشەکەوت بەشی ڕۆژێک زیاتر ناکات. وەزیەتی تەورێزیش هێندە لە وێ باشتر نییە، پاشەکەوتی گەنم وئاردی شار، بەشی خواردەمەنی 15 ڕوژی خەڵک دەکات.

## 14- بناخەدانانی کۆمەڵە

لەم هەل و مەرجەدا، هێندێک لە خەڵکی مەهاباد، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دادەمەزرێنن! ئەم دەستەیەلە: ڕەحمان زەبیحی، سکرتێری گشتی دوارۆژی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، محەمەد شەڕەفی ئاڵوێرچی، قاسم قادری مامۆستای قوتابخانە، ئەحمەد عیلمی مووچەخۆر، قادرمودەرسی،(کۆلکەمەلا) حوسێن فروهەر مووچەخۆری شارەوانی، ئازیز زەندی کەسایەتیەکی وریا کە سەبارەت بە قازی محەمەد بێ لێبرانەوە، غەرەزی هەبوو، چوونکە پیی وابوو ئەودەبوایە پێشقەدەم بوایە، ومحەمەدیاهۆو(مامەلەچی)
لەسەریەک ئەوانە نەتەوەخوازیکن، کەلە بنەماڵەی جۆراوجۆری وردە بۆرژاوای مەهاباد،ن، هەتا لەبنەماڵەی دەهەرە وەدواکەوتوو سەریان هەڵداوە، بابی ڕەحمان زەبیحی پیاوەکی کاسب بوو، لەگەڵ هەموو بنەماڵەکەی لە هۆدەیەکدا ژیان. ئەو لەساڵی 3ی مام ناوەندی بەهۆی نەداری قوتابخانەی بەجێ هێشت، ئەو هێندە بەهۆش وزیرەک بوو، خیرا لەناو خەڵکدا ناسراوبوو، بوو بەماموستای منداڵەکانی ملکدارێکی ناوچە، ئەو خویندنی زوانی کوردی فێری هەژاری مووکریانی کرد، کە پاشان لەگەڵ (هێمن) یەکێک لەو دوو شاعیری بەناوبانگەی کورد، هاوسەردەم بوو، دیسان هەر ئەو ڕەحمان زەبیحی یە، بوو کە لە یەکەمین نەتەوەخوازانەی مەهاباد دەهاتە ژمار،کە پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی کوردی سولەیمانیە گرت.
ڕۆڵی کوردەکانی نەتەوخوازی ئێراق، لە بناخەدانانی(کۆمەڵە) یەکێک لە نهینیەکانی، بچووکی مێژوویی بزووتنەوەی کوردە. وکوردەکانی کوردستانی بن دەستی ئێران لە نەتەوەخوازی خۆیان ئەوهێندە دەچنەپیش کە ڕەنگە بە پیچەوانە هەموو ڕاستەکانی مێژوویی—داوابکەن کە دەینداری کوردەکانی ئێراق نین!
بەڵام لە ڕاستی دا هەموو شت حیکایەت لەمە،دەکات کە ئەم بزووتنەوە، لە سەرەتا بە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، بەدەستی مەحموود جوودت لە سولەیمانیە دەستی

پێکرد، کەلە دوایی دا، دەستەیەک لە ئەفسەرانی نەتەوەخوازی هیوا، یەک لەوان سەروان میرحاج، تێکۆشانی وییان بەردەوام کرد.
ئاخۆ میرحاج، لە یەکەمین دانیشتنی(کۆمەڵە) کەلە 16ی سپتامبەری 1943 لە باخێک لە دەورەو پشتی مەهاباد بەڕیوە چوو بەشداری هەبوو؟ ئاخۆ ئەوبوو کە پێشنیاری کرد، حیزبێکی نوێ لە سەربنەڕەتی ڕێکخراوەیەکی نهێنی، سەربەخۆ لە یەکدی، ڕێکبخرێت؟ وئاخۆ دیسان لەگەڵ ئەوبوو، کە بنیات نەرانی کۆمەڵە قەول قەراریان دانا، کە ئەندامانی نوێ بەرلە بەئەندام وەرگرتن پیویستە بە قورئان سویند بخۆن؟
ئاخۆ کۆمەڵە لقێک لە(هیوا) بوو؟ کوردەکانی ئێراق هەنوکە، لەسەرئەو باوەڕەن.
بە هەرحال، لە نیوان هیواو کۆمەڵە پەیوەندییەکی زۆر هەبوو لە مارسی 1944 محەمەد شەرەفی، بۆ سەردانی ئەفسەرانی نەتەوەخوازی هیوا( ئەمین رواندزی، عەبدولعەزیز گەیلانی شەمزینی، عیزەت عەبدولێەزیز ومستەفا خۆشناو) دەچنە کەرکۆوک وچەند مانگ دوایی وی هەمزە عەولا( لە ڕێبەرانی باڵی چەپی هیوا) چەند سەفەرێک بۆ مەهاباد دەکات، داوایی ویش قەدری بەگ نەوەی جەمیل پاشای دیاربەکر، لەسوورییە و ملاوهاب لەتورکیە ڕا دێنە مەهاباد.

کۆمەڵە ئیکجار زوو چوارچێوەی جوغرافیایی وکۆمەڵایەتی تێکۆشانی خۆی بەڕادەیەکی بەرچاو، فراوان دەکات. ئەم بنکەیە کەلە بنەڕتدا بنکەیەکی شارستانی ولەچواردیواری مەهاباد دابوو، ولەڕاستیدا لەنیو سەرۆکانی عەشایر، لە ناوچەی خۆی لە باشوور، هەتا بۆکان وسەقز، لەباکوور ئەندامی وەردەگرت، ڕادەی باکووری وی سنووری نادیترێت، کە کوردستانی سوننە مەزەبی ئێران لە کوردستانی شێعە مەزەبێ ئێرانی ئەم ولاتە جیا دەکاتەوە.
سازمانێکی ئەوها زۆروو کەم، دەتوانین بدۆزینەوە کە بەڕادەی ئەو دوو حیزبی هیواو کۆمەڵە پێکەوە تەوفیریان لەگەڵ یەکدی هەبێت.
(هیوا) پێکهاتوو لەڕووناکبیرانی شاری، بە بیروو بۆچوونی مارکسیستی، لەحالێکدا، کۆمەڵە، بە زوربەی لە ماقوول وگەورەپیاوان، وبەشێکی زۆر لە سەرۆکانی عەشایر، پێکهاتبوو کە گەلێک میانەڕەو بوون، لایانی فکری تایبەتیان نەبوو.
خوا بتەوێ یان نەتەوێ، (هیوا) و(کۆمەڵە) لەبنەڕەتدا بنکەیەک، ببن یان نا،سروشتی بوو کەئەم دوو لقە لە بزووینەوەی نەتەوەیی کورد، بەڕێگایەکی تایبەت بەخۆیانەوە، گوچ بگرن، وەسەرپێ کەون.
لەکۆتایی ساڵی 1944 لەکۆردستانی ئێراق و ئێران وەزیەتێکی تەقریبەن جیاواز وتایبەتی لە گۆڕێدا بوو: مەهاباد کەخەڵکەکەی بەهێرش بردن بۆ سەر شارەوانی لە 1943 حەوت پۆلیسی تورکیان کووشتبوو ، وئەوانی دیکەیان ڕاونابوو، وئاخرین شوێنەواری دەسەلاتی حکوومەتی ناوەندیان تەفرو تونا کردبوو، وناوچەی بارزان، ئەو جێگەییەی کە مەلامستەفا بارزانی، لە نێزیکەوە چاوەدێری لە سەر پێگەکانی پێشەوەی ئەرتەشی ئێراق بوو... لەسەریەک ئەمە دوو بنکەی گچکەبوون کەلە واندا نەتەوەخوازانی کورد، تەقریبەن بە ئازادیەکی تەواو شێوازی جۆراوجۆری خودمووختاری یان... سەربەخۆیان دەجەڕباند.
ئەوکات هیچ کام لەو دووە داوای داشکانی بەسەر ئەویدیدا نەبوو، ونوێنەری گشتی ناوچەکانی جوغرافیایی و ڕووداوەکانی سیاسی کوردستان، دەهاتن و، ئەم ئازموونانەی کە سەریاندەگرت دەدیتن وپیشنیاری خۆیان دەدانێ!
لەم سەردەمە، یانی لەئۆکتۆبری 1944 دایە کە قازی محەمەد، دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی ژ-ک، دوو ساڵ لە بنیاتنانی ئەم حیزبە تێدەپەڕێ، بەلام هەڵسووڕێنەرانی وی بەتایبەت ئەندامانی

کۆمیتەتەی ناوەندی وی نەیانتوانی بوو، خۆیان قایل بەمە، بکەن کە بۆ ئەندامەتی لێی بگێڕنەوە- کەسایەتی بەرچاوی قازی محەمەد، لە مەهاباد،و مەترسی، لەسەرەڕۆیی، ببوو لەمپەری ئەم شۆڵە، سەیرئەمەیە، قازی محەمەد چ کات بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە هەڵنەبژێردرا، بەڵام پێشبینی مەترسی بنیات نەرانی کۆمەڵە لەم بارەوە وەڕاست گەڕا، کە قازی محەمەد خیرا بە سەربنکەی کۆمەڵەدا زاڵ بوو، و ئەوی جۆرێک هەڵدەسووراند دەتگوت کە بەرپرسیەتی!

لە سەرەتای ئۆکتۆبری 1944 قازی محەمەد چۆبوو تاران، سەرۆک وەزیرانی ئێران ئەوی لەگەڵ ماقوولانی دیکەی کورد بۆتاران(بانگێشتن) کردبوو.

قازی محەمەد لە ماوەی مانەوەی لە تاران، یەکێک لەوان لەگەڵ سەرلەشکر حەسەن ئەڕفەع بەرپرسی ستادی ئەڕتەشی ئێران وتو وێژی کرد.

بەوتەی سەرلەشکر ئەڕفەع، سەدری قازی، برای قازی محەمەد، کە ئەندامی پاڕڵەمانی ئێران بوو، وسەیفی قازی کورەمامی ئەو کە خۆیان بە ناتوندڕەو (ئاشتیخواز) نیشاندەدا، هیوا داربوون، کە دەوڵەتی ئیران، چۆنیەتی وەزعی تایبەتی ئەوان لە بەر چاوبگرێ ودەیانگووت: کە(حازرن بۆ خۆش بەختی خەڵکی ئێران لەگەڵ وی ئاریکاری بکەن)دەڵێ: قازی محەمەد یەکجار ڕووک بوو، ژان وکولی ڕابردووی خەڵکی کوردی، لە ناشیانە، بەڕێوەبردنی مەڵبەندەکانی کورد نشین بەدەستی کارگێڕانی خوێڕی دەدابەرباس، قسەی گەلێک پێ بوو، وهیواداربوو، کە دەوڵەت لەمە بەدوا کاربەدەستانی کورد لە ناوچە کوردنشینەکان دابنێت. سەرلەشکر ئەڕفەع، قازی محەمەدی بە پیاوێکی توندە تەبیات ویەکدەندە لەقەڵەم دەدا، بەڵام داواکانی قازی هێشتا نزم بوون، وقسە لە مەڕ خودمووختاری نەهاتبوو گۆڕ،چ بگا بەسەربەخۆیی!

## 15- بناخەدانانی حیزبی دێمووکڕاتی کوردستان

بەڵام ڕووداوەکان بە پەلەو تاڵووکە هەنگاو هەڵدێنن و بەلەز دەکەون!

لە16-ی ئەوتی 1945، لە یەکێک لە دانیشتنەکانی کۆمەڵە، قازی محەمەد، پیشنیاری کرد، ئەم بزووتنەوەیەی نهێنی بەحیزبێکی ئاشکرا لەژێر ناوی (حیزبی دێموکڕاتی کوردستان) بگۆڕدرێ، وبەتێکۆشانی ئاشکرادەست بەکاربێت.

نەخشی شووڕەویەکان لە وەدیهێنانی ئەم حیزبە نوێیە، کە بەفۆڕم وبیچمی شێوەیەکی دێمووکڕاتێک بە سیستەمی شوورەوی پێکهاتبوو، چ بوو؟ کەس نازانێ، وکەسێک لەوهەڵ ومەرجەی کەبوو بەحیزبی دێمووکڕاتی کوردستان ئاگاداریەکی وردی لە سەرنییە، هەتا مێژوو نووسانی دەمەزن و بەناوبانگی کۆماری مەهاباد، کەسایەتی وەکوو (ویلیام ئینگلین وئارچی باڵدڕۆزلت) کوڕی مێژووی بنیاتنانی حیزبی دێمووکڕاتی کوردستان، چەند حەوتوو دوایی ڕێکەوتی ناوبراو، یانی لەدوایی دووەمین سەفەری قازی محەمەد بۆ (باکۆ) لە نوامبەری 1945 دادەنێن.

شایەتانی ئەوسەردەم سەبارەت بەئاخرین ژیانی کۆمەڵە، قسە دەشارنەوە،بە تایبەت، کە حزووری باڵی ئینگلیزی لەویدا( کە کوردەکانی ئیراق، کەسایەتی وەکوو سەید عەوڵا ئالی گەیلانی وکوڕەکەی عەبدولعەزیز شەمزینی ومحەمەد سەدیق کوڕی سەیدتەها، ناسراو بەپووشۆ، نوێنەرانی وی بوون) سروشتی یە، هۆی ناکۆکی ولێک ترازانێکی گەلێک بوو!

بەهەرحاڵ، حیزبی دێموکراتی کوردستان خێرا بەرنامەی خۆی بەپێی ( داخۆیانێک) کە سەد کەسێک لە کەسایەتیەکانی کورد ئیمزایان کردبوو، ئەم داخوازایانەیان تێدا جێ کردبۆوە، بڵاو دەکاتەوە:

خودمووختاری بۆ کوردستان لە چواچێوەی وڵاتی ئێران

کەلک وەرگرتن لە زوانی کوردی بەناوی زوانی فەرمی

وەرگرتنی کاربەدەستانی لە ناوخەڵکی ناوچەدا

پەسن کردنی یاسایەکی تاقانە بۆ ملکداری وەرزێران

ئاریکاری لەگەڵ بزوتنەوەی ئازەربایجان

باشترکردنی وەزعی ئابووری و کۆمەلایەتی کوردستان بەتاییەت لە ڕێگای بەرهەم وەرگرتن لە سەرینچاوەکانی سروشتی گۆڕینی سیستەمی کشت وکاڵ، وپەڕەپێدان بەلەش ساخی وپەروەردەو فێرکردن.

ئەم بەرنامە کەلە بنەڕەتدا بەرنامەیەکی نەتەویی یە، شوێنەواری ئینقلابی پێوەدیارنییە،ئاوینەی باڵانوێنی بیچمێکی کۆمەڵایەتی حیزبی نوێیە!

16-سەفەری دووەم بۆ باکۆ (سپتامبەری 1945

قازی محەمەد، لەدوایی چوونە تەورێزو بەشداری کردن لەجەژنی دامەزراندی حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان(3ی سپتامبەری 1945) کەلەسەرڕەگی حیزبی توودە، چەقەرەی دابوو، لە سپتامبەردا لەگەڵ هێندێک کەسایەتی کورد، یەک لە وان کوڕی سەیفی قازی کوڕەمامی، و مەنافی کەریمی سەفەری دووەم بۆ باکۆ دەکەن.

ژێرخانی ئەم سەفەرە لەگەڵ سەفەری ئەوڵ بۆ هەڵسەنگان نابێت،: لەسپتامبەری 1945 شەڕی دونیاگری دووەم تازەکۆتایی پێهاتبوو، و پەیوەندی دەوڵەتە یەکگرتوەکان( موتەفەقین) لە سەردەرانەی بولێڵی دابوو، بەتاییەت لە ئێران ئاشکرابووکە یەکیەتی سۆڤێەت بەهیچ جۆرێک لە بەرئەم فکرە دانییە، کەبەپیی نێوەڕۆکی ڕەزامەندی لەگەڵ بەڵێننامەی سێ قۆڵی ساڵی 1942، کە بەتاڵکردنی هێزەکانی دەوڵەتە یەکگرتوەکان، لانی زۆری هەتا شەش مانگ لەدوایی کۆتایی پێهاتنی شەڕ کەپیش بینی دەکرد، هێزەکانی خۆی لەئێران بکێشێتەوەو بەرێتە دەر.

لە سەفەری دووەمی قازی محەمەد بۆ باکۆ، دوو دڵی ڕوون دەبێتەوە: ئەم کەڕەتە ئەم سەفەرە، نە،بەسەفەرێکی (ڕامیاری وفەرهەنگی) بەڵکوو سەردانێکی سیاسی یە، نوێنەرانی کورد هەتا وەبیرهێنانەوەکیان بەرێک وپیکی ئامادە کردوە،و لەویدا ئەوهەی کەلە یەکیەتی سۆڤێەت یان دەوێ وچاوەنواڕی دەکەن بەوردی دیاریان کردوە: پشتیوانی لەپێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد، یارمەتی کردنی ماڵی و، چەک وچۆڵ.

بەگوێرەی وتەی ویلیام ئیگڵتن، نووسەری کۆماری ساڵ 1946ی کوردستان، باقراف، لەسەرەتادا، شێوەئاخافتنەکی تەقریبەن نەرمی هێناگۆڕ، و گوتی: کوردەکان، چ دەلیلیان نیە لە دامەزراندن وبنیاتنانی وڵاتێکی سەربەخۆ(تالووکە) بکەن، بەبۆچوونی وی ڕزگاری وئازادی کوردستان پەیوەندی بە(سەرکەوتنی بەرەکانی خەڵکی یە)نەک تەنیا لەئێران بەڵکوو لەتورکیە ولەئێراق، کوردەکانی ئێران هەتا بەدەست هێنانی یەکیەتی گشتی نەتەوەی کورد، دەبێ بەوەخۆشحاڵ بن،

کەدەبن بەبەشێک لەئازەربایجانی خودمووختار- ئەمە لەڕاستیدا لەگەڵ سیاسەتێک کەباقراف پاشان گرتیەبەر یەکی دەگرتەوە.
بەڵام قازی محەمەد ونوێنەرانی دیکەی کورد، نەیاندەتوانی ئەمە قەبووڵ بکەن کە کوردستان لەژێر چاوەدێری و دەسەڵاتی تەورێز دابێت. وبەتێکڕایی دژی قسەکانی باقراف هەڵویستیان گرت. ئەم ڕەخنەیە، بەڕەواڵەت سەرکەتوو بوو، چونکە باقراف لەحاڵێکدا کەمستی کردبووگرێ ولەمیزەکەی خویدەدا، پێی گوتن: (مادام یەکیەتی سۆڤیەت وجوودی هەیە، کوردەکان سەربەخۆیی وەردەگرن!
ولەدوایی ئەم وەرچەرخانە/180 دەرەجەیە، باقراف وادەی چەک وچۆڵ و(تانگ وتۆپ وڕەشاشێ) بەناردراوانی کورد،دا، هەروا قەولی دا چەند شوێنێک لە قوتابخانەکانی نیزامی باکۆ، بۆ خوینکارانی کورد تەرخان بکات.
باقراف، هەروا ئیمکانی بەخشینی هێندێک دراوی یارمەتیەکانی ئابووری دەداتێ بەرباس،و دێنێتەگۆڕ، وبەڵێنیان پێدەدا، کەل وپەل وئامرازی چاپەمەنی بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو گوڤاروکتێبی کوردی لەژێر دەسەڵاتی ئەوان دابنێت، ئەم شۆڵە بەکردەو بەڕێوە دەچێت!
قەراربوو کەسایەتیەکانی کورد ماوەیەکی درێژ خایەن لەیەکیەتی سۆڤیەت بمێننەوە
-هەتا سەرلەتفلیس شیان لەبەرنامەدابوو- بەڵام بەهۆی ڕووداوکی چاوەڕاونەکراو سەفەرەکەیان ناتەواومایەوە: بارزانی کەباقراف ئەوی بەسیخوڕی ئینگلیستان دەزانی، خەریکی ئاوابوون بەکوردستانی ڕۆژهەڵاتی ئێران بوو! باقراف بەگویی نوێنەرانی کوردی هەڵێنا، بۆ بەجێ گەیاندنی (تێکۆشانێکی وشیارانە) بگەڕێنەوە ئێران.

## 17-ڕاگەیاندنی کۆمار22ی ژانوییەی 1946

بەڵام لەئازەربایجان ڕووداوەکان زورتر، وەلەز دەکەون، لە20ی نوامبەری 1945 جەعفەر پیشەوەری خودمووختاری ئازەربایجان ڕادەگەیەنی، لە15-ی دەسامبەری 1946 بەناوی( سەرۆکی دەوڵەتی خودمووختار) پارلەمانی ئەیالەتی دەکاتەوە: پێشتر لەقازی محەمەدی داواکردبوو، 5نوینەرلەحیزبی دێمووکرات بۆ پارڵەمان ناوبراو بنێرێ.
چەند ڕۆژ پاش، بەیانی 17ی دەسامبەری 1945 ئاپوورەی خەڵک لە مەهاباد لە دوایی ڕێ پیوان وخۆپێشاندانێک لەشەقامەکان بۆ لای عەدلیەی مەهابادکە پاشماوەی ئاخرین دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندییە، وەڕێکەوتن، وبەیداخی کوردستان کە بریتی لەسێ نواری کەسک وسپی وسوور بە وێنەی خۆر بەڕەنگی زەرد، ولەدەوریدا دوو گوڵەگەنم دیتە بەرچاو، لەسەربانی عیمارەتی حکوومەتی مەهاباد وشنۆو نەغدە هەڵدەدرێ. بەڵام لەڕاستیدا پردەکانی پەیوەندی پشت سەرلەگەڵ تاران هێشتا هەڵنەوەشابوون، و قازی محەمەد لەو وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژ نامەی شاهباز( چاپەمەنی تاران) بە ئامازە بە بەرنامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەڵێ: حیزبی دێموکڕات کموونیست نییە، بەڵام لە بەدەنەی نیزامی یەکیەتی سۆڤیەت (ئەو دێموکڕاسی ڕاستەقینە وسازماندەیی دەبێنێ کە ئەو بەتاسەی بنیاتنانیەتی) قازی جگەلە وەدرۆخستنەوەی پەیوەندی نێوان کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، لە سەرئاقیدەو متمانەی خۆی بەقانوون ئەساسی ئێران، پێدادەگرێ، وڕادەگەیێنێ: کە(شوورای بەرز) کە ناوچەی مەهاباد بەڕیوەدەبات لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لە پەیوەندی دایە... لەکۆتاییدا دەڵێ: خائینەکان بۆ دێزە بەدەرخۆنەکردنی پیلانەکانیانی چەپەڵ وگڵاوی خۆیان وبەنیەتی لەناوبردن وکوێر

کردنەوەی ئێمە لە ڕێگای زورەملی، ئەم دەنگۆیە پەرەپێدەدەن کە کوردستان، داوای سەربەخۆیی دەکات، ودەوڵەت ئەوهێندە ئازەربایجان و کوردستان دەداتە بەر تۆمەتی جیاخوازی کەلە ئاکامدا ...!

لە کۆتایی دەسامبەری 1945 قازی محەمەد، بەهۆی عەبدولڕحمان زەبیحی لە گەڵ کۆنسۆلی بریتانیا، لەتەورێز پەیوەندی گرت، ئامانج لەو پەیوەندیە، نەزەر وەرگرتن لەوەی لەمەڕ، ڕاچاندنی ڕابیتەی فەرمی دەوڵەتی بریتانیا لەگەڵ کوردستان، دوایی ڕاگەیاندنی خودموختاری بوو، بەڵام ئینگلیزیەکان دیسان ساردو سڕی لەخۆیان نیشان دەدەن، وڵامی کۆنسۆل ناڕوون مژاوییە.

ڕوون نیە کەقازی محەمەد، لەلایان شووڕەویەکانیش متمانە ودڵنیایەکی پڕ بەپێست و قانع تری وەرگربێت. بەڵام لەدوایی ئاخرین ئاخافتنەکانی کەلە تەورێز لەگەڵ شوورەویەکانی هێنادی، بڕیاری گرت( خودموختاری کۆماری کوردستان ) ڕاگەیێنێت. ولە22ی ژانوییەی 1946لەجەرەیانی کۆبوونەوەیەکدا، کەلە مەیدانی چواچرای مەهاباد بەحزووری مەلا مستەفا بارزانی کەلە ڕێزی پشت سەری قازی محەمەد ڕاوەستابوو، بەڕیوەچوو، خودموختاری کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند!

چەند ڕۆژ دوایی ڕۆژنامەی کوردستان(ژمارە11ی فۆرییەی 1945) ناوی وەزیرەکانی (دەوڵەتی کوردستانی) بەم جۆرە بڵاوکردەوە:

1-سەرۆک وەزیران: حاجی باباشێخ
2-بەرگری: سەیفی قازی
3-پەروەردەو فێرکردن: مەناف کەریمی
4-ناوەخۆ: محەمەدەمین مووعینی(تاجر)
5-لەش ساخی محەمەد ئەیوبیان(دەرمانفرۆش)
6-ڕاوێژکەر: عەبدولڕەحمان ئێلخانی زادە(ملکدار)
7-ڕێگاوبان: سمایل ئێلخانی زادە(مڵکدار)
8-ئابووری : ئەحمەد ئیلاهی
9-پۆست وتێلگراف: کەریم ئەحمەدی
10-بازرگانی: مستەفاداودی(تاجر)
11-عەدلیە:(داد) مەلاحوسین مەجدی
12-کشت وکاڵ: مەحموود والی زادە(بازرگان)
13-پروپاگەندە: سەدیق حەیدەری

لەم دەوڵەتەدا، زوربەی ئەندامانی بازرگان وئاغاوەت پێکدێنن و_خاوەن سامانن مقام و شوغلی باشتریان دراوەتێ!

## 18-ئەڕتەشی مەهابادو(بارزانیەکان)

قازی محەمەد کەبەکزوو لاوازی(کۆماری) بچکۆلانەی خۆی ئاگادار ببوو، خێرا وزەو تەوانایی خۆی بۆ سەروسامان بەپارێزگاری لەوێ وەگڕ خست. شێخ ئەحمەد، ماوەیەک پاش هاتنی بۆکوردستانی ئێران لەگەڵ/600چەکدار لە دەوروپشتی نەغەدە نشتەجێ بوو، وهەتا کۆتایی کۆماری مەهاباد هەرلەوێ مایەوە، وکیژی یەکێک لەسەرۆکانی عەشایری قەرەپاپاخ(کەکوردنین بەڵام جل وبەرگی

کوردی لەبەردەکەن) مارەکردوخۆی تووشی ژیانی سیاسی کۆمارنەکرد. مەلامستەفا بارزانی کەلە مەهاباد نشتەجێ ببوو چەکدارەکانی خۆی -کەبەگوێرەی هێندێک تەخمین لە نێوان 1200هەتا2000پیاوی شەڕکەر بوون-لەژێر دەسەڵاتی کۆمار دانا، وبۆخۆی یەکێک لەچوار ژەنەڕاڵەکانی کۆماری مەهاباد بوو(مارسی 1946).

تێبینی:
(شێخ ئەحمەد بارزانی، کیژی هیچ کام لەعەشایری قەرەپاپاخی سلدوزی(نەغەدە)ی نەهیناوە، ئەمە بنەماڵەی ئەمیرتومانی چیانەی قەرەپاپاق بوون کە خزماتیان لەگەڵ بنەماڵەی سید تەهای شەمزینان کرد.(وەرگێڕ)

بەڵام قازی محەمەد کە نەیدەویست بە یەکچەلی خۆی بەنیەت پاکی بارزانی یان وابەستە بە عەشایرناوچەیی بکات، ئەرتەشی مەهاباد یانی یەکەمین هێزی تەکۆزو رێکوپێکی لە مێژووی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، پێکهێنا. ژمارەی نەفەراتی ئەم ئەرتەشە خێرا بە1200قازاخ و40 دەرجەدارو 70ئەفسەر گەیی، کەلەشاری مەهابادو قەراخ قوجاخ، بۆ خزمەت وەرگیرابوون.
بەڵام لە سەرئەوهەموو وادەو بەڵێنانەی کە باقراف لەسپتامبەری 1945، لەباکۆ بەقازی محەمەدی دابوو، یارمەتی نیزامی شووڕەوی هەرەکەم بوو: ئەم یارمەتیە لەسەریەک بریتی بوولە: /10000تفەنگ ودەمانچە ورەشاش، دەستکردی چەکوسلەواکی، کە نزیکەی 20 لۆریەبوو.
هەروا لەمارسی 1945، شوورەویەکان سەروان سەلاح ئەدین کازم ئۆف یان ناردە مەهاباد، ئەم مرۆڤە لەلای کوردەکان، بە(کاک ئاغا) دەناسرا، ولەئەرتەشی کوردستان دەرەجەی سەرهەنگی پێدرابوو، لەگەڵ ئەفسەرانی کورد، کە لەگەڵ بارزانی هاتبوونە ئێران، بەرپرسی فێرکردن وراهێنانی ئەم ئەرتەشەی ساوا بوو، بە پێچەوانەی داواکانی پەیتا، پەیتای قازی محەمەد، سەرجەمی ئاریکاری ویارمەتیەکانی یەکیەتی سۆڤیەت هەرئەو هێندەبوو، وبەپیچەوانەی دەنگ و باس و پروپاگەندەی گەورە کە چاپەمەنیەکانی ڕۆژ ئاوا دائیم ودەرهەم دەمیان تێوەردەدا وبڵاویان دەکردەوە، لە تۆپ وتانگ ودەبابەکانی (وادەدراو)ی شووڕەوی چ خەبەر وسەرو شوێنێک نەبوو.

## 19-پشێویی وناکۆکی ئازەربایجان وکوردستان

سەیر، ئەوەیە، نەک تاران بەڵکوو ئەمە تەورێزە، کە ئەوڵین ئاڵۆزی لەمەهاباد دێنێتە دی.
هێندە پێ ناچی کە5 نوێنەری کوردلە(ئەنجومەنی ئایالاتی) تەورێز، بەبیانویەک، لەگەڕانەوە بۆ تەورێز،جواب جەنگی دەکەن، بەم جۆرە تێیان دەگەێنن کەمەهاباد لەژێر حوکم و دەسەإتی 0تەورێز) دانیە.
لەفۆرییەی 1945، جەعفەر پێشەوەری، قازی محەمەد بۆ تەورێز بانگهێشتن دەکات، هەتا مەسەلەکەی بۆ شی کاتەوە، کەبۆچ لەحاڵێکدا کەئازەربایجان خودموختاری ڕاگەیاندوە، ئەو دەوڵەتێکی سەربەخۆی پێکهێناوە.
قازی محەمەد، بەپێشەوەری دەڵێ: کەبەرلە هەنگاو هەڵێنان بەم کارە، لەم بارەوە لەگەڵ(یرماکف) یەکێک لەئەفسەرانی سیاسی شووڕەوی دانیشتووی تەورێز، وتووێژی کردوە، ئەو هەتا بۆخۆی لە دوورەوە لەپێکهێنانی جەژنی ڕاگەیاندنی کۆمار، دا بەشداری کردوە.

بەڵام تێکهەڵچوونی نیوان دوو حکوومەت شتێکی سروشتی بوو، چونکە هەریەک لەو دووانە، داوای وڵاتی خۆیان دەکرد.
دانیشتووی گوندەکانی کوردستانی ئێران، وەکوو کوردستانی ئێراق وتورکیە، زۆرو کەم یەکدەست بوو، بەڵام لەناوەندی شارەکان وەزعەکە جۆرەکی تر بوو، پاشاکانی ئێران بەهۆی دەلیلی سیاسی وکۆمەڵایەتی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ شوین تێکردنی کوردەکانی سوننە مەزەب، کە وەفادار بەپاڵپشتی ئوسمانی بوون،جەماوەری کوردی شێعە مەزەبیان هەمێشە بێ نێوەبڕ، بەهێز دەکردن- ئەوها کە بەشێکی زۆر گەورە لە دانیشتوانی شارەکانی خۆی بە/35000گەلهە، وشاپوور(سەڵماس) بە /1200 (میاندواوب) بە/8000 ورمێ(ڕزائیە) بە/55000دانیشتووی ناکورد، بەتایبەت ئازەربایجانیەکان(یانی شێعەکانی تورک زوان) پێکدینا، جگە لە جەماوەری مەسیحی وجوولەکە، بۆ نموونە هەرلەشاری ورمێ، کوردەکان بەئاشکرا، کەمایەتی دابوون، ولە گەڕەکێک لەشار، دژیان وسەرژمێریان بەزۆری لەسەر ئەژمێری جولەکەکانی شار تێپەڕدەکرد.
لە بەر ئەمە، دەوڵەتی جەعفەرپێشەوەری، داوای وەر گرتنەوەی شارەکان وزەویەکانی پرپیتی، دەورو پشتی ئەوانی دەکرد، جیا لە لێواری کێوەکانی هەڵکەوتوو بەدرێژایی سنوورەکانی تورکیەو ئێراق وناوچەکانی هاوسێی نزیک مەهابادو، مەڵبەندەکانی بە دەڤەری کوردستان نەدەزانی. بەپێچەوانە کوردەکان لەسەرئەمە پێداگربوون کە تەواوی سەرزەمینەکان بەرزایی ونزمایی هەموو پانەگۆڕایەکان وشارەکانی هەڵکەوتوو لەڕۆژئاوای گۆلی ورمێ (رزائیە)- ئازەربایجانی ڕۆژئاوا- بەشێک لەخاکی کوردستانن. ورمێ(ڕزائیە) کە نوێنەرێکی بەناوی غەنی خوسرەوی لەکۆماری مەهاباد، داهەبوو چ کاتێک نەبوو بەخاکی کوردستان.

تێبینی:
((دانیشتوانی ورمێ(ڕزائیە) بریتی لەکوردو تورک نیوە بەنیوەن، گەڕەکەکانی کەمەربەندی، بەگشتی شەهرەک، تەرزەلو، ئابیاری،ناچەکانی بەند، گردەجوو، خڕوپتوون کوردن، و لە بەشەکانی دیکەی ناوشار تیکەڵن، جگە لە مەسیحی وئاسۆڕی ئەرمەنی هەروا دەورو پشتی ورمێ کەبریتی لە/450 گوندە لە سەریەک /400گوند بەتەواوی لە دانیشتووی کورد پێک دێن وتاکە تورکەکی تێدانشتەجێ نیە، لە50 گوندەکەی دیکەش بەشی زۆری ئاسۆڕی وئەرمەنی و تورکی سوننە مەزەبن، لە دەنگدانیش دا هەمێشە زوربەی دەنگەکانی ئی کوردەکان بووە، بەڵام حکوومەتی پادشاکان چەندە دژی کوردبوونە، حکوومەتی کۆماری ئیسلامی سەد هێندە دوژمنی کوردە، وحەسەنی بەئاشکرا لەوەرگرتنی نوێنەری کوردەکان بۆ پاڕلەمان بەرگری کردوە،
بەڵام تورکی ورمێ بەگشتی دۆست وبرای کوردن وخەڵکەکی ئێکجار ڕۆشنبیری پێشکەوتووخوازی تێدایە، (وەرگێڕ،زەرزا)

ئەمما لە مەڕئابووری وسیاسی وەزەیەتی شاری ورمێ (ڕزائیە) سەرنج ڕاکێش بوو: لەناولاوەکانی کورد کە پێشترلە(بنکەی لاوان) حیزبی توودە تێکۆشانیان هەبوو، پاشان ببوون بەبەشێک لە (بنکەی لاوانی دێموکڕاتی ئازەربایجان) وئەوانەی کە نەتەوەخوازتر، لەوانی دیکە بوون بە(بنکەی لاوانی دێمووکڕاتی کوردستان) لکان، ئەم مەسەلە لەڕاستایی حیزبیشدا ڕویدابوو، بەم جۆرە لەم شارەدا دوو بنکەی لاوان ودوو حیزبی دێمووکڕاتی لێبوو.
وێککەوتن وهەڵچەرخینەوەی لەنێوان سازمانەکان ئیمکانی زۆر بوو. دەجا کوردەکان وتورکی ڕزائیە بۆ کردنەوەی ئەم گرێ پوچکەیە، دەچوونە لای شووڕاکان، لە جەرەیانی چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (هاشم ئۆف) کۆنسوڵی شوورەوی، ژەنەڕاڵ زێڕۆ بەهادوڕی، یەکێک لەسەرۆکانی

عەشیرەتی هەرکی بەشێوەیەکی تایبەت بەخۆی، پێی سەلماندن کە(بیانیەکانی) ورمێ(ڕزائیە)-یای تورەکەکان- بچووکترین مافیان بەم شارەی کوردی وەنیە، ئەو کورسییەکەی، خۆی هەڵگرت وئەوی لە نێوەڕاستی هۆدەکە داناو، کە جەلەسە لەویدا پێکهاتبوو، و لە سەری دانیشت، وپاشان لە کۆنسۆلی شووڕەوی پرسیاری کرد: (ئەم هۆدەیە هی منە) ... ئاخۆ دەتوانم بێم ولەنێوەڕاستی وی دانیشم وبڵێم ئەم هودەیە ماڵی منە)...!دەجاکە وایە دەدینین کە نابێت، کارەکی لەکردن نەهاتووە)!

بەپێچەوانەی چاوەنواری ماقولان وگەورەپیاوانی ئازەری(تورک) دانشتتووی ورمێ،پێیان خۆش نەبوو بە(کوماری) ئازەربایجان (تەورێز) پەیوەندیان هەبێت: ئەم کەسایەتیانە کەلە هەڵبەزینەوەی (پێشکەوتووخوازی) ڕێبەرانی تەورێز، کەوتبوونە مەترسی، وبەپیچەوانە حەزیاندەکرد وابەستە بەمەهابادبن، کەمام ناوەندی ڕێبەرانی دڵنیایی بەوان دەدا، ئەو داوایەیان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ قازی محەمەد کە بۆ سەردانی پێشەوەری دەچوو، لەگەڵ وی هێناگۆڕێ وبوخچەی دڵیان بۆکردەوە، بەڵام قازی محەمەد بەداوای لێبووردن کە(ددانی دێشێ) بێ دەنگی ڕەچاوکرد.

ئەم گیرو گرفتەی ورمێ نزیک بوو مەسەلەیەکی وەکوو مەسەلەی کەرکووکی لێ بکەوێتەوە، لەکوردستانی باشووری ئیراق، 25ساڵ دوایی مەسەلەیەکی ئەوها، هاتە پێش، کە هێشتاش، هەروا بەگرێ پوچکە ماوەتەوە، لەڕاستیدا یەکێک لەهۆی نێوان ناخۆشی وبولێڵی پەیوەندی ژەنەڕاڵ بارزانی ودەوڵەتی بەغدا لە دوایی ئیمزای بەڵێننامەی 1970 هەرئەم مەسەلە بوو.

لەپاش مرخێش مرخێشێکی زۆر لەپەیوەندی سەبارەت بەم مەوزوعە قەوما، هەتا وای لێهات، کە بۆ دامرکانی ئاژاوەو پێکهەڵا چوون کەلە نێو کوردەکان وئازەریەکان سەری هەڵدابوو، قازی محەمەد، ناچاربوو، بۆخۆی بۆ ڕاگرتنی ئاسایش و ئەهوەن بوونەوە، بچێتە (مياندواو). شووڕەویەکان دوو دەوڵەتی کوردستان وئازەربایجانیان، بەدانیشتن لەگەڵ یەک وئاخافتن پێکهێنا، ئەم دوو دەوڵەتە، لە ئاوریلی 1946، بەبەڵێننامەیەکی دۆستایەتی ویەکیەتی بیست ساڵەیان پێکەوە ئیمزا کرد، ئەم پەیمانە بریتی لەم چەند خاڵانەبووم:

1- گۆڕینەوەی نوێنەرانی دیپلۆماتی لەنیوان دوو وڵات

2-دانانی کاربەدەستانی کورد لەوناوچانەی لەئازەربایجاندا کە زۆرایەتی جەماوەر، بەدەست کوردەکانە، وهەروا دانانی کاربەدەستانی ئازەری لەوناوچانەی لەکوردستان کەلەوانەیە، زۆرایەتی جەماوەری بەدەست ئازەریەکان دابێت.

3-گرێدانی بەڵێننامەی دوو قۆڵی بازرگانی

4-یارمەتی لەبەرامبەر یارمەتی نیزامی لەکاتی پێویست

5- هەرجۆرە وتوێژو دانیشتن لەگەڵ دەوڵەتی ئێران دەبێ بەپەسند کردنی دەوڵەتی دیکەی هاوپەیمان بێت.

6-داکۆکی بەرامبەر لەمافی فەرهەنگی وزوانی نەتەوەکانی دیکە کە لە خاکی دوو دەوڵەتی ئیمزا کراودا دەژین.

7-هاوکاری نێوان دوو دەوڵەتی ئیمزاکردووی هاوپەیمان لەسەرکوتکردنی پیلانەکان،کە دژی یەکێک لەم دوو دەوڵەتە، داڕێژراوە.

دژکردەوەکان خێرا دیاریاندا

لە، لەندەن دەوڵەتی بریتانیا، ڕایگەیاند کە ئەو ئەم بەڵێننامەیە کەلەنیوان، دوو لایەن بەستراوە، بە فەرمی نازانێ وبێ بایەخیان دادەنێت.
تاران، تووشی سەرەگێژە وسەرسوڕمان بووە- ئەم دژکردەوەیە، لەلایان دەوڵەتێک کەلەنەکاو، دەدێنێ دوو ولایەتی وی وەکوو، دوو وڵاتی سەربەخۆ، ڕەفتار دەکەن دژکردەوەیەکی سروشتییە.
پاشان دەوڵەتی تاران وتوێژێک لەگەڵ جەعفەر پیشەوەری کە بە سەرۆکایەتی لێژنەیەکی گرنگ دێتەتاران، دەست پێدەکات. دوو نوێنەری خاوەن دەسەڵاتی کوردیش لەگەڵ ئەم لێژنە دان. لەم دانیشتنە دا سەرۆکایەتی لێژنەی ناوەندی بەشازادە مزەفەر فیروز، جێگری سەرۆک وەزیرانە) زورزوو، لەسەرمەسەلەی نیزامی تووشی دەمەتەقە دەبن، ولە 13ی مەی 1946 وت وێژ هەڵدەپەسێردرێ، پێشەوەری، قەوامووسەلتەنە سەرۆک وەزیرانی ئێران، بەئەمە، تۆمەت لێدەدا، کە دەیەوێ، ڕێژێمی ئازەربایجان بەبێ قەول وبڕیە، (شەرت وشڕوت) خۆی بەدەستەوەبدا، بەڵام دوولایان لە قەتیانی وتوێژ، دوورەپەرێزن!
مانگێک دوایی لە12ی ژوئیەی 1946،شازادە مزەفەرفیرووز، لەگەڵ جێگری وەزارەتی بەرگری، ژەنەڕاڵ هیدایەت وژەنەڕاڵ محەمەد عەلی موقەدەم، دەچنە تەورێز، لە15ی ژوئین موافیقەت نامەیەک گرێدەدرێ. جەعفەر پێشەوەری بەپەسند کردنی مانەوەی ئازەربایجان لە چوارچێوەی ئێراندا، قبوول دەکات کە دەوڵەتی ناوەندی، پارێزگاری ئازەربایجان کەلەناوڕیبەرانی حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان، هەڵدەبژێردرێ، دیاری بکات: دکتۆر سەلام اللە جاوید( وەزیری پێشووی ناوەخۆ) لە دەوڵەتی دێمووکرات، دەکرێتە والی تەورێز. بەم جۆرە کرینەوەی ئابڕو بۆتاران مسوەگەردەبێت...و وەزیرەکانی پێشوو بە،بەرپرسی گشتی(مدیرکل) دەگۆڕدرێن. بەڵام ئەم ڕێککەوتنە، شتێک لەم ڕاستییەی کە لە ئازەربایجان لەبەر چاوە ناگۆڕێ، ونابێتە هۆی ڕەزامەندی فەرماندەرانی نیزامی ئەرتەشی ئێران. بۆ ڕێبەرانی مەهاباد ناحەزترین ڕووداو، قەومابوو: ڕێبەرانی تەورێز وتاران بێ پرس وڕا بە وان و بێ سیلە چاوێک لە(کۆماری) مەهاباد، ڕێککەوتبوون، و دکتۆرجاوید، سەیفی قازی بەقایمەقایمی مەهاباد دیاری کردبوو! و قازی محەمەد لە پۆستی سەرکۆماری، بەرێبەریکی ڕەشۆکی حیزب، یانی حیزبی دێموکراتی کوردستان) گۆڕدرابوو. کوردەکان لەبە ڕەواڵەت مل کەچی ئەو تێکەولێکە نەبوون، ئەوهایان خۆنیشان دەدا، دەتگوت چ شت ڕووینەداوە، بەڵام بولێڵ یەکی تەواولەگۆڕێدا بوو.

## 20-ئاگربەس(مە-سپتامبەری 1946

لە24ی ئاوریلی 1946 بارزانیەکان ستوونەکی ئەرتەشی بریتی لە/800قازاخ لە(قاراوا) هەڵکەوتوو لەچەند کیلۆمێتری باشووری سەقز، بەناخافڵ دەدەنە بەرهەڵمەت، وتەلەفاتێکی زۆری گیانیان لێدەدەن، 21کەسیان لێ دەکووژن، 17کەسیان لێ بریندار دەکەن و/40کەسیان لێ بەدیل دەگرن.
لە دوایی ئەم سەرکەوتنە، کەنسیبی کوردەکان بوو، ژەنەڕاڵ ڕەزم ئارا،موفەتیشی گشتی ئەرتەشی ئێران، وتوێژێکی لە(سەقز) لەگەڵ لێژنەی تێکەڵاو لە کوردەکان و ئازەربایجانیەکان، دەستی پێکرد.
لە3ی مەی ژەنەڕاڵ رەزم ئارا،لەگەڵ کوردەکان وئازەربایجانیەکان قەراری ئاگربەسی ئیمزاکرد، کە بەهۆی ئەوە، کوردەکان بۆ چەند کیلۆمێتری باشووری شۆسەی سەقز- سەردەشت، پاشەکشەیان کرد.

هێندێک پاش چۆلکردنی خاکی ئێران لەلایان هێزەکانی شوورەوی لە10ی مەی 1946، بوو بەهۆی ڕەوینەوەی پزوەکانی ئاسایش، ولەڕاستیدا لەجیگەی ئیمزای حوکمی جوانەمەرگ بوونی کۆماری مەهاباد بوو. ودوایی ئەمە(قەراری ئاگربەسی ناوچەیی) دەورانیک هێور بوونەوە، لەکوردستان هاتەدی، کە هەتا سپتامبەری 1946 بەردەوام بوو.
لەدوایی ئاگربەسی، مانگی مەی، چەندکەسی بیانی، کە بریتی لەچەند نەفەر ئامریکایی وفڕانسەویەک بوون، چوونە مەهاباد، کە سەرجەمیان بە شێوەیەکی لەبارکەوتنە ژێر کارتێکردنی کەسایەتی و لێهاتوویی یەک ڕەگەی قازی محەمەد، وتێگەشتن کە لەبەرچی کوردستان بۆتە چاوگەی تیشکهاوێژی نەتەوەخوازی کورد.

21- سەرکۆمار قازی محەمەد

قازی محەمەد کەلەساڵی 1900 لەدایک ببوو، ئێستاکە 46ساڵە بوو، و بەپشت بەستن بەڕابردووی بنەماڵەکەی، وهۆش ومێشک تیژی وبڕشتی خۆی و بەرفروانی هزری، بەسەردنیای بچکۆلانەی مەهاباد وکوردستان و دەورو پشتی ویدا، بەباشی زاڵ بوو.
جگە لەزوانەکانی کوردی، فارسی، عارەبی، ونەختۆڵەیەکیش بەئینگلیزی دەئاخافت، بەڵام ئینگلیزی باش تێدەگەیی، و خویندنەوەی زوانەکانی ئاڵمانی وفڕانسەوی، هێندێک ڕووسی لەلای خۆی فێرببوو(خۆی پەروەردەکردبوو) کتێبخانەکەی ماڵی، تەژی لە شوێنەواری ئەدەبی ومیژوویی کتێب ئەبەم زوانانە بوو...ئەوهەتا هێندێک نومایشنامەی مێژوویی ونشتیمانی نووسی بوو، یەکێک لەوان(چێرۆکی ناودێر بەسەلاح ئەدین، کەلەویدا شەڕی خەڵکی کورد دژی بە خۆ بەختکەرانی خاج پەرست دەگێڕێتەوە، وهەروا نومایشنامەیەک بەناوی (دایکی نیشتمان) کە چارەنووسی نەتەوەی کورد، لەدوایی پەیمانی سێ قۆڵی سەعئاباد، لەنێوان ئێراق، ئێران، تورکیە، لە1937) وێنە دەکێشێ. ئەم دوو نمایشنامەیە، لە مەهاباد، ئەکتەرەکانی کورد هێنایانە سەردەحنە! قازی محەمەد  کە مرۆڤێکی هەرە دیندارو سادەو بێ فیزو تەکەبوربوو، جغارەی نەدەکێشا، شەڕابی نەدەنۆشی، هیچ شتێک باشتر لە وێنە بە ناوبانگەکەی، کە ئەوی لە پشت میزەی شۆڵەکەی، کە،لەدیوارەی پشت سەری کە خەریتەی جوغرافیای دنیای لێ هەڵاوەسرابوو، نیشان نادات: ئەم پیاوە تەقریبەن داڵ گۆشتە، بەڕوخسارەک، کە بە هۆی کارتێکردنی نەخۆشیەکی کۆنی دڵ، زەرد هەڵگەڕابوو، بە بێچمەکی خواناسانە، کە چۆنیەتی جەستەی وی بەهۆی کورتی مووی سەر، ڕدێنی تۆپڵ، دووپات ببوو، شتێک کە لە چاوپێکەوتن لە یەکەمین جار، دەبینەردا شوین دادەنا،ئەو بلێسەی دوو چاوی وردبینی وییە! ...بێ گومان قازی محەمەد ( مرۆڤێک بوو بەبیروو باوەڕی قوڵ و، بوێرەکی کەم وێنە، حازر بەخۆبەخت کردن، لەپێناو گەلەکەی، ئەمما ئەم تایبەتمەندیانەی بەرفرەوانی هزری هەتا ڕادەیەک، هاووەزن دەکرد. هەموو ئەوکەسانەی کە چاویان پێ کەوتووە، هەتا ئەوانەی کە پێیان خۆشبوو، کەلەمەڕ شوێن تێکردنی شوورەویەکان لە سەرکۆماری مەهاباد، شت قەبەکەنەوە، و درۆو دەڵەسە هەڵبەستن، لە سەر ئەم ڕاستییە یەک دەنگ وپەنجە ڕادێرن، کە قازی محەمەد، نەتەخوازێکی بەبڕشت وئاشتی هەڵنەگرتوو بوو، (ئەو لەحاڵێکدا، کەداکۆکی شوورەویەکانی قبووڵ کردبوو، هەر وا نەتەوەخوازێکی فەساد شوێن تێ نەکەر، مایەوە، وبەم شێوازە تەقریبەن هەموو هاو وڵاتیانی کوردستانی ئێران، جگە لەچەند کەس بەدوای خویدا دەکێشا.

قازی محەمەد بەپێچەوانەی تاسەکانی ئامالّ(پان کوردی) خۆی( کەبەئاشکرا، دەیەویست مەهاباد بە زەرەری سولەیمانیە ودمشق، بکاتە ناوەندی بزوتنەوەی کورد)هەروەک بۆخۆی لەیەکی ژوئیەی 1946، لەوت وێژێکی دورو درێژ، لەگەڵ هاواڵدەری فڕانسە (فڕانسپرس) ڕوونی کردەوە کە داواکانی تەقریبەن مام ناوەندی بوو. (ئەگەر فەرمان بدەم 3-هەتا4-ڕۆژ نزیکەی 4000جەنگاوەر کە لە ژێر ئیختیارم دایە. هەڵبەتە جگە لەهێزی بەرگری- واردی کەرمانشا،یانی گرنگترین شاری کوردنشین وناوەندی بنیاتنانی نەوت، دەکەم بەلام ئەمن بۆ بەرگری لەخوین رێژی،نێوان برایان لە چ هەوڵ وتەقەلایەک، دەست ناکێشمەوە، وکوردەکان چ وەخت لەم کردەوەدا پێش هەنگاو نابن)

لە وەلام بە هاواڵدەری ئاژانس، فرانس پرس(هاواڵدەری فەڕانسە) کەلە وی داواکرد وەزیەتی ئێستاکەی کوردستان لە بەرامبەر دەوڵەتی ناوەندی شێ کاتەوە، قازی محەمەد سێ خاڵی دەستنیشان کرد:

1-ئەگەر بێتوو حکوومەتی ناوەندی بیهەوێ بەڕاستی قوانین ویاساکانی دێموکراتتیک لە تەواوی ولات سەقامگیروبەڕیوە بەرێت یاسای هەنۆکەی لەکوردستان،یانی فیرکردن بەزوانی کوردی وخودموختاری دەم ودەزگانی ڕێوەبەری وئەرتەشی ناوچەیی، بەفەرمی بناسێت، کوردەکان ڕازی دەبن. ئێمە بە ڕێگا چارەیەکی ئەوهاا، خۆشحاڵ دەبین وحازرین لەگەڵ دەوڵەتی تاران پەیوەندی ئاسایی دەست پێ بکەین.

2-دەوڵەتی ناوەندی لەحاڵی حازردا توانای بەڕیوە بردنی ئەم یاسایانەی نییە!

3-ئێمە داخوازی ئەوەین، کە ڕفڕاندۆم بۆ هەڵبژاردنی پارڵەمان هەرچی خێرا دەست بەکاربکات، بەم مەرجە کە بە ئازادی وسەربەستییەکی تەواو بێ تەوژمی ئەرتەشی ئێران بەڕیوەبچێت!

لەوەڕامی ئەم پرسیار(ئاخۆ لەمە خۆف ناکات، ئەم پێک هەلاچوونی نێوان دەوڵەتی ناوەندی وکوردستان، دەست تێوەردانی بیانی بەدوادابێت؟) قازی محەمەد دەڵێ: وەزیەتی کوردستان لەگەڵ وەزعی ئازەربایجان تەوفیری هەیە، وەک یەک نین. ولاتی ئێمە چ کات لەلایان هێزەکانی شوورەوی داگیرنەکرا، ولەسەردەمی وازهێنانی ڕەزاپەهلەوی لە سەلتەنەت بەم لاوە، ژاندارمەری وئەرتەش لە کوردستان نەبووە، لەوکاتەوە هەتا ئێستا ئێمە بە کردەوە سەربەخۆ بووینە. (ئێمە کاتێک دەست تێوەردانی بیانی لە هەر لایەک کەببێ، قەبووڵ ناکەین، مەسەلەی کوردستان لەسەر یەک شتێکی ناوەخۆیە وپەیوەندی بەدەرەوەوە نییە، وپێویستە لە نێوان کوردەکان ودەوڵەتی ناوەندی جێ بەجێ بکرێت.)

قازی محەمەد، لەم وت ویژەدا دێنێتەوەبیر، کە مێژووی خەڵکی کورد بەدەیان جار شایەتی بەربەرەکانی وتێکۆشانی خەڵکی کورد بۆئازادی وسەربەستی بووە، وپەنجە بۆ ئەوخاڵەڕادەدێرێ کە لە دوایی کۆتایی شەڕی دنیاگری ئەوڵ، و لە کاتی گرێدانی پەیمانی (وەرسا) پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی لەبیروڕا دابوو، بەلام ئەم گەلاڵەیە، بەڕێوەنەچوو!

قازی محەمەد لەکۆتایی قسەکانی دا، دەڵێ: (ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ ئەو هەموو، بۆ خودمووختاری ولاتەکەمان پێدادەگرین، تاوانی ئەم مەسەلە لەملی حکوومەتی ناوەندییە، کەچ هەنگاوی بۆ پێشکەوتوویی ئێمە هەڵنەهێناوەتەوە، ئێمەنامانەوێ لاسای ئامریکایەکان یان ڕووسەکان بکەینەوە،بەلام ئەوەش قەبووڵ ناکەین کە دە هەڵ ومەرجی مالات و دەعبای ولاتانی پێشکەوتوو،دا بژین)

قازی محەمەد چ کاتێک لە مەڕ، وەرچەرخانی هزری خۆی ئەوها بێ پەردەو پێچ وپەنا، بەدەق و دۆغری، نەئاخافت بوو: ئەم سەربەخۆیی فکریی و، داخواز،بەمە کەژێر دەست و سەربەئەمری کەسێک نەبێت، وێدەچێ شیکردنەوەیەک، بەم مەسەلە بێت، کە بۆ ڕۆژ ئاوایەکان پالیان

بەسینگی وەناو کشاندیانەوە، وبەچاوی (رەفیقی ڕێی) یەکیەتی سۆڤیەت یان لێڕوانی، لە حاڵێکدا شووڕەویەکان بەپێچەوانەی تێکۆشانی خۆیان نەیانتوانی ئەوی لەگەڵ خۆیان هاو هەنگاو بکەن.

هەروەک ئەمڕۆ ڕەحیم قازی دەنووسێ: (لەچاوگەی بیروڕادا، قازی محەمەد، نەمارکسیست بوو، ونە سوسیالیست، ونە لیبراڵ. ئەو ڕێبەرێکی ڕۆناکبیری نەتەوەخوازی کورد، بەتوانایی بەرفرەوانی هزر، بوو) رەحیمی قازی ئەمەی لێ زیاد دەکات: (بەڵام سێرەی ڕوانینی ڕۆژ بەڕۆژ لەچاوگەی ڕوانینی مارکسیستی نزیکتر دەبوو، وهەتا دوایین چرکەکانی ژیانی خۆی، بیروباوەڕوو متمانەیەکی قووڵی بەیەکیەتی سۆڤیەتی سوسیالیستی هەبوو.)

22-مەهاباد لەسەردەمی(کۆمار)

حکوومەتی مەهاباد، بەهیچ کام لەشۆڵەکانی ئینقلابی وەکوو خەڵکی(مللی) کردنی بانکەکان، ودابەشکردنی زەویوو زار،و هتد... کەلە دیاردەی ڕێژیمی تەورێز بوو، دەستی لێنەدا،وخەڵکەکەی دەیانتوانی بەئازادی هاتوو چۆ بکەن. ئەگەرچی لە/10ی مەی 1946بەم لاوە ناردراوەی ڕادیویان هەبوو، بەڵام دەنگ بەڕیکرنەکەی ئەم ڕادیویە ئەوهێندە کزو بێ هێز بوو کەلە سنوورەکانی کۆمار، دوورتر، نەدەڕۆیی، وخەڵک دەیانتوانی بەئازادی وبەئاشکرایی گویچکە لەدەنگووباسی ڕادیوی وڵاتەکانی بیانی هەڵخەن.
ڕۆشنبیری وێدەچوو تاکە ئۆلکەیەک بێت، کە قازی محەمەد ئێکجار بایەخی بۆ دادەنا، (قازی محەمەد بۆخۆی لە1926، بەرپرسی ئیدارەی پەروەردەو فێرکردنی شاری مەهاباد-رئیس فەرهەنگ بوو.) هەرلەسەرەتای ڕاگەیاندنی کۆماردا، خویندن بەزوانی کوردی دەستی پێکرد: مامۆستای قوتابخانەکان بابەتی کتێبەکانی دەرسی یان وشە بەوشە، لەفارسی بۆ سەرزوانی کوردی وەردەگێراوە، کتێبەکانی کوردی لەڕووی کتێبەکانی پەروەردەو فێرکردن، کەلە کوردستانی ئێراق ناردرابوو،حازردەکرد. بەڵام بەکردەوە، لەوان کەلک وەرنەگیرا،چونکە کاتێک کە ئەم کتێبانە لە ژێر چاپ هاتنەدەر، کۆماری مەهاباد، جوانە مەرگ ببوو.
هەروا(60) لاوی کورد کەدەورەی خویندنی سەرەتایی خۆیان کۆتایی پێهێنابوو، لەئاوریلی 1946 بۆ قوتابخانەکانی نیزامی وپسپۆری باکۆ، ناردران، چەند کەسێک لەم دەستەیە، هەرلە(باکۆ) مانەوە.
قازی محەمەد بەم چاپەمەنیانەی کەلە شووڕەوی دابوویانێ، توانی ژمارەیەک ڕۆژنامە وگۆڤار، بڵاوکاتەوە.(کوردستان) ڕۆژنامەی فەرمی کۆماری مەهابادبوو. لەسەرلاپەڕی ئەوەڵی ئەم ڕۆژنامەیە، کەبێ نێوەدان، هەموو ڕۆژێ بڵاودەبۆوە، ئەم ڕستەیە، وەبەرچاودەکەوت: ( بەناوی خوای مەزن وبێ هاوتا) لەناو بڵاوکراوەکانی دیکەی گۆڤار، دەتوانین ناوی ئەم گۆڤارانەبێنین: (نیشتمان) کەسەرنووسەرەکەی عەبدولرەحمان زەبیحی بوو، (هەڵاڵە) کەگۆڤاری ئافرەتان بوو. گۆڤاری ئەدەبی (هاوار) کەشێعری دوو کەڵە شاعێری کوردستان یانی: هێمن(محەمەد ئەمین شێخ الاسلام) و هەژار،( عەبدولڕەحمان شەرەف کەندی) بلاو دەکردەوە.

23- دوایین وت وێژ

ئەم وتوێژەی کە لە مانگی ژوئین هەڵپەساردرابوو، لەمانگی ئەوت لە تاران دەستی پێکردەوە. قازی محەمەد، بە بارمتەیەک کە بەناوبژایەتی باڵوێزی یەکیەتی سۆڤێەت وەرگیرابوو، بۆتاران چوو.
لە جەرەیانی ئەم وت وێژە کەلە گەڵ قەوام سەلتەنە، سەرۆک وەزیران کرا، قازی محەمەد داوای هێنانە دی پارێزگەیەکی کوردستانی کورد کە لە سنووری، یەکیەتی سۆڤێەت، هەتا نوختەکانی، نێوان سنە وکەرمانشا، وەبەرخۆیدەدا، وبۆ خۆی یەکەمین، پارێزگاری وێ بوو. وبەگوێرەی هێندێک گێڕانەو، قەوام سەلتەنە، بەم پێشنیارە، ڕەزامەندی نیشاندەدا، بەم مەرجە کە دکتۆرجاوید، ئوستانداری ئازەربایجانیش ڕازی بێت. وبەگوێرەی قەول ونەقڵەکی دیکە، قوام سەلتەنە، ئەم پێشنیارەی بەبێ چ مەرجێک قەبووڵ کرد. بەڵام ڕووسەکان دژایەتیان لەگەڵ ئەو شێوەیە، نیشاندا. بەهەرحاڵ ئاکامەکە، هەریەکە. وقازی محەمەد بێ ئەوە توانی بێ، بنەڕەتی مافێک بۆ کۆماری خۆی وەدەست بێنێ ودابین بکات، بۆ مەهاباد گەڕایەوە.
لە بیستەمی ئەوتی 1946، لێژنێکی ئازەربایجانی، بە بەرپرسایەتی (شەبستەری) بەرپرسی پارڵەمانی نەتەوەیی( کە پاشان بە پەرڵەمانی، پارێزگە، ناوی گوڕدرا) هاتە تاران، ولێژنەی ئازەربایجانی چەند حەوتوو لە تاران مایەوە، وبەپێچەوانەی دەست تێوەردانی شووڕەوی (ساوچیکڤ)سەفیری باڵوێزخانەی یەکیەتی سۆڤیەت لە ئێران، سەرکەوتوو نەبوو، مەرجی خۆی سەبارەت بەمانەوەی ئەرتەشی خەڵکی ئازەربایجان بە(شا) قبووڵ بکات.
ئارچی باڵد ڕۆزولت(کوری)جێگری ئیلاقەداری نیزامی باڵوێزی ئامریکا، لەتاران کە لەسپتامبەری 1946،سەردانی مەهابادی کرد،شاری لەحاڵێکی تەوا (ئاسایی) داهاتەبەرچاو، ناوبراو لەدوایی فراوین خواردنی فەرمی لەگەڵ ئەندامانی دەوڵەتی کوردستان، وتووێژێکی تێروتەسەلی لەگەڵ سەرکۆمار،قازی محەمەد کرد. لەم ئاخافتنەدا، قازی محەمەد بۆی شیکردەوە، کەکوردستان وڵاتیکی سەربەخۆیە، وکۆماری مەهاباد بۆکە بارانەی دەست شووڕەویەکان نییە، وگوتی: ئەگەروایە ئەدی سەربازانی شووڕەوی لەکوێن؟ بەڵام لەڕاستی دا لەدوا هەنگاو نێزێک دەبۆوە،
لەئۆکتۆبری 1946، دکتۆرجاوید، ئوستانداری ئازەربایجان لەمەڕ گۆڕینەوەی ولایەتی (خەمسە) بە سەردەشت وتیکاب،لەگەڵ قوام سەلتەنە،گفتوگۆیەک دەکات(ولایەتی خەمسە لەسنووری ڕۆژهەڵاتی ئازەربایجان هەڵکەوتوە، وبەدەست ئەرتەشی خەڵکی ئازەربایجان داگیرکرابوو) سەرۆک وەزیرانی ئێران لەگەڵ ئەو پێشنیارە، ڕەزامەندی خۆی نیشان دەدا، بەڵام (شا)و ئەرتەش دژایەتی دەکەن، وکاتیک کەقازی محەمەد، بەسەنەدو بەڵگەیەک، کە لەم بارەوە بەئیمزای قوام سەلتەنە، گەیوە، بۆچاوپێکەوتنی سەرلەشکر هومایوونی دەچێتە سەقز، سەرلەشکر هومایونی، خۆی لێ دەبێرێ!

## 23- جوانەمەرگ بوونی کۆماری مەهاباد-17ی دەسامبەری 1947)

سەردەمی سەیری ئاشتی وئاسایش کەکۆماری مەهاباد لەمانگی مە لێێ بەرهەم وەردەگرت، بەلەز ڕووی لەکۆتاییی‌یە: لە نێوەڕاستی نوامبەری 1946، (شا) لە دوایی ڕاوێژ کردن لەگەڵ سەرۆک وەزیران(قەوام سەلتەنە) وەزیری بەرگری وبەرپرسی گشتی هێزەکانی چکدار،(ستادی ئەرتەش) ژنەراڵ ئەرفەع-وبەپێچەوانەی مەترسی سەرۆک وەزیران لە تەداخولی شووڕەویەکان بە داکۆکی لەپێشەوەری بڕیاری بەناردنی هێز بەئازەربایجان گرت!

لە23ی نوامبەری 1946، لەشکری 3ـی ئازەربایجان بێ ئەوە،بە، بەر بەرەکانێک ڕوو بەڕوو بێت، واردی زەنجان، ناوەندی ولایەتی خەمسە بوو. (شا) بۆ ڕێک وپێک کردنی دوایین پەلامار، دژی (کۆمارکانی) ئازەربایجان ومەهاباد، بۆخۆی چۆ زەنجان. سوپای 3ـی ئازەربایجان وسوپای 4ـی کوردستان ونێزیکەی سێ هەزار جەنگاوەری چریکی( بەزاراوەی ئێستەکە(جاش) یانی لەسەریەک 20000کەس دژی جیایی خوازان واردی عەمەلیات بوون.

ئەم هێزانە بەکردەوە، تووشی چ بەربەرەکانی و دەست وەکەری نەبوون. ولە باشوور ڕێژیمی پێشەوەری، بێ خۆ ڕاگری ودەست هەڵێنان لێک پرش وبلاو بوو. بەشی زۆری ڕێبەرانی وی لە/11-ی دەسامبەر، بۆ یەکیەتی سۆڤیەت پەڕیوەبوون و هەلاتن، لەحاڵیکدا کەخەڵک ڕاپەریبوون و هەر(دێموکراتێکیان) کە دەدۆزیەوەو وەچەنگ دەکەوت، بێ سێ و دوو دەیانکوشت، ویەکێک لە کوژراوەکان محەمەد بێ ڕیا، وەزیری پەروەردەو فێرکردن بوو، کە تەرمەکەیان لە جیبێک هەڵبەستبوو، لەکۆچەوکۆڵان وگەڕەک وشەقامەکانی تەورێز، بەڕاکێشان دەیانگێڕاو، پێشانی خەڵکیان دەدا، لەسەریەک لەماوەی دوایین ڕۆژەکانی لەناوچوونی کۆماری تەورێز،500کەس کوژران...ولە13ـی دەسامبەری 1946، پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ یەکەمین کەرتەکانی ئەرتەشی ئێران لەگەڵ سەرتیپ هاشمی ڕژانە ناو شاری تەورێز. لەباکۆر، یانی لەکۆردستان، هێندێک لە ئەرتەشی نەتەوەیی ئازەربایجان، چوار ڕۆژ، لە7ـهەتا-11ی دەسامبەری 1946، لەتەپۆڵکەکانی دەورو پشتی شارۆچکەی شاهێن دژ،لەنیوەی ڕێگای نێوان تیکاب ودوو (میاندواو) دەستیان کردەوە، بەلام لەئاکامدا بەرلەگەیشتنی هێزەکانی بارزانی، بەربەرەکانیەکەیان تێکشکاندرا...لە دوای وی ئیدی شەڕێک برکردەوە نەقەوما،... بارزانیەکان بۆمەهاباد گەڕانەوە، میاندواو، لە13ی دەسامبەری 1946 خۆی بەدەستەوەدا. لە5ـی دەسامبەر قازی محەمەد لە(شووڕای بەرگری) بە بەشداری دەکەس لەڕێبەرانی سیاسی ونیزامی وبەحزووری برایەکەی سەدری قازی کە نوێنەری پەڕلەمان بوو، ولە تەواوی ئەم ماوەیەدا لەنێوان تاران ومەهاباد ڕۆڵی ناوبژیکەری هەبوو، سەرکەوتوو بوو بیروڕای خۆی بەئەوانەی کەلە وێ کۆببوونەوە بسەلمێنێ! وسبحەینەی ئەو ڕۆژی ئەم پلانەی کە پێویستی بەبەرەکانی چەکدارانە، لەبەرامبەر پەلاماری هێزەکانی ئێران هەبوو، لەمزگەوتی عەباس ئاغای خویندرایەوە، بەلام لە15ی دەسامبەری 1946 ئەسداق( نوێنەری بازرگانی شوورەوی)لەمەهاباد نووسینگەی کاری خۆی بەجێهێشت وبۆبالۆیزی شووڕەوی لەورمێ(ڕزائیە) چوو. لەوحاڵەدا کەتێکۆشابوو کردەوەی دەوڵەتی خۆی بەدەست لێ بەردانی تەواو لەکۆماری مەهاباد، بەلێکدانەوەی ئەم بابەتە کە یەکیەتی سۆڤێەت بەهۆی شەڕ( لەوزەوتوانا کەوتووە) شی کاتەوە. کاتێک کات ژمیر تەوابوو، ڕێبەرانی مەهاباد لەخۆبەدەستەوەدانی کۆماری ئازەربایجایان، یانی کۆماری تەورێز، سەریان سووڕمابوو وئاگاداربوون کە یەکیەتی سۆڤیەت ئەوانی بەگشتی بەرەڵلا کردوە، بڕیاری خۆ بەدەستەوە دانیان گرت.

و16ی دەسامبەری 1946 قازی محەمەدو سەیفی قازی وحاجی باباشێخ وژمارەیەکی دیکە لەماقوولانی مەهاباد، چوونە میاندوا، هەتا خۆیان تەسلیمی ژەنەڕاڵ هومایوونی بکەن. لەدوایی وت وێژێکی تەقربەن گەرم وگوڕ لەگەڵ سەرلەشکر هومایوونی، قازی محەمەد ئیجازەی پێدرا بۆ مەهاباد بگەڕێتەوە. لەوێ بۆ ئاخرین جارمەلامستەفا بارزانی، چاوی بەقازی محەمەد کەوت، وداوای لێکرد لەگەڵ وی بڕوا، بەلام قازی محەمەد کەبڕیاری گرتبوو، بۆ پشتیوانی لەخەڵکەکەی لە مەهاباد بمێنێتەوە، ئەم داوایەی بارزانی قبووڵ نەکرد.

وله17ی دەسامبەری 1946شاری مەهابادی بەفەڕمی تەحویل بەدەسەڵاتدارانی ئێران کرد. چەند ڕۆژ دوایی هەموو ڕیبەرانی کۆمار کەنزیکەی سی کەس بوون دەست بەسەرکران وخرانە گرتووخانە.

## 25- محەکەمەی قازی محەمەد

سەرەتای ژانوییەی ساڵی 1946، قازی محەمەد لەگەڵ براکەی سەدری قازی وکوڕی مامی سەیفی قازی لەدادگەیەکی ڕەواڵەتی تایبەت نیزامی بەبەرپرسایەتی سەرهەنگی پارسی تەبار ودادستانی سەرهەنگ فیووزی وبەرپرسی ستاد سەرلەشکر هومایوونی موحاکەمە کرا. مەحکەمە نهێنی بوو، بەپێچەوانەی تێکۆشان وهەوڵدانی خێزانی قازی محەمەد، کەدەیەویست بە18000تومەن بەرتیل بەرامبەر 3600دۆلار) بیروڕای ژەنەڕاڵ هومایوونی بۆ لێبوردنی قازی وهاوالانی وەدەست بێنێ، بەلام مەحکەمە ڕۆژی 23ی ژانوییەی 1947،یانی ساڵێک ورۆژێک دوایی ڕاگەیاندنی کۆمار، ئەم سێ کەسەی بەئیعدام محکووم کرد!
بەلام لەوکاتەدا سەرۆک وەزیران قەوام سەلتەنە، خەریکی ئەنجام دانی ئاخافتنەکی گرینگ لەگەڵ ئەکیەتی سۆڤیەت بوو. وبەڕە بردنی حوکمەکە 5-مانگ وەدرەنگی کەوەت. بەوتەی هێندێک سەرچاوە لەم ماویەدا، قازی محەمەدیان چوارکەڕەت بردەتاران ولەتاران مەحکەکەیەکی تایبەت لەڕۆژەکانی 28هەتا 30ی مارسی 1967بەسەرحوکمی دادگای مەهاباد دا چۆوەو پشت ڕاستی کردەوەو حوکمەکە بەپەڵە بەڕیوە چوو:ژەنەڕاڵ هومایوونی ئەوکات لەورمێ بوو، عەمەلیات دژی بارزانیەکانی بەئەستۆوەبوو، کە خەبەری پشت ڕاستکردنەوەی حوکمی وەرگرت. ئەو بەهۆی ڕادیۆ، دەستووری ئیعدامی سێ قازی دا، ئەو سێیە، لە بەرەبەیانی سێ ویەکەمی مارسی 1947، لە مەیدانی چوارچرای مەهابا، هەر لەم شوێنە کە قازی محەمەد، لە22ی ژانوییەی 1946 بەجل وبەرگی نیزامی شوورەوی لە وێ کۆماری ڕاگەیاندبوو، لە سێدارەدرا، وتەرمی ئەوسێ کەڵە پیاوە، بۆ چاوترسانی کوردەکان، سەرانسەری ڕۆژ لە سێدارە نەهاتەخوار.
لە ماوەی چەند ڕۆژ تەواوی شوێنەواری کۆماری کوردیان لەمەهاباد پێ لێخشاند، کەسانێک کەلە بزوتنەوەکەدا بەشداریان کردبوو: بە تاڵووکە، هەموو بەڵگەو سەندوی مەترسیداریان بریتی لە وێنە، ڕۆژنامە، بەیداخ وهتد... لەناوبردن ودەوڵەت خیرا، خویندن و نووسینی زوانی کوردی یاساخ کرد، و سەربازەکان تەواوی کتێبەکانی کوردیان لە مەیدانەکانی مەهاباد، کە دیسان لەجێ وبانی قەدیم بەلارەمل خەوتبوون، ئاگر تێبەرداوسوتاند!

## 26-هۆو بەڵگەی جوانەمەرگ بوونی کۆمار

ئەمە کوردەکان نەبوون کەلە ئەڕتشی ئێران تێشکان- بەڵکوو ئەڕتەشی شووڕەوی بوو، لەبەرامبەر ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکاو بریتانیای مەزن شکەستی خوارد!)
ئەم مەتڵەبەی کەبارزانی لە11-ی دەسامبەری 1946، لەبۆکان دڕیبڕی نیشاندەری ڕۆناک بینی، هەتەری وردبینی ئەوە،بەتایبەت لەم بارەوە کە ڕیبەرانی کوردی مەهاباد لە ئاماژە بەدەسیسەی ناونەتەوەیی ئێکجار لەخۆیان بێ ئاگایی نیشاندا. قازی محەمەد و بەرپرسیانی

دیکەی مەهاباد، دەبوایە لە نیشانەی مەترسی تێگەییان کە کۆمارەکەیان لاقی لەسەر سووگەی تەلاسا بوون و هەڵدێرانە: یەکەم و زەقترینی ئەم نیشانانە، بەتاڵکردنی ئێران لە هێزەکانی شووڕەوی لە10ی مەی 1946، و بەدوای ویدا سەر هەڵدانی پشێویەکی نێو نەتەوەیی بوو! دووەمین نیشانە وەدەرنانی وەزیرانی( توودە) لەدەوڵەت لە19ی ئۆکتۆبری 1946 بوو. وسێومین نیشانە، قسەکانی ڕێکەوت 27ی نوامبەری 1946ـی جۆرج ئالن، کۆنسۆلی ئامریکا لە تاران بوو، کە ئەوی هێنایەوەبیر: دەوڵەتی ئامریکا لە(تەواوی سەرزەمین وحاکمیەتی (دەسەلاتدارانی) ئێران داکۆکی و پشتیوانی دەکات.
کۆماری مەهاباد بۆ ئەوەی بتوانێ بە ڕەوشتێکی جیا لەبن سێبەری سیاسی ونیزامی یەکیەتی سۆفیەت بژی، دەبوایە کەڕێبەرانی وی ئەولێهاتوویان لە خۆ نیشاندا بوایە، کە جیا لە قازی محەمەد وچەند کەسیتر، ئەوانی دیکە ئیدی ئەوشەهامەتەیان تێدا نەدیترا.
کۆماری مەهاباد بەپێچەوانەی بچووکی وهەردو تەمەن کورتی خۆی جێگایەکی گرنگی لە مێژووی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد داهەبوو: ئەمە هەوڵین ڕاپەڕینی کورد بووکە( ڕۆشنبیرێک)ببوو بەبەرپەسی ئەو، نیشانی دا، کە کوردەکان ئەگەر بەخۆدا بێنەوە، نەک تەنیا (تالانکەر) نین کە لە دوایی زێدەڕۆیی سمکۆ، ئەمەیان بۆ هەڵبەسترا، بەڵکوو دەتوانن هیمی حکوومەتێکی بەڕێووجێ ولێهاتووی ئەم ناوە داڕێژن!بەڵام کۆماری مەهاباد لەعەینی حاڵدا شێکەرەوەی ناسەرکەوتن و تێشکانێکە، کە کوردەکان نەشیان لە ماوەی سێ ساڵ بەسەر ئەویدا زاڵ بن. ئاخۆ بزوتنەوەکی نەتەوەخوازی بێ غەل وغەش، دەشێ بەبێ هەبوونی ئیدولۆژییەکی دیاری کراو، شەڕێکی ڕزگاریخوازانە بەڕیوە بەرێ؟

تێبینی:
(ئەوانەی کەسمکۆ بە(تالانچی) دادەنێن وەک سەگ بەئاسمان دەوەڕن، دەست و پێی و چڵکاو خۆرانی داگیرکەرانی، کوردستانن، دیارە دەریا بەدەمی سەگ گەلاو نابێت،وبابزانن سمکۆ ئەو کەڵە پیاوە کەچقلی چاوی دوژمنانی کوردستان بوو قارەمانەکی نەتەوەیی و لە مێژووی عاسمانی کورد‌واریدا وەک ئەستێرە دەدروشێتەوە، و بێگومان کۆتەخۆران هەر بە ڕوو ڕەشی دەمێننەوە!وەرگێڕ،زەرزا)

27- چارەنووسی هاڤاڕنی بارزانی

لە20ی دەسامبەری 1946، بارزانی کە هێزەکانی سەربەمۆورو دەست وێنەکەوتوو پڕچەک وچۆڵ وپۆشتە مابوونەوە، بۆ چاو پێکەوتنی ژەنەڕاڵ هومایوونی چوو مەهاباد وە بەوی گوت: حازرە بگەڕێتەوە ئێراق، بەم مەرجە کەباڵوێزخانەی بریتانیا، بارمتەی وی دەستەبەربکات. بارزانی کاتی دەرچوون لەمەهاباد/300تفەنگ و/120ڕەشاش و/20تۆپی لەقۆرخانەی کۆماری مەهاباد هەڵگرتبوو، لەگەڵە خۆی برد. بارزانی، قاقەزێکی لەمەڕ دەربڕینی وەفاداری بە زوانی عارەبی نووسی ولەگەڵ میرحاج، عیزەت ئازیز، نووری تەها، بۆ وت وێژ، سەبارەت بەچارەنووسی خۆی وهاڤالانی لەگەڵ دەسەلاتدارانی ئیران و دیپلۆ ماتەکانی باڵوێزی بریتانیا،بۆ تاران چوو.
بارزانی کە لە باشگای ئەفسەران ڕوو بەڕووی نووسینگەی بەرپرسی ستادی ئەرتەش جێگەی بۆ تەرخان کرابوو، مانگێک لە تاران مایەویە، وبەر لە گەڕانەوە، بۆ مەهابادلە 25ی ژانوییەی 1947 سەردانی( شا، ودیپلۆماتەکانی بریتانیایی وئامریکایی کرد. ئەو کە سەرکەوتوو

بەدەستەبەری تەواو لەئینگلیزیەکان نەببوو، پێشنیاری ئێرانیەکانی سەخمەرات بەنشتەجێی نزیکەی 10000کەس لەعەشیرەتەکەی لە ناوچەی (ئەلوەند) هەڵکەوتوو لەنزیک هەمەدان قبووڵ کرد. بەڵام لە نەغەدە، شێخ ئەحمەد بارزانی، بەمە قایل نەبوو، بەپیی سەردانێک لەگەڵ ژەنەراڵ هومایوونی لە 19ی فۆرییەی 1947، ژەنەراڵ بارزانی وشێخ ئەحمەد، هومایوونیان حاڵی کرد، کە بڕیاریانگرتووە، خۆیان تەسلیم بەئێراق بکەن.
ئەرتەشی ئێران، لەماوەی مانگێک یانی لە11ی مارس هەتا 12ی ئاورێلی 1947 خەریکی سەردەدوونانی هێزەکانی بارزانی لە ناوچەیەکی شاخاوی هەڵکەوتوو، لە ڕۆژئاوای شنۆ، لە لێواری سنووری ئێراق وتورکیە بوو. بارزانیەکان لە باری نیزامیەوە، خۆیان وەکوو جەنگاوەرانی بەهەیبەت هەڵێخستبوو! لە نێوەڕاستی مانگی مارس، ئەرتەشی ئێران 12کوژراوو/70دیلی دا... حەوتوویەک دوایی سەر لەنوێ/20کوژراوو نزیکەی /15کەسی لێ بەدیل گیرا.
بەڵام ئەو غەوارەیەی کەلە گەڵ بارزانی دابوون، بریتی لەچەند هەزار ژن ومنداڵ ومرۆڤی پیرو پەککەوتە و بەسەڵاچوو، لەژێر سەرماو سەیاقەی زستانێکی ئێکجار سەخڵەت و بۆمباردمانی ئاسمانی فرۆکەکانی ئێران، هاتنە سەر ئەو بڕیارە لەگەڵ شێخ ئەحمەد، خۆیان بەڕێژیمی ئێراق تەسلیم کەن.
شێخ ئەحمەد بارزانی لەدوایی وەرگرتنی دەستەبەر، لەگەڵ بەشێکی زۆر لەعەشیرەتەکەی، خۆی بەئیراق بەدەستەوەدا، چەند ڕۆژ دوایی یانی 13ی ئاوریلی 1947 ژەنەراڵ بارزانی بۆخۆی لەگەڵ گرۆپێکی چەندسەد کەسی ئاوای ئەودیوی سنووری ئێراق بوو چۆوەبارزان.

28- ڕێ بڕینەکەی دوورو درێژی بارزانی، بۆلای دوورخراوەیی لە شووڕەووی.

بارزانی وێدەچوو ئەوئومێدەی هەبووبێ،کە دەوڵەتی ئێراق لەئاکامدا لێی ببوورێت! بەڵام کری ئەم خەیاڵ ولێکدانەوەیە، خێرا خاو بۆوە: بەپێچەوانەی تەداخۆلی نوێنەرانی کورد(لەپەرلەمانی ئێراق) ئەو چوارئەفسەرە،کە ،لە گەڵ شێخ ئەحمەد خۆیان بەحکوومەتی ئێراق، بەدەستەوە دابوو، یانی مستەفا خۆشناو، خێروڵڵا،محەمەد محموود، وعیزەت عەزیز، لە ئێراق، لە سێدارە دران(19ی ژوئن 1947). ئیدی ڕێگایەک زێدەنەمابوو! ئەویش ڕێگای دوورخراوەیی! یانی یەکیەتی سۆڤیەت، چونکە تورکیە وئێران، بە،بەڵگەولایانی ئاشکرا، هیچ کامیان ڕازی بە دانی مافی پەنابەری بەبارزانی نەبوون.
وادیتە بەرنەزەر، کە بارزانی لەکاتی ئاوابوون بۆ(کوردستانی ڕۆژ هەڵاتی بن دەستی ئێران)لە1945، لەبەر ئەم فکرەدابووبێ، ئەگەر بێتوو نەیتوانی لە ئێران بمێنیتەوە، پەنابەری یەکیەتی سۆڤیەت بێت. لە ڕاستیدا هێندێک دوایی ئەوەی کە هاتە ئێران و یەکەمین پەیوەندی وی لەگەڵ ژەنەراڵ(لیوبڤ) حەمزەعەولا لەلایان وی قاقەزێکی بۆ ئیستالین نووسی،لە وی داخواز کرد ئیجازەی پێ بدا، بۆ دیفاع لەکۆماری کوردستان لە ئێران بمێنێتەوە، وئەگەر هەرەسی هێنا، پەنابەری یەکیەتی سۆڤێەت ببێت. لە دوایی تێپەربوونی ساڵێک، بارزانی لەئاکامدا ناعیلاج بوو داواکەی خۆی لە شوورەوی دووپات بکاتەوە... لە27ی مەی 1947 ئێراقیەکان، ئێرانیان ئاگادارکردەوە، کە بارزانی لە سنووری تورکیە، لە باشووری بارزان تێپەڕیوەو، بەرەو ئێران ڕێگا دەبڕێ!
ئەبەم جۆرە، ژەنەراڵ بارزانی لەگەڵ/500مرۆڤی چەکدار، ڕێبڕینی دووروو درێژی خۆیان کە دەبوایە،ئەوی بۆ ئاراس...ولەئاکامدا بۆ حاشارگایەکەی لە یەکیەتی سۆڤیەت بگەێنێت، دەست پێکرد، و/350کیلۆ میتری ڕێگای لەماوەی 14- ڕوژ دا بڕی!
بارزانی و هاڤاڵانی بە مەزبووتی و وریایی، و بە خۆپاراستن لە تەقەو لێکدان لەگەڵ هێزەکانی ئێران و لە حاڵیکدا کە بە پەیا، سنووری تورکیەو ئێرانیان دەبڕی، سەرکەوتوو بوون، وردە وردە،

خۆبگەینە، ناوچەی ئاراپات، هەرکاتێک لە نزیکەوە دەکەوتنە بەرتەوژمی ئەرتەشی ئێران، دەچوونە، کوردستانی باکوری بن دەستی تورکیە، وپاشان بێ ئەوە، بدیترێن لەجێگایەکی دیکە سەریان وەدەردەنا، (شا) کە لە ئاکامدا بۆخۆی لە ئەردەبیل بوو، ڕاستەوخۆ دەستووری دا، کە بۆ گرتنی بارزانیەکان لەچ تێکۆشانێک خۆ نەبێرن، ودەست نەگیرنەوە، وئەم ئەفسەرانەی کەلە بەڕیوە بردنی ئەم ئەرکە خۆ ببیرن، بەمەحکەمەی نیزامی هەڕەشە لێکردن. بارزانی وهاورەزمانی، پاش ئەمە کەلە 9ی ژوئنی 1947، دوایین دەرسی تێشکانیان لەباشووری (خۆی) بەئەرتەشی ئێران دا، حەوتوویەک دوایی لە چەمی(ئاراس) پەڕینەوە، هەتا بۆماوەی 11-ساڵ لە یەکیەتی سۆڤیەت (لەبەرچاو) ون بن!

پاژی (3) حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە دوایی جوانە مەرگ بوونی کۆماری مەهاباد
هەتا سەرهەڵدانی شۆڕشی 1958-ی ئێراق

دوایی هەرەس هێنانی کۆماری مەهاباد، ولە قەنارەدان و (شەهیدکردنێ) قازیەکان، وبەندکردنی ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،و خۆ دەربازکردنی هێندێکی دیکە لە ئەندامانی حیزبی بۆ ئێراق، بزوتنەوەی نەتەویی کوردەکان لە (کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ئێران) بەکردەوە، تووشی پرش وبڵاوی بوو!

1-کۆمیتەی حیزبی کموونیستی کوردستان وحیزبی دێمووکڕات

بەڵام لە سەرەتای ساڵی 1948،شایەدی تێکۆشانێک، بۆ نوێکردنەوەی سازمانین، لەلایان،ک ک (کۆمیتەی کموونیستی کوردستان) بەڕیبەرایەتی ڕەحیم سوڵتانی، وبەتایبەت حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، میراتگرو دریژەپێدەری ڕێگای حیزبی دێمووکڕاتی قازی محەمەد، حەوڵ وتەقەلایەک لەم بارەوە دێتە دی.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، لەساڵی 1948، لەڕاستیدا لکێک لە حیزبی توودە، لەکوردستان بوو، ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ڕۆژ هەڵات( مەهاباد) کە لە تاران نشتەجێ دەبوون، بەحاڵاتێکی( ئوتماتیک) دەبوون بەحیزبی توودە، وبەپێچەوانە. بەڵام ترس ولەرز،دڵەهورە، زۆرە، تێکۆشەرانی حیزبی نوێ لە پانەگۆڕایی خەباتی نهێنی ،بێ ئەزموون وکارامەن. پۆلیس زورزوو زەفەریان پێدەبا، وڕیبەرەکانیان، یەک لە وان ئازیز یوسفی دەست بە سەر دەکات، ناوبراو لەساڵی 1948هەتا 1952 زیندانی کرا، جارێکی دیکە لە1977 سەرلەنوێ گیرایەوە، ولەئاکامدا لەساڵی 1978 لە تاران وەفاتی کرد.

2-حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەسەردەمی موسەدەیق

بەڵام دەبێ بەکردەوە سەبووربین، هەتا موسەدیق بەدەسەإت دەگات. لە1951) هەتا حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەکەلک وەرگرتن لەکەش وهەوایەکی تەقریبەن سەربەست وئازاد، کە ئەو سەردەم لە ئیران حاکم بوو، لە ژێر سێبەری ئازیز یوسفی و غەنی بلووریان، ڕەنگ ورووی گەشانەوە بەخۆیەوە بگرێ.
هێندە پێ ناچێ کە لە هەڵبژاردنی ساڵی 1953، بەپێچەوانەی پیلانێک کەلە لایان پۆلیس لە کاردابوو، سارم ئەدین سادق وەزیری یەکێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات، لەمەهاباد، بەنوێنەری پەرڵەمان هەڵدبژێردرێ. بەڵام بەخۆ هەڵەپەست کردنی(شا) هەلبژاردن بێ بایەخ ڕادەگەیندرێ و ئیمام جومعەی تاران، کە شێعە مەزەب وبۆخەڵکی مەهاباد بێگومان نەناسراوە، لەجێگای وی (سەرلەسندوقی دەنگ وەدەردەنێ وقوت دەبێتەوە)! لەدوایی ئەوە دەسیان لەساڵی 1953، هەستی وەکوڵ هاتووی، خەڵک ناوچەی مەهاباد،لەلەپی پەنجە دەگرێ، ولە ناوچەی بۆکان جۆتیاران دژ بەئاغاوەت ڕادەپەڕن!

تێبینی:( سارم ئەدین سادق وەزیری قەت ئەندامی حیزبی دێموکڕات نەبووە. (وەرگێر،زەرزا)
لە مانگەکانی مەو ژوئینی 1953، خۆپێشاندانێک لەمەهاباد وەڕیوە دەکەوێ، لە دەستەو یەخە لەگەڵ پۆلیس، لاوەکی تێکۆشەری کورد شەهید دەبێ، وژمارەیەک دەگیرێن. ولە16ی ئەوتی 1953 سیلاوی خۆپێشاندان، بەداکۆکی لەموسەدیق، لە مەهاباد هەڵدەستێ،و بۆ یەکەمین کەڕەت پاش هەرەس هێنانی کۆمار بەم لاوە، مامۆستا هێمن( شاعێری پایەبەرزی کورد) پارچە شێعرێک بۆ جەماوەر دەخوێنیتەوە. وبە بۆنەی ئەم خۆپێشاندانەو هەروا بە بیرەوەری، ڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بەدەستی قازی محەمەد، لە16ی ئەوتی 1945، ناوی شەقامی پەهلەوی، بەشەقامی 16ی ئەوت(25ی گەلاوێژ) دەگۆڕدرێ. بەڵام گۆڕانکاری سیاسی لە نەکاو یەک بەدوای یەکدا وەک کارگ، سەرهەڵدەدەن،(شا) دوایی دەرپەڕین بۆ ڕۆم، لەپاش زیدی کۆدتایەک، بەدەستی بنکەکانی تایبەت بەئامریکا پێکهاتوو، لە19ی ئەوتی 1953 سەرلەنوێ دەسەڵات بەدەست وەدەگرێ! ئەرتەش بە شەو، شاری مەهاباد گەمارۆ وئاڵقە دەدا، وهەڵسووڕێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ڕۆژ هەڵات ، ناعیلاج دەبن جارێکی دیکە خۆیان وەشێرن.

### 3-جیابوونەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەحیزبی توودە

تێکۆشەرانی حیزبی دێکوکڕاتی کوردستانی ڕۆژهەڵات، چاوەنواڕ بوون، حیزبی توودە، شۆڕشی چەکدارانە دەست پێ بکات، چونکە هیچ وەخت سازمانی ئەم حیزبە، هەتا ئەم ڕادەیە بەهێز نەببوو، نزیکەی /700ئەفسەری ئەرتەش ئەندامی حیزبی توودە، بەکردەوە لە هەموو پۆستێک شوێن وکەلێنی کردبوو: یەک لە بەرپرسانی روکنی 2ی ستادی ئەرتەش(هاوتای ساواک) وهەتا ئەفسەرێک بە (دەسەڵاتیکی بەرفرەوان) بۆ سەرکوتکردنی حیزبی توودە، بۆ ئابادان، ناوەندی گەورەو سەرینچاوەی نەوتی وڵات ناردرابوو، لەئەندامانی حیزبی توودە بوون!
دەست وەدیارەی حیزبی توودە، هەتا دەستیان بە نووسینگەی تایبەتی سەلتەنەتیش ڕاگەیشتبوو، کەلێنیان تێکردبوو. بەڵام هەڵسووڕێنەرانی حیزبی توودە،کەلە سپتامبەری 1953

ڕایان گەیاند بووکەڕاپەڕین خێرا دەست پێدەکات، لە ئاکامدا دژی بەر بەرەکانی چەکدارانە، دەنگیاندا.
ڕیکەوتی ناکۆکی نێوان حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وتوودە، کەلە ئاکام دا، لە1955، بەجیابوونەوە، لەیەکدی کۆتایی پێهات، بۆ ئەم دەورە دەگەڕێتەوە، ئەمە سەردەمێک بوو کە پۆلیس ئێران سازمانی نیزامی حیزبی توودەی سەرکۆتکرد. لەدوایی کەلێن تێکردنی پۆلیس لەحیزبی توودە، حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ڕۆژهەلاتی ئێران، هەتە سەرئەو بڕیارە کە تەواوی ئالقەی پەیوەندییەکانی حیزبی خۆی لە گەڵ حیزبی ناوبراو قەف، قەف، هەڵبڕی وبپسێنێ!

## 4-کۆمیتەی مەهاباد وسنە(سەنەندەج)

لەو دەورەدا بەهۆی ترس ولەرز، ئیدی تاقە بنکەیەک بۆ تەواوی کوردستانی ئێران لەگۆڕێدانەبوو. بەڵکۆ (کۆمیتەی ناوچەیی بوون کەلە مەهاباد،بەدەستی ئازیز یوسفی وغەنی بلووریان وعەبدوڵڕحمان قاسملوو، ڕەحیم سوڵتانیان وکەریم ئەویسی، و عەوإئیساقی، ناسراو بە(ئەحمەد تۆفیق) ولەسنە، بەدەستی شەریعەتی وئەوانی دیکە، سەڕافەتیان دەکراو بەڕیوە دە چوون.
غەنی بلووریان، لەساڵەکانی 1954-1955،توانی چەند ژمارە، لە دەورەیی نوێی، ڕۆژنامەی (کوردستان) کەلە تەورێز چاپ دەکرا، بڵاوکاتەوە، بەڵام پۆلیس شوێنی چاپەمەنی نهێنی رۆژنامەکەی دۆزیەوە، وپێنجەمین ژمارەی وی لە(1955)کە بۆ ساڵهاتی بنیات نانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تەرخان کرابوو، زەوت کرا، ناعیلاج بوولە بڵاو کردنەوەکەی دەست ڕابگرێت.

## 5- کۆمیتەی ناوەندی ساڵی 1954،

لەساڵی 1954،(دوو کۆمیتەی) مەهاباد وسنە، تێکەڵ یەکدی دەبن، وکۆمیتە یەکی ناوەندی لە هەردوو کۆمیتە پێکدینن. لەمەی 1954، کۆمیتەی ناوەندی ئەوەڵین(کۆنفرانسی) حیزبی دیموکڕاتی کوردستان دەگرێ، ونزیکەی /20کەس لەخەباتگێڕانی حیزب لەچەند کیلۆ مێتری مەهاباد، لەدەورەی یەکدی کۆ دەکاتەوە. لەم دەورەدا زوربەی تێکۆشەرانی حیزب بەلەونێکی نهێنی لە گوندەکان دەژیان.
ژمارەی ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە بنکەیان لە شارەکانی گەورە، وەکوو، سنە،وبەتایبەت کەرمانشا، هەبوو. ئێستە گەیوەتە چەند هەزار کەس.
حیزی دێموکڕاتی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەپێچەوانەی تەوژمی سەرکوت، زۆرچاک گەیبوو جێێ خۆی و ڕێک وپیک ببوو، هەنۆکە پەیوەندی لەگەڵ حیزبەچەکانی ئێڕاق، یانی حیزبی کموونیست وحیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئیراق هەتا بەم ڕادەیە هەبووکە ئەو دوو حیزبە لەکێشەو ناکۆکی ئیدولۆژیکی نێوان خۆیان ئەویان دەکردە حەکەم.

## بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،1956

لەساڵی 1956،حیزبی دێموکراتی کوردستانی بن دەستی ئێران، ئەوەڵین بەرنامەی، یان لەڕاستیدا ئەوەڵین(گەلاڵەی بەرنامەی) خۆی لە دوایی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی قازی محەمەد، بڵاو دەکاتەوە. شێوەی بەرنامە گۆڕدراوە.
نووسەرانی ئەم سەنەدە، بەڕاگەیاندنی دورشمی(بەربەرەکانی لەگەڵ ئەمپڕیالیزم، سەبارەت بەدەسەلاتداری نەتەوەیی)سەرەتا بەتێروتەسەلی(زوڵم وزۆریی وچەوسانەوەی نەتەوەیی) کە کوردەکانی ئێران بۆنەتە قۆچی قوربانی ئەو، شی دەکاتەوە: (زارۆکی کورد هەربەمنداڵی مەجبوورە، زوانێک بخوێنێ وفێری بێت کە زوانی وی نیە، یانی: زوانی فارسی...ئەوهەی کوردییە یاساخ کراوە..کارگێڕانی خاوەن پلەوپایە، هەموو لەتاران ڕادێن، کوردستان ناوچەیەکی نیزامی یە، ئەڕتەش وپۆلیس (تێیدا) ییخی خواردوەو، دەسەلاتی بێ سنووریان پێدراوە...) نوسەرانی بەرنامە (لەلێکدانەوەی خۆیان) ئاکام وەردرگرن کە(نەتەوەی کورد لەژێر زوڵم وزۆری ئەمپڕالیزم ودەوڵەتی فئوداڵ بورژوای،ناوەندی وملکدارانی گەورەی کورد، دایە...
هەڵسووڕێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڕاگەیاندنی ئەم خاڵەکە(حەسابی نەتەوەکانی ئێران لە حیسابی حکوومەتی ناوەندی)بەجیادەزانن، هەروا ڕاگەیاندنی بەربەرەکانی لەگەڵ( شوێنسم)ی ئێرانی کەلە هەبوونی نەتەوەیی کورد، حاشا دەکات،ولەعەینی حاڵدا بەربەرەکانی لەگەڵ دەمارگرژی کوردی کە تێدەکۆشێ غەرەزو بوغزو دژمنایەتی سەبارەت بەحکوومەتی ناوەندی، بەسەر نەتەوەی ئێران دا ساخ کاتەوە،و بەربەرەکانی هاوبەش دژی دەم ودەزگای سەلتەنەتی –فاشستی (شا)
بەئامانجی دامەزراندنی( کۆمارێکی دێموکراتی)پێشنیاردەکات. کە کوردەکانی ئێران لە چوارچێوەی ویدا(حکوومەتی نەتەوەیی) وپەرلەمانی نەتەوەیی) خۆی دەبێت کەئەندامانی وی ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن. و لەهەڵبژاردنی ئەوان ژنانیش، مافی دەنگدانیان دەبێت، زوانی کوردی ،زوانی فەرمی کوردستان دەناسرێ، بەلام مافی زوانی کەمایەتیەکان ڕێزی لێ دەگیرێ.
حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە پێ قرساندن لەسەر بەرامبەری ویەکسانی ژنان(مووچەی وەک یەک، حەق دەستی وەک یەک، لەگەڵ پیاوان)وئازادیەکانی سیاسی( ئازادی قسەوبڕیار دەربڕین، ئازادی چاپەمەنیەکان وئازادی مەزەب) (حکوومەتێکی نامەزەبی) شی دەکاتەوە،(یانی جیایی دین لەسیاسەت) کەلە ویدا ئەڕتەش وپۆلیس هەڵدەوەشێتەوە( وچەکداری ناوچەیی) و(ئەڕتەشی نەتەویی) جێیان دەگرێتەوە.
نووسەرانی بەرنامەی حیزبی دێمووکراتی کوردستان بەپێشنیاری زنجیرە تێکۆشانێک لەپەیوەندی لەگەڵ سەنعەت( خۆماڵیکردنی سەرچاوەکانی ژێرزەوی، بن هەرد، لێرەواڕەکان وکشت وکاڵ) ودابشکردنی زەویوزاری مڵکدارەکانی زڵ( نەیارانی حکوومەتی نەتەوەیی) لەنێوان وەرزێڕانی هەژار وخێلاتی) نشتەجێکردن ئەم
خەڵکە) وپەرەبەفەرهەنگ وڕامیاری، پەروەردەو فێرکردن بەزۆرەملی هەتا چواردەسالانە، و هێنانە دی تیاتر وئیستگایەکی ڕادیویی، زانستگایەک وبنکەکانی جۆراوجۆری ڕامیاری وسەرانسەری، هەروا،لاق داگرتن لە سەر ئەمە (حکوومەتی نەتەوەیی) کوردستان، دەبێ لە هەل ومەرجیک بۆ یارمەتی وداکۆکی بەمیللەتی کوردی ولاتانی دیکەی جینار، وبەر بەرەکانی سەبارەت بەئازادی تەواوی کوردستان کەلک وەربگیرێ، بەوتەکانی خۆیان کۆتایی دێنن.
ئاشکرایە کە تەنیا لە1973، وپاش کۆتایی پێهاتنی ئەو شەپۆلە گۆڕانکاریە، زۆرەیە کە حیزبی دێمکراتی کوردستانی ئێران، لە ئاکامدا (فەرمی) بەقازانجی خەباتی چکدارانە،دژی ڕێژیمی(شا)

بیروڕای خۆی ڕادەگەیەنێ، بەڵام حیزبی دێموکڕاتی ئێران ساڵەکانی 1955-1958، بەئاشکرا بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی ئینقلابیە- ئەم تایبەتمەندییە، بۆخۆی بۆ ئاگادارکردنی بروسکەی سەرکوتی دەزگای ڕێژیم بۆلای ئەو لەڕادەبەدەری بەس بوونیش پترە.

پاژی 4-
پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق لە سەردەمی دامەزران
(1946) هەتا شۆڕشی 1958،

پێشوازی و بەرەوپیر چوونی بەشێنەیی قازی محەمەد، لە مەلامستەفا بارزانی و دەهەزار کوردی غەوارە، لەگەڵ وی، نەختۆڵەیەک ساردبوو، قازی محەمەد تێکۆشابوو کەبارزانی تێگەیێنێت کە هاتنی ئەو هەموو خەڵکە بۆ کوردستانی ئێران، لە حاڵێکدا کە بۆخۆیان تووشی قات وقڕی بوونە، تەنگ وچەڵەمەیەکی زۆر پێکدێنێ.
بەڵام بارزانی کە هێزەکانی ئێراقی هەتالیواری سنوور بە شوینی کەوتبوون، بێ ئەوە چاوەنواڕی وەڵامی قازی محەمەد بکات- یان لەپاڵەخۆیدا مەسەلەکە لێکداتەوە- لە ئۆکتۆبری 1945، ئاوای ئەودیوی کوردستانی ئێران دەبێت... وئەم خەڵکەی کە ڕەگەڵ بوون، لەگوندەکانی دەورو پشتی ناوچەکانی شنۆ، مەهاباد، بڵاو بوونەوە، وەزیەتێکی ئێکجار ئەستەم ونالەبارو تەژی لەئاخ وئۆف پێک دێنن،برسیایەتی و وپەتایتیفووس) بۆتە بەڵای سەربەڵایان!

کوردەکانی کوردستانی ئێرانیش وەکوو، کوردەکانی پارچەکوردستانی ئێراق، سەخمەرات، بەپەیوەندی قازی محەمە، وبارزانی، تێدەکۆشن بەدیزە بەدەرخۆنە، بەسەریدا تێپەرن، ئەم پەیوەندییە، بەپێی ڕیووشوێن، باش وهەتا پتەوبوو. بارزانی هەتا دوایین هەنگاو یانی هەرەس هێنانی کۆمار، بەقازی محەمەد بە ئەمەگ ووەفا دارمایەوە. بۆ حوکم وفەرمان ودەسەڵاتی وی سەری کڕنۆشی دانواند. بەڵام لە سەرئەوەش ڕا، ئەم دووە، هەریەک ئەمین بەڕێباز وئەرکی مێژووی وقوربانی پاوانخوازی خۆیان بوو، و بابەت بۆ پڕیشک پەڕین بە یەکدی کەم نەبوو.
لە فۆرییەی 1946،یانی مانگێک دوایی ڕاگەیاندنی کۆمار، لەلایان قازی محەمەد(22ی) ژانوییەی 1946) نۆ کوردی ئێراقی، لەوانە بارزانی وهەمزە عەولاّ، (کۆمیتەی پارتی دێموکڕاتی کوردستانیان) بۆ پێراگەیشتن بەچارەنووسی بارزانیەکانی دانیشتوی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ئێران، بنیات نا،ئامانجی مرۆڤ دۆستانەی ئەم بنکە نوییە، ڕوونبوو. بەڵام بە دامەزراندنی وی لەم نێوەدا، دەیانەویست لە حاڵێکدا کە تازە هاتوونەتەکوردستانی ئێران( پێناسی کوردستانی ئێراق بپارێزن)
قازی محەمەد، لە سەرەتا ئەم کۆمیتە، نوێیەی ئاریکاری کرد، جێگا ماشین دەستی بۆ دابین کردن. بەڵام پاش قەدەرحەیامێک بە بارزانی و هەمزە عەولاّی گوت:(حیزب یەکەکە، وئێوەش دەتوانن لەحیزبی ئێمەدا بشوغڵن بەڵام نەک بەشێوەکی جیا)
ماوەک دوایی ئەم ئاگاداریە، هەمزە عەولاّ،کە هەڵگری نامەی بارزانی بوو، دەچێتە کوردستانی ئێراق، لەم قاقەزەدا، بارزانی داوای کردبوو کارێک بکرێ کەهەمزە عەولاّ، بەهۆی ئاخافتن لەگەڵ دەوڵەتی ئێرق، لەمەڕ گەڕانەوەی بارزانی، لەگەڵ باباعەلی یەکێک لەکوڕەکانی شێخ

مەحموود، پەیوەندی بگرێت! بارزانی هەروا لەم نامەدا لە تێکۆشەرانی کوردی ئێراقی داواکردبوو، کەهەمزەعەولا، بۆ بنیاتنانی پارتی دێموکڕاتی کوردستان) ئاریکاری بکرێت.

1- گەڕانەوەی بارزانی بۆ ئێراق

ئاخۆ دەبێ پەیوەندی نیوان قازی محەمەد وبارزانی، چەندە بوڵێڵ ببێت کە بارزانی کەوتبێتە فکری گەڕانەوە بۆ ئێراق. لە حاڵێکدا( دادگەی زەمانی شەڕ)ی بەغدا، لەدەسامبەری 1945، بارزانی وشێخ ئەحمەدو سێ کەسی دیکەی، لە کوردەکان بە (ناپەندی) مەحکووم بەئیعدام کردبوو.
بێگومان ئەمە، لە گەمەیەک، وێوەتر نەبوو! پەیوەندی نێوان قازی محەمەد و بارزانی ئەگەر چ کات زۆرباشێش نەبووبێ، بارزانی لە بەر ئەمە دانەبوو، کە بگەڕێتەوە ئیڕاق. بەڵام وای فکردەکردەوە، کە ئەگەر بیتوو قازی محەمەد، پێ بحەسێ کەئەو بیروڕایەکی ئەوهای هەیە، پەیوەندیەکەی لەگەڵ باشتر دەکات، و هەرواش بوو.
گەمە، یان ناگەمە، ئەم فکرەی بارزانی لەگەڵ دژایەتی سازمانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی (ئێراق) لقی سولەیمانیە، ڕوو بەڕوو بوو، بەتایبەت برایم ئەحمەد کە بە هیچ لەونێک قایل نەبوو کە بارزانی بۆ ئێراق بگەڕێتەوە، کە کۆماری مەهابادی پی کزدەبوو) بۆیە نامەیەکی بۆ قازی محەمەد نووسی ولەویدا داوای کرد کە تێکۆشانێک بۆ باشتربوونی وەزیەتی بارزانیەکانی دانیشتووی کوردستانی ئێران بکات( بریتی: لەدابەشکردنی خواردەمەنی پیویست وهتد...)
بڵاوبونەوی خەبەری دەرەجەی ژەنەڕاڵی ئەڕتش کۆماری کوردستان،بە مەلامستەفا بارزانی،لەژمارەی سەرەتای مارسی ڕۆژنامەی کوردستان. حیکایەتی لەوە دەکرد کە مەسەلە حەل وفەسڵ بووە.

2-بنیاتنانی حیزبێکی کورد لەکوردستانی ئێراق

دووەمین پاژ، لەڕاسپاردەیی هەمزە عەولا، بۆ پاشە ڕۆژی بزووتنەوەی ڕزگایخوازی کورد، دەستەبەری دواڕۆژو، شوێنەوارێکی گرینگ بوو: بارزانی بە وەدیهێنانی (پارتی دێموکڕاتی کوردستان) تایبەت بۆ کوردستانی باشووری ئێراق، لەڕاستیدا لەسەر دابەشکردنی دەستکردی کوردستان، ئەبەم خەتەسنوورەی ئێران و ئێراق( کەبوو بەجێگری سنوورەکانی ئێران وئوسمانی) بەکردەوە، واژو-کرد. وبە یەکیەتی بزوتنەوەیەک، کە پەلووپۆی لقی سولەیمانیەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئیران، لە حاڵی گەشەو بەرفرەوانی دابوو، کۆتایی پێهێنا.
هەر لەسەرەتا، برایم ئەحمەد، دژی ئەم پێشنیارە ڕاوەستا، چەندساڵ دوایی مێژووی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، شایەدی کێ بەرکێی ئەم دوو کەسایەتیە، دەبێت. ئەویش دوو بەرەکی یەک، کەپتر مەسەلەی نێوەخۆیی، تێیدا ڕۆڵ وگرنگایەتی هەبوو،-خوشکی برایم ئەحمەد خێزانی هەمزە عەولاو، خۆشکی هەمزەعەولا هاوسەری برایم ئەحمەد بوو.
برایم ئەحمەد دەڵێت: ئەو بە بێ(ئیجازەی) قازی محەمەد نەشێت سازمانەکەی هەڵوەشێنێتەوە، وپێی وایە(خەباتگێرانی کورد) کەبە شێوەیەکی لێک تەڕاو بەڕاو پچڕ پچڕ، لەدەڤەرەکانی

جۆراوجۆری کوردستان، بەربەرەکانی دەکەن، نابێت بەلقی فراوان بەش، بەش بکرین) چونکە ئەم کردەوەیە کۆماری مەهاباد لە وزەو توانا دەخات!)
پێویستە کە دەم بەمەش دابێنین، کەئەوبەڵگەو دەلیلانەی کەسی ساڵ دوایی بە هۆی بنیاتنەرانی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی باشووری ئێراق، بۆ شێکردنەوەی ئەم مەسەلە، هاتەگۆڕ، هەتا ڕادەیەک سەیری دەنواند: بە بۆ چوون وگومانی ئەو کەسایەتیانە، هەل ومەرجی ئێران لەگەڵ ئێراق(تەوفیری زۆربوو)-ئاوی لە بەرە جۆیەک نەدەخواردەوە-لە ئێران کۆماری کوردی هەبوو کە(دەسەڵاتی زێدەتر لە کۆمارێکی خودمووختاری بوو)لەحاڵێکدا لەئێراق( ئێمە بۆ وەدەست هێنانی مافی سەرەتایی دەبوایە بەربەرەکانیمان کردبوایە.
دامەزراندنی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق لە(چەتوونی پەیوەند گرتن)لەگەڵ مەهاباد، بیر لێدەکەنەوە ودەڵێن: ئەمڕی ڕاپەڕینی ئەرکەکانی بە سەخڵەت ودژواری بەدەستیان دەگات.
لەسەریەک، ئەمە دورشمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران (خودمووختاری بۆ کوردستان) لەگەڵ هەل ومەرجی کوردستانی ئێراق، ڕیک نەکەوتبوو.
هۆیەکانی مجدی، بارزانی ونێزیکانی هەرچی بووبێ،ڕاستی یەکەی، ئەمەیە، کە ئەم هەنگاوە، دەمەتەقەیەکی توندو قسە لەسەرکردنێکی خست و خۆڵی لەناخی (شۆڕش) یانی حیزبی کموونیستی کوردستانی ئێراق کە بۆخۆی شەتڵی سەردێراوی (هیوا) بوو، وروژاند. هەمزە عەوڵا، بۆ وت وێژ لەگەڵ ڕێبەرانی حیزب، بۆ بەغدا ڕۆیی. ولەجەرەیانی سازدانی کۆنگرەیەکی کەمایەتی شۆڕش، لەگەڵ جەماڵ و سالح حەیدەری ونفریونس، لەبەرامبەر پێشنیاری بارزانی دژایەتی دەکەن وبەحیزبی کموونیستی ئێراق دەلکین،ولە وێ برایانی حەیدەری ونفریونس، دەبن بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کموونیست، لە حاڵێکدا زوربەی ئەندامانی وی، بە هەڵوەشانەوەی حیزب ویەکگرتنەوەو، خولاسە بوونەوەی لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، دەنگ دەدەن.
لە ژوئینی 1946، هەمزەعەوڵا بە(پێشنیاری) بارزانی بۆ تەکۆزی وسەروسان پێدانی حیزبی نوێ، بۆ کوردستانی باشووری ئێراق دەگەڕیتەوە: بارزانی بە، بەرپرسی پارتی دێموکڕاتی کورستان هەڵدەبژێردرێ، وشێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحموود وزیا محەمەد، بە جێگری بەرپرس دادەنرین.

## 3-کۆنگرەی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق(1946) زاییینی

لە16ی ئەوتی 1946نوێنەرانی گشت بنکەکانی کورد، لەدوایی پەسند کردنی پێشنیارەکانی بارزانی، بۆ بەرپاکردنی هەوڵین کۆنگرەی پارتی دێموکراتی کوردستانی ئێراق، بە نهێنی لەبەغدا، کۆ بوونەوەیەک، پێکدێنن، و بارزانی کە بۆ خۆی لە مەهابادە، هەمزەعەوڵای، بەنوێنەری خۆی ناردۆتە، کۆنگرە.
برایم ئەحمەد، دەیەوێ لەکۆنگرە دابەشداری بکات، بەڵام بۆ ناو دانیشتنەکانی کۆنگرە ڕێی پێنادرێ. چونکە گۆیا ئەو نەیویستبوو ببێ بە ئەندامی ئەم حیزبەنوێیە!( ئەو لەمارسی 1947، لەدوایی جوانەمەرگ بوونی کۆماری مەهاباد، بوو نەئەندامی پارتی.
لە ناوەرۆکی سازمانیدا- هەمزە عەوڵا، بە سکرتێری گشتی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێڕاق، هەڵدەبژێردرێ، حیزب بەچەشنی حیزبێکی کموونیستی یەکیەتی سۆڤێت،ڕێکخراوە، کۆمیتەی ناوەندی هەیە، کە ئەفسەرەکانی نەتەوەخوازی وەکوو میرحاج، عیزەت عەزیز، مستەفا خۆشناو،

ونووری ئەحمەد تەها، لەویدا ئەندامەتی یان، هەیە. هەروا لە نووسینگەی سیاسی کە دەسەڵاتی لەدەست دایە، تووشی هەمزە عەولا، عەلی عەولا،و دکتۆرجەعفەر، عەبدولکەریم دەبین!

پەیرەوو پرۆگرامی ئەم حیزبە نوێیەی کورد، بەرنامەی حیزبێکی پێشکەوتەیە، لە ڕەخ داخوازیەکانی نەتەوەیی وێچوو- خۆدمووختاری بۆ کوردستانی ئێراق- داخوازیەکانی کۆمەڵایەتیش وەبەرچاو دەکەون: دابەشکردنی زەویووزار، سەروسامانداني بەمەرجەکانی ژیانی کرێکاری، گۆڕانکاری ئابووری وکۆمەڵایەتی. (خۆماڵی کردنی سەرینچاوەکانی سروشتی ژێرزەوی، وجیاکردنەوەی دین لەحکوومەت) خولاسە پارتی دیمووکڕاتی کوردستانی ئێراق، هەرلەسەرەتای ڕۆژی لە دایکبوونی حیزبێکە دژی ئەمپەڕالیست ودژی کۆنەپەرەستی، و لە پێکهێنانی بەرەیەکی گەلی) بە، بەشداربوونی حیزب، وخەڵکی ئازیزو شەریف و پارتی دێموکڕاتی نەتەوەیی وحیزبی کموونیستی ئیراق، بەشداری دەکات.

سازمانەکی ئینقلابی نهێنیش هەبوو کەئەندامانی وی بەگوێرەی قەولی گروپێک 500 کەس وبەقسەی هێندێکی دیکە خۆی لە2000کەس دەدا.

پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق، خێرا حەوتەنامەی(ڕزگاری) بەزوانی عەرەبی بڵاو دەکاتەوە.

دیاری کردنی ڕادەیی شوێن تێکردنی بارزانی لە داڕشتنی بەرنامەی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق، شولێکی چەتوونە، بەڵام قەبووڵ کردنی ئەم مەسەڵەش زەحمتە، کەئەو بێ لێبڕاوانە هەتا لەحاڵێکدا کە زۆرحەوجێ بە ڕووناکبیرانی (هیوا)بوو خۆی لێ نزیک نەدەکردن،لە حیزبی خۆی داجێگای پەسەند بێت. بەڵام ڕاستییەکە ئەمەیە کە پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق، هێشتا هێندە لەڕێکەوتی دایکبوونی تێپەڕ نەبوو کە (هەتیو) مایەوە. لە ئاوریلی 1947، بارزانی بۆ شوورەوی ڕۆیی، پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق، هەتا ساڵی 1955 هەموو جۆرە پەیوەندییەکی لە گەڵ وی لەدەست دا!

## 4-پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق، بەبێ بارزانی 1947-1958

پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق، کە گووڕاوەی(جەمسەری یەکیەتی)و بەرهەمی دەستکردی بارزانی و ئیدوئۆلۆژی، ڕووناکبیرانی مارکسیست(شۆڕش) بوو لەهەل ومەرجی پڕ تەوەژم ودوو لایانەی سەرکوت وشەڕی سارد، چەقەرە دەدات وپەروەردە، دەبێت. لە1946، یانی لەوچاخەوە، کەبناخەدانەرانی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئیراق، لەبەغدا پێکەوە کۆبوونەوە، پەردەیەکی ئەستووری دەنگبڕ و سەرکوت وپڕمەترسی، بەسەرئێراق داهەلکێشرابوو. حیزبەکانی چەپ کەلە دەوڵەتی تەقریبەن

لیبراڵی تۆفیق سوێدی، ئیجازەی تێکۆشان و جووڵانەوەی سیاسی حیزبیان هەبوو، بەدەستی دەوڵەتی جێگری ئەو یانی: ئەڕشد العمرێ، یاساخ کران. وڕێبەرەکانیان گیران. لەخۆ پیشادانێک، خەڵک لەبەغدا، کەرکووک، پۆلیس تەقەی لەجەماوەر کرد، هێندێک کوژراوو بریندار بوون.

لە ژانوییەی 1947،لەدوایی بەدەسەڵات گەیشتنی نووری سەعید- پۆلیس یوسف سەڵمان یوسف- سکرتێری گشتی حیزبی کموونیستی ئێراق، وزوربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی ناوبراوی، بەناغافڵ دەست بەسەرکرد، ئەم گروپە لە مەحکەمە، بەئیعدام و زیندانی دوو روو درێژ مەحکووم کران.

کوردەکانیش لەم سەرکوتکردنە بێ بەش نامیننەوە: لە 19ی ژوئنی 1947 ئەم چوار ئەفسەرەی کەلەگەڵ بارزانی هاتبوونە، ئێران، یانی سەرهەنگ عیزەت ئازیز، سەرگورد مستەفا خۆشناو، سەرگوردخێرۆڵلا عەبدولکەریم ،وسەروان محەمەد مەحمود، لە شاری بەغدا، لە سێدارە دران!
ماڵەکانی لایانگری بارزانی کەلە دەوایی هەرس هێنانی کۆماری مەهاباد گەڕابوونەوە ئیراق، نزیکەی /5000ژن ومنداڵ وپیرو پەک کەوتە بوون- لە ئۆردگایەک، لەنزیک( دیانا)حەپس دەکەن، ئەم خورتانەی کەبۆ یەکیەتی سۆڤیەت ڕەگەڵ بارزانی نەکەوتبوون- ئەژماریان دەگاتە هەزارکەس- لەکەرکووک، سولەیمانیە، زیندانی دەکرێن، شێخ ئەحمەدیش دەخرێتە بەندیخانە!
بەلاّم لە 1948، هەڵچەرخینەوەیەکی ئێکجار توند لەنێوان باڵی چەپی ئێراق وکار بەدەستانی میری ڕوو دەدا، دەوڵەتی نوێ بە ڕێبەری سالح جەبر، خەریکی گفتۆگۆ لە بارەی گرێدانی بەڵێننامەیەکی نوێیە، کە بە(پەیمانی پرتسموث)ناوبانگی دەرکرد. یەکێک لەخاڵە زەق وگرینگەکانی ئەم پەیمانە: وەدیهێنانی شووڕای بەرگری(دیفاع)ی هاوبەش، لە نیوان ئێراق وبریتانیایە.
لە ماوەی مانگی ژانوییەی 1948ی زایینی خۆپێشاندانی دەتێکسڕماو، یەک بە دوای یەکدا، لە بەغدا سەر هەڵدەدەن، کە هێندێک بیچمی شۆڕش بەخۆوە دەگرن، دواییی ئەم خۆپێشاندانانە کەلە 27ی ژانوییەی 1948 دابوو، زۆر بێ بەزەییانە، دامرکێندرا، سێ کەسی تێداکوژران وسێ سەدکەسیش بریندار بوون. وهەر ئەو شەوەی دەوڵەتی کاتی وازی هێنا، دەوڵەتی جێگر، نەچووژێر باری ئێمزای پەیمانی پرتسموث و، واژۆی نەکرد.
کاتێک شەڕی جوولەکەو(ئیسرائیل) عارەبەکان قەوما، وەزعی نائاسایی(حکوومەت نیزامی) ڕادەگەیندرێ، سەرکوت توند دەبێت، هێندێک لە ڕێبەرانی پارتی دێموکراتی کوردستانی ئێراق، بە تۆمەتی کموونیستی دەخرێنە بەند، کە برایم ئەحمەد یەک لەوانە، کە بە دوو ساڵ مەحکووم دەکرێ. ویوسف سەڵمان و دوو کەسی دیکە لە ڕێبەران ئیعدام دەکرێن.(یوسف سەڵمان ناسراو بەفهد، وزەکی بسیم) وهێندێک بۆ دەرەوەی وڵات هەڵدێن، دەستەیەکیش خۆیان حاشاردەدەن.
لەو ماوەیەداپارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق، شان بەشانی حیزبی کموونیستی ئیراق، وحیزبەکانی پێشکەوتووخوازی دیکە، بەربەرەکانی وخەباتی کرد.
لەڕاستیدا پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق، هێندە لەحیزبی کموونیستی ئێراق، نزیک ببوو، کە بەقەولی برایم ئەحمەد سکرتێری گشتی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق،( لەمانادا، پاشەکەوتی حیزبی ناوبراو بوو).

## 5-بارزانی ویەکیەتی سۆڤیەت

مەلا مستەفا بارزانی کە قەدەرحەیامێک بوو، یەکیەتی سۆفیەت بەچاوی (سیخوری ئینگلیستانی) لێدەروانی، کاتێک گەییە، سۆفیەت، لە بەر چاوی ڕۆژ ئاواییەکان بە بیچمی(بووکەبارانەی مەسکۆ) هاتە بەرهەتەر،(سایرس سالزبرگر) لەوتارێکدا، دە (نیویورک تایمز) کە بیروڕای وەزارەتی دەرەوەی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا، سەبارەت بەتێکۆشان و خەباتی ڕووسەکان لە ڕۆژهەلاّتی نزیک دەکاتە ئاوێنەی بالاّ نوێن و شی دەکاتەوە، کەچلوون کوردەکان، ئەگەر نە،بەکردەوە، بەلاّم، بە وزە، (بڕبڕەی پێنجەم) پێکدێنن! پێ لەسەر ئەمە دادەگرێ کەبارزانی ئاریکاری بە شووڕەویەکان کردووە، ئەوان قوتابخانەیەکی تایبەتی ڕاهینانی ( دەست ودەیارەی) کوردی، لە نەخجەوان،بنیات دەنێن، ئەم دەست ودەیارەیە لەوێڕا بۆ تورکیەو ئێران دەچن!

سەیرئەوەیە،کە هێندێک لە ئەندامانی جەماوەری کوردی تەرەی وڵاتانی ئورووپاش، پێیان ناخۆش نیە، کەبە(ئەفسانەی ژەنەڕاڵی سوور) وزەو ئیحتوبار بدەن. ئەگەر قسەی(بۆلتین، ناوەندی تۆژینەوەی کوردی)کەبەدەست ئەمیربەدرخان بڵاو دەبۆوە، قەبووڵ بکەن، ژەنەڕاڵ بارزانی، هەموو ڕۆژێ بێ نێوەبڕ، ماوەی سەعاتێک لە ڕادیوی باکۆ قسە دەکات. و لەگەلی کورد داوادەکات: ددان بەجەرگی خۆ داگرن، ڕۆژێک ئەم خەیاڵە جلی کردەوە، دەپۆشی وکورد بەئاواتی لەمێژینەی خۆی دەگات. بەڵام ڕوون نیە، کە ئەمیر کامران بەدرخان ئەو ئاگادارییەی لەکوێڕا وەدەست هێناوە-ئاخر ئەو بۆخۆی لەم سەرو بەند دا، لەپاریس لاتەریک بوو. و بە هەرحاڵ ئەم دەنگوو باس و خەبەرانە، لەبنەڕەتدا، بەوێچوون نزیک بەیەقین درۆن.
بارزانی تەقریبەن دەست و جێ، پاش ئەوەی گەییە، یەکیەتی سۆڤیەت لەڕاستیدا لەگەڵ بە دەسەڵات ترین کەسایەتی ناوچەیی: یانی (باقراف) بەرپرسی شووڕای بەرزی کۆماری سۆسیالیستی شوورەوی ئازەربایجان- کە مەڵبەندی هەڵکەوتوو لە ڕۆژئاوای گۆلی ورمێی بەبەشێک لە کۆماری ئازەربایجانی شوورەوی دەزانی- ناکۆکی و دەمە تەقەیان لە نێودا ڕابوو. بارزانی نەیویستبوو ببیتە ئامرازی گاڵتەی (باقراف) . بۆ ویش وەکوو قازی محەمەد، ئەم ناوچەیە، بەشێک لەخاکی کوردستان بوو، و هێندەی نەکیشا، کە پەیوەندی نیوان ئەو دووە یانی (باقراف و بارزانی) گەییە ئەو پلەی بولێڵی خۆی!
دەگێڕنەوە کە لە مەجلیسی میوانداریەکدا، کە بارزانیش،بۆ وێ بانگهێشتن کرابوو، ئەو پیاڵەی خۆی بەرز نەکردەوە، وگوتی: ئەمن چ ناخۆمەوە، وچ زاد ناخۆم! چاخێک /500کورد(یانی ئەو هاوڕێیانەی کەلەگەڵی چووبوونە سۆڤێەت) لە برسان دەمرن، چتۆ دەتانەوێ ئەمن شتیک بخۆم! ئەم قسەیە ڕاست بێ یان نا، حیکایەت لە ساردوسڕی پەیوەندی لە نیوان بارزانی ودەسەڵاتدارانی یەکیەتی سۆڤیت دەکرد.
پاش ماوەیەک، هاوڕێیانی بارزانی لەگوندەکان بڵاو دەکەنەوە، سەرەتا لە ئەرمەنستان، وپاشان لە ئەزبەکستان، ولەگەڵ ئەوان، وەکوو پەنابەری ئاسایی دەجوڵێنەوە، نەک پەنابەری سیاسی.
وەک دەڵین بارزانی بۆخۆی لەمەڕ بژیو،چ تەنگ وچەڵەمەی نەبوو بەڵام چ ڕۆڵی سیاسی نەگێڕاوە... ئەگەر(ڕادیوی نهێنی) حیزبەکانی دێموکڕاتی ئازەربایجان و کوردستان هەتاساڵەکانی 1954-1955، بەرنامەکانیان بەکۆردی بڵاو دەکەنەوە، ئەمەقسەی تێدانیە کە بارزانی لەم بەرنامەدا، بەناوی حیزبێک کە ڕۆژنامەکەی بەناوی ئازەربایجان لاپەڕەکی ( بۆکوردستان) تەرخان دەکرد، نەئاخافتووە!
تەنیا لە دوای مردنی ئیستالین ومحاکەمەی(باقراف)ە کە وەزیەتی کوردەکانی پەنابەر لە یەکیەتی سۆڤیەت، گۆڕانکاری بەسەردادێ، بارزانی بەفڕۆکە دەچێتە مەسکۆ، ولە کۆمیتەی ناوەندی ماندەگرێ، هەتا لەئاکامدا لە لایان خرۆشچف، ماڵنکۆف، ومۆلۆتۆف، ئیجازەی پێدەدرێ ڕاستەوخۆ لە گەڵیان قسە بکات!
لە سەرتاوە، بە توندی دەجۆڵێنەوە، بەڵام ئەو بەشێوە ئاکارەییەی کەلەگەڵ هاڤاڵانی دەکرێ، ناڕەزامەندی خۆی دەردەبڕێ ودەڵێت: ئەو بەوهۆیەوە،داوای پەنابەری لە شوورەوی کردوە، کە ئەوی بەدۆستی کورد دەزانێ)! وداوا دەکات هەموو لاوانی کورد بتوانن، وڕێگایان پێبدرێ بچنە قوتابخانەکانی پسپۆری وقوتابخانەکانی حیزبی، وبۆخۆی ودەستەیەکی بچووک لە کادێرەکان ئیجازەی نشتەجێ بونیان لە مەسکۆ، وەرگرت، وئەم گروپە، لە قوتابخانەکانی مەسکۆ، بۆفێرکردنی زوانی رووسی و زانستەکانی سیاسی و مارکسیسم، خەریک بوون.

چەند مانگ دوایی جەلال تاڵەبانی، کە بۆ بەشداربوون، لە فستیڤاڵی دنیای لاوان (1955)بۆ وەرشەو، دەڕۆیی،بەمەسکۆ داتێپەڕی ولەوێ لەگەڵ بارزانی پەیوەندی گرت. ئەمە یەکەمین پەیوەندی بارزانی لەگەڵ بزوتنەوەی کوردی ئێراق، لە دوایی ساڵی 1947بوو!
بارزانی کاتێک لە مەڕ لابردنی شێخ لەتیف لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ئاگادار بوو،بەتاڵەبانی گوت: دەبێ پەیوەندی حیزب لەگەڵ جێگری بەرپرس کە ئەو بۆ خۆی لە(1946) دیاری کردوە،نوێ کاتەوە، وگوتی: ئێوە دەبێ پەیوەندی بەرفرەوانتان لەگەڵ کەسایەتیەکان هەبێت... حیزب نابێ سازمانیکی بەرچاو تەنگ و دەرگا گاڵەدراو بیت!)
جەلال تاڵەبانی، بەبۆنەی فیستیڤاڵی دنیای لاوان، لە(1957) جارێکتر گەڕاوە مەسکۆ، ئەمە دووەمین وئاخرین پەیوەندی پارتی دێموکڕاتی کوردستان، لەگەڵ بەرپرسی خوی لەماوەی مانەوەی لەیەکیەتی سۆڤیەت بوو. لەم سەردەمە دا، هەموو هیوایان لەم بارەو،بڕابوو کەبارزانی جاریکیتر لەئێراق بدینن!

---

6-بنیادگەرایی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق

دوایی زەخت وتەوژمێکی زۆری ساڵەکانی 1947-1948-1949،حیزبی دێموکڕاتی ئێراق،بەکردەوە، ڕێبەری نەبوو. لەسپتامبەری 1950،بەشیک لە کادێرەکانی کە هێشتا، ئازادبوون،تێکۆشانێک بەبۆنەی نوێکردنەوەی سازمانی حیزب دەست پێکرد، کەبوو بە هۆی دووەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکڕاتی ئێراق.مارسی(1951).
لە دیاردەکانی بەرچاوی ئەم کۆنگرە، کە ئەرکی گرینگی وی، مەلعەم دانان لە سەر کۆنەبرینی تەشەنابووی ڕابردو، ویەکەکیش بەرزکردنەوەی پلەوپایەی برایم ئەحمەد، کەلە دوایی کۆدتای ناوەخۆی، دژی هەمزە عەولا، بەسکرتێری گشتی حیزب بوو.
برایم ئەحمەد دوو مانگ بەر لە پێکهێنانی کۆنگرە، لە زیندان ئازاد ببوو. نوێنەرانی کۆنگرە، لەبەر ئەمە دادەبن کە پەیرەو ئەساسنامەی نوێ، بۆ سێومین کۆنگرەی حیزب ڕێکخەن.
سێهەمین کۆنگرەی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، لە1953لەکەرکووک دەکرێتەوە: نوێنەرانی کۆنگرە دانانی برایم ئەحمەد بەسکرتێری گشتی حیزب پەسند دەکەن، وبەرنامەیەک، دەگوزەرێنن کەحیزبی لەڕادەبەدەر، بۆلای چەپ داژوات، بەگۆمانی هێندێک، هەتا چەپتر لەکۆمەنیست! پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێڕاق، کەخۆی بەحیزبی مارکسیست ولێنینیست دەزانێ،دژی شەڕی چەکدارانە، بیروڕای خۆی دەردەبڕێ، وبۆ کوردستان داخوازی هەل ومەرجێکی تایبەت یانی: حکوومەتێک لەناخی ولاتێکی فیدڕاڵ دەکات، بەلام حیزب،بەتایبەت شیاوتربوون مافی وەپیشخران(اولویت) بە دژی کۆنەپەرستی و ئەمپەریالیستی بە هەنگاوی یەکەم دادەنێ!
نووری شاویس، لە ڕێبەرانی پارتی دیموکڕاتی کوردستانی ئێراق،لەبەسەردا چوونەوەی ڕابردوو دا، دەڵێ: (بڕیارمان گرتبوو قازانجی نەتەوەیی فیدای قازانجی کۆماربکەین، بۆ ئێمە جیا لە ئەمپەڕالیستەکان وسۆسیالیستەکان شتێکیتر لەگۆڕیدا نەبوو، وئەوانەی کە بە ئاشکرا دەیاندیت، بەقازانجی ئەمپەڕالیستەکانیان خزمەت دەکرد.
بەلام کیشەو دندوکە لە نیوان باڵی برایم ئەحمەدو، هەمزە عەولا، تەقریبەن دەست وجێ دەست پیدەکات. ولە 1955،پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق، بە دوو لک دابەشدەکرێ: پارتی دیموکڕات بەمانای تایبەت، لە ژێر کارتێکردنی برایم ئەحمەد(بەرەی پیشکەوتووخوازی) هەمزەعەولا.

پارتی دێموکراتی کوردستانی ئێراق، لەکاتی دامەزراندنی لە1946،هەتا هەنۆکە، نەیتوانیوە، خۆی لەسەرگەردانی ڕزگارکات. ئاخۆ بایەخ بە مەسەلەی نەتەوەیی بدات، یان مەسەلەی کۆمەلایەتی؟ حیزب کە بێ لێبرانەوە، لەژێر هەرەشەی دەم ودەزگای میرییە، لەم حالەدا، دەبێت لە بەرامبەر حیزبی کمونیستیش لەخۆی پارێزگاری بکات. وچونکە بۆخۆی لەژێر دەسەلات بەسەرداشکاوی مارکسیستەکان ویا کەسایەتەکانی مەیلەومارکسیستییە،نازانێ چ شتێک ئەوی لەحیزبی کمونیستی ئێراق، جیا دەکات.
پارتی دێموکراتی کوردستانی ئیراق کە دەساڵ لە بنیاتنانی تێدەپەڕێ،چ کاتێک ئیدۆلۆژیەکی،تایبەتی نەبووە... لە1955 نەتەوەخوازانی پێشکەوتووخواز، لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، داوادەکەن، داوەریەکەی حەکیمانەیان بۆ لەم بارەوە،بکەن و دارەکیان بۆ پێدابێنن. حیزبی ناوبراو( بەشێوەی سولەیمان پێغەمبەر)حوکمەکی زانایانە لەم بارەوە، دەدا: دەڵێ: دوو مەسەلەی کۆمەلایەتی ونەتەوەیی، پێویستە پێکەوە چارە سەربکرێن، و دوو سازمان پێویستە پیکەوە یەکبگرن.
هەر لەو دەورەیەدا، یەکێک لەم دوو سازمانە، پێشنیاری پێکهاتنی کۆبونەوەیەکی پێکهاتوو، لەنوێنەرانی حیزبەکانی کوردی ئێران وئێراق و تورکیە، دەکات.
سی ساڵ دوایی ئەمە، حیزەکانی کوردستانی ئیران وئێراق،سەرلەنوێ هەنگاو بۆ دانانی کۆنگرەیەکی بەم چەشنە، هەڵدێنن بەلام لەئاکامدا وەلای دەنێن.
لە1956- دوو ڕوو داوی مەوجوود، لەپارتی دێموکراتی کوردستانی ئێراق، سەرلەنوێ،پێکەوە تێکەڵ دەبن،(وحیزبی تاقانەی دێموکراتی کوردستانی) ڵیدەکەویتەوە کە هەمزە عەولا، سکرتێری گشتییەتی، ورۆژنامەیەک بەناوی(خەبات) بلاو دەکاتەوە.

## 7-حیزبی کۆمەنیستی ئێراق ومەسەلەی کورد

لە سپتامبەری 1954حیزبی کمونیستی ئیراق لە دووهەمین کۆنفرانسی خۆیدا، سەرئەنجام سەبارەت بەمەسەلەی بنەرەتی، یانی: مەسەلەی کورد، بە، بەڵگەیەکی تێرو تەسەل، هەڵویست دەگرێ،و لەم بابەتەوە لێبوردنێ دەگرنگ لە مەڕ بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، دەکات.
لەم سەنەدو بەڵگانەدا،حیزبی کمونیستی ئیڕاق، سەرەتا، ئەم خاڵە دەست نیشان دەکات،و دێنێتەوەبیر،کە(جێگە دانیشتنی عەڕەب لەئیراق، بەشێکی جیا وەنەبوو لەولاتی عاڕەبی یە،(غیری قابل تجزیە)بەلام لە ناخی ئەم سنوورانە، بە کردەوە، کە تێکەوڵێکەی (ئەمپەڕیالیزمە) ولاتی ئیراق بەشێک لە خاکی کوردستانی وەبەرخۆی داوە، ئەوجار دەڵێ: خەڵکی کوردی ئێراق- بەشێکی جیانەبوو(لاینفک) لە میللەتی کوردن کە لە حاڵی حازر، لەنێوان تورکیەو ئێران، ئێراق، لەت کراوەن. نەتەوەی کورد لە مێللەتێک وێوەترنیە. ئەم نەتەوەیە، لە ڕاستیدا تەوای تایبەتمەندیوو سیفەتەکانی پیویست بە میللەتێکی تێدا لێ وەبەرچاو دەکەوێ، ئەم نەتەوەیە، پێکهاتوە لە چینی ئینسانی کە بە درێژایی مێژوو،لەگەڵ هەل ومەرج زەمان، پێگەیوە، و بەپێچەوانەی دابەشکردنی ئەمپەرالیزمی لەولاتێکی هاوبەش، ژیان دەکەن،ژێهاتوویی وزوانی هاوبەش وتەواوی مەرجەکانی پێویست، کەبە وی ئەم دەرەتانە دەدا، لە ئابووری نەتەوەیی وگشتی کەلک وبەرهەم وەربگرێ، ولەئازادی پێکهێنانی (هەبوونی نەتەوەیی) ئیستفادە بکات.

حیزبی کمونیستی ئێراق پاشان دەڵێ: خەبات وبەر بەرەکانی هاوبەش، شان بەشانی میللەتی عارەب،( بەمیللەتیی کوردیش ئەو دەرەتانە دەدات) هەل ومەرج وڕی تەختکردنێکی لەبارو پێویست بۆ بەڕیوەبردنی مافی خۆی و، وەدەستگرتنی چارەنووسی خۆی، یەک لەوانە، مافی پیکهێنانی دەوڵەتیکی سەربەخۆ لە تەواوی کوردستان و، وەدەست بێنێ!) بەڵام لە سەر ئەوەشڕا، هەڵویستی حیزبی کمونیستی ئێراق، خاڵی لەبوڵێڵ و شلوێ بوون نیە. حیزبی کمونیست لە ڕاستیدا لەم سەنەدە دووروو درێژەو تێروتەسەلەدا، چەند کەڕەت دووپات دەکاتەوە،کەلە حاڵی حازردا، تەنیا ڕێگەیەک لە بەردەمی ئێمەدایە، ئەویش ڕێگای خەباتی هاوبەش لەگەڵ ئاپوورەی خەڵکی عاڕەب، دژی ئەمپەرالیزم وهاوپەیمانانی، و ڕێگای خەباتی هاوبەش، لە ڕەخ جۆڵانەوەی ڕزگاریخوازی، ڕوو لە سەرکەوتوویی(اعتلای) عاڕەب، بە ئامانجی ئازادکردنی ئاپورەی خەڵکی ئێراق، بریتی لەعەڕەب وکورد.) وبەتایبەت بەم جۆرە بە قسەکانی کۆتایی پێدێنێ: (حیزبی ئێمە-وبەتایبەت بەشی کوردستانی ئێمە-هەروا بەداواکردنی تەواوی نەتەوەی کورد، وتێکۆشان بەبۆنەی وەدەست هێنانی ئەم مافی چارەنووسە، بەردەوام دەبیت. حیزبی

ئێمە، لە عەینی حاڵدا هزرو فکری جیاوازیخوازی کە سروشتی نەتەوەخوازی بەرچاو تەنگە،بێ ئابڕوو ئاشکرادەکات ولەگەڵ ئەوان بەربەرەکانی دەکات.)

ئەمە سەنەدێکە گرینگ: چ کاتێک لەئیراق، چ حیزبێک بەم چەشنە ڕوون ورەپ وراست،وکەللە شەق، سەبارەت بەمەسەلەی کوردی بڕیاری نەداوە وهەڵویستی نەگرتووە، وبەم جۆرە بێ پیچ وپەنا، ئەوها بەڕاشکاوی بەمافی چارەنووسی نەتەوەی کوردی ئێراق، وبەدیاری کردنی چارەنووسی خۆی بۆ کۆ بوونەوە لەمیللەتی کورد کە تەواوی تایبەتمەندی وهەل ومەرجی مێژوویی وئابووری وکۆمەڵایەتی وڕامیاری وفەرهەنگی بۆ( شێکردنەوەی) مەوجوودیەت وهەبوونی خۆی لەخۆیدا خڕو پتوون هەیە، دەمی پێدانەهێناوە. بەڵام پێ قرساندن لەسەر (خەباتی هاوبەش) و نەبوونی ڕوونکردنەوە، لەپشکەبەشی بەرپرسایەتی هەریەک لەم دوو حیزبە، لە گۆرەپانی ئەم خەباتی هاوبەش، بەتایبەت لەمەڕ لەقاودان وبێ ئابرو کردنی(نەتەوەخوازی بەرچاوتەنگ) تەژی لە تۆوی دەمەتەقەو مەناقیشەوویککەوتنێکە، کەلە ماوەی ساڵەکانی دوورو درێژ، ئەم دوو حیزبە، لەیەکدی جیا دەکاتەوە.

8-حیزبی دێموکڕاتی کوردستان(بەشی کوردستانی) حیزبی کمونیستی ئێراق

لەژوئێنی 1957،بەدوای ئەوپەیوەندیانەی کەلە نێوان گارگێڕانی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق وبەرپرسانی کوردی(بەشی کوردستانی) حیزبی کمونیستی ئێراق،سەردەگرێ( بەشەکوردستانی یەکەی حیزبی کمونیسی ئێراق) بەبیروڕای دابین کردنی یەکیەتی، ئەندامانی هێزەکانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق) بڕیار بە هەڵوەشانەوەی خۆیی ولکانی بەحیزبی تاقانەی دێموکراتی کوردستانی ئێراق گرت. دژکردەوەی حیزبی کمونیستی ئێراق توندە: ئەو لەدوایی سەرکۆنەکردنی پارتی تاقانەی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق، لەم بابەتە(خۆی بەحیزبێکی ئێراقی نازانێ) کەوتۆتە شوێن جیاوازیخوازی)وهەتا بزوتنەوەیەکە، ( لەژێر چاوەدێری ڕیبەرانی ئامریکایی) وئەوی تۆمەتبار بەئەمە دەکات(کەسەربەخۆیی بەدرۆی، کە سەرئەنجام لە چوارچیوەی ویدا دەبێ خەبات،دژی ئەمپەڕالیزم، بۆ وەدەست هێنانی ئازادی

دەست پێ بکا، بۆئازادی بەڕاستی لە ئێراقی ئازادو سەربەخۆ، بەباشتر دەزانێ و دەست پێشخەری پێدەدا. حیزبی کموونیستی ئێراق پاشان، بەشێکی نوێ لەکوردستان پێکدێنێ.

9-پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق، بەرلەئینقلابی ساڵی 1958)

لەساڵی 1958،پاش وەدیهێنانی کۆماری یەکیەتی عارەبی(پێکهاتوو لەسوورییە، میسر) ڕێبەرانی کورد، دەیانەویست دژی ڕێژیمی سەلتەنەتی ئێراق، دەست بە ئیبقلاب بکەن. وبۆ وەرگرتنی یارمەتی لە(جەماڵ عەبدولناسر) لەگەڵ وی پەیوەندی دەگرن وبەشێک بەرنامەکان، بەزوانی کوردی لە ڕادیویی قاهیرە بۆ تەرخان دەکرێ.
لە نێوەڕاستی مەی 1958،پارتی تاقانەی دێمووکڕاتی کوردستان نزیک بە/500 چەکداری حازری بۆ شەڕی چریکی لەکوردستان لە بەردەست دایە، وهەڵسورینەرانی حیزب بڕیار دەگرن، بۆ دیاریکردنی ڕێکەوتی شۆڕش، دانیشتنێکی کۆمیتەی ناوەندی لە16ی ژوئیە، لە کەرکۆک پێک بێنن! بەڵام لە14ی ژوئیەی 1968، قاسم ڕێژیمی سەلتەنەتی دەڕوخێنێ! (قاسم نیوەی لەکارەکانی ئێمە کردبوو، و لە جەریانی کۆبوونەوەی خۆمان لەکەرکۆک، بڕیارمان گرت لەوی پشتیوانی بکەین، ولیژنەکمان بۆ لای نارد.))

پاژی 5-لەئینقلابی ئێراق(1958)
هەتا،شەڕ لەگەڵ ژەنەراڵ قاسم
سەردەمی هیواو هومێد.

(ئێرە کۆماری ئێراقە، ئەمڕۆ ڕۆژی سەرکەوتن و پیرۆزبایی و سەربەرزی و شانازی ئیوەیە! دوژمنی خواو ئاغاکانیان کوژران، کەلاکە کانیان فڕێدرانە کووچەو کۆڵان و پێ شێل کران) گۆیەندەی ڕادیۆی بەغدا کەلە کات ئەژمێری 7ی بەیانی ڕۆژی 14ی ژوئیەی 1958 ئەم قسانەی بەسەرزارەکی بەدەنگەکی بەرز، دەمیکرۆفوونی ڕادیۆ، دەتووڕێنێ، چەند سەعات وەپێش ڕووداوەکە، کەوتووە! (نووری سەعید) دوژمنی خواو، چڵکاو خۆری ئینگلیستان و سیاسەتمەداری بە لەعنەت کراوی ئێراق و، ئەگەرنا (خاوەرمیانە)- چەند سەعات دوایی دەمرێ- یانی لە دوایی ئاغاکەی، جێگری سەلتەنەت عەولا. بەڵام لەچەند لایانەوە، حەق بەگۆیەندەی ڕادیۆیە، ڕاست دەڵێ: بۆ کوردان ڕووخانی ڕێژیمی سەلتەنەتی ئێراق، ومردنی ئەندامانی بنەماڵەی هاشمی، کە جیا لە زوڵم وسەرکوت وبەدبەختی وچارە ڕەشی شتێکی دیکەیان بۆ ئەوان بە دیاری نەهێنا(ڕۆژی سەرکەوتنە) گەلێک تاسەو هیوا لەدڵی واندا، چەقەرە دەداو سەوز دەبێت.
سەبحەینەی ئەوێ ڕۆژێ کەسایەتیەکی کورد، یانی شێخ خالد نەخشبەندی لە بامڕنە، لەگەڵ دوو کەسایەتی عەڕەب، یەک شێعەو یەکێک سوننە، بە ئەندامەتی( شووڕای حکوومەت) دادەنرێن. ولەبیستەمی ژوئیەی یانی: حەوتوویەک دوایی ڕاگەیاندنی کۆمار، دەوڵەت ئەمری لێبووردنی گشتی دەردەکات، کە تەواوی بەندەییەکان و دوورخراوەکان دەگرێتەوە، وشێخ ئەحمەد بارزانی وشێخ لەتیف وگۆرانی شاعێر، لەوکەسانەن کەلە هەوەڵەوە وەبەر ئەم لێبووردەنە دەکەون و لەنەندیخانە ئازاد دەبن.

بەڵام گرینگتر لەمە،ماددەی -3ی قانوون ئەساسی ڕێکەوتی 27ی ژوئیەی 1958، ڕوونکەرەوەیە، لەسەرئەمە کە(خەڵکی ئێراق لەسەر بنەڕەتی هاوکاری گشتی، هاو وڵاتی لە سەربناخەی هیمی ڕێزو حورمەت بەماف وئازادیەکانی ئەوانە، عەرەبەکان وکوردەکان، ئەلەم وڵاتەدا، هاوپشک وهاوبەشن. و قانوون ئەساسی ئێراق مافی نەتەوەیی ئەوان، لە چوار چیوەی وڵاتی ئێراق دەستە بەردەکات.

ئەم یەک سان و بەرامبەری دوو هاوبەشی عەڕەب وکورد، لەناوچوارچێوەی وڵاتی ئێراق، کە بۆ ئەوەڵین جار، لە وەدیهێنانی وڵاتی ئێراق، بەم لاوە لەوی قسە هاتۆتە گۆڕو، دەمی پێدا هێنراوە- لە دورشمی فەڕمی کۆمار کە بریتی لە خەنجەری کوردی وشیری عاڕەبێیە ،کە بە جۆرێکی ڕاست وچەپ لەسەر یەکتر دانراون، شکڵێک دەخەنەبەرچاو.

## 2-گوڵکردنی چاپەمەنیەکانی کوردی

یەکێک لەدەست کەوتەکانی دەست وجێی ئینقلاب کەبۆ کوردان ئێکجار، پڕبایەخە و گرنگایەتی هەیە،ئازادی چاپەمەنییە، هەڵبەتە کوردەکان لە ڕیژیمی بەرێش دەیانتوانی ژمارەیەک، گۆڤارو ڕۆژنامە، دەرکەن. بەڵام ئەو بڵاوکراوانە، بە گشتی ئەدەبیَ وبریتی لە تۆژینەوەی مێژوویی وچیڕۆک وشێعر بوون، وبچووکترین ئامازەیان بەڕوو داوی سیاسی ڕۆژ، تێدا وەبەرچاو نەدەکەوت( هەتاو) کە مانگانە بوو لە1953، لە سولەیمانیە دەردەچوو، هەربەم جۆرە(گەلاوێژ) کە پاش ئینقلاب و(هیوا) بۆ بەجێگری وی، و(ژین) کە گۆڤاریکی دوو حەوتوویی بوو.

لە دوایی ئیبقلاب کوردەکانی سولەیمانیە، زێدە لەوانە، گۆڤاری (پشکووتن) و(شەبەق) یان بڵاو دەکردەوە. لەکەرکووک، گۆڤارەکانی(بەیان) و (ڕۆژی نوێ) دەردەچوون، پارتی دێمووکڕاتی کوردستانی ئیراق لەئاوریلی 1959بەم لاوە، ڕۆژنامەی(خەبات) بڵاو دەکاتەوە.لەماوەی سەردەمی تەژی لەخۆشی وشایی کە بە دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەلتەنەتی دەگەییەجێ- چاپەمەنیەکانی کوردی، سەرکەوتنی هاوبەش، بەسەر(ڕێژیمی ڕەشی پاشایەتی ونۆکەرانی ئەمپڕالیزم و کۆنەپەرستی)ڕێز بۆ دادەنێن ولە(برایەتی کوردو عەڕەب) ڕیزوحوڕمەت دەگرن. بەم جۆرەکە (هیوا) لە ژمارەی نەوامبەری 1958ی خۆیدا، لەوتارێک بەناوی(برایەتی ودۆستایەتی دانیشتووانی ئێراق)بە شێوەیەک بۆن و بەرامەی گەورەیی و سەروەری لێدیَ،لەپەیوەندی لەگەڵ کەمایەتیەکانی ئاشۆری وتورکمان و ئەرمەنی، بەم بەرپرسایەتیە، کە نەتەوەکانی کوردوعەڕەب وەک زۆرایەتی لە ئەستۆیانە، پێدادەگریَ. پەیامی ئەم وتارە ڕوونە، کوردەکان لەم بابەتەوە،خۆشحاڵن کەلە گەڵ هاوسێی عەڕەب یان، پەیمانیان گرایداوە، کە ئەوان، بە تەرازووی هەڵسەنگان و بەرامبەری، بۆ بەشداری لە بەڕیوە بردنی دەم ودەزگاکانی ئێراق، هاودەنگ دەزانن...

(تم) یا- ئەفسانە- برایەتی کوردو عەڕەب، جێگەی ڕێزو حوڕمەت دانانە: ناوچەکانی کوردنشینی ئێراق، دەبن بەقەڵا دەگۆڕێن و لە ئێراق بەرگری دەکەن)...3

## 3-وێکنەچوویی سەلیقەی کوودتاچێان

بەڵام ڕێژیمی نوێ لەڕاستیدا، دوورەپەرێز لە ئیختلافی سەلیقە نەبوو(ئەفسەرەکانی ئازاد)کە کودتایان ڕێکخستبوو، کەسایەتی ئەوهایان تێدابوو، کەلەگەڵ یەکتر، تەوفیریان زۆربوو. وەکوو ژەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم، کە ئەرکی سەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگری یەکجێ بەئەستۆ

وەبوو، وسەرهەنگ عەبدولسەلام عارف، جێگری سەرۆک وەزیران ووەزیری ناوەخۆ، جگە لەکۆمەنیستەکان، هەموو حیزبەکانی دژی ئێراق لە دەوڵەتی نوێ، نوێنەریان هەبوو: بەعس، ئیستقلال، حیزبی دێموکڕاتی میللی کامل الچادرچی، وحیزبی تاقانەی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق.
وماددەی دووی قانوونی ئەساسی مووەقەت دەیگوت: کە وڵاتی ئێراق بەشێکی جیانەکراوە لە نەتەوەی عارەبە)!
ئەفسە ڕانی ئازاد، کاتێک دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن، لەسەر مەسەلەی بنەڕەتی کەلە بەرامبەر کۆماری لاوی ئێراق بوخچەی دەکردەوە، دڵۆپەی ناکۆکی بیروڕایان دەکەوێتە ناو: ئاخۆ ئێراق پێویستە بەکۆماری یەکگرتووی عەرەبی) کەچەند مانگ بەرێ یانی: لەفۆرییەی 1958بە تێکەڵ بوون لەگەڵ میسرو سوورییە، هاتۆتە دی، بلکێندرێ؟ عارف کەلایانگری ناسرە، لەگەڵ بەعسیەکان، لایانگری بەزەوقی ئەم یەکیەتیەیە: ئەو لە19ی ژوئیەی یانی: پێج ڕۆژ لەدوایی ڕووخانی ڕێژیمی سەلتەنەتی، لە دێمشق، لەبەرامبەر دەیان هەزارکەس، یەکیەتی کۆمارەکانی یەگرتوویی عارەبی وئێراقی لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا ڕاگەیاند- بێ ئەوە لەم بارەوە لەگەڵ ناسر، کە دەڵێ: ئەم عارفە وەکوو زارۆکان ڕەفتاردەکات)! ڕاوێژی کردبێت.
عارف کە دەیەویست ژەنەڕاڵ قاسمی لە بەرامبەر کاری کراودا ڕابگرێ، لەمانگی ئەوت، تەواویی ئێراق دەگەڕێ، هەروتارەو کەئەو بەدوای یەکدا دەیکا. ئەوها خۆ دەنوێنێ کە مرۆڤ فکر دەکات، میری بەتوانای ڕژێم و ناسری کۆماری تازەپێگەیوە! و قاسم لەمانا دا، لە ژەنەڕاڵێکی نەجیب و موحتەرم زێدەترنیە!
لە ماوەی ئەو مانگانەی کە دێن و دەگەنێ، کوردەکان دەیانەوێ سیاسەتی خۆیان ئە بەم خەباتەی کە بۆ وەدەست هێنانی دەسەڵات لە ئێراق وەسەرپێکەوتووە، هاوجەمسەرکەن، لە سەرەتا لەگەڵ کموونیستەکان لە ژەنەڕاڵ قاسم پشتیوانی دەکەن، پاشان بەرلەوەی کە بۆ خۆیان ڕاستەو خۆ لەگەڵ قاسم تووشی یەک دەبن، لەوی دژی کموونیستەکان داکۆکی دەکەن. لە ئەوتی 1958 لەکوردستان هەڵچونێکی گەورە، وەبەرچاو دەکەوێ-هەتا قسەوباس لەشۆڕشێک دەکرێ: لە دوایی ئومیدواریەکی ئێکجار گەورە کە لەئینقلاب ئاکام وەرگیرا، تێکۆشانی پڕوپاگەندەی پان عەرەبی عارف، کوردەکان دەخاتە دڵەخورپە ونیگەران دەکات- کوردەکان لەخۆیان پرسیاردەکەن: ( ئەگەربێتو ئەم ئەکیەتی‌یە، سەربگرێ) لەم دەریایی سی وشەش میلیون کەسی عەرەب، کە کوردەکان لە ناویاندا لە کەمایەتیەکی بچووک زیدەترنین، چ بەسەر جەماوەر بریتی لە دوو هاوبەشی کوردو عارەب دێ؟
کوردەکان لەو دژایەتیە، بەلکانی ئێراق بەکۆماری یەکگرتوویی عەرەبی لایانگرێکی گرینگیان هەیە، وئەو حیزبی کموونیستی ئێراقە. حیزبی کموونیستی ئێراقیش، لە لایان یەکیەتی سۆڤیەتی سۆیالیستی داکۆکی لێدەکرێت، بەم یەکیەتی یە، کە بەمانای ڕەش بوونەوەی وی لە ئولکەی سیاست دیتە حەساب، بەتوندی ناقایل و دژایەتی، دەکات. بەڵام لە نێوەڕاستی سپتامبەری 1958ڕکەبەری دەسەڵات لە نێوان قاسم وعارف، دەست پێدەکات- عەبدولکەریم قاسم سەرکەوتوو دەبێت، وعارف لە13ی سپتامبەری 1958 لەتەواوی پۆستەکانی خۆی لەبەرپرسایەتی جێگری فەرماندەری ئەڕتەشی ئێراق، وەلادەنرێ. لە ئەوەڵی ئۆکتۆبر، دەست بەسەر دەکرێ، ولە 13ی ئۆکتۆبر، بەناوی کۆنسۆل بۆ(بۆن) دەنێردرێت.
ژەنەڕاڵ قاسم کە عەرەبی ڕاست، یانی بەعسیەکانی ڕەگەز پەرستی لەخۆ بیانی کردوە، ئێستا دەبێ بە کمونیستەکان و یەکیەتی کوردەکان متمانە بکات، لە سەریان حیساب کات،لەم کاتە دایە، کە ژەنەڕاڵ بارزانی لە یەکیەتی سۆفیەت دەگەڕێتەوە.

## گەڕانەوەی ژەنەڕاڵ بارزانی لە دوورخراوەیی

ژەنەڕاڵ بارزانی کاتێک ئاگاداری ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی دەبێت، دەچێتە پراک، ولە وێ، لەگەڵ میرحاج وئەسعەد خۆشەوی لە هوتێلی حیزب دادەنیشن. ماوەی مانگێک لەپڕاک دەمێنەوە، بەگوێرەی هێندێک سەرچاو، ڕووسەکان کە نەیادەویست سەرنجی خەڵک لە دانیشتنی وی، لە شوورەوی ڕابکێشن، ئەویان بۆ پایتەختی چەکوسلەواکی، نارد هەتا لە وێ سەبارەت بەگەڕانەوەی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێراق، وتووێژبکات..بارزانی بروسکەیەک بۆ قاسم دەنێرێ، وداوای ئیجازەی گەڕانەوەی بۆ ئێراق لێدەکات. عارف زۆربە توندی دژی گەڕانەوەی بارزانی بوو، ئەو هەتا ژەنەڕاڵ قاسمی ڕاسپارد کە بەم دوو وشە وەڵامی بروسکەی بارزانی بداتەوە(بێژە
برۆبرۆ،پارتی دێموکراتی کوردستان لەسەرەتای سپتامبەری 1958وفدیکی پێکهاتوولە: برایم ئەحمەد، نووری ئەحمەدتەها، سەدیق بارزانی،(یەکێک لەکوڕانی شێخ بابوو) عەبەیدوللا بارزانی( کوڕی مەلامستەفابارزانی) بۆ چاو پێکەوتنی ژەنەڕاڵ بارزانی دەنێرێتە (پڕاک). لەئاکامدا بەغدا بەژەنەڕاڵ بارزانی ئیجازەی گەڕانەوە، دەدات، وبارزانی لە دوایی مانەوەیەکی کورت لەمیسر، کە لەم ماوە دا چاوی بەجەماڵ عەبدولناسر، کەوت، لە حەوتی ئۆکتۆبری 1958بەفرۆکە بۆ بەغدا دەگەڕێتەوە، وەکوو ڕێبەری وڵاتێک لەلایان سێڵاوی خەڵکێکی ورووژاو، پێشوازی لێدەکرێ. بارزانی چەند ڕۆژ لە سەرەتای گەڕانەوەی لە(هوتێل سمرئەمین) تێپەڕ دەکات، پاشان لە یەکێک لە کۆشکەکان، کە قاسم بۆی دیاری دەکات یانی (کۆشکی کوڕی نووری سەعید) سەقامگیر دەبێت.
لەمانگی ئاوریلی 1959 پاپۆڕێکی ڕێبوارهەڵگری شووڕەوی بەناوی(گروزیا) هاوڕێیانی بارزانی لە شوێنی دوورخراوەڕا دەگوێزێتەوە ئێراق، ئەم گروپە بریتی لە:
640مێرو 180ژن، تۆرەمەی شووڕەوی بەتایبەت قزژەرد، و225زارۆک، بوون.

## بارزانی کێ بوو؟

بارزانی لەدوایی یازدەساڵ دوورخراوەیی بە تریفەی پاڵەوانێکی بێ وێنە و ئەفسانەیی کەلە گەڵ ئینگلیزیەکان و دوو ڕێژیمی پاشایەتی ئێراق و ئێران، شەڕی کردبوو، بۆ ئێراق دەگەڕێتەوە. بەڵام بارزانی بەپێچەوانەی ئەو هەموومانەوەی لەشوورەوی هەروا وەکوو هەمیشە (ڕۆژهەڵاتێکی) نهێنیکار دەمێنیتەوە، وڕێگا لە هەر پشکنیننەوە ولێکدانەوەو شێکردنەوەیەک دەبەستێت. ژەنەڕاڵ بارزانی، نەختۆڵەیەک لەدوایی گەڕانەوەی بۆ ئێراق، بۆ سەردانی براگەورەی شێخ ئەحمەد، دەچێتە بارزان، ئەوە یەکەمین چاوپێکەوتنی وی لەپاش یازدەساڵ تێپەڕ بوون لە جوانەمەرگ بوونی کۆماری مەهاباد، بەم لاوە بوو. دوایی ئەوە کە یەکتریان لە باوەش گرت، شێخ ئەحمەد گوتی: (زۆر لەمێژە کە ڕۆیشتووی ها! وانیە؟) دوایی 20 دەقیقە بێدەنگی شێخ ئەحمەد لە مەلا مستەفای پرسیارکرد: لە شوورەوی دەچنە ڕاوە بەڕاز؟! لە بارەی سیاسی زۆر چەتوونە مرۆڤ بزانێ، کە بارزانی لە کوێ بووە! کەسانێک کەلەپڕاک لەگەڵ وی ڕوو

بەڕوو بوون،پێیان سەیربوو؟ ئەمە مەعلووم بوو کە بارزانی لە شووڕەوی مارکسیسمی خوێند بوو،وموووتالاّ کردوە، و کەسایەتیەکی (پیشکەوتووخواز)بوو. لە قسەکردن لەگەڵ هاڤالانی کورد، وشەی سەیری لەکاردەکرد، کە پەیوەندی بەفەرهەنگی وشەی مارکسیستی هەبوو...بەلاّم مەعلووم نەبوو کەتوانی بێت دەرسەکانی کە لە ساڵەکانی دوایین مانەوەی لە یەکیەتی سۆڤیەت خویند بوو، بەچاکی وەرگردبێت. نووری ئەحمەد تەها، کەبۆ سەردانی وی چووبوو بەغدا، بەگەمە دەیگوت: (بارزانی مارکسیستی بەڕووسی باش دەزانی، بەلاّم نەیدەزانی ئەوی چلۆن بەعەرەبی یان بەکوردی شی کاتەوەو دەکاری بکات!)
بە ڕاواڵەت بارزانی بۆخۆی بۆچوون لێکدانەوەیەکی روونی لەو فکرەی کەدەبوایە بیکردبوایە، نەبوو...لە(مافی چارەنووسی کوردەکان دەئاخافت بەلاّم بە شێوەیەکی گشتی...ئەوەی دەکرێ کەقسەی بەڕاشکاوی لە سەربکرێت ئەمەیە کە بارزانی پەیوەندی نزیکی لەگەڵ شوورەویەکان هەبوو- ئەو هەر لەسەرەتا، لایانگری قاسم و دژی عارف بوو، ئەمە بێ گومان، بەئاماژەی شوورەویەکان بوو. لە داکۆکی وان پشت ڕاست بوو بەلاّم بەچ بیروڕایەک؟ ئەم مەسەلە هێندە ڕوون نەبوو.
لەم دەورەیە،یانی: دەست بەجێ دوایی گەڕانەوەی، وی بۆ ئێراقە، کە بارزانی لە یەکیەتی سۆڤیەت و کموونیستەکان وهەمزەعەولاّ زۆرنزیکە: هەمزەعەولاّ، دەبیرخانەی، وی بەڕیوە دەبات. لەم سەردەمە، دایە،کە پارتی دیموکڕاتی کوردستانی ئێراق، لە10ی نوامبەری 1958بۆ زەخت وتەوژم، بەبیروڕاوی ئامانجی سازدانی قانوون ئەساسییەکی یەکجاری کە هاوبەشی عەرەب وکوردی بەم جۆرەی کەلە ماددەی 3ی قانوون ئەساسی مووەقەتدا باسی لێکراوە، دەستەبەردەکات، لەگەڵ حیزبی کموونیستی ئێراق، بەڵێن و پەیمان گریدەدا.

6-پێشنیاری بارزانی سەخمەرات بەکۆنگرەی سەرانسەری کوردستان.

دیسان هەر لەم دەورەدا، یانی لەئاخرو ئۆخری نوامبەری 1958 کەلە جەرەیانی کۆبوونەوەیەکدا، کە هەمزە عەولاّ، برایم ئەحمەد، و نوینەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانیش بەشداریان کردوە، بارزانی پێشنیار دەکات، بۆ گشت کوردستان تاقە حیزبێک پێک بهێنرێت، دەڵێ:( بۆ من سنوورجەستەی نییە!)...وبۆ وەڕاست گەڕانی ئەم پێشنیارە لە کەسێک لە حیزبی دیموکڕاتی ڕۆژهەلاّت داوا دەکات کە سکرتیری گشتی ئەم حیزبە نوێیە وەئەستۆ بگرێ!) کاتێک کوردی کوردستانی ڕۆژهەلاّت دەڵێ: ( ئەمن خەڵکی کوردستانی ئێرانم) بارزانی لەوەلاّمدا دەڵێت: ( ئەتۆکوردی)! بەلاّم کوردەکانی ئێران، کات بە فیڕۆ لە دەست دەدەن، و بارزانی لە گەڵ دژایەتی کموونیستەکانی ئێراق وشووڕویەکان وکوردەکانی ئێران، بەرەو ڕوو دەبێت، و لە بەڕێوەبردنی ئەم پەیرەوە، کە ئەوی بە ڕێبەری هەمووپارچەکوردستانەکان داناوە، چاو لێ دادەپۆشی. بە بیروڕای دژکاران، لایانگرانی بارزانی لە ڕادە بەدەر بەباڵی ڕاست دێنە بەرچاو، وبەرنامەیەکی یەکچاوگەو، دیاری کراویان نییە. چەند حەوتوو دوایی یانی ئاخری ساڵی 1958 دەولەتی تورکییە، یەکێک لەکوردەکانی تورکیە، کە جاشی دەم ودەزگای تورکیەیە، دەنێرێتە لای بارزانی، هەتا لەوی داوای چەک وچۆڵ و دراو بکات، بەلاّم بارزانی ئەم پیلانە دەقۆزیتەوەو، وئەم فیتنەیە کویردەکاتەوە و پێی دەڵێ: (بڕۆ لە ئامریکایەکان... یان ڕووسەکان وەربگرە)

لە سەرەتای ساڵی 1959 بارزانی بە شوێن تێکردن و ئیحتوباریک،کە (ئیتحاد) لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت، و داکۆکی دەوڵەتی ناوبراو، بەوی داوە، لەحاڵێکدا کە برایم ئەحمەدی لابردوە، حیزبی تاقانەی دیموکراتی ئێراقی لە گەڵ گروپێکی پێکهاتوو لە هەمزە عەولا، خوسرەوتۆفیق ونووری شاویس و نیژاد ئازیز وحامید ئۆسمان، کە سەرجەم لەباڵی چەپن، بە ڕیوەدەبات. ژنەراڵ بارزانی بەپێچەوانەی ئەو تایبەتمەندیانەی، کە ڕەخنەگران، بە هیمی عەشایر، ئەوی لە قەڵەم دەدەن، هەنۆکە، بێ قسە لە سەرکردن، یەکێک لە کەسایەتیەکانی پێشکەوتووخوازی پێشڕەوی بەغدایە،و ئەو پێشکەوتووخوازییەی، بە پاراستنی ڕێژیمی قاسم بە ئاریکاری پێشمەرگەکانی هێزی بەرگری کورد، لەشۆڕشی مووسڵ وەڕاست گەڕاند.

## 7-شۆڕشی مووسڵ 8ی مارسی 1959،

لە فۆرییەی 1959 عەبدولکەریم قاسم، کابینەی دەست تێوەردەدا، نوێنەرانی باڵی ڕاستی ئێراق، یانی لایانگرانی یەکپارچەبوونی ئێراق لەگەڵ کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لە وێ، ڕاو نابوو. پاشان خەلک پێ دەحەسێن کە سەرهەنگ عارف لە5ی نوامبەری 1958بەدوای دۆزینەوەی (پلانێک) لە لایان مەحکەمەکی نهێنی مووحاکەمە کراوە، وبە ئیعدام مەحکووم بووە، لایانگرانی ناسر، دەست بەجێ دژکردەوە لە خۆ نیشان دەدەن، وبەیانی ڕۆژی 7ی مارس خۆ پێشاندان لە شەقامەکانی مووسڵ دووەمین شاری ئێراق، هەڵکەوتوو لە(ڕەخ سورییە) دەست پێدەکات. ولەبەرەبەیانی 8ی مارسی 1959 سەرهەنگ عەبدولوهاب شەواف، فەرماندەری لەشکری پێنجمی ئێراق، یەک ودوو لە ڕاێوی مووسڵ وتارێکی توند دەخوێنیتەوە،وداوای شانازی(ڕزگارکردنی ئێراق، لە بەلای دارو دەستەی قاسم) دەکات. شەواف هەموو ئەو کەسایەتیەکانی باڵی چەپ کە بۆ بەشداربوون لەکۆنگرەی(لایانگرانی ئاشتی)5-7 مارسی 1959 هاتوونەتە موسڵ، زیندانی دەکات، و بەیداخی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لە سەرعیمارەتی پارێزگە،هەڵدەدات، ئێستا، هۆزی(عارەبی پێدەشت و جاهیل لە دەوروپشت بو ئاریکاری وی، بەرەو شار تێدەکشێن. بەلام حکوومەت خیرا جڵەوی کۆنترۆڵ بەدەستەوە دەگرێ، لەو6- فڕۆکەی لە پایگای مووسڵ بەشۆڕشگێران لکاون، تەنیا دوو فڕۆکە دەرەتانیان بۆ دەڕەخسێ،بەرەو بەغدا بکەونەڕێ، لە حاڵێکدا هێزی هەوایی وەفادار بەحکوومەت مەقەڕی فەرماندەری سەرهەنگ شەواف بۆمباردمان دەکات، وهێزەکانی ڕەشۆکی عارەبی لێک تڕابەڕا دەکات.
لە سەریەک ئاژاوەی شۆڕشی سەرهەنگ شەواف، ئەو داکۆکیەی چاوەنواڕ لەخەڵک وەدەست ناهێنێ و(سەرتیپ تبەق جلی) فەرماندەری لەشکری دووهەم نشتەجێ لەکەرکووک، بەپێچەوانەی چاوەنواڕی شۆڕشیان، پەیامی داکۆکی بۆ حکوومەت دەنێرێت، و پشتیوانی لە دەوڵەت لێدەکات. وبارزانی بەبێ کات لەدەست دان و گومان و دوو دڵی، پاڵ وەعەبدولکەریم قاسم دەدا، ولەبەیانی ڕۆژی 9ی مارس پێشمەرگەکانی کوردی( هێزی بەرگری) سازمانێک کەلە سبحەینەی دۆزینەوەی پیلانی 4ی نوامبەری 1958 بنیات نرابوو، خۆ دەگەینە ناوچەی مووسڵ وبە تاڵووکەیەکی بێ وێنە، لەم هەلە بۆ حەق و حیساب لەگەڵ ملکداران و فئوداڵ کەلە بزوتنەوەی شەواف، پشتگیریان لەوی کردوە، هەروا بۆ تۆڵە لەعارەبی دەستەکی کەلک وەردەگرن. شۆڕشی شەواف، بەکوژرانی ڕێبەرەکەی کە بەبریندازی لە خەستەخانە بوو لێک بلاو دەبێ، وموسڵ بەماوەی 48سەعات لە دەست پێشمەرگەکانی کورد، دایە، کە بەبێ بەزەییەکی

تەواو، سەرانسەری شاری، گەڕەک بە گەڕەک، بە تفەنگی ئوتماتیک وخەنجەر، لەجەستەی گومان لێکراوان خاوین دەکەنەوە..شۆڕشگێڕان کە ماڵ بەماڵ شەڕیان کردوە، لە حاڵێکدا کە ژمارەیان بەگروپی /400کەسی کەم بۆتەوە لەئاکامدا لە مزگەوتێک دەکەونە داو، لە وێ لە ماوەیەکی کورت دا هەتا ئاخرین کەسیان لێ کوشتار دەکرێ.
هەرلەم سەرو بەندەدا، لە گشت ناوچەکانی مووسڵ، جۆرە(شۆڕشێکی جۆتیاری) تێدا ڕوو دەدا، وەرزێڕانی ئاواییەکانی کورد، دژی ملّکدارانی فئودال ڕاست دەبنەوە، وماڵەکانیان ئاگر دەدەن و لەم جۆرە شتانە.
نەخشی گرینگی کوردەکان لە سەرکوتکردنی شۆڕشی مووسڵ، کەلە ناوشار، سازمانی پارتی دێموکراتی کوردستان، خوسرەو تۆفیق، ڕێبەری دەکرد، لە دەرەوەی شار، ڕێگای بەربەستکردن بۆپاشەکشە، لە عارەبی خێڵاتی بۆ سورییە،شایانی ئەمە بوو کەئەوان، بەداکۆکی ڕێژیمی قاسم تێ گەیێنێت.
ئەم جەرەیانە، پیکهێنانی گروپ بەندی قاسم- حیزبی کموونیست-پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق، کە ئەو کات حوکمی بەسەر ئێراق دا، دەکرد بایەخ پێ بدات. خولاسە ئەمە سەردەمی مانگی هەنگوین، لە نیوان پارتی(تاقانە)ی دێمووکڕاتی کوردستانی ئێراق وژەنەڕاڵ قاسم، کە بە حیزب ئیجازە دەدا، لە4ی ئاوریلی 1958 دووەمین ڕۆژنامە، بە ناوی (خەبات) دەربکات.

8-ی نەورۆزی 1958،

15،ڕۆژدوایی سەرکوتکردنی شۆڕشی مووسڵ، کوردەکان لە سولەیمانیە، بە شکۆیەکی گەورەو بێ وێنە، یانی یەکەمین ڕۆژی ساڵی هەتاوی ئێران جەژن دەگرن.
شار بەوێنەی دەگەورەی ژەنەڕاڵ قاسم وبارزانی و ( قارەمانانی نەتەوەیی کورد) یانی: شیخ سەعید، شێخ مەحموود، دەڕازێتەوە. کوردەکان خۆ پێشاندانیکی مەزن بە، بەشداربوونی بنکەی لاوان، جۆتیاران، یەکیەتی کرێکاران، پێکدێنن.
لەم کۆبوونەوەیەدا، ڕێبەرانی حیزب وتاری شێواو روون لەپێهلاگوتن، بە ژەنەڕاڵ قاسم و کۆماری ئێراق و یەکیەتی کوردو عەرەب، دەخوینن‌ەوە، وبۆ نەتەوەی( مل لەبن نیری کۆیلەتی ویەخسیری زوڵمدا،) یانی: کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان سلاویان شاند. ئەو جەژنە مەزنە، بەخۆپێشاندان لە شەقامەکاندا، چیڕۆکی ئێرانی یانێ: ڕاپەڕینی کاوەی ئاسینگەر، دژی زووحاک کۆتایی پێهات. ئەم نومایشە بەحالاتی زیندو،بەڕیوە چوو، لەم نومایشەدا، کاوە کلاو ڕۆژنی ڕووناکایی خەڵکی کوردبوو، وزووحاک، بنەماو بنەبانی، ڕەش وتاریکایی ئەمپەڕالیزمی ئینگلیزو ئامریکاو ( ڕەگەزپەرەستی) ناسری بوو!

9-داخۆیانی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق(مەی 1959)

پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق، چ کات هەتا ئەم ڕادەیە، کەلە ئاخروئۆخری بەهاری 1958بە، بەرپرسایەتی هەمزە عەولا، وڕێبەرایەتی بارزانی، لەمەڕ بڕیاری تیزەکانی ئینترناسیونالیستی و ئینتگراسیونیستی حیزبی کموونیستی ئێراق، چووبووپێش، ناچێتە پێش.
داخۆیانی بلاوکراوە لەلایان حیزب، شی کەرەوەی ئەم مەسەلەیە: (حیزبی ئێمە بێ لێبڕانەوە، حیزبی بەر بەرەکانی هاوبەش دژی ئەمپڕالیزم وکۆنەپەرست وفئودال بووە، ودەبێت. حیزبی

ئێمە لە قازانجی خەڵکی ئێراق، بەسەرجەمی کەمایەتیەکانی قەومی وی، و قازانجی چین وتوویژ دژی ئەمپڕالیست ودژی فئوداڵ وی بەرگری کردوەو دەکات. (حیزبی ئێمە لەچوارچێوەی کوردستانی ئێراق... لە پانەگۆڕایی دابین کردنی مافی نەتەوەیی وپتەوکردنی یەکیەتی نێوان دوو گروپی قەوم هاوپەیمان و یەکگرتوو، کەدەست لەدەست یەکدی بۆجێ بەجێکردن وهێنانەدی ئامانجەکانی دێموکراتێک و بە هێزکردنی کۆڵەکەی کۆمارو پشکووتنی ئابووری وداکوتانی ڕیشەی کۆمەڵاتی وی بەرەوپێش دەبەن و بەکردەوە دەبینەدی... و پەیوەندی نێوان عەڕەب و کوردی ئێراق..بەیەکگرتوویی ئامانجەکان و چارەنووسی ئەو دوو نەتەوە، برایەتی بەموحیبەت و یەکگرتوویی ئازادانە،بە بۆنەی پتەوبوون و سەربەخۆیی و بێ قرساندن لە سەر دێموکڕاسی دارێژراوە.
ئەبەم دەلیل وبەڵگانە، حیزبی ئێمە نەیارانی عاڕەب وئازادی عاڕەب و یەکگرتوویی عاڕەب بە دوژمنانی میللەتی کورد وناسیونالیسم کوردو بەدوژمنانی خۆی دەزانێ. لایانگرانی هزروفکری نەتەوەخوازی گۆشەنشین لەنێوکوردان، دوژمنی حیزبی ئێمەنە. کۆنەپەرستانی دژی دێموکراسی کورد، خەراپترین نەیارانی خەڵکی کوردو، حیزبی ئێمە پێکدێنن)
هەنۆکە کوردەکان لەپەیوەندی لەگەڵ مافی چارەنووسی نەتەوەیی خۆیان، ئێکجاروشیارو قسە وەشێرن،(خەبات) ڕۆژنامەی فەڕمی نویی پارتی دێموکڕاتی کوردستان، لەیەکەمین ژمارەی خۆیدا، تەنیا بەداوای (وەرگرتنی مافی ئیداری وفەرهەنگی بۆ کوردستان، ڕەزامەندی نیشاندەدات. بەڵام قەتاندنی پەیوەندی بارزانی لەگەڵ کۆمەنیستەکان لەچاوگەی لێکدانەوە، هێندە دوور نییە..پسانی ئەم هەودا پەیوەندییە، لەسەردەمی شۆڕشی فئوداڵەکانی کوردی ناوچەی ڕەواندز، لەهەڵ ومەرج و، وەزعەکی ئیکجار بوڵێڵ وناروون و هەتا ڕادەیەکی سەرداپۆشراو، ڕوو دەدات.

## 10-شۆڕشی فئودالەکانی کوردی ناوچەی ڕەواندز(1959)

چەند حەوتوو دوایی شۆڕشی مووسڵ، سەرۆک کوردەکانی ناوچەی ڕەواندزیش، بەنۆرەی خۆیان، ولە هەڵ ومەرجیکی تەقریبەن ناڕوون وگوماناوی، ڕادەپەڕن: هەتا ئەمڕۆش، هۆی ئەم شۆڕشە کەشیخ ڕەشید لۆلان و زاواکەی وی مەحموود خەلیفە، ومحموودئاگای زێباری و داودبەگی جاف یانی: دوژمنانی سونەتی بارزانی، لەیەکدی کۆکردەوە، بە ڕوونی نەزانراوە، لەم شۆڕشە دا،شێخ محەمەد سەدیق، کوڕی سەید تەهای شەمزینان(ناسراو بەپووشۆ) بەشداری کرد، کە پێشتر لەگەڵ بارزانی پەیوەندییەکی باشیان هەبوو. دوورنییە سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد، کەپێشتر بەهۆی دابەزینی قانوونی( ئیسلاحات ئەرزی) دابەشکردنی زەویزار، ڕێکەوتی 30ی سپتامبەری 1958 لەدەوڵەت بیانی ببوون، بەدڵەخورپەوە بینیبیان کەکوردستان وردە، وردە، دەکەویتە دەست چریکەکانی کموونیستی(هێزی بەرگری خەڵک) کەچەند پێشتر، لەڕوداوی مووسڵ لەگەڵ هێندێک مڵکداری مەزن کاری کرێتیان کردبوو.
ئەم هەڵچەرخینەو، خێرا بەهۆی ئەرتەشی ئێڕاق وبە بەشداری (چریکەکانی یەکیەتی وەرزێران، ولایانگرانی بارزانی سەرکوتکرا، زۆربەی هەڵسوڕێنەرانی ئەم شۆڕشە، بۆ تورکیەو ئێران ڕایانکرد(4000کەس بۆ تورکیەو(20000کەس بۆ ئێران.

لەو کاتەدایە، کە نێوانی بارزانی وکموونیستەکان دلۆپەی جیایی دەکەویتەناو، بارزانی کاتێک لەکوردستان دەگەڕیتەوە، دەڵێ: کموونیستەکان دەیانەویست ئەمن بکوژن!) ئاخۆ بەڕاستی قەستی کوشتنی کرابوو؟ یان بارزانی لەئاکاری حیزبەکانی کۆمەنیست، تێکچڕژابوو. کەلە گوندییەکانیان پرسیار دەکرد( کوردی یان کموونیست)؟ ئەمە یەکێک لە رووداوەکانی نهێنی ژیانی بارزانی یە! کوردەکان قەت وەدوای ڕوونکردنەوەی نەکەوتن. بەڵام ماوەیەک پاش ئەمە، بارزانی پەڵپ وبیانووی بەهەمزە عەولا کەلە کموونیستەکانی دیفاع دەکرد، گرت و ڕقی خۆی پێڕشت!
وێدەچی کەبارزانی لەم کارتێکردنە کە هەمزەعەولا لە(بەشی کوردستانی حیزبی کموونیستی ئێراق بەڕێوەی دەبرد، وئەم کارتێکردنە ئەوهیندە بووە کە (کادیرەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان) ناعیلاج بوون بەحاڵاتێکی نهێنی ژیان بکەن، ترسی ڕێنیشتبێ! لە سولەیمانیە وئەربیل وکەرکۆک، ئاپوورەی خەڵک سەروەحیزبی کۆمەنیست،بوون، وەدوای ڕێنوێنی ئەو دەکەوتن.
کۆنگرەی چوارمی حیزبی دێموکڕاتی ئێڕاق، لەم هەل ومەرج و بارودۆخەدا، کە قەڵەم بەدەستان ونوسەرانی کورد، سەبارەت بەوی بێ دەنگی ڕەچاو دەکەن، بەڕێوەچوو. گروپەی هەمزە عەولا، وەک دەگوترا، بەزۆری زۆرداری لەدەسەڵات وەلانرا! وگروپی هەڵبژێراوی بارزانی لە جێگای وی دانرا: برایم ئەحمەد سەر لەنوێ دەبێتە سکرتێری حیزب، و لەناو دەفتەری سیاسیش، لەلایان جەلال تاڵەبانی پشتیوانی لیدەکرێ کە(گورگی لاوی ڕادیکاڵی) حیزب بوو، وپاشان دەبێتە زاوای وی. هەروا عومەر مستەفا(ناسراوبەعومەردەبابە) نووری شاویس وعەلی عەولا، کە بەبێ قسە لەسەرکردن وبێ مەرج، سەربەفەرمان و ئەمری بارزانین.
دوایی ئەم ڕوداوە، هێندێک لەو کەسانە کە پەیوەندیان بەباڵی چەپی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە، لەحیزب جیادەبنەوە، دوکتۆر مەحموود یەکێک لەوانە، بەڵام ئەو لە1962 دەگەڕێتەوە پاڵ حیزب، وبەکەسێکی (سەربەفەرمان)و هاوکاری نزیکی بارزنی دەگۆڕدرێ.

11-بولێڵی پەیوەندی بارزانی وقاسم

لە شەشی ژانوییەی 1960 ژەنەڕاڵ قاسم لەئاکامدا بەسێ حیزب ئیجازەی تێکۆشانی قانوونی دەدا: حیزبی دێموکڕاتی میللی، پارتی دێموکڕاتی کوردستان، وحیزبی کۆمەنیست. بەڵام نەک حیزبی کۆمەنیستی واقعی، کە قاسم پاش هەڵلاو بەزمی کەرکووک(14ی ژانوییەی 1959) لە گەڵ وی تێکچووبوو، بەڵکوو لکەکی جیابۆوە لە وی،(ئینشعابی). وپارتی دیموکڕاتی کوردستان ئیجازە وەردەگرێ، گۆڤارێکی نوێ بلاوکاتەوە، یانی(کوردستان). بەڵام دۆستایەتی قاسم وکوردەکان لەو سەردەمە دا کۆتایی پێدێ. هەر وەک کە مێژووی نووسی کورد، عیسمەت شەریف وانلی دەڵێت: ژەنەڕاڵ قاسم لە سەردانێکی (دۆستانە) لە سەرەتای ژانوییەی (1960) داوادەکات(عەجالەتەن) ماددەیەک کە دەڵێ: یەکێک لە ئامانجەکانی پارتی دێموکڕاتی کوردستان( وەدەست هێنانی خودمووختاری لە چوارچیوەی ئێڕاق دایە، لاببردرێت، برایم ئەحمەد و کۆمیتەی ناوەندی پارتی دێموکڕاتی کوردستان قەبووڵ دەکەن، کە ئەم ماددەیە، پەیوەند بەخودموختاری لە پەیرەو وەلابنرێت، بەڵام کۆنگرەی پەێنجەمی حیزب کەلە 5 هەتا 10ی مەی 1960 دانیشتنی هەبوو، ئەوان سەبارەت بەلابردنی ئەم مادەیە، سەرکۆنە دەکات، وماددەی 6ی بەرنامەی پەسەند کراوی ئەم کۆنگرە، ئەمردەکات کەپارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێڕاق، دەبێ(لەسەرتێکۆشان و حەول

وتەقەلاکانی خۆی بۆ ڕاگرتنی پەیوەندییەکانی برایەتی نیوان دوو میللەتی عەرەب وکوردو کەمایەتیەکانی قەومی زێدەبکات) و(مافی نەتەوەیی ومیللی کورد لەسەر بنەڕەتی دابین کردنی خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراقی یەک پارچە وجێکردنەوەی ئەومافە، لە قانوونی ئەساسی(دەستوور) دابەرەوپێش بەرێ وپەسند بکات) بەڵام لە سەر ئەوەشڕا،ئاڵۆزیەکە،زۆرو کەم کامڵ بوو، وئەم لێکەوتنەوەی بولێڵی لەچۆنیەتی پەیوەندی بارزانی لەگەڵ پارتی دێموکڕات وپەیوەندی کوردەکان، لەگەڵ قاسم و کمۆنیستەکانە. لەمانگی مارسی 1960،قاسم حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران کەدوایی ئینقلابی ژوئیەی 1959 هاتۆتە ئێڕاق، وبەکۆمەنیستیان دەزانێ، لەئێڕاق دەردەکات.
یەکێک لەوان بەبارزانی ڕادەگەیەنێ: ( کەقاسم لەگەڵ وی گەمەدەکات، لە دوایی وەی کەکۆمەنیستەکانی سەرکوتکرد، بەوەختی خۆی نۆرە دەگاتە ویش) بەڵام بارزانی لەلای قاسم، نابێتە ناوبژکەریان ولێدەگەڕی کە کوردەکانی ئێرانی لەئێڕاق دەربکات...! پارتی دێموکڕاتی کوردستان لە پێنجەمین کۆنگرەی خۆیدا لەمەی 1960 لەکاتێکدا کە جیابوونەوەی بارزانی لە کۆمەنیستەکان بە کردەوە، هاتووتەدی، لە مەڕ چارەنووسی (ئینقلابی)حیزب بەناوی نوێنەری کرێکاران، جۆتیاران، مووچەخۆران، کاسبکاران، و ڕووناکبیرانی ئینقلابی پێدادەگرێ، و( خەباتی سیاسی و شێکردنەوەی کۆمەڵایەتی خۆی بەبیروڕای زانیاری مارکسیسم-لێنینسم،یاری وەردەگرێ.
بارزانی لە سیومی نوامبەری 1960 بۆ بەشداری لەجەژنی ساڵهاتی ئینقلابی ڕووسێیە، دەچێتە مەسکۆ، لەم سەردانەدا، خرۆشچۆڤ لەگەڵ وی زۆر بەڕێزو حورمەتەوە، دەجۆڵێتەوە. بارزانی هەتا نێوەڕاستەکانی ژانوییەی 1961 بۆ بەغدا ناگەڕیتەوە، وکەس لەو هەی کە لە نێوان ئەوو، ڕێبەرانی شووڕەوی ڕووێداوە، شتێک نازانێ. لەم چاخەدا، پەیوەندی بارزانی لەگەڵ ژەنەراڵ قاسم ئیکجار بەرەو باریکی وناکۆکی دەڕوات.

## 12-دەلیل وبەڵگەی قەتاندنی پەیوەندی لەگەڵ قاسم

ژەنەڕاڵ قاسم لەماوەی سەردەمی حکوومەتەکەی(14ی ژوئیەی 1958) هەتا 14ی ژوئیەی 1959، بەرهەڵیخی کۆمەنیستەکان بوو. کاتێک لە زێدەدانی دەسەڵات وتوانایی کموونیستەکان، هەست بەمەترسی دەکات،پشت وەباڵی ڕاستی ئێراق دەدا،یانی باڵی ڕاستی حیزبی دێموکڕاتی میللی، وهەتا دەمارگرژی عەرەب... وئەم دووڕوویی وناڕوونی لە دیاردەی ڕێژیمی وی لە ڕوو بەڕوو بوون لەگەڵ مەسەلەی کوردە، کەلە یەک بان ودووهەوای مادەکانی2و3قانوون ئەساسی(دەستووری) موەقەت ڕەنگی داوەتەوەو،زاهیربووە ،لە ئاکامدا لە19ی نوامبەری1960 ئاشکرادەبێت. لەم مەسەلەدا، برایم ئەحمەد سکرتێری گشتی پارتی دێموکڕاتی کوردستان، بەهۆی ئەنگوست دانان لە سەر ئەم زیدەوناقیسیەیە، لە سەروتاری 19ی نوامبەری 1960 (خەبات) بۆ دادگە بانگ دەکرێت.
چەند هەوی دوایی ئەم شەڕە دندوکە، لەالثورە(ئینقلاب) کەقسەکەری حکوومەتە، هەودای قسە بەدەست دەگرێ،ڕۆژنامەی ناوبراو، لە وتارێکدا لە ژێرناوی( نەتەوایەتی عەرەب ومەسەلەی کەمایەتیەکان (پێدەقرسێنێ) کە چارەنووسی (کەمایەتیەکانی کوردی ئێراق) پەیوەندی بەچارەنووسی میللەتی عەرەب گرێدراوە،ئەم کەمایەتیە، دەبێ بتوێتەوە!
ڕێژیمی قاسم ڕێبەرانی کورد دەخاتە ژێر زەخت و تەوەژم: لەمانگی مارسی 1961 برایم ئەحمەد، بە تۆمەتی کوژرانی یەکێک لە فئودالەکانی کوردی شەقلاوە، بە ناوی سەدیق نیران

ئوسمانی دەرێتەپاڵ، کەلە ساڵی 1960لە پێک هەڵپرژان نێوان لایانگران و دژکارانی بارزانی، کوژرابوو.
عومەرمستەفا،یەکی دیکە لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی دەگیرێت، وبۆ باکوور دوور دەخرێتەوە،هاوکات لەگەڵ ئەم عەمەلیاتە، ژەنەراڵ قاسم، بادەداتەوە سەر چاپەمەنیەکانی کوردی،کوردستان، ئازادی، دەنگی کورد، هەتاو، یەک بەدوای یەکدا ڕادەگیرێن، وخەبات ئەندامی فەرمی حیزبیش بەنۆرەی خۆی لەئاخرئۆخری مارسی 1961 دەکەویتە یاساخ کردن. هەر لەم مانگەی مارسی 1961،ژەنەراڵ بارزانی کە ئیدی لە شاری بەغدا، هەست بە ئاسایش ناکات،دەچێتەبارزان، شەڕ هەتا شەش مانگان هەڵناگیرسێت،بەلام دەتوانین بڵێن کەلە مارسی 1961 پەیوەندی بارزانی وقاسم بەیەکجەلی قەتیاوە.
وەزێت بە ڕادەیەک نالەبارە کە لە ئاوریلی 1961 کۆمیتەی ناوەندی پارتی دێموکراتی کوردستان بۆ بڕیارگرتن، لەم بارەوە ئاخۆ دەبێ( بۆخۆی ئینقلاب ڕاگەیەنێ، یا بەپێچەوانە،حالاتێکی دیفاعی بەخۆوە بگرێت هەتا قاسم بۆخۆی بۆ بارزان بەتایبەت و بۆ کوردستان بە گشتی هێرش بکات(جەلەسە پێکدێنێ! جەلال تاڵەبانی لایانگری بێ سێ ودووی عەمەلیات بوو بەلام لە کەمایەتی قەراری گرت. لەهاوینی 1961 پارتی دێموکراتی کوردستان، ماوەی مانگەکانی ژوئیەو،ژوین، دوو تێکۆشانی دوایینی بۆ ئاشتی دەست پێکرد، بەلام قاسم ئەم هەردوو حەول وتەقلابییەی ڕەت دەکاتەوە،و بە دەستەوداوین، بە سیاسەتی(کرێت تر لە ڕەگەز پەرستی) بە هێنانە گۆڕی گەلالەی مەسەلەی کەوەێت،بە زیرەکی لە بابەتەکە خۆی دەدزێتەوە.
حکوومەت لە بەرێوەبردنی کۆنگرەی سالانەی پارتی دێموکراتی کوردستان پێشگیری دەکات، وهەتا لە وەختێکدا کە سێومین ساڵهاتی ئینقلابی ژوئیە، لە بەغدا جەژن دەگرن، لە ناوچەی بارزان تێکهەڵچووێکی توند وقورس لە نێوان لایانگرانی بارزانی و محموود ئاغای زێباری ڕوو دەدات.

## 13-تەرازنامەیی کردەوە

ئەم سێ ساڵ ئاشتییە،کە لە میژووی کوردەکانی ئێراق، بێ وێنەیە، گرنگایەتیەکی، زۆری هەیە. هەرچەند لە مەڕ سیاسی ئالۆزی و ناڕوونی بەئاخرین پلەی شەرەدندوکە و دەمەتەقە،لەسەر وەزعی کوردستان ومافی نەتەوایەتی (چارەنووسی خەڵکی کورد)ئیکجار توندە، لە سەرئەوحالەشڕا کوردەکانی ئێڕاق، بەپێچەوانەی خۆڕسکاوی تاکە کەسی حکوومەت وسەرەڕۆیی ڕێژێمی قاسم، کە ڕۆژ بەڕۆژ لە زێدەیی دەدا، لەم سێ ساڵە، لە ئازادی وئاخافتنی بە کۆمەڵ کەلکی زۆریان وەرگرت. چاپەمەنیەکانی کوردی، گەشەی کردو بۆژانەوەو، گولی بێ وێنەیان دا.
حزووری ژمارەیەک لە ڕێبەرانی کوردی ئێران لە بەغدا، لەم سەردەمە کورتەی دۆستایەتی گەرم وگوڕی قاسم وکوردەکان، بۆ خۆی ئاوێنەی بالانوێنەی ئەم گرینگایەتیەیە، کە ئێراق لە بزوتنەوەی نەتەوەی کورد هەیبوو.
پارتی دێموکڕاتی ئێراق،کە ڕێگای تێکۆشانی ئاشکرای بۆ تەخت کرابوو، دەرەتانی بۆ ڕەخسا، کە ژمارەیەکی زۆر ئەندام کۆکاتەوە، وسازمانێک بنیات بنێت کە ڕیبەرانی بەغدا، خێرا،بە لێو کرۆژتنی مخابن، تەکۆزی و پتەوبوونی ئەویان لە ئەزمووندا.
بەلام لە هەمووان گرنگتر، ئەم سێ ساڵەی پاش ئینقلابی14-ی ژوئیەی 1959 هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی بارزانی بەناوی ڕێبەری ڕاستەقینەی مللەتی کوردە، پاش ساڵەکانی

ڕاهێنان(1924-1931)ئەوڵین دوورخراوەیی لەئیراق(1934-1943)ساڵەکانی ئەزموون وجەڕباندن(1943-1947)ولەئاکامدا دوورخراوە بۆ یەکیەتی سۆڤیەت1947-1958.

مەلامستەفا کە هەتا ئەوکات، پێشمەرگەیەک، فەرماندەری گروپێکی چەکدار، یا ڕێبەری نیزامی، بە ئاوات و بەتاسەی نەتەوەخوازی ئاشکرا، بە یەکیک لە کەڵە پیاوانی سیاسی دەگۆڕدرێ. ئەوجلەوی چارەنووسی خەڵکی کوردی ئیراق، بەدەستەوە دەگرێ، ودەسەڵاتی خۆی بەسەر حیزبێکدا کە بۆخۆی –بەرپرس وبنیات نەری ئەوبوو- دادەسەپێنێ، وئەوهەی لە قسەی لابدا، لە حیزبی وەدەر دەنێت. وخۆی بەناوی ڕێبەری گشت کوردەکانی ئێراق، بەهەموان، بە ئاپوورەی خەڵک، و بە ژەنەڕاڵ قاسم، ویەکیەتی سۆڤیەت دەناسێنێت. بارزانی بە ڕەواڵەت پێی ناخۆش نەبوو، ڕێبەری کوردەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان بێت، بەڵام بووزی بۆ نەخوارد. ئەمە یەکەمین سەرنەکەوتنی وی بوو. بەڵام تەنیا ئەمە نەبوو.

ژەنەڕاڵ بارزانی عەیبەکی گەورەی هەیە: یانی نازانێ حیزب چێیە؟!...ئەو لەجەستەی حیزب(کەرەسەو ئامراز دەدێنێ) وبەگوێرەی دەسەڵات، فکردەکاتەوە، بەڵام هزری، باس وگوفتوگۆ) (بەشداربوون) بە ڕیگای ئەوڵ ئەو(دیموکراسی)نادۆزیتەوە. لەماوەی ساڵەکانی تەژی لە خۆشی وشایی ئینقلاب، ژەنەڕاڵ بارزانی چ کاتێک بە حەقیقەت لەگەڵ پارتی دێموکراتی کوردستان یەک ناگرێت...کاتیک کەلە سیاسەتی حیزب ناقایلە، سکرتێری گشتی لادەبا، وکەسەکی دیکە لەجیی دادنێت، پاشان ئەویش لەسەرکار لادەبات،ئی ئەوەڵ دینیتەوە...بەڵام بە پێچەوانەی ئەم تێکەولێکە، یابۆخۆی بەهوۆ وی،هەمێشە لە پەیوەندی نێوان ئەم حیزنی ئینقلابی وڕیبەرەکەی جێگایەک لەکارەکانی دەلەنگێت. ئەمە بەمانای چاندنی تۆوی ئاڵۆزی سالی 1964وئاشبەتاڵی حیزب لەساڵی 1975بوو

## پاژی شەش، شەڕی قاسم

بەم جۆرەهیواداریەکی کەلەئینقلابی ئێراق(ڕووخانی سەلتەنەت لەئێراق) لەدایک ببوو،بە نائومیدیەکی تەواو گۆڕدرا، سێ ساڵ پاش بڵاوکردنەوەی قانوون ئەساسی موەقەتی ڕێکەوتی 27ی ژوئیەی 1958،کوردەکان وعەڕەبەکان نەیانتوانیبوو، پەیمان و بەڵیننامەیەک بۆ پتەوکردنی پەیوەندی خۆیان لە چوارچیوەی کۆماری ئیراق بێنە سەرکاغەز وداڕێژن(شەڕە دندوکەو ناکۆکی ودوژمنایەتی نێوان نەتەوەخوازانی کوردو عەڕەب، دەڕۆیی هەتا سەر لە نوێ بە دەست بردن بەچەک، جێ بەجێ بکرێ! لە ڕاستیدا ئەم شەڕی کەلە 1961 دەستی پێکرا، مەگین بە دەگمەن، دەنا ڕانەگیرا، وهەتا ساڵی 1975 بەردەوام بوو، لە ئاکامدا شتێکی جێ بەجێ نەکرد، وچ گرێپوچکەی نەکردەوە. ئەم شەڕە کە لە شەڕێکی تەواو عەیار توندترە، بریتی لە زنجیرە شەڕەکانی بچکۆڵەیە، کەلە مابەینی ئاگربەسی، تەقریبەن درێژ، ڕیککەوتوو بەگۆڕانکاری وهەل ومەرجی سیاسی ئیراق،ئەوان لێکدی جیا دەکاتەوە، و هەر ئەم وەزعە،سیاسییە، شوێن لەواندا دەکات و جاروایە، بۆخۆی بە دنە دان، ئەوان ئاریکاری دەکات.

ماوەی 4-ساڵ بەلانی کەم، چوار ڕێژیمی جۆراوجۆر، هەربەم چەند کودتایەی زۆروکەم خوێناوی، دەبن بە جێگری یەکدی، ولە بەغدا بە دەسەڵات دەگەن. سنارِ یۆی ئەم کوودتایانە، شتێکی ئاسایی وبێ بایەخە: لە دوایی هەر کودتایەک، گروپێکی تازە کە بە دەسەڵات گەیون، لەگەڵ کوردەکان پەیوەندی دەگرن-کوردەکان کەبەهۆی شەڕ لە گەڵ ڕێژیمی پێشوو شل وشەکەت بوونەو

لەوزەو توانا کەوتوون، ئاگربەس، قەبووڵ دەکەن، ئەم ئاگربەسە، بەڕێبەرانی گروپی تازە بەدەسەڵات گەیوی بەغدا، دەرەتان دەدا، کەدەسەڵاتی خۆیان داسەپێنن. وگروپی بەقودرەت گەیو، کاتێک بەم ڕادە هەستی بە متمانە کرد کە دەشێت، حەوجێ بە کوردان نەبێت، سەرلەنوێ کەلە ڕەقی گروپی پێشوو دەکاتە زاخاوی مێشک ودوژمنایەتی لەسەر ڕا دەست پێدەکاتەوە.
تەنیا بەڵێننامەی 10ی مارسی 1970 بوو کەتوانی، هەرچەند بە نیوەچڵ،بناخەی مافێک وپەیوەندی و هاتووچۆی تازە لە نێوان دوو نەتەوەی عەرەب و کورد دابرێژێت-بەڵام ئەم بەڵێننامەیەش بیچمی کاقەزێکی باتڵەی بەخۆوەگرت،وئاخرین ڕووداوی شەڕ، بوو بەهۆی هەرس هێنانی بزوتنەوەی کورد، کە ژەنەراڵ بارزانی ڕیبەرایەتی دەکرد.

1-سەرەتای دوژمنداری

دوژمنداری لە هەل و مەرجێکی تەقریبەن، پشێو دەست پێدەکات، وپاش چوونی ژەنەراڵ بارزانی، بۆ گوندی بارزان لەمارسی 1961، قوونە شەڕی نێوان بارزانیەکان وزێباریەکان، کەژەنەراڵ قاسم، بەنهێنی چەک وچۆڵیان دەداتێ، لە زێدەیی دەدا.
لە15ی ژوئیە ژەنەراڵ بارزانی گروپێکی بۆ تەمێ کردنی زێباریەکان، دەنێرێت: تەقەو لێکدان هەتا 19ی ژوئیەی 1961 بەردەوام دەبێت، وسەرکردەی زێباریەکان لە بەرامبەردا، خۆیی پێڕاناگیڕێ وئاوای کوردستانی باکووری بن دەستی تورکیە دەبێت، ودەبێتە پەنابەری حکوومەتی تورکیە!
لە ڕاستیدا پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق، لەخول وسوڕی مەسەلەکە... وەدوا کەوتووە، لە مانگی سپتامبەری 1961 کوردستان وەک مەنجەڵ هاتۆتە کوڵین: هێندێک لە سەرۆک هۆزەکان، بێ ئەوە لە حیزبی دێموکڕات فەرمانیان وەرگرتبێت، نەفەراتی خۆیان، لە چەک پۆشتە دەکەن( دژی کەرتەکانی ئەرتەشی ئێراق) دەست لە پەلامار دەدەن. ئەگەرچی هەڵویستی پارتی دێموکڕات سەبارەت بەم مەسەلە ڕوونە، بەڵام مەعلووم نییە،ئاخۆ هەڵویستی بارزانی لەم کاتە داچ بووە؟ ئاخۆ ئەمە، ئەوە کە بۆتە هەوێنی سەرهەڵدانی ئەم جۆش وخرۆش و ڕاپەڕینە؟ ئاخۆ لەبەر ئەمە دایە کەجڵەوی بگرێتە دەست؟ لەم بارەوە، پرسیار زۆرن کە هەتا ئەمڕۆ بێ وەڕام ماوەتنەوە.
لە6ی سپتامبەری 1961 پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق، بەنیەتی ڕێزگرتن لە بیرەوەری خۆپێشاندەرەکان، کەلە شۆڕشەکانی 6ی سپتامبەری ساڵی 1930 لەسولەیمانیە، کوژراون، مانگرتنەکی گشتی دەست پێکدێنێت. سێ ڕۆژ دوایی وی، ئەرتەشی ئێراق، هێرش دەکاتە سەر عەشایری کورد، ڕۆژی16-بارزان بەنۆرەی خۆی دەکەویتە، بەرهێرشی حکوومەتی بەغدا، ولە24ی دەسامبەری 1961 ژەنەراڵ قاسم لەوتووێژەکی هاواڵدەری دا، لە دایک بوون و (لەناوچوونی) شۆڕشی کوردەکان و هەڵوەشانەوەی، پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق، ڕادەگەیەنێت.2

-2-هەڵویستی پارتی دێموکڕاتی کوردستان

بەڵام پارتی دێموکراتی کوردستان چەند مانگ لەجەریان وەدوا دەکەوێت: ڕێبەرانی حیزب، بە تایبەت برایم ئەحمەد، لە بەغدا دەمێننەوە، خەرێکی وت وێژ لەگەڵ قاسم دەبن. برایم ئەحمەد چەند مانگ دوایی بە(ئەریک ڕۆلۆ) ناردراوەی تایبەتی (لۆمۆند)دەڵێ: (پارتی دێموکڕاتی

کوردستان ئەوکات بیرورای ئەمە نەبوو کە بتوانێ لەبەرامبەر،ئەرتەشی ئێراق،دەست بە بەرەکانیەکی مجد بکات گوندەییەکان شەرەکەیان بەسەرئێمە دا سپاندبوو، کە ئێمە لە پێشدا خۆمان بەدۆراو دەزانی، تەنیا لە دەسامبەری 1961بوو کەپارتی دیموکرات راستەو خۆ بە فەرمی بەرپرسایەتی بەرپوە بەری عەمەلیاتی بەئەستۆوە گرت)

لە راستیدا پارتی دێموکراتی کوردستان هەتا مانگی مارسی 1962 بە جۆرێکی مجد،لە شەردا بەشداری ناکات. ریبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراق،چ وەختێک سەبارەت بەم سیاسەتەی سەبرو چاوە نوارێ کە بە هەرحاڵ سەرنج راکیشە، سەیر دەنوێنێت، حازر بە شیکردنەوەی نەبوونە.

ئاخۆ ئەم تاسەیان لە دڵدا بەخێو دەکرد، کە ئەرتەشی ئێراق، ئەم شۆرشەی کە بە بۆچوونی ئەوان، بێ بەرفرەوانی و دوارۆژ بوو،تێک بشکێنێ، وهیواداربوون، بەو شێوەیە، لەبەلای بارزانی کەرۆژ بەرۆژ لەلاق ولەتەریان دەهالا، رزگاریان بێت؟

ئاخۆ دەلیل وهۆکاری ئەم دوو دلیە، دژایەتی حیزبی کموونیستی ئێراق، دژی دەسەلاتی تاکە کەسی ژەنەراڵ قاسم) بوو؟ لە راستیدا کۆمەنیستەکان لەمە مەترسیان دەکرد، کە شۆرشی کوردەکان سەرنخوونی وروخانی رێژیمی قاسم بەر لە دۆزینەوەی رێگاچارەی بۆ جێ نشینی وی، لەچوارچێوەی(جەبهەی مللی) وەلەزبخات،بۆیە بەو بزوتنەوەی کەلە باشووری ئیراق، وەرێخرابوو، دژایەتیان دەکردو ناتەبابوون.

وێدەچێ ئەمە لە خۆرانەبێ، کە ریبەرانی پارتی دێموکراتی کوردستان، هەتامانگی مارسی 1962 راستەوخۆ لە عەمەلیات دابەشداری نەکرد...چونکە لەراستیدا لەمانگی مارسی 1962 دایە، کە حیزبی کموونیست هەڵویستی خۆی سەبارەت بەمەسەلەی کوردان، دەگۆرێت وبەقازانجی( مافی گەلی کورد، بەدیاری کردنی چارەنووسی ئەوان) بیروباوەر، دەردەبرێ، وهەتا ناساندن و پەسندکردنی ئەم مافە(بەجیا،وەبوون) و(دامەزراندنی ولاتێکی سەربەخۆ) بەرەوپێش دەروات.

3-تێشکانی ئەوەڵی کوردەکان

ئاکامی یەکەمین روو بەروو بوونەوەکان، بەرەواڵەت راستی بیرورای هەر دوو لایان، پەسەند دەکات. لەراستیدا کاردانەوەی عەمەلیات بۆکوردان کەلکی نەبوو. لەباکوور،یانی لەپاریزگای سولەیمانیە، عەشیرەتەکان، لەهێزەکانی ئیراقی بەشپرێوی تێشکان! لەدەڤەری هەولێر(ئەربیل)یش،بەم جۆرەبوو، لەوێ چەند سەت کەسێک، بەرێبەری(عەولا سمایل) بەدرەنگەوە لەبەرامبەر هێزەکانی ئێراقی خۆراگریی وبەربەرەکانیان کرد. وەرزیرانی کورد بێ رێبەر، بێ چەک وچۆڵ، نەیاندەتوانی لەبەرامبەر، ئەرتەشێک کە هەتا ددان تەیارو پۆشتە بەچەکی وێرانکەر بوو، و لە لایان هێزەکانی ئاسمانی پشتیوانی لێدەکرا، خۆراگرن.

ژەنەراڵ بارزانی کە ئەوکات،لە(660)پێشمەرگە زێدەتری لەبەر دەست دابوو، وئەم دەستەیەش، تەنیا بەچەکی سووک وئاسایی پۆشتە بوون، بریارێکی بوێرانەی گرت: ناوچەی بارزان کە شێخ ئەحمەد ئەوی بێ لایان راگەیاند بوو، بەجێ دێڵێت

و پەنا دەباتە چیاکانی زاخۆ، هەڵکەتوو لە ئاخری رۆژئاوای بادینان، وسەرانسەری زستانەکانی 1961-1962، لەوێ بێ مننەت لە بۆمباردومانی ئاسمانی،تێپەر دەکات.

له دەسامبەری 1961برایم ئەحمەدو ڕێبەرانی تری، پارتی دێموکراتی کوردستان، کاتێک پێدەحەسێن،کە هیوایەک بۆ دەست وێراگەیشتن بۆ پێکهاتن لەگەڵ ڕێژیمی قاسم لەگۆڕێدانییە، لە بەغدا دەردەچن،و دەڕۆنە ناوچەی سولەیمانیە، ومەقەڕی خۆیان لە وێ دەکەنەوە، ولە بەهاری ساڵی 1962 لەگەڵ خۆیان، سازمان وتەکۆزی دەسیپلین دێننە ناو شۆڕشی کورد، کە جێگای وی لە بزوتنەوەدا زۆربەتاڵ بوو.

## 4-پارتی دێموکراتی کوردستان وبنکەی بەربەرەکانی

کۆ کردنەوەی دراو(پارمەتی) بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی(خەبات) حازرو دابین کردنی خواردەمەنی دانەویڵە، بۆ خەڵک، بنیاتنانی دەم ودەزگایەکی ئیستخبارات و بنکەیەکی ترۆرپیستی(بۆ خەرابخوازان وئیعدامی خۆ فرۆشان)... ئەمانە ئەرکەکانی (زۆر وەبەرچاو کەوتوونە) کە ڕێبەرانی پارتی دێموکراتی کوردستان لەگەڵی دەست بەیەخەن. بەڵام ئامانجی بنەڕەتی وان بنیاتنانی (ئەرتەشی ئینقلابی کوردستان)ە-ئەرتەشێک کە وردەوردە، بتوانێ جێگەی چەکداری عەشیرەیی بگرێتەوە... وئەم ئەرتەشە، کە(هێزی پێشمەرگەن) بە دەستەو پەل ولک دابەشکراوەو، ڕێککەوتووە و75لەسەتی ئەندامانی پارتی لە خۆیدا پێکدێنێت.

(هەر دەستە بریتی لە10کەس وهەرپەل بریتی لە: 40 وهەرلک بریتی لە: 350کەسە، مووچەی هەر پێشمەرگەیەکی زگوردی 750فلس(بەرامبەر12فرانگ) ئی بەژن و منداڵ سێ دینار( 45فرانگە، یاداشتی نووسەر: برایم ئەحمەد لە چوارتا، وجەلال تاڵەبانی لە چەمی ڕێزان.)

ڕێکووپێکی وخۆڕاگری و توانایی جەنگاوەرانی ئەم ئەرتەشە، کە بە ورد بوونەوەیەکی زۆر، وبەگوێرەی تایبەتمەندی لەش ساخی، و ئیخلاق، هەڵبژاردراون، خیرا لە ئەرتشی ئینقلابی کوردستان، هێزێکی ئەوها سازدەدا، کە بە پیچەوانەی کەمایەتی چەکدارە پێشمەرگەکانی کەلە1962 سەرژمێریان لە/7000کەس تێپەڕ دەکات، دەتوانێ ئەرتەشی ڕێژیمی قاسم تووشی تێشکانی قورس بکات.

ڕیبەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان کەلە بەرامبەربنیاتنانی ئەم بنکە نیزامیە، سازمانێکی سیاسیش وەدیدێنێ کە تان وپۆو ڕایەڵی وەکوو قەفی زنجیرتێکخراوە، وەکوو گەوەی ماهووت پرپشت چنراوە، سەرانسەری مەڵبەند وەبنە خۆی دەدات.

ئەم بەشە لەکورستان کەلە ژێر هەتەری کارتێکەری حیزب دایە، بە پازدە پاژ، و لە ژێر دەم ودەزگای ڕێوەبەری ( کۆمیتەکانی دەڤەر)دا بەشدەکرێت. وئەم کۆمیتانەی مەڵبەند، بەبڕیاری ڕاستەوخۆ( ڕێبەری تێکڕایی) بریتی لە بەرپرسێکی نیزامی، گزیرێکی سیاسی، بەرپرسیکی سیاسی، بەرپرسێکی ئیداری وبەپرسێکی کاروباری لوجەستەگیوهتد..بەرلەوەی کەدەوڵەتی ناوچەیی بێتەسەرکار، لە ڕاستیدادەوڵەتێک پێکدێنن، کەحوکم وکارتێکردن وشوین تیکردنی وی، بەهۆی (هەڵسوڕێنەری(کۆمیتەی گوندەکان) بۆ بچووکترین دێ دەگوێزرێتەوە.

## 5- پەیوەندی بارزانی وپارتی دیموکراتی کوردستان

بەإم ڕێکخستنی سازمانێکی ئەوها، جێگای عافەرین، بێ تەنگەژە نەبوو: سازمانی حیزب کەلەگەڵ پتەوبوونی لە باکووری کوردستانی ئێراق(قەرارگای ڕێبەرانی حیزب) جێی خۆی گرتبوو، هێندە لە ناوەندی نزیک نەبوو، هەتاپتر بۆلای باشوور دەچوو، بەم ڕادەیە، لە شوێن

تێکردنی حیزب کەم دەبۆوە. جێگە دانشتنی عومەر مستەفا(ناسراو بەعومەردەبابە) لە بێتواتە، باشوورترین خاڵی سەقامگیربوون و شوێن تیکردنی حیزب بوو. ژەنەراڵ بارزانی کەیفی بەحیزب نەدەهات، ونەیدەویست کەسێک لەلای وی، سەبارەت بەحیزب بدوێت. ئەو لە مانگی دەسامبەر1962 کاتێک ڕۆژنامە وانێک داوای لێدەکات کە نەخش و ڕۆڵ وئەرکی حیزبی بۆ وی شی کاتەوە( بۆ ڕەکیش کردنی سەرنجی دانیشتوان، بەدەنگەکی بەرز دەڵێ: (هەتا ئەم جێگایە کە پەیوەندی بەمنەوەیە، حیزبێک لە ئارادانییە، تەنیا خەڵکی کورد لەگۆڕیدان، وئەگەر سەرکەوتوو بێن، ئەمە خەڵکە کە سەرکەوتوو بوونە!

چەندمانگ دوایی، یانی: لە مارسی 1963، بارزانی ڕستە وهەودای تەواوی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق پساند(هەرکات کەلە حیزب باسێک دەکەوتەسەرزار، تووڕە دەبوو( هەتا ئەوە جێگایە کە گوتی: ئەمن چ وەخت بەرپرسی ئەم حیزبە ڕووکەشە، کە زەرەری زێدەتر لە قازانجی بۆ ئامانجەکانی ئێمە هەبوو، نەبوومە ونیم!)

## 6- ڕووناکبیرانی پارتی دێموکڕاتی کوردستان

ڕاستە هەمووشت، بارزانی لەم ڕووناکبیرانەی کە حیزبیان هەڵدەسووڕاند جیا دەکردەوە. برایم ئەحمەد کە لە ساڵی 1913لەسولەیمانی لە دایک بووە، ولەو کاتەوە کەلە بەغدا، دەرسی حقوقی دەخوێند، بە بزوتنەوەی کوردلکا: تێزی، تەواکردنی زانستگای لە1937 سەبارەت بە پەیوەندی عارەب وکورد، بوو بە هۆی ئەمە کە بۆ مەحکەمە، بانگ بکرێت.

ئەو لە1939 سەرنووسەری گۆڤاری (گەلاوێژ) بوو، لە1946 بەرلەمە ببێتە ئەندامی پارتی دێموکراتی بارزانی، بەرپرسی لکی سولەیمانیەیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی قازی محەمەد بوو. کاتێک کە بوو بە ئەندامی پارتی دێموکڕاتی بارزانی، ئەم کردەوە لە گەڵ نابەدڵی، وبەدوای دژایەتی لەگەڵ بارزانی لە سەرمەسەلەی وەدیهێنانی حیزبێکی جیا، وبەتاقی تەنیا بۆ ئێراق(فەسڵی 4) وکاتێک کە بوو بە ئەندامی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێڕاق، ئەم حیزبە ئیدی لە ژێرفەرمان و چاوەدێری و دەسەڵات وشوێن تێکردنی بارزانی دانەبوو، ئەوچاخ بارزانی لە یەکیەتی سۆڤیەت بوو، وپاش چوونی بۆ یەکیتی سۆڤیەت، پەیوەندی بارزانی لە گەڵ حیزب پچڕابوو.

لە مەڕ کاکڵ: برایم ئەحمەد کەسایەتیەکی دەرس خوێن بوو، بە زوانەکانی کوردی، عارەبی، و فارسی وئینگلیزی باش دەئاخافت. چەند مانگ دوایی کەبۆ سەڕافەتی و خۆڕاگری حیزب دەچێتە کوردستان، ئەم ڕۆژنامە وانانەی کە چاویان بە وی کەوتبوو لە ئەشکەفتێکدا کە مەقەڕی وی بوو، لە کتێبخانەکەی شوێنەواری (برتراندرسل،داستایفسکی، مارکس و لێنین، پاسترناک واچ، سالزبری وژان پل سارتر لە ڕەخ یەک دەدێنن. ئەبەم جۆرە شەپۆلی ناخ، ئەوی لە بارزانی جیا دەکردەوە، کەکەس نەیدیبوو کتێب وەخوینێ... جیا لە وێنەکانی کە دیوید ئادامس، ڕۆژنامەوانی بریتانیایی لە وی هەڵگرتبۆوە، وژەنەڕاڵی لەحاڵێکدا نیشان دەدا، کە خەرێکی خویندنەوەی چوار خشتیەکانی عومەری خەیامە! کە تازە لە چاپ دەر چووە.

بە بیروڕای سیاسی، لێکدانەوەو تۆژینەوە لە سەر برایم ئەحمەد کارێکی چەتوونە، بە تێکۆشانی وی بوو کە پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێڕاق، بە حیزبی کۆمەنیست، لێنێنیست گۆڕدرا، دژکارانی ڕاست لە جەستەی وی (کموونیستێکی نهێنی) دەدێنن کە خۆی بەبیچمی (دێموکڕاتی لیبڕاڵ) ڕازاندۆتەوە. ڕەخنەگران لە جەستەی وی نەتەوەخوازیک دەبینن کە زۆرتر، لە عارف

نزیکترە هەتا ژەنەڕاڵ قاسم. و خالد بەکتاش سکرتێری گشتی حیزبی کموونیستی سووریيە، کە بۆخۆی کوردە و لە سپتامبەری 1958 ئەوی لە پڕاک دواند بوو، هەر ئەوکات گوتی: (ئەو وەکوو بەعسی یەک، دەئاخافت).
جەلال تاڵەبانی( کەلە ساڵی 1933لەکۆی سنجاق) هاتۆتە دونیا، لە بەغدا ڕشتەی حقووقی خویندوە بەڵام نەسلێک ئەوی لەبارزانی وهەمزە عەولاّ وبرایم حمەد، جیا دەکرد. تاڵەبانی زاوای برایم ئەحمەدە، تاڵەبانی خێرا بە ناوی ( بێچوەگورگی ڕادیکاڵی حیزب) خۆی بەهەموان ناساند، بەڵام لە سەر ئەوەش ڕا، ئەمە نەبوو بە لەمپەری نزیک بوونەوە وخۆشەویستی لە بارزانی.- بارزانی بەچاوی (کوڕیخۆی) لەوی دەڕوانی، ئەو کەلایانگری شەڕی چەکدارانەبوو، لەکۆمیتەی ناوەندی کەوتە گروپی کەمایەتی، کە بیروڕای ئەمە بوو کە حیزب دەبێ لە ئاوریلی 1961 دەستی بەشۆڕش کردبوایە. ئەو لە حاڵێکدا کە اوەن بیروڕایەکی ڕوون ویەکجار خەڵکی یە، پەروەردەکردن وڕاهێنانی پێشمەرگەکانی حیزب، هەتاڕادەیەک دەینداری تێکۆشانی ئەون.

## 7-وێنەچوویی بزوتنەوەی کورد

بەم جۆرە لەساڵەکانی 1962-1963 بزوتنەوەی بەر بەرەکانیخوازی، وخۆڕاگری دوو جەمسەری هەیە، ودەنگ دانەوەی ئەم ناتەبایی بیروڕا، لە ئامانجەکانی وی وە بەرچاودەکەوێت: شۆڕشی چەکدارانە بەشێک لە ڕێو ڕەوشتی حیزبی یە، ئەم ڕێو ڕەوشتە، نەتەوەخوازانەیە. شەوانە پێشمەرگەکانی کورد، لە دەورەی ئاگر دادەنیشتن، و پێکەوە سرودی(ئەی ڕەقیب) ئەخوینن.- کێ دەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە، قەت نامرێ، قەت نانوی ئاڵاکەمان...بەڵام سڕودەکی دیکەی ئیبقلابیش لە قوڵایی دڵەوە دەخوێنن: ئێمە کوردین، ئازادی خوازین، بەگەکان خوێنی کرێکاران دەمژن... شان بە شانی هەموو چین و توویژ، لەگەڵ نەیاری هاوبەش، دەجەنگین.
ڕیبەراتی پارتی دێموکڕات، هەرچەند لە مەڕ بیروڕای بارزانی (ڕادیکاڵ)بێنە بەرچاو، بۆخۆشیان مەترسیان لەمە هەبوو کەلە وەرزێران هەڵبڕین و وەدوا کەون وەرزێرانێک،کە دەیانەویست وشەکانی(ئینقلابی کورد) ماناو نێوەرۆکەکیشان هەبێت. برایم ئەحمەد لە لای ڕاسپاردەی تایبەتی (لۆمۆند) دەم بەمە دادێنێت: ئەمن لە ئێوە ناشێرمەوەکە: ئێمە لەمە، ئەترسین جڵەوی جۆتیارانمان لە دەست دەربچێت! هەڵبەتە، ئێمە چ قەول ووادەی دیاری کراومان پێ نەداون. بەڵام وشەی خودموختاری بۆ ئەوان بەهەشتی بەرینە، بە هەشتێک لە سەر ئەم دونیایە! بەڵام ئێمەناتوانین ئەم بەهەشتە بەم زوانە بدینە وان، هەتا پاش ساڵهای ساڵ! بۆ وەرزێرانی کورد، مەسەلەی گرینگ مەسەلەی زەویە، بەڵام پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێڕاق، لەسەرئەو هەموو بوغزو غەرەزو ڕق وتووڕەییەی کە سەبارەت بەسیستەم وشێوازی ئاغا و ڕەعیەتی، وئەو هەموو خۆشەویستی و هیوابیەی
کە لە مەڕ دابەزینی قانوونی زەویووزار هەیەتی، لەبەرئەوە دایە کە لە ماوەی شەڕ لەگەڵ بەغدا، بۆ نەڕەوینەوەی( سڵەمینەوە)ی سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد، ئەم مەسەلە کۆمەڵاتیە، هەڵپەسێرێ، و بێ دەنگی لێ بکات.

## 8- مەسەلەی خودموختاری

ڕەوشتی حیزب و دورشمی ( یان کوردستان یان نەمان)ئامانجی بەر بەرەکانی بەڕادەیەکی تەواو، ڕوون دەکاتەوە(سەربەخۆیی) کوردستان. بەڵام هەڵویستی ڕیبەرانی حیزب هەتا ڕادەیەک ناڕوون بوو: ڕیبەرانی حیزب کەلە لایەک دوو دڵ بوون نەیادەویست ژەنەڕاڵ قاسمی لە شەڕێکی قورس دژ بەخەڵکی کوردستان تووش بکەن،ولەلایەکی دیکە پێیان خۆش نەبوو وڵاتە عارەبەکان لەخۆیان درِ دۆنگ بکەن، لە شەش مانگی ئەوەڵی شەڕدا، لەکەلک وەرگرتن لە وشەی (خودموختاری) کە لە پەیرەوی حیزب داهات بوو، خۆیان دەپاراست.

لە ئاوریلی 1962(خەبات) ئەندامی فەرمی پارتی دێموکڕاتی کوردستان، پاش پێداگرتن لە سەرئەم بابەتە، کە بزوتنەوەی کورد لەبەر ئەمە دانییە، کە کوردستانی باکوور لە ئێراق جیاکاتەوە،ئامانجەکانی گرینگ ومەزنی ئینقلابی کوردیی بە ڕیبەرایەتی ڕۆڵەی  بە ئەمەگی کوردستانی ئێڕاق، بارزانی پاڵەوان، بەم  جۆرە دەداتە بەرباس: 1-گەڕانەوەی هێزەکانی ئێراق بۆ پێکەکانی پێشووی بەرلە شەڕ، وهەڵوەشانی هێزەکانی بەکرێگیراو(چاش)

2-دورست کردنی ناوچەکانی بۆمباردمان کراو

3-ئازادکردنی بەندییەکانی سیاسی

4-بەتاڵ کردنی یاسای حکوومەتی نیزامی وکۆتایی هێنان بە دەورەی ئاڵەگۆر وسەقامگیرکردنی ئازادیەکانی دێموکڕات.

5-دارژتنی قانوون ئەساسی نوێ، لەکمسیونێکدا، پێکهاتوو لەنوێنەرانی گشت هیزەکانی سیاسی ئیراق، بۆ سەقامگیرکردنی نیزامێکی شوڕایی ساخ و بە بیروڕای بەخشینی خودمووختاری بەخەڵکی کورد، لە چوارچیوەی کۆماری ئیراق.

6- دابەزاندنی یاسای(ئیسلاحات ئەرزی) دابەشکردنی زەویووزار، هەتا ئەو وەجێیە کە پەیوەندی بەکوردستان، هەیە... بەگوێرەی هەڵ ومەرجی ناوچە و بیروڕای پارێزگاری پتر لە قازانجی وەرزێران، وسەنعەتکردنی کوردستان وبەرەو ژوور بردنی ژیانی خەڵکی و هتد...

وشەی(خودموختاری) لەئاکامدا بە یەکێک لە داخوازەکانی خەڵکی کورد، خۆ دەنوێنێ، بەڵام ئەم خۆ نواندنە، لەدوایین بەندی (5) لەگەڵ پاریزو شەرمەوە...

پارتی دێموکڕاتی کوردستان ئێستە کەلە ئاکامدا ئەم هەنگاوەی بە داخوازی خودموختاری هەڵێناوەتەوە، سەرجەمی شێوازەکانی ئیقناح بوون، بۆ ڕەزامەندی عارەبەکان بەتایبەت عەڕەبی بەغداو ڕێبەرانی قاهیرەو، وڵاتانەکانی دیکەی عەڕەب بکاردینێت. هەتا بەوان بەسەلمێنێت کە ئینقلابی کورد لە ڕاستیدا وبەگشتی لە چوارچیوەی وڵاتی ئێڕاق دایە. پارتی دێموکڕاتی کوردستان، جۆڵانەوەیەکی جیاخوازانە،نییە... هەرچەند دەم بەمە دادێنێت کەکوردستانی ئێڕاق مەسەلەی جیاخوازی وجوودی هەیە!

ئەمەش یەکێک لە عەجایبترین و سەرنج ڕاکێش ترین جووڵانەوەی نەتەوەی کوردە کەلە وتوویژەکاندا کە بارزانی وبرایم ئەحمەد لە ساڵەکانی 1962و 1963 لە گەڵ ڕاسپاردراوانی تایبەتی (لۆمۆند، نیویورک تایمز، وسەندی تلگراف کردۆیانە، ئاشێڕەیەک بەم مەسەلە ناکرێت.

9- بارزانی وگەمەی دەوڵەت

سەرهەڵدانی ژەنەڕاڵ بارزانی لە گۆڕەپانی سیاسەتی دونیا، لەم دەورەیە دەست پێدەکات: ئەوکە لە ئەوڵێن شۆڕشی خۆی( 1942-1945) ولە جەرەیانی کۆماری مەهاباد،یەکێک

کەمتەرخەمی هاواڵدەرەکانی دنیابوو...بەڵی ئەو کە دوایی سەقامگیربوونی بە ناچاری، لە یەکێتی سۆڤیەت نازناوی(ژەنەڕاڵی سوور)ی لە چاپەمەنیەکان وەرگرتبوو،لە نەکاو کەوتە بەر لوتفی ڕۆژنامەکانی ئورۆپا و ئامریکا، ناردراوانی ئەم ڕۆژنامانە، لە حاڵێکدا ڕموودەی ئەم(ئەعیان زادەیەی ئینقلابی ) دەبوون لە چاوپێکەوتن لەگەڵ وی سەریان لێدەشێواو سەرسام دەمانەوە.

بارزانی ئەوکات تەمەنی 60ساڵ بوو. بەڵام ئیستا دەورانی تێکۆشانی ئەو،وەکوو(پسپۆڕێکی سیاسی) بوو. ئەو هەتا،لەناخی بزوتنەوەی کورد، ڕەخنەی لە سەربوو، ئیکجار لایانی وشیاری ڕادەگرت: دوو شەو لە سەریەک لە شوێنێک نەدەخەوت، بێ لێبڕانەوە ئیسکۆرتی لە دەورو بەر لە هاتوو چۆوڕایڵکە دابوون، بێ ئەوەی کەسێک بە جێگای خەوتنی ئاگاداربێت. جیا لە مەفرەزەیەک، کە جێگە متمانە و باوەڕ پێکراوی وی بوون.

بارزانی بەئاگاداری و هەڵسەنگاندن بەسەر ڕابردوو پەردەی مەڕموز دابکێشێ و بە دڵنیایی بەتۆ بڵێت: کە( باب وباپیرانی 1200ساڵ پێش)بەم لاوە ڕێبەرانی عەشیرەی بارزان بوونە! بەڵام لەمەڕ مانەوەی لەیەکیەتی سوڤیەت، وپەیوەندی لەگەڵ شووڕەویەکان، بێ ئەملا ئەولا،بێ دەنگی ڕەچاودەکات. بارزانی بە زمانەکانی کوردی وعەرەبی فارسی ... ورووسی دەئاخافت، بەڵام زوانی ئینگلیزی نەدەزانی وئەم زوانەو زوانی فەرانسە قەت فیرنەبوو، ولەگەڵ ڕۆژنامەوانەکان هەمێشە لە دیلمانجی کەلک وەردەگرت.

بەڵام ئەو ڕۆژنامە وانانەی کە لە ساڵەکانی سەرەتای شەڕ(1962-1963 دەچنە کوردستان، جاروایە هەتا دوو ڕۆژ لەلای ژەنەڕاڵ بارزانی دەمێننەوە، لە بینینی ڕەگەکانی کەسایەتی ئەم مرۆڤە تەکان دەخۆن. ژەنەڕاڵ بارزانی کە پیاوەکی بەژن مام ناوەندییە، بە جل وبەرگی کوردی و لێڕوانێنێکی وشیارو،دوو چاوی دەگەش، کە لە بن برۆی کوردی دەتروسکێنەوە، ئەوکەسەی کە قسەی لەگەڵ دەکات بەتوندی دەخاتە ژێرشوێن تیکردن. بەپێچەوانەی بە سەڵاچوونی تەمەن و بریک قەڵەوی، لە لەشی گەورەی هێزوو ئەنرێژی دەڕژێ-هەیکەلی ئەوهایە کە دەڵێی لە بەردی پتەو دا تاشراوە، ولە ورەو ئیرادەیەکی پۆڵایین بەرهەم وەردەگرت وبەرخوردارە.

ژەنەڕاڵ بارزانی، هەموو ئەوکەسانەی کەلە گەڵ وی وتووێژیان کردەوە، لەوەرگرتنەوەی، وەڵامی پرسیارەکانیان، کەلە وی دەکەن، تووشی سەرلێ شێواوی دەکات. ئەو مرۆڤیکە ئیکجار خۆڕاگر، لە ئاخافتن داهەمێشە شێوازی دیفاع بەخۆوە دەگرێ، هەمووکات بەر لە وڵامدانەوە، دەبێ پرسیاری کەسەکە،بە بەباشی هەڵسەنگێنی ماوەی چەند کاتژمێر بێ ئەوە، وشەیەک لە دەمی بێتەدەر، لە بەرامبەر سەرسوڕماوی،هاواڵدەرەکان لەم وەزعە چاوەنوار نەکراو، بۆ داوی کەو، شولک دەتراشێ! و بابەتەکی دوایی گنخاندن وهەڵگیڕ وەرگێر، لەمەڕ تێڕوانێن و بەرژەوەندی،ئەوکەسەی کە ڕووی قسەی لەگەڵ ویدایە، بەتوندی تووشی سەرەگیژەی دەکات: چەند کات ژمیر، بە پاڵدانەوە بەباباتەکی دیاری کراو،وەکوو تەداخولی نێو نەتەوەیی،یارمەتی بریتانیای مەزن،ئەیالاتی یەکگرتووی ئامریکا، یان فڕانسە(پەیوەندی بە کونگرەی ڕۆژنامەنووس، هەیە کەلەگەڵ وی وتوێژ دەکات)یان لەکردنی هاتنی چەکی قورس،دەکاتە پێخۆری باسەکە.دوایی فەرزیاتێکی دێنیتەگۆڕ،کە مێوانی بیانی بەسانایی ناڕاست بوونی وی بۆ دەردەکەوێت: ئەوجار بابەتەکی دیکە دەست پێدەکات، پاش یەک دوو سەعات سەر لەنوێ دەکەوێتە شوێن ئەو بابەتەکەی کە بەرێ هێنابوویە گۆڕێ، بوخچەی دەکاتەوە،لەسفر ڕادست پێدەکاتەوە.

گەلێک بابەتی گرینگ هەبوون کە بارزانی لە باسکردن وشێکردنەوەیان خۆی دوورە پەرێز دەکردو دەپاراست ولاتەریک دەکرد، یەک لەوان پەیوەندی لەگەڵ یەکیتی سۆڤیەت بوو، کەبێ گومان لەخۆ ڕاگری و،وشیاری وی بوو. بەلام بە بۆچوونی ئەم ڕۆژنامە وانانەی کە دەیان ساعات لەلای وی ماوەتنەوە، دەلیل وهەجەتی دوورە پەرێزی ژەنەڕاڵ، بارزانی لەنەدوان ونەدرکان ونەهێنانەوە، بەر لێکۆڵینەوەو ناتۆژینەوەی مەسەلەی فەنی، وەکوو خودموختاری یان مەسەلەی ئابووری، مەترسی بوو نەخوازا، نەتوانێ بەڕیکووپێکی شێ یان کاتەوە، مەبادا هەڵەیەک لەزوانی وی بترازێت!
دەیان کەڕەت، وێدەچێت بە شوێن گفتوگۆی ناخی، بابەتەکی دێنێتەگۆڕ،لە حاڵێکدا کە بۆخۆی لە کارتێکردنی ئەم بابەتە کە لە گوێڕادێە، کرددویەتی وخۆشحاڵی لێ بەدی هێناوە،سەری سوڕماوە، ئەوی بەرەڵلا دەکاو دەست لێ بەردەداو، دادەنێتە قەراخ.
باسێکی لە مەڕ خودموختاری لەکۆ تایی ساڵی 1962 ڕاگەیاند، کەیەک سیوەمی بەرهەمی نەوت وکورسییەکانی پەڕلەمان لەبەغدا، دەبێت بۆکوردەکان تەرخان بکرێت، ئەمە دەوڵەتی ناوچەییە، کەچاوی لەسەرئابووری وپەروەردەو فێرکردن وپۆلیس و هێزەکانی پارێزەر، دەبێت، تەنیا کارو باری دەرەوەی ولات لەبەستێنی دەسەلاتی بەغدا(ناوەندی) دایە. بەپێچەوانەی ئەمە کاتی شەڕ دەوڵەتی ناوەندی دەبێ بۆ بەرێکردنی هێزەکانی بۆ سنوور، وناردنی ئەم هێزانە لەکوردستان، دەبێ لە دەوڵەتی ناوچەیی ئیجازە وەربگرێت. کاتێک تێیانگەیاند کە ئەمە پتر وەسەر بەخۆیی دەچێت، هەتا خود موختاری، وپرسیاریان لێکرد کە بە بۆچوونی وی تەوفیری ئەو دووە چێیە؟ بێدەنگی ڕەچاوکرد.
جارێکی دیکە کەلە پێکهاتن لەگەڵ بەغدا ناهومێد ببوو گوتی: ئەگەر بیەوێ دەتوانێت کوردەکانی ئێراق لەگەڵ کوردی ئێران پێکەو بکاتە شەلخەیەک!
هزرێکی سەرنج ڕاکێش بوو! بەلام لە بەرامبەر سەرسوڕمانی وسەرسامی ئەو گیرۆدەییە، کە دنەی دابوو، بەباشی زانی بە خوارەپێچە لە باسەکە تێپەڕێ!
لە وت وێژێکی دیکە لەگەڵ ئەو هاواڵدەرە، دەم بەمە دادێنێت کە داوای یارمەتی لە ئێرانیەکان کردووە، بەلام بێ وەلام ماوەتەوە، لەڕاستیدا بارزانی چ وەخت نەیتوانی ڕۆژنامەوانەکان بەچاوی هاواڵدەر بدێنێت، لەم دەورەدا ئەوان بە سیخور دەزانێ، یان بەچاوی کاربەدەستێ وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیز،یان وەزارەتی دەرەوەی فرانسە، کاتێک لێیان حاڵی دەبێت شتاق لانین، ئەوجار بەباش دەزانێ لە جیاتی پرسیارەکانی وان وەلام بداتەوە، بۆخۆی پرسیاریان لێ بکات!
بەلام شتێک کە زێدەتر لە هەمووشت بینەرانی (بیانی) دەخاتە سەرسوڕمان، ئەمەیە: مژو تەمی نائومیدی وماندوبوونە کە بارزانی لە لەپی دەستی خۆیدا کوشێوە!
بە داخ وحەسرەتێک کەچ شک و دوو دڵی تێدانییە دوو پات دەکاتەوە: (کوردەکان چ (دۆستیان نییە) ڕاستە ژەنەڕاڵ بارزانی لەم سەردەمە، جیا لەچەند کەس لەسەرۆک عەشیرەتەکانی کورد، کە داکۆکی لێدەکەن، یەک لەوان هەمزەئاغای مەنگور، لە بنەماڵەی یەکێک لە هاڤلانی شێخ عەبەیدوڵلا زێدەتر(دوستی) نییە.
سەرهەنگ دووهەم عەقراوی لەم سەردەمەدا گوتی: ژەنەڕاڵ بارزانی ڕێبەرێکی مەزنە، بەلام سیاسەت وان نییە. ئەم داوەریە بێگومان ئیکجارتوندە، بەلام یەکێک لە ڕۆژنامەوانەکانی ڕۆژئاوایی کە بە پسپۆریەکی زۆر، ڕەگ وریشەی ڕوانی کەسایتی پێچراوەیی وی دۆزیوەتەوە، بە هێندێک تێکەڵ لەگەڵ ڕوحم ومێهرەبانی دەڵێت: (ژەنەڕاڵ بارزانی چ کات چ شت فێر نابێت، بەلام ئەوهەی جێگەی ئاخ وئۆف بوو ئەمە بوو کە بارزانی بۆخۆشی هەستی بەمە کردبوو

دەیزانی) هەرئەو ڕۆژنامەوانە، کە کەوتبوو بەر تیشکی غرورو مەزنایەتی وی هەتا ڕادەیەک، شوێنی تێکردووە، ناعیلاج بەهەبوونی شتێکی نالەبار لە سروشتی ویدا ئیعتراف دەکات.
تەنیا شتێک لە ناخی دڵی بارزانی دا گەڕای بەستبوو: ئەویش(دیپلۆماسی پلە بەرز)
ئەو، کە ماوەیەکی زۆر هەتا ساڵی 1945 بیروڕای لەسەرئەمە ساخ ببۆوە، کە چارەنووسی کوردان، پەیوەندی بە ئینگلیزەکان هەیە، پاشان وێدەچێ لە جەرەیانی کۆماری مەهاباد، چاوگەی پاڵەپشتی کردبێتە یەکیتی سۆڤیەت، و کاتێک کە شوورەویەکان دەستیان لە داکۆکی قازی محەمەد هەڵگرت، بەم ئاکامە گەیی، تەنیا هێزێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست(خاوەرمیانە) ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکایە.
ئەو بەهەرجۆرێک کە بۆی دەلوێ تێدەکۆشێ داکۆکی حکوومەتی ناوبراو، بۆ لای خۆی ڕاکێشێت. ولەبەرامبەردا(ڕوخانی حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم و،گۆڕانی ئێراقی، بەلایانگرویەکیتی زۆر بە قوەتی ڕۆژئاوا، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەئامریکا، پێشنیار دەکرد. بارزانی، بە چەشنێکی ساویلکانە، جار هەڕەشەدەکات وجار دانی ڕۆدەکا: (ئەگەر ئامریکایەکان، هەر وا جیا لە قازنجی تورکیەو ئێران، کە نایانەوێ کەس ئاریکاری بە ئێمەبکات، فکر نەکەنەوە... ئەوکات ئێمەش ناعیلاج دەبین یارمەتی کۆمەنیستەکان قەبووڵ بکەین... ئەمە مەترسییەکە، کە ناکرێ لە بەرچاوی دوورخەین) پاشان بێ سێو دوو ئەمەی لێ زیاد دەکات: ئەگەرشەڕێک بقەومێ، حەوجێتان بە ئێمەدەبێت! ئەوکاتە لەشکرکێشیەک، کەئێمە لە سەر ڕێگای پێشڕەوی هێزەکانی شووڕەوی لە قەفقاز هەمانە، بدینن! لەبیرتان نەچێت کە لە بارەی هێزەکانی تەکووزو وچریکی باشترین قازاخی(ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستین)... ودەتوانین بۆ ئامریکا بەقازانج بین، هەروەک حیزبی کموونیست کە بۆ بەرەوپێش بردنی قازانجی شووڕەوی بەکردەوە، حەول دەدا، ئێمەش دەتوانین بە قازانجی ئامریکا بشوغڵین!
دەساڵ وەرگەڕا، هەتا ئەم قسەچوەرانە، توانیان لەئاکامدا سەرنجی ئامریکا، بۆ لای کوردان ڕەکێش کات ، ئەویش نەک دەوڵەتی ئامریکا، بەڵکۆ( سازمانی سیا) وهەرئەوەش بوو بەهۆی چارە ڕەشی و بەدبەختی کوردان.
بەڵام بارزانی لەڕاستیدا پەیوەندی خۆی لەگەڵ یەکیتی سۆڤیەت نەپساند بوو.
بە گوێرەی هێندێک ئاگاداری، شووڕەوەکان لەم سەردەمە یانی: هاوینی 1962 چەند کەڕەت، بەوەسیلەی نوێنەرانی حیزبی کموونیستی ئیراق، وحیزبی توودەی ئێران، لەگەڵ بارزانی پەیوەندیان گرت. شووڕەویەکان ئەم ئاگاداریەشیان بەوی دا، کە ئەگەر بزوتنەوەکەی بۆ تورکیەو ئیران بەرفرەوان بکاتەوە، وجیگە دانیشتنی خۆی لە نێزیک سنووری یەکیەتی سۆڤیەت جێگربکات، حکوومەتی شوورەوی هەموو یارمەتیەکی پێویست وەکوو چەک وچۆڵ ودراو، کە بارزانی ئەوکات یەکجار حەوجێ بەوانەبوو، دەیخاتە بەردەست.
هەرچەند بارزانی ئەوکات بەم پێشنیارەی وەڵام نەدایەوە، چونکە ئەو چاخ یەکتیی سۆڤیەت، تەواوی چەک وچۆڵ وتەقەمەنی حکوومەتی ژەنەڕاڵ قاسمی دابین دەکرد. ئەمما لەدوایی ڕووخانی حکوومەتی قاسم، هێندێک یارمەتی ماڵی وچەک وتەقەمەنی، لێوەرگرتن.

10-عەمەلیاتی نیزامی

لە مانگی فۆرییەی 1962 بارزانی لەحاشارگای خۆی لەچیاکانی نزیک زاخۆ، دێتەدەر، وپێگەکانی جاندارمەم و، و کەرتەکانی ئەرتەشی ئێراق، دەداتە بەر هێرش، لەم عەمەلیاتەدا،

لە گشت،کردنهاتوەکی ناوچەیی کەبۆ عمەلیاتی چریکی ئیکجار پێویستە کەلک وەردەگرێت، ولە(گەڵی سپی) وگەڵی(زاویتە) زنجیرەیەک سەرکەوتن، وەدەست دێنێت. لەکۆتایی ماوەی 1962 بارزانی لەچیاکانی عەقرەیە، لەم سەردەمددا لەگەڵ ژەنەڕاڵ عەبوود، ناردراوەی قاسم وت ویژ دەکات، داخوازیەکانی بارزانی نزمن بارزانی جگە لەداوای ئازاد کردنی بەندییەکانی کورد داوادەکات کەحکوومەت بەلەز زنجیرەیەک بەرنامە بۆ پەرەپێدانی کشت وکاڵ وسەنعەت لەکوردستان داڕیژێ، دەرگای قوتابخانە بکاتەوە،زوانی کوردی زوانی فەرمی ناوچەکانی کوردنشین بێت. بەڵام ئەم وت ویژەانە، ئاکامێک نادەنە،دەست وشەڕ لە سەر ڕا دەست پێدەکاتەوە.

لە کۆتایی مانگی مەی 1962بارزانی لە دوایی خاوێن کردنەوەی بادینان لە هێزەکانی ئێڕاقی، وبەکرێگیراوان، یانی: ئەوجاشانەی کە ئاریکاری لەگەڵ حکوومەت دەکەن، وئەسپاردنی فەرماندەرانی ناوچە، بەئەسعەد خۆشەوی، یەکێک لە دۆستەکانی قەدیمی، کە لە گەڵ وی بۆ یەکیەتی سۆڤیەت چووبوو،لە(زیی) گەورە دەپەڕیتەوە، وپاش گەمارۆیەکی 23ڕۆژە، پێگەکانی حاجی (ئۆمەران )و(ڕایەت)، دەخاتە ژێر، دەسەڵات وبەم جۆرە بەسەرشۆسەی هامیلتن، کەلە ڕەواندز بەسنووری ئیران دەلکێت ولە جەرەیانی دوایی ڕیکەوتی ئەم شۆڕشە، نەخشێکی گرینگ بەڕیوەدەبات، زاڵ دەبێت. ئەڕتەشی ئێڕاق، ئیدی هەتا ئاش بەتاڵی بارزانی 1975 بۆ ئەم ناوچەیە، ناگەڕێتەوە! لە ژوئیەی 1962 بارزانی بە ڕاونانی جاشەکانی شێخ ڕەشید لۆلان، بۆ تورکیە وئیران،بوو بەخاوەنی دەسەڵاتی باشووری کوردستان، کەلە(زاخۆ) هەڵکەوتوو، لە تخووبی تورکییەو سورییە،هەتا سنووری ئێران، درێژ دەبێتەوە!

لە تەواوی ئەم شەڕانەدا هێزەکانی بارزانی تەنیا لەگەڵ کەرتەکانی بچکۆڵەی ئەڕەشی ئێڕاق وجاندارمەری و(جاشەکان) بەرەوڕوو بوون! ئەم جاشانە مرۆڤی ئەم هۆزانەن، کەلەگەڵ بارزانی دوژمنایەتی کۆنیان هەبوو، وەکوو (زێباریەکان)- کە لە سەر دەمی شێخ ئەحمەد-مریدەکانی شێخ ڕەشید لۆلان، و(برادۆستەکانی مەحموودی خەلیفەن.

لەساڵی 1962 ئەڕتەشی ئێڕاق لە چوار لەشکر زێدەتری نییە، ئاڵۆزی وپشێوی(کەوەیت) لەشکرونیوەکی لەباکوری ڕاگرتووە، ژەنەڕاڵ قاسم حەولدەدا، لانی کەم واحیدەکانی ئەڕتەش لە چیاکانی باشووری کوردستان دەرگیرکات. کەرتەکانی تەکووز، زوربەی لەباکووری کوردستان لەناوچەی سولەیمانیە و لە جەبهەی چوارتا، سەقامگیر بوونە. بەڵام ئەڕتەشی ئێراق بریتی لە ژمارەیەکی زور کوردی بەکرێگیراو،یانی-(جاش)-کە لەنێوان یەک سیوەم هەتا یەک چوارەم!- ئەو عەسکەرەی کە لە پێگەکانیش ڕادەکەن ژمارەیان زۆرە! بەتایبەت لەوکاتە کە لەجەبهەی چوارتا، عەبدولوهاب ئەتروشی، پاڵی وە شۆڕشی بارزانی داوە،ئەو زابووتەی پێشووی ئێڕاق، کەلە ساڵی 1937لە(ئەتروش) گوندەکی بچووک هەڵکەوتوو لەمەڵبەندی (دەهۆک) لەدایک بووە، لە ساڵەکانی 1965- 1966 فەرماندەری جەبهەی سولەیمانیەیە، ولە دەورەی کۆتایی بزوتنەوە، بەرپرسی دەفتەری هێزی بەرگرییە.

هەر وەک، لەکۆتایی ساڵی 1962(ناردراوەی سەندی تێلگراف) دەڵێت: ئەرتەشی ئیڕاق پلانی بەردەستکردنی چیاکانی لەسەر وەدەرخستبوو، وبە دەستپێکردنی عەمەلیاتی نیزامی-ئەویش بێ ئیمان پێ بوون-لەدەشتەکاندا سەرجەم بە بۆمباردوومان ئاسمانی لەو ناوچانەی کەکورد ئازادیان کردون خەریک بوون. ئازیز ئاقراوی، لە دەروازەی هەولێر(ئەربیل) وعەلی عەسکەری وجەلال تاڵەبانی لە دەشتی کەرکووک، تەنگیان بەدوژمن هەڵچنیوە، چاوگەکانی نەوت، ئیدی پارێزگاریان لێ ناکرێ، هەمێشە دەکەونە، بەرهێرشی پێشمەرگەکان شەوانە شارەکانی

کەرکووک، ئەربیل، سولەیمانیە، وکۆی سنجاق، لەژێر حوکم وفەرمان ودەسەڵاتی پێشمەرگەکان دان.

## 11-لەناوچوونی ڕێژیمی ژەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم

شەڕ لەگەڵ(شۆڕشگێڕانی کورد) لەسەرەتا، عەمەلیاتێکی ساکاری پۆلیسی زێدەترنەبوو، بەڵام بە باتڵاخی شەڕێکی دەستەو یەخەی تەواوعەیارو نەکوژاوە گۆڕدرا! کە سەتا، سەتی ئابووری ئێڕاقی وەکوو هەژدیهاهەڵدەلووشی! نزیکەی/40 لەسەدی بووجەی ئێڕاق، خەرجی ئەرتەش دەکرا، وحکوومەتی سەرەڕۆی ژەنەڕاڵ قاسم، ڕۆژ بەڕۆژ دژکاری بۆ زێدە دەبوو.
بەکردەوە، تەواوی بەشەکانی خەڵکی ئێڕاق، دژی بۆچوونی قاسم ڕاست بوونەتەوە! ئەرتەش کە فکری دەکرد، چەک وکەل وپەلی پێویست بۆ شەڕ لەگەڵ کوردەکان، لە ئیختیاری نانرێت، وەک دەمارگرژو، ڕەگەزپەرسانی عارەب-ناسریەکان- بە عسییەکان.
لەناو ئەوگروپانەی کە ئاشیرەمان پێکرد،یانی: بەعسی یەکان کە بنکەک بەناوی (ئەفسەرانی ئازاد) پێک دێت، ولەگەڵ ڕێبەرانی شۆڕشی کورد پەیوەندی دەگرن.
یەکیەتی بەعسییەکان وکوردەکان شتێکی دژی سروشتی بوو. وپاشان هەریەک لەوانە لە هەبوونی هەرجۆرە بەڵێننامەو پەیماننامە ورێککەوتنامە وکاکەوبرالە وسەینەو بەینە، لەم بەستێنە داحاشا دەکەن!
بەڵام لە1962 ژەنەڕاڵ تاهیر یەحیا، بەرپرسی دواڕۆژی ستادی ئەرتەشی دەوڵەتی بەعسی حەسەن ئەلبەکر،(فۆرییەی 1963-نوامبەری 1963 بەهۆی یەکێک لە ئەفسەرانی کورد، یانی: سەر گوردێکی لاو، بەناوی کەریم قەرەنی، لەگەڵ ڕێبەرانی پارتی دێموکراتی کوردستان پەیوەندی گرت. بەپێچەوانەی گومان لێکراویەکی توند کەکوردەکان سەبارەت بەرەگەز پەرستانی عەرەب هەیانبوو، ئەم پەیوەندیە، ماوەی چەند حەوتوو بەردەوام بوو.
ئامانجی بەلەزی بارزانی لەڕاستیدا،(سەرپانکردنەوەی دوو پشکی بەغدا) یانی ژەنەڕاڵ قاسم بوو. وهەتا ئەگەر بۆ ئەم کارە ناعیلاج بوایە، پەنابەرێتە بەر دوژمنانی گەلی کورد- ئەمە سیاسەتێک بوو کە دوازدەساڵ دوایی، بۆ بزوتنەوەی نەتەوەخوازی کورد، لە ژێر سێبەری ژەنەڕاڵ بارزانی، بەئاشبەتاڵ دوایی پێهات.
لە28ی ئاوریلی 1962 برایم ئەحمەد، کاکڵی هاوکاری هێزەکانی دژ بە قاسم قەبووڵ دەکات، بەڵام لە نامەیەکی دوورو درێژدا، کە زۆر بە ڕوونی وبە وردی سەرجەمی هەڵ ومەرجی کوردەکان بۆ ئاریکاری سەر ئەژمێر ،دەکات وئەم مەرجانە بریتی بوون لە:
(گەلی کورد مافی خۆیەتی کە لە وڵاتی ئیراق جیا، بێتەوە،بەڵام نایەوێ ئەم مافە بەڕیوە بەرێ- وبۆ دووری لە قەومان وڕووادنی هەرجۆرە ناتێگەین، لەدواڕۆژ، پێویستە ئێوە بەرلەهەمووشت خوودموختاری بۆ کوردستان قەبووڵ بکەن. وئەم بابەتە لەیەکێک لەهەوەڵین(داخۆیان) ڕاگەیاندراوەکانی دەوڵەتی ئینقلابی بە ئاشکرا، بڵاو بکەنەوە.
برایم ئەحمەد بە گوێرەی ئەم نامەیە، هەروا داوادەکات کە(ئەفسەرانی ئازاد) بەر ئۆدەبن،کە( مەلامستەفا بارزانی بەناوی سەرۆک وەزیران، یان حاکمی کوردستان دابنرێ، ومافی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان بەوی بدرێت.) کوردەکان چ کات ئەوجۆرە وادانە لە قالبی نوسین وەر ناگرن، بەڵام (ئەفسەرانی ئەزاد) لە مانگی ئەوتی 1962بە ناردنی (فەواد عارف) کە یەکێک لەئەندامانی حکوومەتی قاسم بوو، وپاشان بوو بەئەندامی دەوڵەتی حەسەن ئەلبەکر،

بەسەرزارەکی ئەم وادانە، دەدەن!ڕۆژی هەینی بەرامبەری هەشتەمی فۆرییەی 1963 کات ژمێری هەشت وسێ دەقیقەی بەرەبەیان، ڕادیویی بەغدا، لەپڕا بەرنامەی خۆی ڕاگرت و پاش ئیستێک بێ دەنگی... لە نەکاو کەسێک لە پشت میکرفۆنی ڕادیۆ، هاواری کرد: (دیکتاتۆری خەیانەتکار وەکوو مشک لە ژێر بنای وێرانبووی وەزارەتی دیفاع لە ناو چووە) لەڕاستیدا ژەنەڕاڵ قاسم هێشتا زیندوە، بەڵام مردنەکەی مەسەلەیەکی چەند سەعاتە زێدەترنییە... قاسم لە دوایی ئەمە، بۆ وەدرۆخستنەوەی دەنگی ڕادیوی ئێراق، کە خەبەری کوشتنی وی بڵاوکردبۆوە، و بۆ ورە پێدان بە هێندێک لایانگران و وەفادارانی کەلە شاری بەغدا هاتبوونە شەقامەکان، خۆی لە (تەلەفزیون) بەخەڵک نیشان دەدا، وتێدەکۆشێ بەم جۆرە، ورەبەرز کاتەوە، و هێزەکی بەربەرەکانی پێکبێنێ! بەڵام کاتی شەو، کە وەزارەتی بەرگری دەکەوێتە بازنەی گەمارۆی کەرتەکانی دەبابەکانی ئۆردوگای ڕەشید، کە پەیوەندی بە شۆڕشیان گرتوە، وقاسم کە دەورەی دراوە، پاش ئەمە، لەخۆڕا دەکەوێتە فکری خۆ دەربازکردن،و دەیەوێ کە خۆی بگەێنێتە دەجلە، سەعاتی 6ی بەیانی خۆی بە دەستەوە دەدا.
ئەوی دەبەنە، بینای ڕادیۆ، و لە وێ دەکەویتە ژێر پرسیار و(موحاکەمە) سەرهەنگ عەبدولسەلام عارف- کە قاسم بۆخۆی ئەوی لە14ی ژوئیەی 1961 عەفوو کردبوو- عارف دەیەوێ ئەوی حاڵی بکات کە( بەرپرسێ ڕاستە قینەی ئینقلابی 14ی ژوئیەی 1958 ئەو نەبوو !) لەئاکامدا عەبدولکەریم قاسم لەبەرچاوی، دوربینەکانی ڕادیو تەلەفزیون، وەبەر ڕەگباری ڕەشاش دەدرێ و دەکوژرێ.

## 12- ڕاوی کموونیستەکان

ڕووخانی ڕێژیمی قاسم، وەکوو نیشانەیەک بۆ(ڕاوی کۆمەنیستەکان) بوو. شتی ئەوها، هەتا لە ڕێژێمی حکوومەتی سەلتەنەتی ئێراق بێ وێنە بوو.( قۆڵ سەوزەکانی) گاردی میللی و( چریکەکانی بەعسی) دەستیان بەڕاوی ڕاستەو خۆی ئینسانەکان کرد، جەماوەرێکی بێ عەدوحیسابیان، خستە بەندیخانەکان، ئەوهێندە گرتوو زۆربوون، ناعیلاج لە قازاخەکانی بەغدا( ئۆردووگای) تازەیان بۆ سازبدەن. و ژمارەیەکی زۆریان لە کۆمەنیستەکان لە(بەرچاو) بێ محاکەمە کوشتن. کودتای بەعسی لە بەغدا، لانی کەم بوو بەهۆی کوژرانی هەزارکەس، حەوتوویەک دوایی، لەحاڵێکدا کۆشتاری کموونیستەکان هەروا بەردەوام بوو، لە دوایی یاساخ ڕاگەیاندنی هاتووچۆ، ئەرتەش تانگەکانی هێنایە، ناو شەقامەکان ورێگای هاتنە ژوورو چوونەدەری، گەرەکەکانی (بەلەنگازانی) بەغدای بەست-ماڵ بەماڵ خەریکی کۆڵێنەوەو گەڕان وتەفتیش بوون. ژمارەی گیراوەکان چ کات مەعلووم نابێت! وبە ڕادەیەک زۆربوو کە لەوەزارەتی نەوت جیا لە دووکەس نەمابوون، ئەوانی دی، لە بەرپرسی وەزارەتی نەوت بگرە، هەتا دەرکەوان، خرو پتوون خرابوونە زیندان، هێندێک لەخەباتگێڕانی پارتی دێموکراتی کوردستانیش بەو پەڵپ بیانووە کە (کۆمەنیستن) گیرابوون.

## 13-دژکردەوەی کوردەکان

ژەنەڕاڵ بارزانی کەلە هەشتی فۆربیەی 1962 یەک لایانە ئاگر بڕی ڕاگەیاند بوو، و کوردەکان لە حاڵیکدا خۆیان بە ڕادیۆ، نوساندبوو، سەرلەپێ ببوون بەگوێچکە، بەتاڵووکە چاوەنواڕی ڕاگەیاندنی وادەی خودموختاری بوون، بەڵام (داخۆیانەکان) یەک بەدوای یەکدا هاتن تێپەڕین وخوێندرانەوە، لە(جادوی) خودموختاری باسێک نەکرا! هاوڕێیانی بارزانی ئیدی حەوسەلەیان لەدەست دا، گوتیان: ئەمجارەش کڵاومان چووسەر!)

## فەسڵی 7- ناو پەردەی ئەوەڵ

### فۆربیەو ژوئینی1943

هەتا ئەمڕۆش توێخێکی ئەم تەم و بولێڵەی ئەستوور بەسەر هەل ومەرجێک کەبە گوێرەی وی کودتای هەشتەمی فۆربیەی 1963 داڕژاوە، وهەر وا ڕۆڵێک کە نیزامیان و نانیزامیان، دەویدا بەڕیوەیان برد، داوێنی بەرفرەوان دەبێتەوە...ئەندازیارانی ئەسڵی ئەم کودتایانە،کە زۆر خەراو بەڕیوەچوون، بەعسییەکان بوون، ئەو لایانگرانەی ئێڕاقی میشل ئەفلەق، کە مرۆڤی دەگەنج وبێ ئەزموون و بۆ خەڵک نەناسراو بوون، وبۆ کەسایەتیەک،لە( بەرچاوی دووربین) حەوجەیان بەژەنەڕاڵێکی- نەجیب بوو) ئەم گروپە کە بە خەباتی نهێنی ئۆگرببوون و فرچکیان پێگرتبوو، بەڵام بە وەدەستگرتنی جڵەوی دەسەڵات، بەم خێراییە تەیاربوون، بۆچوونیان ئەمە بوو ئەگەر بێتوو عەبدول سەلام عارف، بکەنە سەرۆکی حکوومەت، بەهۆی ئابڕووئیحتوبارو کەسایەتیەک کە ناوبراو بەناوی یەکیک لە قارەمانەکانی ئینقلابی 14ی ژوئیەی 1958وەدەستی هێناوە، شانسی پتر مانەوەیان لەسەردەسەڵات بۆ دەچەسپێنێ وپێدەدات. لەبەرئەم بولێڵیە،لە حاڵیکدا کە ڕادیۆی بەغدا، لە ڕۆژی کودەتا، وپیکهینانی (شووڕای ئینقلاب بەسەرۆکایەتی سەرهەنگ عارف) بەبێ ناو لێبردنی ئەندامانی دیکە، وبێ ئاماژە، بەکوردستان ڕادەگەیەنن، لایانگرانی بارزانی دەیانەوێ دەستبەجێ دەست بە هێرش بکەن، وبە کەلک وەرگرتن لە ئاڵۆزی و پشێوی کاتی، شارەگەورەکانی کوردستان بەتایبەت کەرکووک، سولەیمانیە، ئازادبکەن. وڕێژیمی نوێ لە بەرامبەر شۆڵی کراو ڕابگرن. بەڵام بارزانی بەشێوەی هەمیشەیی خۆی کەلەسەرانسەری تەمەنی خۆیدا، لە سەری پێداگربوو، کەیفی بە( دۆزو کەڵەک وگزە) نەدەهات، دەیەوێ سەرەتا بەرلە دەستپێکردنی شەڕیکی تازە، هەموو ڕێگاو لایانەکانی وت وێژ بخاتە ژێر زەڕەبینی تۆژینەوە وهەڵسەنگان.

حەوتوویەک دوایی، دەوڵەتی نوێی ئێڕاق، کە بریتی لە دوو وەزیری کوردیشە، نیەتی خۆی بۆ (ڕێگا ئاشتی) مەسەلەی کورد، لەدوایی ئاگادار بوون، بەبیروڕای کوردەکان ڕادەگەیەنێت.

### 1-پەیوەندی سەرەتایی

بەدوای ئەم ڕاگەیاندراوە، بارزانی لە19ی فۆربیەی 1963 جەلال تاڵەبانی، و سالح یوسفی، بۆ لێکۆڵینەوە، لە باروو دۆخی ئەم مەسەلە، دەنێرێتە بەغدا. ئەوڵین پەیوەندییەکان ئیکجار تەژی

لەدۆزو فریوو تەفرەدانە: ژەنەڕاڵ تاهیر یەحیا، کەلە بەهاری ساڵی 1962 لەجەرەیانی ڕەیاڵکەی پەیوەندییەکانی ( ئەفسەرانی ئازاد) و کوردەکان دابوو، و هەنۆکە بەرپرسی ستادی ئەرتەشە( زۆر داوای لێبوردن دەکات) و دەڵێت: ئەگەر وادەکان لە بەرامبەر کوردەکان نەهاتوونەتە دی، دەلیل ئەوەبووە کە( لەوکات بەم لاوە) هێندێک کەسی دەمارگرژ، خۆیان دەشووڕا کێشا وە، کە بیروڕایەکی باشیان لەگەڵ خودموختاری کوردستان نییە). ڕیبەرانی بەعسی بەغدا، بەزێرەکی ووشیاری وبە(دەهۆو گزەوفێڵ) ئەوەی لێ زیاد دەکەن: کە دەستبەجێ لە دوایی وەدەستگرتنی دەسەلات، بۆیان لەکردن نەهاتووە، کە بە(هەڕاج) کردنی باشووری ئێراق، ولاتانی عارەبی دیکە لە خۆیان دڕدۆنگ بکەن. وبەجەلال تالەبانی پێشنیار دەکەن بەم لێژنە فەرمییەی کە بۆ وت وێژ لەگەڵ پرزێدنت،جەماڵ عەبدولناسر، دەچێتە قاهیرە، بلکێت- ولەناو دلی خۆیاندا خوشبین بەم لێکدانەوەبوون، کە ناسر ئەو سەردەم لەبەر یەکیەتی دنیای عەرەب، بەرێبەرایەتی خۆیدابوو، وە ئەوان تێکۆشانی جیا خوازی کوردەکان بەرپەرچ دەداتەوە و مەحکووم دەکات.

جەماڵ عەبدولناسرو مەسەلەی کورد

مەزنترین سەرسوڕمان بۆ عارەبی ئەندامی لێژنەی ئێراقی -یانی بۆ عەلی سالح ئەلسەعدی جێگری سەرۆک وەزیران ووەزیری ناوەخۆ، تالب شیبیب، وەزیری کاروباری دەرەوە، وژەنەڕاڵ عەماش وەزیری بەرگری، ئەمە بوو کە جەماڵ عەبدولناسر( بەتەواو کەماڵ لایانی کوردەکانی گرت) وگوتی: چ کەس نەشێت لە بوون و موەجودیەت وهەبوونی نەتەوەی کورد حاشا،بکات. لە ئاکامدا ئەم میللەتە مافی خۆی هەیە، ویەکیک لەم مافانە داوای خودموختارییە،) پاشان بە ئەنگوست لە سەر ئەم خالە کە عارەب نەیاری بە وزەو توانای وەکووجوولەکە(ئیسرائیل) هەیە، گوتی: (ئێمە کاتی ئەوەمان نییە، کە کاتی خۆمان بۆ کێشەکانی ناوەخۆمان لەدەست بدەین... کوردەکان دەبێ لە چوارچیوەی ئێراق، لە مافی خۆیان بەرهەم وەرگرن،بۆ چ لە وشەی (خودموختاری) ئەوها قوشقین ودەرەونەوە، ومەترسیتان هەیە؟) بەلام لە سەر ئەوهەموو ڕاست ورەوانی و کەللە شەقی قسەکانی، لە مەڕ ئەم مەسەلەیە، کە ڕاستەوخۆ دەری بڕی، ئەمە هەلۆویستێکی نیوەفەرمی بوو، لە هەلۆویستەکانی فەرمی دەبێ ئیکجار وشیاری بکاربرێت وئەمە هەلۆیستێکە کە هەتا لەدوایی دەست پێکردنەوەی دوژمنایەتی لەوی پەژیوان نەبۆوە، وهەر گیز،لێی لانەدا. عەبدولناسر، لەم بابەت گەیبوو کەلە ڕاستیدا ئەگەر قەرار وا بێت یەکیەتی بیروڕای لەگەڵ ئێراق و سورییە، بەکردەوە بێنێتە دی، وئەگەر بێتوو بەدانی خودمووختاری بە کوردەکان، قایل بێت، ئابڕوو کەسایەتی خۆی لەناو تەواوی عارەبەکاندا، دەخاتە مەترسی. بەلام لەم حالەش دا چ ئیشتیای لە ناردنی هێزەکانی بۆ کوردستانی ئێراق نییە، ئەویش لە سەردەمێک کە هێزەکانی میسر، لە زنەو باتلاخەکانی(یەمەن) هەتا نێوک نوقم بوونە.لیژنەی ئێراقی لە ئەلجەزایریش ئەبەم سەر سوڕمانەوە دەستەو بەیەخە بوون: پرزیدنت(بن بللا) دەلێت: (ئەمن بەر لەوەی کە عەرەبێک بم، ئینسانەکم...ئەمن ئە بەم مەسەلە، ئاگادارم... ئێمە خۆمان بۆ زێدەکەمان شەڕمان کرد) بەم جۆرە شۆڕشی کوردەکان وشەڕی جەبهەی میللی ئازادیخوازی ئەلجەزایر،لە ڕەخ یەکدا دەنێ، بە ترازوەک هەڵیاندەسەنگێنێ!

3- حەواڵە بەگەواڵەی ئێراقیەکان

بەڵام ڕێبەرانی ئێراق، کە ئەم پێ داگرتنە و داکۆکی لەمافی ڕەوای،کوردەکانیان بەئاخافتن، لەوڵاتانی براو وەرگرتبوو، ئەمما خۆی لێ گیل ونامۆ دەکەن، ولەگەڕانەوە بۆ بەغدا سەرلەنوێ دەست دەکەن بەخۆ گەنخاندن، ومەسەلەی پێویست(تەیارکردنی بیروڕای خەڵکی ئێراق) دەکەنە بیانو، وبۆ وەپاشدانی کاتی بڕیار، دەیان جۆرپەڵپ وتیکەولێکە پێشنیاردەکەن. ژەنەڕاڵ عەماش لەسەرەتا، پێشنیار دەکات کۆنفرانسێک لەگشت حیزبەکانی ئێراق، سەبارەت بەهێنانە بەرباسی مەسەلەی کورد، پێک بهێنریت. پاشان پێشنیاردەکات لەم بارەوە دەنگی خەڵکی ئێراق وەربگرێت ولەدوایی دا پێشنیاری ڕیککەوتنامەیەکی نهنیی.

لە کۆتایی فۆربیەی 1963و 28ی فۆربیە)ژەنەڕاڵ بارزانی لەوت ویژێکی هاواڵدەری،لە(قەڵا دزە) تووڕە دەبێت، وڕادەگەیەنی کە پێشمەرگەکانی دەستوور پێدەدا، بۆسەنگەرەکانیان بگەڕێنەوە، و دەڵێ: کە حازرە، شەڕ دەست پێ بکاتەوە، وهەتا سەربەخۆیی ڕاگەیەنی، ئەگەر حکوومەتی ئێراق، خودمووختاری کوردستان بە فەرمی نەناسێت. ئەم هەڕەشە بێ کارتێکردن نامێنیتەوە!

4-چاوپێکەوتن و وتو وێژ لە(کانی ماران)

لەسەر ئەمەشڕا، کە کەم مابوو ئەم بڕیارە لە کۆتایی وەختەکە دا باتڵ ببێ، لەئاکامدا لەچوارمی مارسی 1963 دانیشتن لەنێوان ژەنەڕاڵ بارزانی ولێژنەی ئێراقی لەکانی ماران پێکهات: لێژنەی ئێراقی بەبەرپرسایەتی ژەنەڕاڵ یەحیا، بریتی بوولە: سەرهەنگێک، کە فەرماندەری هێزەکانی ئاسمانی وئەندامی شووڕای فەرماندەری ئینقلاب(وێدەچێت حردان تکریتی بێت) وژەنەڕاڵ فەتاح شعاڵی، وسێ کەسایەتی کورد، باباعەلی وفوادعارف، وەزیرانی کورد، حەیدەرسولیمان، سەفیری ئێراق لە ئەیالاتی یەکگرتووی ئامریکا.

ناردراوەی تایبەتی (لۆمۆند) کە لەم وت ویژەدا، بەشداری کردبوو هاتنی لێژنەی ئێراقی، بە هەلیکۆپتەر، ئەوها باس لێوەدەکات: (ئەندامانی لێژنە لە شوێنیکی بێ لێرواری بێ دارو درەخت و ڕووتەنی(کانی ماران) لە ناو ئاڵقەی پێشمەرگەکانی کورد، کەهەتا ددان پۆشتەی چەک بوون، بە بیچمی تۆڕیستەکانی زەنگین وەبەر چاو دێن،بەکورتەک وشاڵواری لەبارو حەنتیکە درواوی فەڕمی وقایشی دوربین و عەکاسی وێنە هەڵگر، لە سوکردا. ئەوەڵین وت وێژکان یەکجار بێ گیان بوون، بۆنی ساردیان لێدەهات. ژەنەڕاڵ، تاهیریەحیا، لە دوایی هێنانەگۆڕێ ئەم خاڵە کەئەم شەڕە(براکوژیە ڕێژیمی قاسم بە سەرکوردەکان وعەڕەبەکانی داسەپاند) گوتی: کوردەکان و عەڕەبەکان هەمیشە(گروپی دەقەومی و پێکەوو سازاو بوونە! بارزانی هەر بە شیوازی چێڕۆک، تایبەت بەخۆی وەڵامی داوە: من وتۆ هەر دووکمان پەیوندیمان بەئادەمی زادە هەیە... بەڵام ناوی تۆ تاهیر، وناوی من مستەفا،یە... لە خۆڕانابێ حاشا لەم ڕاستییە بکەین، بڵێین کە ئێمە دوو ئینسانی دیاری کراو نین، کەهەریەک کەسایەتیەکی تایبەت بەخۆمانەوە هەیە. وبەشێوەیەکی توندتر دەڵێ: وتە دەربڕین، دژ بەم ڕاستییە، دەبێتە هۆی کێشەو مەعرەکە وناکۆکی یەکی دایمی! خەڵکی کورد ئیدی باوەڕیان بەمە، نەماوە کە بە قسەو ئاخافتنی چەورو ڕازاوەو شێرن و لێک ولووس، دەکرێ ئاسایش وئاشتی دابین بکرێت، قاسم لەم قسانەی زۆر لەگەڵ ئێمە باسکرد ولە عەینی حاڵدا ژن ومنداڵی ئێمەی

دەکوشت: ژەنەڕاڵ بارزانی پاشان لەدوایی ئەوقسانەدا هەر بەم هەوێنەوە دەڵێ: (ئەگەر ئەمن ڕێژێمی ئێوەم قەبووڵ نەکردووە، و لە ئێوەم داکۆکی نەکردوە، باڕاست وڕەوان پێتان بڵێم: بەم دەلیلە بوو کە بەغدا، ئەم هەنگاوەی کە ئێمە چاوەنواڕمان لێدەکرد، یانی ناسینی مافی گەلی کورد، بە هەبوونی ژیانێکی خودموختاری لەچوارچێوەی وڵاتی ئێڕاقدا، هەڵنەگرت! وئەم داوایە ئەمڕۆش هەر وەکوو دوێنێ، لەجێی مقامی لانی کەمی داواکانی ئێمە بۆ کۆتایی پێ هێنان بە دوژمنایەتی هەر لەگۆڕێ ماوەتەوە.

ئەوکات ژەنەڕاڵ یەحیا، داوا دەکات، وت وێژ لەکۆمیتەیەکی بچووک بەردەوام بێت: وسێ ساعەت دوایی کوردەکان ونارداراوەکانی دەوڵەتی بەغدا، بە ڕووخۆشی لە یەکدی جیا دەبنەوە- وسەرنج ڕاکێش ئەمەیە: کە بارزانی داوای یەکجار بەرفرەوان وتوندی بەژەنەڕاڵ یەحیا، تەسلیم کردووە.

5-داخوازیەکانی بارزانی،

ئەم پێرستە، بەتایبەت بریتی لەوچەند بەندی خوارەوەن دەم پێداهێنان بە مافی میللەتی کورد، بە خودموختاری بە دانانی شووڕایەکی ڕێوەبەری تایبەت بۆکوردستان، بە، بەرپرسێک کەلە بەرامبەر، پەڕڵەمانی کوردی کە ئەندامانی وی لە هەڵبژاردنێکی گشتی، بەدەنگی ڕاستەو خۆ ونهێنی هەڵبژێردرابن، بەرپرس بێت. دانانی جێگرێکی کورد، بۆ سەرۆک کۆمار ناوچەی کوردستان، پارێزگاکانی سولەیمانیە، کەرکووک، ئەربیل وبەشەکانی دیکە لە پارێزگای مووسڵ ودیالە دەبێت. کەلە واندا زۆرایەتی خەڵکی کورد پێکدێنن. پێکهێنانی هێزەکی جاندارمی کورد، ودابەشکردنی بەرهەمی دابەشکردنی بەرهەمی نەوت.
بارزانی، بەتەنزیم کردنی ئەم ناوەڕۆکە، بۆ ئەوەڵێن کەڕەت تێگەین و هەڵکڕاندنی کوردەکان، لەخودمووختاری بەشێویەکی ورد، نیشاندا، وبەوینەی (بەڵگەلێبڕان) تەسلیم دەوڵەت کرد، بەم مەرجە: کەئەگەر ئەم داخوازیانە لە ماددەی 3ی ڕۆژ قەبووڵ نەکرێن، شەڕ دەست پێدەکاتەوە، دەوڵەتی بەغدا، کەلە ڕادەبەدەری داخوازی کوردەکان، سەریان سوڕماوە، ڕادەگەیەنێ کەئەم داخوازیانە، بۆ وەی نابێ کە وت وێژیان لە سەربکرێت. لەڕۆژی 6ی مارسی 19630تالب حوسین شبیب،وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێڕاق، ویەکێک لەڕێبەرانی باڵی ڕاستی بەعس ڕادەگەیەنێ: باس لەسەر ڕیککەوتن لەمەڕ خۆدموختاری دانیە، هەتا ئیستاش بەزێدە لەگەڵ ئەم(ئەشقی یە) کە هەتا لەلایان کوردەکانیش داکۆکی لێ ناکرێت، وتووێژمان کردوە... ئەگەر ژەنەڕاڵ بارزانی قایل بوونی خۆی بۆئاشتی وەڕاست نەگەڕێنێت، لە ماوەیەکی کورت دا، بەیەکچەلی وبۆ هەمیشە بە ڕاپەڕینی وی کۆتایی دێنین). لە بەغدا ئەنجوومەنی مللی نەتەوەی کورد، لە بەرامبەر بێ دەنگی ومرتەق لەخۆ برِینی، بنکەکانی دەوڵەتی سەبارەت بە ڕیاڵکەو پەیوەندییەکانی لەگۆڕیدا یەکجار بێ تاقەتی نیشان دەدەن.

6- خەیاڵ وگومان

ئەمما لە ڕۆژی نۆهەمی مارسی 1963 شووڕای فەرماندەری ئینقلابی ئێڕاق(مافی نەتەوەی کورد لە سەر بنەمای ناناوەندی) بەفەڕمی دەناسێ و ڕادەگەیەنی، بە بۆ چوونی هاواڵدەرەکانی دونیا، کوردەکان سەرکەوتوو بوونە، ورۆژنامەی (لۆمۆند) بە خەتێکی گەورە دەنووسێ:(بەغدا بەکوردەکانی ئێراق، خودمووختاری دەدات) 12ی مارسی 1963)، بەڵام لەڕاستیدا بوڵێڵ کامڵە، دەوڵەتی بەغدا( ئەم ناناوەندییەی بەبێ قایل بوونی بارزانی ڕادەگەیەنێ، ولەڕاستیدا ئەم ڕاگەیاندراوە، بەچ جۆرێک داخوازی کوردەکان کە هێشتا نهێنینە-وبەو شێوازە کە ژەنەڕاڵ بارزانی ، لە چاو پێکەوتنی ڕیکەوتی 4-مارس خۆی لەگەڵ ژەنەڕاڵ تاهیریەحیا، نیشانی داوە، دابین ناکات. وئەگەر عەلی سالح سەعدی، جێگری سەرۆک وەزیرانی ئێڕاق، کە وت وێژی هاواڵدەرەکان لە11ی مارسی 1963 لەدیمشق، لە بڕیارەکانی حکوومەتەکەی پارێزگاری دەکات ودەڵێ: کەکوردەکان لە سەرجەم بەستێنەکاندا جیا، لە باڵویزی دەرەوە، وبەرگری وئابووری کە هەروا لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی دادەبێت، دەم ودەزگای تایبەت بەخۆیان دەبێت، لە مانادا لە سیاسەتی دەوڵەتی خۆیان دیفاع دەکات لە ڕاستیدا ڕیککەوتن لەگەڵ کوردەکان نەکراوە، چونکە داخوازیەکانی بارزانی بە وردی، هەر لە بەستێنی ئابووری وبەرگری دایە،کە وتووێژەکەی تووشی کۆسپ وتەگەرەو لەمپەرکردوە.
بارزانی کە لە لایان هێندێک ئەنجومەنی کورد بۆ ئاشتی لەگەڵ بەغدا کەوتبوو ژێر تەوژم بانگەوازی (کۆنفرانسێکی خەڵکی) بۆ دانیشتن دەکات، ئەم کۆنفرانسە لە18ی مارسی 1963 لەکۆێ سنجاق، بە بەشداربوونی 2500نوێنەر(کەلەنێویاندا 200نوێنەر، مافی دەنگدانیان هەیە)بەنوێنەری لەلایان حیزی دێموکڕاتی کوردستان و سازمانەکانی نیزامی وماقول وگەورەپیاوان ورۆشنبیرانی کورد، دادەنیشن. کۆنفرانس دوایی حازرکردن وتەیاری ناوەڕۆکەی نوێ، لە داخوازیەکان دەنگین، بە(وەبیرهێنانەوەی ڕیکەوت 24ی ئاوریل) لێژنەکی بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی هەڵدەبژێرێ، وماموریەتی وتوێژەی لەگەڵ حکوومەتی بەغدای پێدەدات.

7- جەوغەو کەڵەک وخوارەپێچەی بەغدا

وتوێژەکانی سێ قۆڵی(میسر وسووریيەو ئێڕاق) لەقاهیرە، جارێکیتر نیشانی دەدا، کە ڕیبەرانی بەعسی بەغدا، گەمەیەکی سیاسی دوو سەرەیان بە دەستەوەیە، وچ کات ئەم نییەتە پاکەیان نەبووە کەلەگەڵ کوردەکان ڕێک بکەون. چەند ڕۆژ دوایی کودتایەکە، کەلە 8ی مارسی 1963 یانی دورست مانگێک لەپاش ڕووخانی ڕێژیمی قاسم، حیزبی بەعس، سووریيەی بەدەسەڵات گەیاند، وتووێژ لەشاری قاهیرە، بە تاسەی یەکگرتوویی میسرو سووریيەو ئیڕاق، لە تاکە کۆمارێکدا بەناوی(کۆماری یەکگرتووی عاڕەبی) کرایەوە. جەماڵ عەبدولناسر، پێشنیاردەکات لە نوێنەرانی ژەنەڕاڵ بارزانی بۆ بەشداربوون لەخولی کۆتایی وتووێژ، کە قەراربوو لە نیوەی ئاوریل لە قاهیرە، بەڕێوەدەچوو، بگێڕدریتەو، بەڵام ڕیبەرانی بەغدا وڵام دەدەنەوە، ودەڵێن: حەوجێ بەمە، نییە، چونکە ئەمە، (مەسەلەیەکی ناوەخۆی ئێڕاقە) وجێ بەجێ بووە. لە حاڵیکدا هەر لەوکات دا ڕێبەرانی بەغدا، لە شیکردنەوەی بەجێگەیاندنی داخوازیەکانی بارزانی بەو بەڵگەیەوە، خۆ پشت ئەستووردەکەن، کەمەسەلەی

کوردەکان لە(سنووری نەتەوەیی) دەرچووە، وناسر، لەگەڵ هەرجۆرە(ئاشتی وڕێکەوتنێک) کە زەرەری لە یەکیەتی ویەکگرتوویی عارەبان بدا، دژایەتی دەکات)

## 8-دامرکانی پەیوەندی بارزانی و بەعسییەکان

لە نێوەی ئوریلی 1963 ڕۆژنامەی ترود) ئەندامی ئیتحادەیی کریکاری یەکیتی سۆڤیەت لەوێچوونی سەرلەنوێی شەڕ، دژی کوردەکان قسە دێنێتەگۆڕ! لەڕاستیدا قەتیانی پەیوەندی هێندە دوور نیە، 15ڕۆژ پاش، جەلال تاڵەبانی وەبیرهێنانەوەی ڕیکەوت 24ی ئاوریلی 1963ی کوردەکان لەبەغدا، بڵاو دەکاتەوە، ئەم وەبیرهێنانەوەیە،بیچمی ساخکردنەوەی(ناوەڕۆکی ئەوداخوازیانەیە) کە لەچوارمی مارس تەسلیمی ژەنەڕاڵ تاهیر یەحیا،کرا، ولەکۆنفرانسی (کۆی سنجاق) باسی لە سەرکرا. لەم بیرهێنانەوەدا، نە(وشە) خودموختاری ونە(وشەی) ناناوەندی، وەبەرچاو نەدەکەوتن. بەڵام داوایەکان لە ڕادە بەدەرن، کوردەکان لەڕاستیدا داوای وڵاتێکی دوو نەتەوەیی دەکەن، بەشێوە وسیستەمی وڵاتەکانی فیدڕاڵی ئوروپایی، وەکوو یۆگوسلاوی، یان هەتا ڕادەیەک(سویس). تاڵەبانی لەدوایی بڵاوکردنەوەی ئەم وەبیرهێنانەوەیە، کەخۆی بەکردەوە، بە مانای قەتاندنی پەیوەندییە- ڕادەگەیەنی: (بۆ مانەوە لەبەغداو وت وێژ ئامادەین، بەڵام ئەگەر دەوڵەتی بەغدا نییەت پاکی خۆی دەرنەخات حەوتووەکی دیکە بۆ باشوور دەگەڕێتەوە) بەڵام لەڕاستیدا تاڵەبانی لە 31ی مەی 1963، بۆ بەڕێوەبردنی وتووێژێکی یەکجار دۆستانە لەگەڵ سەرکۆمارجەماڵ عەبدولناسر، دەچێتە میسر، بەڵام ناسر، چێ لەدەست نایە، جیا لە وەی کە دانیشێ وچاولێکەری سەر لەنوێی شەڕی بەغدا، لەگەڵ کوردەکان بێت.

## پاژی 8- شەڕی یەکەمی بەعس

## (ژوئن نوامبەری 1963)

ڕۆژی 10ی ژوئن 1963 ڕادیۆیی بەغدا، ڕادەگەێنێت کە(شووڕای فەرماندەری ئینقلاب)بڕیاری گرتووە، دەسبەجێ عەمەلیاتی نیزامی دژی مستەفا بارزانی دەست پێ بکات). لانی کەم ئێستا وەزعەکە ڕوونە: دەوڵەتی ئێڕاق لەدوایی 4مانگ وتووێژ و خۆ گنخاندن وخوارەپێچە و تەفرەدان، لە ئاکامدا لە دەست پێکردنی شەڕ، پێش هەنگاو بوو، بێ ئەوە حەوڵ بدا، بەرپرسایەتی وی بخاتە سەرسوکری کوردەکان. شووڕای فەرماندەری ئینقلاب، لە دوایی ئەوە کە شۆشگێڕان بە (لۆچێک جیاوازێخواز) فئوداڵ وخوین مژو پیاوکوژو دوژمنی کۆماری ئێڕاق) ناو لێدەبات کە لە دەوری بارزانی کۆبوونەتەوە، ئەلەوکاتەدا، بە دەستپێکردنی زنجیرە عەمەلیاتێکی نیزامی، کەبەبۆچوونی خۆیان( بۆ دابینکردن وسەقامگیربوونی ئاشتی داییم لەنێوان عەرەب وکوردان) ڕادەگەێنێت!

## 1- گەلاڵەی ناناوەندی دەزگای دەوڵەت

لەڕاستیدا ئەم جەرەیانە بریتییەلە: گەلاڵەی نوێکردنەوەی ئیداری بە وەدیهێنانی پارێزگاکان، کە لە ژێر چاوەدێری والیەکان بەڕیوە دەچێ وڕاستەوخۆ سەر وە دەوڵەتی ناوەندین و لە بەرامبەرویدا بەرپسیارن، وهێندێک کاربەدەست، ئەم والیانە ئاریکاری دەکەن. کوردستان، کەلەم بابەتەدا چ چاخ ناوی بەسەر زوان دانایە! بە دوو پاریزگا، دابەش کراوە، پارێزگای کەرکووک وپارێزگای سولەیمانیە، کە بریتی یە، لە: ئۆستانی سولەیمانیەو ئەربیل ودهۆک، لەگەڵ بەشەکانی زاخۆ وعیمادییە وعەفرەو زێبار. تەنیا زێدەپاروەک کەلەم تەرحەدا بە کوردەکان دراوە، قەبوول کردنی زوانی کوردی بەناوی زوانی فەڕمی لە پارێزگای سولەیمانیەیە، وپارێزگای کەرکووک، ئەلەم گەلاڵەیە، بە یەکچەلی هەلاوێردراوە. بەلاّم ئەم تەرحە کە پەیوەندی بەهەموو ئێڕاقەوەیە،شتێک لە(کەسایەتی کوردی) باشووری ئێراق، لە بەشەکانی دیکەی کۆمار جیا، ناکاتەوە... ولە هەربارەوە، ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم جەرەیانە لە سەریەک هەنگاوەکی پڕوپاگەندەو ئامانجی وی بەفریودان ولە ڕێدەرخستنی هزری سەرجەمی خەڵکی ناوچەیە!

## 2-سەرەتای عەمەلیات وئۆردوکەشی

لەڕاستیدا،ئەڕتەشی ئێڕاق، لەکات ژمێری 5ی بەرەبەیانی ڕۆژی 9-ی ژوئنی 1963 بەرلەوەی کە هەتا ژەنەڕاڵ بارزانی بە(بەڵگەلێبڕانی دەوڵەت) لەسەرخۆ بەدەستەوەدان، لەماوەی 24ساعەت وەرگرتبێت، لە کەرکووک و هەولێر(ئەربیل) وسولەیمانیە،حکوومەت نیزامی ڕاگەیاند بوو، ئەڕتەشی ئێراق، لە دوایی گەمارۆدانی ئەوشارانە، لە گەڵ ئۆردوۆی تانگەکان دەست بەگرتنی جەماوەر وتالاّنکردنی دووکان وبازارو، کوشتاری خەڵکی ئاسایی بێ دیفاع وناچکدار وناپێشمەرگە، دەکات کە دەیانەوێ خۆ لە شارەکان دەربازکەن، بەتایبەت لە سولەیمانیە، چەند سەدکەسی لە بەندکرد، 276کەسی کوشت کە هەموویان یەکجێ لە گۆڕێکدا وەبن گڵدان.

## 3- شەڕی بەعس

شەڕیکی بێڕحمانە کە ڕیبەرانی بەغدا لە ژوئن هەتا نەوامبەری 1963 وەڕێیان خستبوو(یەکەمین شەڕی بەعس)ە، هەرچەند کە عارف کەلە مانگی فۆرییەی دەرەجەی مارشاڵی لەخۆ قایم کردبوو- ئەوکات سەرکۆماربوو. بەلاّم لەوکاتە دا کە بەرپرسی فۆڕمەلیتەی حکوومەت بوو- تەواوی شۆڵی گرینگی دەم و دەزگای دەوڵەت بە دەست بەعسییەکان بوو: وەزارەتی بەرگری(عەماش) وەزارەتی ناوەخۆ(حازم جەواد) هیزی ئاسمانی(حەردان تکریتی). دیارە کە سەرۆک وەزیرانیش، (حەسەن ئەلبەکر، بوو....

ئەدوارد ساب، کە یەکێک لە باشترین پسپۆرانە، کەلە ڕووداوەکانی ۆژهەلاتی ناوەڕاست( خاوەرمیانە) دەکۆلێتەوە، هەتا ئەو جێگایە دەچێتە پیش کە دەنووسێ: ( لە ئەرتەشی دەزگاکانی دەولەتی ئێڕاق، هەتا پۆستەکی ئاچەری نییە، کە بەعسییەکان دەستیان بەسەردا بەگرتبێت، و هەتا قازاخێک نادۆزیەوە، کە بەعسی نەبێت. لە سەر ئەمەشرا کە ژەنەڕاڵ عارف، کە هەلبەتە، مێشکەکی مەزنی سیاسی نەبوو، ولە شەڕێکدا کە بەناوی وی کرا، بەشدارو بەر پسیاربوو، بەلام بۆ وی مەسەلەی کوردەکان لە وەتەیەکی ئەوها... کە( کوردەکان عارەبن) وڕێگرانی بارزانی بەسانایی ڕاودەنرێن) ببوو بە(بنێشتە خۆشکە) وبەرهەلێخی ئاخافتن!

شەڕیکی قورس وبێ وێنە

بەعس کە حەوجێ بەکردەوەی( خۆ نواندن) هەبوو، هەتا لەم ڕێگایە، خۆی لە بەرچاوی جەمال عەبدولناسر، تەنیا، بە لایانی وتوێژ، وپڕ بایەخ نیشان بدا بێ ڕوحمی یەک کەلە مێژووی شەڕەکانی عەڕەب وکورد دالێنگەی نەبوو، هێڕشی بۆ سەرکوردەکان کرد. نیزامیەکان کەبووچونیان ئەمە بوو قاسم(بەدوای سەرکەوتن) بەسەرکوردەکان دا،نەبوو بلکوو تەنیا دەیەویست( ئەرتەش لەبە غدا دوورڕاگرێ) پێیان وابوو بەچەکی قورس وهێزی ئینسانی دەتوانن( ڕاپەڕینی کوردان لەماوەی حەوتوویەکدا لەناو بەرن) بەم هۆیەوە، پەلاماریکی قورسیان دژی کوردەکان دەستپێکرد، ولەم هێرشە دا لە تازەترین وئینسان کوژترین چەکەکانیان کەلک وەرگرت... ناپالم، بۆمبای ئاگراوی،بۆمباردومانی ڕیک وپێک، وهێنانی تانگەکانیان بۆ مەیدان، وتۆپخانەیەکی ئیکجار بەتین وقورس وهتد...بەعسییەکان لەسەر ئەوهێرش وشالاوەی بە پانەوە،(جایزە) خەإتی /10000دیناری 1/502میلوین فرانگی فرانسە)بۆ ئەو سەربازانەی کە(بزوتنەوە سەرکوتکەن). دەجا دەستیان بەگرتن وجەزرەبەو ئەشکەنجەی ڕووناکبیران وکۆشتاری ئەندامانی پارتی دێموکراتی کوردستان کرد. سالح یوسفی کەبۆ بەردوام بوونی وت وێژ لەبەغدا مابۆوە، خستیانە بەندیخانە، و چەند مانگ لە ژێر ئەشکەنجە دا مایەوە.

4-سیاسەتی بە عەڕەبی کردنی( هێندێک پاژ لەکوردستان)

بەلام ئەم هزرە( دەمارگرژییەو ڕەگەز پەرستەنوییەی) بەعس، هەنگاو، بۆ بەعەڕەبی کردنی، لە سەربناخەی مونەزەم وڕێک وپێکی، مەلبەندەکانی کورد نشینە،ئەمە سیاسەتێکە کەپاش گەڕانەو بەدەسەلات، لە1968 لەسەررا دەیکەنەوە ئالگۆ. هەرسەرەتا، ئەرتەش خۆ جێیەکانی کورد لە ناوچەکانی ئۆردوکێشی یانی ناوچەکانی سنوور، ونەوتی ڕاودەنێت، وگوندەکان بۆمباردومان دەکات و ئاگرتێبەردەدا، وبەبۆلدزێر لەگەل هەردیان ڕاست دەکاتەوە، ئە بەم جۆرە، تەنیا لەناوچەی کەرکووک نێزیکەی (40000) کوردی لەمال و حال وگوندەکانی خۆیان هەلوەداو پەروازە، دەکات! لە دەشتی هەولێریش-(ئەربیل)-عەمەلیاتی( بەعارەبی کردن) بەڕیک و پێک لە سەرهیم وڕەوشت بەردەوام دەبێت.

5- عەمەلیاتی نیزامی

هێزەکانی ئێراق، هاوکات، دژی باشووری(بادینان) کەلە دەست بارزانی دابوو، وهەروا، ئەوبەشە لە کوردستان کەلە ژێرحوکم ودەسەلاتی پارتی دیموکرات دابوو،(ناوەند و باکوور) دەست بەسێ عەمەلیات دەکات. سەبارەت بەم پەلامارانە زانیاریەکی ئەوها، بۆ دەرەوە، وەدەرناکەوێت بەلام هەموو دەزانن کەلە باشوور، بارزانی بە شێوەی هەمێشەگی خۆی، ڕاوەستا هەتا، هێزەکانی ئێراق، زاخۆ و عەقرەو، عیمادیە، داگیربکەن،وهەرکەرەت کەتەوەژم زێدە دەبوو، ئەو مەیدانی بەتاڵ دەکرد، وپەنای بۆ چیاکان دەبرد. لەئەوتی 1963 ئەرتەشی ئێراق، گەیوەتە زێبار، وگوندی بارزانی لە(ئەولی ئەوەت) دەست بەسەر داگرتووە، وبارزانی وەکووساڵی 1962 بۆ چیاکانی باشووری بارزان، لەسنووری تورکیە راونراوە... بەلام هێزەکانی میری، ئیدی لە جیفرک، لە خۆدان و هەڵبەز ودابەزی ئەولیان نەماوە، لە حاڵێکدا کە پێشمەرگەکانی بارزانی تەقریبەن، سەربەمۆر ماوەتنەوە.

لە گۆڕەپانەکانی دیکەی ئولکەی شەڕیش، عەمەلیات بەئارەزووی دڵی هێزەکانی میری نەبوو! لە جەبهەی ڕەواندز، گوردانێکی تەواو، لە دوو بەندانی (گەڵی عەلی بەگ) کە ماوەی چەند حەوتوو هەتا نێوەڕاستی مانگی ئەوت کە جێگای مەیدانداریەکی پڕ مەترسی بوو، کەوتە داو... وپێشمەرگەکان کە زۆرکەوتبوونە بەر ڕەهێڵەی هێزەکانی ئاسمانی ئێراق، لە ئاکامدا لە دوایی تەلەفیاتێکی زۆر قورس لە عەسکەری ئێراق و بەرە بەست و پچڕاندنی ڕێگای دەهاتوو چۆی ئەوان، پاشەکشەیان کرد.

لە باکوور کوردەکان لە17ی ژوئین سەرچاوەی نەوتی (جامبور) و لە23ی ژوئێن سەرینچاوەی نەوتی کەرکووک یان، تەقاندەوە. بەلام پێشمەرگەکان لە بەرامبەر هیزەکانی میری کە فەرماندەری ستادی ئەرتەشی ئێراق، هێنابوویە، گۆڕەپانی شەڕ، ناعیلاج بە پاشە کشەبوون، و تابوورەکانی ئێراق، لە سپتامبەر، مەقەڕی جەلال تالەبانی یان(کە ئەوکات بۆخۆی لە ئوروپابوو) لەچەمی ڕێزان داگیر کرد. بەلام لە مانگی نوامبەر، مەجبوور بەچۆلکردنی وی بوون.

لە14ی ژوئیەی 1963 یانی مانگێک لە دوایی دەستپێکردنی عەمەلیات، ژەنەڕاڵ عارف، جگە لەو قسانەی کە سەبارەت بە پێنجەمین ساڵهاتی ئینقلابی ژوئیە1958، گوتی: کە هێزەکانی ئێراق، هەنۆکە بەشێکی گەورەو بەرفرەوانیان لە مەڵبەند لە جەستەی شۆڕشگێڕان، خاوین کردۆتەوە) بەلام ڕاستی یەکە، ئەمەیە: کە شەڕی بەعس بۆ ئەرتەشی ئێراق، ئەو(گەشت وگوزارە وسیرانە) نەبوو کە ژەنەڕاڵ عەماش و ژەنەڕاڵ حەردان تکریتی وادەیان دابوو.

6- تەداخولی سوورییە

لە مەڕ بیروڕای نیزامی، خاڵێکی زەق،شەڕی یەکەمی بەعس، بەبێگومان خۆ تێخزاندنی ئەرتەشی سوورییە، بە قازانجی عەسکەری ئێراقە: و هاتنە مەیدانداری هێزەکانی سوورییە بۆ گۆڕەپانی عەمەلیات دژی کوردەکان، کەلە سەرەتا، دەوڵەتی بەغدا حاشای لێدەکرد، لە22ی

ئۆکتۆبری 1963 ودوایی سەردانی مارشاڵ عارف لە ناوچەی زاخۆ، بەفەرمی دەمی پێدادەهێندرێت. ئەم هێزە بریتی بوو لە: تابووری (یەرمووک)کە عادەتەن لە جەبهەی ئیسرائیل(جوولەکان) نشتەجێ بوو،بریتی لە 3000قازاخ بەتانگ وتۆپخانەوە. ئاریکاری ئەم هێزە لە باری جوغرافیایی لەچوار چیوەی زاخۆ، دەە ۆک، ومانەوەکەشی کورت بوو، چونکە بەلابردنی ڕێبەرانی بەعس، لەدەسەڵات لە نوامبەری 1963، جەستەی ئەم هێزانە بەلەز لە ئێراق کۆتایی پێهات. بەڵام لەنەزەر نیزامیەوە، خۆ تێ هەڵقوتانی سوورییە، هیچ نزیک بەسەرکەوتن نەبوو، وکوردەکان زەبرێکی گورچووبڕو توندوقورسی گیانی ومالْیان لێدان. بەڵام لەڕەوانگای ڕووحیەوە، ئەو خۆ تێخزاندنەی سوورییە، زەبرێکی کاریگەری لە ورەی پێشمەرگەکان دا، چونکە ئەمە بەم مانایەبوو کە دەوڵەتێکی دیکەش دژی ئەوان لەگۆڕەپانی مەیدانداریدایە، بە هەر حاڵ ئەمە یەکەمین وئاخرین جاربوو، کە هێزەکانی بیانی لەسەرکوتکردنی ڕاپەڕینی کوردەکانی ئێراق، بەشداریان دەکرد.

## 7-هەڵویستی جەماڵ عەبدولناسر

وەختێک شەڕ لە کوردستانی ئێراق دەست پێدەکاتەوە، چاپەمەنیەکانی میسر،(ڕاستگۆیەکی) سەیرلەخۆیان نیشاندە دەن، ڕاگەیاندراوەی هەر دوو لایان، یانی: کوردو عەڕەبەکان، بەبێ شێکردنەوە وئازانتی، بڵاو دەکەنەوە. لەڕاستیدا سەرکۆمار ناسر، کە10ڕۆژ بەر لە دەستپێکردنی دووپات بوونەوەی شەڕ، جەلال تاڵەبانی بەگەرمی بەڵام هەڵبەتە،بێ وەسوکر گرتنی چ دەستەبەر، قەبووڵ کردبوو، دوایی دەستپێکردنەوەی دوژمنداری، ئیدی بۆی نەکرا، هەڵویست دەرببڕێ- هەرچەند ئەمە دەنگۆ بوو کە ڕازی بەڕێکەوتنی مەسەلەکە، لەڕێگای وت وێژە.

لەدوایی سەرکوتکردنی شووڕشی 8ی مەی 1962 لایانگرانی ناسر، لەحەڵەب، وتێشکانی پیلانی 25ی ئاوریل، لایانگرانی وی لەبەغدا، ناسرو بەعس، لە سەردەرانەی نێوان قەتاندن دابوون، وجەماڵ عەبدولناسر، کە بیروڕای ئەمە بوو، کە بەعسییەکانی ئێراق وسوورییە، دەستیان لە(مانووڕێکی چەپەوانە) داوە، نەیدەتوانی بۆ خۆی ببێتە هۆی پساندنی ئەم پەیوەندییە، وبەناوی( هاوکاری دوژمناتی نەتەوەی عەڕەب) بێتە حیساب.

بەڵام چەند هەوی دوایی یانی: لەپاش تێشکانی پیلانی ناسر، لە دێمشق(18ی ژوئیەی 1963) قەتاندنی پەیوەندی ناسر، و بەعس، بوو بە یەکچەلی، و ڕادێوی (دەنگی عەڕەب) کەلە قاهیرە بەرنامەی بڵاو دەکردەوە، دژی بەعسییەکان، دەستی بەپڕوپاگەندە کرد: خەڵکی موسڵمانی سوورییە وئێراق، بۆ ڕاپەڕین وڕاست بوونەوە، دژی مشیل ئەفلەقی گاور وحیزبی وی کە دەبەر دابوون کفرو بێ دێنی لە سەرخاکی ئیسلام بەرفرەوان کەنەوە، هاندەدا،) بەڵام لەم هەنگاوە (پڕوپاگەندەیە) باسێک لەمەڕ چارەنووسی کوردان نەدەگوترا.

## 8-دژکردەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا، لەبەرامبەر ڕووداوەکە

وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەگوێبیس بوونی ڕووخانی ڕێژیمی قاسم، کە ڕیژیمەکی بە بیروڕای وان، کمونیستی بوو، لەدڵەخورپە ڕزگاریان هات وپشوویان هاتەوە بەر، بە تایبەت ئامریکا

وبريتانیای مەزن، لە دوایی گوێ لێبوونی قسەکانی ڕیکەوت 16ی فۆربیەی 1963ی حازم جەواد، یانی: حەوتووەک پاش کوژرانی قاسم، یەکجار بوو هۆی ئارامبوونەوە، حەبی مەسەکین. حازم جەواد، لەقسەکانی خۆیدا گوتی: دەوڵەتی نوێ(ڕێز بۆ پەیماننامەکانی گرێدراو لەگەڵ شەریکەکانی نەوت دادەنێت) وکاتێک یەکیتی سۆڤیەت ڕقبەرقەی پروپاگەندەی خۆی دژی ئێراق توند دەکات، بریتانیای مەزن وئامریکا، بەلەز ڕادەگەیەنن، کە حازرن جێگای وی پرکەنەوە. لە چوارچێوەی دیپلۆماتێک، پسپۆرانی سیاسی ئینگلیز لەساڵی 1963 وت وێژ، لە مەڕ ڕێککەوتنەکی ئاغایانە،نێوان ئێراق وتورکیە وئێران داکارئاسانی دەکەن، بەگوێرەی ئەم ڕیککەوتنە، تورکیەو ئێران، دەستەبەر دەبن بۆ(تەنیا هێشتنەوەی) کوردان، کردەوەیەکی( ئیکجارمجد بەڕیوەبەرن)... بەدوای ئەو ڕێکەوتنەدا، هێندێک لە خۆێنکارانی کوردی ئێراق، لە تورکییە، دەگیرێن و دەخرێنە بەندیخانە، ولە ئێران دەوڵەت چاوەدێری بە سەر سنوورەکاندا زێدە دەکات.

9- هەڵویست گرتنی یەکیتی سۆڤیەت

بەڵام لە بەستێنی سیاسی ودیپلۆماتیکدا، گرنگترین ڕووداوی ئەم هەوەڵین شەڕەی بەعس، دژی کوردەکان، بەبێ دوودڵی هەڵویست گرتنی دیاری کراوی یەکیتی سۆڤیەت، بەقازانجی ڕاپەڕین، لەژێر ریبەرایەتی ژەنەراڵ بارزانی و لەئاکامدا، دەست لێبەردان وبەرەڵلە کردنیتی. خولی کامڵ بووونی ئەم سیاسەتەی شوورەوی، کە سەردەمی دەسەلاتداری قاسم، لە سەرسەبروچاوەنواڕی بوو، لە سێ دەورە دەستی پێکرا. لەسەرەتا، مەسکۆ بەڕاوی ڕاستەوخۆی کموونیستەکان لە ئێراق، بەرەو ڕووببوو،لە گەرژیمی بەغدا نێوانی تێکچوو: ڕادێۆی مەسکۆ، لە14ی فۆربیەی 1963، دەنگووباسی بڵوکراوەی هاواڵدەرەکانی ڕۆژئاوا بڵاودەکاتەوە،ودڵەخورپەی هزری جەماوەری یەکیتی سۆڤیەتی لە بەرامبەر ئەوکردەوە،پرمەتەسییە) کە دژی هێزەکانی دێموکراتێکی ئیراق)دەست پێکراوە، بڵاودەکاتەوە. سسبحەینەی ئەو ڕۆژی(ئەلجەماهیر) ڕۆژنامەی نێوە فەرمی بەعسی ئێراق، بەسەرنووسەری تارق ئازیز،بەم هیوایە کە پێشگیری لە پساندنی پەیوەندی لەگەڵ مەسکۆ،بکات ڕادەگەیەنێ: کە(گوللەباران کردنی کموونیستەکان پێشگیری لە ئەمە ناکات، کە ئێمە پەیوەندی باشمان لەگەڵ مەسکۆ هەبێت! دەبێ تێبگەین کە بەربەرەکانی دژی کموونیستەکانی ناوچەیی چ کات بەمانای بەربەرەکانی دژی ئیدوئۆلۆژیک نییە) مەسکۆ دەست وجێ وەڵام دەداتەوە: لە16ی فۆربیەی 1963 کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کموونیستی یەکیتی سۆڤیەت(حکوومەتی ئینسان کوژ وخوێناوی هەڵویست سەرکوتکەر کە لە ئیراق بەڕیوە دەچێ، بەتوندی مەحکووم دەکات

بەم بیروباوەڕ بەیەقینە کە( ئەم سیاسەتەی ڕێگرانەو چەتەبازاری و کوشتاری باشترین ڕۆڵەکانی ئیراق، ئیدانەو مەحکووم بە تێشکانیکی تەواوە)

جاری دووەم پاش بولێڵی پەیوەندی لەگەڵ بەغدا، مەسکۆ بەقازانجی بارزانی هەڵویست دەگرێ، وباسەکەی لێرەدا ئەوها دەست پێدەکات: کە بزوتنەوەی کورد، لە(هەرخۆو، بنەڕەتدا، ڕاپەڕینکی دیموکڕاسییە)وقاسم بەئەمە تاوانبار دەکات، کە (بێ بەڵگە وهۆ، تێدەکۆشێ(ڕێبەرانی بوێروچاونەترسی) ئەم ڕاپەڕینە بەناوی(دەست نیشاندەی ئەمپەڕالیزم) بەدنیا بناسێنێت! پڕاودا، لەوتارێکی دوورو درێژو دا لەڕیکەوتی 6ی مەی 1963 هەنگاوێکی دیکە بە هۆی

هاوەردی لەگەڵ کوردان هەڵدەگرێ، بەڵام دیسان لایانی وشیاری و کەمتەرخەمی لەدەست نادات.

(بەگوێرەی دەنگووباسی بڵاوکراوە، لەچاپەمەنیەکانی دەرەوە،! کوردەکان خوازیاری ئەوەنەکە: مافی دامەزراندنی دەوڵەت و پەرلەمانی تایبەت بەخۆیان کەچاوگەی ڕوناکایی ئیرادەی خەڵکی کورد بێت ولە چوارچێوەی کۆماری ئێڕاقدا، بەڕێوەبچێت، وەربگرن...هەنۆکە لە حاڵی حازردا،کوردستانی ئیراق، لەمەڕئابووری یەکیک لەپاشکەوتووترین ناوچەکانی وڵاتە، لەبەر ئەم سروشتی یە، کە کوردەکان بۆ پەرەپێدانی دەست وجێی سەنعەت، وکشت وکاڵ،وگوێزتنەوە،دەجا بۆ دەست وێڕاگەین، بەو ئامانجە، بۆ تەرخان کردنی بەشێکی عادلانە لەبەرهەمی نەوت، بۆ دەوڵەتی خودموختار،کەچالاوەکانی تەژی لە نەوتی وی لەخاکی کوردستان هەڵکەوتووە، پێ دەقرسێنن.)

لەدوایی نوێکردنەوەی دوژمنایەتی لە10ی ژوئێن 1963 دەوڵەتی شووڕەوی ئیدی دەست لە مەتەڵ وکنایەو هەڵدەگرێ و بەئاشکراو ڕاست وڕەوان دەوڵەتی بەغدا، بەمە تاوانباردەکات، کە تەنیا، بەمەبەست ودابەزینی ئەم بیرڕایە، لەگەڵ کوردەکان کەوتووتە وت وێژ، هەتا(خۆی لە مەڕ نیزامی باشتر پۆشتەو تەیاربکات. ودەڵێ: (دەوڵەتی ناوبراو، ئاکارو ڕەوشت وشێوازی(هێتلەرەکانی) گرتۆتەبەر!

لە3ی ژوئیە، کۆماری خەڵکی مغولستانی دەرەوە، لەسکرتێری گشتی ناونەتەوەکان

(سازمانی ملل)داوادەکات مەسەلەی کورد کوژی لەئێڕاق) لە دەستووری کاری دانیشتنەکانی پاشەڕۆژی کۆبوونەوەی گشتی مەکۆی هەموانی(مەجمەعی عمومی) جێگا، بۆ بکاتەوە...

پسوولە(یادداشت)ی ڕیکەوت 9ی ژوئیەی 1963 یەکیتی سۆڤیەت)،

لەنۆهەمی ژوئیە، گرۆمیکۆ، وەزیری کاروباری دەرەوەی شووورەوی، پسوولەیەک دەداتە، سەر کۆنسۆلگەری ئێراق، کەدەویدا سەرنجی دەوڵەتی ئێڕاقی بە(هەڕەشەیەک) کە خۆتێخزاندنی وڵاتانی دیکە، لە ڕووداوی باشووری ئێڕاق، دێنێتە دی، ڕەکیش دەکات. وڕادەگەیەنی، کەبەڕیوەبردنی( سەرکوتکردنی خوێناوی) دژی کوردەکان، جیا لە کزبوونی وڵاتی ئێڕاق... و بەرهەم وەرگری هێزەکانی ئەمپڕالیست، لەم ڕووداوە، وزەبر وەشاندن لە سەربەخۆیی ئێڕاق، ئاکامی دیکەی نییە.)

گرۆمیکۆ، هەردەو ڕۆژی دا، پسوولەیەکی دیکە دەداتە باڵویزی ئێڕان تورکییە وسوورییە،لەم یادداشتانەدا، پاش ئامازەکردن بە(کوشتاری خوێناوی) کەکوردەکان نیچیرەکانن،نەزەری دەوڵەتی یەکیتی سۆڤیەت ئەوها شی دەکاتەوە: (هێندێک وڵات)بەناخازە، ئێران وتورکییەو سوورییە، دەستیان بەخۆ تێخزاندن وتەداخولی ڕاستەوخۆ لە ڕووداوەوێکدا کردووە کە لە باشووری ئیراق،دەگوزرێ، ولەم بەستێنە هەتا جۆرە کردەوەکیان بە ڕیوەبردووە کە (ڕەگووڕێشەی

نیزامی) هەیە، وپێی وایە، کە ئەم کردەوە، وسیاسەتی وڵاتانی(سەنتۆ) دوا ڕۆژێکی پڕمەترسی بەدواوە دەبێت.

مەترسی خۆ تێکێشانی شوورەوی

ودیسان لە نوهەمی ژوئیەی 1963نیکلای فدرنکو، نوێنەری بێ لێبڕانەوەی یەکیتی سۆڤیەت، لە نێونەتەوەیی،بە ناوەڕۆکی نامەیەک کە ئاڕاستەی بەرپرسی شوڕای ئەمنیەت دەکات، سەرنجی وی بۆ (سەرکوتکردن و زوڵم وزۆری وناحەقیەک، کەلە لایان دەوڵەتی ئێراق، لە باشووری یەم وڵاتە بەڕیوە دەچێ) هەروا(خۆ تێوەردانی) وڵاتانی بیانی ڕادەکێشێ ولەکۆتایی دا ئەم ئاکامە وەردەگرێت کە(لەوانەیە، پێویست بێ، بۆ بڕیاری لازم، بەبیروڕای کۆتایی پێهاتن بەئەم تەداخولە،شوڕا، بانگهێشتن بەدانیشتن بکرێت.) ئەوهەتا، وڵاتانی ڕۆژئاوای بەتەداخۆلی وێچوو یەک لایانەی یەکیەتی سۆڤیەت، دەخاتەژێر هەڕەشە.!)

(بەردەوام بوونی خۆ تێهەڵقوتاندنی بیانی لەم ڕوداوە، بۆی هەیە،وڵاتانی دیکەش ناعیلاج لە هەنگاو هەڵینان، بەبیروڕای کۆتایی پێهێنان بەئەم تەداخۆلەنە، بۆ پاراستن لەئاسایشی خۆیان بکات.

وەرچەرخانی یەکیتی سۆڤیەت

بەڵام یەکیەتی سۆڤیەت، لەبەرامبەر دژکردەوەی توندوتیژی وڵاتانی عەڕەبی، بە لەزو تاڵووکە، هەڵویستەکانی خۆی، کە بە قازانجی کوردی گرتبوو، بە، بەڕێوەنەبردنی هەڕەشەکەی، بۆ هێنانە گۆڕو دانە بەرباسی مەسەلەی کوردان، لە شووڕای ئەمنیەت، تای تەرازوی مساوی ڕاگرت. کۆماری خەڵکی مغوولستانی دەرەوە، لە سەردەرانەی کردنەوەی دانیشتنی کۆبوونەوەی گشتی(مەجمەعی عوومی) داوای خۆی بۆ گونجاندنی مەسەلەی کورد، لە دەستووری کاری جەلەسەکانی کۆبوونەوەی گشتی دا، وەرگرتەوە! ئەم لە پڕ وەرچەرخانە،چ کات شی نەکرایەوە، بە قەولی هێندێک سەرچاوە، دەوڵەتی ئێراق، حکوومەتی یەکیەتی سۆڤیەتی ئاگادارکرد بوو، ئەگەر مەسەلەی کوردان لە (نێونەتەوەیی) بوخچەی بکرێتەوە، وباسی لە سەربکرێ، زۆربەی وڵاتانی عەڕەبی پەیوەندی خۆیان لە گەڵ وی هەڵدەبڕن، و مەسکۆش بۆخۆی ئەم مەترسییەی هەبوو، کە نەوەک ئێراق، وەدوای ڕەکیش کردنی داکۆکی لەوڵاتانی دیکە بەتایبەت لەچین بکەوێت. وێدەچێ کە دیسان هۆی وەرچەرخانی چاوەنوار نەکراوی یەکیەتی سۆڤیەت ئاکاری خودی بارزانی بوو بێت کە حازر بەقەولی هەموو مەرج و پێشنیاری شوورەوی نەبوو.

10-وەلانانی بەعسییەکان لەدەسەڵات0

لە سەرەتای نوامبەری 1963 شەڕ بەبن بەست گەیبوو! خێرا بارینی بەفر، ڕاپەڕاندنی هەموو جۆرە عەمەلیاتێکی بەرە بەست کرد. لەو حاڵەدا حوسین شبیب، وەزیری دەرەوەی ئێراق، لە لەندەن، لە دانیشتنێکی تایبەتی داگوتی: (ئێمە چلوون ئەتوانین ئەو هەی کە کوردەکان داوای دەکەین بیاندینێ؟ وەکوو ئەمەیە، کە بمانەوێ وڵاتێکی سەربەخۆیان بۆ دامەزرێنین! ئەمە وڵاتێکی فیدراڵ نابێت!) لەوچاخە دا چ، ڕێگایەکی چارەسەری سیاسی، یان نیزامی، لەبەر چاو نەبوو، ولەم وەختەدابوو، دیسان جارێکیتر وەزعی سیاسی لە ئێراق، بە کودتایەک، سەروژێربوو!

لەمانگی ئۆکتۆبری 1963 بەم لاوە، بەعسی ئێراق بەهۆی ناکۆکییەک، کە باڵی چەپی وی بەڕێبەرایەتی عەلی سالح ئەلسەعدی، جێگری سەرۆک وەزیران، دژ بە (ناسر) لەبەرانبەر باڵی ڕاست بە ڕێبەراپەتی تالیب شبیب وحازم جەواد، وەزیری ناوەخۆ، ڕاگرتبوو، بە توندی تووشی دژایەتی بوو، سالح ئەلسەعدی لایانگری سوسیالیستی کردنی بە تاڵووکەی ئابووری ئێراق بوو، و تالیب شبیب وحازم جەواد، ئەویان بە(کموونیست) دەزانی لە کۆنگرەی حیزبی بەعس، کە لە لایان بەرهەڵستکارانی ئەلسەعدی پێکهاتبوو ولە11ی نوامبەری 1963 لەبەغدا دانیشتنیان پێکهێنا، ئەو کە لە پێرستی کەمایەتی دابوو بوفرۆکە بۆ(ئیسپانیا) ناردرا. 48ساعات دوایی جامینخوازانی سەعەی هاتنە شەقامەکانی بەغدا، فرۆکەکانی ئەرتەشی ئێراق، کۆشکی سەرکۆمارو وەزارەتی (بەرگریان) بۆمباردومانکرد! لەسەرداخوازی ڕادیوی بەغدا(دەزگای ڕێبەرایەتی میللی) بەعس لە14ی نوامبەرهاتەبەغدا، میشل عەفلەق،دامەزرێنەری بەعس وژەنەراڵ ئەمین ئەلحافز، بەرپرسی شوڕای ئینقلابی سوورییە، وژەنەراڵ سالح جەید،بەرپرسی ستادی ئەرتەشی سوریيە،هەولیاندا، ئاڵۆزی ئینقلابی نێوان دوو باڵی دژی حیزبی بەعسی ئێراق چارەسەربکەن. و بە بیروڕای ڕێبەری حیزب،دەم ودەزگای هەڵسوڕانی کاروباری ئێراق،هەتا هەڵبژاردنی(ڕیبەرێکی ناوچەیی) بەخۆیان، وەسوکریان گرت. ئەم دەستەیەش بە نۆرەی خۆیان کارەکانیان بەدوور خستنەوەی تالیب شبیب و هێندێک لە جامینخوازانی وی دەست پێکرد، بەم هیوایە کە، ئەم کردەوەیە، هاوسەنگی لەنێوان ئەو دوو گرووپە، بێتەدی!

لەڕاستیدا ئەفلەق وحافزئەمین، ئەبەم کردەوە،حیزبی بەعسیان بە یەکجەلی لە ڕێبەرایەتی دەست بەپووش کرد، وئیدی شتێک بەرگری لەوە نەدەکرد، کە نیزامیان دەسەڵات بەدەستەوەبگرن. ڕۆژی 18ی نوامبەری 1963 ڕادیوی بەغدا لە ساعاتی شەش وچل دەقیقەی سەرلەبەیان، بەرنامەکانی خۆی ڕاگرت، وڕایگەیاند کە ئەرتەش بە ڕیبەری مارشاڵ عارف، جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست، وهەتا ماوەی ساڵێک تەواوی دەسەڵاتی نیزامی ونانیزامی بەعارف ئەسپاردرا. ڕیبەرانی بەعسی سوورییە، کەلەبەرەبەیانی 18ی فۆرییە،دەست بەسەرکرابوون، هەتا سبحەینەکەی،یانی هەتا دامرکانی هەموو بەربەرەکانیەکانی نیشان دراو،لەبەرامبەر کودتای عارف، ئازاد نەبوون.

حیزبی بەعس، پاش تێپەڕکردنی دەورەیەکی دەمانگە لەحکوومەت، کە هێندەش گەش و هۆی شانازی نەبوو،تێک تەپی و لە بەریەک بڵاوبوو. هێندێک لە(میانەڕەوان) بەڕێژیمی عارف لکان،ژەنەراڵ تاهیر یەحیا، سەرۆک وەزیران،وژەنەراڵ حەردان تکریتی وەزیری بەرگری، هەشت کەس لە لێژنەی وەزیرانی پێشوو، لە دەوڵەتی نوێدا مانەوە،لە حاڵێکدا کە(توند ڕەوەکان) لەجەبهەی دژایەتی قەراریان گرت، لە زێد پەروازەیان کرد،یان خۆیان حاشاردا، بێ ئەوە توانیبیان مەسەلەی کورد،چارە سەر کەن.

چاپەمەنیەکانی ئەوکاتی ئێران،دەنگۆیەکیان باس لێوەدەکرد، لە سەر ئەم بناخەیە کە: لە دوایی لابردنی بەعسییەکانی توند ڕۆ( لەحکوومەت) کوردەکان لە جەبهەکانی موسڵ وخانەقین،دەستیان بەهێرشێکی گشتی کرد، بەلام داهاتنی وەرزی زستان، خێرا هەموو عەمەلیاتێکی بەربەست کرد، ولەدوایی پەیامی ڕێکەوت 28ی نوامبەری 1963ی عارف بۆکوردەکان، پەیوەندییەکانی نهێنی نێوان دەوڵەت و ژەنەراڵ بارزانی دەستی پێکرد.

فەسڵی 9-

ناوپەردەی دووەم(فۆرییەی 1964-ئوریلی 1965،

ئاڵۆزی وپشێویی ساڵی 1964وئاگربڕی 10ی فۆرییەی 1964،---

(بانگەوازی بارزانی)

بەناوی خوای دلۆڤان ودلاڤا

(قسەی ڕاست کەلامی خوای گەورەیە، کە لەقورئانی پیرۆز دا فەرموویەتی: ئەی گەلی خاوەن باوەڕان، چۆن پێویستە، ئاوا لە خوای بترسن و هەر بەموسڵمانی بمرن، هەموو لاتان دەست بە ڕەشتەی پەیمانی خوا وەرێنن وبلاومەبن. بیر لەوچاکە بکەنەوە کەخوا دەربارەی کردن، کە ئێوە دژ بەیەکتر بوون، بەدڵ کردنی بەهۆگربوون، لە سایەی چاکەی ئەمەوە ئێستا لێکتر بوونەتە برا.

بانگەوازی سەرسام هێنەری ڕیکەوتی 10ی فۆرییەی 1964ی ژەنەڕاڵ بارزانی لە(برایانی کورد) بە ڕێزدانان لە(ئاگربڕێکی) دەست وجێ کە ئەو بەهۆی ڕێککەوتن لەگەڵ مارشاڵ عارف ڕاگەیاندوە،بەم جۆرە دەست پێدەکات: ئەم بانگەوازە هەرچەند لە مەڕ ئاماژە بە خوای پیاوچاکان زوانی فەسیح و قسەکەری هەبوو ،بەلام سەبارەت بەچارەنووسی کوردستان گەلێک بێ زوان بوو. بارزانی هەربەوەندە دوایی دەهێناکە بلێت: لە پاش(شەڕی براکوژی) دەوڵەت کردەوەی لێهاتووی ( بۆ گەڕانەوەی، ژیانی ئاسایی وئاسایشێکی بەردەوام لەناوچە دا وەدیدێنێ، وپێکەوە بۆ هەل ومەرجێکی باش ولەبار، بۆڕاگەیاندنی مافی نەتەوەیی، هاو ولاتیانی کورد لە چوارچیوەی ولاتی ئێراق، لە یەکپارچە بوونی نەتەوەیی کامل،هەنگاو هەڵدەگرین.))

لەم پەیامەدا،وشەی (خودموختاری) یان هەتا،(کوردستان) دەکار نەکراوە! لەسەر ئەمەشڕا لە دوایی ئاماژەیەکی بەگرەوگۆڵ بە(مافی نەتەوەیی هاوولاتیانی کورد)خەڵکی بانگەواز بەئارام بوونی ناوچە دەکات، بەم وتە: (خوا داکۆکی لەبڕیاری ئێمەدەکات) قسەکەی دەبڕیتەوە!

هەر ئەوێ ڕۆژێ، سەرکۆمارعارف، بەگوێرەی داخۆیانەکی فەڕمی دوورو درێژ، سەبارەت بەشەڕڕاگرتن، ئەم خالانەی ڕاگەیاند:-1-1ناسینی مافی چارەنووسی نەتەوەیی برایانی کورد... ئەم مافە لە قانوون ئەساسی مووەقەتدا، جێی بۆ دەکرێتەوە(دەگونجێندرێ) 2-لێبوردنی گشتی وئازادکردنی سەرجەم بەندییەکان 3-گەڕانەوەی

4- بانگەوازی لەوکاربەدەستانەی دەزگای بەڕیوەبردن بۆ ناوچەکانی باشوور کەلەسەرشۆڵ.

5- لابردراون، قەدەخەو قۆڕخ لەسەربازرگانی وشتوومەکی خواردەمەنی.

6-ئاوەدانکردنەوەی سەرلەنوی ودەست بەجێی باشوور 7-قەرەبۆی خەسارەی ئەوخاوەن مڵکانەکەعەرزەکانیان بوونەتە -8-هەریمی سەدەکان،

9- گەڕانەوەو سەقامگیربوونی ئاسایش وئەمنییەت.

ئەم بڕیارەی بارزانی کەبەدوای پەیوەندییەکانی نهێنی لەنێوان وی وعارف،گەرای بەستبوو، ولەبارەی ئەم پەیوەندیانە شتێک نەزانراوە، بەلاَم سروشتییە هەرلەڕۆژی لەدایک بوونی، بوو بەهۆی وەدیهێنانی گەورەترین ئالۆزی لەنێوان بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، وئەم ئینکابەریە، دوورو درێژە، بۆ بارزانیش، بەخم شێوان لەکڵ هاتەدەر.

ژەنەراڵ بارزانی وریبەرانی پارتی دێموکرات لەکاتی گەڕانەوەی وی لە1958لەیەکیەتی سۆڤیەت، نەیانتوانی بوو پێکەوە ئاڵقەی پەیوەندی ئاسایی لەنێوان خۆیان ڕابگرن...بەدوای تێکچوونی پەیوەندی بارزانی لەگەڵ قاسم،ئەم ڕابیتە خێراتر،کەوتە تارمایی وهەتا، بە پەڵەیەک، لە بولێڵی گەیی، کە سەرجەمی ڕۆژنامەوانەکان کەلەساڵەکانی 1962و1963 بۆ حازرکردنی ڕاپۆرتەکان ودەنگ وباس دەچوونە کوردستان، لەو کلافە ئالۆزە کە بەنهێنی لە نێوان ڕیبەرانی حیزب وژەنەراڵ بارزانی لەحالی بە وجوود هێنانابوو، قسەیان لەسەر دەکرد. وبەهۆی( نەبوونی حالاتێکی هێرش)لە نێوان لایانگرانی حیزب، هەتا، لەخۆیان پرسیار دەکرد: وێدەچێ(بەنهێنی) لەگەڵ بەغدا، سەینەوبەینەیەک، هەبووبێت! لە دوایی بڕیاری بارزانی بە(ئاگربڕ) لە10ی فۆرییەی 1964 ناکۆکی وکێشە دەتەقێتەوە، وشەڕی ناوەخۆ، کوردستان دەخاتە ژێر هەڕەشە!

2-بەڵگەی بارزانی (بۆ شەڕڕاگرتن)

بەبیروڕای بارزانی ماندووبوونی خەڵکی کورد(بۆشێکردنەوەی دورست وبەڕاستی ئاگربڕ) هەڵبەتە بۆ بارزانی، ئەم بۆچوونە بێ کەم وکووڕبوو. ئەوبەوشیوازە، بۆ ئازانتی ئەم بڕیارە، مەتەڵی خوارەوەی دەگێڕاوە: (جارێک لە یەخسیرێک کە ئەویان لە دارێک شەتەک دابوو،زاریان بەستبوو، پسیارکرد، چ داخوازو ئارەزوت هەیە؟ دیلەکە، گوتی: (داخوازیم ئەوەیە، لەم دارەم بکەنەوە، ولەوداری دیکە کەسێ شەقاو مابەینی هەیە،شەتەکم دەنەوە!)پاشان دیلەکە، کەلە سەرسوڕمانی کێشکچی یەکان، کەچ حیکمەتەکیان لەم ئارەزوەدا، نەدەدی، وحەپەسابوون گوتی: (ئەم داخوازیەم بۆیە کرد، هەتا بتوانم سێ هەنگاوڕێگا بڕۆم!) لەم مەتڵەبەدا، کابرای دیل، بێگومان خەڵکی کوردە، وسێ شەقاو ڕیگاکە، ئاگربڕەکەیە، کە لە نێوان کوردەکان ودەوڵەتی بەغدا، ماوەی درێژ دەبێتەوە.)

بەوتەی مێژوونووسی کورد،عیسمەت شەریف وانلی،بارزانی ئەم وتەکورت وڕەوایەیی گەلێک جار، دووپات دەکردەوە: (لەسەرەتا، ئەرتەشی ئێمە بە(دەخۆ دەخۆ)ی خەڵکی دەژیا،! لەدوایی دووساڵ شەڕ(وەزعەکەجۆرێکی لێهات) کەخەڵک بە (دەخۆ دەخۆی) ئەرتەش دەژین!)

ئەم دوو بابەتە، ڕەوشت وقاعیدەیە، بۆ ژەنەڕاڵ بارزانی هەر دوو شێکردنەوەی هزرو مانایەک بوون: لەدوایی دووساڵ شەڕ بەتایبەت لە دوایی خاپووربوونیکی گەورە، کە شەڕی یەکەمی بەعس بە دیاری هێنا،خەڵکی کورد،ئیدی وزەو توانایی شەڕیان نەبوو، هاواڵدەران کە مانگێک داوایی ،یانی: لەپاش ئاگربڕ،ی فۆرییەی 1964 سەردانی کوردستانیان کرد،لە وێ، جیا لە(خاپووربوون و، وێرانی نەیاندی! تەواوی ئاوایەکانی هەڵکەوتوو لەقەراخ ڕێگاکانی شۆسە کە بۆ سولەیمانی دەچوون، بۆمباردومان ببوون، وبەناپاڵم سوتاندرابوون، و ببوون بە تۆزو خۆڵەمێش!

(هەڵاتبوان،لەناو کەلاوەکان کە میچیان بەپووش وپەڵاش وگەڵای داران داپۆشرابوو بەچەتوونی حەوابوونەوە... لەماوەی 5-مانگ سێ هەزار گوند، تێک قرماوەو،خاپووربووە، دانیشتوانی سەدان دێ، لە ئاوائیەکانی خۆیان، هەتڵەوپەروازە کراون. بەڵام لە سەر ئەو مەسەلە بەڵگەولایانی بیرو بۆچوونیش دەهات زیاد دەبوو: ماندو بوون و ناهومێدی وێچوونی شتی نەگۆڕاو: گرێدانی موافیقەتنامەی ئاگربەس لە گەڵ عارف،وێدەچوو لە راستیدا کردەوەیەک، دژ بە ڕیبەرانی پارتی دێموکرات بێت! قسەکانی سەرسووڕهێنەری ژەنەڕاڵ عارف، بەڕەواڵەت پەسندی،ئەم مانایەیە: ئەندامانی پارتی دێموکراتی کوردستان کەلە دەوری بارزانی هاڵاون، شەڕ هەڵایسێنەرن،سیخوڕو نۆکەری بێانین،ئەمپەڕالیزمن. وبارزانی وەکوو ئێمە دەیەوێ ئەم حیزبە، سەرکوت بکات.)

3-لێک جیا بوونەوەی پارتی دێمووکراتی کوردستان وبارزانی

ڕیبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کەلە سەر ئەم ئاقیدە بوون، دەوڵەتی ئێڕاق لە دوایی کودتای نوامبەری 1963 لە بەرامبەر سیاسی ونیزامی، لە وەزعەکی کزو شپرزەدا،داخوازیان ئەوەبوو، کە شەڕ بەهەموو هەرەکەتەوەو هەرچەند توندتر، بەردەوام بیت، هەتا بتوانن لەهەستی دەسەڵات و، وزە لەگەڵ ئەو، وتووێژ بکەن. ئەم گروپە کە لە بیروڕای بارزانی مل کەچکردن بۆ ئاگربڕ،ڕاگەیاندنی خودموختاری یان هەتا(ناناوەندی) لەلایان دەوڵەت یەکجار سەر سووڕمابوون، هیواداربوون ڕیککەوتنی عارف وبارزانی، لانی کەم هێندێک خاڵی (نهێنی) تێدابن- وجەلال تاڵەبانی هەتا، لە کۆنفڕانسی هاواڵدەری کە بارزانی لە23ی فۆرییەی 1964لە (ڕانیە) پێکدێت، بەشداری دەکات، بێ ئەوەی بچووکترین نیشانەی ناڕازی بوون لەخۆی وەدەرخات. بەلام بەدوای ڕاپۆرتی هاواڵدەری ڕۆیتێر،کە گوتبووی: بارزانی لەم کۆنفڕانسە دا، بەرێککەوتنی نهێنی ئاماژە کردوە، بارزانی لە3-ی مارسی 1964 هەبوونی جەستەی ئەو بەڵێننامەیە، وەدرۆ دەخاتەوە.

بەڵام بەقسەی ڕیبەرانی پارتی دێموکراتی کوردستان، هۆی ئەو لێکترازانە، هەڵویست گرتنی بارزانی سەبارەت بەچارەنووسی (ئەرتەشی کورد) پێشمەرگە بوو.

بارزانی لە بروسکەیەکی تێروتەسەلدا، لەڕیکەوتی دووەمی مارسی 1964، لە (ڕیبەرانی پارتی) داوا دەکرد، کە(چونکە هێزەکانی دەوڵەتی دەیانەوێ، ئەو شوێنانەی کەلەژێر دەسەلات وچاوەدیری ئێوەدانە، سەر لە نوێ داگیربکەن) هێزەکانی حیزب نەبنە کۆسپ و لە مپەریان، بۆخۆیان بۆ شوێنی نوێ پاشەکشە بکەن، ئەوەی لێ زیاد دەکات: ( هەرجۆرە بەر بەرەکانی وبەرنگاری بەرامبەر بە هێزەکانی دەوڵەتی، بەربەرەکانی و شەڕی چکدارانە لەنێوان من وئێوەی لێ دەکەویتەوەو بەدوایدادێت!)

لە دوایی وەرگرتنی ئەم بروسکە هەڕەشەیە، شەش کەس لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی وکۆمیتەی ناوەندی حیزب لەقەلا دزە، سەردانی ژەنەڕاڵ بارزانی دەکەن.

دیسان بەگوفتی پارتی دێموکڕاتی کوردستان، ژەنەڕاڵ بارزانی لەم چاوپێکەوتنە دا،(کەللەڕەق یەکی دۆخ، بێ ئەوە نیوچاوانی گنجی تێکەوە) و فەرمانبەری لە(ڕێبەر) و نوێنەری نەتەوەی کورد، و فەرمانده‌ری گشتی هێزەکان و بەرپرسی حیزبی وەبیر خستنەوە-لە حاڵێکدا کە پێشتر بەوکەسانەی کە دەچوونەلای ڕەپ وڕاست ڕادەگەیاند کە چ پەیوەندی لەگەڵ حیزب نییە! ئاخروئۆخری مارس لە دوایی کۆنفڕاسی نیزامی کە تەواوی سەرکردەکانی پلەبەرزی پێشمەرگە، لەویدا بەشداربوون، بارزانی عومەردەبابەو عەلی عەسکەری لە سەرشۆڵ لادەبا، و سەرهەنگ ئازیزعەقڕاوی ونووری عارف، لە جێگەی وان دادەنێت!

### 4-کۆنفڕانسی پارتی دێموکڕاتی کوردستان(4-9ی ئاوریلی 1964)

ڕێبەرانی حیزب لەدوایی بەتاسەو ئاوات نەگەین، لەچاوپێکەوتنی خۆیان لەگەڵ بارزانی، بەوبیروبۆچوون ولێکدانەوەیە، کەبارزانی دەیەوێ ڕاپەڕینی کوردان لەناو بەرێت) بڕیار بەپێکهێنانی کۆنفڕانسی حیزبی دەگرن، ئەم کۆنفڕانسە، بە بەشداربوونی ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری سازمانەکانی جۆڕاوجۆری، سیاسی و نیزامی و چکداری، بۆ بڕیارگەتن، سەبارەت بەهەڵویستی بارزانی، لەپاش ڕاگەیاندنی ئاگربڕ، لەمەقەڕی ماوات،دادەنیشن. لە ئاکامدا پارتی دێمووکڕاتی کوردستان، بڕیارنامەیەکی شانزدە،لاپەڕە، لە ژێر ناوی (ئاخۆ ڕێککەوتنامەی عارف وبارزانی، بەبەڵیننامەی ئاشتییە، یان خۆ بەدەستەوەدان؟ هەڵویست دەگرن؟ ئەم بڕیارنەمەیە، لە19ی ئاوریلی 1964 بلاو دەکاتەوە،(لەڕاستێدا ئەم سەنەدە، لەلاپەڕێکی زۆرکەم دابلاو بۆوە) لەم بڕیارنامەیەدا، ژەنەڕاڵ بارزانی بە تایبەت بەمە تاوانباردەکەن، کە بێ ئەوە دەوڵەتی ناوەندی دەم بەهیچ کام لەمافی بنەڕەتی گەلی کورد، داهێنابێت، لەگەڵ وی قەراری(ئاگربڕی) گرێداوە.

و سەبارەت بە دەوڵەت لە ڕادە بەدەر،متمانەی کردووەو،

سەری بۆ دانواندووە.

وگەڕانەوەی ئەرتەش ودەزگاکانی دەوڵەتی بۆ نێوخاکی کوردستان کارئاسانی کردوە، وهەرلەم حاڵدا تێکۆشاوە، بە زەق وزیندو،حیزب وسازمانی چەکداری وی لەناو بەرێت.

وبۆ کۆتایی هێنان بەراپەڕینی کورد، بەکردەوە، لەگەڵ دەوڵەتی بەغدا ڕێککەوتووەو یەکگرتووبووە!

بڕیارنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەپاش ئاکام وەرگرتن لەم بەستێنەدا، کەبارزانی هەنۆکە، گەورەترین مەترسییە،بۆڕاپەڕینی کورد دێتەژمار، دەڵێ: ( ئەرکێکی گرنگی حیزب ئەمەیە، کەبەهیوای دەست کێشانەوەی بارزانی لەو ڕەفتارەو کردارە، بەهەموو ئەمرازو هۆ، لەبەرامبەرویدا، بەرەنگاری بکات.)

دوایی کۆنفرانسی ماوەت لێژنەیەک، لەلایان حیزب دیاری کرا،کەبچێتەکن، ژەنەراڵ بارزانی وناوەرۆکی ئەوبیریارنەمەیەی پێ ڕاگەیەنێت. بارزانی لەولام داگوتی: کۆنفرانسی ماوەت قانوونی نەبووە،چونکە لە پاشملەی ڕیبەری حیزب پێکهاتووە،وپێشنیاری کرد کۆنگرەی حیزب، لە ماوەی مانگێک دا، لەقەلادزە پێک بێت... بەلام دەفتەری سیاسی حیزب لەبەشداربوون لەکۆنگرەیەکی ئەوها، کە(لەژێر سێبەری ڕەشاش ومەتڕالوزی بارزانی بەرپادەکرا،) حازرنەبوون. لەئاخری ئۆخری ژوئن،لێژنێکی دیکە لەلایان حیزب پیکهاتوە، لەبرایم ئەحمەد وعەلی عەولا (ئەندامی دەفتەری سیاسی، وعەزیز شەمزینی(نەوەی سەناتۆرعەبدولقادر وپالاوتراوەی ئەندامی دەفتەری سیاسی) بۆ تەقەلای ئاشتی لەگەڵ بارزانی بۆ قەلادزە چوو.

## 5-چاوپێکەوتنی بارزانی و تاهیریەحیا،(ئەوەڵی ژوئن 1964،

لەم کاتە، بارزانی چاوەنواڕی هاتنی ژەنەراڵ یەحیا،سەرۆک وەزیرانی ئێراق بوو، ژەنەراڵ بارزانی کزومەلوول وڕەنگ بزڕکاو، بەبیچمێکی ماندو دیاری دەدا، هیچ کاتێک هەتا ئەم ڕادەیە، ناهومێد نەببوو،گوتی: ئەمن ئیدی بۆ هەمێشە، ئێراق بەجێ دێلم،ئیدی ماندوبوومە!

ئەو زۆربەرۆتالی لەتەک وتەنیا مانەوەو(بێکەسی) کوردەکان قسەی هێناگۆڕ: گوتی: نەک تەنیا ئێراق، لە بەرامبەر خۆیاندا دەبینن،بەڵکوو تورکییەو ئێرانیش دژ بەوانن...ژەنەراڵ دوگڵ) لەبەرامبەر داواکان، خۆی لەکەڕی داوە، ئامریکا وئینگلیزیەکان بەهۆی قازانجی نەوت، لە ئێراق داکۆکی دەکەن. هەتا یەکیەتی سۆڤیەتیش، دەستی لەوی بەرداوە.

بێگومان لەناخی جۆلانەوەش دا، گەندەتاو، شوینەواری ناکۆکی لەگەڵ ڕێبەرایەتی پارتی هەست پێدەکرا، عەلی عەولا، برایم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، یانی لەراستیدا بۆ بەشداربوون لەوسەردانەی بارزانی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئێراق، چوونەتە،لای. بەلام بارزانی لەهاتنی عەلی عەولا وبرایم ئەحمەد-ی چاوچووقاند وتەنیا ڕووی قسەی ئاڕاستەی تاڵەبانی کرد، ئەویش بە زوانێکی توندو تووڕە!

لەهەڵ ومەرجی ئەوهادا، کەلێژنەی بارزانی بەنزیکەی بیست ماشین جیب کەلەواندا، بە قەتارە شیخ لەتیف وسالح یوسفی، ئازیزعەقڕاوی (کەئەوکات پارێزگاردی لەشکری بارزانی بوو)وهێندێکی دیکە لەسەرۆک عەشیرەتەکان تێیاندا دانیشتبوون، بۆجێ ژوانی دیاری کراوە(خەلان) لەنزیک(ڕانیە) دەگەنێ جێ.لەدوایی ساعاتێک وتوێژ، بارزانی کەلەبووچوونی دەوڵەت ئاگاداربوو،بەم وتەکورتە کە(دەی باشە ئاگایان هەنۆکە دەبێ لەگەڵ نوێنەرانی خەڵک وت وێژ بکەن) وبەئامازە بەڕیبەرانی حیزب، جەلەسەی بەجێ دێڵێ دەڕوات!

شێوازی ئەم وتووێژە،خێرا بەلەونێکی پڕ مەترسی بڵێسەی لێ بەرزبۆوە) ناردراوانی دەوڵەت،بل لە یەکەکیان،یانی: دوکتۆوفلوجی، بەرپرسی دەزگاکانی چاپەمەنی وەزارەتی دەرەوە، هەموویان نیزامین، ولەسەر ئەم بیروباوەڕەن، بەسەرنج بەئەمە، کە مەسەلەی سیاسی لە ڕاستیدا،دوایی پێهاتووە(جێ بەجێ بووە)ئیستا،تەنیا، شتێک کە ماوە(لەناوبردنی گەندەتای شوێنەواری شەڕە)

ڕێبەرانی حیزب وت وێژەکانیان بۆ بناخەو بنج وبنەوان و ڕاستەڕێی مەسەلەکە، ڕەکێش دەکەن، دەیانەوێ لێکدانەوەیەکی بەوردی و دیاری کراو، لە خودموختاری ئیداری لە وێ بەهرە وەردەگرێت وەدەست بێنن، لەم کاتەدا سەرۆک وەزیران لەجەستەی خۆیدا هەڵدەچێ وبەتووڕەیی دەڵێ: (بێ کردنەوەی دەرگای جیایی ناتوانین باشووری ئیراق، بەناوێکی دیکە بدینە بەرلێکۆڵینەوە)

سەرۆک وەزیران لەناو ئاخافتنەکانی داوای هەڵوەشانەوەی ئەرتەشی کوردستان دەکات، لە حاڵێکدا ژەنەڕاڵ هانی خەماس،بەرپرسی دەزگای دووەمی ئەرتەش(ئیستخبارات) داوادەکات: کە زابووتەکانی کموونیست،یان (پێشکەوتووخواز

کە لە دوایی ڕووخانی ڕیژیمی قاسم، پەنابەری کوردستان بوونە، دەبێ بەدەوڵەت تەسلیم بکرێنەوە. کاتێک ڕیبەرانی پارتی دێموکڕات، پیشنیاری لێبووردنی گشتی دەکەن، سەرۆک وەزیران بە کەللە شەقی ئەم پێشنیارە رەت دەکاتەوە. پاشان سەرۆک وەزیران پێشنیاردەکەن، کە مەسەلە هەتا هەڵبژاردنی پەرلەمان بۆ ماوەی... سێ ساڵ هەڵپەساردرێت وبێ دەنگی لێ بکرێت! ئەگەرچی وت وێژ، هەتا، شەو درنگان دەکێشێ بەڵام دوو لایان بێ ئەمە، لە بیروڕای یەکدی نزیک ببنەوە، لێکتری جیا دەبنەوە.

دوکتوور فلوجی بە شێوەی تایبەت بەخۆی، خاڵەکانی دیاری کراوی دەوڵەت سەبارەت بە هەڵویسی کوردەکان ئەوها، کورت دەکاتەوە،: کوردەکان دەیانەوێ قازانجی سەربەخۆیان هەبێت بەڵام لە چەرمەسەریەکەی دوورە پەرێز ولاتەریک،

6-پساندنی پەیوەندی لەگەڵ حیزب

بارزانی کە بەکردەوە لەگەڵ دەوڵەت تێکچووە،لەگەڵ ڕێبەرانی پارتی دێموکڕاتی کوردستانیش، پەیوەندی خۆی هەڵدەبڕێ، ڕێبەرانی پارتی لەڕاستیدا پێکهێنانی کۆنگرەی حیزبی لە25ی ژوئن و( لەژێرچاوەدێری کمیسیونی بێ لایان قەبووڵ کردبوو، بەڵام بارزانی بە چەشنێکی چاوەڕوان نەکراو، ولەهەل ومەرجێکداکە کەسێک ئاگادریەکی دورستی سەبارەت بەونیە، ئەمری گرتنی عەلی عەولا وعەزیز شەمزینی دەدات، بەڵام برایم ئەحمەد، بۆی دەردەچێ وخۆی دەربازدەکات،دەشێ خۆی بگەیەنیتەوە مەقەڕی حیزب.
لەئەوەڵی ژوئیەی 1964 ژەنەڕاڵ بارزانی، شەشەمین کۆنگرەی پارتی دێموکڕاتی کوردستان، لە(ڕانیە) وبە بەشدار بوونی نزیکەی 900نوێنەر بێ حزوری،ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ودەفتەری سیاسی حیزب، کەئەم کردەوەی بارزانی بە(کودتا) ڕاگەیاندوە،دەکاتەوە. کۆنگرەی ڕانیە،14ی ئەندامی کۆمیتەی پارتی بە تۆمەتی(تێکۆشانی جیاخوازانەووزێدەڕۆیی ولادەری

وتێکدەرانە) لەحیزب وەدەردەنێت، ودەفتەری سیاسی نوێ بریتی لەپێنج ئەندام هەڵدەبژێرێت، لەوانە یەک حەبیب کەریم سکرتێری گشتی حیزب وئەوی دیکە دۆکتۆر مەحمود عوسمانە).
دەفتەری سیاسی حیزب بەڕیبەرایەتی برایم ئەحمەد، لە لێکدانەوەکدا، بارزانی بەناوی(کەسایەتیەکی عەشایری) دەناسێنێت وبەم کردەوە وەڵام دەداتەوە، وڕادیوی حیزب، لە پێشمەگەکان داوادەکات دژی (ڕێبەری نوی حیزب قیت بنەوە،پسانی پەیوەندی کامڵە.
لە چاوگەی نیزامی وچەکداری لاسەنگی تەرزوی هێزەکان، هەست پێدەکرا، لە ڕاستیدا بەپێچەوانەی داواکانی برایم ئەحمەد وتاڵەبانی، لە پێشمەرگەکانی حیزب،بەشێکی زۆرکەم، لایانگری ئەوانیان گرت، کە سەرئەژمێریان لە هەزارکەس وێوەترنەبوو. لەحاڵێکدا پانزدە هەتا بیست وپێج هەزار پێشمەرگە، جامینخوازی ژەنەڕاڵ بارزانیان گرت. لەنێوەڕاستی ژوئیەی 1964 هێزەکانی جامینخوازی ژەنەڕاڵ بارزانی بەسەرۆکایەتی کوڕەکەی (عەبەیدوڵلا) چوونە ناوچەیەک کە هەتا ئەوکات لەژێر دەسەلات وچاوەدێری حزب دابوو،وبۆ مەقەڕی ماوەت هێرشیان برد، ئەوەڵین تەقەو لێکدان لە17ی ژوئیەی قەوما، کەسێک کوژراو، چەنە کەسیش بریندداربوون.

7-برایم ئەحمەد، لەئێران

ڕێبەرانی دەفتەری سیاسی(گروپی برایم ئەحمەد، جەلال باڵەبانی، عومەرمستەفا، عەلی عەسکەری وحلمی شەریف)بۆ خۆ پاراستن لە بەرفرەوان بوونەوەی شەڕی خۆ بەخۆیی، یان وێدەچێ بەهۆی ناعیلاجی پەنایان بۆ ئێران برد، پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێڕاق، بێ ڕیبەربووبوو. چونکە دوو ئەندامی دیکەی دەفتەری سیاسی(عەلی عەولا وعەزیز شەمزینی) لە بەندیخانەی بارزانی دابوون، وئاخرەکەی کە نووری شاویس بوو، لە ئینگلیستان بوو.
پاشان جەلاڵ تاڵەبانی ئەومتمانەیەی دەدا کە بەرلەمە، چ کات لەگەڵ نوێنەرانی ڕێبەرانی ئێرانی پەیوەندی نەگرتووە. بەڵام وەختێک کە ئیرانیەکان ئەندامانی ئەم حیزبە، کەساواک کردەوەکانی بە دڵەخورپەوە، لەو دیوی سنوور بەچوارچاو، لێدەڕوانی، وئەوانی بەکمونیست،دەزانی قەبووڵ کردبوو، بۆخۆی دوور لەگومان نەبوو! مەگین ئەمە، کەلەگەڵ ژ-پ-ویەنو،هاودەست بین وبڵین کە کردەوەی زەق وبەرچاوی ئێران(زووتر بەهۆی دوژمنایەتی و ناکۆکی لەگەڵ بەغداو قاهیرە بووهەتا، بەزیی ومحیبەت بە کوردەکان) بەهەرحاڵ قەزیەکە، هەرچی بوو، تاڵەبانی بۆ وتوێژ،سەخمەرات بەچارەنووسی خۆی و هاوڕێیانی لە(هەمەدان) جێی بۆکراەوە، وژەنەڕاڵ بارزانی،دژی هاتنی ئەڕتەشی ئیران بۆکوردستانی ئیڕاق، بەداکۆکی لەلایانگرانی تاڵەبانی ڕەخنەی لە ئێران گرت.
ڕیبەرانی پارتی دێموکڕاتی کوردستان وجامینخوازانی هەتا دەست پێکردنەوەی شەڕ، لە کوردستانی ئیراق،لە1965 لەئیران مانەوە، لەوساڵیدا ئیجازەیان وەرگرت،بۆ ناوچەی ژێردەسەڵات وچاوەدێری بارزانی بگەڕێتەوە، وکاتێک گەڕانەوە،بارزانی جەلاڵ تاڵەبانی و عومەر مستەفاو عەلی عەسکەری وحلمی شەریفی زیندانی کرد.

8-ئەنجام وشوێنەواری ئاڵۆزی 1964،

قەتاندنی پەیوەندی بارزانی لەگەڵ ڕێبەرانی پارتی دێموکڕات، چوونی ئەم گروپە،بۆ ئێران، ئەنجام وشوێنەوارێکی زۆری بۆ بزوتنەوەی کورد، لێکەوتەوە.
لە ڕوانگای هزر، گروپی برایم ئەحمەد-تاڵەبانی- بێگومان باشترین ڕۆناکبیرانی کوردیان لەدەورەی خۆ کۆ کردەوە. لە دوایی ئەم بەسەرهاتە کە(لەگەڵ سیاسەتمەدارانی ئەشکەفت نشین، قەوما، بارزانی کەوتە کۆزیلەی هاوڕێیانی کەئەو، ئەوانی پتر، بەبۆنەی وەفاداری و

ئەمەگناسی، نەک بەهۆ لێهاتوویی ولێوەشاوەیی وزانیاری و فکرو مەعنەوەی هەڵنەبژاردبوو، لەمە دەدوا یانی لە1964،بەم لاوە ئیدی لە حیزب داجێگایەک بۆ ڕوناکبیران وکەسایەتی خاوەن بیروڕای ڕاستەقینە نەما، وهەتا ساڵی 1970 وبەنەخازەساڵی 1974 کەڕوناکبیرانی کورد پێکەوە وبەسەرجەم پاڵیان وەڕاپەڕینی بارزانی دەدەن. بارزانی جێگەی بۆ ئەم جۆرە کەسایەتیانە، نیە، وپلەوپایەش بەم جۆرەکەسایەتیانە،نادات.
بارزانی چ کات نابیتە سەرەڕۆیەک بەڵام دەساڵ دوایی یانی: لەجەرەیانی ساڵەکانی 1973-1975 تەواوی بڕیارەکانی گرینگ، بەنهێنی بەهۆی گروپێکی ئیکجار کەم لەڕاستیدا گروپی سێ کەسی دەردەبڕێ کەبریتی بوون لە: بارزانی بۆخۆی وئیدریس وموسعود(کورەکانی) ئیدی کەسێک نیە،هەتا بوێرێت ولەخۆی ڕاببینێت لەگەڵ وتەوبڕیارەکانی بارزانی دژایەتی بکات. کاتی ئاش بە تاڵ کەسێک نیە کەجێی وی بگرێتەوە.
لە سەر ئەمەشڕا بەرپرسایەتی گروپی برایم ئەحمەدیش کەم نییە: هەتا ئەمڕۆش بەڵگەو هۆو سەبەبی هەڵبڕانی پەیوەندییەکان لەگەڵ بارزانی وهەڵ ومەرجێک کە ئەو جەرەیانەی هێنایەدی ، بەدورستی نەزانراوە، بەڵام ئەمە ڕاستە کە ئەم دەستەیە، قورسایی شوین تێکردنی بارزانیان لەبزوتنەوەی کورد دا،یەکجار بەکەم گرتبوو،هەر وەک بەتەنیا مانەوەو گۆشەنشێنی ئەوان، وتێکگیرسانی سەرەتایی ئەوان لەگەڵ بارزانی، وپەنابردنیان بۆ ئێران نیشانی دەدات.

بەڵام پاشان ڕێبەرانی حیزب لەساڵی 1964 دیسان هەر ئەوهەڵەیان کردەوە، کە حیزبی کمونیستی ئیراق لە1959- 1960کردبووی: بە شتوندوتیژی ومل ڕاکێشانی خۆیان، بەخۆ بەدەستەوەدان بەبارزانی ئیکجارئاریکاریان کرد.

9-توند بوونی نێوان ناخۆشی بارزانی لەگەڵ بەغدا

شەشەمین کۆنگرەی پارتی دێمووکراتی کوردستانی ئێراق کەلە تایبەتمەندییەکانی وی پساندنی هەودای پەیوەندی بارزانی لەگەڵ دەم ودەزگای ڕێبەرایەتی کۆنە،لە عەینی حاڵدا نیشاندەری هەڵگەڕانەوەی وی لە بەرامبەربەغداش دایە، بارزانی لەگەڕانەوەی دەزگای ڕیوەبەری دەوڵەت بۆ ناوچەکانی ئازادکراو، بەرگری دەکات،ودێتەوە سەرئەم بیروڕایە، کەبەهۆی نووسراوەیەک، داوای خودموختاری بکات. هەروالەم کۆنگرەدایە، کە هەموو جۆرەئاماژەیەک بەمارکسیسم-لێنێنیسم،بە ئەنگوست لە سەدانان ، لەپەیرەوی حیزب وەدەردەنرێت(حذف) دەکرێت.

بارزانی ودەفتەری سیاسی نوێ، پاشماوەی ساڵی 1964بۆ دامەزراندنی ئەم دەم ودەزگایە، تەرخان دەکەن، کەکوردستانی بەکردەوە بەناوچەیەکی خودموختار ئاڵەگۆڕدەکات، وبەشوڕایەکی ئینقلابی و(پەڕلەمانێک) بریتی لە/50ئەندام. –دەفتەری ڕێوەبەری یانی لە ڕاستیدا لێژنەی وەزیران. جەلال تالاَبانی وهاوڕییانی بەدوو ئۆرکان، بەچاوی(دەفتەری تاپۆ)لێدەڕوانن.

10-قەڵایچەی کوردستان

لەم دەورەیە-یانی لە196-دایەکە ژەنەڕاڵ بارزانی فەرمانڕەوایی وکارتێکردنی دەسەڵاتی بەسەر دەڤەرێکدا بە هێزدەکات کە هەتا،لە بەریەک هەڵتەکان(ئاشبەتاڵی) بزوتنەوەلە1975 لە ژێردەسەڵات دادەمێنیتەوە.

.

ئەم مەڵبەندە کەپاڵی وەسنوورەکانی ڕوکەشی ئێران وتورکیە، داوە، لە ڕۆژهەڵات هەتا خانەقین، هەڵکەوتوو لە سنووری ئیران هەتا زاخۆ، لە ڕۆژ ئاوا، هەڵکەوتوو لە تخووبی تورکییە وسوورییە،درێژ دەبێتەوە، وسەرجەم نزیکەی /35000کیلۆ میتری چوارقولینجکە، بریتییە لە: دوو بەشی گەورە: بادینان کەلە ژێر حوکم ودەسەڵاتی ئەسعەد خۆشەوی دایە، لەحاڵێکدا کەبارزانی جیگە دانیشتنی خۆی لە بەشی رۆژهەڵات یانی نزیک بەشۆسەی قیرەتاو،ناسراو بە(هامیلتن) قەراری گرتووە. هیچکام لەشارەکانی مەزنی کورد،یانی سولەیمانیە، کەرکووک، هەولێر(ئەربیل) عەقرە، دهۆک، زاخۆ، لەم بەستینەدا جێگایان نییە، بەڵام نیزیکەی نیوەی جەماوەری کوردستانی بن دەستی ئیراق، یانی نزیکەی میلیونێک لەم ناوچەیە، کەلەژێر حوکمات وئەمری نەتەوەخوازانی کورد دایە، دەژین. بەکردەوە تەواوی کەوشەنی نێوان ئێراق وتورکیە، زێدەتر لەیەک سێهەمی سنووری ئیران وئێراق، لە چەنگ وژێردەسەڵاتی بەغدا، وەدەرکەوتووە. لە ناوچوارچیوەی ئەم (بەستینە) بارزانی قودڕەتێکی بێ ئەملا،ئەولایە،ڕادەی دەسەڵاتی زورپتر لەدەسەڵاتی سەرۆک وەزیرانی ناوچەیەکی خودمووختارە!

لەڕاستیدا بارزانی مەلیکی بێ تاج وتەختی کوردستانە، لە سەردەمی تەشبی بەچێڕۆکی (بەدرخان) بەم لاوە، بزوتنەوەی کورد، چ جارێک ئەوها، هیم وشوورەی جوغڕافیایی ... ولەشکرکێشی لەژیر دەسەڵات دانەبوو.

بەشی 10-شەڕی عارف

ئاوریلی 1965-1966،

ئاخۆ شەڕی ژەنەڕاڵ عارف، دژی ژەنەڕاڵ بارزانی لەڕاستیدا تێشکانی ڕێکەوتنێک، یان سەرجەم کۆتایی دەورەیەکی دوورو درێژ، لە بوومەلێڵ وسەر لێشیواوی بوو؟ بەهۆی هەل ومەرجێکی نهێنی کە وەزیەتی ئاگربڕی ساڵی 1964ی تێدا لێ بەڕیوەچوو، وهیشتا سڕڕیاتی وی نەزانراوە، وناکرێ لەمەڕ ئەم کاناڵە بیرو بۆچوون دەربڕین!

بەڵام بەرلە نوێکردنەوەی ناکۆکی،شایەتی ساردوسڕی پەیوەندی بارزانی و دەوڵەتی ناوەندین، کەلە پێناسی وی گۆڕینەوەی نووسراوو، داخۆیان و هەڕەشەکردنە!

لە11ی ئۆکتۆبری 1964ژەنەڕاڵ بارزانی پسوولەیەک دەداتە، دەوڵەتی ئێڕاق، کە ڕوونووسی ناعەسکەری ڕێکەوتی 24ی ئاوریلی 1963یە،ئەبەم تەوفیرە کەلە دەوڵەت داوادەکات: (قانوون ئەساسی ئێڕاق، مافی خەڵکی کورد لەسەربنچینەی خودموختاری) بەقانوونی بناسێت. لەم پسوولەدا، ماددەیەک لەبەرچاوگیراوە، لەپەیوەندی بەئەڕتەش وەهەیە، کە گەلێک توندە:

بارزانی لە دەوڵەت داوادەکات: هێزەکانی چەکدار(پێشمەرگە) بەم جۆرە کەهەن، بمیننەوە، هەتا(پیکهینانی شوورای ولایەت(پاریزگا) کەئەوکات بەواحدەکانی سنووردەگۆڕدرێن، وسەرئەژمێری نەفەراتیان دەگاتە/20000کەس.-لەسیستەمی ئیداری ئۆسمانی ولایەتی مووسڵ بریتی لە پاریزگاکانی سولەیمانیەو هەولێرو کەرکووک،بوو. لێرە مەنزوری نووسەر تەقسیماتیکی ئەوهای ولاتە.

لە دەسامبەری 1964،لەناوچەی چەمچەماڵ،کە لەبەردەست پێشمەرگەکانی کورد دایە، ئەرتەشی ئیراق لەبەرئەمە دایە داگیری کات، هەروا لە بندیخان و خانەقین، تیکهەڵچونی چەکداری لەنێوان ئەرتەشی ئێراق وپێشمەرگەکان ڕوو ددات. بەڵام ئەم تیکهەڵچوونانە لەڕاستیدا هێشتا شەرێکی بەتەوا مانا،نین!

ئەمما لەژانوییەی 1965 عەبدولحەمید سبحی، وەزیری زێدی ژەنەراڵ عارف، رادەگەیەنێ کە: هەتا چەکداری کورد هەڵنەوەشێتەوە، وچەکە کانیان نەدەنەوە بەرپرسانی حکوومەت، دەوڵەتی ئیراق حازرنییە لە گەڵیان وتوویژ بکات، ودەشڵێ: کە ئێراق نایەوێ خودموختاری بەکوردان بدات( نەهەنۆکە ونە لە پاشەڕۆژدا!) ئیستا ئیدی پسانی پەیوەندی دوور نییە.

1-سەرەتای دوژمنداری

سەرکوتکردنی شۆڕشی سولەیمانیە لە2ی ئاوریلی 1965، بەکەلک وەرگرتن لە تانگ، کە دەبێتەهۆی کوژرانی نزیک بە/60کەس و برینداربوونی تەقریبەن /100 کەسێک، لەڕاستیدا بەمامای ڕاگەیاندنی شەری عارف دژی کوردەکانە. بە دوای ئەم کردەویەدا، ئەرتەشی ئێراق، دەست بەشالاوێکی گشتی دەکات، ئەبەم بیروڕایە کە خەتی خۆپاراستنی کوردەکان تێک بشکێنێت وخۆی بگەینیتە سنووری ئێران وتورکییە.

دەوڵەتی ئێراق، پشکنینەوەیەکی توندوتیژی لەسەر ئەم عەمەلیاتە، کردۆتەمۆمڵ، هەتا چەند حەوتوو، هەبوونی شەڕێکی ئەوهای وەدرۆ دەخستەوە!

هەتا ڕۆژنامە وانێک بە هۆی وەرگرتنی بروسکەیەک کەلەویدا وشەی (کورد) دەکارکرابوو بۆ بنکەی ئیستخبارات گاس کرا، تەنانەت کەلاکی ئەو زابووتانەی کەلە کوردستان دەکوژرین، وبۆ ناوچەی باکوور بەرێ دەکرێنەوە، لە بنەماڵەکانیان داوادەکەن کە ئەوان ئیکجار بەنهێنی وبەکارتاقەتی دەچاڵ کەن و بنێژن.

ئەرتەشی ئێراق بەکردەوە-چل هەتا، پەنجاهەزار قازاخ- بەداکۆکی فرۆکەکانی (مێک) و(هانتر) لەکوردستان، بەرەنگاری پێشمەرگەی کردبوو. یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی شەڕی عارف، بەرفرەوان بوونەوەو بەربڵاو یەتی، بەدەست وێڕاگەیشتنی کوردەکان بەچەکی قورس، شەڕی جەبهەیی، هەرکات پتردەبێتە جێگری شەرێکی چریکی. ئێستا یارمەتیەکانی ئێران دەستی پێکردبوو.

لەسەرەتا، بەشێوازەکی ئاسایی هێزەکانی ئێراق چاویان لەشوێنی دیاری کراو بڕیوە، چوارتا، پێنجوین، قەڵادزو داگیر دەکەن. شەڕی دەقورس وبێ ڕەزا، بەماوەی چەند حەوتوو لە ناوچەی هەولێر(ئەربیل) زنجیرەکێوەکانی سەفین بەردەوام دەبێت.

بەڵام لە پاییزی 1965، کوردەکان دەست بەهێرش دەکەن، وهەموو خەتەکانی پەیوەندی دار، بەتەدارەکاتی عەسکەری ئیراق، کەئێستا لە ڕادەبەدەر دوورو درێژ بۆتەوە، دەدەنە بەرهێرش وگەلێک لە ناوچەکانی داگیرکراو، لە چوارتا، سەفین یان لێ دەستێننەوە.

بۆ ئەوەڵین جار لە مێژووی شەڕەکانی ئێراق لەگەڵ بارزانی، وەرزی زستان نابێتە سەبەبی ڕاوەستانی شەڕ، لەڕاستیدا لە سەردەرانەی ساڵی نوێی زایینی 1965 ئەرتەشی ئێراق لە جەبهەی پێنجوین دەست بەپەلامار دەکات وشەر هەتا فۆرییە بەردەوام دەبێت. لەدوایی ڕاونانی بەعسیەکان لەدەسەڵات، سێ دەوڵەت بەدوای یەکدا دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن: لە سپتامبەری 1965 سەرۆک وەزیران نانیزام یەکە: دکتور بەزاز حقووق زان. بەڵام لەڕاستیدا حکوومەت لە دەست نیزامیان دایە، ووەزیری بەرگری ژەنەڕاڵ عقیلی یە، کە ڕاستەوخۆ دوژمنی قەستەدەری کوردانە،و مرۆڤێکی یەکجار دەمارگرژ و ڕەگەز پەرستە.

2-پەیوەندی بارزانی لەگەڵ ئێران

لەم دەورەیەدایە، کەژەنەڕاڵ بارزانی، بریارێکی گرینگ دەگرێ کەبۆ پاشەڕۆژی بزوتنەوەی کورد، خۆکوژییە، یانی لەگەڵ دەسەإتدارانی ئێران پەیوەندی نوێ دەکاتەوە! بارزانی بێ لێبڕانەوە، پەیوەندی نزیکی لەگەڵ عەشایری کوردی ئەو دیوی کەوشەن هەبوو، هەرلەکۆنەوە، لەئەوتی 1945 چەندسەد چەکدار لەکوردەکانی کوردستانی ئیڕان، بۆ ئاریکاری بارزانی هاتبوون، وتەبای وی لەرەخ وی دژی هێزەکانی ئێراق دەجەنگین، ئەو وەخت هێندە نەمابوو،کە ئەم جەرەیانە ببێتە شۆڕشێکی ناونەتەوەیی (بین المللی).

لەساڵی 1962 یارمەتی کوردەکانی ئێران بۆ بارزانی گرینگ یەکی پتر وەدەست دێنێت، بەلام ئەم یارمەتیە، بەشیوەیەکی دیکەیە: کوردەکان لەسنوورێک کە ئەرتەشی ئێراق، توانایی پێشگیری لەوی نییە، یارمەتیەکانی خۆیان دەگەیەننەبارزانی، وئەم یارمەتیانە، بە ژەنەڕاڵ بارزانی دەرفەت دەدا، بەپێچەوانەی گەمارۆی ئابووری کە دەوڵەتی بەغدا، لە سەرکوردستانی ئێراق دایناوە، بەر بەرەکانی خۆی بەردەوام دەکات.

خواردەمەنی، شتوومەک، جل وبەرگ، دراو، چەک وچۆڵ، بەهۆی مرۆڤی ئاسایی، بەڵام پتر بەدەستی ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق، بۆ بارزانی بەڕێ دەکرێت. لەهاوینی 1962 ژەنەڕاڵ بارزانی لە ڕاستیدا تۆڕێکی بەڕیبەری عەولا ئیسحاقی، کە زۆرتر بەناوی ئەحمەد تۆفیق ناسراوە، ولە ڕێبەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ڕۆژ هەڵاتی ئیرانە، لە بەردەست دایە. وهەر ئەم قەفەزەیە، کە کاری هێنانی هاواڵدەرانێک، کە لە دواییین ساڵی 1962بۆ کوردستان دێن، ئەوەڵین ڕاپۆرتەکانیان، سەبارەت بە ڕاپەڕینی کوردان حازردەکەن، وەسوکردەگرێت.

لە1962هەتا1964ڕابیتەی بارزانی لەگەڵ کوردەکانی کوردستانی ئیران پەرە دەستێنێت، هێندێک لەسەرۆک عەشیرەتەکان کوردی ئیران، لە کوردستانی ئیراق و لە قەراخ بارەگای ژەنەراڵ بارزانی، سەقامگیردەبن، بەڵام ئەو پەیوەندییە، هەروا،خۆمانی ونهێنی یە...یارمەتیەکان لە لایان ئەوکوردانەن، کەخوازیاری بزوتنەوەن.

3-و(شا)محمەدڕەزاپەهلەوی

لە دوایی ئالۆزی هاوینی 1964 لەپەیوەندی لەگەڵ گروپی برایم حەحمەدبوو کەبارزانی بەهەوەڵین کەڕەت لەگەڵ بەرپرسانی ئێران پەیوەندی گرت... وئەوانەی بەئاریکاری بە(ناڕازیان)کەلەهەمەدان نشتەجێ بوونە، بە تۆڵە لێکردنەوە، هەڕەشە لێکرد. بەللی نیەکەچ چاخ ولەچ هەل ومەرجێکدا ئەم(پەیوەندییە، نەریتیە(منفی) بەپەیوەندییەکی ئەریتی(مثبت) گۆڕدرا. محەمەدڕەزاشا) تێگەیی وبۆی ڕوون بۆوە،کە گروپی برایم ئەحمەد وجەلال تاڵەبانی بەزاراوەی هەنوکە(جاشەکان) لەبەرامبەر بزوتنەوەیەک کەبارزانی ڕێبەری وی بوو، قورسایی وگرنگایەتیەکی ئەوتۆی نییە- ولەم بەستینەدا واقیع بینیەکی،زیدەتر لەڕێبەرانی ئیراقی، لەخۆ دەرخست، کەهەتا ساڵی 1970 بەختی خۆیان بەبەختی ئەوناڕازیانە بەستەوە. شتێکی دیکە کە ڕاست ورەوان، لە سەربڕیاری(محەمەدڕەزاشا) بۆیارمەتی بە ژەنەراڵ بارزانی کارتێکەربوو، ئەم یارمەتیە بێ ئەملا ئەولای کوردەکانی ئێران، بەبزوتنەوەی کوردەکانی ئێراق بوو. ئەمە ڕوون بوو کە باشترین ڕێگای پێشگیری لە یارمەتی ئەوان ئەوەیەکە-شا- بۆخۆی دەست پێشخەربێت، وئەم یارمەتیانە، وە ئەستۆبگرێت.

لەمەی 1965 ناردراوانی نەخازاـی هاواڵدەری دونیا، هەموو ڕۆژێ ئاگاداری بینینی چەک وچۆڵ نویێ وقورس لە کوردستان دەبن. لەپاییزی 1965 یارمەتی (شا) بەبارزانی یەکێک لەو مەسەلانەیە، کە مەلیک حوسین پاشای ئۆردۆن، دەبێ لە جەرەیانی سەفەری تایبەتی خۆی بۆ تاران، خەریکی جێ بەجێ کردنی وی بێت(25هەتا 28ی سپتامبەری 1965) وهێندە پێناچی کە دونیای عەڕەب دژی کوردەکان وئیرانیەکان دژکردەوە، نیشاندەدا، بەرپرسی میسری لەئاخری ئۆکتۆبر، پاش سەفەری دوکتۆر بەزاز سەرۆک وەزیرانی ئیراق بۆمیسر، شەوکەت ئەقراوی نوێنەری بارزانی لەقاهیرە وەدەردەنێت.

4-یەکەمین روداوەکانی نێوان ئیران وئێراق

هەڵاوبەزم و کێشەیەک، کە لە نێوەڕاستی نوامبەری 1965، لەنێوان ئێران و ئێراق هەلایسابوو، لە ژانوییەی 1966بەداواکاری باڵویزخانەی ئیران لە بەغدا، لە دەوڵەتی ئیراق،بەم بۆنەوە کە دەوڵەتی ئیراق(چاوەدێری زورتری بەسەرسنوورەکان خۆیدا هەبێت) ئاشکرا دەبێت! کوردەکان لە هیرش بۆسەرپێنجوین، بەفەرماندەری ئازیز ئاقراوی دوایی شەڕیکی توند کەسێ ڕۆژ دەخایەنێ،تەلفیاتێکی قورس لەئەڕتەشی ئیراق دەدا، وپاش ئازادکردنی (قەلای) پێنجوین، سێ زابووت و41قازاخی ئیراقی دەکووژن.

ژەنەڕاڵ عقیلی وەزیری بەرگری ئیراق، بەم هومێدەوە کەدەوڵەتی ئیران سنوورەکانی لەسەرشۆڕشگێڕان گرێدەدات، چونکە ئەم قەڵش وکەلێنانەی سنووری...گەورەترین سەرینچاوەی کوردانن بۆ هێنانە ژوورو دابین کردنی ئابووری وئینسانی) لەناوقسەکانی داهێندیک دەسیسەی دەرەکی وبیانی بەدنەدان وپشتگری وهاندانی شۆڕشگێڕانی کورد، بۆ بەوجود هێنانی، ئیسرائیلیێکی نوێ، لە باشووری ئیراق) تۆمتباردەکات!.

دەوڵەتی ئێراق. لە4ی ژانوییەی 1966 ،فەرمی بەداکۆکی ئابووری وچەک وچۆڵ، لەدەسەإتدارانی ئیران بەشۆڕشگێڕانی کورد، ڕەخنە دەگرێت. عەدنان پاچەچی، وەزیری دەرەوەی ئیراق، نووسراوەیەک دەداتە، کارداری باڵوێزخانەی ئیران، وبەپێی ئەو یادداشتە، تاران تاوانباردەکات، کەئیجازەی بەشۆڕشگیڕان داوە، بۆ گوللەباران کردنی سەنگەری هێزەکانی ئێراق(بەتایبەت لە2ی ژانویە) لەخاکی ئیران کەلک وەرگرن، لەم نووسراوەیەدا، وەزیری دەرەوەی ئیڕاق، هەروا ئیران بەمە تۆمتباردەکات، کە(کەل وپەل وکەرەسەی گرینگی شەڕ، بەتایبەت خۆمپارە هاوێژ وتۆپ وئەڵغەمی مینی دژی تانگ ونارنجۆک دەداتە، شۆڕشگێرانی کورد.

بەإم وەزیری دەرەوەی ئیڕاق، هەربەمە لێی نابڕێتەوە، هەرئەوێ ڕۆژێ کۆنسولی ئامریکا وبریتانیای مەزن و فرانسە، بۆ وەزارەتی دەرەوەبانگ دەکات، هەتا ئەوان لەو شەپۆلی ناکۆکی یەی، کەلەپەیوەندی نێوان ئیران وئیڕاق، هاتۆتەگۆڕ، لەنەزەری دەوڵەتی خۆی ئاگاداربکات. چەند ڕۆژ دواتر، ژەنەڕاڵ عەبدولڕحمان عارف، برای سەرکۆمار عارف وبەرپرسی ستادی ئەرتەش، ئەمیرعەباس هەویدا، سەرۆک وەزیرانی ئیران بەپیلان گێڕی دژ بەئیڕاق دەخاتە بەرتۆمەت، کەلە جەرەیانی سەردانێک لە ئەوەڵی نوامبەر1965 لەگەڵ بارزانی هەیبووە. هەڵبەتە هێندێک ئەم بابەتە لەبیردەکەن، بەلام لە وەرزی زستانی 1965-1966،زەمینەی نێونەتەوەیی کە بزوتنەوەی کورد، لە دەساڵی دواڕۆژ، دەبوایە،وەرچەرخانی بە سەردا هاتبوایە وخاپووری کرابوایە، ئامادەببوو.

### 5-سەرینچاوەی دابین کردنی چەک

جگە لەئیران، ئاگاداریەکی بەرچاو سەبارەت بەکانالێک، کەئێمە بەوڵاتیک بگەیەنێت کە چەک وچۆڵی دابێتە بارزانی، ئیکجار کەمە. لەسەرئەوەشڕا، لە ئەوەڵی ژانوییەی 1966پۆلیسی ئاڵمانیە،لە(ساربرۆک)چوارهاوولاتی ئاڵمانی ڕۆژئاوا، بەم کامیۆنانەی کە لە چەکوسلەواکی) تاپۆ ببوون، وبارەکەیان تفەنگی ئۆتماتیک، بۆ شۆڕشگێڕانی کورد بوو، دەست بەسەردادەگرێت، ئەم چەکانە کەلەچەکوسڵەواکی کڕدرابوون، قەرار بوو بەئاستانبۆڵ دا، تێپەڕ بکرێن، بەڵام پۆلیسی ئاڵمان،ئەمە ڕوون ناکاتەوە، کەئاخۆ ئەمە،ڕاسپاردەی تایبەتی یان دەوڵەتی یە!

### 6-پەیوەندی گرتنی گروپی تاڵەبانی بەدەوڵەتی ئیراق

لە ژانوییەی 1966 عومەر مستەفا،عەلی عەسکەری وحلمی شەریف، بە ئاوابوون لە تخووب وبەخۆ بواردن لە نزیک گوندێک کەبۆ مەقەڕی ژەنەڕاڵ بارزانی کە لە گەڕانەوە بۆ ئیران،

تەرخان کرابوو(هاوینی 1966)لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حکوومەتی ئیراق، پەیوەندی دەگرن. هێندە پێ ناچێ کە لە ڕەخ ئەرتەشی ئێراق،گروپێکی نوێ لە بکرێگیراوان لە مەیدان وەبەرچاو دەکەون،(جاشەکانی شیست وشەش) بەڵام ئەم جاشانە، لە بنەماڵەی عەشیرەتەکان نین، کە دەوڵەتی ئیراق لەکێ بەرکێ لەگەڵ بارزانی کەلکیان لێ وەربگرێت، ئەم کەڕەتە ئەم جاشانە، ڕووناکبیرانی پارتی دێموکڕاتی کوردستانن!

برایم ئەحمەد وجەلال تاڵەبانی وعەلی عەسکەری وحلمی شەریف وعومەر دەبابە،بەداوای لێبوردنی( ڕزگارکردنی بزوتنەوەی کورد لە ڕێبەری عەشیرەی وپاشکەوتوو) وئەمە لانی کەم شتێکە کەلەگۆڤاری خۆیاندا بەناوی(النور) باسیان لێدەکرد،نزیکەی 2000کەس ساز دەکەن، کە دەوڵەتی ئیراق، پارەوچەک وئیحتیاجیان دابین دەکات، و ئەم تاقمەیە لە شەڕ ئیراق، دژی بارزانی،شان بەشانی جاشەکانی تر، و ئەرتەشی ئیراق هەتا 1970ڕۆڵی گرینگیان بەقازانجی حکوومەتی ئیراق بەڕیوەبرد!

ئەم ئاکارە دزێوە، کەپێ حەسیان وتێگەیشتنی بۆ ڕۆژئاوایەک، گەلێک دژوارو چەتوونە،لە ڕاستیدا ئاکامی ڕەقابەت وکێ بەرکێ هەرخۆیە(شەخسی یە)کە سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکڕات کوردستان، لە بەرامبەر بەرپرسی بیست ساڵەی حیزب ڕوو بەڕوودەکات-یانی لەسەردەمی کۆماری مەهاباد، ئەوکات کەبارزانی هەمزەعەولای بۆ پێکهێنانی حیزب دیموکڕاتی(مستقل لەقازی محەمەد) بۆ ئیراق نارد.

### 7-شەڕی هەندرێن(مەی –ژوئن 1966

شەڕی هەندرێن وەزێکی نوی لەمێژووی کوردستان دەکاتەوە، لەڕاستیدا کوردەکان وئیڕاقیەکان بۆ هەوەڵین کەڕەت، چەند حەوتوو لە سەنگەردا بێ لێبڕانەوە، دەست بەشەڕێکی تەکوز دەکەن، وچەکدارێکی بەرچاو دێنەمەیدانداری: دوو لەشکر تەواو، لە ئەرتەشی ئیڕاق بەداکۆکی تۆپخانە و هێزەکانی ئاسمانی وبەکرێگیراون(جاشەکانی ) برایم ئەحمەد. ئەم شەڕە بۆ بەردەست کردنی چیایی هەندرێن(بە، بەرزایی 1875مێتر) دەستی پێکرد کەلە،گەڵ کێوی زورزەک، بەسەر ئەو ڕێگایانەدا زاڵە، کەبە شۆسەی(هامیلتن) وەدەنووسێن.

چەند ڕۆژ لەدوایی مردنی ژەنەڕاڵ عارف، کە بەهۆی کەوتنەخواری هێلوکۆپتەر، لە13ی ئارویل قەوما، هێزەکانی ئیراق، دەست بەهێرش دەکەن وسەرکەوتوو دەبن،یەکیک لە ترۆپ(قیتەکەکانی) هێندرێن داگیر بکەن. ماوەی دەڕۆژ هێرش پەیتا، پەیتا، وبێ نێوەبڕو پسانەوە، بەردەوام دەبێت. لە12ی مەی 1966هێزەکانی ئیڕاقی لەدوایی زیدی هێرشی کوردەکان، بەسەرلێشێواویەکی بێ لینگە، مەیدان بەتاڵ دەکەن، هاواڵدەری فرانسەوی،(ڕنەمۆریە) کەبۆخۆی شایەتی دوو چاولێکەری ئەم ڕوداوەبووە، چلۆنایەتی ئەم شەڕە مێژوویەی بە تێرو تەسەلی نووسیوە.

بیلانی شەڕی هەندرێن، بۆ ئەرتەشی ئیڕاق مسیبەتێکی گەورەیە: چەندسەت کەس کوژراوە، لەبەرامبەر60کوژراوی کوردەکان. گرینگ ئەمەیە، کەگوڕدانەکانی ئیڕاقی هەڵاتوون، کەل وپەلی شەڕی بەرچاویان لەئولکە، بەجێهێشتووە کە بریتین لە: 4قەبزە تۆپی چیا، 4خومپارە هاوێژی گەورە، 6ڕەشاشی گەورە، سەتان تفەنگ!

8-ڕێککەوتنی 29ی ژوئێن 1966

ئەمە ئیستێکە کەبەغدا، بۆڕاگەندنی(تیکشکانی) ڕاپەڕینی کوردەکان، مەرگی ئیدریس بارزانی هەڵدەبژێرێ. بەڵام لەوحاڵیدا دەوڵەتی ئیراق، بەنهێنی لەگەڵ ژەنەڕاڵ بارزانی،خەریکی وت وێژ دەبێت: لە13ی ژوئن 1966لیژنەیەکی کورد،بەبەرپرسی حەبیب کەریم، سکرتێری تازەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان،بریتی لە: سالح یوسفی و موحسین دزەیی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، دەچێتەبەغدا، و لە لایان ژەنەڕاڵ عەبدولڕحمان عارف کە بە جێگای براکەی بۆتە سەرکۆمار،قەبووڵ دەکرێت.

وتوویژ، بە شێوازێکی سەیر دەست پێدەکات: حەبیب کەریم دەڵێت: (لەگەڵ ژەنەڕاڵ عارف، کە، کەسایەتیەکی کزبوو،جگەلە باس وخواسێک کە لایانی گشتی هەبوو گفتوگۆیەکمان نەکرد...بۆ دەبێ پێکەوبەشەڕبێن؟ ئێمە هەر دوو لا موسڵمانین... موسڵمان برای یەکترین! چ کورد بن، چ عەرەب! لەنێوان ئێمەدا ناکۆکی نییە)

وتووێژی ڕاستەقینە لە گەڵ سەرۆک وەزیران، عەبدولڕحمان بزاز دەست پێکرا، کەلە زانستگای حقوقی بەغدا، مامۆستای حەبیب کەریم بوو، وتوویژ، لە فەزایەکی گەرم و دۆستانە بەڕێوەچوو.

پاشان ناردراوەی بارزانی لە دکتۆر بەزاز داوا دەکەن،بەفەرمی خودموختاری کوردان ڕاگەیەنی، بەڵام دوکتۆر بەزاز قەبووڵ ناکات ودەڵێ: کە ئەڕتەش بەهۆی زۆرەملی دژکردەوە لەخۆ نیشان دەدات... ولە29ی ژوئن 1966 چەندجار هاتووچوۆ لەنێوان قەرارگای بارزانی وبەغدا، سەرۆک وەزیرانی ئیراق،لە تە لە فزیۆنی ئیراق، ئاشتی تەوافق نامەیەک لە مەڕناسینی(مافی چارەنووسی کوردان) لە سەرهیمی(ناناوەندی) ڕادەگەیەنێت. تەوافقی بەزاز کەبریتی لە12ماددەیە، هەڵبژاردنی پەڕلەمان، لێبوردنی گشتی وبەکارهێنانی زوانی کوردی بەناوی زوانی فەرمی وهێشتنەوەی پێشمەرگە، بەناوی (هێزی دەوڵەتی) هەتا هێوربوونەوەی ژیان لەوڵات پێشبینی دەکرد.

لە ماددەکانی نهێنی تەکووز بە موافیقەتنامە،سەرۆک وەزیران وەئەستۆی گرتبوو، ودەستەبەربوو کە پارتی دێموکڕاتی کوردستان بکاتە قانوونی،وزیندانیانی سیاسی ئازادبکات،و(لیوایەکی) کورد، لە دەورەوپشتی دهۆک، لە بادینان بێنێتەدی. کوردەکان جارێکی دیکە،پاش 14ی مانگ شەڕ، وبەدەستهێنانی سەرکەوتنەکی بەرچاوو تەژی لەئاوازە، بەشێک کەمتر لە خودموختاری، کە لە بەرنامەی حیزبەکاندا، بە ناوی ئامانجی ئەسلی بەربەرەکانی وخەباتی بۆ دیاری کرابوو، سولحیان کرد!

حەبیب کەریم ماوەیەک پاشان گوتی وەزع وحاڵمان باش نەبوو. چەک و تەقەمەنیمان نەبوو، و لە دوایی 14مانگ شەڕ، لە وزەو توانایی کەو بووین.) 14ساڵ دوایی ئەندامەکی دیکەی دەفتەری سیاسی یانی دوکتۆر مەحموود عوسمانیش کە ئەو سەردەم (وەزیری دەرەوەی بارزانی دەهاتە حیساب، تێکۆشاوە بەم ئاخافتنانە، کردەوەی بارزانی، لەم دەرواوە شێکاتەوە: (بەکەلک وەرگرتن لەم سەرکەوتنە پیرۆزو بێ وێنەیە،دەمانتوانی زێدەپاروێکی باشتر لەبەغدا بخوازین بەڵام سیاسەت بە هەرحاڵ هونەرە،وکەلک وەرگرتن لە ئیمکاناتە، ئێمە وامان پێ باش بووڕێگای

وەدەستهێنان وردە، وردە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەمان بگرینەبەر) جارێکی دیکە کوردەکان کەشەڕیان بردبۆوە، ئاشتی یان دەدۆڕاند!

بەشی 11-نێوان پەردەی دووەم

ژوئین 1966-ژانوییەی 1969،

1-ژەنەڕاڵ عارف ومەسەلەی کورد

ژەنەڕاڵ عەبدولڕحمان عارف،کەسایەتیەکی هێندە زیرەک وبەهۆش وبۆش نەبوو، ڕێگای پێشکەوتنی بەبێ تیشکی ڕۆنایی خۆی لەدوایی ڕووخانی ڕێژیمی قاسم، ئاژۆتبوو: ئەوکە(دوایی لەناوچوونی قاسم)ببوو بەژەنەڕاڵ، لە17ی نوامبەری 1963لەکودتای دژ بە بەعسی بەسەرۆکایەتی واحدەک تانگ،بۆخۆی ڕۆڵیکی دیاری کراوی گێڕا... لەدوایی وی کرا بەجێگری ستادی ئەرتەش،پاشان بوو بەفەرماندەری لەشکر(1964) پاشانیش جێگری ستادی ئەرتەش بوو. براکەی نەیتوانی ئەوی بە بەرپرسایەتی ستادی ئەرتەش بەسەر نیزامیاندا، دابسەپێنێت...ئەو تەوای پلەبەرزیەکەی دەیندارى براکەی بوو: سەرۆکانی نیزامی ئیراق کە بە هۆی مردن کتووپڕی عارف، غافڵگیر ببوون، وپێکەوەناکۆکی یەکی قوڵیان هەبوو، لەئاکامدا بۆ دیاریکردنی جێگری وی سەبارەت بە ئەم کەسایەتیە(گاڵتەجاڕە) کە دەیانتوانی لەناو لەپی بگرن، پێکەوە ڕێککەوتن.

لە29ی ژوئن 1966 یانی چوارمانگ دوایی ئاگربڕ، ژەنەڕاڵ عارف لە28ی ئۆکتۆبری 1966لەئۆردوگای ئەلمفرق، لەڕەواندز، لەگەڵ ژەنەڕاڵ بارزانی چاویان بەیەکدی کەوت، خاڵێکی سەرنج ڕاکێشی ئەو چاوپێکەوتنە، ئەوەیە: کەعارف قورئانەکی پێشکەش بەبارزانی کرد، و بارزانی لەبەرتەقادا، ئەو تۆپانەی کەلەشەڕی هەندرین لە ئەرتەشی ئیراقی دەست کەوت ببوو، وەویدانەوە! بەڵام جیا لە ئازادکردنی هێندێک گرتووی سیاسی کورد، وەرگرتنەوەی ئەوشتانەی یاساخ کرابوون، بڵاوکردنەوەی گۆڤاری کوردی(بەزوانی عەرەبی) بەناوی التاخی بە سەرنووسەری سالح یوسفی، ئیدی(پێکهاتنی) عارف بیچمی لەتە قاقەزەکی فڕێدراوی هەبوو. پەیوەندی لەسەرڕابەرەو بولێڵی هەڵگەڕاوە.

لە ئەولی نوامبەری 1966ژەنەڕاڵ عارف،پاش سەردانێکی یەک حەوتویی لەباشوور، هەربەم خۆش باوەڕییەی تایبەت بەخۆی ڕایگەیاند: (مەسەلەی کوردان کۆتایی پێ هاتووە... ژەنەڕاڵ بارزانی بێ پێچ وپەنا، بەئێمەی گوتووە: کەداخوازی خودموختاری کوردستان نییە، ودژ بە هەر جۆرە جیاوازیخوازیەکە!

بەلام چەند ڕۆژ دوایی کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دێموکراتی کوردستان کەلە15-هەتا21ی نوامبەری 1966لەگەلاڵە دانیشتنی بوو، وبەدانانی دەفتەریکی سیاسی 5-کەس بریتی لە حەبیب کەریم سکرتێری گشتی ودکتۆر مەحموودعوسمان، نووری شاویس، عەلی عەولا و سالح یوسفی کە هەموویان سەربەفەرمانی بارزانی بوون، و فەرمانڕەوایی بێ ئەملا ئەولای بارزانیان قۆڵ لەسەردەکێشا... ژەنەڕاڵ بارزانی نووسراوەیەکی خەستووخۆڵی بەهەڕەشەی بۆ ژەنەڕاڵ عارف وناجی تالیب، سەرۆک وەزیرانی ئیراق نارد. ژەنەڕاڵ بارزانی لەم نوسراوەیەدا، جگە لەشیکردنەوەی ئەمە کە بەردەوام بوونی تێکۆشانی(ناڕازیان) کە لە لایان هێندێک نوێنەرانی

میری پۆشتەو تەیاردەکرێن، شەڕی بەکردەوە نەبڕاوەتەوە،ودەوڵەتی  بەمە تاوانبار دەکرد کە دەیەوێ ولآت بخاتە باتلآخی شەڕی خۆ بەخۆیی و داوای دەکرد (کۆمیتەی بەرز) بەلەز پێک بهێنرێت...)

ئەمە بەمانای پساندنی پەیوەندی نییە، بەلام سەرەتای(ئاشتی یەکی گاڵتەیە)کە هەتا بەهاری ساڵی 1969بەردەوام دەبێت. بەپێچەوانەی زنجیرە پێکهەڵچونێک سەرنجی گشتی خیرا لەمەسەلەی کوردان لادەدرێت و بە مەسەلەی کێشەی عارەب وجوولەکان کۆدەبێتەوە، لە گەڵ شەڕی شەش ڕۆژە(ژوئن 1967) کەچەندمانگ دوایی گەڕانەوەی دەسەلاتی بەعسی بەدواوە هەیە، کە هەتا ئەمڕۆکە(1978) هەر بەردەوام و لە سەردەسەڵاتە.

2-بارزانی وشەڕی شەش ڕۆژە

هەنۆکە ناتوانرێ بە ڕوونی ئاماژە بە سێرەی ئەم بەرژەوندییە بکرێ کە ژەنەڕاڵ بارزانی و جوولەکەکان، لە چ ڕێکەوتێک لەگەڵ یەکدی پەیوەندیان هەبووە، بەڵام شەری شەش ڕۆژە(ژوئن 1967،ژەنەڕاڵ بارزانی بە ئاشکرا،خۆی لە شەڕەکە لاتەریک کرد، وکاتێک ژەنەڕاڵ عارف لەوی داواکرد کە هێندێک پێشمەرگە بۆ مەیدانی شەڕ لەگەڵ ئیسڕائیل بنێرێ، وەڵامی داوە: (شەش ساڵە، لەگەڵ ئێمە بەشەڕدێن، وتێدەکۆشن گەلی کورد لە ناو بەرن... چلۆن چاوەنواڕیتان هەیە، کە ئەمن ئاریکاریتان بکەم؟) کاتێک عارف داواکەی چەند پات دەکاتەوە، ودەڵێ: هەرنەبێ لانی کەم، بارزانی هێزێک وەکووسەمبولیک، بۆ بەغدا، بنێرێت، بارزانی لەوەڵام دا، دەڵێ: (ئەمن ئیدی بەم ڕادەیە کە باوەڕم بە چێڕۆک نییە  هەربەم ڕادەیەش باوەڕم بە(سمبولیش نییە!)

ئەم کەمتەرخەمیە، سەبارەت بە شتێک کە مەسەلەی بنەڕەتی دونیای عەڕەبە، بە ڕەواڵەت سەرەتای جیابوونەوەیەکە، کە لە نێوان بارزانی و ڕێژیم پتەوتر دەبێت.

لە مەڕ بیروڕا، ناوچەی شاخاوی باشووری ئیراق کە بارزانی لەوێدا پەنای گرتبوو، هەمێشە بەشێک لەکۆماری ئیراق دێتەحیساب، بەڵام بارزانی لەدوای ئەمە کەماوەی چەندساڵە،تێداگلۆڵەی بەرەڵلایی هەڵویزنیوە) قانوونی لەم ناوچەیە، هێناوەتە وجوو، لەدەسەڵات وکارتێکردنی بەغدا وەدەرکەوتووە، وردە،وردە، بەجۆرێکی هەست پێ نەکراو، هەنگاو لەڕێگای(دیپلۆماسی) وسەربەخۆیی هەڵدێنێت!

سالح یوسفی کەمتەرخەمیەکی زێدەتر، لە بارزانی ڕادەگەیەنێ: (ئێمە دژ بەهەرجۆرە، دەست درێژ کەرین، بەڵام لایانگری مافی میللەتان بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆمانین) بەم شێوەیە هاوپەیوەندی ئاشکرای کوردان لەگەڵ ئیسڕائیل، لە شەڕ لەگەڵ عارەبان واژوو، دەکات. بەکردەوە جگە لە چاوپێکەوتنی بارزانی لە ئیسڕائیڵ، تەقریبەن شتێک لەمەڕیارمەتیەکانی کە ئیسڕائیڵ توانی بێت بە بارزانی بکات، سوسەی بۆ دەرەوە نەکراوە.

3-بایەخی یارمەتییەکانی( محەمەد ڕەزاشای ئیران

لە ماوەی ئەم ئاشتییە، (گاڵتەجارە) کە چەند مانگ بەردەوام دەبێت،بارزانی پەیوەندی لەگەڵ(شا) پتەو دەکات، و(شا) یارمەتیەتی گرنگ وگرینگتر دەخاتە بەردەست بارزانی. بەڵام دەبێ هەتا 1967 ڕابوەستین وچاوەنواڕبین کە ئەم یارمەتیانە، بەچ شێوەیەک، دەست پێدەکات! لەمانگی مەی 1967 لەدوایی ڕۆیشتنەوەی دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئیران(لەخاکی کوردستانی ئیڕاق) بۆ ناوخاکی کوردستانی ئیران، بەبیروڕای وەدیهێنانی(شەڕیکی پارتیزانی) سامی (محەمەدمەحموود عەبدولڕحمان)نوێنەری کۆمیتەی ڕێوەبەری پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئیراق، کوردەکانی لایەنگری شەڕی چەکدارانە دژی ڕێژێمی شا، لەبەرامبەر یەکێک لەم سێ ڕێگایەدا سەرپشک دەکات: یان لەبەغدا بمیننەوە، یان بێنەکوردستانی ئیراق، یان -بڕۆنەوەئیران، بەڵام لەم حاڵەدا هەموو پەیوەندیەکانیان لەگەڵ بارزانی بپسێنن.

چەندمانگ دوایی، یانی لەئۆکتۆبری 1968کاتێک دوکتۆر مەحموود عوسمان دەڵێ: ئێمە تەداخول لە مەسەلەی ئیران وتورکییە دا، ناکەین و تاران وئانکارا، باش دەزانن کە ئێمە دەتوانین، ئەگەر ئەوان دەست لە گزەوفیڵ هەڵنەگرن وپەلامارمان بدەن، دەشێن لەناو کوردەکانی وان شۆڕش وەڕێوەبخەین، وهەتا دنەیان بۆ ڕاپەڕین بدێن... وەزیری دەرەوەی ژەنەڕاڵ بارزانی لەژێر ئەم(قسەنیوەڕاستی یە،دا) درۆیەکی زل دەشاریتەوە. بایەخی یارمەتی شای ئیران، بۆ دەستەبەری بارزانی بەمەیە: کەلە ڕاپەڕینی کوردستانی ڕۆژهەلاتی ئیران پێشگیری بکات، وبارزانی بۆ دابین کردنی ئەم بیروڕایە، دژ بە ئەم گروپە لەکوردەکانی ئیران کە غیرەتی ئەمەیان هەبوو لە ئەمری وی سەربادەن، هەتا، پەنا دەباتە بەرچەک!

ئەو هەتا ئاشبەتاڵ بەکردەوە، سوکری لە ژێر، ئەم دەستەبەریە، دایە: لە ئاوریل ومەی 1968 سولەیمانی موعینی ئەندامی(کۆمیتەی ئینقلابی) وخەلیل خۆشەوی دەگرێ ودەکوژێ، وتەرمەکەی سولەیمان موعینی وە دەسەڵاتدارانی ئیران دەداتەوە!!

4-لابردنی عەبدولڕحمان عارف

ڕژیمی ژەنەڕاڵ عارف، کەلەچارە سەرکردن وکردنەوەی گرێپووچکەی مەسەلەی کوردان تێمابوو، لەدوایی شکست خواردنی ژوئنی 1967بە یەکجەلی کەسایەتی خۆی لە دستدابوو، لە ئێحتوبار کەوتبوو،لە ئاخری 1967بەشێوازی پارتیزانانی کاسترۆ(لەزەل وزنەی) باکووری ئیراق، لە وەی کە هەبوو بێ وزەوتواناو کزولەڕتر ببوو.

وەختێک ژەنەڕاڵ عارف لەمەی 1968جارێکیتر، درێژکردنەوەی (دەورانی دەست وەدەستی) ڕاگەیاند وهەڵبژاردنی بە1970وەپاشدا-ئەم دووانە لە موافیقەتنامەی بزاز،بۆساڵی 1966وادە،درابوو-بەم کردەوە لەڕاستیداچارەنووسی خۆی قەڵەم بەسەرداکێشا. لەدوایی کودتایەکی سپی، کەلە17ی ژانوییەی 1968 بەهۆی دووکەس لە هاوکارانی نزیکی وی- ژەنەڕاڵ عبوود، فەرماندەری پاریزگاردی سەرکۆمار، و سەرهەنگ نایف بەرپرسی دەزگای دووەمی ئەرتەش، پەیوەندیدار بە ئەفسەرانی شەبەکەی ناسیولیست- پێکهاتبوو، ئەویان لە ناو فرۆکەیەک ناو، بۆ لەندنیان بەرێکرد...ژەنەڕاڵ حەسەن ئەلبەکر، سەرۆک وەزیرانی پێشووی مارشاڵ عارف لە1963بوو بە سەرکۆمار، وسەرهەنگ نایف بووبەسەرۆک وەزیران.

له30ی ژانوییه‌ی 1968به‌دوای کودتای دووه‌م سه‌رهه‌نگ نایفیش به نوره‌ی خۆی دوورخراوه،(ته‌بعیدکرا) وژه‌نه‌راڵ حه‌سه‌ن ئه‌لبه‌کر، ده‌سه‌ڵاتی ته‌واوی به ده‌سته‌وه‌گرت، وده‌وڵه‌تی پێکهێنا، که‌دوو که‌س له ئه‌ندامانی گرینگی وی ژه‌نه‌راڵ حه‌ردان ته‌کریتی وه‌زیری به‌رگری و ژه‌نه‌راڵ عه‌ماش وه‌زیری ناوه‌خۆ بوون، به‌عس پێنج ساڵ دوایی تێشکانێکی پیس، گه‌ڕاوه سه‌رده‌سه‌ڵات، هه‌تا هه‌ر ئه‌وها بمێنیته‌وه...

5-کوردوو به‌عسیه‌کان

بۆ کوردان گه‌ڕانه‌وه‌ی به‌عسی یه‌کان، بۆ سه‌رده‌سه‌ڵات، خه‌به‌ر له روداوێکی نه‌حس وبه‌سام ده‌دا: له ته‌واوی ڕێژیمه‌کان که‌له دوایی ڕووخانی بنه‌ماڵه‌ی پاشایه‌تی هاشمی، به‌م لاوه له‌ئیراق،یه‌ک به‌دوای یه‌کدا هاتنه سه‌رده‌سه‌ڵات، به‌عس بێگومان بڕیارگرترو خوینمژترین دوژمن ونه‌یاری قه‌سته سه‌ری نه‌ته‌وه‌ی کوردبوو. ژه‌نه‌راڵ بارزانی له (قه‌لای کوردستان)له‌خۆڕا ئه‌م خه‌یاڵه‌ی نه‌کرد. ئه‌وچه‌ند حه‌وتوو دوایی گوتی: (ئێمه ئه‌وانه‌ی که وا ده‌نوێنن، لاپه‌ڕێکی نوێ له په‌یوه‌ندی نێوان خۆیان و ئێمه ده‌که‌نه‌وه، زۆرباش ده‌ناسین، له‌1963 ته‌کریتی نزیکه‌ی 3000/ئاوایی ئێمه‌ی بۆمباردومان کرد، وژه‌نه‌راڵ عه‌ماش له‌(گه‌شت وسه‌یرانی) ئه‌ڕته‌شی ئیراق له‌باشوور ده‌ئاخافت. ئه‌مڕۆکه‌ش ته‌واوی پیلانه‌که‌یان، له‌سه‌ر ئه‌مه داڕژتووه، که ده‌رفه‌ت وه‌ده‌ست بێنن وبناخه‌ی ڕژیمه‌که‌یان پته‌وکه‌ن)

په‌یوه‌ندی نێوان کوردو ده‌سه‌ڵاتدارانی به‌غدا، خاسیه‌تێکی خۆڕسکاوی هه‌یه، که بۆ مێشکی نارۆژهه‌ڵاتی یه‌ک،به‌رئاقڵ بۆ لێک تێگه‌ین نابێت و وه‌رگرتنی چه‌توونه: سه‌راست شباهه‌ت به‌په‌یوه‌ندییه‌ک ده‌دا که له1971به‌دوای واژوی به‌ڵێننامه‌ی 1970 له‌مانگی هه‌نگوین له گه‌ڵ به‌عسی یه‌کان ده‌دینین.

له لایه‌ک باشووری ئیراق، له‌گه‌ڵ ئاوابوون و دره‌وشانی هه‌ساره‌و بۆڵیڵه‌ی شه‌و به سه‌ر ده‌ست داهاتن،هه‌مووجۆره گوێزگوێزو پێدزه‌ی له کردن نه‌هاتوو ده‌کرین! (سنووری ڕاسته‌قینه‌ی ناوچه‌کانی ژێرحوکم و فه‌رمانی ژه‌نه‌راڵ بارزانی له به‌شه‌کانی دیکه‌ی خاکی ئیراق، جیا ده‌کاته‌وه(ناوچه‌کانی ئه‌ولای ڕه‌واندز).

هه‌نۆکه له مه‌ڕ تێفکرین به‌رنامه‌ی 12مادده‌یی ژوئینی 1966 هه‌وا سه‌نه‌دێکه بنه‌ڕه‌تی و له سه‌ر په‌یوه‌ندی نێوان ده‌وڵه‌ت و ژه‌نه‌راڵ بارزانی حوکم ده‌کات. ده‌وڵه‌ت به‌بێ چ به‌ڵگه‌وبناخه و بنچینه‌یه‌ک، داواکاره که‌ئه‌م 12مادده‌یه،به‌ڕیوه‌چووه... به‌ڵام کورده‌کان گوێچکه‌یان به‌م شتانه‌نابزوێ! له‌م نێوه‌ش دا، ده‌وڵه‌تی ئیراق، ڕۆژنامه‌نووسانی ده‌ره‌وه بۆ سه‌ردانی بارزانی ده‌نێرێت، به‌ڵام ئه‌و له‌م هه‌له بۆهێرش بۆسه‌ر ڕژیمی به‌غدا که‌لک وه‌رده‌گرێت.

ژه‌نه‌راڵ بارزانی له‌به‌غداش، گۆڤاری(التاخی)به‌سه‌رنووسه‌ری سالح یوسف له‌به‌رده‌ست دایه، که‌له‌ناو سه‌رجه‌می چاپه‌مه‌نیه‌کانی ئیراق، ته‌نیا گۆڤاریکه که‌له خۆڕاده‌بینی وده‌وێرێ له‌مه‌ڕ ڕووداوه‌کانی ڕۆژ- و سه‌رجه‌می مه‌سه‌له‌کان، که به ئیراق و به‌تایبه‌ت به‌کوردان په‌یوه‌ندی هه‌یه- هه‌ڵویست بگرێت.

ژەنەڕاڵ حەسەن ئەلبەکر، دوو وەزیری کورد-ئیحسان شێرزاد، وموحسین دزەیی کە لایەنگرانی بارزانین،دێنێتە ناوکۆڕی وەزیران بەلام لەم حاڵەش دا،یارمەتیەکی بەرچاو لە ژێردەسەڵاتی(جاشەکان) گروپی برایم ئەحمەد وجەلال تاڵەبانی دەنێت، کە لە ڕۆژنامەی تایبەت بەخۆیان بەناوی (ئەلنوور) بڵاو دەکەنەوە، کە لە باری فەنی باشترین بڵاوکراوەی ئیراقە، وهەموو ڕۆژێ هێرش دەکاتە سەربارزانی وئەوی بە ناوی (عەشیرەوفئوداڵ) و نۆکەری بیانی و(ئەمپەڕالیزم) ناو لێدەبات.

لەدوایی مانگەکانی کەلە دوایی ئەو وەزعە وەردەگەڕێن، ئەم کەڕەتە هۆی زۆرتری شەڕ، ئەم گروپەی (ئەلنورەن) کە هەنۆکە بریتی لە/2000کەس، کەبەشی زۆریان، ئەم (بەکرێگیراوانەنە) کەبۆ 14دینار لە مانگدا، لە دەورەیان کۆ بوونەتەوە،/ 150ش لەودەستەیە، کوردەکانی ئیرانن.

دەسەڵاتدارانی بەغدا، نایانەوێ، پەیوەندی هەڵبڕن، ئەمە بەباش دەزانن، کە کوردەکان تێک بەردەن و بۆخۆیان سەیریان بکەن!) وبیروبۆچوونیان ئەمەیە: بەبێ هەنگاوهەڵێنانی ڕاستەوخۆ، بتوانن بزوتنەوەی کورد، خاشەبڕکەن! لە سەرکێشی ئەم کردەوە، دەوڵەتی ئیراق، هێندێک چاوپۆشی لە(جاشەکان) یانی گروپی برایم ئەحمەد دەکات، لەوانە سازدانی زانستگایەک، لە سولەیمانیە وئاکادامی کوردی لە بەغدا، دادەنرێت، ئەمانە چاوپۆشیەکی کەم مەترسین کە سەبارەت بە گروپێک دەکرێ، کە بەبێ یارمەتی وی ناتوانێ لە سەر پێ ڕاوەستێت. بەڵام کە دەوڵەتی بەغدا-بێتوو پەیوەندی لەگەڵ بارزانی بپسێنێت- وێدەچێ داوا بکات کە مافی کوردان دابین کراوە، لایانگرانی بارزانی بەناوی ڕێگرو(نۆکەرانی بیانی) مەحکووم بکات.

یارمەتیەکانی ئیران

ژەنەڕاڵ بارزانی کە تەقریبەن، گەمارۆی ئابووری دراوە، ولێی مەعلووم بووە کە دەسەڵاتدارانی بەغدا(نایانەوێ چ مافێک بەگەلی کورد بدەن) پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ئیران پتەو دەکات، وکاتێک لە ژانوییەی 1969شەڕ دەست پێدەکاتەوە، کوردەکان لە وەزعیک دان، کە چ کات یارمەتی ئەوها مەزنیان لەچ دەوڵەتێک پێ نەگەیوە. پێشمەرگەکانی کورد، لەمە بەدوا، چەکی قورس، یانی خۆمپارەهاوێژ، ورەشاشی قورس، وتۆپ وچەند قەبزە چەکی دژ بەهەوایی لە بەردەست داهەیە-وهێندە پێ ناچێت کە ئەرتەشی ئێران، ڕاستەوخۆ شان بەشانی کوردەکان بەکردەوە، دەست بەشەڕدەکات.

## بەشی 12-شەری دووەمی بەعس

## بەهاری 1969-مارسی 1970

لەدوایی (ئاشتی یەکی گاڵتەجاڕ) کە پاش ئاگربڕی، ژوئێنی 1966 هاتەدی، وەزعەکی( نێوەشەڕو نیوەئاشتی) لە ئارادابوو، ئەم سەردەمەی (نیوەشەڕو نیوەئاشتییە)کە تێکەڵ بەتەقەو لێکدان بوو، کە ڕۆژ بەڕۆژ داوێنی بەرفرەوانتر دەبوو، وخۆتێهەڵقوتانی هێزەکانی ئیرانی بەداکۆکی لە(جاشەکانی 66) یانی گروپی ئەلنووری بەدواوەبوو... لەبەر ئەمە ناکرێ ڕێکەوتێکی دیاری

کراو بۆ سەرەتای شەری دووەمی بەعس دیاری بکەین، بە تایبەت لە کوردستان دەورەیەکی(خۆگنخاندن) کەجار درێژخایەنی بڕیار بۆ بەڕێوەبردنی وی لەیەکدی جیا دەکاتەوە...

1-هێرش بۆ کەرکوک(ئەوەڵی مارسی 1969،

لەڕاستیدا لەسەرەتای دەسامبەری 1968 دایە کە ڕیبەرانی کورد،بڕیاری هێرش بۆ سەرینچاوەی شەریکەی نەوتی ئیڕاق، دەگرن. ئەم بڕیارە لە دانیشتنەکی گەرم و بەزەوق و شەوقی ئەندامانی دەفتەری ڕێوەبەری حیزب دەگێرێت. کەلەم کۆبوونەوەیەدا، ژەنەڕاڵ بارزانی دژی ئەم هێرشەیە، کەلە کەمایەتی دایە. لە ئاکامدا ڕێبەرانی کورد،بڕیاردەگرن کە سەرینچاوەی(شەریکەی نەوتی ئیڕاق) بتەقیننەوە، بەلاّم ڕادەی خەسارە بەئەندازەی دیاری کراو، بەرتەسک دەکەن، ئامانج لەم هێرشەبۆ(کەرکووک)نەک لە ناو بردنی سەرینچاوەی شەریکەری نەوت، بەڵکووڕاگەیاندنی پیامێکە: هەتا دەسەلاّتدارانی بەغدا تێگەیەنین کە ئەگەر هەرئەوها، لەسەرئەمە پێداگربن، کە بە دراوی نەوت مەزاخی کڕینی چەک وچۆڵ بکەن-بەرهەمیان-کەلەم چاخە مانگانە خۆی لە دە میلیون دۆلاردەدا-دەکەویتە مەترسی...ڕووی ئەم پەیامە بێگومان لەکارگێڕانی (شەریکەی نەوتی ئیراقیشە) کە(کۆنسیرسیومی بین المللی یە).

لە دوای بەڕیوەبردنی عەمەلیاتی ئاشنایی، سەرەتا لە26ی دەسامبەری 1968 سامی(محەمەد مەحموود عەبدولڕحمان) کەلە ئەوتی 1964 ببوو بەئەندامی دەفتەری ڕێوەبەری، بۆ فەرماندەری ئەم عەمەلیاتە، دیاری دەکرێت، ئەو لە23ی فۆرییەی 1969 گروپێکی /200کەسی لە پێشمەرگە، بە سەت هێستر، کە بارەکەیان بریتی لە(6)خۆمپارەهاوێژ بوو، بۆ ئەو شوێنە دەبات، ئەم گروپە لەدوایی دەربازبوون لە شێلەگەی بازگەکانی عەسکەری ئیڕاق، لەکات ژمێری 8و47دەقیقەی شەوی یەکەمی مارس، ئەوەڵین گوللە، لەسەرینچاوەی (شەریکەی نەوتی ئیراق) لە باباگوڕ گۆر(نێوبابا) هەڵکەوتوو لە باشووری ڕۆژ ئاوای کەرکوک دەدەن، و لە دوایی هاویژتنی کەمتر لە/100گوللە خۆمپارە، بێ ئەوە تووشی چ دەرگیری ببن، بۆ باشوور گەڕانەوە.

خەسارەی زەبرەکە بەرچاو بوو، بە دوو ملیۆن دۆلار بەرئاورد دەکرا،شەریکەی نەوتی ئیڕاق،ناعیلاج بوو، هەڵینجانی بەرهەمی خۆی بۆ ماوەی مانگێک بە/70 لە سەت بێنێتەخوار، بەم جۆرە/10ملیۆن دۆلاری زەرەر وێکەوت.

لە بەغدا، دەوڵەت سەبارەت بەم هێرشە بێدەنگی یەکی،تەواوی ڕەچاوکرد، ودەنگووباسی ئەم هێرشە هەتا ناردنی پەیام لەلایان شەریکەی نەوتی ئیڕاق ئاشکرا نەکرا. بەلاّم بە پێچەوانەی پەلامارێکی دیکە بۆ سەربۆڕیەکانی شەریکەی نەوت دەستی پیکرا، سامی هیواداربوو کە ئەمە بریتانیای مەزن ودەوڵەتانی هاوبەش لە قازانج تووشی دڵەڕاوکە،بکات، وسەرنجیان بۆ مەسەلەی کورد، ڕەکێش کات بەلاّم بە نائومێدی گۆڕدرا.

2-پەلاماری بەهارەی 1969،

دەوڵەتی ئیراق، لەحەوتوەکانی دوایی هێرش بۆسەر نەوتی کەرکووک،چوار لەشکری دژی کوردەکان هێنا مەیدان و عەمەلیاتێکی بەرفرەوانی دەست پێکرد. شەڕماوەی چەندمانگ لەنێو کەمتەرخەمی هزروبیری سەرجەمی خەڵکی دونیا،لە کوردستان بی لێبڕانەوە، مەحشەری هەڵستاند، دەوڵەتی ئیڕاق لە ماوەی ئەم هێرشە بەهارەیە، دەم هەڵدرونیکی توندی لەسەردەنگ وباس لەمەڕباشووری ئیڕاق بەڕێوەبرد و هەموو ڕۆژنامەوگۆڤارەکان کەوتبوونە ژێرئاڵقەی چاوەتێبڕین وپشکنینەوە.

## 3-کیشەی ئێڕان و ئێڕاق

بەڵام کردەوەی ئیڕاق،دژی کوردەکان، بەهۆی ڕووداوی پەیدابوو لە کێشەی ئیڕاق و ئێران، کە شەش ساڵی شەڕەکانی دواڕۆژی کوردستانی وەبن ڕۆناکیخۆێدا لە بازنەیەکی تەسکدا ماوە.

لە نێوەڕاستی ژانوییەی 1969دەوڵەتی ئیڕاق(مافی مێژوویی ئیرانی) بۆ سەر (دوورگەی بەحرین) هێناگۆڕێ، لەوحاڵەدا ڕیبەرانی بەعسی بەغدا(ڕەچەڵەعەرەب) دوو لێواری (کەنداوی فارسیان) هێنا بەرباس، وداواکاری ئەمە بوون، کە هەر دوولای (خەلیج) عارەبین. پەیوەندی نێوان دوو دەوڵەت خێرا بو مەڵێلێ کەوتەسەر، ولە 19ی ئاریل، دەوڵەتی ئێران، بەڵێننامەی 1937ی کە سنووری ئیران وئێراقی لە سەر لێواری ڕۆژهەڵاتی(یەکاوی عارەبان)ڕادەگرت، بێ بایەخ ڕاگەیاند. و دەوڵەتی ئێراق لە وەڵامی ئەم کردەوە، هێزەکانی لە کەوشەنی ئیران، هەڵکەوتوو لەنێوان خانەقین و ئابادان، نشتەجێ کرد، ومەسەلەی بردە بنکەی نێو نەتەوەیەکان(سازمانی ملل).

## 4-سێ قۆزەیی-ئیران-ئیراق-کوردستان

بەم جۆرە سێ قۆزەیەک هاتەدی،کەکێشەکوردان لەئێراق وپاشان لە ناخی وی ڕێگای بڕی: ڕژیمی تاران کە دەیەویست دەسەلاتی خۆی بەسەر مەڵبەندی (کەنداوی فارس) داسەپێنێت، لە بەرامبەر چ کردەوەیەکدا، جگە لە شەڕی ئاشکرا-بۆ ڕووخانی ڕژیمی بەعسی بەغدا،یان کزو، لە وزە وتوانا خستنی وی حازر بە پاشەکشە نەبوو. ڕژیمی بەعسیش، وەکوو وی. لەدوو لێواری (کەنداوی فارس) دوو کێشە بوو بە ئولکەی کێ بەرکێی ئەم دووە: یەک شەڕی کوردستان وئەوی دیکە شەری زەفار. شەڕی کوردستان، کە نزیکتر لە زەفار بوو جگە لەوش قازانجێکی دیکەشی بۆ شای ئیران هەبوو ئەویش ئەمەبوو: کە دەیتوانی ڕاستەوخۆ ڕەگی چۆڵەمەی ژیانی ڕژیمی بەغدا، بگرێت: لە1961 هەتا 1969شەڕی کوردستان، بۆ ئەورێژیمانەی کەبەدوای یەکدا لە ئێراق دەهاتنە سەرکار ودەسەلاتیان بەدەستەوە، دەگرت، بایەخی یەک میلیارد دۆلاڕی ناقابیل بوو... وبەڕووخانی هێندێک لە وان، ئاریکاری کردبوو. و باشترین ڕلاگای کزولەڕو بێ وزە کردنی ڕژیمی بەعس، چ لە بارەی ئینسانی و چ لە مەڕ دراو،سووک وهەرزان تەواو دەبوو، و کەمتریش دەبۆ هۆی بەدناو کردن. یارمەتی بە بەردوام بوونی شەڕی کوردستان، بە لە پێش ڕۆ کردنی هێندێک یارمەتی، بە ژەنەڕاڵ بارزانی بوو.

بارزانی زۆرباش لە نییەت ومەڕامی پادشای ئێران گەیبوو، ودەیزانی کە چی لەباراندا- و بەتایبەت لە1972، ئەو، ئەوئاگادارییەی بە باشی دەرخست-بەلام بارزانی ئەوهای فکرلێدەکردەوە، کە دەشێت لە دوژمنداری و ئینکابەری تاران و بەغدا، بە قازانجی خەڵکی کورد، کەلک وەربگرێت.

بەلام لە سەرئەوەشڕا، بارزانی تووشی هەڵەیەکی ئیکجار زل بوو، کە یارمەتی(شا ی) ئیرانی بە بایەخێک قەبووڵ کرد، کە شا، بەسەریدا سەپاند: ڕاگرتنی ئاسایش وهێوربوون بەهەر قیمەتێک لەکوردستانی ئێران، شتێک کە ڕێبەرانی کوردی ئێران، حازر بەقبوڵ کردنی نەبوون.

ژەنەڕاڵ بارزانی کەلە 1946، بە دامەزراندن وبنیات نانی حیزبێکی جیا، لە حیزبی دێموکڕاتی قازی محەمەد، بەرپرسایەتی پارچە پارچە بوونی ڕاپەڕینی کوردی وەسوکر گرتبوو، بیست ساڵ دوایی ئەم هەڵەییەی سەر لە نوێ دووپاتکردەوە. ئەمما ژەنەڕاڵ بارزانی ئەم کەڕەتە، بە واژو- ی سنوورەکانی ڕووکەش و دەستکرد، کە زلهێزەکان بە سەر کوردستانیان داسەپاند بوو لە ڕاستیدا لکەکانی جۆراوجۆری ڕاپەڕینی کوردی لە بەرامبەر یەکدا ڕاگرت.

## 5-گرووپی جامینخوازان

لە بەهاری ساڵی 1969دابوو کە ژەنەڕاڵ بارزانی ئەم سەرکەوتنەی وەدەست هێنا، کە گرووپێکی بە ئەمەک لە خۆی کۆ کاتەوە، کە بە داکۆکی ئەوان، هەتا ئاشبەتاڵ یانی مارسی 1975 فەرمانڕەوایی لە سەر کوردستان بکات.

بەو پێنج ئەندامی دەفتەری سیاسی کەلە 1966 دیاری کرابوون(یانی حەبیب کەریم، دوکتۆرمەحموودعوسمان، سالح یوسفی، نووری شاویس وعەلی عەولا-سامی و ئازیز ئەقراوی زێدە کران. بەڵام ئەم کەسایەتیانە لە تەرازوی هەڵسەنگاندا لە مەڕ گرینگایەتی یەکجار لاسەنگ بوون-(کۆنەکان) سالح یوسفی ونووری شاویس وعەلی عەولا، نەخشێکی بەرچاویان نەبوو. جیا لەدوکتۆر مەحموود عوسمان، کەلە 1955 لەحیزبدا هەڵسووڕانی هەبوو، وئەوکات یەکێک لەباڵی چەپی حیزب بوو ئەوکەسانەی کە هەنۆکە-لە دەم ودەزگای ڕێبەریدا بە(کەس) دێنە حیساب و بارزانی گوێچکە لە قسەکانیان ڕادەگرێت (تازەکانن) کە دەست وجێ وەسەر قاڵدرمە کەوتوون و پلەو پایەیان بەرزبۆتەوە.

سامی کە ناوی ڕاستی وی: محەمەد مەحموود عەبدوڵڕحمان)ە-لە1939 لە ناوچەی سنجار لە دایک بوو لە دوای بەردەوام بوون لە ڕشتەی ئەندازیاری لەمنچستر، وبەردەوام بوون لە زانستگای ئابووری لەندەن، ئەو کە لە پارتی دێموکڕاتی کوردستان تێکۆشانی هەبوو لە1963 پاڵی وەبارزانی دا، سەرەتا لە ڕادیوی کوردستان دەستی بەکارکرد، پاشان وەکوو بەشی زۆری خوێنکارانی کوردی گەڕاوە بۆ دەرەوەی وڵات، بە ناوی دیلمانج و ڕینوینی ڕۆژنامەنووسان دەشوغڵی، ولەم بەرپرسایەتیە دابووکە(لردکیل براکن)ی لەیەکەمین سەفەر بۆ کوردستان لە1966 هاورێی کرد. سێ ساڵ دوایی بۆ بە ئەندامی دەفتەری ڕێوەبەرایەتی و دەفتەری سیاسی حیزب، ئەو یەکێک لە هاوڕێیابی ئیکجارنزیکی ژەنەڕاڵ بارزانی یە، وجیا لە کورەکانی وی لە هەموو کەس پتر لەوی نزیکترە.

ئەو کە دژ بەکمموونیست بڕیاری گۆڕدڕابوو، پاش 1970 لەڕاپەڕینی نەتەوەی کورد، ڕۆڵێکی ئەکجار گرینگ بەڕێوە دەبات، ولەسەردەمی ئاگربڕ، 1970-1974 وەزیری کاروباری باشووری کابینەی ئێراق، و لە ساڵەکانی دوایی بزوتنەوەی بارزانی( بەکردەوە سەرۆک وەزێرانی کوردستانە).

حەبیب کەریم کەلە کوردەکانی فەیلی بەغدا ولەساڵی 1928 لەدایک بووە، بە بنەچەکە لە کوردەکانی لوڕستانی ئێران بوو، ولە بەغدا نشتەجێ بوون) حەبیب کەریم بە پێچوانەی براکەی جەعفەر عەبدولکەریم، کە چەند ساڵیک یەکێک لە ڕیبەرانی باڵی چەپی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق بوو(ایدئولوک)نییە، ئەوحقووق زانە، و لە زانستگای بەغدا دەرسی حقوقی خویندوە. لە شەشەمین کۆنگرەی پارتی 1964-لەکۆنگرەیەک کە بارزانی لەویدا جلەوی دەسەڵاتی حیزبی بە دەستەوەگرت- بەسکرتێری حیزب هەلبژێردرا، یەکجاربەرپرسێکی لێزانە، ولەدوایی 1964 گۆشتەزۆنی بەبرینی حیزب هێنا. بەڵام دوو کەسایەتی کە لە ڕیبەرایەتی بزوتنەوەی کورد، ڕۆڵێکی گەلێک بەرچاو، وگرینگ بەڕێوەدەبن، دوو کوڕی سەرۆک بارزانیین، یانی: ئیدریس ومەسعود.

ئیدریس کەلە 1944 لە گوندی بارزان ولەدایکی شێهانی(تایفەکی یەکگرتووی بارزانی) هاتۆتە دونیا، کاری خۆی بەسکرتێری لەلای بابی دەست پێکرد، بەلام تەنیا، لە پاش 1966 بوو کەنەخشێکی گرنگی لێدیاری دا،ئەو لە ڕەخ عەوڵا پشدەری هێزەکانی کوردی لە شەڕی (هەندرێن) لەمەی 1968 فەرماندەری کرد.

لەو ڕیکەوتە بەدوا، پلەی دەست وجێ بەرزبۆوە، لە1968 لەگەڵ براکەی مەسعوود، بەکردەوە، ئەگەرنا، بەحەق وبەژێهاتوویی خۆی، یەکێک لە ئەندامانی ڕێوەبەری شوورای فەرماندەری ئینقلابی کوردە، و پاش ماوەیەک هەربەم جۆرە دەبێتە یەکیک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی پارتی ولە1973بەو لاوە لەگەڵ باب وبرای دەسەڵاتی بڕیارگرتن بەکردەوە، وەدەست دەگرن.

ئیدریس بارزانی کەڕوخسارەکی نەختۆڵەک کزی هەیە،شتێکی لە وزەوتواناو جەستەی باوکی بەمیرات نەبردووە،ئەو کەخۆڕسکاو شەرمێونە،پاشان بەهۆی تێکەڵاوی لەگەڵ ڕۆژئاوایەکان،(بەتایبەت هاوەڵدەرەکان) لەوکاتەوە کە زوانی ئینگلیزی بەم ڕادیەفیرببوو کەلەگەڵ ئەوان تێکەڵاوی بکات(1974) باشتربوو، وتوانی لەگەڵیان ڕو بە ڕووبێت وهەتا بەباشی لەگەڵیان سەری ئاخافتن بکاتەوە، بوخچەی دڵی ڕابخات، بەڵام لەم ئولکەیە، ئەو فکرەی لەبابی بۆ بە میرات مابۆوە، کە لە ڕۆژنامە وانان بەچاوی ناردراوەی دەوڵەتەکانی خۆیان لێ بروانێت.

مەسعوود کەلە1946 لەژنی دووەمی ژەنەڕاڵ بارزانی یە، سەرەتا، لەدوایی چوونی بابێ بۆ دوورخراوەیی بۆ یەکیتی سۆڤیەت لەناو تایفەی دایکی( کەکچی مەحموودئاغای زێبار بوو) گەورەبوو لە تەمەنی 7-8-ساڵیدا پێی داگرت کە بڕواتە ناو کەس وکاری خۆیان، یانی بارزانیەکان و لە گەڵ ئەوان بژیت. ئەویش وەکوو براکەی خۆی ئیدریس، لە1968 لەدانیشتنەکانی دەفتەری ڕێوەبەری دابەشداری کرد، بەڵام هەتا ساڵی 1970بەڕاستی ڕۆڵێکی گرنگی نەبوو، لە کۆتایی شەڕ(1974-1975) لە ڕیبەری عەمەلیاتی پیشمەرگەدا، لە گەڵ ئیدریس بەشداری دەکات، جگە لەدەم ودەزگای ئیستخباراتی شۆڕش،یانی(پاراستنیشی) لە ژێرچاوەدێری دایە.

ئیدریس ومەسعوود بە پێچەوانەی هەموو سیفەتەکانی تایبەت بە خۆیان-یانی: چاونەترس و بە غیرەت و سەداقەت ودڵپاکی سەبارەت بە ئامانج و ڕێباز لە پێناو کورد- و بێگومان پلە بەرزیان سەرجەم دەینداری ئەم ڕاستی یەن، کە کوڕی سەرۆک بارزانین. ئەم دووە خوێندەواریان نەبوو، وجگە لەچەند ڕاسپاردەی کورتی دیپلۆماتیک لە ئۆڕوپا،و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست(خاوەرمیانە) یان وێدەچێ ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا، بە کردەوە، لەگەڵ دونیای دەرەوە، دوورەپەرێز ونامۆ بوون، و بێگومان ئەولێهاتوویی و قابیلەتەیان نەبوو کەلەگەڵ ئەو سەرۆک حکوومەتانەی کەلەم ساڵانەی (چارەنووس) ساز لەگەڵ چارەنووسی گەلی کورد، گەمەیان دەکرد، یانی: لەگەڵ شای ئێران وسەدام حوسین...ودوکتۆر کیسینجر، ڕوو بەروو ببن.

6-پەلاماری هاوینی 1969،

لەنێوەڕاستی ئەوتی 1969 ئەرتەشی ئێراق، لە پاش گەڕاندنەوەی ئەو جەیشەی کە بۆ سنووری ئێرانی ناردبوو، و نشتەجێکردنی قۆشەنەکە لە کوردستان دژی کوردەکان دەست بەپەلاماردەکات. لە زاخۆ هەڵکەوتوو لە ئاخری ڕۆژئاوا، هەتا پێنجوین، هەڵکەوتوو لە سنووری ئێران تەوای جەبهەی کورد، دەخاتەژێر بۆمباردوومانێکی یەکجار قورسی فڕۆکەکان و تۆپخانەی ئێراق.

لە بادینان، شەڕی دەگەلێک توند لە ناوچەکانی زاخۆ، عەقرە، لە ئارادایە. سەعدوون غیدان، ئەندامی شووڕای فەرماندەری ئینقلاب و ژەنەراڵ عەماش، جێگری سەرۆک وەزیران و، وەزیری ناوەخۆ، بۆ خۆیان ڕێوەبەری عەمەلیات وەسوکردەگرن. بەڵام ئەرتەشی ئیراق بە پێچەوانەی وەدەست هێنانی نیمچە سەرکەوتنێک ناتونن کەلێن بخەنە خەتی بەرگری کوردەکان و زەفەریان پێ نابەن.

ئەوشەڕە لەگەڵ ڕووداوێکی خۆێناوی هاو هەنگاوە: لەنێوەڕاستی ئەوتی 1969 جەیشی ئێراق لەگوندی دووکان، هەڵکەوتوو لەناوچەی شێخان لە باشوری ڕۆژئاوای عەقرە،67ژن ومنداڵ کەپەنایان بردۆتە ئەشکەوت، بە دووکەڵی ئاگر، لە نێو غار (قانگیان دەدەن) هەموویان دەخنکێنن. 16-ی سپتامبەر لە گوندی سوڕەیا،مابینی سێ ساعەت ڕێگای زاخۆ،ئەفسەری ئێراقی تەواوی خەڵکی گوند لە باغێک کۆدەکاتەوە،گوندەیەکان کە پێیانوایە زابوتی ناوبراو دەیەوێ قسەیان بۆ بکات، بەڵام ئەفسەرەکە، لەنەکاو تفەنگی ئۆتماتیک بەدەستەوە دەگرێ، لەگەڵ سەربازەکانی خەڵکی ئاوایی دەدەنە، بەرڕەهێڵەی گوللە، لەم ڕووداوە تاڵ ودڵتەزێنە 53کەس کوژران وبەشێکی نامەعلوویش بریندار بوون.

ئەرتەشی ئێراق بەهۆی چەکی باشتر، هێندێک سەرکەوتن بەدەست دێنێت ! لەکۆتایی سپتامبەری 1969شاری کۆی سنجاق داگیر دەکاتەوە، بەڵام پەلامارەکانی، بەبیروبۆچوونی خۆ گەیاندن بەسنوور و چاوەدیری بەسەر ئەویدا ناسەرکەوتوو دەبێت.

7-تەداخولی ئێران(سپتامبەری 1969،

ئەم پەلامارە دڕندانەیەی، ئەرتەشی ئێراق، پیشمەرگەکان بەتوندی دەخاتە تەنگەژە وتەوەژم. وژەنەراڵ بارزانی داوای یارمەتی پتر لە(شا) دەکات، بۆ ئەوەڵین جار ،واحدەکانی ئێران بۆئاریکاری بەکوردەکان دێنە کوردستانی ئێڕاق. و لەنێوەڕاستی سپتامبەری 1969تەلەفزیونی ئێڕاق گروپێک لە(سەربازانی ئێرانی) کەلەخاکی ئێڕاق بەدیل گیراون، نیشاندەدات.

دەوڵەتی ئیراق هەنۆکە لەبەرفرەوانی یارمەتیەکانی ئیران ئاگاداربووە، تێدەکۆشی دەوڵەتی ئیران بە بڕینەوەو دوای پێهێنانی ئەو یارمەتیانە ئیقناع کات. لێژنەکی ئێڕاقی بەکارتاقەتی ونهێنی دەچیتە تاران ولە وێ لەگەڵ سەرک وەزیرانی ئیران(ئاغای ئەمیرعەباس هەویدا) وت وێژ دەکات. لەم دانیشتنەدا ئێڕاقیەکان دەڵێن: کەحازرن هەرجۆرە زێدەپارەوەک(امتیاز) بدەن، بەم مەرجە کە دەوڵەتی ئیران سنوورەکان گرێدا...هەویدا، پاشان بەیەکێک کە سەردانی وی کردبوو دەڵێت: (ئەمن بەوانم گوت: ئێمە ناتوانین سنوورگاڵەبدین... سنوور! ئێوە دەبێ سنوور ببستن، ئەگەر دەتوانن!)

## 8- وت وێژ

ڕیبەرانی بەعس لەمانگی ژوئیەی 1969 بەم لاوە بەواسیتەی خۆینکارانی کوردی دانیشتووی بەغدا، لەگەڵ پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێڕاق پەیوەندیان گرتبوو بەڵام لەسپتامبەری 1969 کە ئەوەڵین پەیوەندی وەراست گەڕا، ژەنەراڵ بارزانی بۆ ناوپردان چوو، و ڕای گەیاند کە دەولەت حازری وتووێژ سەبارەت بە ڕیککەوتنێکە.

بەڵام لەڕاستیدا ئەمە تێشکانی پەلاماری پاییزی ئەرتەشی ئێڕاق و مەترسی تداخۆلی زۆرتری ئێران بوو کە لە ئاکامدا ڕیبەرانی ئێڕاقی وادار بەبڕیارگرتن بۆ وت ویژی مجدکرد. لە دوایی سەردانی نیوە فەرمی ئازیز شەریف، بەرپرسی بزوتنەوەی ئاشتی ئێراق، لەسەرەتای دەسامبەری 1969 هەوەڵین پەیوەندییەکانی فەرمی لە19ی دەسامبەر پێکهات. بەعسی یەکان سمیرعەزیز ئەلنەجم، ئەندامی ڕێبەری گەلێر(میللی) بەعس وبەرپرسیاری نیزامی لە گەڵ فئواد عارف دەنێرنە ناوپردان.

ناردراوەی بەعس، لەماوەت وتووێژەکی تێروتەسەلی لەگەڵ بارزانی وئیدریس ومەسعود وداراتۆفیق ودکتۆر عوسمان وسامی، بیچمی دواندنەکی ئیکجار دۆستانەی لە خۆ نیشاندا، وگوتی: دەوڵەت پەیخۆشە بەم شەڕە بەدوایی، دوایی بێنێت، گوتی: ئێمەدەزانین کە کوردەکان بۆ چی دەجەنگن... ئێوەش حیزبێکی پێشکەوتوون!) و ژەنەراڵ بارزانی بۆ ئەوە نیشان بدات کە پارتی دێموکڕاتی کوردستانیش پەیخۆشە وت وێژ، بکات داراتۆفیقی کە پاشان بوو بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی، تەو سمیرعەزیز ئەلنەجم، بۆ بەغدا نارد.

سروشتییە:بەشیک لەگروپەکانی بەعس وئەرتەش لەگەڵ هەرجۆرە وت وێژ، دژایەتیان دەکرد، لەم نێوەدا دەبوایە بەهەر شێوەیەک بوایە، نەیانهێشتبوایە کەگروپی برایم ئەحمەد وجەلال تاڵەبانی، بۆنی ئەم مەسەلەیان کردبوایە! دەجا بۆ پێشگیری لەدرکاندن وچوونەدەری هەرجۆرە سوسەو دەنگۆی لە کردن هاتوو دارا تۆفیق پێنج ڕۆژ مانەوەی لە بەغدا،یانی: (21-هەتا 25ی دەسامبەر) وەکوو زیندانی لەیەکێک لەکوشکەکانی سەرکۆماری ڕابوارد!

9-نەخش ورۆڵی سەدام حوسین

ئەم وتوویژانەی سەرەتایی لەنیوان کوردەکان وبەعس، بوو بەهۆی بەرز بوونەوەی پلەوپایەی سەدام حوسین لەدەم ودەزگای ئیراق. لەراستیدا دارا تۆفیق ئەوەڵین وت ویژی لەگەڵ سەدام کرد. وهەر لەسەرەتاوە سەدام حوسین دەری خست کە برپاری ئەمەیە: لەم بەستینەدا رزامەندیەک وەدەست بینیت. بەلام لەعەینی حاڵدا بە روونی ناردراوەی ژەنەراڵ بارزانی تیگەیاند کە کوردەکان نابیت بۆ گەیشتن بەدەسەلات بە هیزەسیاسییەکانی دیکە خۆیان پشت ئەستوورکەن. ئەو-سەدان حوسین-هەبوونی پیلانیک کە دژی وی پیکهاتبوو، و ئەو ئەوی (لغاو) کردبوو، بۆ دارا تۆفیقی گیرایەوە-سەدام لە راستیدا لە دوایی ئەمە کە جامینخوازانی خۆی خزاند بوو ناو پیلانگیران، لە ژانوییەی 1970ئەوانی دەست بەسەرکرد، وزیدە لە70کەس کە زۆریان نیزامی بوون ئیعدام کرد.

ودیسان سەدام حوسین کەلە21ی دەسامبەری 1969لەدوایی وت ویژەکی کورت، لە گەڵ سەرکۆمار حەسەن ئەلبەکر،بەرپرسایەتی ئەوەڵین جەلەسەی (گروپیکار)بە سوکرەوەبوو، کەلەویدا ریبەرانی گرینگی بەعس بەشداریان هەبوو! ئەم دەستەیە،بریتی بوون: لە ژەنەراڵ عەماش، مورتەزا حەدیسی،ئەندامی شوورای ئینقلاب، عیزب مستەفا،سەعدون غیدان، عەولا سلوم سامرایی،و هیندیکی دیکە لە بەرپرسان. لەم دانیشتنەدا سێ مەسەلەی بنەرەتی هاتنە روو، درانە بەرباس و لیکۆڵینەوە!یەک مافی نەتەوەیی کوردەکان، 2-پیوستی دیاری کردنی سنوورەکانی کوردستانی باشوور لە چوارچیوەی ئیراقدا،3-مەسەلەی پەیوەندیان لەگەڵ ئیران. لە مەڕ مەسەلەی سیوم وەلامی دارا تۆفیق سەدام حوسینی رازی کرد: دارا تۆفیق گوتی: کوردەکان حازرن بە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ئیران کۆتایی بینن، هەموو شتیک پیویستی بە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی هەیە.

دارا تۆفیق لەدوایی رۆیشتن بۆ بیروت، و وت ویژ لەگەڵ مشیل عەفلەق، بنیات نەری بەعس، بەم بیرو بۆچوون وئاقیدەیە، بۆ ناوپردان گەراوە کە قایلە خۆدموختاری بداتەکوردان، وژەنەراڵ بارزانی دەبیت ئەم خۆوموختارییەی لە بەعس داوابکات.

سەدام حوسین لەپاش تەکۆزی بیروڕای خۆی سەبارەت بەم ریککەتە ویچووە،نزیکەی 600کەس لە ئەفسەرانی ئەرتەشی لەکۆتایی دەسامبەری 1969 لەبەغدا کۆکردەوە، هەتا ئەوان سەبارەت بە گفتووگۆیەک کە لە گۆریدابوو ئاگاداربکات،وڕایگەیاند( ئەوانەی کەشەڕ دەکەن، سەرجەم لۆچیک یاخی وئەشقیاو سەربزیونین.)

سەدام حوسین، بە زوانیکی دوور لە تارمایی گوتی: ئەرتەش دەبیت بۆ برپاری حکوومەت سەردانوینیت: چونکە لەسەرکارلابردن ووەلانانی حەردان تکریتی و دوورخرانەوەی بۆ (کەوەیت) نیشانی دا، ولەبەرچاو روون بوو،کەهەموو فەرماندەکانی ئەرتەش، چاوەنواری ئەم شتەیان نەبوو(حەران تکریتی چەند حەوتوو دوایی دوور خرانەوەی بۆ کەوەیت لەوێ کوژرا.

لەو بەدوا سەردان و چاوپیکەوتن چەند پات کرانەوە: لە31ی دەسامبەری 1969لێژنێکی گرینگ بۆ ناوپردان چوو. لەلایان بەعس حەردان تکریتی و عەبدولخالەق سامرایی و تارق ئازیز، و دوو کەسایەتی سەربەخۆ، یانی ئازیز شەریف کە زۆرنزیکاتی لەگەڵ کموونیستان هەیە، وفئواد عارف.

چەند رۆژ دوایی لێژنەی کورد بۆ بەغدا رۆیی کە بریتی لەدکتۆر محمموودعوسمان، سامی، نووری شاویس، داراتۆفیق، نەزیف جەلال، موحسین دزەیی وسالح یوسفی، ئیدریس ومەسعودیش چەند کورتە سەفەریان بۆ بەغدا کرد. لەوکاتیدا، لەحاڵیکدا سەرجەمی ئەندامانی لێژنەی کورد، هەروا لەبەغدا بوون، سەدام حوسین بۆ ئاخافتنێکی زۆر دوورو درێژ لەگەڵ ژەنەراڵ بارزانی بۆ (ناو پردان) چوو.

هەر دوو لایەن بریاریان ئەویە: رێککەوتنێکی بەردەوام وەدەست بێنن،ناوەرۆکی رێکەوتننامە وشە، بە وشە، رستە، بەرستە، کەوتە بەرباس ولێکۆڵینەوە وئاخافتن لە سەرکردن، یەکێک لەوکوردانە کە بۆخۆی لەم دانیشتنە و ئاخافتن و قسەکردنەدا بەشداری هەبوو، پاشان گوتی: جار وادەبوو  دوو رۆژمان بۆ قسەکردن سەبارەت بە بابەتێک یان چۆنیەتی تەرزو شکڵ و مانای عیبارەتێک تەرخان دەکرد.)

لەمپەری مەزن کە لە بەرامبەر لێژنەکانی بەعس و کورد،زەق ببۆوە وەک کوارگ هەڵتۆقیبۆوەو بەرسینگەی لە ئاخافتنی هەردوولایەن بریبۆوە، مەسەلەی دیاری کردنی سنووری جوغرافیایی ناوچەی خودموختاربوو. بۆ کوردان خودموختاری بەبێ خاک وسنوور و کەوشەنی دیاری کراو، ماناو مەفهوومێکی نەبوو!

بەڵام بە پێچەوانە هەروەک لە رۆژنامەی (ئەلنوور) باسی لێوەدەکرا، بۆ بەعسی یەکان(نەتەوەخوازی کورد پێویستی بەهێنانە دی ناوچەیەکی جوغرافیایی تایبەت نەبوو، کەکوردەکان لەچواردیواری ویدا مافی چارەنووسی خۆیان بەرێوەبەرن)... وگرینگ ئەمە بوو کەبە بەرەکەتی تێکۆشانی (نیشتمانی وقانوونی) کەلەگەڵ گیانی دێموکراتیک هەڵدەبژێردرێ، بتوانن ئەم(مافەی نە تەنیا لە هەولێر(ئەربیل) وسولەیمانیە(یانی لەکوردستان) بەڵکوو لەبەغداش و بەسراش، بەریوە بەرن.)

لە راستیدا رێبەرانی بەعس حازربوون سەرزەمینێک بەکوردان بدەن کە هەر وەک ئینگلیزیەکان لە ساڵەکانی 1919-1924 لەمەر شێخ مەحموود، بەریوەیان بردبوو، ئەوانیش چ تەنگەژەیان لەمەدا نەدەدیت کە پارێزگاکانی ئەولێر(ئەربیل) وسولەیمانیە ودهۆک، بەوان بدەن. تەنگەژەو لەمپەری رێکنەکەوتن(کەرکووک) بوو! لە ئەوەڵی مارسی 1970 کارێک نەکرابوو، بەوتەی دکتۆر مەحموود عوسمان رێبەرانی بەعس، حەول وتەقەلایان ئەمە بوو ناوچەکانی کوردنشینی مەڵبەندی کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی نەوتی، لە کوردستان جیابکەنەوە.

بەڵام لە10ی مارسی 1970 لەدوایی سێ مانگ وت وێژ، لەنەکاو ژەنەراڵ بارزانی و سەدام حوسین، لە قوتابخانەی بچووکی ناوپردان(موافیقەتنامە یەکیان کە بەناوی رێکەوتننامەی 11ی مارسی 1970 نابانگی دەرکرد، پێکەو ئیمزاکرد.

## 10-موافیقەتنامەی 11ی مارسی 1970،

ماددەی بنەڕەتی ئەسلی ئەم ڕێکەوتنامە 15بڕگەییە، کە بێگومان ماددەی14ی ئەمەیە: کە(خودموختاری) گەلی کورد لەچوارچێوەیەکی پێکهاتووە، لە سەرجەمی پاریزگاکان، و ناوچەکانی ناوخۆیی کە بە گوێرەی سەرئەژمێری، کەلە داهاتوودا بەڕیوەدەچێت و لەواندا، زۆرایەتی جەماوەر بە کوردەکانە) پێشبینی دەکات. وماددەکانی گرینگی دیکە لە ڕێکەوتننامە بریتین لە: بکارهێنانی زوانی کوردی بە ناوی زوانی فەرمی وفیرکردن(لەگەڵ زوانی عارەبی) لەوناوچانەی کە لەواندا، زۆرایەتی جەماوەر بەکوردانە،وەرگرتنی کوردوعارەب بۆ کارکردن وکارگێڕی پۆستەکان، بەبێ جیاوازی و تەوفیر لەدەم و دەزگاکانی مەدەنی نیزامی، تەرخان ونەخازە وتەرخانکردنی بەشێکی عادەلانە لەبەرهەم(بوردجە)ی ئاوەدانکردنەوە، بۆ ناوچەکانی کورد نشین، دانانی کوردێک بۆ جێگری سەرکۆمار، بەشداری کوردەکان لەیاسا دانان،یانی داڕژتنی قوەی موقەننە، هاوسەنگ بە جەماوەری ئەوان لە ئێراق.

بۆ ئەکەمین کەرەت لە(بەڵێننامەی سیڤر) بەم لاوە وپاش دەساڵ شەڕ یان نێوەشەڕ وئاگربڕ،(شەڕڕاگرتن) ڕیکەوتنامەی دەبەدرۆ، بەشێک لەمیللەتی کورد، خۆدمووختاریان وەرگرت. ئەم جارە ئەمە وادەیەک نەبوو کە وزەیەکی کەمی هەبێت بەڵکوو بەڵێننامەیەک بوو کەباس ووت وێژی بەرامبەر نێوان دەوڵەتیک وبزوتنەوەی نەتەوەی کورد ئاکام وەرگیرابوو.

دارا تۆفیق کە بۆخۆی یەکێک لە ڕێبەرانی بزوتنەوەی کوردی ئیراق بوو، لەفۆرییەی 1975 چەند ڕۆژ پاش لەبەریەک هەڵتەکان و ترازانی بەدوایی(ئاش بەتاڵ)ی ئەیلوول(ڕاپەڕینی ژەنەراڵ بارزانی) بەئاماژە بەو ڕێکەوتننامەیە گوتی: ڕۆژی 11ی مارسی 1970 بەخۆشترین ڕۆژی ڕێکەوتی ئێڕاق گۆڕدرا، لە11ی مارس لەهەموو شوێنەکی ئێراق،خەڵک بێ نێوەدان کەوتنە بەزم وشایلەخانە و هەڵپەرکێ، بەڵام مخابن ئەم جارەش هیوایەکی گەورە کەلە ڕیکەوتنامەی 11ی مارسی 1970 ئاکام وەرگیرابوو، وچاوەنوارکرابوو، بێ هیم وبناخە لەئاو هاتەدەر،شایلەخانەو دڵخۆشی کوردان تەمەن کورت بوو!

## بەشی 13،شەڕ ڕاوەستانێکی دوورو درێژ(ئاگربڕ)

### مارسی 1970-مارسی 1974،

ڕیککەوتنامەی 11ی مارسی 1970 عەیبەکی بنەڕەتی ئەمە بوو: دەست وجێ بەڕیوە نەچوو. دیاری کردنی سنووری مەڵبەندی خودموختار،بەدوایی سەرئەژمێر ئەسپاردرابوو، کە دەبوایە ئەم ناوچانە کە زۆرایەتی بەکوردانە، دیاری بکرێن: بەگوێرەی ناوەرۆکی یەکێک لە ماددەکانی بڵاونەکراوەی ئەم ڕێککەوتنامەیە، دەبوایە ئەم سەرئەژمێرییە، لە ماوەی شەش مانگدا بەڕیوەبچێت.

و بەلام پاشان ڕیککەوتنامەی 11ی مارسی 1970 سەبارەت بە سازمانی سیاسی ناوچەی خودموختار وچلۆنایەتی پەیوەندی و تێکەڵاوی وی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی بێ شەرت و مەرج

مرتەقی لەخۆ بڕیبوو، بەگوێرەی ناوەڕۆکی ماددەیەکی دیکەی بڵاو نەکراوەی ئەم موافیقەتنامەیە،ئەم مەسەلە دەبوایە لانی زۆری لەماوەی 4ساڵدا جێ بەجێ ببوایە(کۆمیتەی بەرز) کە سەرەتا بەرپرسایەتی وی بەمورتەزا حەدیسی بوو، بۆ بەڕێوەبردنی بڕگەکانی جۆراوجۆری ڕێککەوتننامە پێکهات.

مرۆڤ تێناگات کوردەکان کەلە هەموو کەس پتر بە واسواسی و بارودۆخی سیاسەتی ئێراق ئاگاداربوون، چلۆن قەبووڵیان کرد، ڕێککەوتننامەیەکی ئەوها، ئیمزابکەن، کە خودموختاری لە چوارچیوەیەکی سنووری نادیار دا، ڕادەگەیاند! ئەم هەڵەیە زۆرتر لەم بارەوە جێگای داخ ومخابنە کەلە بەهاری ساڵی 1970 ڕێبەرانی بەغدا بۆ دەست وێڕاگەین بەپێکهاتن حازر بە هەموو جۆرە زێدەپارو(ئیمتیاز) بوون.

برایم ئەحمەد کە بۆ تێگەین وهەڵسەنگانی ورەی بەعسیەکان لەوەزع چاخێکی باشتر دابوو، دەڵێت: (بەعسییەکان بەتەواوی دەرەتانیان لێبڕابوو، سەریان لێ شیوابوو، ئەمن ئەمە دەزانم... بارزانی دەیتوانی زۆرتر لەوەی دەبوو، داوا بکات.)

ژەنەڕاڵ بارزانی پاشان بۆ شیکردنەوەی ئەم کردەوە دەڵێ: (دەوڵەت بوو لەسەر ئەم چوارساڵ ماوەیە، لاقی قرساندبوو، پەڵپی گرتبوو! وئەمەی بەمەرجێکی عەسڵی وبنەڕەتی پێکهاتن دانابوو. ئەگەرئەم ماووەمان قەبووڵ نەکردبوایە، ڕێککەوتننامەی واژو نەدەکرد... دەیگوت: ئەم مۆڵەتە بۆ ئەمەیە: کە بتوانێت ناوچەکانی کاول کراو ئاوەدان بکاتەوە، وسەرئەژمێری بەڕێوەبەرێت. و لەم جۆرە شتانە! بەڵام لەڕاستیدا ئەمە بۆ لە ناوبردنی بزوتنەوەی کورد بوو... ئەوان دەیانزانی... ئێمەش دەمانزانی... بەڵام بۆ وڵامدانەوە بەتێکۆشانیان بۆ بیروڕای لەناوبردنی ڕاپەرینی کورد ئامادەبووین،وهەین، وئاشتی بۆ ئێمەگرینگتر لە هەرشتێکی دیکەبوو)

1-سەرەتا و بەڕێوەبردنی ڕێکەوتننامە

بەوتاس وحەمامە خوشحالی وشایی کەبەدوای ئیمزاکردنی موافیقەتنامە، هاتە دی چ کەسێک فکری نەدەکرد، و لە بەرژەوەندی دانەبوو کە ڕۆژێک دابێت ئەم ڕێککەوتننامە بچێتە ژێر پرسیار؟! ڕێبەرانی بەغدا بەڵێنی یەکانی خۆیان هێناجێ! گرتووە سیاسی یەکانیان بەرڵلا کرد،وبۆ تەواوی کوردەکان بریتی لە نیزامی و نانیزامی لێبووردنی گشتی یان ڕاگەیاند، کارگێرانی کوردی کە هەڵپەساردرابوون جارێکیتر گەڕاندەوە سەرشۆڵەکانیان لەناو دەوڵەت، وسێ کورد کرانە ئوستانداری هەولێر، سولەیمانیە ودهۆک،و پێنج وەزیری کورد چوونە پاڵ لێژنەی وەزیران. پارتی دێموکراتی کوردستانی ئێراق ئیجازەی پێدرا تێکۆشانی خۆی بەردەوام کاتەوە، و ڕۆژنامەی (ئەلتاخی) سەرلەنوێ بە سەرنووسەری داراتۆفیق، بڵاو کرایەوە. دەوڵەت بیست ملیون دیناری(بەرامبەر بەشێست ملیون دۆلار) بۆ ئاوەدانکردنەوەی باشووری ئیڕاق تەرخان کرد، وکارەکان بێ کات فەوتان دەستیان پێکرا، و لە ئاکامدا بەعسی یەکان پێگەکانی جاش وبەکرێگیراوانی برایم ئەحمەدو جەلال تالەبانیان هەڵوەشاوە ڕاگەیاند.

2-ئەوەڵین بوومەلێلی هەوروهێل

لە مانگی ژوئیەی 1970 یانی لەم کاتەی کە هەشتەمین کۆنگرەی پارتی دێموکراتی کوردستانی ئێراق، لە گەلاڵە دانیشتنی هەبوو(هەتا10ی ژوئیەی 1970) خوشی وشایی جێگەی خۆی

بەجۆرێک نائومێدی دابوو، و هەڵبژاردنی یەکەمین کەسی کورد بۆ جێگری سەکۆمار، کەلە ڕێککەوتننامەی 11ی مارس گەلاڵەی بۆ داڕژابوو، ویەکەمین دەمەتەقەی ئاخافتن لەنێوان کوردو بەعسی یەکان بوو: بەعسییەکان دەیانەویست کە کوردەکان ژەنەڕاڵ بارزانی یان بەلانی کەم ئیدریسی کوڕی بۆ ئەم پۆستە بپاڵێون، بەڵام کۆنگرەی گەلاڵە، سکرتێری حیزب یانی حەبیب کەریمی هەڵبژارد. ڕێبەرانی بەعس بەهۆی ئەوە کە ناوبراو بنەچەکەی لەکوردی کوردستانی ئێرانە، هەڵبژاردنی ئەویان بەجۆرە(دنەدانێک) لێکدەداوە، ولەمانگی سپتامبەر ئەویان بۆ جێگری سەرکۆماری قەبووڵ نەکرد.

ئێستا مەسەلەی بنەڕەتی کە بەڕیوەبردنی ڕێککەوتنامەی تووشی تەنگەژەکردوە، دیاری کردنی سنووری ناوچەی خودموختارە، لە ئۆکتۆبری 1970دەسەلاتدارانی بەغدا دێنێتە سەرئەم بڕیارە کە ئەنجامدانی سەرئەژمێری کە قەرارەو ماددەکانی هۆی دەژایەتی- بەتایبەت چارەنووسی کەرکووک- جێ بەجێ بکات، بەبەهاری ساڵی 1971 بسپێرن. و لە کۆتایی ساڵی(17ی دەسامبەری 1970) لەهەل ومەرجێکدا کەچ کات ڕوون نەبۆوە، لەبەغدا تەقە لە ئیدریس بارزانی دەکەن.

یەکەمین ساڵهاتی ئیمزای ڕێککەوتننامەی 11ی مارسی 1970 دیاری کردنی ئەم دەورەیە،لەبەغدا لەدوایی خۆ پێشاندانێک کەلەشەقامی ئازادی دوایی دێت(شبلی العیثمی) جێگری سکرتێری گشتی بەعس، ومورتەزا الحەدیسی، بەرپرسی کۆمیتەی ئاشتی وژەنەڕاڵ عەماش جێگری سەرۆک کۆمار، هەریەکە بەنۆرەی خۆیان ئاخافتنیان لەمەڕ ڕێزدانان بۆ بەڕیوەچوونی ڕێککەوتنامەی 1970کرد، ژەنەڕاڵ عەماش لە قسەکانی خۆیدا لاقی لە سەر ئەمە دەقرساند کە ئەم موافیقەتنامەیە، شتێکە(بڕاوەو دوایی پێهاتوو)وهەرکەسێک بیەوێ لە بەڕیوەبردنی وی پێشگیری بکات وچەتی باوێتەبەر،جیا( لەسووتانی پەنجەکانی) بەرهەمێکی دیکە نابات.

بەڵام لەلایان کوردەکان چ کەسایەتی خاوەن پایە بۆ بەشداری لەم خۆ پێشاندانە، نەهاتبوونە بەغدا، وناعیلاج سالح یوسفی وەزیری داد، هەودای وتە بەدەستەوە دەگرێ وبۆ ڕێزلێنان لەیەکیەتی میللی لە سەربنەڕەتی متمانە و باوەڕ پێکردن پێکدێ قسەدەکات،بەڵام لە ڕاستیدا دڵی لەگەڵ زوانی یەک نییە.

پاشان ڕێبەرانی بەعس دێنەسەر ئەم بڕیارە کەبۆ بەڕێوەبردنی سەرئەژمێری بۆ ماوەیەکی نادیار وەپاش خەن، وڕێککەوتننامەی 11ی مارس لە سەر بناخەی سەرئەژمێری ساڵی 1875 بەڕیوەبەرن.

ژەنەڕاڵ بارزانی لە قسەکانی فەرمی خۆی لە ئاڵۆزتری وەزعەکە خۆی دەپاراست وتەکانی بە پێویستی وەدیهێنانی بەستێنێکی تەژی لە متمانە لە بەرامبەریەکدا کورت دەکاتەوە، بەڵام لە دانیشتنی تایبەت وناوەخۆ دا، توندوتیژی نیشان دەدا دەیگوت: (دەساڵ بۆ خودموختاری شەڕمان کرد، ئەگەرپێویست بکات پێنج ساڵیش بۆ کەرکووک، بەشەڕدێین.)

1-ئاڵۆزی 1971،

له مارس هەتا نوامبەری 1971 پەیوەندی وهاتووچۆی نێوان نەغداو ژەنەڕاڵ بارزانی زنجیرەیەک ڕووداوی گرنگ وگرینگتر دیاری دەکات. ماوەی چەند مانگ ئەم وەزعە لە خولی بێ متمانەبوندا، دەگاتە ڕادەی شتێک، وەک قەتاندنی پەیوەندی.

مەسەلەی کوردەکانی ڕەچەڵە ئیرانی لە ئێراق

دەسەڵاتدارانی بەغدا، چەند مانگێک بوو کەسیاسەتی (بەعەرەبی کردنی) دەڤەرەکانی کوردنشینیان گرتبووبەر،و لەم مەڵبەندانەدا، بە تایبەت لە ناوچەکانی ئۆردوکێشی دەورو پشتی کەرکووک وسنجار،دەستیان بە کۆچکردنی خێڵی عەرەبی کردبوو. لەلایەکی دیکە کوردەکانی ئێڕاقی، داخوازی مافی هاووڵاتی کوردەکانی(بیانی ڕەچەڵەک)دەکرد کە زۆربەی کوردی ئێرانی بوون و لە کوردستانی ئێراق دەژیان،یانی (فەیلییەکان.)

لەمەی 1971 باسێکی خەستووخۆڵ لەم بەستێنەدا (ڕۆژنامەی ئەلجەمهوریە) قسەکەری دەوڵەتی ئێڕاق و(ئەلتاخی) لە بەرامبەریەکدا ڕادەگرێ. ئەلتاخی داواکارە کەدەوڵەتی ئێڕاق وادەی بەم کوردانە داوە کە سەرئەژمێریان دەگاتە/100000کەس کەمافی هاووڵاتیان بداتێ، ئەلجەمهوریە، لەوەڵامدا لەڕێبەرانی کورد داوادەکات بەڵگەی ئەم بەڵێنێ یە، نیشان بدەن، وئەمەی لێ زێدەدەکات: بەهەرحیسابێک ژمارەی ئەم کوردنە لە/15000کەس زێدەترنییە. لە ئاکامدا دەوڵەتی ئێراق، بەشێوەی تایبەت بەخۆی بەدەرکردنی/40000کوردی فەیلی لەدەسامبەری 1971 بەم کێشە و شەڕەدندوکە کۆتایی دێنێت.

ڕووداوی بارزان(نێوەڕاستی ژوئیەی 1971،

لە دووەمین حەوتووی ژوئیە، فەرماندەری ئەرتەشی ئێراق، هێزەکی زۆر لە ناوچەی بارزان نیشتەجێ دەکات. تیپێکی بەهێز کردوو، بە تۆپخانەو زرێپۆش. بارزانی لە11ی ژوئیەی ڕێبەرانی کورد (بۆلێکدانەوەی وەزعەکە بانگهێشتن دەکات...بەڵام لە دوایی خۆتێهەڵقوتاندن (مداخلە) ڕاستەوخۆی سەرکۆمارحەسەن ئەلبەکر، کە بۆ هێورکردنەوەی،حاڵاتەکە زورتر تێدەکۆشا،گرەکە، دەست بەجێ دادەمرکێ، لەڕاستیدا لە سەردەرانەی دەست پێکردنەوەی شەڕ، لە دوو بارە بوونەوەی وی پێشگری کرد.

پیلان بۆ لەناوبردنی ژەنەڕاڵ بارزانی 29ی سپتامبەری 1971

بەڵام بێ لێکدانەوە، شتێک کە دیاری دەری سەرەتای جیایی نیوان ژەنەڕاڵ بارزانی و ڕێبەرانی بەغدایە، داڕژتنی پیلانێکە کەلە 29ی سپتامبەر بۆ لەناو بردنی وی رێکدەخرێ. کە بارزانی

بەجۆرەکی موجیزە گیانی سەلامەت دەباتەدەر،یانی: نۆ مەلا بەبیانووی کارئاسانی وتەخت کردنی ڕێگا لە گریوگۆڵ بۆ نزیک بوونەوی دەوڵەتی ناوەندی وکوردەکان، بە دوو ماشین لە بەغدا، بۆ سەردانی ژەنەڕاڵ بارزانی دەچن،لە بەغدا (میکرۆفونیان) بۆ وەرگرتنی وت وێژ لەگەڵ بارزانی بۆ لەناو پشتێندەکانیان تاقەت دەکەن. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی بۆیان لە ناوپشتبێند جێ بۆکردبوونەوە،دینامێت بوون! کە یەکێک لە شۆفێرەکان ئەوی لە دوورەوە بە کۆنترۆڵ تەقاندبۆوە، هەموو مەلاکان کوژران، بەڵام ژەنەڕاڵ بارزانی بەهۆی یەکێک لە پیاوەکانی کە لەم کاتدا فنجانی قاوەی لەپێش دادەنێ و ببوو بە لەمپەر، لەمردن نەجاتی ببوو. دکتۆر مەحموودعوسمانیش کەلەم دانیشتنەدا بەشداری کردبوو، لە مردن خەڵاسی هات. ئەمە لانی کەم، شتێکە، کەکوردەکان چەند مانگ دوایی لەگەڵ نیشاندانی هۆدە(یان ساڵۆنیک) کە بارزانی عادەتەن میوانەکانی خۆی لەحاجی ئۆمەران، لە وێ دەعوەت دەکرد. بۆ ئەوانەی سەردانیان دەکرد دەگێرایەوە: شوێنەواری تەقینەوە هێشتا لەم ساڵوونەدا وەبەرچاو دەکەوت، ڕێنوێنی کەران هێندێک تنۆکی جلی خوێناویان کەبە بەری میچی هۆدەکە وەنووسابوون، بە بێنەران نیشان دەدا. خولاسە لە دوایی تەق و تووقەکی کورت،شۆفێرەکان کوژران، وکوردەکان بڕیک ماددەی تەقینەوەی کە لە ناو ماشینەکانیاندا وەشاردبۆوە، دۆزیەوە.

سەرکۆماری ئێڕاق، ژەنەڕاڵ حەسەن ئەلبەکر،دەست وجێ بروسکەیەکی بۆ ژەنەڕاڵ بارزانی نارد، و لەم بارەوە کە لەم پیلانە بە سەلامەت دەربازی بووە، پیرۆزبایی لێکرد. بەڵام لە بۆ بارزانی چ جێگای شک وگومان نەبوو کە ئەو پێلانە داڕژاوەی ڕێبەرانی بەعس بووە. هەڵبەتە بەغدا هەرجۆرە دەست تێدابوونی خۆی بەتوندی حاشا لێدەکرد. بەڵام ژوئیەی 1973 لە دوایی تێشکانی پیلانی نازم حەزار، بەرپرسی بنکەی ئیستخباڕاتی ئیراق، ڕێبەرانی بەغدا بەجۆرێکی نیوە فەرمی گوتیان: کە ئەمە کاری ئەوبووە کە ئەو پیلانەی داڕژتووە... بێ ئەوە دیاری بکەن کە ئەمری حازرکردنی چ کەسێک داویە!

لەدوایی ئەمە ئیدی (مەسەلە نوێکردنەوی متمانە) یان )(وت وێژ) بۆ ژەنەڕاڵ بارزانی باسی نایەتەگۆڕ، لەمە بەدوا کردنەوەی گرێپوچکەی مەسەلەی کورد، نەک لەبەغدا، بەڵکوو لە تاران... واشنگتۆن دەکەوێتە شوێن لێگێڕان. و کاتێک سەرکۆمار حەسەن ئەلبەکر، لە نیوەی نوامبەری 1973لەپارتی دێموکراتی کوردستان و گشت (هێزەکانی میللی نیشتمان دۆست و پێشکەوتووخواز پێشنیارکردو گوتی: (بچنەناوبەرەیەکی یەکگرتوو) ژەنەڕاڵ بارزانی ئەو پێشنیارەی ڕەت کردەوە وگوتی: ئەو ناتوانێ( بەکەسانێک متمانە بکا) وپشت ببستێت کە چ بۆنیان لەئیخلاق وئینسانییەت نەکردوە... دەردئەوەیە کە ئەمانە لە سەرقەوڵ و بەڵێنی خۆیان ڕاناوەستن! ئیمانیان بە قسەکانی خۆیان نییە!)

## 4-پادشای ئێران و ڕێکەوتنامەی 11ی مارسی 1970

کەچی ئێستا ناتوانین بڵین، ژەنەڕاڵ بارزانی بە دورستی چ کات سەر لە نوێ لە گەڵ (شا) پەیوەندی گرت بەڵام ئەمە مەعلوومە: کەلە دوایی ئیمزای ڕێکەوتننامەی 11ی مارسی 1970 پەیوەندی بارزانی لەگەڵ (شا) بەتەواوی قەتیا. یەکێک لەو کەسانەی کە ئەو چاخ پەیوەندی

بارزانی و شا، بوو دەڵێ: (شا تورەبوو) پێکهاتن لەنێوان بەعس و کوردەکان لە ڕاستیدا بۆ شای ئێران،بەو مانایەبوو کەئێراق بە هێزتر لەهەر سەردەمێک لە گیروگرفت ڕزگاری بووە، وبەرفرەوانی دەسەڵات بە سەرداشکاوی وی لە تەواوی دەڤەری کە نداوی فارس هەڕەشە دەکات. ئەم سەرکەوتنە بەمانای هەڵایساندنی دەست وجێی ڕاپەڕین لە کوردستانی ئێرانیش بوو. شۆڕشێک کە ئیدی بارزانی موجبوور بەپێشگیری ئەونەبوو. بەڵام کاتێک ناردراوانی (شا) دێن و لە بارزانی پرسیاردەکەن: (ئاخۆ دەیەوێ ببێ بەعەرەب!؟) بارزانی کە پێشتر ڕایگەیاند بوو چ کاتێک لەگەڵ بەعس ڕێکناکەوێت، لە وەڵامدا دەڵێت: (خەجاڵەتم...) بەڵام هەتا منداڵەکانم پێم دەڵێن: ( هەنۆکە کە خودموختاریمان هەیە ئیدی بۆ چی بەشەڕ بێین!؟)

5-خۆتێگلانی شوورەوی

وێدەچێ لە دوایی ئیمزای بەڵیننامەی ئێراق ویەکیتی سۆڤیەت(8-ئاوریلی 1972)

کە شای ئیران لە بەرفرەوانی شوین تێکردنی شوورەوی کەوتبوو دڵەڕاوکە، سەر لە نوێ لە گەڵ ژەنەڕاڵ بارزانی پەیوەند دەگرێ،لە ڕاستیدا ژەنەڕاڵ بارزانی لە مانگی فۆرییە لە(ناوپردان)وەفدی یەکیتی سۆڤیەت بە بەرپرسایەتی( ئەم رمانسف) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کموونیستی یەکیەتی سۆڤیەت قەبووڵ کردبوو، ئەم چاو پێکەوتنە لە دانیشتنەکی یەکجار دۆستانە بەڕیوەچوو، شوورەویەکان لە ژەنەڕاڵ بارزانیان داواکرد، ڕابردو لەبیرخۆی بباتەوە، لاپەڕیکی نوێ لە پەیوەندی لەگەڵ بەغدا، بکاتەوە..ژەنەڕاڵ بارزانی کە زوانی ڕووسی باش دەزانی هەر بە شێوەی قسەکانی تەمسیلی خۆی وەڵامی داوە: (سەدام حوسین لەپێ هەتا توقی سەری گواوییە!) یارمەتی ئێوەی بۆ ئەمەیە کە خۆی پێ بیسمل کات..ئەگەردەتانەوێ یارمەتی بدەن بۆ ئەم بیروڕایە، لاقتان لە سەرشانی خەڵکی کورد دامەنین-بەشێوەی تایوان! (ئەوکات نیکسۆن لە پەکەن بوو) وبارزانی لە شوورەویەکانی داواکرد، بەرلە گرێدانی هەرجۆرە بەڵێننامەیەک لە گەڵ ڕژیمی بەعس، پێویستە لە گەڵ سازمانەکانی سیاسی دیکەی ئێراق،ڕاوێژ بکەن.

چەند حەوتوو دوایی (کاسگین) بە فەرمی سەفەری بۆ ئێراق کرد، و ڕیبەرانی کورد لە ڕێگای ڕادێو، لە بەڵینامەی دۆستایەتی ئێراق و شوورەوی ئاگاداربوون.... محەمەد محموود عەبدولرحمان (سامی) ئەندامی دەفتەری سیاسی پارتی دێموکڕات و وەزیری کاروباری باشوور، بە ئەمری ژەنەڕاڵ بارزانی لە کاسگین داوای وەخت گرتنەوە بۆ چاوپێکەوتن دەکات، لەو چاوپێکەوتنەدا وەبیرهێنانەوەیەک سەبارەت بە وەزعەکە دەداتە کاسگین- کاسگین قەولی پێدەدا بوخچەی مەسەلەی کوردەکان لە گەڵ ڕێبەرانی ئیراق بکاتەوە، و لە کوردەکان داوا دەکات لێژنەیەک بە بەرپەسایەتی سکرتێری گشتی حیزب، حەبیب کەریم بۆ یەکیەتی سۆڤیەت بنێرن. بەڵام کاسگین بۆخچەی مەسەلەی کوردەکانی لەوت وێژەکەی خۆیدا، لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێراق نەکردەوە، سەفەری لێژنەی کوردان بۆ یەکیتی سۆڤیەت، بە قەولی کوردان،بە ڕەواڵەت بەهۆی(لەگۆڕیدابوونی وەزعەکی تایبەت لە ئیراق) بە زەمانی نادیار، وەپاش درا. لە ڕاستیدا، بارزانی دوایی ناهومێدبوون لە داکۆکی شوورەوی ئیدی کەسێک و جێگایەک نەمابوو کە کوردەکان ڕووی تێبکەن و بۆ گیرسانەوە پەنای بۆ بەرن...جگە لە شای ئێران و ئامریکا!

### 6-پێکهاتن لە گەڵ (شا) و سازمانی (سیا)

بۆ کوردان قۆزتنەوەی قازانج لەمە باشتر نەدەگونجا: ئێران بە دڵەڕاوکەوە، دەیدی یەکیەتی سۆڤیەت پەیماننامەی دۆستایەتی لە گەڵ ئیراق گرێداوە... وشا،کە بۆخۆی سنووریکی هاوبەشی دووروو درێژی لە باشوور لەگەڵ شوورەوی هەبوو، هەنۆکە لەنەکاو دەیدی کە شوورەویەکان جێگە پێیەک لە ڕۆژئاوا، یانی ئێڕاق وەدەست هێناوە، و پێگەیەک لەکەنداوی فارس- ئەم ڕەگی چۆڵەمەی حەیاتی ئیران-وە دەست گرتووە...

ئامریکایەکان لە پالێوتراوەی جێگری ئینگلیزیەکان، لە کەنداوی فارس بوون، بۆ لە وزەو تواناخستتنی ڕژێمی ئێڕاق،هەر ئەم بیروڕایەیان هەبوو، بەڵام بۆ داکۆکی لە ڕاپەڕینەکی دژ بەئێراق بەڵگە ودەلێلی تایبەتی دیکەش هەبوو: کوردەکان بەبزمارکردنی بەشێکی گەورە و بەرچاو لەعەسکەری ئێڕاق، لە چیاکانی باشوور، پێشگیریان لەمە دەکرد کە ئێڕاق لەکێشەی عەڕەب وجوولەکاندا خۆی تێوەردات. جگەلە بەشێک لە مەسەلەکە،کە فرزەی نهێنی شکاندبوو گەیبوو بە(گۆڤاری دەنگی ئاوایی) و ئەو هەلەی ڕەخساندبووکە (راپۆرتی پایک)سەبارەت بەتێکۆشانی (سازمانی سیا) بڵاوکاتەوە. لە تەداخۆلی (سیا)لەکاتی شۆڕشی کوردەکان شتێک نەزانراوە-وئەمە یەکێک لە نهێنیترین عەمەلیاتیکە کە(سیا) ڕێکیخستبوو.

لە ڕاستیدا دەم ودەزگای ناوەندی ئیستخباڕاتی ئامریکا(سیا) پێشتر، یانی بەرلە واژووی ڕێککەوتننامەی 11ی مارسی 1970یارمەتی بە ژەنەڕاڵ بارزانی،لە ڕووداوی شەڕی دووەمی بەعس، دژی کوردەکانی خستبوو بەرتۆژینەوە. بەڵام ناعیلاج بوو لە بەرامبەر دژایەتی سەرکۆنسولگەری کاتی ئامریکا لە تاران لە گەڵ هەرجۆرە دەست تێوەردانێک کە(بە،بەردەوام بوونی شۆڕشی کوردان یارمەتی بکات و بە بەرفرەوانی داوێنی جیاخوازنە پەرە بدا و وێدەچێ بە شوورەویەکان فورسەت بدا(بۆ لایانگرانی دیکەی ئامریکا) تەنگەژە بێنێتە دی) لەم بەرنامەیە چاو بقووچێنێت.

سازمانی سیا، لەمانگی ئەوتی 1971 و مانگی مەی 1972 سەرلەنوێ دەست بکار دەبێ، بەڵام پێشنیارەکەی جارێکیتر لە دوایی بەسەرداچوونەوەی پەروەندەکە، لە لایان دکتۆر هنری کێسینجر، ڕاوێژکەری نیکسۆن لەکاروباری ئاسایشی ناوەخۆ، ڕەت دەکرێتەوە. لە دوایی گرێدانی بەڵیننامەی دۆستایەتی ئێڕاق و یەکیەتی سۆڤیەت کیسینجر، بیروڕای خۆی گوڕی وپڕزیدنت نیکسۆن لەپاش چاوپێکەوتن تایبەتی لەگەڵ شا-لە30یان 31ی مەی 1972بڕیاری بەقەبووڵ کردنی نەخشەی سازمانی سیا،گرت. ئەمە دەرەتانی بە ژەنەڕاڵ بارزانی دا کەلە ماوەی ئەوتی 1973هەتا 1975لەیارمەتی 16میلیون دۆڵاری ئامریکا، کەلک وەرگرێ. چەند حەوتوو پێشتر، (شا) لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتی لە گەڵ ژەنەڕاڵ بارزانی ئاشتی کرد، و یارمەتیەکی ئەوهای بە کوردەکان کرد، کە16میلیون دۆڵاری (سیا) لەبەرامبەری ویدا شتێکی زۆر کەم وناقابیل بوو. بەڵام بارزانی چ کات لە بێ متمانەیی خۆی سەبارەت بە نییەتی شا،کەم نەکردەوە، چونکە ئەوبباشی لە مەڕامی شا، گەیبوو، ئەمما خۆتێوەردانی(سیا) بۆ وی جۆرە(دەستەبەریک) بوو: لە نەزەری وی خۆتێهەڵقوتاندنی (تداخل)ئامریکا، پێشگیری لەمە دەکات کە(شا) ئەمڕۆ لەگەڵ وی بێ وسبەی لەگەڵ وی نەبێت و بەرەڵلای کات.

لەڕاستیدا ژەنەڕاڵ بارزانی لە بەدشانسی خۆی ونەتەوەی کورد، پێی وابوو یارمەتی وەرگرتن لە سازمانی سیا، بە مانای ناسێنێکی نیوە فەرمی بزوتنەوەکەی وی لە لایان دەوڵەتی ئامریکایە-کە وانەبوو.

لەڕیبەرانی کورد تەنیا سێ جوارکەس لەئاڵقەی ئەم پەیوەندییەدا لەگەڵ سازمانی سیا، دابوون، کورەکانی بارزانی، یانی: ئیدریس ومەسعود وسامی(محەمەد محموود عەبدولڕحمان). ئیدریس ومەسعود ئەزموونی دیپلۆماتیان نەبوو، وتەنیا سامی بوو کەبارزانی ئاگادارکرد، کەبەهۆی شێکردنەوە، تێکۆشانی دەم ودەزگایەکی ئیستخباڕاتی وەکوو(سیا) نەشێت حکوومەتەکەی خۆی دەستەبەرکات.

بەڵام بارزانی بە کوێرە کوێرە، بیروڕای لە سەر ئامریکا هەڵچنیبوو،و(بەچ زلهێزەکی دیکەی متمانە نەبوو) بارزانی ئەمەی بۆ خۆی بە بەشێکی زۆر لە ئامریکایەکان، کە لە گەڵ وی ئامووشۆ و دانیشتنوو ڕۆنیشتن و وت وێژیان هەبوو گوتبوو: (ئەگەربزوتنەوە سەرکەوتووبێت، حازرە ببێت بە پەنجاو یەکەمین ئایالاتی ئامریکا.)

لێرەیە کە مرۆڤ لە خۆی پسیاردەکات؟ تۆ بڵێی ژەنەڕاڵ بارزانی لە چاوپێکەوتن لە گەڵ کێسینجر، متمانەی فەرمی تری لەوی وەرنەگربێت!؟ ژەنەڕاڵ بارزانی وەزیری دەرەوەی دواڕۆژی ئامریکای ئیکجار خۆشدەویست، هەتا جارێک سێ قالیچەی پێشکەش کرد، وکاتێک ناوبراو ژنی مارەکرد، گەردنبەندەکی مرواری دابەخێزانی وی، لە حاڵێکدا چ دەلیل و هۆیەک بۆ ئەم جۆرە دیاری وخەلات و پێشکێشە بەوی یان بە پرزیدنت نیکسۆن، یان وەزیری دەرەوەکەی،ویلیام راجرز، لە گۆڕێ نەبوو.

بەپێی دەنگووباسی ڕادیوی (دەنگی کوردستان) بارزانی لە ئۆکتۆبری 1947جارێکی دیکە لە تاران چاوی بە هنری کێسینجر کەوت، لەم دانیشتنەدا بارزانی لە ڕاستیدا قوربانی دوو ڕوویی دۆزو کەڵەک و حوقەبازی کێسینجر، ڕاوێژکەری پرزیدنت نیکسۆن بوو.

### 7-بوومەلێلی پەیوەندی بارزانی وبەغدا

لە سەر داوای شا،پرزێدنت نیکسۆن و کێسینجر،ئیکجار نهێنیکاریان دەکرد، هەتا ئاڵقەی پەیوەندییەکانی بارزانی لەگەڵ ئامریکایەکان، شتێک وەبن گوێ دەرەوە نەکەوێ، سەرکۆمارنیکسۆن لە نێوەڕاستی ژوئیەی 1972جان کانالی، وەزیری خەزێنەداری پێشووی خۆی بۆ تاران نارد، هەتا بەشا، ڕابگەیەنێ کەئەو هاتووتە سەرئەم بیروڕایە کە نەخشەی (سیا) قەبووڵ بکات. وەزارەتی دەرەوە کە دژی ئەم گەلاڵەیەبوو، زۆر وێدەچوو لە جەرەیانی مەسەلەکەدا قەراری نەگرتبێت.

شای ئێرانیش لە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ بارزانی بەو ڕادە لایانی نهێنی ڕەچاو دەکرد،دیارە لە ئیران کمیسیونی لێکۆڵینەوەی پەرلەمانی نەبوو(ئاماژەیە بەکمیسیونی پایک لەکۆنگرەی ئامریکا) بەلام بە پێچەوانەی ئەو هەموو نهێنیکاری وپاراستنە، ڕێبەرانی بەغدا زۆر زوو بۆنی هێندێک شتیان کردبوو، و لە دووماهی ژوئیەی 1972 ڕۆژنامەی ئەلثوورە، ڕۆژنامەی بەعسی ئێراق، بارزانی تاوانبار بە وەرگرتنی چەک وچۆڵی قورس و ئیستگای نوێ ڕادیۆیی لە

ئیران، و کردنەوەی ئۆردوگاکان لە ئیران  بە ئامانجی حاملان و ڕاهێنان بە هێزەکانی کورد کە(ڕووخانی حوکم، و دەسەلاتی مللی مەوعیزەو بلاو دەکەنەوە، دەکات.)

کوردەکان هێشتا پێنج وەزیریان لە لێژنەی وەزیران داهەبوو بەلام لەدوایی داڕژانی پیلانێکی دیکە بەگیانی ژەنەڕاڵ بارزانی لە15ی ژوئیەی 1972،بە پێچەوانەی گۆڕینەوەی زنجیرە نامەو ،وەبیرهێنانەوە، قەتیانی پەیوەندی بە کردەوە کامڵ بوو.

لەسی و یەکەمی ژوئیەی 1972 دەفتەری سیاسی پارتی دێموکراتی کوردستان، وەبیرهێنانەوەیەکی 11ماددەیی دەداتە بەعس. بەهۆی ناوەڕۆکی وی (دەسەلاتدارانی پلەبەرزی وەزارەتی ناوەخۆو دەم ودەزگای ئیستخباڕاتی ئێڕاق) بە داڕژتنی دوو پیلان بەگیانی بارزانی تاوانبار دەکات، و لە سەر بوومەلێڵی بێ وێنەی پەیوەندی پارتی دێموکڕات و بەعس لەڕێککەوتننامەی11ی مارسی 1970 بەم لاوە، پێدادەگرێ و ڕووندەکاتەوە کە وەزعەکە، لە حالی تەقینەوە دایە، ئەگەر بێتوو ڕێبەرانی ئێراق( کە دەفتەری سیاسی حیزب ئەوانی بە بڕیارگری سیاسەتی پەلامار تاوانبارکردوە) شێوەیەکی بە تەواو پێچەوانە وەپێش نەگرن، هەلۆیستی خۆیان سەرجەم نەگۆڕن، حیزب ناعیلاج.... (بەبەرەکانی دەبێت). ولەپاش گۆڕینەوەی زنجیرە نووسراوەیەکی نهێنی لە نێوان دەسەلاتدارانی بەعس(23ی سپتامبەر1972) وپارتی دێموکڕاتی کوردستان(28ی ئۆکتۆبری 1938) دەمەتەقە ئاشکرا دەبێ، و ڕۆژنامەی ئەلثورە(ئەندامانی پلەبەرزی) پارتی دێموکڕاتی کوردستان بەمە تاوانبار دەکات کە(دەنگووباسی نیزامی سەبارەت بەئەڕتەشی ئیڕاق لە ئیختیار دەسەلاتدارانی ئیران و ئەفسەرایێکی پەیوەندی گری ئیسرائیل دەنێن)...و ئەمەی لێ زیاد دەکات کە هەبوونی پەیوەندی نێوان بزوتنەوەی چەکدارانەی کوردەکان و ڕێبەرانی کۆنەپەرست و پاشکەوتووی ئیران، لەمپەرێکی ڕاستەقینە بۆ سەرڕێگای یەکیەتی دوو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و بەعسە.)

## 8-ئاشتی گالتەجاڕ لە 1973،

لە بەهاری سالی 1973 ئێڕاق بە کردەوە بوو بەدوو لەت: سنووری نادیاری(کوردستانی ئازاد) یانی(کوردستانی ژێردەسەلات وچاوەدێری پێشمەرگەکانی، ژەنەڕاڵ بارزانی) بە کردەوە لە بەشەکانی ئێڕاق جیا دەکاتەوە،ئەگەر بیتو کەسێک بیهەوێ و بشێت لە بەغداوە، بچێتە کوردستان، لە درێژایی ڕێگای کەرکووک و هەولێر، تووشی بنکەی ئیکجارزۆر دەبێ کە پێشمەرگە چاو لە پێناسی وی دەکەن، دەی پشکننەوە، و ئۆتومبێلەکەی دەگەڕێن. ئۆستانداری هەولێر(ئەربیل) کوردێکە بەناوی عەولا ئەتروشی کەلە1962پالی وەبارزانی داوە، بەلام حوکمات وچاوەدیری بەسەر(ئیستخباڕاتی) ناوچە بە ڕادەیەکە، کە بەرپرسی پۆلیسی ئەربیل، حوسین شیروان کە ئەویش کوردبوو،بە ڕۆژی ڕوون لە شاری بەغدا ون بوو. و لە سەرەتای 1973کەلاکەکەی، کە زۆر بە ناحەزی هەتک پێکرابوو، تەسلیمی بنەمالەکەی کراوە.

پەیوەندی نێوان بەغداو ژەنەڕاڵ بارزانی چ کات ئەوها، ناخۆش نەبوو: هەر وەک حەبیب کەریم،سکرتێری پارتی دێموکڕات دەلێ: پەیوەندی نێوان پارتی وبەعس، کەلە درێژایی سالی 1972 بەرو ناکۆکی دەرۆیی لە ئاکامدا بوو(بەسفر). بەبۆچوونی ڕێبەرانی پارتی دێموکڕات،ئامانجی گەورەی سەدام حوسین،(کوشتنی ژەنەڕاڵ بارزانی) و بەڕێوەبردنی

ڕیککەتنامەی 11ی مارسی 1970لەگەڵ گروپێک بوو کە بەئارەزوی بەعس،هەستان ودانیشتنیان دەکرد یانی(جاشەکان.) کوردەکان (هەرئیستێک) چاوەنواڕی هێرشی ئەرتەشی ئێڕاق دەکەن، بەڵام وتووێژ، هێشتا نە قەتیاوە.

عەبدوڵڵا سامڕایی خاوەن نەزەری بەعسی ئێڕاق،بۆ کردنەوەی گرێپوچکەی ئەم قەیرانە،کە لە متمانەی لایانەکان هاتۆتەدی،و پێخشاندن، بە سەر لێک تێنەگەین وزەنینی (کەسانێک کە وافکردەکەنەوە،و پێیانوایە سەدام حوسین، لە پشت سەری ئەو کەسانەیە، کە دەیانەوێ دەسەڵات و شوین تێکردنی بارزانی، لەناو بەرن) پێشنیار دەکات چاوپێکەوتنێک لە نێوان ڕێبارانی بەڕێوەبچێت و یەکێک لە کوڕەکانی بارزانی بۆ حازر کردنی پێشەکی سەردانی سەدام حوسین لە ناپردان، بچێتە بەغدا.

سروشتییە،لە دوایی ئەوپیلانەی کە لە دەسامبەری 1970 لەبەغدا بۆ گوشتنی ئیدریس بارزانی کرا، ئیدی جارێکتر مەسەلەی ناردنی ناوبراو بۆ بەغدا،لە گوڕێ نەبوو، دەجا ئەمە مەسعودبارزانییە کە دەچێ هەتا زەمینەی تەشریفاتی چاوپێکەوتنی سەدام ئامادە، بکات.

لە کوردستان شتێک سەبارەت بە پێکهاتن لەنێوان بارزانی وئێران و(سازمانی سیا) وەدەرناکەوێ، بەڵام لە ناو دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی حیزب قەڵشتێک وەبەرچاو دەکەوێ: هێندێک لە ئەندامی ئەو دوو حیزبە-کە وێدەچوو شتێکیان لەم بارەوە نەزانیبێت-هێشتا لەسەر ئەم ئاقیدە بوون، کە لە ڕێگای وت ویژ، دەکرێ بەڕێگا چارەبگەن،لە حاڵێکدا ئی دیکە( یەک لەوان دکتۆر مەحموود عوسمان) بە هیچ لەونێک لەگەڵ ئەم بۆچوونە، نەبوو.

لە نێوەڕاستی ژوئێنی 1973ژەنەڕاڵ بارزانی لەگەڵ ناردراوەی (واشنگتۆن پۆست) وتووێژێکی سەیردەکات، ئەو لەو ئاخافتنەدا لە ئامریکا داوا دەکات( بە شێوەی سیاسی، ئینسانی، یان نیزامی...بە ئاشکراو یان بە نهێنی)لە گەلی کورد داکۆکی و پشتیوانی بکات! لەم گفتووگۆیەدا بارزانی دەڵێت: ئەگەر بێتو ئەیالاتی یەکگرتووی ئامریکا، لە بەرامبەر ئەم (گورگانە) لە ئێمە داکۆکی بکات، ئێمە حازرین لەم ناوچەدا، بەمەیل وئارەزوی سیاسەتی وی بجوڵێینەوە.... ئەگەر بەڕادەیەکی پێویست لە ئێمە پشتیوانی بکرێ، دەتوانین مەڵبەندەکانی نەوتی کەرکووک بخینە ژێردەسەڵات، و کەلک وەرگرتنی بە کۆمپانیەکانی ئامریکایی بسپێرین. ئەو دەڤەرە وڵات و زێدی ئێمەیە، و لە ئێمەی کورد زێدەترکەس فڕی بەسەروەنیە، خاوەنەکەی ئێمەی کوردین،و مەسەلەی هەرخۆیی ونەتەوەیی کردنی نەوت، ( شەریکەی نەوتی ئێڕاق) لە سەرەتای ژوئین 1972، کردەوەیەک بوو کە بە دژایەتی لە گەڵ کوردان سەری گرت)

و ژەنەڕاڵ بارزانی لە کۆتایی قسەکانی خۆیدا دەڵێ: حازرە کە یارمەتیەکانی ئامریکا، بەهۆی ئیسرائیل، ئێران، وەربگرێت بەڵام هەڵبەتە ڕاستەوخۆ باشترە) پێویستە ئەوەبڵێین: کە ئیدی باسی سەفەری مەسعود بۆ بەغدا، و وت وێژ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغدا شتیکی زێدە و بێ کەلک و لەخۆڕایی بوو!

1-جەبهەی مللی(ژوئیەی 1973،

پێکهێنانی (جەبهەی نەتەوەی) کەلە 17ی ژوئیەی 1973 وتەنیا بریتی لە حیزبی بەعس و حیزب کموونیست ئێراق بوو،پاش دووره‌پەرێزی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەلکان بەوی،خولێکی نوێ لە نەگەڕانەوەی پەیوەندی بارزانی و بەغدایە. کوردەکان لە وەبیرهینانەوەیەک، مەرجێک کە بۆ لکان بە جەبهەی ناوبراو قائیل ببوون،هەژماردن: --پێکهاتنی پێشوو سەبارەت بەخۆدموختاری --پێکهینانی پێشوو سەبارەت بەشێوازکان و ئامرازی دیاری کردنی سنووری دەڤەری خودموختار. ئیجازەدانی ڕۆڵی بەڕاستی بۆ بەڕیوەبردنی کارەکان بەحیزبەکانی دیکەی بەشداربوو لە جەبهەی (حیزبی کموونیستی ئێراق وحیزبی دێموکراتی کوردستان) هەتا دەم و دەزگای حکوومەت،پەیوەندی بە دەسەلاتی بەعس نەبێت.

-لەئاکام، بەئامانجی گەڕانەوەی دێموکڕاسی بەڕاستی لەوڵات، بۆ هێنانەدی هەڵبژاردنی ئازاد و گشتی لانی زۆری ماوەی ساڵێک دوایی لکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەرەی ناوبراو.

دکتۆر مەحموودعوسمان، هەستی کوردەکان سەبارەت بە جەبهەی مللی بەم جۆرە بەڕوونی شی دەکاتەوە: (سێ ساڵ ونیوە کەلە حکوومەتدا بەشداریمان هەیە، شتێک بەئێمە نەبڕاوە... دەجا ناتوانین واردی ناو تەشکیلاتی تازە بین.) بەڵام پێکهێنانی جەبهەی مللی، بۆکوردەکان ئاکام ودوارۆژی گرینگی بە دواوەیە: و بەپساندنی پەیوەندیان لە گەڵ کموونیستەکانی ئێڕاق، دەم پێدادێنێت. چەند مانگ دوایی پەیوەندی نێوان حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وحیزبی کموونیستی ئێڕاق، ئەوها دەکەوێتە برجی تارمایی کەلە کوردستان قونەشەڕی چەکدارانە لە نێوان کموونیستەکانی کوردو کوردەکانی لایانگری حیزبی دێموکڕات، ڕوو دەدا..لەمە بەدوا لاتەریکی وگۆشەنشینی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ڕادەی قولایدا،مەیوە.

## 10-ژەنەڕاڵ بارزانی وشەڕی عارەب وجوولەکان ئۆکتۆبری 1873

میسریەکان و ووریبیەکان، بەهێرشی ئیسڕائیل لە6ی ئۆکتۆبری 1973نوێکردنەوەی دوژمنایەتی لە کوردستان، شەش مانگ وەدوا خست: لانی کەم ئەمە ئەوبیروڕاو باوەڕی ڕێبەرانی کوردبوو،کەپێیان وبوو ئەگەر شەڕ لەجەبهە ئیسڕائیل نەبوایە، ڕێبەرانی بەغدا بە هێزترین تیپەکانی خۆیان بۆ کوردستان دەنارد.

لە18ی سپتامبەری 1973بەم لاوە،سەرژمێری پێک هەڵپڕژان لە تەواوی کوردستان رووی لەزیادی دابوو، دوو هەنگی ئەرتەشی ئێڕاق، لە(القوش وشێخان)پەلاماری پێشمەگەکانیان دابوو، و لە 13ی ئۆکتۆبری 1973ئەرتەشی ئێڕاق، بۆ شوێنی هێزەکانی ژەنەڕاڵ بارزانی،لە(دەربەندیخان)هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەلاتی کوردستان،هێرش بردبوو ئەوانی لە شوێنەکانی خۆیان هەڵقەندبوو پاشان ئەو شوێنانەی سەرجەم بە تاڵ کردبوون.

دەفتەری سیاسی حیزب بۆ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەولێکۆڵینەوەی وەزعەکە، بە کۆبوونەوە بانگهێشتن کرابوو، کە شەڕی ڕەمەزان هەڵایسا: ژەنەڕاڵ بارزانی دەست بەجێ وەڕەقی یەکیتی لەگەڵ عارەب دژی جوولەکان هێناکایە) وبەتەواوی هێزەکانی پێشمەرگەی ئەمرکرد، لە بەرەوڕوو بونەوە، لەگەڵ ئەرتەشی ئێڕاق خۆ بپارێزن، و بە هۆی ئازیز شەریف، وەزیری ڕاوێژکەرو، وەرگری خەلاتی ئاشتی لێنین، قاقەزێکی بۆ ژەنەڕاڵ حەسەن ئەلبەکر، نارد، و لە

وێدا پێشنیاری کرد(وت وێژێک) بەڕیوەبچێت، وڕایگەیاند کە حازرە لێژنەیەک بنێرێتە بەغدا، یان وەفدیەک، کە بەغدا دەیەوێ بینێرێ، بە باوەش هاوەڵایی وەری بگرێت. بەڵام سەرکۆمار حەسەن ئەلبەکر، وەڵامێکی بەم پێشنیارە نەداوە.

بەڵام لە ڕاستیدا ژەنەڕاڵ بارزانی لەم سەروبەندە دا کە دوو دیپلۆماتی یەکیەتی سۆڤیەت بۆ چاوپێکەوتنی ئەو چووبوونە حاجی ئۆمەران هەتا لە وی داوابکەن بۆ حکوومەتی ئیراق تەنگەژە سازنەکات، لە15ی ئۆکتۆبر بەپیی نامەیەک کە لە ناوەڕۆکی وی ئاگاداریەکی ڕاست لە گۆڕێدانیە، لە کێسینجری نەزەرخوازی کرد: پیت چوونە دژی مۆڵکەکانی عەسکەری دەست بە هێرش گشتی بکات! بەڵام هەر وەک لە ڕاپۆرتی (پایک) وەبەرچاو دەکەوێ، سەرکۆمار نیکسۆنیش وەکوو شای ئیران و- کیسینجر- زێدەترلە هەر شت، خوازیاری ڕاگرتنی وەزعەکە بوون، و ئەمە کوانێکی سەرەتانی (لەجەستەی ئیراق) دا بوو، هەتا چۆڵەمەی ژیانی گرتبوو، وهیچ کام لەوانە ئارەزوی سەرکەوتنی کوردانیان بۆ بەدەست هێنانی خودموختاریەکی بەڕاستی نەبوو.

کیسینجر لە16ـی ئۆکتۆبری 1973 یانی 9ڕۆژ دوایی دەستپێکردنی شەڕ، لەجەبهەی عارەب و ئیسڕائیل، گوتبووی بەمجۆرە وەڵامی ژەنەڕاڵ بارزانی بدەنەوە: کە(ئەو پێشنیاری هێرش بۆسەرعەسکەری ئێراق، بەمەسڵەحەت نازانێت) لە حالێکدا بە وتەی ئەوانەی لە مەیدانی شەڕبوون و ڕاپۆرتیان کۆ دەکردەوە، یەک لەوان ڕاپۆرتی (پایک) بۆچونیان ئەوەبوو کە هێرشێکی ئەوها وێدەچوو هەرجۆرە سەرکەوتنێک وەدەست بێنێ.

11-پیشنیارەکانی پەیوەندیدار بەیاسای بنەڕەتی

ئەگەر بەهۆی شەڕی عارەب وئیسڕائیل نەبوایە، ئەرتەشی ئێراق، وێدەچوو لەسەرەتای ئۆکتۆبری 1973 هێرشی ببربایە سەرکوردەکان. ئەگەرخۆتێهەڵقوتاندنی کیسینجر نەبوایە، بێگومان بارزانی چەند ڕۆژ دوایی هێرشی دەکردە سەرمۆڵگەکانی ئەرتەشی ئیراق، هەل ومەرج و بیروبۆچوون،بێ بایەخ دەبوو. بەڵام لە سەر ئەوەش ڕا،دەبێ بڵێن: گەڵاڵەیەک کە پارتی بۆ دورستکردنی یاسای بنەڕەتی_ دەستوور) ڕێکیخستبوو، سەرنج ڕاکێش بوو، چونکە گەڵاڵەی خۆدموختاری کوردستانی بە ناوەرۆکێکی پتوون وپتەو ڕوونتر لەوەی کە لە بزوتنەوەکانی ڕابردووی کورد، هەتائێستە دیاری داوە، دەخستە بەرچاو، ئەم سەنەدە ئیکجار تێروتەسەلە و زۆر بە ڕوونی شێ دەکاتەوە(کە پشکەبەشی ناوچەی خودموختار لە داهاتی بودجەی گشتی وڵات لەگەڵ سەرئەژمێری دانیشتوانی دەڤەرەکانی دیکە وەکوو یەک-یەکسان-بن.) و لە ڕاسیدا پێکهێنانی دەزگایەکی ڕێوەبەری و یاسادانان بۆ کوردستان پێشنیار دەکات، لەگەڵ پەرلەمانێکی مەڵبەندی، بەدەسەڵاتێکی یەکجار بەرفرەوان،لە مەڕ پەسەندکردنی داهات وداڕژتن و فۆرمۆڵەکردنی قانوونەکانی ناوچەیی. شووڕایەکی بەڕێوەبەری بریتی لە14وەزیر بە دەست نیشانکردنی شووڕای ڕێوەبەری کە بۆخۆی لە لایەن پەڕلەمان هەڵبژێردراوە.ودادگەیەکی بەرزی قانوون ئەساسی، بەرپرسی شووڕای ڕێوەبەری کە سەرکۆماری وڵات بە پێی فەرمانێک ئەرکەکانی وی پەسەند کردوە،بەحاڵێکی ئۆتماتیکی دەبێتە جێگری سەرۆک وەزیران.

عەیبی بنەڕەتی ئەم سەنەدە، کە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و ناوچەیی بەوردی و تێروتەسەل ئازانتی دەکات، ئەمەیە: کە لە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و ناوچەیی

عەرەب نشینی وڵات باس لێوەناکات، یان ناڕوونی ئاڵۆزی لەگۆڕێدا،لەنێوان دەسەڵاتی ناوەندی و ناوچەکانی عەرەبی بێ ئەملا ئەولا قەبووڵ دەکات.

بێ ئەوە هەویستبمان تەواوی ئەم گەڵاڵە لە سەر هەتا خوارەوە لێی بڕوانین، ئەوندە دەڵێین: کەگەڵاڵەی ڕێک وپیک کراوەی کوردەکان، دەم ودەزگای قانوون دانان و ڕێوەبەری بۆ کوردستان پێش بینی دەکرد،کە جگە لە چوارچیوەی وڵاتێکی فیدراڵ،لە داێرەی حکوومەتێکی دیکە بەڕیوە نەدەچوو.

و دیسان بێ ئەوە خۆن لە قەرەی وردەکاریەکانی گەڵاڵەی تەکۆزی حیزبەکانی کمونیست و بەعس بدین، دەبێ بڵێین: کە گەڵاڵەی ڕێک وپێک کراوەی بەعس- کە هەرچەند تیروتەسەل بوو-زۆر (پاشکەوتووتر) لەم گەڵالەبوو، بە تایبەت کە دەیگوت: بەرپرسی شووڕای ڕێوەبەری دەبێ هەڵبژاردەی سەرکۆمار بێت، نەک هەلبژاردەی خەڵک. بل لە وەش، گەڵاڵەی بەعس وشەی(وەزیری) لە کارنەکردبوو، و تەنیا پێکهێنانی دە(ئیدارەی) ناوچەیی پێشبینی دەکرد کە سرپرشتەکانیان(سکرتیری) ناوچەیی دەبوون. بەڵام لە هەموان گرینگتر، گەڵاڵەی بەعس لە پێشەکی خۆیدا دەیگوت: کە پایتەختی مەڵبەندی خۆدموختار سولەیمانیە(یان هەولێر یان دهۆک) دەبێت، و(کەرکووک) ی، لێ جیاکردبۆوە! و بۆ ژەنەڕاڵ بارزانی ئەمە بەمانای ڕاگەیاندنی شەڕ بوو.

## 12-کوردستان لەنێوان خۆدموختاری، وسەربەخۆیی و... لەناوچوون

لە پاییزی ساڵی 1973، بێ ئەمە شتێک سەبارەت بەیارمەتی (شاو سازمانی سیا) بە بارزانی لە دەرەوە سوسەی پێ بکرێ، گۆڕانکاری و ئاڵەگۆڕێکی بەرچاو کە لە کوردستانی ئێراق ڕووی دابوو، هەربینەرەکی کەم ئەزموون و ناشیشی شوێن تێدەکرد.

لەمەڕ نیزامی، چەترێکی بەرگری دژی هێزی ئاسمانی گرینگ لە دەوروپشتی قەرارگای ژەنەڕاڵ بارزانی لە (ناوپردان و(قەسر) ونزیکەی حاجی ئۆمەران، هاتبوودێ. زێدەتر لەهەزارکورد-سەربازی ئاسایی ودەرجەدارو ئەفسەر-کەمانەوەیان لە ئەرتەشی ئێراق بۆ نەدەکرا،ڕێزی ئەرتەشی یان بەجێهێشتبوو بۆ لای بارزانی هاتبوون. لە قەراخ قوجاخی ژەنەڕاڵ بارزانی لە(قەڵایچەی کوردستان) ڕەنگ وڕووبیچمی تازە وەبەرچاو دەکەوتن: بەشێک لەم لاوانە خوینکارانی زانستگایی بوون کەلە ئۆڕوپا دەرسیان دەخوێند و بە پێچەوانەی تێکۆشەرەکانی دیکەی کورد، بە هۆی دانیشتویی لە بەغدا، پشتیان لە کوردستان نەکردبوو.

بەڵام گۆڕانکاری بەرچاو، گۆڕانکاری سیاسی بوو: لەڕاستیدا ڕیبەرانی کورد ئیدی ئەو حەوسەلەو، خۆراگری ئاسایان لە قەراخ دانابوو. ئێستە لەنەکاو کەللەڕەقێ و تووڕەییان دەردەبڕی کە دەکرا بڵێی جێگای سەرسوڕمانبوو!

ڕاستایی داواکانین بەئاشکرا چۆبووسەر، و ئامانجی ژەنەڕاڵ بارزانی ئەوانیتر لە شەڕ ئیدی وەدەست هێنانی خودموختاری نەبوو. ئێراقیەکان ئەوڵین کەسانێک بوون کە لە تۆمەت لێدان بە

بارزانی بەپەروەردەکردن و بڵاوکردنەوەی (بیروبۆچوونی جیاخوازی، وشەی سەربەخۆیی کوردستانیان لەکار دەکرد... بەڵام کوردەکان هەتا سەردەمێکی دوورو درێژ، و بە هەرحاڵ ئاخافتن لەگەڵ بیانیەکان، لە قسەکردن لەمەڕ سەربەخۆیی خۆیان دەپاراست. ئێستا ئەم سەردەمە لە ناکاو دوایی پێهاتبوو. هەڵبەتە دەلیلی کوردەکان ئیکجار زەریف بوو. حەبیب کەریم دەڵێ: (سەربەخۆیی ئاکامی سروشتی تەواوی نەتەوەکانە) و دەڵێ: بزوتنەوەکانی نەتەویی دەگەن و کامڵ بالغ و بۆڕ دەبن بەئاوەزیان دەگەن. بنوارنە ئەلجەزایریەکان..لە سەرەتا، سەربەخۆیان داوانەدەکرد، و ئەم دورشمەیان بە کارنەدەهێنا، تەنیا داخوازیەکانیان بریتی بوون لە مافی یەکسانی وبەرابەری ڕاستەقینە. و لەجەریانی بەربەرەکانی و تێکۆشانە کە جەبهەی ڕزگاریخوازی ئەلجەزایر، داوەکەی بەرز دەکاتەوە، و لە ئاکامدا سەربەخۆیی داوادەکات..ئێمەی کوردیش لە سەرەتا چیمان دەویست؟ مافی قسەکردن و خویندن بە زوانی خۆمان، و ڕێزگرتن لە کەسایەتیەکانمان. ئێستا لە بەرامبەر واسواسی بوونی ڕێبەرانی بەعس، لە بەرامبەر ڕووداوو پیلانی نازم خزار،مەجبوورین ئامرازی پاراستن و بەرگری لە چارەنووسمان لە چوارچیوەی خودموختاری پتەوبکەین، ئەگەر شەڕێکی دیکە دەست پێ بکات، ئەوکات چاو لە سەربەخۆیی دەبڕین.)

حەبیب کەریم لە دوایی قسەکانی دا دەڵێ: خول و سوڕی ڕووداوەو قەیرانەکان، بۆ هەموو نەتەوەکان ئەوهایە، ئاخۆ وانیە؟ ودەڵێ: پێویستە سەرنج بدینە ئەوخاڵە: کە حاشالێکردن و پاشگەزبونەوەی ڕژیمەکانی عەڕەب، کە لە بەغدا بەدوای یەکدا دەهاتن، بووبە سەبەب کە ئێمە ڕاستایی داواکانمان بەرینە سەرەوە.)

ژەنەڕاڵ بارزانی چ گۆڕانکاری بەسەرفکریدا نەهاتووە، ولە1973ش هەروابوو لە1962پێی وایە ئەو هاواڵدەرانەی کە دێنەکوردستان، ناردراوەی دەوڵەتەکانی خۆیانن. هەمێشە سەرەتا بەشێک لە وت وێژ، لە فەزایەکی تەقریبەن سەیر بەردەوام دەبێت. و ژەنەڕاڵ بێ لێبڕاوانە بە لەز چاوەنواڕی ئەمە دەکات لە لایەن ئەوکەسەی سەری قسەی لەگەڵ کردۆتەوە، ئاخافتنەکانی لێ وەربگرێت... وکاتێک لە ئاکامدا بۆی ڕوون بۆوە ئەو هەی لە بەرامبەری دانیشتووە لە هاواڵدەرێک زێدەنییە، ئەو کەڕەت پەیامەکەی بەوێدا بۆ حکوومەتەکەی دەنێرێ!

ژەنەڕاڵ بارزانی ڕادەگەیەنی( ئێمەحازرین لەگەڵ فرانسە، پەیوەندیمان هەبێت، وڵاتی ئێمە دوەڵەمەندە، ئەگەر بێتوو حکوومەتی فڕانسە کەسێک بنێرێتە لای ئێمە، دەتوانین لەمەڕ هێندێک شت... بۆ نموونە ئاخۆ خودموختاری باشترە...یان سەربەخۆیی... لە گەڵی بدویین!

بەدڵگرانیەو دیلمانج(دکتۆر محموودعوسمان، ئەو شتانە وەکوو وەهم وخەیاڵ لێکدەداتەوە) ژەنەڕاڵ بارزانی لە درکاندنی ئەم بابەتە، کە دەبوایە بە یەکێک لە دیپلۆماتەکانی گوتبوایە، خۆی پێ ڕانەگیرا( سەرزەمینی کوردستان لە مەڕ سەرچاوەگەلی نەوت، دەوڵەمەندو هەنگڕاوە. ئەمە زێدی ئێمەیە، خاوەنەکەی ئێمەین...) ئێمە بە وەرگرتنەوەی وی بەمافی چ کەسێک دەست درێژیمان نەکردوە، ماڵی مەیە...) ژەنەڕاڵ بارزانی ئەوجار دەڵێ: (ئەگەرناردنی نەوتەکەمان لە ڕێگای سووریيە و ئێراقیش بۆ بووز نەخوا، مەسەلەنییە، ئێمەدەتوانین ڕێگایەک بۆ بۆڕیەکانی نەوتەکەمان بدۆزینەوە، ئەگەر بێتوو یارمەتێەکی ڕیک و پێک بە ئێمەبکرێ، دەتوانین ئەم تەنگەژە چارەسەرکەین.)

ژەنەڕاڵ بارزانیش وەکوو ڕێبەرانی نەتەوەخوازی ئەستانبۆڵی 50ساڵ پێش، دەیەوێ سەربەخۆیی کوردستان لەگەڵ سامانەکەی، کە دەکەویتە دەستی، مامەلە پێبکات، یانی ئەگەر ڕۆژێک کوردستان سەربەخۆیی وەرگرت! ژەنەڕاڵ بارزانش وەکوو ڕیبەرانی ساڵەکانی دەهەی بیست، لە وەرگرتنی خودموختاری یان سەربەخۆیی کەئەو هەموە، بە ئارەزوی وەدەست هێنانیەتی،و جاڕز بوونی خۆی دەردەبڕێ، لە ئۆکتۆبری ساڵی 1973،لەوەڵام بەم پرسیارە، کەئاخۆ بە ڕاستی بە خودموختاری ڕازی دەبێت؟ لە حاڵێکدا کە ئێستاکە کوردستان بە کردەوە ڕزگارکراوە شکڵ و هەیئەت و بیچمی سەربەخۆیی بەخۆوە گرتووە، دەڵێ: (ئەوە ئێمەنیین کە بڕیاردەگرین، بڕیارلەمەڕ ئەوهەی هەمانە بە ئێمەنییە..ئەم پرسیارەی دەبێ لە زلهێزەکان بکەن! بۆچی کوردەکانیان ئەوها لەبیرکردووە؟)

ئەم پرسیارە کە ئەوکات سەری لە ناوکەڵاف دابوو، ئێستا ڕوون وئاشکرایە: (بارزانی خۆی لە بەستێنیکی بە تەواوی مانا بەستنەوە، بەبەرهەڵیخ دەهاتە بەرچاو، لە نەزەری ڕەوانی ئەو چاوەڕوان بوو زلهێزەکان سەربەخۆیی پێ خەڵات کەن لە مەڕ نیزامی و بودجەو هەڵسوڕانی پێشمەرگە، ئەوهێندە بە ئامریکا پشت ئەستوور بوو ئەوهای خۆ پێ ئەسپاردبوو کە بە یەکجەلی خۆی لە دەربڕینی بیروبۆچوون و بڕیاری ڕاستەوخۆ معاف کردبوو. بەڵام ئەو چاخ، چ کەسێک لە مەڕ مەسەلەی گیروگرفت، لە نێوان بارزانی و ئامریکاو ئێرانیەکان کە لە گۆڕیدا بوو ئاگاداری نەبوو... و کەس نەیدەزانی کە لە جەرەیانی شەڕی ئۆکتۆبری 1973ی عارەب و جوولەکاندا کیسینجر بۆتە بەرگری هێرشی بارزانی بۆ سەرئەڕتەشی ئێڕاق... هەر ئەوەندە بەر چاوبوو و ئەوەی دەیاندی یارمەتی ئیران بوو هەتا لە بەغدا هێندێک لە خۆیان دەپرسی؟ ئاخۆ بڵێی ئیمکانی ئەوەهەبێ کە شای ئیران بەڕاستی بیهەوێ بەبارزانی یارمەتی بکات، و بۆ یەکەم جارکە سەربەخۆیی وەرگرت، پاشان لەگەڵ کوردستانی ئێراق، کوردستانی مەزن پێکبێنێت! ئەوکات ئەوی بخاتە داڵدەی خۆی!؟ کە هەر لە ئێستاوە وشەی-(کردادش) وەکوو بنگلادێش، یان بۆ وڵاتی نوێ،داڕشتبوو! بێگومان چ کەسێک ئەوکات نەیدەزانی کە ئەوبیرو بۆچوون و لێکدانەوە لە مەڕ ئامانج و نیەتی پاشای ئێران جگە لە خەون و خەیاڵ وێوەتر، شتێکی دیکە نییە!

## 13-هوویداو مەسەلەی کورد

ڕێبەرانی ئێران سروشتەن لە ئاخافتنەکانی فەرمی خۆیاندا لایەنی خۆڕاگری وشیاران ڕادەگرت. چاخێک لە ئەمیر عەباس هوویدا سەرۆک وەزیرانیان پرسیارکرد، پەیوەندی ئیران لە گەڵ ژەنەڕاڵ بارزانی چۆنە ولە چ بەستێنێک دایە؟ ئەو بە پێدزە خۆی لەم خاڵە بنەڕەتیە، لاریکردو گوتی: (چاولێکەن بدینن..کوردەکان... یەکەمین ئێرانین... کە هاتوونەتە، فەلاتی ئیران...! ئێمە ئەوان بە نەتەوەیەکی جیاواز نازانین. ئەوان ئێرانین... هەموو دەڵێن: ئێران بارزانی پڕچەک کردوە،ئەمن وا فکرناکەم کە بارزانی حەوجێ بە ئەمە هەبێت کە ئێران پڕچەکی بکات. ئەمە خۆدی ئەڕتەشی ئێراقە، کەبە بەجێهێشتنی چەک و تەقەمەنی لە مەیدانی شەڕ، ئەوی بەڕادەیەکی بەرچاو پۆشتەکردوە... جگەلەمە ئەو دەتوانێ بەسانایی لە دۆستانی ئێڕاقی لە هێندێک ناوچە چەک و تەقەمەنی وەربگرێ، لە ڕێگای یەکاوی عارەبان، ئیمە لەو بارەیەوە، ئاگاداریمان لە هێندێک شت هەیە) سەرۆک وەزیرانی ئێران دوایی گوتی: (بەڵام هەڵبەتە ئێمە ناتوانین سەبارەت بەچارەنوسی کوردەکان بێدەنگ بین! ئەوانە... ئەمن ناتوانم بڵێم: کە

ئێرانین، ئەوکات ئێوەدەڵێن: کە ئەنگۆ چاوی تەماحتان بڕیوەتە، ئەم دیوی سنوور،نە بەهیچ جۆر...

ئێمە پێمانخۆشە ئەوان لەو دیوی سنووربدینین! ئەوهەی کەئەوان دەیانەوێ، لەو دیو هەیان بێت! بەڵام لە سەرئەوەش ڕا لە یەک نیژادین، ئەگەر و شەی نیژاد شتێک بگەیێنێت...بدینن،گوتنی چەتوونە: لە لایەکی سنوور،ئێرە، ئێرانە، لە لای دیکە، ئەوێ، ئێڕاقە! (بدینن،لێرە کوڕەمامەکان دانیشتوون لەو لای پزمامەکەن، لەنێوان ئەو دووە هاتووچۆو ئامووشۆ هەیە.)

ڕێبەرانی ئێران چ وەخت بە ئاشکرا لەمە زێدەتر خۆیان دەرگیری چارەنووسی کوڕەمامەکانی کوردیان ناکەن...بەڵام ئەم مەسەلە بە ڕەواڵەت نابێتە هۆی دڵەڕاوکەی ژەنەراڵ بارزانی. وێدەچی فکربکاتەوە(دەستەبەریکی )دیکەی هەبێت!

## 14-لەئاشتی بەدرۆ هەتا شەڕ دەست پێکردنەوە

لەمانگی ئۆکتۆبری 1973ناکۆکی لە نێوان بەغداو ژەنەراڵ بارزانی بەو پەڕی خۆی گەیبوو، و ڕیبەرانی بەعس بڕیاریان گرتبوو، کە خۆدموختاری خۆیان لەگەڵ یان بێ ڕزامەندی ئەو کوردانەی کە لە دەورەی بارزانی کۆ ببوونە وە بە ڕێوەبەرن.

سەدام لەدوایی ڕێک وپێکی گەڵاڵەی قانوونی ئەساسی ناوچەی خودموختار لە17ی ئۆکتۆبری 1973 لە گەرمەگەرمی شەڕی عارەب و جوولەکان، ئەوی بە جەماوەرێک بریتی لە چەند سەت کەسایەتی (پیشکەوتووخواز) و هێندێک کەسایەتیەکانی (سەربەخۆی کورد) هێناگۆڕ. بە بیروبۆچوونی ڕێبەرانی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئیراق، ئەم کردەوە جۆرە دنەو هاندانی خەباتێک بوو. و بەبۆچوونی سەدام حوسین، پارتی دێموکراتی کوردستان نوێنەری هەموو خەڵکی کورد نەبوو-ئەم قسە ڕاست بوو بەڵام سەدام لە دوایی ئەمە، کە بەمجۆرە خەڵکی کورد لە پارتی دێمکڕاتی کوردستان و بزوتنەوەی ژێرڕێبەرایەتی بارزانی جیا دەکاتەوە زۆر زوو دەگاتە ئەم ئاکامە کە ژەنەراڵ بارزانی نوێنەری کوردنییە هەتا نەیاری خەڵکی کوردە- ئەم قسە بەحەقیقەت ئافتنەکی نادورست بوو.

بەپێچەوانەی ناسەرکەوتنی(جاشەکانی 66برایم ئەحمەدو جەلال تاڵەبانی) لەکۆ کردنەوەی بەشێکی گرینگ لەلێکدانەوەو بۆچوونی خەڵکی ئاسایی کورد، لە1966و1970، ڕێبەرانی بەعس هەروا حەولدەدەن سەر لە نوێ بزوتنەوەی دژخوازان لە ناخی بزوتنەوەی کورد، بینەدی.

## 15-مێژووی پساندنی پەیوەندی

لەدوایی هەڵایساندنەوەی دوژمنایەتی، سێ مانگ بە وت وێژ تێپەڕ بوو، پاشان شەڕ دەستی پێکردەوە. لە12ی سپتامبەری 1973(جەبهەی مللی) گەڵاڵەی قانوون ئەساسی ناوچەی خودموختاری کەبەعس ڕیک وپێکی کردبوو، فەرمی بەپارتی دێموکڕاتی کوردستان تەسلیم کرد.

لە سەرەتای ژوئیەی 1974وەفدک بەنوێنەرایەتی کورد دەچیتە بەغدا، مانگێک لە وێ دەمێنیتەوە،بەهات وچۆ، کە بۆ ڕۆیشتن بە قەرارگای ژەنەڕاڵ بارزانی لەحاجی ئۆمەران وگەڕانەوە بۆ بەغدا، لە وت وێژەکانیان، دێتەپێش. ئەندامانی ئەم لێژنە، کە بەرپرسایەتی وی بە حەجیب کەریم، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانە بەتایبەت بریتی بوون لە: (سامی) نووری شاویس، سالح یوسفی، داراتۆفیق وئیحسان شێرزاد.

بەرپرسایەتی لێژنەی نوێنەرایەتی (جەبهەی مللی) بەسەدام حوسین)ە

لە سەرەتا هەر یەک لە دوو لێژنە خاڵەکانی بۆچوونی خۆیان شی دەکەنەوە، دوایی دوو وەفدە، بە ڕەزامەندی و هاوبەشی یەکدی بابەتەکانی گرینگی جێگەی ناکۆکی پیرست دەکەن:

دیاری کردنی سنووری ناوچەی خودموختار

بابەتی چاوەدێری بە سەرسنوورەکاندا لە لایان کوردەکان

پەیوەندی کوردەکان لە گەڵ ئێران

لکانی کوردەکان بە(جەبهەی مللی)

سەیر ئەوەیە، کەلە سەرەتا حەبیب کەریم،سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەتا ڕادەیەک خۆشبین بوو: دەنێتەوەبیر، کە(گفتووگۆی پەیوەند بە بەڵێننامەی ساڵی 1970ش، لە سەرەتا چەتوون بوو.)

ڕێبەرانی بەعس جیا لە هەرچاوپۆشی یەکی دیکە، لە مەڕ هەڵبژاردنی حەبیب کەریم بە بەرپرسایەتی لێژنەی نوێنەرایەتی کورد ناڕازیبوون، لە1970ش بەهۆی ئێرانی بوونی لەگەڵ پاڵاوتراوەی وی بۆ جێگری سەرکۆماری ئێڕاق، دژایەتیان نیشاندابوو.

لە یەکێک لە دانیشتنەکاندا سەدام حوسین جڵەوی دەسەڵاتی لە دەست دەردەچێ و لە سکرتێری گشتی پارتی دێموکراتی کوردستان پرسیار دەکات. بەڵام تۆ ناڵیی نوێنەری کێی؟) وەڵامی حەبیب کەریم یش، ئیکجار توند بوو: ئەمن نوێنەری ئەو هێزەمە کە ئەتۆی ناچارکردو، چەند کەڕەت بێیە چیا؟!)

بەڵام پاش تێپەڕ بوونی 15 ڕۆژ ئیدی حەبیب کەریم ناخۆشبینی خۆی نەشاردەوە! لەکۆتایی ژانویە، کوردەکان و بەعسی یەکان هاتنە سەرئەم باوەڕە کە لە فۆرییە جاریکیتر یەکدی بدینن. هەنۆکە وەزعەکە ئیکجار شڵەقاوە هێندێک لە کوردەکان، وردە وردە،بۆ چیاگەڕابوونەوە. ڕۆژی دیاری کراو، لە مانگی فۆرییە حەبیب کەریم و نوێنەرانی دیکەی کورد نەچوونە بەغدا، و فەواد عارف و ئیحسان شێرزاد، دوو کەسایەتی سەربەخۆی کوەرد،بوون بەجێگری ئەوان(لەشوین واندا چوونە بەغدا)

بۆ سەدام حوسین نەهاتنی حەبیب کەریم وئەوانی دیکە بۆ بەغدا بەمانای هەڵبڕینی وت وێژ بوو و ئاڵۆزی و لێک ترازان هەردەهات توندتر دەبوو.

16-دوایین حەول وتێکۆشانی ئیدریس لەبەغدا

لە5ی مارسی 1975 داراتۆفیق، بۆ بردنی قاقەزی ژەنەراڵ بارزانی بۆ سەدام حوسین، دەچێتە بەغدا، بارزانی لەم نامەدا دەنووسێ: (دەبێ لەنا لەباری وەزعەکە، پێشگیری بکرێ... وپێویستە هەنگاو بنێینە ناو وت وێژێکی ڕاستەوخۆ ومجد...)

سەدام حوسین لەنامەی ڕێکەوت 7ی مارسی خۆیدا لەوەڵام بەبارزانی دەنووسێ: (لە نەهاتنی وەفدی نوینەرانی کورد، لە دانیشنی فۆرییە سەرسوڕمانی خۆی دەردەبڕی) و دەڵێت: (ئەو هەمیشە چاوەنواڕە کە بارزانی یەکێک لەکوڕەکانی خۆی بنێرێ.) ئیحسان شێرزادیش- بۆ بارزانی دەنووسێ و داوای لێدەکات ئیدریس یان مەسعود، بۆ لای سەدام بنێرێ. شێرزاد دەلێ: ئەمە خۆ بەخت کردنە، بەڵام ئێوەش لە ژیانی خۆتاندا زۆرجار خۆتان بەخت کردووە، ئەمە بۆ دواڕۆژ پێویست و بە کەلکە!)

ئەوکات خەتێکی تیلگراف ڕاستەوخۆ، بەغداو بنکەی لێدانیشتنی بارزانی پێکەوە گرێدەدا. بارزانی لە بەغدای داوا کرد فڕۆکەیەک بنێرنە ڕەواندز، سبحەینەی ئەوڕۆژی یانی 18ی مارسی 1974 کات ژمێر 5ی پاش نیوەڕۆ ئیدریس لە گەڵ لێژنەکی گرینگی کورد کە بریتی لە تەواوی وەزیرەکانی کورد و داراتۆفیق وئیحسان شێرزاد و فەواد عارف بوو، گەینە بەغدا. بەڵام جێگەی کەسایەتیەکی ناوبەدەرەوە یانی (حەبیب کەریم) چۆل بوو!

لێژنەی کورد لەکۆشکی( میوانانی تایبەتی) دا نیشتەجێ بوون، وت وێژ دەست وجێ دەستی پیکرد. کوردەکان و بەعسی یەکان بە ڕەزامەندی هاوبەش، مەسەلەکانیان قەتارە کردن،)

1-باسکردن لەمەڕ ڕێکەوتنەکانی سیاسی وبنەڕەتی بۆ وەگرخستتنی هەر دوو باڵی بزوتنەوەی بەعس وکورد، لە ئیستراتێژیەکی هاوبەش: داکۆکی کوردەکان لەعارەب و فەلەستین و مافی عارەب لە یەکاوی فارس و پشتیوانی عارەبان لە کوردەکان نەک تەنیا لە ئێراق بەڵکوو لە تورکییەو ئێرانیش!

2-دیاری کردنی سنووری ناوچەی خودموختار،بابەتەکانی پەیوەندیدار بە کەرکۆک و سنجار و خانەقین(سەبارەت بەکەرکووک هەشت ڕێگا چارە لێکۆڵینەوەی لەسەرکرا)

3-چلۆنایەتی مەڵبەندی خودموختار، پێکهێنانی پەرڵەمانێک،سەت دەرسەدی بەرهەمی دەبێ بەدەڤەری خودموختار تایبەت بکرێ و دادگەی قانوون ئەساسی(دەستوور).

شەوی ئەو ڕۆژی(هەشتەمی مارس)لەکات ژمێربیست ئیدریس وسەدام حوسین پێکەوە دەکەوتنە قسەکردن،لەم چاوپێکەوتنە تایبەتیەدا ئیدریس گوتی: کە(کوردەکان حازرن ئەگەر پێکهاتن یەکچەلی سەت دەرسەت سەربکرێ تەواوی بازگەکانی پشت سەرمان لەگەڵ ئێران تێکدەێن،) و بۆ حازرکردنی زەمینە بۆ گەین بە پیکهاتنێکی ئەوها داوای چەند ڕۆژی وچانی کرد. سەبارەت بەکەرکوک ئیدریس بەسەدام حوسینی گوت: (ئەگەر ئێوە بێتوو هەنگاوێک بەرەوپیش باوین ئیمەش دێینەپێش.) سەدام بە وی دەڵێت: هەر سبەی زوو کۆنگرەیەکی (هەڕەبەرزی) بەعس پێکدێنێت.

### 17-بەڵگەلێبڕان

سبحەینەی ڕۆژی نۆهەمی مارس1974 ئیدریس بارزانی دەباڵخۆیدا وا بیردەکاتەوە،کە سەدام حوسین پێشنیارو داوا مۆڵەتەکەی قەبووڵ کردوە بەڵام نیوەڕۆی ئەو ڕۆژی غانم عەبدولجەلیل، ئەندامی ڕیبەرایەتی (ڕیبەری ئێراق)و بەرپرسی بابەتی پەیوەند بەکوردستان سەردانی وی دەکات وپێی دەڵێت: (ئەگەر دەتانەوێ دەست تێوردانێک لە گەڵاڵەی ئێمە بکەن دەبێ بەرلەکات ژمێری 12ی ڕۆژی 11ی مارس ئەم کارەبکەن!)

لەدوایی 11ی مارس 15-ڕۆژ بۆ ڕێک وپێک کردنی پێشنیارەکانتان پەیوندار بەدیاریکردنی سنووری ناوچەی خودموختارپێدراوە، وکاتی دەرەتانتان هەیە بەم مەرجە لەم ماوەیەدا چ کردەوەیەکتان لێ ڕوونەدا) و سەبارەت بە کەرکوک: دەبێ یەکێک لەم دوو پێشنیارە قەبووڵ بکەن: یان دەڤەری کەرکوک، لە ژێرچاوەدێری دەم و دەزگایەکی کەرچەل و لە ژێر حوکم ودەسەلاتی ناوەندی دابێت یان پاریزگای کەرکوک بەش بکرێ، دووبەشی وی بخریتە سەرناوچەی خودموختار و ئەوی دیکە بکەوێتە ژێردەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی!) ئیدریس بێ ئەوە بیهەوێ دەڵێ: (دەجا ئەمە بەڵگە لێبڕانە!) وکاتێک مەسەلەی سەرئەژمێری دێتە بەرباس و قسە لە سەرکردن عەبدولجەلیل دەڵێ: (لەگەڵ ئێوە چ کات سەر ئەژمیری ناکرێت) چاخێک ئیدریس دەخاتەوەبیری کەسەرئەژماری (خراوەتەناو قانوون-قانوونی 11ی مارسی 1970) غانم عەبدولجەلیل، دووپات دەکاتەوە: بەڵام نەک لەگەڵ ئێوە). ئیدریس کە تێدەگات کە ئیدی کاری لە بەغدا نەماوە، بەغانم عەبدولجەلیل دەڵیت: (ئێمە ئەم پێشنیارانە بە عەرزی بارزانی دەگەیەنین، بڕیار بە ئەوە، ئەگەر وەڵامەکە ئەریتی وئیجابی بێت دەگەڕینەوە.) لێژنەی نوێنەرایەتی کورد، دەچێتە ڕەواندز وبۆ ساعاتی چواری پاش نیوەڕۆ بەیانی داوای فڕۆکە دەکات.

### 18-دوایین پێشنیارەکانی بارزانی

لە10ی مارسی 1974پاش نیوەڕۆ درنگانێک فڕۆکە بە دارا تۆفیق و ئیحسان شێرزادوە دەگەڕیتەوە: ئەو دووە هەڵگری پێشنیاری بەرامبەر لە لایان ژەنەڕاڵ بارزانی سەبارەت بەوەزعی کەرکوک،ن. کە ئەوی بێکات فەوتان بە غانم عەبدولجەلیل دابگەینە دەست سەدام حوسین.

پێشنیارەکانی بارزانی بریتی لەسێ ڕێگای خوارەوەن

1-پارێزگای کەرکوک، سەربەمۆربمێنێتەوە، لەژێر دەم ودەزگایەکی کەرچەل، ژێرچاوەدێری ئۆرگانەکانی ناوچەیی خودموختار، یان ئەگەرحکوومەت ئەم ڕێگا چارەیە قەبووڵ کات،لەحاڵەدا بارزانیش گەڵالەی خودموختاری کە لە لایان دەوڵەت پێشنیار کراوە، بێ چ قسە لە سەرکردن و تێبینی قەبووڵ بکات؛

2-پارێزگای کەرکووک، بەدوو بەش دابەش بکرێ، هەویجە وقەرەتەپە، لە ژێردەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی دابێت، ئەوەی دەمێنێتەوە لەگەڵ شاری کەرکووک، بەناوچەی خودموختاربلەکێندرێت.

3-پارێزگای کەرکووک هەربەم جۆرە کە لە سەرەتاوە ئاماژەی پێکراوە،دابەش بکرێ، بەڵام بۆ شاری کەرکوک، حاڵەتێکی نەخازا و تایبەت پێشبینی بکرێت، لەم حاڵەدا ئەم گۆڕانکاریە دەبێ لە گەإڵاڵەی قانوونی خودموختاری، کە لەلایان پارتی دیموکڕاتی کوردستان پێشنیارکراوە، بگونجێندرێت.

کات ژمێر 10ی شەو غانم عەبدولجەلیل، داراتۆفیق بانگدەکاتە پشت تەلەیفوون وپێی دەلێت: پێشنیارەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان بەدرشت و ورد لە لایان (جەبهە) ڕەت کراوەتەوە،) بەڵام پێی خۆشە چاوی بەوی بکەوێت نیوەشەو دارا تۆفیق بە ناهومێدی لەئاخر، دیدار دەگەڕیتەوە. سبحەینەی ئەوێ ڕۆژێ یانی 11- مارسی 1974داراتۆفیق بە تڕومبێل دەچیتە باشوور ئەمە دوایین وت وێژ و هەڵبڕانی پەیوەندییە.

کەسایەتیەکانی سەربەخۆی کورد،ئی وەک فەواد عارەف تێدەکۆشن بە هێنانەگۆڕی فۆڕمۆڵ و ڕەوشتی دیکە هەڵویستی پارتی دێموکڕاتی کوردستان و بەعس لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی کەرکوک لە یەکدی نزیک کەنەوە. لە بیستەمی مارسی 1974 فەتاح شاڵی یەکێک لە کەسایەتیەکانی سەربەخۆی دیکەی کورد، دەچێتە بەغدا هەتا ڕابگەێنێت کە ژەنەڕاڵ بارزانی دابەشکردنی کەرکوک، لەنێوان ناوچەی خودموختار و دەوڵەتی ناوەندی لەگەڵ بەڕێوەبردنی شاری کەرکووک، بە هۆی دەم و دەزگاکانی کەرچەل بریتی لە نوێنەرانی ناوچەی خودموختار و دەوڵەتی ناوەندی قەبوڵ دەکات، بەڵام بەعسییەکان دەڵێن: کە ئەم پێشنیارە شتێکی تازە ناگەیێنێ، ئەمە دوایی هێنان بەم چیڕۆکەیە!

## 19- بەرپرسایەتیەکان

هێشتا زۆر زووەو ناکرێ بەرپرسایەتی هەڵبڕانی وت وێژو دەستپێکردنەوەی شەڕ، بە لەونێکی سەربڕ، وەپاڵ یەکێک لەم دوو لایانە بدەین. بەڵام کوردەکان بە گشتی لایانگرانی باڵی چەپی پارتی دێموکڕاتی کوردستانن کە بە توندی دژایەتیان بە یەکیتی لەگەڵ ئێران دەکرد، لایانگری یەکیەتی لە گەڵ بەعس بوون ئاقیدەیان وابوو کە ئەم جۆرە یەکیەتیە بە ئیراق دەرەتانی ئەمەدەدا،بە دەسەلاتداریکی پێشکەوتوو بە گۆڕدرێ کە ئەوان بە تاسەی بوون لە بەهاری 1974ئەمە قەبووڵ دەکەن کە سەدام حوسین و ڕێبەرانی دیکەی بەعس، ویستیان گەیشتن بەتەوافق نەبووە.

ژەنەڕاڵ بارزانی چاوی دەکەرکوک بریبوو، وبەچ جۆرێک حازر بە چاوپۆشی لە وی نەبوو بە پێچەوانەی سەدام حوسین حازر بە ڕیکەوتن لەم بەستێنە نەبوو... سەدام حوسین لە11-ی مارسی 1974 لە دانیشتنەک کە گەلاڵەی قانوونی خودموختاری پێشناری بەعس لەویدا، دەدرا بەرباس و لێکۆڵینەوە، بیروبۆچوونی خۆی لەمەڕ دوو خاڵی گرینگ کە هیندێگی دژایەتی نێوان بەعس وکوردەکان بوو دەربڕێ. بە بیروبۆچوونی سەدام حوسین دیاری کردنی سنووری دەڤەری خودموختار دەبێ بە لە بەرچاوگرتنی ئەم خاڵانەی خوارەوەبێ:

(ئەوسنووره، بە لە بەر چاوگرتنی ڕادەی كەڵەكەی میللەتیك كەلە خودموختاری كەلك وەردەگرن، دیاری دەكرێت. خاڵی بنەڕەتی لە دانان و دیاریكردنی تخووبی ناوچە ئەمەیە، بەم مەرجە كەدەڤەر بەشێك لە جیانەكراوەی وڵاتی ئێڕاق و سەر بە مۆر بمێنێتەوە.)

ئێمە نامانەوێ كە دیاریكردنی سنووری ناوچە، وەك جیا بوونەوەیەكی ڕاستەوخۆو لاتریك بێ شتیكی ئەوها بەمانای جیابونەوەی كوردان لە جەماوەری ئێڕاق و زیندانی كردنی ئەوان لە مەڵبەندیكی دیاری كراو دەبێت. ئێمە لە خودموختاری بەم مانایە كە ئیراقیەكانی ناكورد لە ناوچەی خودموختار، دوور ڕابگرێت، شتێك تێ ناگەین: ئێمە خودموختاری بە مانای (یەكگرتنەوەی تەواو)ئەمما لە دەڤەرێكی دیاری كراو دەناسین،كە سنوورەكانی وی مافی خودموختاری لە چوارچێوەی حاكمییەتی ئێڕاق بەڕیوەبەرێت.)

قسەكانی جێگری سەركۆماری ئێڕاق ئیكجار گرینگە وئەم بۆچوونە لە مێشكی ئینساندا دەگوورێنێ، كە بە قەولی كوردەكان: بە دەستیك دەتداتێ و بە دەستی دیكە لێت دەستێنیتەوە!

سەدام حوسین پاشان دەڵێ: بێگومان ئەمەشتێكی لەكردن نەهاتووە، بووز ناخوات كە تاكە،تاكەی ئینسانەكانی گروپی قەومی كە لە خودموختاری كەلك وەردەگرن، سێبەر بەسێبەر وەدوایان كەوین، هەتا هەموویان دانە، بەدانە لە ناوچەی خودموختارنشتەجێ بكەین...) لە ڕاستیدا دەیەوێ بڵێت: كە(ناوچەكانی كەرچەل)بە تایبەت كەركووك، بە،بەشێك لەناوچەی خودموختار ناناسرێت. مرۆڤ وا فكردەكاتەوە كە پەنجاەساڵ بەرەو دواگەڕاوەتەوە، یانی بۆ ئەو سەردەم كە (ویلسون ونوئل) لە سەر دیاریكردنی سنووری قەومی پێكەوە كەوتبوونە كێشە و ڕكەبەری و كەڵاوە شكێنێ.

لە مەڕداهاتی نەوت،بە ڕادەی جەماوەر و بە بیروڕای دیاریكردنی داهاتی ناوچەی خودموختار، لە سەر ئەم بنەڕەتە: سەدام حوسین هەڵویستی ئەمەیە كەئەم بەشە پێشنیارە نەلەگەڵ خودموختاری و نە لە گەڵ یەكیەتی خەڵك یەك ناگریتەوە و ڕیكناكەوێ!)دەجا تێناگەین مەنزوری ڕێبەرانی بەعس لە(خودموختاری) چ بوو؟ لە ڕاستیدا هەرچەند وشەی (خودموختاری) یان لەكاردەكرد، بەڵام بە ڕەواڵەت چ كات بەشتێك دوورتر لە(ناناوەندییەكی سادە وئیداری، فكریان لێ نەدەكردەوە.

ئەوان هیچ كات لە بیرو بۆچوونیاندا نەبوو لەگەڵ كوردەكان بەرخوردی یەكسانیان هەبێ، دەیانەویست پاوانخوازی دەسەڵات لە تەواوی ڕێگا و بەستێنەكاندا هەتا كۆتایی بێ ڕەخنەلێگرتن وسكاڵا لە دەست خۆیاندا بێت.

بە وتەی شاهیدانی كورد لە تەواوی درێژایی دەوری وت وێژی ژانویە-مارسی 1974ڕیبەرانی بەعس، بە تایبەت سەدام حوسین،(بێ باكی و كەللەڕەقی داواكاری)لە خۆ نیشان دەدا. سەدام حوسین و ڕێبەرانی دیكەی ئێڕاق لە دوایی موافیقەتی هەرخۆیی كردنی نەوت(شەریكەی نەوتی ئێڕاق) بە ڕەواڵەت پێیان ناخۆش نەبوو،وا فكر بكەنەوە كە ئیدی شتێك و كەسێك ناتوانێ لە بەربەرەكانیدا خۆیان لە قەپان ڕاگرێت، و قەت بەم ڕادەیە پولدارو زەنگین نەبوون (بایی نەوت چواربەرامبەر ببوو!)لە نەزەری سیاسی و دیپلۆماتی بەعسییەكان دەیانتوانی گۆشەنشینی كوردەكان لە لێكدانەوەی خۆیاندا حیساب بكەن: یەكیەتی سۆڤیەت ئەوانی بەرەڵڵا كردبوو وحیزبی كموونیستی ئێڕاق بە جەبهەی مللی لكابوو. و بە تێكۆشانێكی پڕوپاگەندەی پسپۆڕانە

دەکرا بە ڕۆژئاوایەکانیش(بسەلمێنن)کە ڕێبەرانی بەغدا بەوادەکانی خۆیان وەفاکردوە، وخودموختاری وادەپێدراویان داوەتە کوردەکان بەڵام بارزانی قەبووڵی نەکردووە! کە دەچوو، هەتا خۆی بەموتاڵایی وردو باریکی قانوونی مەدەنی پەیوەند بە دەڤەری خۆدموختار ماندوکات؟...ولە ئاکامدا دەبێ بڵێین کە ئەم قسە دورست نییە، کە بارزانیش کە بە شاو (سیا)هەڵپەسێرا بوو ئیدی نەیدەویست یان نەیدەتوانی لەگەڵ بەعس پێک بێت. نە بارزانی زۆر لە مێژ بوو مەوقعیەتی خۆی لە بەرامبەر یارمەتیەکانی (شا) ولە 1973بەم لاوە لە بەرامبەر یارکەتیەکانی(سازمانی سیا) تێگەیبوو. هەروەک، هەژار شاعێری کورد،دەڵێت: بارزانی لە ڕابیتە لەگەڵ نەتەوەی کورد(وەک دەرویشک بوو) دەرویش بە دەوری خۆیدا دەسووڕێ هەتاسەرئەنجام کەسیک بی ئەوی بۆ بەهەشت ڕێنوێنی بکات.) ئەگەر بەعس دەستەبەرێکی تەواوی دابوایە بارزانی دەیتوانی لە دوایین چرکە پردەکانی پشت سەری لەگەڵ ئێران وئامریکا بە خۆ لێگێل کردن بڕوخێنێت کە ئەو دووە دوایی پەیوەندەکەیان لەگەڵ وی پساندن.

## پاژی 14---شەڕی سیومی بەعس

## مارسی 1974-مارسی-1975،

ڕیبەرانی بەغدا بەمتمانە بەسەرکەوتنی خۆیان، دەستیان بەبنیات نانەوەی بنکەکانی دەڤەری خودموختارکرد و چەند حەوتوو ئەوها دەنگۆیان بڵاو کردەوە کە مەلامستەفا بارزانیان لە زۆربەی خەڵکی کورد جیا کردۆتەوە. وەک ساڵەکانی 1963 و1969 چاوەدێریەکی توندو بێ ڕەزایان لە سەردەنگ و باسی پەیوەندار بە شەڕێک کەلە باشووری کوردستان هەڵایسابوو،و کارەسات و مەحشەری بەرپاکردبوو، بەڕیوە دەبرد.

لە26ی مارسی 1974لە ئاخروئۆخری وچانی 14ڕۆژەی کەسەدام حوسین دابووی،شووڕای ئینقلاب لێبوردنێکی گشتی بۆ تەواوی ئەوکوردانەی کەلە ماوەی مانگێک دالە باشوور دەگەڕینەوە ڕاگەیاند. لە سەرتای ئاوریلی 1974لێژنەی وەزیرانی نوێ کرایەوە(پێنج کەسایەتی کوردی ئەمەگناس بە(بەعس) لە جێگای ئەوپێنج وەزێرەی کورد کە لە مانگی فۆرییە پەنایان بۆ کوردستان بردبوو چوونە وەفدی ئەنجومەنی وەزیران.

### 1-هاودەستانی کورد

یەکێک لەوەزیرانی نوێ، عەبەیدوڵڵا بارزانی کوڕی ژەنەڕاڵ بارزانییە! خەیانەت لە تۆرەمەی مەنگ ماوەی مێژووی کوردە-لە ئەمیربەدرخان کە برازاکەی(ئەردەشیر) خەیانەتی پێکرد، هەتاشێخ سەعید(1925) و سیدڕەزا(1937)-بەڵام مرۆڤ بەچەتوونی خۆی بۆ حاڵی دەکرێ کە چۆن کوڕی قارەمانێکی نەتەوەیی-دەخۆی ڕادەبێنێ، دژی بابی خۆی قیت بیتەوەو خۆی باوێتە باوەشی خوینخۆرترین دوژمنی وی!-سەدام حوسین ئەم بابەتەی بەم جۆرەلێکدەداوەو شێ دەکردەوە: (ئەمەگناسی بە نیشتمان، پەیوەندییەکی ئەوهای بە بنەماڵەو عەشیرەت و تایفەو باب و کوڕ وەنیە! لە هەڵبژاردنی سیاسی کوڕ دەتوانێ لەگەڵ باوکی ناکۆکی ئاقیدەی هەبێت ودژی بیروبۆچوونی وی هەڵویست بگرێت!) بەڵام ئیرادی کارئەوەیە: کە عەبەیدوڵڵا ئیکجار زۆر

لە بابی عەشیرەتیترە، ناوبراو کەلە ساڵی 1927 لەدایک بووە کاتێک باوکی دوورخراوەی وڵاتی یەکیەتی سۆڤیەت بوو، ئەو بیست ساڵانەبوو، و چاخیک باوکی لە دوورخراوەیی گەڕایەوە(1958) ئەو نەختۆڵەیەک زێدە لەسی ساڵی بوو...بەم هۆیەوە، وەختێک بارزانی ڕیبەرایەتی بزوتنەوەی نەتەوەخوازی کوردی لە ئێراق وەدەست گرت لە یەکدی بیانی بوون. ماوەی ساڵەکانی سەرەتایی شەڕ بە تایبەت لە1964 عەبەیدوڵڵا لەڕەخ باوکی نەخشی ئاشکراو بەرچاوی لەسەرشان بوو. بەڵام بێگومان بۆ ئەو پیاوە جێکەوتووە، بوونی لە دەسەڵات و چۆنیایەتی کوڕی کەسێکی وەک بارزانی (ئەوکەڵەپیاوە بەهەیبەت و سامدارە سەرەڕۆو یەکدەندە)، مەوقعیەتێکی گەلێک ناڕیککەتوو چەتوون بوو. لەم بارەوە، ئەم خاڵە سەرنج ڕاکیشە کەکوڕەکانی بارزانی کە ئیکجار لە وی نزیک بوون، لەگەڵ وی هاوکاریان دەکرد یانی ئیدریس و مەسعود-لە ڕاستیدا کەسانێکن کە دەکرێ ئەوان بە تۆرەمەی دووەمی کوڕانی بارزانی بەحیساب بێنین! مابەینی تەمەنیان ئەوهێندە تەوفیری هەیە، کە دەکرێ لە جێگای نەوەکانی بارزانی بن! بۆ ئەم دوو لاوە، کەلە سەرەتا سکرتیری بابیان بوون لە پاشان بوون بە یارمەتیدەری، هیچ کات مەسەلەی شۆڕشێک کەلەبەرامبەریدا دەسەڵاتی بابێک کەلە نەبوونی ئەفسووسیان خواردبێ و لە هاتنەوەی دڵخۆش ببن لەگوڕیدا نەبوو.

یەکی دیکە لە هاڤاڵانی ساڵەکانی 1974 وی عەزیزئەترۆشی یە کە مرۆڤێکی ئیکجار زوو هەڵچوو تووڕەو تۆسنە کە لە گەڵ بارزانی و ڕیبەرانی دیکەی حیزبی کەوتبوو بەربەرەکانی بەڵام بەوندە وازی لێهێنا بوو کە لە بزوتنەوەی کورد خۆی لاتەریک بکات و بە هەرحاڵ لەکوردستانی ئازادکراو مابۆوە، پەیوەندی ئەم ئەندامەی دەفتەری سیاسی کە ژەنەڕاڵ بارزانی بە(سەرەڕۆ) تۆمەت وەپاڵ دەنا بێگومان بۆ پڕوپاگەندەی بەعس سەرکەوتنەکی گەورەیە و بەعس لە دەرەوەی وڵات زۆری لە وی کەلک وەردەگرت.

سێ وەزیری نویی دیکە بریتین لە(هاشم ئەقراوی) و دوو کەسایەتی دەرجە دووەم، عەوڵا سمایل و عەبدولسەتار تاهیرشەریف،کەحیزبی ئینقلابی کوردیان دامەزراند کە هەر بە ناوبنکەیەکە-بە(جەبهەی مللی) لکا.

دانان و قەتارەکردنی ئەو هەموو وەزیرەی(هاڤاڵان)لە سەر پساندنی پەیوەندی نێوان بارزانی و سەدام حوسین شوێن تێکردنی هەبوو. سەدام چەند ڕۆژ دوایی ڕاگەیاند: کە بارزانی ئیدی چارەی بێچارە، تەنیا تاکە ڕێگایەکی لەبەرە ئەویش ئەوەیە: هەتا کات وەدرنگی نەکەوتووە( ئاڵای سپی هەڵکا) هێمن شاعێری مەزنی کورد ئەم وەڵامە جوانەی بەو قسە داوە: لەکوێ دەکرێ بۆ دوو میلیون ونیو کورد ئەو هەموو پارچە سپیە وەدەست بینن؟!

2-عەمەلیاتی نیزامی

شەڕ لە نێوەڕاستی فۆرییەی 1974 بە زنجیرە ڕووداوێکی تخووبی ڕووکەشی نیوان ئیران وئێراق، وەکارکەوتنی تۆپخانەی قورس کە200کوژراو لە هەردوو لایەن وەردەگرێ، دەست پێدەکات. لە نێوەڕاستی مارسی 1974 چەند ڕۆژ دوایی ڕاگەیاندنی یەک لایانەی (خودموختاری) کوردستان، لە لایان دەوڵەتی ئێراق،) شەڕ بەمانای ڕاستەقینە، بە تایبەت لە ناوچەی زاخۆ نزیک سنووری تورکییە دەست پێکرابۆوە. لە8-ی ئاوریل 1974 سەدام حوسین، لە وت وێژێکی هاواڵدەری

لەبەغدا گوتی: (ئێمە ڕادەگەیەنین کەهەنوکە عەمەلیاتی نیزامی لەگۆڕێدا نییە.) نیوەی ئەم قسەڕاست بوو) جەیشی ئێراق هەتا مانگێک هەر لەخۆی بەرگری دەکرد: 5-6- پادەگانی عەسکەری ئێراق لە ناوەڕاستی کوردستان لێک هەڵبڕابوون: بەتایبەت پادگانەکانی زاخۆ، ڕەواندز، کە بەکردەوە لە پادگانەکانی کەرکووک وموسڵ، جیاببوونەوە و پەیوەندیان بە تەواوی پیکەو پساو پچڕابوو. ئەوپادگانانە چەند حەوتوو بەهێلیکۆپتەر خواردەمەنیان بۆ دەچوو لەم حاڵەدا ستادی ئەرتەشی ئێراق خۆی بۆ هەڵکوتانەسەرکوردەکان تەیاردەکرد ئەم پەلامارە چەند ڕۆژ دوایی قسەکانی سەدام حوسین بەڕیوە چوو.

### 3-هەڵمەتی بەهارەی ئاوریلی 1974،

سەرکردەکانی ئەرتەشی ئێراق هەر بەو ساویلکەیی و خۆش باوەڕییەی خۆیان کە فرچکیان پێگرتبوو لە سەر ئەمە سوور و پێداگربوون کە مەسەلەی کورددکان لە ماوەی شەش مانگدا دوایی پێدێ و بەو دڵنیاییەوە ڕایانگەیاند لە(سپتامبەر دا فراوین لەگەلاڵە دەخۆن) هێرشی هێزەکانی زرێپۆشی ئیراق بەنیەت و مەبەستی شکانی گەمارۆ لە پادگانی زاخۆ (بریتی لە 1000کەس) لە15ی ئاوریلی 1974 دەست پێدەکات، دەبابەکانی ئێراق بێ گیروگرفت و تەنگەژە و بەرهەڵست لە دەشتی مووسڵ دەچنە پێش بەڵام نزیکەی 25ی ئوریل 1974 کاتێک دەگەنە چیا لە15کیلۆمێتری زاخۆ پێشمەرگەکانی کورد بە سەرۆکایەتی عیسێ سوار ڕێگایان لێ بەرەبەست دەکەن هەر لەو حاڵەدا پادگانی زاخۆ، خۆمپارە باران دەکەن... ئێراقیەکان لە ئاکامدا لە 8ی مەی 1974 لەدوایی دووحەوتوو شەڕیکی توندو بێ ڕاوەستان لە دوو بڕگە بەسەرزاخۆ دا زاڵ دەبن.

بەڵام جەیشی ئێراق لەم هێرشە بە هارەیەدا، پتر لەهێزەکانی ئاسمانی کەلک وەردەگرت و لە (مەکۆی جەماوەر) هێزەکانی کورد وقەرارگای ژەنەڕاڵ بارزانی لە ناوپردان،پەیتا، پەیتا، دەکوتی و بۆ یەکەمین کەڕەت فڕۆکە بۆمب هاوێژەکانی گەورەی (تۆپۆلۆف 22) کە وێدەچوو فڕۆکەوانەکانیان شووڕەوی بن لە ئاسمانی کوردستان دەدیترێن.

لە24ی ئاوریل 1974 هێزەکانی ئاسمانی ئێراق،شاری قەڵادزە،یان کەلە حاڵێکدا لەکاتی ئاسایی /10000دانیشتووی هەیە هەنوکە بەهۆی ڕوو تێکردنی کۆچەران( یەک لەوان خوێنکارانی زانستگای سولەیمانیە) بووە بە دوو قات، بۆمبارددومان دەکات. پێشمەرگەکان کە بۆ پێشگیری لە هێرشی ئاسمانی جیا لە(دۆشکا) شتێکی دیکەیان لە دەست دا نیە،بە دەستەوەستانی چاولێکەری بۆمباردومانی شار بەهۆی دوو(سوخۆ) دەبن، لە ئاکامدا یەک چوارمی شار خاپوور دەبێت و130 کەس دەکوژرێن. سێ ڕۆژ دوایی یانی لە27ی ئاوریلی 1974 فڕۆکەکانی ئێراقی شارۆچکەی هەڵەبجە بۆمباردومان دەکەن و43کەس لەم شارە دەکوژرێن.

ولە 25ی ئاوریل 20کەس وەبن پردی تێک رماوی گەلاڵە دەکەون و دەکوژرێن، و لە مانگەکانی مەو ژوئیەی 1974 فڕۆکەکانی ئێراقی هەروا کوردستان بۆمباردومان دکەن، هەر لەوحاڵێشدا ئەرتەشی ئێراق عەمەلیاتی بە(عەرەب کردنی) ناوچەکانی گرینگی سنجار، کەرکووک، خانەقین، گرتۆتەبەر، ئاوایی دەکوردەکان بە بۆڵدزێر لەگەڵ هەرد ڕاست دەکاتەوە،و کمیسیونی( زەمین) لەدانی بەڵگەی خاوەن ملکایەتی بە وەرزێرانی کورد، خۆی دەبێری، وزەوێوزاری کشت وکاڵ

وجێ جووتەکانی جۆتیارانی کورد، بەپێی گەلاڵە یەکی،بە ڕێک وپێک بە ناوی عەرەبەکان تاپۆدەکرێن.

### 4-هێرشی هاوینی(ژوئیەی- وئەوت 1974

هەرلەمانگی ژوئیە، لەدوایی ئامادەکردن وبانگەوازی دەورەی جۆراوجۆری قازاخ گیری بۆ خزمەت،کە فەرماندەرانی ئەرتشی ئێراق هێرش بۆ (قەلایچەی) کوردستانی دەست پێدەکەن، ئامانجی ئەرتەشی ئێراق دیاری کراوە. بۆ ناردنی تانگەکانیان بۆ ڕەواندز، وقەلادزە، دەیانەوێ کوردستان بەسێ پارچە دابەش ومۆرەمۆرە بکەن و بەم بیروڕایە کە لە دوایی هەڵبڕانی هەودای پەیوەندی کوردەکان، خۆڕاگریان بە زوویی تێکدەشکێت. هێزێک کە ئەرتەشی ئێراق بۆ ئەم هێرشە جێگری کردوە،یەکجار پڕمەترسییە،سەدان تانگی ت 54وت62-هەر لە شەڕی ڕەواندز115تانگ بەشداریان کردووە-وچەند لەشکر، بە داکۆکی هێزی ئاسمانی: مێک17،مێک21،وپاشان مێک23، فڕوکەوانەکان شوورەوی وهیندوستانین و تۆپۆلۆف 17و22... لە بەرامبەر ناوەندییەکی ئەوها پەرداخ وپۆشتە لەهێزەکانی زرێپووش، کوردەکان بە کردەوە بێ بەرگرین،جیا لەبازولەی کچکە و هێندێک ئارپی چی2 وئارپیچی 7-چەک وچۆلێکی دیکەیان نییە،(شەڕ لەگەڵ دەبابە، بەئاپیچی 2،لەپێدەشت خۆ بە کوژ دانە،چونکەئارپی چی هاوێژ، دەبێ لە200مێتری ڕا تەقەی لێبکات و ئارپی چی 7-نەختۆڵەیەک، باشترە، بەم چەکە دەکرێ لە500مێتری تەقە لەتانگ بکرێت) بەڵام بەرپرسانی جەبهەی ڕەواندز تەنیا خاوەنی پێنج ئارپی چی حەوتن. بەرگری کوردەکان کەلینی تێدەکەوێ، لە19ی ئەوتی 1974 ئەرتەشی ئێراق،قەلا دزە، داگیردەکات ولە 22ی ئەوت ڕەواندز، کە یەکچەلی بەتاڵ بووەو چۆل کراوە و جگە لە هێندێک بنەماڵەی دەکموونیست کەبە، بەعسی لکاون کەسی تری تێدانەماوە، بەردەستی دەکات. بەڵام سەرکەوتنی ئێراقیەکان لە نێوە سەر کەوتێنک وێوەترنییە: ئەرتەشی ئێراق بە چوون هەتا قەلادزە خەتی شتووەمەک،پێگەیاندن وپەیوەندی ڕاچانی خۆی لەسەرهەردێکی گەلەک ڕەق وناڕیک ولەدەستان خۆش بۆ زەبرلێدان لەپێشمەرگەی کورد، بەجۆرێکی پڕ مەترسی دوورو درێژ کردۆتەوە، ولەجەبهەی ڕەواندز، لەمپەری هەندرێن و زەزەک لە بەین هەڵنەگیراون.

### لکانی خەڵکی کورد بەبارزانی و کۆچەری پەنابەرەکان

شەڕی کوردستان خێرا ئەوهێندە بەرفرەوان دەبیتەوە،کەهەتا لەحاستەمترین چرکەی شەڕەکانی بەعس دا وینەی نەدیتراوە! بەپێچەوانەی پڕوپاگەندەی بەعسییەکان، کە دەڵێن: بارزانی لەخەڵکی کورد جیا بۆتەوە،هەر لەو کاتەدایە کە زۆربەی کۆمەڵی کوردەواری بەتایبەت خوێنکاران و مامۆستایانی زانکۆ و زانستگا وئەندازیارو دوکتۆرەکان- و بەگشتی تیپی خویندەوارو ئاگادار ڕۆشنبیر بە بواری کۆمەلایەتی و سیاسی لە شارەکانی گەورەی کوردستانی ئێراق وەکوو بەغدا،کەرکووک، سولەیمانیە، مووسڵ- ڕەگەڵ وی کەوتوون، ئەومامۆستاو خوێندکارانە لە حالێکدا کە ژەنەڕاڵ بارزانی بە(فئوداڵ و ئاغاوەت دەزانن) بەڵام بەچاوی قارەمانەکی نەتەوەیی لێی دەڕوانن.زانستگای سولەیمانیە لە بەهاری 1974، بە425خوێنکار لەسەرجەمی 600/ خوێنکاری خۆیدا،هەموو مامۆستایان و کادری فەنی زانستگا،یەک پارچە ڕەگەڵ ڕاپەڕینی

کورد دەکەون. ئەم گروپە لەسەرەتا، دەچنە قەڵادزە پاشان بەرەو(چۆمان) تێدەکشێن. و تەواوی قوتابیانی دانیشسرای دهۆک، لەگەڵ مامۆستاکانیان دەچنە ناو ڕێزی پێشمەرگە،هەروا /500قوتابی دانیشسرای هەولێر،و/1600مامۆستای پەروەردەو فێرکردن و /250 مامۆستای قوتابیانی پلەبەرز، /250ئەندازیارو/110 دوکتۆرو نزیکەی /1000خوێنکار،جیا لە خوێنکارانی زانکۆی سولەیمانیە ڕەگەڵ ڕاپەڕین کەوتوون. نەخازا خوێنکارانی دانیشتووی وڵاتانی دەرەوە هەتا هەرەس هێنانی ڕاپەڕینی ئەیلوول،دەرسەکانی خۆیان بەجێ دێڵن وبۆ کوردستان دەگەڕێنەوەودەچەنە پاڵ ڕاپەڕین ژەنەراڵ بارزانی بەمجۆرە کە دەم ودەزگای بزوتنەوە لە ڕاکیش کردن و وەرگرتنیان بۆ ناوشۆڕشی بەربەرکانی لەگەڵ تەنگەژە وسەرلێ شێواوەی ڕوو بەڕوو دەبێت.

ئەم خەڵکانە، ئەم کۆمەڵەخوێنکارانە بریتی لەکچ وکوڕ، بە هەموو بەستێن و جەرەیاناتی سیاسی پەیوەندیان هەیە،ئەمما لەخەباتکەران و تێکۆشەرانی مارکسیست بن-کەرادەی ئەم گروپە لەڕاستیدا کەمە-لەسەرئەوهەموو قووڵ خوێندنەوی بوورژاوازی، مقام ومەوقعێەت ودەرسەکانی خۆیان لەبەغدا، لەندەن، مۆنیخ یان بوخاراست، بەرەڵلا دەکەن ودێین هەتا(لەمافی چارەنووسی نەتەوەی کورد دیفاع وبەرگری بکەن.)هێندەپێ ناچێ کە(دەرکراوانیش)بەم سێڵاوە زێدە دەبن-ئەمانە، ئەو بنەماڵانەن-کە یەکێک لە ئەندامەی ماڵەکەیان، مێرد، کوڕ، برا، ڕەگەڵ بارزانی کەوتوون. بەڵام هەرچەند ژمارەی (ئەم دەرکراوانی سیاسی)کەم بوو، و لە چەند هەزار تێپەڕی نەدەکرد، ژمارەی ئەوپەنابەرانەی کە بەتایبەت لە دوایی پەلاماری ئەڕتەشی ئێڕاق، کە مانگەکانی ژوئیەو ئەوت لە شەڕدا، هەڵاتبوون، یان بەدەست ئێڕاقیەکان لەم ناوچانە وەبەر فەرمانی (سیاسەتی بەعەڕەب کردن) کەوتبوون،ودەرکرابوون خێرا لە سەتان هەزارکەس تێدەپەڕێ. پاش ماوەیەک لێمشتی پەنابەرانی هەژارو بەڵەنگاز، بۆ گەڵی چۆمان، کەلەڕێگای شۆسەی هامیلتین، وحاجی ئۆمەران، سنووری ئێران دەگەنە وێ، چەتوونیەکی داسەپاوی بۆ ڕێبەرانی کورد،هێنا ئاراوە،: چونکە زەمینەی خمی سێ کوچکەی بزوتنەوە هەربەم ڕادەیە بوو کە بشێت ئاتاجی بنەڕەتی پێشمەرگەو دەم ودەزگای ڕێوەبەری دابین بکات.

ئەم شێوازە لە دوومایی ئاوریلی 1974،ژەنەڕاڵ بارزانی ناچارکردلە(شا) داوابکات کە هێندێک پەنابەری کورد، وەربگرێ، و لە دوومایی سیپتامبەری1974نزیکەی 11000پەنابەری کورد، لەئۆردووگانی پەنابەران لەئێران نشتەجێ کران. قورسایی باری دەم ودەزگای ڕێوەبەری کوردستان بەڕادەیەکی بەرچاو، سووک کرد... بەإم دیاری دا، کەئەم پەنابەرانە، بۆ (شا) بیچمی بارمتەیان هەیە.

لەسپتامبەرو ئۆکتۆمبەری 1974هەمووڕۆژێ ژمارەیەک لەبنەماڵەی پەنابەر، بۆ پەڕینەوە لەسنوور خۆیان دەگەیاندە (حاجی ئۆمەران) ئەوکاروانانە دەبوایە چەند ڕۆژ جاروادەبوو چەند حەوتوو لەئۆردوگاکانی پێدەشت لەبڵیندایی 1700مێترلە ڕووکەشی دەریا،لەنێو کەل وپەلی خۆیان بمێننەوە، هەتا بوز دەخوا،بۆ ئەودیوی سنوور،و بۆ یەکێک لە ئۆردوگاکانی شێروخورشید، بگوێزرێنەوە. بەشێکی زۆر لەم خەڵکە دانیشتووی ئەو گوندانە بوون، کەدێیەکانیان، بەڕەهێڵەی گوللە تۆپ و بۆماردومانی ئاسمانی خاپووربوون، ئەوانی دیکە ئی شارۆچکەی ڕەواندز وعەفرەو،دهۆک و ڕانیە، بوون، کە بەرئاورد دەکرا، لەجەماوەر،چۆل وبەتاڵ کرابوون.

ئەو بەشە خەڵکە، پاش ئەوە، کە ماوەیەک لە ئەشکەفت ولێرەواری چیاکانی نزیک، خۆیان حاشاردابوو کە زانیبوویان لە ئێران ئۆردوگا، بۆ پەنابەران کراونەتەوە، بۆ ئەودیوی سنوور وەڕێکەوتبوون، و لە ترسی فڕۆکە بۆمب هاوێژەکانی ئێراقی کە ئەوانی وەبەر ڕەهێڵەی دۆشکە دەدا، بەشەو ڕێگایان دەبڕی، ئەوانە خۆشبەخت بوون ئەگەر هێسترکیان وەدەست کەوتبوایە کە سیپاڵ یان مناڵەکانیان لێ بارکردبوایە. ئەوانەی لە گوندەکانی نزیک دەهاتن، دەڕۆژ لەڕێگا دەبوون. بەلام ئەوانی دیکە بە تایبەت ئەوانەی کە لە باشووری ڕۆژئاوای کوردستان یانی لە بادینان وەڕێ دەکەوتن بۆ گەیشتن بەحاجی ئۆمەران سێ مانگ بەڕێوە وەدەبوون.

6-پەلاماری پاییزی( سپتامبەر- ئۆکتۆبری 1974،

بەپێچەوانەی سەرکەوتنەکانی قەڵادزە(19ی ئەوت) ورەواندز (22ی ئەوت) ئاشکرابوو کە سەدام ئەوجۆرەی کەلە کاتی هێرشی بەهارەی وادەی بەفەرماندەرانی ئیراقی دابوو، لە15-ی سپتامبەر فراوین لەگەلاڵە ناخوات!

لەمپەرێکی بە هەرەکەت ڕێگای گەیشتن بە بنکەی ژەنەراڵ بارزانی لە(ناوپردان وگەلاڵەو حاجی ئۆمەران)بەرەبەست کردبوو. ئەم سەدە سروشیییە،لە نزیکی بێ بڕینەوە لە ڕەواندزپێکهاتوو لە قیتەکەکانی زرزک(2200مێتر) وهندرین (2875مێتر) لەزاری جادە، ناسراو بە(هامیلتن)بوو، کەرەگی چۆڵەمەی بزوتنەوەی کوردبوو، وبنکەی لێدانشتنی ژەنەراڵ بارزانی بە سنووری ئێران گرێدەدا. پێشتر لە 1966چیای هندرین،ئولکەی گەورەترین مێژووی شەڕەکانی کوردستان بوو. (سەرنج بدەنە،فەسڵی 10ی ئەم بەشە)

ستادی ئەرتشی ئێراق لەسەرەتای سپتامبەری 1974کە دەیدی چەند مانگێک زێدەتر بۆ ساردووسڕی زستان نەماوە، و بەدەستپێکردنی وەرزی زستان، هێزی دەبابە، ئیدی نەشێت لەم ڕێگایەدا، لە هاتووچۆ دابن، و عەمەلیاتی هێزەکانی ئاسمانیش هەتا ڕادەیەک لە کەمی دەدا، دەستی بەهێرشێکی کرد کە لە بەرچاوگرتنی زۆری هێزەکان، لەدەستەو یەخەو چەک وچۆڵی قورس، چاوەڕوانی لێدەکرا کە یەکچەلی چارەنووس دیاری کەربێت: لەم هێرشەدا/300تانگ 12گورڕدان(هویتزر وگورڕدانێکی تۆپخانەی خودکار(پانهارد) و30هەزار پیادەنیزام و هێزەکانی ئاسمانی بەشداریان کردبوو. شەڕی دە بەدوای یەکدا لە تەنگەبەرایی(عومەرئارا) و بانوو بانوەکان و زنجیرەکیوی زرزک،هەلایسا: ئەمە تەنیا بەشێک لە گۆڕەپانی شەڕبوو کە نەختۆڵەیەک باوێشەی ڕێگا، ئەوهەلەی بۆ ئەرتەش ئێراق ڕەخساندبوو کە بە بیروبۆچوونی سەرکەوتن پیادەنیزام بخاتە کایە!

لە10ی سپتامبەری 1974یەکەمین شەڕ لەم ئولکەیەدا قەوما، وئەمە شەڕیک بوو کە لە ویدا ئێراقیەکان 130تانگیان هێنا گۆڕپانی شەڕ، بەدوای ویدا لە12سپتامبەر وپاشان لە14ی سپتامبەرشەڕی دەدیکە ڕوویاندا،ئەوجار شەوەکانی 27و28ی سپتامبەری 1974 شەڕێکی مێژوویی دەستی پێکرد، کە مەسعوودبارزانی ئەم شەڕە ئەوها دەگێڕێتەوە: (لە سەرانسەری شەو سەنگەرەکانی ئێمە لە ژێرگوللە بارانی توندو بێ پسانەوەی تۆپخانە وبۆمباردومانی قورسی ئاسمانی ئێراق دابوو. بەلام هێرشی ئەسلی و بنەرەتی لە ڕاستیدا کات ژمێر سێیی بەیانی دەستی پێکرد: فەرماندەری پلەبەرزی ئەرتەشی ئێراق، لە دەکارکردنی چەک و چۆڵی قورس و

تەقەمەنی موزایەقەی نەکردبوو، لەشکرێکی پیادەنیزام، تیپەکانی 5و29ی هێزەکانی تایبەت، بە پشتیوانی دەیان تانگ، کە بە کردەوە لوولەی چەکەکانیان... خستبوو ناو سەنگەرەکانی ئێمە کە لە چیا سەنگەریان گرتبوو، و تەقەیان دەکرد.

لە بەرامبەر هێرشێکی ئەوها گەورە،... تەنزیماتی ئێمە تیکچوو! بەڵام ئێمە کەمێک پێش لە ساعاتی 5ی بەیانی، بەر لە وی کە هێزەکانی ئێراق، کاتی ئەمەیان هەبێت کە حاشارگایەک بۆ خۆیان هەڵکۆڵن و جێگای خۆیان قایم بکەن، دەستمان بە هجووم کرد.) مەسعودبارزانی لە قسەکانی بەردەوام دەبت و دەڵێت: (لەحاڵێکدا هەردوو لا تەقەمەنیمان تەواو ببوو ... بەنارنجەک کەوتینە گیانی یەکدی... دوایش دەمانەویست بەچەکی سارد لە گەڵیان دەست بەیەخە،ببین! لەم کاتە دابوو دەستیان بەهەڵاتن کرد...بەلانی کەمەوە/500کوژراو، 5-تانگیان لە میدان بە جێهێشتبوو. لە پێشمەرگەکان 8- کوژراو و 22برینداربوون.

مەسعوود کەلە شوێنی براکەی ئیدریس(کەبۆ ئێران یان دوورتر لە ئێران سەفەری کردبوو)بۆ خۆی فەرماندەری عەمەلیات بوو، لە دوا قسەکانیدا دەڵێت: (ئەمە گەورەترین تێشکانی مێژوویی جەیشی ئیراقە.)ئەم شەڕە لە دوو بۆچوون مێژووییە،چونکە چەند ڕۆژ دوایی ئەمە، کەجەیشی ئێڕاق دیفاع وبەرگری کوردەکانی ژێربەرەوژورکرد، لە13ی سپتامبەری 1974داگیرکردنی چیای زوزکی ڕاگەیاند، هەڵبەتە، گەڵی چۆمان و ناوپردان هەموو کوردستان نییە، بەڵام بۆ کوردستان ئەم خەبەرە، لەجێگای ڕاگەیاندنی تەواوبوونی مەسەلەبوو.

7-پێکهێنانی (بنکەکانی) خودموختار

دەوڵەتی بەغدا لەماوەی دوایین حەوتووەکانی هێرشە پاییزەکەی ئەرتەشی ئێڕاق،بنکەکانی دەڤەری خودموختاری پێکهێنان: لە24ی سپتەمبەری 1974،هاشم ئەقراوی، بە بەرپرسی (شووڕای ڕێوەبەری) ناوچە دیاری کرا و ئەندامانی دیکەی شووڕا، هێشتا دیاری نەکراون. ولە5-ی سپتامبەری 1974 دەوڵەت بە پێی فۆرمەلیتە،یەکەمین دانیشتنی پەڕلەمانی ناوچەی کردەوە. دەوڵەت لە کەلک وەرگرتن لەکەل وپەلی کۆتایی نەکردبوو بەم بۆنەوە نزیکەی /100هاوڵدەری بیانی بانگهێشتن کرابوو، و عەبەیدوڵلا بارزانی بەڕۆژنامە وانانی گوت: (کە جگە لە لۆچێک کۆنەپەرست و فئودالٚ و ئاغاوەت)کەسی دیکە لەچیاکان نین!) بەڵام لە سەرئەوەش ڕا هەموو هاوڵدەرەکان گوتیان: بەپێچەوانەی دورشمی پێهەڵا گوتن، بە سەدام حوسین و سەرکۆمار ئەلبەکر و مەحکووم کردنی ئێران و ئەمپڕالیزم و سەهێۆنیست، کەلە دەرودیواران هەڵاوەسرابوون،خەلک ئیکجارلێی لاتەریک و دورە پەرێزبوون و لە شایی و شایلەخانە بەشداریان نەدەکرد. کوردەکان بە هەڵە نەچووبوون! ئەمە شایی و هەلپڕکێ هەولێر،(ئەربیل) نەبوو کە چارەنووسی ئەوانی دیاری دەکرد، شتێک کە پێنووسی لە چارەنووسی وان دەدا، شەڕێک بوو کە هەر لەوکاتدا لە چیاکانی کوردستان بەردەوام بوو...

هەر شەو لە ماڵێک، دانیشتوانی ماڵەکە، تێدەکۆشان بەپێچەوانەی ناکۆکی یەکی توندی ڕادیویی بەرنامەکانی(دەنگی کوردستان) ببیسن!

8-دوایین ڕۆژەکانی خۆشی بزوتنەوەی ژەنەڕاڵ بارزانی

پاییزی ساڵی 1974 دەسەڵاتی بارزانی گەیوەتە ئەوپەڕی خۆی. حوکمڕانی ژەنەڕاڵ بارزانی لەسەر ئەم دەڤەرە،کە/35000کیلۆمێتری چوارقولینچکە، بە ملیونێک لە دانیشتوانی (بێ سەرئەژمێری پەنابەرەکان) سەبەخۆو بێ ئەملا ئەولایە. قسەی عەلی عەولای(وەزیری ئابووری) ڕاستە، کە ڕوو لە خەڵکێک دەکات کە لە بن دارێک لە دەورو بەری ئالاون، بە ئاماژە بە(وەزارتخانەکەی)بەشیوە ئاخافتنێک کە بە تاڵ لە تانۆتی تاڵ نیە،دەڵێت: (ئەمە خودموختاری نییە..ئەمە سەربەخۆیی یە!) وەزارەتخانەکەی چوار پێنج هۆدەی بە داروتەختە دورست کراو زێدەترنییە، کە لەڕەخ قۆپیەک لە چەند سەت مێتری ئاوایی دەربەند سازدراون)

ئەم قسەڕاستە بەڵام هەرچەند جاردەنگی نزمی تۆپخانە لەلای ڕەواندز دێتە بن گوێ،وەکوو وەیە کە وەبیربخاتەوە کە سنوور هێندە دوورنییە، بەڵام کوردستان بە شیوەیەکی سەربەخۆ ژیان دەکات.

ئەنجومەنی حکوومەتی کوردستان

ڕێبەرانی کورد، بحالەتێکی کش ومات بە وەڕێخستنی دەنگۆی دەوڵەتێک کەبریتی لە9-وەزارەتخانەیە، کە هەڵسوڕێنەری کاروباری کاتین: بەڵام لە ئاخافتنەکانی فەرمی لە گەڵ هاواڵدەرەکانی دەرەوە، ئەم وەزارتخانانە بە ناوی دەم و دەزگای ئاسایی کاروبار و ڕێوەبەران وەکوو بەرپرس ناولێدەبەن. بەڵام کوردەکان لە ناوخۆیاندا لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم بنکانە، جگە لەوشەی وەزیرو وەزارەت لە چ وشەگەلی دیکە کەلک وەرناگرن.

ڕێبەرایەتی دەوڵەتی کورد، بەسامی-محەمەد مەحموود عەبدولڕحمان ە)کەوەزیری کاروباری دەرەوەی حکوومەتی کوردیشە. وەزیرەکان بریتین لە: دوکتۆر مەحموود عوسمان،(وەزیری نەخۆشخانەو بەرپرسی کاروباری دەرەوە) عەلی عەولا(ئابووری ) داراتۆفیق، ئیستخباڕات و فێرگە، سالح یوسفی(داد-عەدلیە) نووری شاویس، کاروباری گشتی، موحسین دزەیی، وەزیری ناوەخۆ، سەدیق ئەمین، وەزیری پەنابەران). وەزارەتی بەرگری کە بنکەیەکی گرینگی گشتی یە، تایبەت بەکەسێک نییە، بەڵکۆو بەدەست (دەفتەری نیزامی)هەڵدەسووڕێ، کە بەر پرسایەتیەکەی بە عەبدولوهاب ئوترۆشی یە،جگە لە ئیدریس بارزانی.

ئەو دراوەی کە بە ناوی بودجە، بۆ حکوومەتی کوردستان تەرخان کرابوو بەرچاوبوو 18میلیون دیناری ئێڕاقی، بەرتەقای (55ملیون دۆلاری ئەمریکی) بۆشەش مانگ، (ئاوریل-سپتامبەر1974) یانی لە ڕاستیدا بەقەرا بودجەی ساڵانەیە، کەبۆ وەزارەتی کاروباری باشووری ئێڕاق تەرخان کراوە.

کاروباری دەم ودەزگای کوردەکان، لەم ڕۆژە خۆشانەی دواییینی کوردستانی ئازاد، ئیکجار زۆر شوین دادەنێتە سەربینەر: (وەزارەتخانەکانی) کوردستان بەدرێژایی جادەی هامیلتن، لەحاجی ئۆمەران هەتا ناوپردان، لەپشت سەری یەکدی قەتارەیان بەستووە. حاجی ئۆمەران کە شارۆچکەیەک وێوەتر نییە، وئاخرین گوندی ئێڕاق، بەر لە گەیشتن بەسنووری ئیرانە، بۆتە(پایتەختی) کوردستان: ڕیبەرانی گرینگی حکوومەتی کوردستان لێرە نشتەجێن: ئەم سەرۆک

و فەرماندانە، لەماڵی بێ کەرسە حەواونەوە، و لە ڕەخ دوکانەکانی بەدار دورستکراوی تەژی لەکەل وپەلی ئێرانی ژیان تێپەڕدەکەن.

ژەنەڕاڵ بارزانی کە بنەماڵەکەی یانی ژن و کچی ناردۆتە ئێران، بۆ خۆی لە بەرزایەکان، کەدەڕوانێتە حاجی ئۆمەران دەژی،و بێگومان بەوهۆیەوە کە هەڵکەوتوو لە نزیکەی سنووری ئێرانە، و لە هێرش وپەلاماری پەیتا، پەیتای فڕۆکە بۆمب هاوێژەکانی ئێراقی لەئەمان دایە،وچەند سەت مێتر خوارەوەتر بنکەی مەسعودو ئیدریس دێتەبەرچاو: ئەوبنکانە لە بناکانی جندی دونیای ئەمڕۆکەن، کە (ناوەندی گەشت و سەیرانی ئێراقیەکان، لەکاتی ئاگربەس، لەدوورو درێژی ساڵەکانی 1970-1974دورست کراوە، و لەقەراخ پایەگایەکە کەبۆ حەسانەوەی پێشمەرگەکان تەرخان کراوە، کە پۆستی بەرگری دژی ئاسمانی و چەندین حاشارگەی لێ یە، و دەورا، دەوری تێل دڕووی لێکێشراوە. ئەوتۆپە دژی فڕۆکانە کە بێگومان بە نوێترین چەکی کوردستان دێنە ژمار، لە نوێژی شێوانی ڕیکەوت 6ی مارسی 1975 جارێکیتر بەرەو ئێران دەگەڕێنەوە.

هەر لەونزیکی لە ناوگەڵی ڕەشماڵەکانی وەزارەتی پەروەردەو، فێرکردن هەڵدراون، کە وێدەچێ کامیل و چالاک و بەبڕشت و پڕکارترین دەم و دەزگای دەوڵەتی کوردستان بێت. ئەم بنکەیە کە حاشارگەی خوینکاران و فێرگەی لاوەکانە، کە بە بزوتنەوەی بارزانی لکاون، و بە پێچەوانەی هەڵ و مەرجێک کە زۆرتر وە وچانی قوتابخانەی هاوینی دەچێ، بە لێهاتوویەکی بەرچاو تێدەکۆشن-ئیمکانات هەمێشە زۆرکەمە-و ئەم مامۆستایانەی پێشووی زانستگاکان، یان ئەو کەسایەتیانەی کە لە وەزارەتخانەکاندا، بەرپرس بوونە،هەنۆکە لەبن هۆبەکان، ژیان دەکەن(تەواوی کەل وپەلی هۆدەکانی جێ دەفتەری کاری هەڵگێڕ وەرگێڕیان بریتی لە میزەکی ئاسن و دووکورسی لە سەر ڕۆنیشتن وچەند دەفتەردان پێکدێنن. بەڵام داراتۆفیق، وەزیری ئیستخباڕات، ڕۆژنامەوانێکە کە بەڕابردوەکی کە(ئەو لە1970هەتا 1974 کەسەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەلتاخی بوو) وبۆ ئەولین کەڕەت ژەنەڕاڵ بارزانی بنکەیەکی ئیکجار لێهاتوو پتەوی ئیستخباڕاتی هەیە. بە،بەشێک دیلمانج کەکارئاسانی لە ڕۆژنامەکانی بیانی دەکەن. هەروا بەشێک بۆ کۆکردنەوەی دەنگوباسی ڕادیوی بیانی ولێژنەیەک،نووسەری یەکجارگرنگ بۆ ڕێک و پێکی بەرنامەکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان، بە زوانەکانی عەرەبی وکوردی... و لە ئاکامدا بڵاوکراوەی جۆراوجۆری وەزارەتخانە.

دەم ودەزگای پەروەردەو فێرکردنیش یەکجار تێکۆشەرە: ڕیبەرانی کورد لەسەر ئەمە پێداگرو بڕیاردەرن کە هەل ومەرجێکی ئەوها بڕەخسێنن کەکیژو کوڕەکانی خوینکار کە هاتوونەتە، ناو بزووتنەوە، لە(کوردستانی ئازاد) خوێندنەکەیان بەردەوام کەن. وبۆ خۆگەیاندن (بەهۆدەی سەرۆک وەزیران) دەبێ چەند کیلۆ مێتربێیەخوار، (نووسینگەی سەرۆک وەزیران)بریتی : لە چەند خانووی بە قوڕ دورستکراوی لە سەروژێری ڕێگا، ودەوروپشتی دەربەند،جێگاکاری (وەزیران) ئابووری وداد،ە(دادگستری).

بەڵام لە داوینی خوارەوەی حاجی ئۆمەران،نەختۆڵەیەک دوایی چوار ڕیانەی گەڵاڵە، (دەفتەری نیزامی)، و(دەفتەری سیاسی)لێ یە، کە بەردەوام لە ژێرپەلاماری هێزەکانی ئاسمانیدان...فەرماندەری جەیشی ئێراق، بەبێ شک بە قولانج قولانجی چلۆنایەتی ئەم جێگایە، ئاگادارە سیخوڕی لێ یە،ئەودەمی بەرپرسانی ئیراقی بەرلە پساندنی پەیوەندی زۆرجارهاتوونەتە، ناوپردان حاجی ئۆمەران، بەڵام بە پێچەانەی نەبوونی ئاگاداری ئیتلاحاتی

وئەو هەموو کەمتەرخەمیە لە لایان کوردەکان، هێزەکانی ئاسمانی ئێراق چ کات نایانتوانی ئەم ناوەندییە،کە ڕەگی چۆڵەمەی خۆڕاگری و بەر بەرەکانی کوردان لە ناوپردان لە ناوبەرن- ئەوبۆمبانەی کەئەو فڕۆکە بۆمب هاوێژانەی تۆ پۆ لۆف 22 بە گۆترە لەبەرزایەکی زۆر فڕێدەدەنە خوارەوە، دەکەونە چیا، فڕۆکەکانی ڕاوچیش کە بە دەگمەن بۆمبەکانیان بەلابڕ دێنەخوارو ئامانج دەپێکن، جگە لە پردەکانی جادەی هامیلتن).

لە مانگی سپتەمبەری 1974 دەم ودەزگای کوردەکان لەبەرچاو زۆرباش دەشوغیلن: ڕۆژنامەوانێک کەلەو کات دا سەردانی ناوچەی کردوە، لە سەرئەم ڕاستییە، شایەتی دەدات. ئەم هاوالدەرە لەتاران پایتەختی ئێران دابەزیبوو، لە تاران شەفیق قەزاز نوێنەری کوردان، لەگەڵ وی پەیوەندی گرت و ئەوی بۆ ورمێ(ڕزائیە)برد و لە وێ بەکارگێرانی ساواکی ئەسپارد. لەپاش ئەوەی بەتاکسی خۆی گەیاندە سنووری ئێراق، دەزگای ئیستخباڕاتی کوردان ئەوی تەحویل وەرگرت، وئەوی بە(کۆشکی سەلام) برد کە بە پێچەوانەی ناوەکەی بچکۆڵە بوو.

چاوپێکەوتنەکان بەلەزدستیان پێکرد قەرارەکان بە وردی لەبەر چاودەگیران و ماوەی چەند ڕۆژ(ڕێگای جێژوانی دیاری کراوە)بڕا. ڕۆژنامەوانی ناوبراو دوایی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەندامانی گرینگی دەفتەری سیاسی (سامی) دکتۆر مەحموود عوسمان، حەبیب کەریم، وئەوانیتر) وسێ بارزانی(ژەنەڕاڵ، ئیدریس، ومەسعود) وسەردانێک لە زێندان و نەخۆشخانە،وسەفەر بەجەبهەی ڕەواندز،بەم ئاقیدەو باوەڕو ئیمانە لە کوردستان گەڕاوە: کە شەڕی کوردستان بە پێچەوانەی نەبوونی چەکی قورس، چەکی دژی فڕۆکە و دژی تانگ سەت ساڵ دیکە خۆی ڕادەگرێت!

## 9-ڕووی دیکەی سکە

بەڵام گەلی چۆمان ورێگای حاجی ئۆمەران بۆ ناوپردان، لە ڕاستیدا(شانزالیرە) ی کوردستان بوو: دیمەنی ئەومەڵبەندە چکۆڵەیە، هێندە ئاوێنەی باڵانوێنی دێمەنی تەواوی کوردستانی ئازاد کراو نەبوو.

## بیافزای دیکە

بەتایبەت لەبادینان وەزعەکە، لەپاییزی 1974تاڵ بوو،ئەم ناوچانە کەلە زاخۆ، هەڵکەوتووە، ولەسنووری سووریيە وتورکیە، هەتا بارزان درێژایی هەیە، لەمانگی ئەوت بەم لاوە لەژێر گەمارۆی ئابووریەکی توند دابوو. لەباکوور جەیشی ئێراق بەرگری لەناردنی خواردەمەنی بۆ باشوور دەکرد. و لە باشوور ئەرتەشی تورکیە،سنووری گرێدابوو وشەوانە هەتائەو شوێنانە کە ڕێگەی هاتووچۆی قاچاغچییان بوو، بەنوورئەفکەن ڕووناکی دەکرد.

تەنیا،ڕێگایەک کە گەلێ چۆمانی بەتێپەڕبوون، لەمێرگەسۆر، بەبادینانی دەلکاند لەژێر ئاگری تۆپخانەی ئیراق دابوو، وکەلکی لێ وەرنەدەگیرا. لە ئەوتی 1974 کەڕێبەرانی کورد، هەستیان

بەم قەیرانەکرد، دەستووری دورستکردنی ڕێگایەکی دیکەیان دا: ئەم ڕێگایە،شاکارێکی فەنی بوو، ماوەی چەند حەوتوو، بە بۆڵدزێر لەچیا دابڕا، و ئەم هەلەی بۆ ڕێووباران ڕەخساند کەبەبێ بەرگری خۆیان بگەینیە بادینان، چونکە لە باوەشەیەک تێدەپەڕی کەلە سەرانسویی قەڕەوڵەکانی ئێڕاق دابوو. و بەهۆی پەلاماری ئاسمانی جگە لە شەو لەچاخی دیکە دا بۆ کەلک وەرگرتن نەدەبوو. بەڵام بەرپرسانی کورد لە جیاتی ئەمە کە خواردەمەنی پێویست بە قەتارەیەک لۆریە، بۆ بادینان بەڕێ بکەن، ئەم کارەیان بەمرۆڤی ئاسایی ئەسپارد، چونکە لۆریەکان پێشتر بەدەست نیزامیان زەوت کرابوون. لەکۆتایی سپتامبەری 1974 وەزعەکە ئێکجار جێگەی داخ بوو، لە شارۆچکەی (سەرسەنگ) بایی شتوومەکی خواردەمەنی بەجۆرێکی باوەڕ نەکراوە چووبووسەر. شەکر/300دەرسەت،(بەنیسبەت مانگی مارس)چای /200دەرسەت،برینج/400دەرسەت،ئارد/500دەرسەت-ئاردو برینج، بەکردەوە ببوو بەکیمیا! نرخی نەوت،کە دیهاتیەکانی کورد، بۆ غەزا لێنانیان کەلک لێوەردەگرت هەشت بەرامبەر، ونرخی بێنزین شەش بەرابەر ببوو.

ملیک شێکۆ)بەرپرسی (کۆمیتەی بەرزی مەسیحیەکانی کوردستان) دەیگوت: چوونەسەری نرخەکان، جۆرێکە کەپێشبینی هێندێک یارمەتی پێویست بۆ هەیڤەکانی دوارۆژ، لەکردنهاتوو نیە) ودەیگوت قەدەرحەیامێک پێ بچێ ئیدی دراویش، یارمەتی دەرنابێت...تەنیا ڕێگای گرێکردنەوەی ئەوقەیرانەی ئێستا، هێنانی شتوومەکی خواردەمەنی هەرچی زووتر بۆ ناوچەیە.)

کەمبوونی بنزین وەزیەتەکەی ئێکجار شپرزە،دەکرد-ڕێبەرانی کورد، بەپێ ئەسپاردنی کاری هەڵسووڕانی ئاتاجی شتوومەک، بەخەڵکی بادینان، بەوبیروڕایە، کەکەس لەخۆیان دل ئێش وناقایل نەکەن،لەڕاستیدا هێندیکیان ئیجازەدا، بە، بەرەکەتی بازاڕی ڕەش ومەحکووم کردنی جەماوەر،بەبرسایەتی، سەروەت وسامانێکی زۆر کۆ بکەنەوەو پاشەکەوت بکەن.

ئەحمەد شاڵی پارێزگاری کوردی بادینان،کەنوێنەری بەدەسەڵاتی حکوومەتی کورد لە بادینان بوو، بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو وەزعە نالەبارە، چ شتێکی لە ژێردەسەڵات دانەبوو، هەتا بەچەتوونی ئەوهێندە بنزینەی هەبوو کە بشێت خۆی لە شوێنەک بگەیەنێتە شوێنێکی دیکە، ئەو مانگانە بەهەر پەنابەرێکی سەرئەژمێرکراو،دوو دیناری مووچە،دەدا، (کەبەرامبەربوو بە/30فرانگی فرانسە)

ئەو پەنابەرانەی بەپیی سەرئەژمێری نزیکەی بیست هەزارکەس بوون، جگەلەو بنەماڵانەی کە خاوەنەکانیان پێشمەرگە بوون، وبۆ ڕاپەڕین دەشوغلین، وسەرئەژمێری ئەو بنەماڵانەنزیکەی /4000کەس بوو. بەڵام ئەو دەمی بەمە دا دێنا،کە ژمارەی دورستی پەنابەرەکان نازانێت، و بەگوێرەی بەرئاورد سەت هەتاسەت وپەنجا هەزارکەس دەبن. شارۆچکەیەکی وەکوو سەرسەنگ، کە ناوەندیەکی تۆریستی(سەیروسیاحەتی) بە ناوبانگە،ودانیشتوانی وی لەکاتی ئاسایی دوو هەتا سێ هەزارکەس بوو،دوو هەزار پەنابەرکەلە دهۆک وزاخۆ عەقرەڕا هاتبوون، لە خۆیدا جێکردبۆوە.

هێندێکی دیکەلە پەنابەران لە ئاوایەکانی مەسیحی وموسوڵمان نشینی،گەڵی سەرسەنگ، و عیمادیە، بڵاوببوونەوە. بەڵام بێجگەلەم پەنابەرانەی سەرئەژمێر کراو،لەسەرانسەری بادینان کەسانی تریش هەبوون، کە لە هەر جێگایەک کە بۆیان دەلوا-لەبن داران،لە ڕەخ قۆپیان،لەخواروی گردوڵەکان، لە هەندوڕی ئەشکەفتەکاندا ژیانیان تێپەردەکرد. دەستەیەکی

زۆریش لە پەنابەران لە ترسی هێرش ئاسمانی چووبوونە باشوور، هەتا هەرچی زووترخۆیان بگەیننە سنووری تورکییە،بەم هیوایە کە ئەم نزیکاتی لە سنوور،دەبێتە پێشگیری لەبۆمباردومانی فڕۆکەکان.و جیا لەپەنابەران، بنەماڵەی واش هەبوون، کەلەگەڵ وەزعەکی شپرزە دەست بە یەخەبوون، ئەمانە ئەو بنەماڵانە بوون،کە گەورەی ماڵ، یان یەکێک لە کوڕەکانیان بەر لە دەستپێکردنی شەڕ لەبەغدا، یان کەرکووک کاری دەکرد، و هەر مانگ بۆ بنەماڵەکەی پارە دەناردەوە. هێندێ لەو جۆرە خانەوادانە،خۆیان گەیاندبوو(کوردستانی ئازادکراو) و بە بزوتنەوە لکابوون. بەڵام بەشیکی زۆریش هەروا، لە بەغدا مابوونەوەو لە ژن و منداڵیان جیاببوونەوە، ژیانی بنەماڵەیان ئیکجار تاڵ وناخۆش بوو.

بنەماڵەی تێکۆشرانی کموونیستیش کە بۆخۆیان بۆ باکوور تێکشابوون، بنەماڵەکانیان لە باشوور هێشتبوونەوە، دەبێ لەمە داجێگایان بۆ بکەینەوە وڕەگەڵ ئەم حیسابەیان بخەین. حال وئەحواڵی ئەوبنەماڵانەش جێگای داخ وحەسرەت بوو!

ئەحمەدشاڵی لەئەوتی 1974سی وپێنچ هەزار دینار(بەرامبەری سەدهەزاردۆلاری ئامریکایی) یارمەتی لەنێوان پەنابەرانی بادینان دابەشکرد، ئەم دراوە کەلە بەرامبەربودجەی کوردستاندا گەمەبوو، ڕادەی کەمتەرخەمی ڕیبەرانی کوردی لەم بارەوە، دەنواند؟!

ئەسعەد خۆشەوی، کە مرۆڤێکی سوننەتی، ولەدوور خراوەیی یەکیەتی سۆڤیەت لەگەڵ ژەنەراڵ بارزانی بوو، جێگەی متمانەی بارزانیە ولە1962بەم لاوە خاوەنی دەسەڵاتی ناوچەبوو! بەڵام ئەم جۆرەی دەیگوت: چ عەزراباتی لەژێر دەسەڵاتیدا نەبوو، بێ تۆپخانە، بێ چەکی دژی فڕۆکە، وبەکردەوە بێ چەکی دژی تانگ یانی (ئارپی چێ)-وجگەلەچەند بازوکای 4و5 کارێکی لەدەست نەدەهات. بل لەوە کە چاونواڕی بکا ودەست وداوینی ئەوهیوایەبێت کە پێشمەرگە مەتەرێزەکانیان لەدەست نەدەن، لە سەریەک لە سەرەتای پاییزی ساڵی 1974 خەویکی پشێووئالۆز بەسەرکوردستاندا حاکم ببوو.

فەرماندەرێکی هێزی چەکدارو پارێزگارێک، یان داوەڵێکی بێگیان! ئەسعەد خۆشەوی لە ئەشکەفتێک، لە نزیک بامڕنە، وئەحمەد شاڵی لەبن ڕەشماڵیک، لەبن دارێک-هەردوو دەسەڵاتێکی بێ حدوودوو سنوور، بەڵام دەستەوەستان. ڕیگاکان بە هۆی نەبوونی بنزین و مەترسی هێرشی ئاسمانی بەتاڵ لەهات وچۆ بوو هەمووجێگا سێبەری قاتی و قڕی و برساتەتی بوو! لە سەرئەوەشڕا دەسەڵات وقودڕەتی ژەنەراڵ بارزانی بە سەربادیناندا، بێ دژایەتیە ،هەرکەس گورچیلەی هەیە دەتوانێ بچێ و ڕاست ودرۆکەی ئەم مەسەلە، لەناوچە بدینێ و بتۆژیتەوە.

چەند حەوتوو دوایی یانی لە نیوەڕاستی دووەمی نوامبەر بە دەستپیکردنی ئەوەڵین بەفر،ئەورێگایەی کەبادینانی بەگەڵی چۆمان گرێدەدا، بەسترا. چارەنووسی ئەم دەهەزار پەنابەرەی کەبەشی زۆری لەم زستانە ساردوسڕەی 1974-1975لەکوردستان پێخەفیان ئاسمان و ڕایخیان هەرد بوو،چۆن دەژیان؟ و هیچ کام لەوانەی کەلەم قەیرانە دەربازیان بووە، هەتا ئێستا ئەم چیڕۆکەیان نەگێڕاوەتەوە، ویەکێک لە شایەدانی بە دەگمەنی ئەم ڕووداوە، دکتۆر(ئالکساندر) پزشکی هولەندی بوو کە چ کات نەیتوانی ئەزموونی خۆی شیکاتەوە،ولەدوایی هەرەس هێنانی شۆڕشی کورد دەسەڵات دارانی ئێڕاقی ئەویان دەست بەسەرکرد، و بە هۆی ئەوە کە جوولەکەیە، لە سێدارەیان داو شەهیدیان کرد.

ئەمە نەزانرا کە بۆ چ ژەنەڕاڵ بارزانی/500000 و بەپەنابەرەکانەوە وێدە چێ /700000، کەس خەڵکی بادینانی بەم چارەنووسە بەرەڵڵا کرد! بەتایبەت کە بۆ خۆی خەڵکی بادینان بوو، و لە بادینان لە 1962خەبات و بەربەرەکانی و سەرکەوتوویی خۆی دەستپێکرد؟ ئەمە حاشا هەڵنەگرە کەلە مانگی سپتامبەمبەری 1974کوردەکان لە گۆرەپانی شەڕی ڕەواندز، کەچەند حەوتوو دوایی تێک شکا، تووشی شەڕی دەحەستەم ودژواربوون...بەڵام بێگومان گرفت و گرفنج وموشکیلە لە ناخی بزوتنەوەی خەبات و خۆڕاگری کورد، بوو.

## لەهێزکەوتن ورەزیلی خەباتی ڕاپەڕینی کورد

هەرچەند هەتا ئەوچاخ دیاریدانی ئەوشتە کەبەحەقیقەت بووزی نەدەخوارد، بەڵام ئەم خاڵە ڕوون و لە بەرچاوبوو کە گرفنج لەناو سازمانی کوردە: گشت بڕیارەکان لە تاقە سەرو، لەلایەن ژەنەڕاڵ بارزانی دەردەچوونوو، وەردەگیران، ژەنەڕاڵ بارزانی پیاوەکی دەنیوکەوتوو 70ساڵەبوو! بەمەترسی ئەمە مەبادا دیسان پیلانی کوشتنی بۆ داڕێژن، لە ناو خەڵک خۆی بەرچاو نەدەکرد، و لە خلۆەتخانەکەی لە حاجی ئۆمەران نەدەهاتە دەر، مەگین بۆ چوون...بۆ تاران! ئەو بۆخۆی دەیگوت: ( ئیدی ئەمن پیرەمێردەکم، توانایی چوونەشەڕم نییە، و کاتەکەم لێرە لەسەر ئەم کورسییە بەخوێندنەوەو ناردنی تێلگڕام تێپەڕدەکەم.) ئەولە گەڵ واقعیەت پەیوەندی پچڕاندبوو، و چاوگەی خەبەری ئەو کەسانە بوون کە دەستیان وەویوو، و نزیکانی وی ڕادەگەیشت! و ئیدریس ومەسعوود، کە تەواوی کاتیان بۆ بابەتەکانی سیاسی تەرخان کردبوو، سامی کە زۆرتر لە سەفەری دەرەوە بوو دکتۆر مەحموود عوسمان کەکاتەکەی لە نیوان پێڕاگەین بە نەخۆشخانەو کارەکانی دیکەی دەفتەری سیاسی بەشکردبوو لە هەموان کەمتر، حەبیب کەریم، کە وەختەکەی سەرجەم بۆ بەرێوەبردنی ئەرکی سکرتێری گشتی حیزب، دەڕۆیی. ئەندامانی دیکەی دەفتەری سیاسی تەقریبەن بارزانیان نەدەدی، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە ویش کەمتر. پارتی دێمووکڕاتی کوردستانی ئێڕاق، ئیدی بەناوی حیزبێکی سیاسی جەستەی لەگۆڕێ نەبوو: دەم و دەزگایەکی هەڵسوڕێنەربوو کە وەکوو هەر دەم و دەزگایەکی ڕیوەبەری کاریدەکرد، دەبوایە ئەم بڕیارانەی کە لەسەرەوە، وەردەگیران، بە ڕێوەیان بەرێت...سازمانی خوێنکاران و لاوانی کوردیش، بۆخۆیان سازمانی دەبەڕەواڵەت بوون! ناڕیکی ئەو هەموو شتانەش هۆیەک بوو یانی لەکوردستانی ڕزگارکراوی ژەنەڕاڵ بارزانی، لەهیچ یەک لە بەستێنەکان تۆژینەوەو لێ پێچانەوە لەگۆڕێ نەبوو. دۆستایەتی لەگەڵ ئێران کە هەتا سپتامبەری 1974 شتێکی شاراوەو بن دەست بوو، لەدوایی ئۆکتۆبری 1974شتێکی ئاشکراو زەق لە بەر چاو بوو. هەروا تەداخۆلی ڕاستەوخۆی ئەرتەشی ئێران،لەکوردستان، لە ژێر دەسەڵات و حوکماتی ژەنەڕاڵ بارزانی، بێگومان هۆو دەلیلی گەورەترین سەرەڕۆیی بوو کە لەوکات دا، یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی (ڕژیمی) ژەنەڕاڵ بارزانی بەحیساب دەهات.

ئەم یەکیتەیە، بە پێچەوانەی سروشتی بارزانی لەگەڵ (شای) ئێران بوو، کەلە بواری بیروبووچونی زۆرکەسان جێگای پرسیاروعەیب و ڕەخنە لێگرتن بوو، هەتا هێندێک بە توندی ئەو کارەیان سەرکۆنەدەکرد. لە سەریەک ئەمە ناسوورێکی سەرەتانی بوو کە لە ناخەوە بزوتنەوەی خۆڕاگری کوردی کلۆردەکرد،ئەم یەکیتەیە، لە سەر بناخەی نهێنی یەک، هەڵچنرابوو، و ئەم نهێنییە هێشتا نەدرکابوو. ئەم ماکەیە ببوو بە هۆی ئەم کەمایەتیە، کە ئاگادار بە،مەسەلەکە بوون و بڕیاری خۆیان بەبێ شیکردنەوە بەڕیوەبەرن. لەمە کاولتر، دۆستایەتی

لەگەڵ شا، ببوو(بەسورەی قورئان)کەس حەقی نەبوو دەمی لێبداو داوای شێکردنەوەی بکات. هەموو دەیانزانی کە ڕێکەتنێک لە ئارادادهەیە. بەڵام لە سەر ئەمەشڕا کەس مافی قسەکردن لە سەرو ڕەخنەی نەبوو،نە دەبوایە سەبارەت بەوی دوابانە! بەڵام ئەمە سەرجەمی مەسەلەکە نەبوو: ڕێبەران لەهیچ یەک لە بەستێنەکان بە ئاپورەی خوێنکاران و دانیش فێربووکان، کە بە بزوتنەوە وەنووسابوون، ئیزنیان نەدەدا، بە شوێن تێکردن لە بزوتنەوەدا بەشداری بکەن لە ( توانایی گەنجەکانیان کەلک وەرنەدەگرت) ئەمە قسەیەکە، کە بەردەوام لە سەر زوانی کادێروخوینکاران و دیپلۆمەکانی لاو بوو...لە110 دکتۆر کە بە بزوتنەوە لکابوون،زۆرو کەم کەلکیان لێ وەردەگیرا،بەڵام لە250ئەندازیاری کە چووبوونە پاڵ ڕاپەرین،تایبەت لەوبارەوە سکاڵایان هەبوو کە ئەرکی دەرجە دوویان پێ دەسپاردن. خۆینکارانیان بە پێچەوانەی خوازیاری خۆیان بۆ ناوهێزەکانی چەکداری پێشمەرگە و لە تەلەفون و تیلگرفخانە، ڕشتەکانی پسپوری کە ویستی خزمەتکردنیان لەو ئۆرگانانە بوو دەیاننادرنە ئۆردوگای هاوینی یان لە نوسینگەکاندا کاریان پێ دەسپاردن. ڕیبەرانی وەکوو داراتۆفیق، لەم بڕیارەیان دیفاع دەکرد و دەیانگوت: (ڕاهێنان و حاملاندنی خۆێنکارێکی زانستگایی یان تێکنسین، چەندساڵ دەخایەنێت، ئەمە دورست نیە، بە ناردنی ئەم جۆرە خوێنکارە بۆ بەرەی شەڕ ژیانیان بخەنە مەترسی!

بەڵام ئەمە چارەنووسی ئەفسەرانی هەڵاتووی جەیشی ئێراق بوو: هەتا یەکیک لەوان لە(نوسینگەی نیزامی) و کارەکانی ستاد کەلکی لێ وەرنەگیرا، یان پۆستێکی نیزامی ئاچەری بەوی نەسپێردرا. لە ڕاستیدا سەرۆکانی سوننەتی عەشایری پێیان خۆش نەبوو (دەرس خوێنەکان) لەواحدەکانی خۆیاندا ببینن، یەکێک (لەوسیواد دارانە) دەڵێت: ( لەمە مەترسیان هەیە...ئاخر ئێمە دەمانەوێ گۆڕانکاریەکی بەسەر وەزعەکەدابێنین.) ئەوکەسانەی کەلە1974شەڕیان دژ بە پۆشتەو وزەترین هێزەکانی جەیشی ئێڕاق،کەلە لایان ڕاوێژکەرانی شوورەوی و هیندەستانی داکۆکی دەکران بەڕیوە دەبرد ئەو کەسانەبوون کە 13ساڵ بەرێ، لەلایەن ژەنەڕاڵ بارزانی بۆ بەڕیوەبردنی شەڕەکانی چریکی هەڵبژێردرابوون، ئەم هەڵبژاردنە، زۆرتر لە سەر بناخەی ئەمەگناسی ئەوان بە ژەنەڕاڵ بارزانی بوو: ئەسعەد خۆشەوی بۆ سەرانسەری بادینان، عەلی خەلیل، بۆ جەبهەی دهۆک، عەولا پژدەری بۆ باڵەکایەتی، وزۆری دیکە کە بە چەتوونی خوێندنەوەو نووسینیان هەبوو) ئەمە قسەی خۆێنکارەکان بوو کە ڕەشایی لەشکربوون و ئەم قسە ئاویتەی تەوس ومخابن بوو. دورستە ئەم مرۆڤانە کە بەهەرحاڵ لە خوێندنەوەی نەخشەیەکی شەڕ،دەستەوەستان بوون،هەتا ئەوتی 1974 لە کوردستان نەناسراو بوون!

لەسەریەک جیا بوونەوەو لێک ترازان و شەقەبوون، لەنێوان شەڕکەران-دێهاتیان ووەرزێران-وسیوادداران-کە زۆرایەتیان خەڵکی شارن-بەوپەڕی خۆی گەیوە. ئەم خەڵکە خوێندەوارە،کە ئەوانیان لە پشتەوەی شەڕگە، لە گەڵی چۆمان لە ستادەکان ڕاگیراون، بەکردەوە، لەخەباتی چەکدارانەدا، بەشداریان نیە، ڕێبەرانی کورد بەمجۆرە ئەم هەلە مێژووییە،کە بۆیانی ڕەخسابوو، تەنگەژەوگرفنج ودڵۆی نەتەوەی کورد،لەئولکەوناوبەستێنی شەڕدانین،وتێکەل بکەن لە کیسیان دا!

ئەمەڕاستە، کە لە هەموو بزووتنەوەو ڕاپەڕین و بەربەرەکانی وخەبات،یان ڕزگارکەری نەتەوەیی، کەمتەرخەمی و بێ باوەڕی لەو کەسانە، کە بە درەنگەوە ڕەگەڵ جۆڵانەوە کەوتوون، وەبەرچاو دەکەوێ! لە دەورو پشت و قەراخ قوجاخی ژەنەڕاڵ بارزانی، گروپەکانی ئەمەگناس لە

هاڤاڵانی (مێژوویی) هەبوون. یارانی ساڵەکانی 1943-1945-پاشان هاڤاڵانی دوورخراوە، لە یەکیتە سۆڤیەت، و دۆستانی سەرەتای ڕاپەڕین، تەواوی ئەوبیروبۆچوونانەی ئەو کەسانێەیان کە هەتا ساڵی 1974 نەچووبوونە ناوشۆڕش، بە چاوی نامتمانە لێدەڕوانی و هەڵبەتە هێندەکیش هەلپەرست بوون!

بەڵام شێوەی ئیخلاق و ئاکارەو ڕەفتاری ژەنەڕاڵ بارزانی ونێزیکانی شوێن تێکردنێ لە جێگایەکیتر بوو. ژەنەڕاڵ بارزانی لەدوایی ناکۆکی لەگەڵ(هیوا) و جیابوونەوەی لەوح یزبە،لە1943چ کات نەیتوانی وخۆی پێ قایل نەکرا،کە لەگەڵ مرۆڤی بەزانست ولەگەڵ حیزبێکی لێهاتووی بەم ناوە -ناوی حیزب-هاوکاری بکات.

خۆتێهەڵقوتاندنی ئێران

لەپاش داگیر کردنی زرزک، لەلایان هێزەکانی میری لە13ی ئۆکتۆبەی 1974وەزعەکە لە(کوردستانی ڕزگارکراو) خێرا بەرەو بوڵێڵی خوشی، ڕیبەرانی کورد-ژەنەڕاڵ بارزانی، ئیدریس ومەسعوود، عەبدولوهاب ئەتروشی بەرپرسی نوسینگەی نیزامی-هاتنە سەر ئەو قەناعەتە، بۆ بەرگری لەبەریەک هەڵتەکانی جەبهەی ڕەواندز،ڕاستەوخۆ بەشداری بکات. ئێرانیەکان بەجۆرێکی گرنگ تۆپخانەیان نارد: لەحاڵێکدا کە بەتۆپەکانی 175میلمیتری خۆیان کە لە خاکی ئێران دامەزرابوو، لە عەمەلیاتی پیشمەرگە داکۆکیان دەکرد و هێندێک لە هێزی تۆپخانەی قورسی خۆیان ناردە ناوجەرگەی کوردستان. ئەم هێزانە هەرلەوێ سەنگەریان گرت: هەتا حەوتوەکانی دوایی فۆرییەی 1975،تابورێکی تۆپخانەی ئێران(12قەبزەتۆپی 155،(؟) لەگەڵ /400کەس) لەنزیک بنکەی ئیدریس بارزانی لە قەسرە سەنگەریان گرتبوو. ودووتۆپخانەی دیکە بریتی لە (6قەبزەتۆپ) لە دەربەند، بەشێک لە هێزی پاشەکەوت بوون، لە ژێر پەنجەرەی هۆدەی (ناوەندی بڵاوکراوەی چەپەمەنی) پارک کرابوون. ئێرانیەکان هەنۆکە بە کردەوە لە لای بیانی یەکان یانی دوکتۆرو پەرەستار و هاواڵدەرەکان، کەلە کوردستان بوون، حەول نادەن تەداخولی خۆیان وەشارنەوە هەرئەوەندە کە بەیداخی سێ ڕەنگی ئێران لە سەر بەدەنەی کامیۆنەکان، قور تێهەڵدەسوون. جگە لەمە هەموو شەوێ،هێزەکانی تۆپخانەی ئێران، بۆ وەرێکەوتن بۆنزیک شەرگە، لاقیان دەخاکی کوردستانی ئێراق دەنا. لە نوێژی شیوان، کە تاریکان بەسەردەستاندا دەهات، کاتژمێر شەشی پاش نیوەرۆ،بە پێچەوانەی بەرتەسکی و تەنگەبەرایی ڕێگا، هاتووچۆی قورس لە سەرجادەی هامیلتن، دیاری دەدا: بەدوای کامیۆنەکانی گوێزتنەوەی قازاخ و تەقەمەنی ئەوکامیۆنانەش وەبەرچاو دەکەوتن کە تۆپەکانیان بەدوای خۆیاندا ڕەکێش دەکرد، وماشین جیبی فەرماندەکان ..ڕۆژنامەنووسی فەڕانسەوی لە شانشینی هوتیلی دەربەند، کە ناوەندی چاپەمەنی و بڵاوکراوە بوو لە ماوەی نیوساعەت ڕابردنی 12کامیون و12قەبزەتۆپی دیبوو.

لە سەرەتا، کە هێزەکانی ئێران دەستیان بەشەرکرد هێندە نەدرەوشانەوە، وئامانجەکانیان بەباش نەدەپێکا، سەربازەکانی ئیرانی لەفرۆکەکانی ئێراقی دەترسان، بەتایبەت دوایی ئەوە کە چەند کەسیان لە یەکێک لە شەرەکانی ئاسمانی لێ کوژران. بەڵام دوایی باشتر بوون، وچاک دەجەنگین، ئێرانیەکان بەرگری ئاسمانی کوردانیان بەموشکەکانی زەمین بەهەوا،بەهێزکرد لە پاش فۆرییەی 1974، چەکەکانی دژی تانگ کەلە دوورەوە بەکابل کۆنترۆڵ دەکران، لە کوردستان دەهاتنە بەرچاو. فەرماندەکانی جەیشی ئێراق، مەجبوور دەمیان پێداهێنا کە لە زستانیش دا شەڕ بەردەوام دەبێت، و واقعیەتیان درکاند(ناوەندی فەرماندەری ئەرتەشی ئێراق،

بەتاڵووکە/150000دەست جل وبەرگی زستانی بۆ عەسکەری ئێراق، لە هیند بەدروندا. ئەمما ئێرانیەکان لە سەرئەمەرا کەبۆ کوردەکان ئەم هەلەیان رەخساند کە پەلاماری ئەرتەشی ئێراق تێک بشکێنن، هەتا دوایی هەر بە (دلۆپە دلۆپە) چەک وتەقەمەنیان دەدانێ وێدەچوو لە بەر ئەمە بێت کە باشتری بخەنە ژێر کونترۆڵ؟

ئەندامەکی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات دوایی بەوپرسیارە، ئەم وەڵامە، وەحشتناکە داوە: ئاخ،نا چونکە دەیانزانی کە ئیشێک بەپیچەوانەی ئارەزوی وان ناکەین!) ئیدی؟...

## 11-گرینگایەتی ونیشانەکانی یارمەتی ئێران

ئەمە ڕاست بوو کەئەم زێدە یارمەتیەی شای ئیران،(لاسەنگی بەرامبەریش) هەبوو لە فۆرییەی 1975کوردەکان لەدوایی چێژی گرفنجێکی توند سەرکەوتوو ببوون وەزیەتی ئولکەی شەڕ،بەرەو باش ببەنەوە، بەپێی قسەی ئیدریس بارزانی لە شەڕی ڕەواندز عەسکەری ئێراق،لایەکی کەژی زرزکیان داگیرکردبوو،و پێشمەرگە لایەکەی دیکە، ئیدریس بارزانی ئەمەی قەبووڵ دەکرد کە ئەم وەزعە ناخۆشە! ئەوان بەشێک خەتی پەیوەندی ئێمەیان لەژێرچاوەدێری دایە، ئیدی ئەمە قەبووڵ ناکرێ! یەکمان دەبێ بڕوین، ئەوان یان ئێمە!)

بەڵام لە ڕەوانگەی سیاسی شەڕی کوردەکان بێ ئاکام بوو، وبەشێک لە کوردان کە هێندێک لە وان لە نزیکانی بارزانی بوون، وردە، وردە دەمیان بەم مەسەلە دا دهێنا. فەزای دەڤەر پڕتەوەژم بوو: ئێستا ئەو سەردەم گۆڕابوو ڕێووبارێک کە لە بەغداوە دەهات بەسانایی وبێگرفت لاقی(دەکوردستانی ئازاد)نابوایە. چونکە بەڕاستی ئەوکات هوای ئازادی هەڵدەمژی. هەنۆکە هەموو لەیەکدی وەشک کەوتوون. هاواڵدەرەکان ئیدی نەیاندەتوانی لەگەڵ (مەلایکەیەکی کێشکچی) لە جێگایەکی بۆ جێگایەکی دیکە بچن. یان بەبێ حزوری (دیلمانج)دەم و دەزگای ئیستخباڕات،لەگەڵ چ مرۆڤ،هەرکەسێک بوایە، پەیوەندی بگرن!

ڕێبەرانی کورد کە مەجبوور ببوون بە یارمەتی ئێران لەگەڵ بەعس بەشەڕ بێن، لە ئاکامدا بۆ خۆیان گەیشتنە ئەو بەستێنە، کە لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان ڕەوشتی (دەم ودەزگاکانی ئیستخباڕاتی ) ئیران لە کاربکەن. بەتایبەت ئەوخاڵە روون ولەبەرچاو بوو کەڕیبەرانی کورد،ئیدی خاوەن هەڵویست ودەنگ و بڕیاری ڕاستەو خۆ نین؛ ئەوان دوایی 11مانگ خۆڕاگری وبەر بەرەکانی لە بەرامبەر عەسکەری ئێراق، دەبوایە یەکێک لەوسێ بڕیارەیان ڕاگەیاندبوایە: خودموختاری، حکوومەتی مووەقەت، یان سەربەخۆیی: دەبوایە سەرکەوتن وپیرۆزی خۆیان، لەلەڕاستیش دا، سەرکەوتوو بوون، ئاویتەی ناوهەوێنی سیاسەت کردبوایە، بەڵام بڕیارەکە، لەپاییزی 1974 چاوەنوار دەکرا،چ کات بۆیان نەگێرا، ئیدریس بارزانی تێدەکۆشا بەدەربڕینی ئەم قسە: (کە وشەگەڵ چ گرینگایەتیان هەیە؟ گرینگ دەسەڵاتە! بەستێنی ئیختیاراتی سەرۆکانی بنکەکانی ئێمە زور زێدەتر لەوەزارەتە!) لەسیاسەتی ڕێبەرانی کورد دیفاع بکات.)

بەڵام ڕیبەرانی دیکەی کورد، ڕوکتربوون،دکتۆر مەحموودعوسمان لەئاخری فۆرییەی 1975لەوەڵام بەم پرسیارە گوتی: ئەمڕۆکە شای ئێران دژ بەخودموختاری نیە...وناقایلیش نیە...لەم بارەوە...چ دڵ گەرمییەک نادا!؟) وانیشاندەدا، کە ڕیبەرانی کورد،سەخمەرات بەماناو ناوەڕۆکی ئەم

شەڕەی کە داوێنی نەدەگەیە، چ حاستێک خۆیان دەبەنە، ژێر پرسیار یانی لەخۆیان پسیاردەکرد.

دکتۆر مەحموودعوسمان، کەلە 1962بەباڵی ڕاستی پارتی دێموکڕاتی کوردستان لکاوە،لە وەڵام بەم پرسیارە دەڵێت: (ئێمە خوێنی خەڵکی کورد، بۆ نەشە بوونی شای ئێران ناڕێژین!) چەند ڕۆژ بەر لە ڕیککەوتنی ئەلجەزایر، نێوانی شای ئێران وڕیبەرانی کورد شەکراوبوو.

کوردیک کەلە مەڕپلەوپایە،هاوتای دوکتۆر مەحموودعوسمان نەبوو، هەستی بەئازادی وئاخافتنی زۆرتر دەکرد، بە بیچمەکی خەمباروە دەیگوت: (ئێمە بۆ کەسێک بەشەڕ دێن...کەلەوی شتێک بەئێمەنابڕێ! کوردستان کاول بووە، وەزیەتی پەنابەران وەحشەتناکە،بەڵام لە وت وێژی دوایی(مافێکی) کەمتر لە1970 وەدەست دێنین... درێژ بوونەوەی شەڕ، دەوڵەتی بەغدای کزکرد،ئەمەشی لەپەڕو پۆ کرد،... لەم نێوەدا بەرگی بەرەندە بەدەست شای ئیرانە!) لەمە رونتر ناتوانێ ببێت. چەند ڕۆژ دوایی پێکهاتنێک کە لە نێوان شای ئیران و سەدام حوسین لە ئەلجەزیرە،وەدەست هات،بەڕاپەڕین وبزوتنەوەی بارزانی وهەموو خەونەکانی سەربەخۆیی کوردستان دوایی هێنا.

## فەسڵی 15- بەڵیننامەی ئەلجەزایر(6ی مارسی 1975)

### ئاش بەتاڵی ئیکجاری

لەئۆکتۆبری 1973 ڕیبەرانی کورد، کەلە کەژو چیا، ڕوو داوی سیاسی شەڕی عارەبوو جوولەکانیان(ئیسرائیل) لیدەڕوانی وهەڵدەسگاند، بەچاو پێکەوتن لە پێشوازیی و میوانداری گەرمی برێژنیف لە کێسینجر، لە مسکۆ، بەناباوەڕی و سەرسوڕمانەوە، گوتیان: ئێمە نامانەوێ ئەوانە یەکتری لەباوەش بگرن...دڵمان دەیەویست،قینگیان لێکدی دابوایە!)

سەبارەت بە ئێڕاقیش، هەربەم جۆرە: هەرچەند پەیوەندی وهاتوو چووی ئێران و ئێڕاق گرژ دەبوو ڕێبەرانی کورد زۆرتر کەیف خۆش دەبوون،و هەتا قسە لە پێکهاتنەوەو نێوان خۆشی وساچان وئاشتی دەهاتە گۆڕ پێی تێکدەچوون ودڵتەنگ دەبوون! بەڵام پێکهاتنەوەکی ئەوهایان پێ لەکردن نەهاتووبوو: ئەوان بە وەبیر هێنانەوەی تووڕەیی ودڕ دۆنگی (شا) لەگەڵ ڕێبەرانی بەعس لەدوایی بەڵێننامەی 11ی مارسی 1970 دەیان گوت: (ئەوە کە ڕۆژێک شا،لەگەڵ ڕێبەرانی بەعس بساچێ، جێگەی قسە لەسەرکردن نیە.!)

بەڵام لە ڕاستیدا لە ئۆکتۆبری 1972 بەو لاوە،شای ئێران، بەهۆی یەکیک لە وەزیرەکانی دەرەوەی ،لەوڵاتیکی دونیای سیوم، کە بێگومان(تورکیەیە)-دەوڵەتی ئێڕاقی تێگەیاند بوو، کەئەگەر بێتوو دەوڵەتی ناوبراو پەیمانی ساڵی 1972 لەمەڕ یەکاوی عارەبان، کە ئێران سێ ساڵ بەرێ ئەوی بێ بایەخ ڕاگەیاند بوو، بەڕاشکاوی پێ لێبخشێنێت، ئەویش حازرە ئەمە قەبووڵ بکات کەئاسایش وئاشتی لەناوچە دابین وسەقامگیربێت! (سازمانی سیا) ئاگاداری مەسەلەکە، بوو بەڵام کوردەکان لەو سەینەو بەینە، بێ خەبەر بوون. لەسەرئەوەش ڕا هێندێک هۆی دڵەڕاوکە ونیگەرانی، دەبوایە بەکوردەکان، کە پێشتر قوربانی ساچانی بەعس

وشوورەویەکان بە(شێوەی تایوان) ببوون، تێگەیاند بوایە کە ئاشتی لە نیوان(شا) و سەدام حوسین، شتێکی ناوێنەچوو نیە،بەڵکوو لەکردن هاتووە.

لە گرێدانی پەیوەندی (سەرلەنویی سیاسی نێوان ئێران وئێراق، لە سبەی پەلاماری ڕەمەزان،(پەلاماری ئەرتەشی میسر لەئۆکتۆبری 1973) بەم لاوە،وەزیرانی دەرەوەی بەغداو تاران، هەرچەند جارلە ئەستانبۆڵ،پێکەوە چاوپێکەوتنیان هەبوو، هەرلەوکات، لە بنکەی نێو نەتەوەیی(سازمانی ملل) پێکەوە ئاخافتنیان دەکرد، ئەمە ڕاستە کە ئەم سەردان وپەیوەندیانە، چ بەریان لێ نەدەکەوتەوە،وبەهیچ کوێ نەدەگەین، بەڵام کاتێک ئەم جۆرە سەردانانە سەریان دەگرت، بۆخۆی نیشانەیەکی زەق بۆ دڵ ڕاچڵەکان بوو.

لەئۆکتوبری 1974 ئەمیرعەباس هوویدا سەرۆک وەزیرانی ئیران، لە وتووێژێکی دوورو درێژ، کەبۆ مەسەلەی کوردی تەرخان کرابوو، چێرۆکی ڕابردوو، لە کەوە دەدا، لاقی زۆرتر لەسەر(ڕێوو ڕەسمی کەونارای ئێران، قرساندبوو کە ناتوانی دەرگای ماڵی خۆی لەسەر کەسانێک گاڵە بدا، کە لە ترسی برسایەتی وبۆمباردومان پەنایان بۆ ئێران هێناوە) سەرۆک وەزێرانی ئێران لەم وت وێژەدا، لەهەنگاونان لە بەستینی سیاسی خۆی دوورەپەرێز، ڕادەگرت، و لە دوایی حاشاکردن لە هەرجۆرە یارمەتیەک، بە کوردەکان دەڵێ: (ئێمە دەست لە ناوکاروباری ناوەخۆی ئێڕاق وەرنادێن)... ئەمە وتەیەکە، کە ئێراقیەکان، دێن کەلە کوردان تێبشکێن، بۆ مەیان هەڵبەستووە...بەبۆ چوونی من ڕەنگاندویانە! ... ئەم مەسەلە پەیوەندی بە ئێڕاقە،...وگومان ودوو دڵی دەوەدانیە، کەکوردەکان مافی خۆیان لە ئێڕاق هەیە، دەجا ناتوانن ئەوە قەبووڵ بکەن کە ئێڕاقیەکان وەکوو دانیشتووی دەرجە دوو لێیان بڕوانن و لەگەڵیان بجۆڵێنەوە) کاتێک لە وی پرسیاردەکەن چ کەسێک یارمەتی کوردەکان دەدا، سەرۆک وەزیرانی ئێران لە وەڵامدا دەڵێ: چ کەسێک؟ وێدەچی سازمانی سیا) یان ئیستخباڕاتی فڕانسە.)

لە کۆتایی دەسامبەری 1974 شای ئێران لەگەڵ هاواڵدەری کەوەیتی(ئەلسیاسە) وتوویژی کرد، کە ئیکجار نیگەرانتر لە وت وێژی هوویدا بوو. لەم وت وێژەدا –شای ئێران، ئێراقی بەئەمە تۆمەت لێدەدا، کە ئەم ڕێکەوتنەی کەلە ئەستەنبوڵ سەری گرت( بەڕاستی و دڵپاکی بەڕێوەی نەبرد) وگوتی: ئەوکورەکان دنەنادا، بەمە کە داوای سەربەخۆیی بکەن، ئەمانە تەنیا داوای خودموختاریەکی بەرتەسک دەکەن،لە چوارچێوەی ئێڕاق، نەک لە دەرەوەی ئێراق.)

لە ئاکامدا هێندێک ڕووداوی مجد لەسنوور، ئێران وئێڕاقی هەتا سەردەرانەی شەڕ بردەپێش: تۆپۆلۆڤێکی 17و سیخویەک، بە مووشکەکانی ئێرانی لە سنوور کەوتنەخوار.

چەند ڕۆژ دوایی ئەمە، شا، لە(وێن)ڕایگەیاند: کەمەسەلەی چەک وچۆڵی دەست دریژی) بە کوردەکان لەگۆڕێدانیە، چونکە ئەو بۆخۆی دژی سەربەخۆیی کوردستانە.) جگەلە وانەش، عەلامەتی دیکە ڕوخسارکرژی دەسەڵاتدارانی ئێران، دەبوایە ڕیبەرانی کوردی نیگەران کردبوایە، لە مانگی ژوئن دەولەتی ئێران لە(کۆمیتەی نەتەوەیەکگرتوەکانی (خاچی سووری دنیا) کمسیاریای بەرزی ناو نەتەوەیی، بۆ پەنابەرەکان داوای کرد، نوینەری خۆیان بۆ سەرلی هەڵێنان لە ئۆردوگاکانی پەنابەرانی کوردی ئێڕاقی بنێرنە ئێران. ئەم نوێنەرانە لە کۆتایی سەرپێ هەلێنانی خۆیان لەدەسەلاتدارانی ئێرانیان پرسیارکرد: ئاخۆ ئاتاجیان بەیارمەتی هەیە؟ وەڵامی ئێران نای نەریتی(منفی) بوو. نوێنەرانی ناوبراو پاشان لە دەوڵەتی ئێرانیان داواکرد ئیجازەیان پێ بدات نوێنەرانی خاچی سوور، لەئێران ڕا بچنە کوردستانی ئێڕاق،

ویارمەتیەکانیانی (خاچی سوور) لەم ڕێگایەوە، بۆ بریندارانی شەڕ بنیرن، بەڵام دەوڵەتی ئێران ئیجازەی پێ نەدان.

ولەو کاتەدا، سەرۆک وەزیرانی ئیران، بەلاق قرساندن لەسەرئەمە، کەدەوڵەتی وی هەتا،نۆکە 80میلیون دۆلاری سەرفی 112000پەنابەری کوردی ئیراقی کردووە(ئۆکتۆبری 1974) ڕایگەیاند: (دەبێ بڵێم بەداخەوە، کەلەو کەمتەرخەمیەی کە سازمانێکی وەکوو (سەلیبی سووری جیهانی) یان کمیسارییای بەرزی بنکەی ناونەتەوەیی، بۆ پەنابەرەکان، لەپەیوەندی دەگەڵ ئەم مەسەلە دەریان بڕیوە، بەمخابنەوە، سەرسوڕمانی خۆم دەردەبرم.)

سەرۆک وەزیرانی ئێران لەوەلام بەم پەسیارە: کە بە حەقیقەت چ چاوەنواریەکی هەیە، گوتی: (دەبوایە هاتبوان وئەوانیان دیتبوایە، ئەمانە بەپێێ پەیرەوی سازمانی خۆیان ئەرکی سەرشانیانە، کە بین و مەسەلەکە  بدەنە، بەرتۆژینەوە، ئاخر ئەم خەڵکە ڕۆژێک دەبێ بۆ ماڵ وحالی خۆیان بگەڕینەوە. لەڕاستیدا بیروڕاو ئامانجی ئێرانیەکان لە هاتنی نوێنەرانی سازمانی نیونەتەوەیەکان، بۆسەر لێ هەڵێنان لە ئۆردوگاکانی پەنابەرەکان(بەڕیوەبردنی خەباتێکی پڕوپاگەندەیی بوو)و بەڵام تەنیا دوایی وەرگرتنی ئیجازەی تڕانزێت لەلایان (خاچ سووری سوئد بوو،لە24ی ئۆکتبری 1974) کەسەلیبی سووری جیهان) بە نۆرەی خۆی ئەم ئیجازەییەی وەرگرت. دژوارە بتوانین ئەوها فکربکەینەوە: کە ژەنەڕاڵ بارزانی و هاوهزرانی، بەسەرجەم لەوباسە نائاگاداربین! بەتایبەت دژایەتی-شا-لەگەڵ ڕاگەیاندنی خودموختاری یان پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ، (بەبیچمی بەشێک لەکۆماری فیدڕاڵی ئێراق،) دەبوایە ئەو نیگەرانیەی کە ژەنەڕاڵ بارزانی لە1947 لەمەڕ شا-ی ئێران هەیبوو پشت ڕاست کردبوایەوە! وێدەچوو هیوای ژەنەڕاڵ بارزانی بە دەستەبەری ئامریکایەکان بێت، ونەیدەزانی کە(سازمانی سیا) لەگەڵ بێشەرمی دوورلە هەستی ئینسانی شای ئێران،لە وی تەنیا بەچاوی (کەرەسەوئەمراز بە مەبەستی، هێنانەخواری بناخەوڕادەی ڕوداوخوازی نێودەوڵەتی ئێڕاق) چاوی لێدەکات)

خەلاسە، لە20ی فۆرییەی 1975کۆنسۆلی میسرلەبێروت، نوێنەری بارزانی ئاگادارکرد، کە سەرکۆمارسادات،پێیخۆشە لەگەڵ نوێنەری  ژەنەڕاڵ بارزانی چاویان پێک بکەوێت. 48ساعات دوایی، (سامی) لەنەکاو لەکوردستان ڕا چۆ تاران(ژەنەڕاڵ بارزانیش، لە26فۆرییە بەرەوتاران ڕۆیی) و لە وێرا بۆ قاهیرەچوو، و لەوێ لەگەڵ سادات و هەیکەل، چاویان پیک کەوت(بێگومان 28ی فۆرییە)

سەرکۆمار سادات لەم چاوپێکەوتنەدا، بەسامی گوت: لە ئەلجەزیرە، پێکهاتنێک لە نێوان ئێران وئێڕاق دەکرێت ئەم ڕێکەوتنە پەیوەندی بەکوردەکانیش هەیە. بەڵام سادات ئەمەی لێ زیادکرد،گوتی: لەسەر ئەمەش ڕا (شا) لەکوردان داکۆکی دەکات.) سامی لە وت وێژێک لەگەڵ هەیکەل  بە شێوەیەکی ڕوک گوتی: (پێکهاتنی نێوان شاو سەدام حوسین هەرچێ بێت،ئێمە کە پێویست بیت، سالانی ساڵ شەڕ بەردەوام دەکەین و خۆ بە دەستەوە نادین.)

## ڕۆڵی سەرکۆمار سادات و بومدێن

بەهۆی نهێنی بوونی پەیوەندییەکانی سەرەتایی بەچەتوونی دەتوانین تێگەین، کە لەم ساچانەی چاوەنوارنەکراو، هەنگاوی یەکەم چ کەسێک هەڵیگرت، سادات،یان بومەدین،یان مەلیک حوسین پاشای ئۆردۆن؟

هەرچەند لەم مەسەلەدا، رۆڵی سادات گرنگ بوو، بەڵام(دەستەبەری) وی لەبەرچاوی شای ئیران،کە داوای دەستەبەریَ رێبەرێکی عارەبی توندڕەوی وەک (بومدین) بوو، ئەوی بێنیازدەکرد. ئامانجی ئەنوەر سادات ڕوون و لە بەرچاوبوو، عارەب لە ڕوو بەڕوو بوون لەگەڵ ئیسرائیل، نەیاندەتوانی جەبهەی دووەم بکەنەوە، دەجا ئەم ئولکە کوردستان بوو یان زەفار،تەوفیری نەدەکرد. وبۆ مەلیک حوسین قەزیەکە،هەروابوو تەوفیری نەدەکرد. ڕۆڵی سەرکۆمار بۆمدین، لە هەموان بەرفرەوانتر بوو، لە چوارچێوەی جوغرافیایی، ئەو تێدەکۆشا، لە شوێن تێکردنی دوو زلهێز-ئامریکاو شووڕەوی-لەکەنداوی فارس، و مەدیترانە،کەم کاتەوە! دەست وێڕاگەیشتن بەم بیروبۆچوون وئامانجە دەبوایە، بەشەڕی کوردستان کە خێرا بەجۆرێکی پڕمەترسی پانوو بەرین دەبۆوە، دوایی هاتبوایە.

لەئولکەی نەوت، ئاشتی ئیران وئێڕاق، بەیارمەتی وحەولدانی ئەلجەزایر، قازانجی بەرچاوی لێدەکەوتەوە: (شای ئیران وەکوو ئەلجەزایرەکان هەڵویستی یەکجار توندی لەمەڕ نەوت، گرتبوو و بەتوندی لە مەلێک فەئسەل پاشای سعودی ڕەخنە دەگرت، بەوڕادەیە هەتا جارێک گوتی: (ئەگەر فەیسەل ویەمانی(وەزیری نەوتی عەرەبستان) دەیانەوێ تەعارف بەئامریکا بدەن، دەتوانن چەکی سپی بدەنێ! بەڵام ئێمە ناتوانین ئیجازەی کارێکی وا بەخۆمان بدین.)

بەمجۆرە بۆمدین،بەیارمەتی و دەست وێڕاگەیشتن بەئاشتیەکی ئەوها،هیواداربوو ئێڕاق بۆ (اوپک) بگەڕینێتەوە، وجەبهەی کەللەڕەقان، بەسێ کوچکەی ئەلجەزایر-بەغدا-تاران-بەهێز بکات. دیسان لەڕەوانگەی دیکە بە وتەی هێندێک کەسایەتی، سەرکۆمار بۆمدین،پێی ناخۆش نەبوو بە ڕاونانی شوورەویەکان لەکەنداوی فارس، چاوێک لە ئامریکا هەڵتەکێنێت.

ئەوەڵین پەیوەندییەکان لە دانیشتنی، کۆنفرانسی سەرۆکان،لە ڕەبات، دەست پێدەکات،26ی ئۆکتۆبری 1974، بەوتەی ئەلجەزایرەکان کە ئەوەڵین هەنگاویان لەم بەستێنە هەڵگرت، لە سەدام حوسین یان داواکرد ئاخۆ حازرە لەگەڵ شای ئیران لەدەوری میزێک دابنێشێت؟ سەرکۆماربومدین لە دوایی وەرگرتنەوەی وەڵامی (بەڵێ) لەجێگری سەرکۆماری ئێڕاق، تێکۆشانی خۆی بەردەوام کرد-دیسان لە تاقچەی سەرو! لە6ی ژانوییەی 1975شای ئێران،بە سەردانێکی فەرمی، سێ ڕۆژ لە عومان ماوە،لە8ی فۆرییە چۆ قاهیرەو لە وێ زۆربەگەرمی پێشوازی لێکرا، بەتایبەت کەبەر لە هەڵاتنی بۆ میسر،وادەی بەخشێنی یەک میلیارد دۆڵاری بەوڵاتی ناوبراو دابوو. ئەم تێکۆشانانە،هەتا کۆنفڕانسی سەۆکانی(اوپک)بەردەوام بوو، چوونەپێشی حەولەکان هێندە جێگای ڕەزامەندی نەبوو کەبەسەرکۆمارساداتی ئەو دەرەتانە ڕەخساند، بەر لە پێکهێنانی کۆنفڕانسی سەرۆکانی (ئۆپەک) کوردەکان لەڕێککەوتنی دواڕۆژ ئاگادار بکات.

2-کۆنفڕاسی سەرۆکانی ئۆپەک،وپێکهاتنی 6ی مارسی 1975

دانیشتنی سەرۆکانی ئۆپەک،لە4ی مارسی 1975، لە پایتەختی ئەلجەزایر، ئەم هەلەی بۆ (بۆمدین) هێناکایە کە شای ئیران و سەدام حوسین، بێنێتە قەراخ یەکدی. هەمووشەوێ دوایی

کۆتایی جەلەسەی (ئۆپەک)، شا،و مرۆڤی بەدەسەڵاتی ئێراق دادەنیشتن و هەتا بەری بەیانی بەجۆرێکی تایبەت لەگەڵ یەکدیان قسەیان دەکردو دەدوان.

یەکەمین شەو لەو شەوانی بێ خەوی مێژوویی، ئاخافتنێکی دوو کەسە، بێ شایەت و واسیتە (بۆ تەختکردنی ڕێگاچارە.) سەرکۆمار بۆمدین،شەوی دووەم تەداخۆلی کرد: وت وێژەکان بە زوانی فڕانسە بوو، و یەکێک لە دۆستانی نزیکی پڕزیدنت بومدین، دیلمانج بوو بابەتەکانی بۆ سەدام بەعەرەبی وەردەگێراوە.

سەرکۆمار بوومەدین، سەدام حوسینی بە مرۆڤێکی واقع بین، هاتە بەرچاو، کە تێدەگەیی بایی شەڕ لەکوردستان، بە قسەی ئێڕاقیەکان /10000کوژراو لە ساڵێکدا، نزیکەی چوارملیۆن دۆلار،خەرج ومخارج، ئەوهێندەیە کە ئەگەر بیهەوی ئەو دراوە،بۆ بەرەوپێش بردن و ئاوەدانکردنەوەی ئێڕاق سەرف بکات،خێرا برینەکان سارێژ دەبن.

و ئەمما پەیوەندی لەگەڵ مەسکۆ- جێگری سەرکۆماری ئێڕاق، بۆ قانع کردنی ئەوانی ڕووی قسەی تێدان بەمە کە لاتەریکی ئێڕاق، بە مەجبووری بۆتەنزیک بوونەوی ئیڕاق لە شووڕەویەکان،بەگرژیەکی تایبەت رووبەروونەبوو. شای ئێرانیش بەنۆرەی خۆی لەمێژبوو لە ئاوریلی 1972یانی لەکاتی ئیمزای پەیمانی دۆستی ئێراق ویەکیتەی سۆڤیەت، کەدەیەویست شووڕەوی لەناوچە ڕاوبنێت. شای ئێران باش تێگەیبوو کە پشتیوانی و داکۆکی لە کوردەکان، لە ڕاستیدا بەئاگر گەمەکردنە!ئێران پێنج ملیون کوردی لێدەژیان ،کەخاوەنی چ جۆرە مافێک نەبوون، تەنیا بەئێرانی دەباش دەژمێردران، ئەم خەڵکە لە قوتابخانە لە فیربوونی زوانی دایکیان بێ بەش بوون( مامۆستایانی کوردیان چەل ناچەلێک بۆ مەڵبەندەکانی دیکەی ئێران دەگوێزتەوە) وبڵاوکراوەو چاپەمەنی بەزوانی کوردی یاساخ بوو. نەتەوەخوازانی کورد، بەتوندی وبەبێ بەزە،لە ژێر عەزاب وسەرکوت دابوون،شا بەکردنەوەی سنووری نێوان کوردستانی ئێڕاق وکوردستانی ئێران، بڕیاریکی گرتبوو کە دواڕۆژو شوین تێکردنی نادیارو دوور لەپێشبینی بەدواوە هەبوو. مانگ نەبوو دوو سی هەزار پێشمەرگەی ئەودێوی کوردستانی ئێراق کە بنەماڵەکانیان، پەڕیووی کوردستانی ڕۆژهەلاتی ئیران، بوونە لەئۆردگاکانی پەنابەرانی ورمێ(ڕزائیە) وکەرمانشا، جێیان بۆکرابۆوە، سەردانانیان نەکەن. ئەوچێرۆکانەی دەیانگێڕاوە چ شوینێکی لە ناو مێشکی کوردی ئیران بەجێدەهێشت؟ شای ئیران کەبێ لێبڕانەوە لەم مەسەلە ئاگاداربوو لە چوونی بۆ فەڕانسە لە ژوئینی 1974ڕایگەیاند: (بدینن، ئەگەرشێری ببستمەوە ئیدی کارتەواوە!) ئێستا، ئەو وەختی هاتبوو کە –شا- شێری ببستێتەوە!)

لەدوایی شەوێکی تر، بێ خەوی کە بەدانیشتن لە دەوری میزی قاوڵتوون تێپەڕی، سەرکۆمار بۆمدین،لەکۆتایی دانیشتنی سەرۆکانی (ئۆپەک) ڕایگەیاند: کەپێکهاتنەکی تەواو، بەبیروبۆچوونی کۆتایی پێهێنان بەناکۆکیەکانی نێوان دوو وڵاتی برا، سەری گرت) و-شا- و سەدام حوسین-لە بەرچاوی سەرۆکانی واق وڕماوی، وڵاتان، یەکتریان لەباوەش گرت. ئێستا ئیدی ئەم سەردەم دوور بوو کە سەرکۆمار ناسر شای ئێران بە (موسڵمانی ئازێزی دەنکە مرواری ئیسڕائیل، ناودێر کرد.

### 3-ماددەکانی فەرمی موافیقەتنامەی مارس 1975

ڕێکەوتنامەی ئەلجەزایر، بەفەرمی بریتی لە4ماددەیە، و ئەم خاڵانە دەست نیشان دەکات:دیاری کردنی سنووری زەمینی نێوان ئێران وئێراق، لە سەر بناخەو بنەڕەتی قەولنامەکانی ساڵی 1913ی قوستەنتەنیە، عەمەلیاتی کمیسیونی ساڵی 1914-دیاری کردنی سنوورەکانی ئاوی،لە سەربنەڕەتی خەتی نێوەڕاستی چەم.-چاوەدێریێکی توند و کارتێکەر لە سەرسنوورەکان، بۆ پێشگیری لەشوین تێکردنی هەرجۆرەتێکدەرێک.-ئەم خال و باباتانە، کۆگایەکی یەک پارچەن،بەڕێوە نەبردنی یەکێک لەوان بە مانای لە مەترسی خستنی گیانی بەڵێنامەکە دێتەژمار.

4-ماددەی نهێنی ڕێکەوتنامە

ڕێکەوتننامەی ئەلجەزایر، لەڕاستیدا نەک تەنیا ڕێکەوتننامەیەکی ئاسایی سنووری، بەڵکوو ڕێکەوتنەکی بنەڕەتی تەمەن درێژی(لەشکرکێشی) بوو، وئەگەر بەسەرجەم و موورە، موورە،بەڕێوە چووبوایە، دوارۆژو شوین تێکردنی بەردەوامی لەناوچەی کەنداوی فارس، بەدواوە بوو. ڕیبەرانی بەعسی ئێراق، بەناسینی خەتی سنووری کمیسیونەکانی تخووبی ساڵەکانی 1913 و1914 نەک تەنیا، مەسەلەی یەکاوی عارەبانی یەک لادەکرد، بەڵکوو لەمافی مێژوویی عەرەبەکان لەخۆزستان(یان بەقوەلی وان عەرەبستان)قەراخ باشووری کەنداوی فارسیش چاویان پۆشیبوو. بەم بۆنەوە چاپەمەنیەکانی دێمشق خێرا بە زوانێکی تیژ وتەشەروڕەق ئەوانیان بەم هۆیەوە سەرکۆنەکرد. بەڵام ڕێکەوتننامەی ئەلجەزایر ماددەیەکی تێدا کە لە مەڕ پێویست بە گۆڕانی وڵاتانی کەنداوی فارس بەگەسکە قوڵەی زلهێزەکان بە داکۆکی لە کێشە کێشی ناوچەیی: مانای ئەوەیە کە ئیران دەست لە کوردەکان بەردەدات و بەرەڵڵایان دەکات. ئێراقیش بەنۆرەی خۆی مل کەچ ودەستەبەردەبێت کە هەرجۆرە، داکۆکی خۆی لەسازمان وحیزبەکانی دژی ئیران کە لە بەغدا بنکەیان هەبوو-بەتایبەت حیزبی دێموکڕاتی ئیران-وشوڕشیانی زەفار بە ئیکجاری ئیشکاو پێ بێنێت!

5-کوردەکان لەبەرامبەری ڕیکەوتنامەی 6ی مارسی 1975

کوردەکان خەبەری ڕێکەوتنی ئەلجەزایریان لە ڕادیۆ گوێبیس بوون-نەک لەڕادیۆی (دەنگی کوردستان) کە هەتا وشەیەکی لەم بارەوە، نەگوت، بەڵکوو لەبی بی سی لە دەنگی ئامریکا، لەڕادیوی قاهیرە وئیسرائیل وبەغدا!

تەنیا چەند کەسێک لەنزیکانی ڕیبەرانی کورد، لەشەوی 5-ی مارس لەم مەسەلە، ئاگاداربوون، بۆ کوردەکانی دیکە، بەتایبەت پێشمەرگەکان، کەلە ئولکەی شەڕی زاخۆ، ڕەواندز،قەلادزە، دەجەنگین، هەروا پەنابەرەکان، کارگێرانی وەزارەتخانەکانی دۆڵی چۆمان، ئەم خەبەرە، وەک بۆمب دەنگی داوە.

بەڵام دژکردەوە، لە بەرامبەر ئەم دەنگووباسە، لە شەڕگەو پشتی شەڕگە، تەوفیری هەبوو، لە گۆڕەپانی شەڕ پێشمەرگەکان بە پێچەوانەی جۆرە واق وڕمانێک کە لەم بارەوە، دایگرتبوون باوەڕیان نەدەکرد کە هەموو شت بەیەکچەلی دوایی پێهاتبێت، هیواداربوون کە بەناوبژی شا، ئەو ڕێکەوتنە، لە نێوان ژەنەڕاڵ بارزانی و بەغدا، تەواوبێت. ئەگەر بەڕاستی سنووریش گرێ

بدەن دیسان لانی کەم بۆ ئەوەی نیشان بدەن کە بێ یارمەتی شای ئێرانیش دەتوانن لەسەرلاق ڕاوەستن، شەڕەکەی بەردەوام دەکەن. لەپشت گۆڕەپانی شەڕ، لەدۆڵی چۆمان، لێک بلاوبوون وترازان گەیبوو ئەوپەڕیخۆی...گرووپیک لە خۆینکاران لەچەند هەیڤ یان چەند حەوتوو پێش هاتبوونە، ناوبزوتنەوەی خەباتی کورد، لە داخی ناهومێدی دەبەردابوون خۆیان بکووژن وناچار چەکەکانیان لێ وەرگرتن! دیاربوو بۆچ ورەیان لە دەست داوە...هەر لە شەوی 6ی مارسی 1975، ئێرانیەکان، گوردانەکانی تۆپخانەو چەکی دژی فڕۆکە، کەلەبنکەی ژەنەڕاڵ بارزانی لە حاجی ئۆمەران بۆ بەرگری لەهێرشی هەوایی دامەزرابوون تێک وەرپێچان و بردنەوە!

ئەوخەڵکە بە بینینی کامیونەکانی ئێران کە پشتیان لە ئولکەی شەڕکردبوو، و بەجادەی هامیلتن، دا دەیان ئاژۆت، تێگەیشتن کە ڕیکەوتنی 6ی مارس بۆ جووڵانەوەی کورد دواڕۆژێکی مەرگ ونەمانی بە دواوە هەیە.

ئەوێ ڕۆژێ یانی لە7ی مارسی 1975 فڕۆکەکانی ئێراق، کە ئیدی ترس ولەرزی چەکی دژی فڕۆکە و موشکەکانی ئێرانیان نەمابوو، سەرانسەری گەلی چۆمان وگەلاڵە هەتا ناوپردان و دەربەندە و نزیکەی سنووریان کردە مەیدانی هات وچۆو ڕەیالکەو شەرنخێوی، و بێ نێوەدان و لێبڕان بۆمباردومان و گوللەبارانیان دەکرد. ناوچە تووشی ئالۆزی ببوو، هەتا بەم ڕادەیە کاتێک دیلمانج کەلەگەڵ ڕۆژنامەنووسێک چووبوو جەبهەیەکی دوور،بۆ دەربەند، دەگەڕێتەوە، ناوەندی بلاوکراوەی چاپەمەنی و سەرجەمی وەزارەتخانەکان چۆل وبەتاڵ لەزیندەوار دەدینیت، وکادیرەکانی هەڵسووڕێنەر لەپشت گۆڕەپانی شەڕ هەموو پەنایان بۆ ئێران بردووە. لەم کاتە ناسکە دا ئەرتەشی ئێراق، دەستی بەهێرشێکی سەرانسەری کرد. تەنیا لە جەبهەی ڕەواندز لەشکرو نیوەکی بەپشتیوانی نزیکەی /200تانگ دژی سەنگەرو مەتەریزی پێشمەرگەکان هێنا،ئولکەی شەڕ. ئێراقیەکان(وێدەچوو ئێرانیەکانیش) شک و گومانێکیان لەمەدا نەمابوو کە جەبهە تێک دەشکێ و لە بەریەک هەڵدەتەکێ، یەکەمین لەشکرەکانی ئێراق ماوەی 48ساعەت خۆ دەگەینە سنووری ئێران. بەلام پێشمەرگەکان لێهاتوویان لەخۆ نیشاندا،بە وزەو ئیرادەیەکی چاوەنوار نەکراو لە بەرامبەر ياندا ڕاوەستان و بەرگریان کرد، و تەلەفیاتێکی زۆر قورسی گیانیان لە ئەرتەشی ئیراق دا، زەبرێکی گرچووبڕیان لێ وەشاندن. حەوتوویەک دوایی ڕێکەوتنی ئەلجەزایر، دەوڵەتی ئێراق ڕایگەیاند کە عەمەلیاتی نیزامی لەکوردستان ڕادەگیرێ. ئەم ئاگربڕە، کە لەسەرداوای (شای ئێران)کرا قەرار بوو هەتا ئاخرمانگ بەردەوام بێت و بەکوردەکان ئەم دەرەتانە بدا، لە نێوان پەنابەربوون بەئێران و خۆ بەدەستەوەدان بەدەوڵەتی ئێراق یەکێک هەڵبژێرن!

## 6-ژەنەڕاڵ بارزانی و ڕێکەوتنی 6مارس

ڕیبەرانی کورد، هەتا دواییەکان لەقەبوڵ کردنی ڕاستی حاشایان دەکرد و بەم هیوایە دڵخۆش بوون، کە ئامریکایەکان لەلای(شا) بەقازانجی وان شان وەبەردەدەن و دیفاعیان لێدەکەن! ژەنەڕاڵ بارزانی کە بە ئامانجی ئاخرین تێکۆشان لە26ی فۆرییە بۆ تاران چووبوو بێ ئەوە توانی بێ کە چاوی بە شا، بکەوێت گەڕاوە کوردستان. بەلام پێیان گوتبوو: ڕێکەوتنێک لەئارادا هەیە، وئەم ڕیکەوتنە قازانجی بۆ کوردانیش تێدا دەبێت.

بەڵام لە5ی مارسی 1975شەوێک بەرلە ڕاگەیاندنی ڕیکەوتننامەی ئەلجەزایر یەکێک لە ئەفسەری پایەبەرزی سازمانی ئەمنیتی ئیران(ئەرتشبود نەسیری-وەرگێر) چۆلای بارزانی، بەشێوەئاخافتنێکی ڕەق و چاوەنوار نەکراو، پێیگوت: ( سنوورلە ڕووی هەرجۆرە هات وچۆیەک،گرێدەدرێ... ئیدی نابێ چاوەڕوانی یارمەتیتان لەئێران هەبێت... پێویستە مەرجی ئێراق قەبوولْ بکەن... وهێزەکانی پێشمەرگە، ئیجازەی پەنابەریان بۆ(ئیران) پێنادرێ، مەگین لەگروپی گچکە ئەویش تەنیا لە دوایی ئەمە کەچەک وچۆڵیان بەئەرتەشی ئێران تەحویل کەن...) ژەنەڕاڵ بارزانی و نێزیکانی هێشتا هیواداربوون کە ڕیکەوتنی ئەلجەزایر دەستەبەری(هێندێک شت بۆ کوردان تێدابێت)بەڵام لە پاش هەڵمەتی سەرانسەری عەسکەری ئێراق، لە7ی مارسی 1975 بەناعیلاجی ئەم دوایین خەیاڵەیان لەسەر دەرهاویشت ولە10ی مارس داوای هیوابڕینی خۆیان بۆ(سیا) ناردەتاران: (سەرلێشێواوی و ئاڵۆزی لە سەرخەڵک و هێزەکانی ئێمە حوکم دەکات، مەترسیەکی بێ وێنە،چارەنووسی میللەتی ئێمە وهێزەکانی چەکداری ئێمەی خستووتە بەرهەڕەشەلێکردن، لەناو تۆفان ولێمشتی لە ناوچووندا ماوەتینەوە،ئەم شتانە هەموو بێ شیکردنەوەو ئازانتی قەرەبووکردنەوەنە. ئێمە بەدەوڵەتی ئامریکا وئێوە پەنا دێنین دەستی یارمەتی بۆ ئێوە درێژدەکەین و لە ئێوە دەخوازین لە سەروادەو بەڵێنێ خۆتان ڕاستەوخۆ تەداخۆل لەم مەسەلە دابکەن، وڕازی مەبن لایانگرانی ئێوە،وەهەردی کەون. گیانی ژەنەڕاڵ بارزانی ئابروکەڕامەتی بنەماڵەی ئێمە بپارێزن. ڕیگا چارەیەکی شەڕافەتمەندانە بۆ ئەم مەسەلە بدۆزنەوە.)

هەرئەو ڕۆژی ژەنەڕاڵ بارزانی بۆ کیسینجەری نووسی (ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لە بەرامبەرمللەتی ئێمە،کە بۆ بەرەوپێش بردنی وڵاتی ئێوە،تووشی ئەم مەسەلەیەبوو، بەرپرسایەتی ئیخلاقی وسیاسی هەیە و لەوی داواکرد لەم بەستێنەدا تێکۆشانێکی بکات: پێشی پەلاماری ئەرتەشی ئێراق بگرێ و بۆ دەست وێراگەیشتن بەرێگا چارەیەک کە(ڕەواڵەتیەکی هەبێت!) دەرگای وت وێژ بکاتەوە!- لەم چرکە مێژوویی خەماویەدا بۆ یارمەتی دانی نەتەوەی کورد،لەشوین تێکردنی خۆی لە ئێران کەلک وەربگرێ، لانی کەم هەتا ئەم ڕادەیە کە خەلک(وپێشمەرگەی ئێمە)بتوانن هەرنەبێت هەتا ئەوکاتەی کە چارەنووسی ئێمە لەچوارچیوەی ڕیکەوتنێک یەک لا دەبێت شەڕی چریکی بەردەوام کەن.)

کیسینجەر هیچ کاتێک وەڵامی بەم پەیامەی بارزانی نەداوە!

7-ئاخرین ڕۆژەکانی(بزوتنەوەی) بەربەرەکانی کورد

دوایی ڕاگەیاندنی ئاگربڕ،13ی مارسی 1975هەمووسەرۆک و فەرماندەرانی هێزی چەکداری کورد،وزۆرتر ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی حیزب، بڕیاریان ئەمەبوو: بەپێچەوانەی بڕینی یارمەتی ئێران لە شەڕ بەردەوام بن. بۆ بەردەوام بوونی شەر،گەڵاڵەیەک ڕیک وپێک کرا،بە پێی ئەم تەرحە، قەراربوو ژمارەی پێشمەرگەکان، هەتا ڕادەیەکی بەرچاو، زوربەکەی 14هەتا 15 هەزار کەم کرێتەوە. لاوەکان لە ژێر خزمەتی پێشمەرگایەتی دابمیننەوە، ئەوانی دیکە بگەڕینەوە سەرماڵ وحاڵی خۆیان. عەنباری ئازوقە و خواردمەنی بینندەی ڕێبەرانی بزوتنەوە وئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزب لە پێنج ناوچە بڵاو بکرێن و ژەنەڕاڵ بارزانی لە(باڵەک) نشتەجێ بێت!

لە16ی مارسی1975 لەکۆبۆنەوەیەک، لەگەلاڵە، لە بەرچاوی هەموو فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگە، ژەنەراڵ بارزانی خەریتەی هێرش لە ئولکەی ڕەواندز پەسندکرد و ئەوها دانرا: کە سەرجەمی پێشمەرگەکانی حازر لەم جەبهەیە، لەم هەڵمەتەدا بەشداربن، و سەرۆکی هێزەکانی چەکداری کوردستان، حازربوو/2000پێشمەرگە بەخت بکات بەم هیوایە کە هێزەکانی دیکەی پێشمەرگە، خەتەکانی ئێراقیەکان بکوتن وڕامالن و هەتا گەڵی عەلی بەگ بڕۆنەپێش.

## 8-هەرەس هێنانی بەرگری

بەڵام تەواوی ئەم گەلاڵەو نەخشەوپلان و بەرنامەو لێکدانەوانە، خێرا وەک خەونێکی پشێوو ئالۆزو تێکەڵاویان بەخۆوەگرت،وەک بلقی سەرئاو پوچانەوە. لە15ی مارس هەربەم جۆرە کەڕێکەوتن لە ئەلجەزایر دیاری کردبوو، وەزیرانی دەرەوەی ئێران وئێراق،(عەباس خەلعەتبەری وسعدون عیمادی) لە تاران بە بەرپرسایەتی بووتفلیقە، وەزیری دەرەوەی ئەلجەزایر  پێکەوە کەوتنە وت وێژ.  وەزیرانی ناوبراو لەدوایی 48ساعات ئاخافتن سەبارەت بەچلۆنایەتی بەڕیوەبردنی ڕیکەوتننامە لە17ی مارسی 1975 قەولنامەیەکیان ئیمزاکرد، کەلەویدا پێکهینانی سێ کمیسیون وتێکۆشانی (50)یاوەری ئەلجەزایەری،لە دوو جەمسەری سنوور پیشبینی کرابوو. لە18ی مارس، لە دانیشتنەکانی دیکەی ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق، لەسەرئەمە ڕیکەوتن کە لە شەڕ دەست بکێشنەوە. دەست کێشانەوەی بارزانی لەشەڕ،هێشتا یەکیک لە نهێنیەکانی گەورەی ساتەکانی دوایین بزوتنەوەو خەبات و خۆڕاگری کوردە...پیریی وکلۆڵی و ماندوبوون، شێکردنەوەی هەموو شت نییە، دەست لێبەردان وبەرەڵلاکردنی ئێرانیش نابێتە هەمووشت! بەوتەی هێندێک گێرانەوە، لەپاش کۆڕی وەزیرانی دەرەوە، لە تاران، ئەفسەریکی پلەوپایە بەرزی ئێران(ئەرتەشبوودنەسیری-وەرگێڕ)پێی ڕاگەیاند: ئەگەر شەڕی ئێراق، بەردەوام بکات، قۆشەنی ئێران بێکار دانانێشێت...)ئاخافتنێک کە حامیدبڕواری یەکێک لە فەرماندەرانی سوپای کوردستان، بۆ یەکێک لە هاواڵدەرەکانی شیکردەوە، قامک لە سەرئەم ڕاستییە دادەنێ ودەڵێ: ناوبراو بەڕۆژنامە نووسی دەرەوەی گوت: (ئێستە ئەگەر ئێمە شەڕ بکەین، نەک لەگەڵ دەوڵەتێک بەڵکوو دەبێ لەگەڵ چەند دەوڵەت بەشەڕ بێن!)

بە وتەی سەرچاوەیەکی دیکە، ژەنەراڵ بارزانی لەدوایی ڕێکەوتنی 6ی مارس گەڕاوە تاران، و لەدوایی دوو سێ ڕۆژ کە لەوجێگایەی دانیشتبوو بەکردەوە دەست بەسەربوو، دەچێتەلای شا،-شای ئیران لەوی ویستبوو دەست لەشەڕ بکێشێتەوە،و لەدوایی (بەڵگەلێبڕان) پێشنیاری پێکردبوو ببێتە پەنابەری ئیران،گوتبوی 12ساڵ لەیەکیتی سۆڤیەت بووی، وەرە ئێرە، دوو سێ ساڵیش لە ئێران بمینەوە.)

یەکیک لە ڕۆژئاوایەکان، کە حەوتوویەک بەرلە ریکەوتنی ئەلجەزایەر لە گەڵ بارزانی وت وێژ کرد (وئەمەچاخێک بوو کە ژەنەراڵ بارزانی لە کوردستان بوو بە ئازادی دەئاخافت) ئەوی بەبیچمی (پێروپیاوێکی سەروڕدین سپی)باس لێوەدەکات(کەروحی برینێکی گەورەی تێکەوتبوو...دوو ساعەت تەواو،سەبارەت(بەخەیانەتێک) کەبەوی کرابوو قسەی کرد...بەڵام خۆی بەتێشکاو نەدەزانی!

بارزانی بۆخۆی دەیەویست کەلە شەڕ بەردەوام بێت بەڵام ئەوخاڵەی لەبەرچاو دوور نەدەکرد، کە خەڵکی ئاسایی(ناچەکدار)(بەتایبەت خەڵکی بادینان) ئیدی ئەوهێزو پێزەیان نییە، کە وەدوای کەون! دەیگوت: حازرە، دەم ودەست بچێتە بەغدا، وئەو و تووێژەی کەساڵێک پێش ڕاگیرابوو، سەرلەنوێ دەست پێکاتەوە...) هەیکەلیش، کەلەم چاخە تایبەتیە،کەلکی وەرگرتبوو چەند حەوتوو دوایی یانی سەرتای مانگی مەی 1975لە تاران سەردانی بارزانی دەکات، ولێی دەکۆڵیتەوە، کە چ هۆیەک بوو بەکۆسپ و تەگەرە کە بارزانی دەست لە شەڕ بکێشێتەوە. ژەنەڕاڵ بارزانی – کە هەنۆکە بەکردەوە، لەدەست شای ئێران بارمتەیە لە ڕفتارو ئاکارو قسەکردنی ئازاد بێ بەشە، هەموولایەکی قەدەخەو قۆڕخە،وەڵامی هەیکەڵ ئەوها دەداتەوە: هەتا ئەگەر سنوورەکانیشیان لەسەرگرێدابام، دیسان دەمتوانی شۆڕش بەردەوام کەم، بەڵام وام پی باشبوو، کە زێدە لەمە نەبمە هۆی ڕژانی خوێنی خەڵکی بێ تاوانی کورد وئێراق!)دەڵێ: ئەمن تەسلیم نەبوومە خۆم بە دەستەوەنەداوە! وام بەمەسڵەحەت زانی عەجالەتەن جووڵانەوەڕابگرم.)

هێندێک لەفەرماندرانی هێزی چەکدار نەیاندەویست لە شەڕ دەست بکێشنەوە، بەتایبەت ئەسعەد خۆشەوی، لەئەمری بارزانی سەرلادا وگوتی: ئەگەر ئێوەش بەشەڕ دوایی بێنن،ئەمن بۆخوم هەتا ئەوڕادە تەقەمەنیم هەیە، هەتا دوو ساڵی دیکە لەشەڕ بەردەوام بم!) بەڵام بارزانی تێلگڕافێکی دیکەی بۆ لێدا، ودەستووری پێدا، لەگەڵ بنەماڵەی بچێتە حاجی ئۆمەران.

هێندێک لەسەرۆکانی سوپای کورد، وهێندێک ڕێبەرانی حیزب هەتا(24)ی مارس لەبەر ئەم فکرەدابوون، کە بزوتنەوەی چریکی لە ناوچەی پێنجوین دەست پێبکەن، بەڵام بەهۆی کارنامەی ئالۆزی ساڵی 1964هیچ کام لەوان ئەو زاتەیان نەبوو هەنگاوێکی سەربڕانە لەم بارەوە هەڵێنن.

9-ڕەتاوی گشتی

ئاخری چێڕۆک نزیک دەبێت

لە بادینان، کە ڕێبەران، ڕێگای حاجی ئۆمەران و سنووری ئێرانیان گرتەبەر. دووری ڕێگا پێشگیری لەمەدەکرد، کە ئاپوورەی خەڵک و پەنابەران خۆ بگەیننە(جێگایەکی ئەمین)ئێران،ڕووداوێکی خەماوی قەوما. کاتێک (عێسا سوار) یەکێک لە فرماندەکانی پەل،دەیەویست پێشمەرگەکانی خۆی بەجێ بێڵێ، بە دەستی وان دەکوژرێ.

لە سەرانسەری دۆڵی چۆمان، خەڵکەکە بە تێکڕایی ڕێبەرەکانیان بە خائین دەزانین! ئەم ڕۆژانەی دوایین مانگی مارس،بەرلە سەرەتای ئاوریل(ئاخرین وچانی ئاگربڕ)-کەڕۆژێکی چارەنووس بوو-(ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی، دەفتەری سیاسی پارتی یان یەکێک لە کوڕانی بارزانی هەڵەی کردبوایە، و بەحاجی ئۆمەران وچۆماندا ڕوییبوایە، بی سێ ودوو دەکوژرا.) ئەمە یەکێک لەشایەدان، ڕووداوێکی خەماوی دەگێڕێتەوە: کە لە دوایین ژیانی(قەڵایچەی کوردستان) قەوما: ئاخرین دانیشتوانی گەڵاڵە،چۆمان، ودەربەند، بێنزینیان بەسەرتەواوی کەل وپەلی دووکانەکانیان داکرد و خڕوپتوونیان ئاگرتێبەردان لە حاڵێکدا کەلە داخی ناهومێدی ئەم کارەساتە هۆڕ،هۆڕ، دەگریان و دەنگی خرمەی تفەنگ و شریخەی ڕەشاش

سەرانسەری گەڵی داگرتبوو. ئەوگوڵلانە پێشمەرگە دەیان تەقاندن، ودەیانەویست بەرلەشکانی چەکەکان و پەڕینەوە بۆ ئەودیوی سنووری کوردستانی ئێران تەقەمەنیەکەیان تەواوکەن.

لە20ی مارسی 1975 ڕەشید سیندی یەکێک لە فەرماندەرانی سوپای کوردستان، بەئەمری سەرۆک بارزانی دەستووری ڕاوەستانی شەڕی پەسندکرد، لە21ی مارس (دەنگی کوردستان)بەبێ چ شێکردنەوە، بڵاو کردنەوەی بەرنامەکانی خۆی کۆتایی پێهێنا!

لە30ی مارس، چاخی شەو ژەنەڕاڵ بارزانی، کەلە 22ی مارس لە ڕاستەرێی دیپلۆماتیک لە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا داوای پەنابەری کردبوو بۆ ئاخر کەڕەت بە حاجی ئۆمەران دا لەسنوور پەڕیوە. ژەنەڕاڵ بارزانی نزیکەی سی ساڵ لەدوایی قازی محەمەد، سەرکۆماری تەمەن کورتی مەهاباد، کە ئەو ئەوی بەم بەڵگەودەلیلە کە بەبێ هیچ دەست وەکەری وشەڕێک /10000دانەتفەنگی تەحویل بە ئێران کرد...) بە خائین تاوانبار کردبوو، بە نۆرەی خۆی لەشەڕێک کەبۆ وەدەست هێنانی (مافی چارەنووسی کورد) دستی پێکردبوو دەستی کێشاوە و دوایی ئەوەی چل ساڵ لە ژیانی خۆی تەرخانی ئەم بەربەرەکانی و خەباتی چەکدارانە کرد ڕێگای دوورخراوەیی(تبعید) گرتەبەر! وپشتی لەدەم ودەزگایەک کرد کەلەسەردەمی(شێوەچێرۆکی) ئەمیربەدرخان بەم لاوە بە هێزوتواناترین(حکوومەتی) کورد بوو.

## 10-دوایین

چەند حەوتوو دوایی، ئاخری گروپی ڕیبەرانی جامینخوازو بەبەقاو، وەفا بەبارزانی لەئۆردۆگای (نەغەدە)هەڵکەوتوو لەنزیکەی مەهاباد، دەدیتن.

هیچ بەدبەخت وبەلا وێکەوتووێک زۆرتر لەوانە جێی روحم پێکردن نەبوو. چەند تاوڵ لە قەراخی شاری نەغەدە جێگای(نوسینگەی) ڕیبەرانی کوردبوو: ئیدریس، مەسعود،سامی، عەلی عەلا...مەسعود کە نەیدەویست ڕوخساری غەمباری خۆی نیشان نەدا،لەچاوپێکەوتن خۆی بپارێزێ.

سامی، لە هەموو دەم ودەزگای نووسینگە تەنیا میزەکی گچکەی هەبوو. لە بن هۆبەیەک بە دوو کورسیلەو لە سەرمیزەکەی پۆوشەیەکی نیوەکراوە- ئەویش بەتاڵ وعەتاڵ. بە دیتنی قیافەی(سەرۆک وەزیران)ی کوردستان بە چەتوونی دەکرا قەبووڵ بکەی کە ئەم مرۆڤە کزو لەڕو لاوازو ڕەنگ بزڕکاوەو ڕوومەت تێک قوپاوە، کە لە بەر چاوت بوو چەند حەوتوو بەرێ توانی بێت بە قورسایی هێزەکی (30)هەزار شەڕکەری کوردستان- یەکیک لەباشترین قۆشەنی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە گەڵ شای ئێران و سەرکۆمار سادات وکیسینجەر لە سەرمیزی وت وێژ دانیشتبێت!...) سامی، چ قسەی بۆ گوتن پێ نەبوو...هەر ئەوەندەی دەتوانێ بڵێت: (کە بزوتنەوەی چەکدارانەی کورد دوایی هاتووە...لە بەستێنی سیاسی کاری ئەم دەستە لە ڕیبەرانی کورد بەدوایی گەیوە!) ئەم کەسایەتیەی کە هیم داڕیژی یەکگرتوویی لەگەڵ (سازمانی سیا) بوو بەدڵ پڕی گوتی: (یەکێکی زۆر گرنگتر لە ئێران بە ئێمەی وادەی ڕاست وڕەواندابوو، بەلام بەو وادانەی وەفا نەکرد.) بەلام بەپێچەوانەی دڵەڕاوکەی (سیا) کوردەکان هەتا دوایین هەنگاو بە

بەڵێنی خۆیان سەبارەت بەڕۆڵی ئامریکا، وەفادار مانەوەو چ بابەتەکی فریوودان هەڵخەڵەتانیان، نەدرکاند.

لە ئۆردوگای نەغەدە، تێکۆشەرانی بارزانی خەمناک و بێ کاروبار، لەم هۆبە بۆ ئەوتاوڵ دەخولانەوە فەڕانسۆ هەریری (فەرماندەری پێشووی گەڵالە،عەلی عەولا وەزیری پێشووی ئابووری، شوان وشاخەوان بەرپرسی دەفتەری ئاوەدانکردنەوەو زۆری دیکە! بەڵام بێگومان لەهەموان ناهومێدتر، ئەم خوێنکارانەبوون کەبەدڵەڕاوکە و سەرلێشێواوی لە خۆیان پرسیاردەکرد بۆ کوێ بچن؟ هێندێک پێشتر، هەڵبژاردنی خۆیان کردبوو ئی وەک سالح یوسفی کە هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕیکەوتنی ئەلجەزایر خۆیان لە ڕەواندز، بەدەسەڵات دارانی ئێراق بە دەستەوە دابوو ئەوانیتر ئەبەم تڕومبێلانەی کە ساواک لە بەردەستی نابوون لە تاران دەخولانەوە، ماوەیەک دوایی بە پاسپۆرتی ئێراقی چوونە بێروت.

بەڵام بۆ زۆربەی ئەم خوێنکارانەی کەلەئێراق، یان لە ئۆروپا، دەستیان لە خوێندن هەڵگرتبوو، و ڕەگەڵ شۆڕشی ئەیلول کەوتبوون وەزعەکە ئیکجار نالەبارو تاڵ بوو! بۆ ئەمانە مەسەلەی کەلک وەرگرتن لە لێبوردنی گشتی کە دەوڵەتی ئێراق ڕایگەیاندبوو- و شووڕای فەرماندەی ئینقلاب لە30ی ئاوریل ئەوی بۆ ماوەی /20ڕۆژی دیکە درێژ کردبۆوە هەتا کەسانێک کە بیانەوێ کە لە وی کەلک وەرگرن بتوانن بۆ ئێراق بگەڕێنەوە، بەهیچ جۆر لەبەرچاو نەگیرابوو. بە پێچەوانەی ئەومتمانانەی کەسەام حوسین، دەیدا،زۆربەی لەوان مەترسیان ئەمە بوو کە ئەگەربێتوو بگەڕینەوە ئێراق ئازادیان لە کیس دەدەن، و هێندێکی دیکە نیگەرانی گیانی خۆیان بوون.

سەدام حوسین لەچاخی سەفەری فەرمی خۆی بۆتاران،(لە29ی ئاوریل-سەرەتای مەی1975)ڕایگەیاند: کە تەنیا چوارکەس ئیجازەی گەڕانەوەیان بۆ ئێراق نییە: (ژەنەڕاڵ بارزانی، ئیدریس، مەسعود،ومحەمەد خالد(یەکێک لەو دوو کوڕانی شێخ ئەحمەد)... ئەوانی دیکە هەرجۆرە کەسێکن و هەرتاوانەکیان کردووە، شتێک دژی ئەوان نایەتە گۆڕ ولێیان پرسیارناکرێ و ناپێچرێتەوە بۆ تاوانێک لە دواڕۆدا دەیکەن، کەسێک لەپێشدا سزا نادرێ.)

لە دوایی خەیانەتی(شا) مانەوەی ئەوهەموو خوێنکارە لە ئێران یانی لەوڵاتێک کە زوانەکەیان نەدەزانی و ڕژیمەک کە بێزیان لێ هەڵدەستا،جێگەی باسکردن نەبوو. ئەو خوێنکارانەی کە زوربەیان بێ پاسپۆرت بوون، بە ناهومێدی هەڵدەسووڕان کە بچنە پاریس بەڵام دەرکەوانی باڵوێزخانەکان ئەمریان پێکرابوو ڕێگایان پێ نەدەن بێنە ناو چوارچیوەی سەفاڕتخانەکان) وئەم خەڵکە هەتا نەیاندەتوانی سەرکۆنسۆلیەکان بدینن...لەئاکامدا وڵاتانی گچکەی وەک: سوئد، هولەند، ئوتریش کە بە فەرمی پەنابەریان وەردەگرت، هەریەکە چەند دەکەسی کوردیان وەرگرتن، هەروا وەریشیان دەگرن.

بۆ ئاپوورەی خەڵکی پەنابەر، مەسەلەی گەڕانەوە بۆ ئێراق، یان مانەوەیان لە ئێران و پرش وبڵاو بوون لەو وڵاتانە، جێگای باس و قسەلێکردن نەبوو... لەئۆکتۆبری 1975 دەیان هەزارکەس لەپەنابەرەکانی کورد، کە هێشتا حازرنەبوون بۆ ئێراق بگەڕێنەوە، لە زوربەی ئۆردوگاکان لە نیوان کارگێڕانی ساواک و پەنابەرەکان دەمەتەقەو لیک هەڵچەرخینەوە ڕوویدا.

بەڵام ژەنەڕاڵ بارزانی کە هێندێک لە مانگەکانی سپتامبەر وئۆکتۆبری 1975 بەداکۆکی(سازمانی سیا)لە ئامریکا مایەوە لەجێ دانیشتنەکەی لە کەرەج، هەڵکەوتوو لە نزیک

تاران لە ژێرچاوەدێری ئیستخباڕاتی ئێران دابوو. لە سەرەتای مانگی مەی 1975 ڕۆژنامەکانی ئێرانی وتووێژێکی لەگەڵ بارزانی کرد وێنەیەکی ئەو ڕیبەرەی کوردی بەجل وبەرگی ئۆروپایی بڵاوکردەوە، لەم وت وێژەدا، بارزانی ڕایگەیاند: کە شۆڕش دوایی پێهاتووە، وچ جارێکی دیکە هەڵناگیرسێتەوەو دەست پێناکاتەوە، دەیگوت: بەردەوام بوونی شەڕ شتێکی خۆڕاییبوو!)

شای ئیران بەبڵاوکردنەوەی ئەم قسە بادراو دورستکراوانە کە سەرجەم درۆو دەلەسە وهەڵبەستە بوون، لە حاڵیکدا کە ژەنەراڵ بارزانی لە ئاخرین مافی کوردێک یانی لە بەرکردنی جل وبەرگی کوردی خۆی بێ بەش کردبوو دەیەویست بە شێوەیەکی تایبەت بەخۆی نوختەی تەوابوونی لە سەرجەرەیانی کوردستان، ونەتەوەی کورد بەگشتی دابنێت. بەڵام هەرلەو کات دا ژەنەراڵ بارزانی لە چاوپێکەوتنی تایبەتی خۆی لەگەڵ(هەیکەل) کەبێ حزوری شایەت و چاوەدێری ساواک سەری گرتبوو، ئەو دەرەتانەی بۆ ڕەخساند کە دواییین پەیامی خۆی بەڕاشکاوی بە دونیا ڕاگەیەنێ: ( ڕۆڵ و نەخشی من تەوواو بووە... بەڵام دوایی هێنان بەژیان و نەمانی میللەتی کورد ئیمکانی نییە... و ڕێبەرانی دیکە لە داوێنی نەتەوەی کورد ڕاست دەبنەوەو ڕادەپەڕن!)

بێڵان ولێڕوانین

فەسڵی -1-

بزوتنەوەی کورد لەتورکیە-1958-1974

لە ماوەی ساڵەکانی دوورو درێژی شەڕی بارزانی، بۆ وەدستهێنانی خودموختاری-یان سەربەخۆیی1961-1975کوردستانی ئێراق،بەری سەحنەی داگرتووە،مرۆڤ پێی ناخۆش نییە ئەمەی لەکوردستانی تورکیەو ئێران لەگۆڕێدا لە بیرکات: ڕاستە ئەم دووە شایتی سەردەمێکی لەبەریەک کێشانەوە لەسەرهەڵدانی شەپۆل ودامرکانی بەپاشداکشانەوەی بوونە، کەدەکرێ ئەوەی لە چەند لاپەڕەدا کورت کەینەوە.

لەمارسی 1975 دوایی ڕیکەوتنی ئەلجەزایر و هەرەس هێنانی بزوتنەوەی ژەنەراڵ بارزانی، وەزعی کوردسانی ئێراقیش پشێوی وئاڵۆزی وەکوو بەشەکانی دیکەی کوردستانەکانە، بزوتنەوەی نەتەوەخوازی کورد، کە یەکێک لە خەمبارترین ساتەکانی مێژوویی خۆی تێپەڕدەکات، هەروا ڕووی لە رووی هەربینەرێکدا کردۆتەوە!...

لەدوماهی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی درسیم، دەبێ نزیکەی 20ساڵ پشووبخۆینەوە هەتا جارێکیتر بتوانین سەرلەنوێ شایەتی یەکەمین تێکۆشان بەبیروبووچوونی نوێکردنەوەی وزەو کۆکردنەوەی هێزەکانی کوردستانی تورکیەبین.

لەساڵی 1958موسا ئەنتەر وجانب یولدرم، لە خۆینکارانی دیاربەکر،حەوتوو نامەیەک بەناوی(ایللری یورت) بڵاو دەکەنەوە، کە وەزیەتی ناوچە شی دەکاتەوە. لەوکاتەدا سیوادددارانی کوردی ئەستانبۆڵ و ئانکارا،لە ناو بنکەکانی ڕامیاری فەرهەنگی پێکەوە کۆدەبنەوە، کارتێکردن

و شوێن دانانەسەری ڕووداوەکانی ئێراق، لە سەرئەم مەسەلە، بە تایبەت پاش ساڵی 1962وسەرەتای شەڕ لە نێوان بارزانی و ژەنەڕاڵ قاسم، جێگای قسەلەسەرکردن نییە.

کوردەکانی تورکیە،بە نهێنی یارمەتی بارزانی دەدەن، وبارزانی بۆ ئەوان خێرا بیچمی قارەمانێکی نەتەوەیی بەخۆوە دەگرێ. سەرکوت دەست بەجێ لە دوایی ئەم مەسەلە، دەست پێدەکات: لەنوامبەری 1959جل ونۆ ڕۆشنبیری کورد دەگیرین و بەخەبات و تێکۆشانی سەربەخۆیی لە ئانکارا دادگەیی دەکرێن. ئەم گروپە، کە تۆمەتی(پیلانگێڕانیان بە هێنانەدی سەربەخۆیی کوردستان) وەپاڵدراوە، زیندانی درێژ خایانیان بەسەردا دەسەپێ. بەڵام دوایی کودتای نیزامی 27ی مەی 1960ئازاد دەکرین.

ژەنەڕاڵ گوسل، سەرکۆماری نوێ، لایانگری (زەبروزەنگە) بە رۆژنامەوانەکی سوئدی دەڵێت: (ئەگەر ئەم(کێویانە)خۆ خرنەکەنەوەو ڕانەوەستن، ئەرتەش لەبۆمباردومانی شاروگوندەکانیان، دەست ناگێڕیتەوە و بابزانن حەمامی خوین وەرێدەکوێ کە ئەوان و هەمووزێدەکەیان لەخویندا نوقم دەکات.) بەڵام –سەرۆک وەزیران عیسمەت ئینونو لە گەڵ عەمەلیاتێکی ئەوها ڕەزامەندی دەرنەدەبڕێ و کوردەکان لە سەردەمی دەسەڵاتداری ئەو سەرۆک وەزیرە، کە(خوازیاری ڕاگرتن و ڕیزدانان لە دێمووکڕاسی بوو) هەتا ڕادەیەک لە ئازادی کەلکیان وەرگرت: چاپەمەنی کوردی ئیجازەیان پێدرا ئەمما دوایی یاساخ کران خوینکارانی کورد دەیانتوانی تیاترۆی فۆکلۆری بێننە سەرسەحنە. نزیکەی ساڵی 1963، سێ سازمانی سیاسی،ملیون ودەرس خوێنەکانی کوردی لێکدی کۆکردەوە.

## 1-حیزبی دێموکڕاتی تورکیە

حیزبی دێموکڕاتی تورکیە کە دانەرەکەی حقووق زانێک بەناوی فایق بوجاک، لە خەلکی ئۆرخە و نوێنەری پەڕلەمانی تورکیەبوو کە سازمانێکە بێ غەل وخەش نەتەوەیی و توندتر لە نەتەوەخوازانی کوردی سوورییە. ئەوبنکەی کرێکاران، خوینکاران و ماقولانی گوندەکانی کوردستان لێک کۆدەکاتەوە، لە حاڵێکدا کە بنەچەکەی ڕیبەرانی ساڵەکانی دەهەی بیست و ملکدارە گەورەکان، لەڕژیم داتواونەتەوە،وبەحیزبی (نوێێ)تورکیە،لکاون،لەگەڵ ئازیز ئۆغلوو نوێنەری دیاربەکر،کە لە ساڵی 1963کرا، بەوەزیری تەندورستی.

## 2-کوردەکان وحیزبی کرێکارانی تورکیە

لە تورکیەش وەکوو ئێراق،حیزبی کموونیست لە ناو تێکۆشەرانی نەتەوەخوازی کورد،کارتێکەری زۆر هەیە، و لە ناو حیزبی کریکارانی تورکیە، کەسایەتی پێشکەوتووی مللەتی کورد،بە تایبەت ڕۆشبیر، بەم لاوە بەشێکی زۆرتێدا هەڵسوڕانیان هەیە. حیزبی کرێکارانی تورکیە،لە سەرەتا سەبارەت بە مەسەلەی کورد هەڵویستێکی چوونەی هەبوو. لە ساڵی 1967بەرپرسی ئەم حیزبە،محەمەد عەلی ئابیار کە بۆخۆی تورکە لە ئیستکهولم، لە کۆبوونەوەی کۆنفرانسێکی ناو نەتەوەیی گوتی: (مەسەلەی کورد، لە تورکییەدا، وجوودی نییە!) ولە1966کوردەکان بەم ئاکامە

گەیشتن کە یان لەناو چوارچیوەی حیزبی کرێکاری تورکیە، بنکەی خودموختاری پێک بێنن، یان بۆ خۆیان بەجیا، تێ بکۆشن...

لەهەڵبژاردنی پەرڵەمانی ساڵی 1965 پانزدە پاڵاوتراوە، هەڵبژاردەی حیزبی کرێکارانی تورکیە، لە نێو ئەوان -4-کورد چوونە پەرڵەمان. کە یەکێک لەوچوارە، تارق ئەکینجی، نوێنەری دیاربەکربوو، کە پاشان لە: 1968-1969 بوو بوسکرتێری حیزبی کرێکارانی تورکیە. لە1969محەمەد عەلی ئەسلان، کە کوردە، لە دوایی ساڵی 1969 بوو بەرپیبەری حیزبی کرێکارانی تورکیە لە ئانکارا(هەیڤنامەیەکی) دوو زمانەی بەکوردی وتورکی بە ناوی(ینی آکوچ) بڵاوکردەوە، ودەوێدا بۆ یەکەمین کەڕەت لەگۆڤارێکی فەرمی داوای مافی چارەنووسی کوردی هێنا گۆڕ. ئەم گۆڤارە لە دوایی چوارمین ژمارەی خۆی قەدەغەکرا.

3-پشێوی 1967،

ژماری گۆڤارەکانی دوو زبانەی تورکی-کوردی زێدە دەبن: دەجلە، فەڕات، دەنگ،یش، بە نۆرەی خۆی دوایی دەرکردنی چەند ژمارە پێشگیری لێدەکرێ وڕادەگێرێ. موسا آنتر و، وشەدانێکی کوردی تورکی، بڵاو دەکاتەوە، لە حاڵێکدا نووسەرێکی دیکە بەناوی(محەمەد ئەمین بوزئەسڵان)-نووسەری تۆژینەری کۆمەڵایەتی-ئابووری لەمەڕ کوردستان-چاپی کوردی تورکی لە ژێرکارتێکردنی شێعری کەلاسیکی ئەدبیاتی کوردی ناسراو(بەمەموزین) بڵاو دەکاتەوە. ئەم دوو نووسەرە دەست بەجێ دەگیرین و دەخرینە بەندیخانە.

لە ژانوییەی 1967 دەوڵەتی سولەیمان دەمیراڵ، بەدەرکردنی بڕیارنامەیەک (هێنانەژوورو بڵاوکردنەوەی هەرجۆرە مەتڵەب(کاسێت وبڵاوکراوەی کوردی) ئامادەکراو، لە دەرەوە بە هەر بیچم و شکل یاساخ دەکات.)

چەند مانگ دوایی، گۆڤاری پان تورانی(اتوکن)کەپێشتر، یانی لە ئوریلی 1967، وتاریکی ئیکجار هێرش بەری دژی کوردەکان بڵاسوکردبوو دیسان لە ژوئین 1967 دێتەوە ئولکە لە وتاریکدا بەناوی(لووراندنی گورگان) بۆ مەیدانداری دەگەڕێتەوە.

نووسەری وتار پەت دەپسێنێ و بە بێ شەرمی بێحەیایەک، کە وەبیر هێنەری قسەکانی ڕێبەرانی تورکی ساڵەکانی بیستە،(سەرنج بدەنە فەسڵی 4لەبەشی 2)دەنوسێ: (ئەگەردەیان هەوێ،هەروا بە قسەکردن بە زمانی سەرەتایی کە زێدە لە چوارپێنجهەزار وشەی نییەو ئەگەر داخوازن وڵاتێک بۆخۆیان بێننەدی و چاپەمەنیەکانیان بەردەوام کەن بچنە جێگەیەکی تر.

(وێدەچێ (لە پاریزگاکانی خۆیان) کە سەت دەرسەت،زۆرایەتیان هەبێت، ئەمما خەیاڵیان،بۆ پێکهێنانی وڵاتێک لە خاکی تورکیە وەکوو تاسەی یۆنانیەکان، بەئاواتی دامەزراندنی(بێزانس) و ئەرمەنیەکان بەپێکهێنانی(ئەرمەنستانی گەورە) دەبێت...بۆ هەرجێ کەدەیانەوێ با بڕون،فندوربن، بۆ ئێران، بۆ پاکستان،بۆ هندوستان،بۆ لای بارزانی!-بچن لەنێونەتەوەیی(سازمانی ملل) داوابکەن جێگایەکیان بۆ لە ئافریقا،بۆ بدوزێتەوە. ئێوە لە خزمەت نەتەوەخوازی کورد،دان. لە ئێمە زوانی جیاوازو قوتابخانەی جیاوازو بەرنامەی ڕادیویی و چاپەمەنی تایبەت بە خۆتان دەوێت. بۆ وەدی هێنانی زێدەکەتان، جەلەسەی نهێنی پیکدێنن،

بارزانی بەپێشەوای خۆتان دەزانن،بۆی لە تورکیە چەک وچۆڵ دەنێرن و لە دانیشتنەکانی نەخازای خۆتان شێعرکوردی بۆ منداڵەکانتان دەخوێنەوە.) نووسەری وتار لە کۆتایی ئاخافتن دەڵێ: (ئەگەر ڕۆژێک بۆ سەربەخۆیی لە تورکییە دەست بەڕاپەڕین بکەن دەدینن کە ئێمە کێن، دەبینن!)

کوردەکان بێ سێ ودوو دژکردەوەیان لەخۆ نواند... لە ڕاگەیاندراوەیەکدا، لە ژێرناوی: (باشە) وەرنەمەیدان، هەتا بدینین چ کەسێک ئەوی دیکە ڕاودەنێت.) ئەنجومەنی خوێنکاران لە19-شاری کورد بریتی: لە ببینگۆل، بتلیس، العزیز، جەزیرە، دیاربەکر، ئەرزەڕۆم، وان، ئۆڕفە، مووش وسەورەک، بە نووسەری(اوتوکن) ڕادەگەێنن: (ئێوە دەتانەوێ، ئێمە بۆ شەڕی براکوژی ڕابکێشن، وڵاتی ئێمە نوقمی گۆمی خوێن بکەن، ئەوی بەمەیدانی شەڕئاڵەگۆڕکەن زۆرباشە! فەرموون، ئەمە گۆو ئەمە مەیدان! هەتا بدینین کێیەمان کێیەی، لەم وڵاتە دەردەکەین.)

لە سەرداوای ئەنجومەنی خوێنکارانی کورد، لە3ی ئەوتی 1967خۆپێشاندانەکی ئەکجار بەربەرین لە سەرانسەری کوردستانی باکوور دەستی پێکرد. لەم خۆپێشاندانە دا، لە سیلوان، زێدەتر لە/10000کەس ولە دیاربەکرزۆرتر لە/25000کەس بەشداریان کرد. ئەم خۆپێشاندانە لە مێژووی بزوتنەوەی نەتەوەیی ئەو سەردەمی کوردەکانی تورکیە، جێگایەکی زۆرگرنگ و بەرچاوی هەیە، چونکە کوردەکانی کوردستانی باکووری تورکیە،پاش تێپەڕکردنی سی ساڵ بۆ ئەوەڵین کەڕەت غێرەتیان وەبەرخۆ نابوو کەدەسەڵاتدارانی تورک بەنیشاندانی هێزو وزەی خۆیان، بۆ بەربەرەکانی و قەبۆ قەبۆ، بخوازنە مەیدان!

شەپۆلێک لەسەرکوت کوردستانی وەبەرخۆیدەدا: ماوەیەک دوایی ئەو خۆپێشاندانە، فایق بووجاک، نوێنەری ئۆڕفە و بناخەدانەری حیزبی دێمووکڕاتی کوردستانی تورکیە، بەجۆرێکی ئیکجارسڕی بەدەست ئیستخباڕاتی تورکیە کوژرا، و کوڕی مامەکەشی، مستەفا بووجاک،پەنای بۆ دەرەوەی وڵات برد. لە سەرەتای ساڵی 1968پۆلیس هێدێک لە ڕیبەرانی حیزبی دێموکڕاتی تورکیەی یەک لەوان سەعید الجی، دەست بەسەردەکا، پاشان ئازادی دەکات.

## 4-لیک بڵاوبوونی حیزبی دیموکڕاتی تورکیە 1069،

لە ساڵی 1969 حیزبی دێموکڕاتی تورکیە، بەدوو باڵی دژ بەیەک دابەش دەکرێ، ڕێبەری یەکێک لەو دوو حیزبە، سەعید ئیلچییە،کە نوێنەری مەسەلەی کۆنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی سوورییەیە، بەرپرسی گروپەکەی دیکە دوکتۆرێکە بەناوی (شوان) کەلەگەڵ دوو سازمانی دیکە کەلە 1968 بنیات نراون، یەکگرتوودەبێ، (حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی تورکیە)(پارتیا دێموکڕاتی تورکیە) وکۆمەڵا ئازادی. دکتۆر شوان، کەلە1969 لەکوردستانی ئێڕاق، خەریکی کاری دوکتۆری یە،بەوتەی هێندێک سەرینچاوە، لەوێ پایەگای بۆ فێرکردنی لایانگرانی کەژمارەیان /400هەتا /500کەس دەبوو. ململانی ئەودوو گروپی ڕەقیبی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی تورکیە،بەلەز بیچمی خۆی دەگۆڕێ،وسەعید الجی لەهەڵ ومەرجێکی نادیار دەکوژرێ،-بەقسەی هێندێک، بە واسیتەی داروەستەی دکتۆر شوان...و دکتۆر شوانیش بەدەستی پێشمەگەکانی بارزانی دەگیرێ، ولەمحکەمەیەک بەبەرپرسایەتی حەبیب کەریم، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکڕات کوردستانی ئێڕاق، محاکمە و بەئیعدام مەحکووم دەکرێت.

ئەنجومەنەکانی فەرهەنگی ئینقلابی (ڕۆژهەإت)

لە کۆتایی ساڵی 1968 وسەرەتای 1969 لەحاڵێکدا کەخۆ پێشاندان لە رۆژهەڵاتی کوردستانی تورکیە، بەردەوام بوو بەشێکی زۆر لە خۆێنکارانی زانستگاکانی کوردی کە هەتا، ئەوکات لە حیزبی کرێکارانی تورکیە، هەڵسوڕانیان هەبوو لەم حیزبەی کە بەفەرمی مەسەلەی کوردی وەپشت گوێدەدا، لاتەریک بوون و هەڵبڕان، ولە کۆنفرانسێکی پێکهاتوو لەخۆێنکارانی کوردی کەلە سەرەتای کار، لە حیزبی کرێکارانی تورکیەدا یەکتریان گرتبوو، لە ژێر ناوی (ناوەندیەکانی فەرهەنگی ئینقلابی ڕۆژهەڵات)(دورنێجی دوگولتور ئەجاک لەری: د.د.ک.ئەو) کۆ بوونەوە.

عەمەلیاتی کۆماندۆیی

دەوڵەتی تورکیە، لەڕاپەڕینی نەتەوەیی کورد، پڕتاوگرتنی وی، بەدوای ڕێکەوتنی 11-مارسی 1970دان بەخۆدموختاری کوردستانی ئێڕاق، ترسی ڕێنیشتبوو، وبەهۆی تەوەژمی ئەڕتەش،دژی کوردەکان دەستی لەعەمەلیاتی کۆماندویی دا. یەکێک لەم عەمەلیاتە لە18ی ئاوریلی 1970لەسیلوان، بەڕیوەچوو. شەوکات /2000 کۆماندۆ پێکهاتوو لەهێزەکانی تایبەت وجاندارم بە/200کامیۆن وشەش هێلیکۆپتەر، شاریان گەمارۆدا. کۆماندۆکان تاریک وڕوونی بەیانی هاتنەناوشار، وبەبەیانووی تفتیش، هەموو ماڵەکانیان تالان کردن...سەرجەمی خەڵکی شاریان، کەلەسەریەک 3144کەس بوون،لەدەرەوەی شارکۆکردەوە،ناحەزیان لەگەڵ جۆڵانەوە: سەربازەکان لێیاندەدان و قسەی سووکیان پێدەگوتن، لەسەریان دەقیژاندن: (کوردەکانی گەماڵ! سیخوڕەکانی بارزانی! دەی پێمان بڵێن: چەکەکانتان لە کوێ شاردۆتەوە!)

عەمەلیاتی کۆماندویی وەکووساڵەکانی 1970-1971لەبەشێکی زۆری شارۆچکەکانی کوردستان، بەتایبەت بێنگۆل، باتمان، تاتوان،ودێهاتەکان بەڕێوەچوو. لە ئۆکتۆبری 1970،نزیکەی سێ کەس لە ڕۆشنبیرانی کورد، لەوانە دکتۆرتارق اکینجی،جانب یولدرم،موسا ئانتەرو محەمەدئەمین بوزئەڕسەلان، خرانە بەندیخانە و دوایی چەند ڕۆژئازاد کران، هەرلەوکاتدا پۆلیس هێندێک خوینکاری پەیوندار بە(ئەنجومەنی فەرهەنگی ئینقلابی ڕۆژهەڵات)دەست بەسەرکرد.

7-حیزبی کرێکارانی تورکیە و مەسەلەی کورد

حیزبی کرێکارانی تورکیەش، وەکووحیزبی کموونیستی ئێڕاق،لەئاکامدا لەژێر تەوژمی ڕووداوەکان،ناعیلاج هەڵویستی خۆی سەبارەت بە مەسەلەی کورد گۆڕێ. لەکۆتایی ساڵی 1969 محەمەد عەلی ئەسلان،کە کوردە لە جێی محەمەدعەلی ئابیار کەتورک بوو بە ڕێبەرایەتی حیزبی کرێکارانی تورکیە هەڵدەبژێردرێ، لەحاڵێکدا سکرتێری گشتی نوێ سابان ئەریک، کە تورکە جێگای دکتۆر تارق ئەکینجی، دەگرێتەوە. و لە چوارمین کۆنگرەی حیزب کرێکارانی تورکیە(29-31ئۆکتۆبر1971) ڕیبەری نوێی حیزب بەدەرچواندنی بڕیارنامەیەک،سەبارەت

بەمەسەلەی کورد ئەم خاڵانە پەسند دەکات:-(میللەتی کورد لەرۆژهەڵاتی (وڵات) بەکردەوە وجودی هەیە،ئەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە(ئەمە واقیعیەتەکە، بەڵام لەلای دەسەلاستداران حکومەت کە پێداگرن لە سەر ئەمە کە کوردەکان(کێوین) و کوردستانی تورکیەی بەرۆژئاوا ناوبەرن، درۆیە) بڕیارنامەی حیزبی کرێکارانی تورکییە دەڵێت: (هەر لە سەرەتاوە، ڕژیمی فاشیستی تەبەقەی دەسەڵاتدار سەبارەت بە نەتەوەی کوردسیاسەتی سەرکوت وترس وتۆقاندن وتوانەوەی گرتەبەر،ئەم سیاسەتە بەچەندپاتکردنەوە بەرێگاو ڕەنگی جۆراجۆرلە عەمەلیاتی خوێناویدا خوی نواندو بەرێوەچوو.)

حیزبی کرێکارانی تورکیە، هەرچەند هەنگاوێکی ئیکجارگرنگی لە ڕاستای ناسینی بزوتنەوی نەتەوەی کورد، هەڵگرت، بەڵام هەتا ئەوجێگایە نەچووپێش کەمافی چارەنووس یان خودموختاری بۆ ئەم میللەتە بناسێت، ئیدی چش لەمافی سەربەخۆیی، و لەو هەڵویستەی کە لە مەڕ مەسەلەی کورد گرتی، لەڕاستی دا لە هەڵویستێک کە حیزبی کموونیستی ئێراق هەشت ساڵ بەرێ گرتبووی وەدواکەوت!

لەم قەتعنامەیەدا،چ کات ئاخافتن لە(کوردستان) ومافی نەتەوەیی) خەڵکی کورد، لەناودا نادیترێ،ئەوەی هەیە، خەباتی ئەم خەڵکە: (بۆ گەیشتن بەتاسە و مافی دێموکڕاتیکی)وییە، وئەمە خەباتێکە کەلەگەڵ(خەبات لە ڕێگای ئینقلابی سوسیالیستی بەڕیبەری قشری کرێکاروسازمانی پێشەنگی وی، یانی حیزبی ئێمە،کەلە شەپۆلێکی ئینقلابی داهەوین دەگرێ و دەمەیی.)

ئەم بڕیارنەمە بەپێچەوانەی ئەوهەموو کەم وکوڕی وئیرادو ناتەواوی کە هەیەتی سەردەمێکی گرنگ لە مێژووی نەتەوەی کورد، لەتورکیەدێنێتە ڕووا! وبۆ هەوەڵین کەڕەت حیزبێکی قانوونی ڕاستەوخۆ، دەم بەهەبوونی میللەتی کورد، لەکوردستانی تورکیە،دادێنێت و ئیعتڕافی پێدەکات وزبانی لێدەدات، و لە وی قسە دێنێتەگۆڕ...وبەتایبەت یەکیتی لە نێوان باڵی چەپی کورد وباڵی چەپی تورک،بەڕاشکاوی ڕادەگەیەنێ!

## 8-سەرکوت، دوایی کودتای 1971

لە پاش کودتای 11ی مارسی 1971 نیزامیەکانی تورکیە، هەموو تەشکیلاتەکانی چەپ،هەڵدەوەشێننەوە،: حیزبی کرێکارانی تورکیە(لە ژوئیەی 1971)سازمانی لاوانی ئینقلابی تورکیە، و ناوەندییەکانی فەرهەنگی ئینقلابی ڕۆژهەڵات، هێندێک سازمانەنی نهێنی -وەک: (ئەرتەشی ڕزگاریخوازی خەڵکی تورکیە) و(جەبهەی خودموختاریخواز)بزوتنەوەی مائۆئیستی و(شەفەق) خەباتی خۆیان بەردەوام دەکەن و جار و باردەست لەکردەوەی ڕاستەوخۆش دەدەن.-ڕفاندنی کۆنسۆلی ئیسرائیل و تەکنیسینەکانی ئامریکایی) بەڵام ئەرتەش زەختی خۆی زێدە دەکات، وەزیری نویی ناوەخۆ، بە تۆمەت، بە جیاخوازی کوردان و دابەشکردنی وڵات بە دووبەش) بەیارمەتی بارزانی سەدان کەس لە خەباتگێڕانی کورد هەڵەپەستی زیندان دەکات و

بەدادگەیان دەسپێرێ- وئەم خەبات گێڕانە پەیوەندیان بە ئەنجومەنەکانی فەرهەنگی ئینقلابی ڕۆژهەلات وحیزبی دێموکراتی کوردستانی تورکیەو حیزبی کرێکارانی تورکیە، وەیە.

بەهاتنە سەرکاری حکوومەتی ئەجویت(ئۆکتۆبری 1973سپتامبەری 1974)دیاری دا،ڕێژم بەرەو ئازادی هەڵدەگەڕێتەوە: هەشتەمی ژوئیەی 1974 هەمووسەرۆکەکانی کورد، وەبەرلێبوردنی گشتی دەکەون، زوربەی خەباتگێڕانی کورد،پەیوندار-بەسازمانەکانی تۆفان،هورە بۆ تورکیە دەگەڕێنەوە. -یەکگرتوویی سازمانی کرێکارانی کورد، دانیشتووی ئۆڕوپا- ودانیشتووی ئاڵمان، کەلەویدا /100000کرێکاری تورکیە تێکۆشانیان هەیە،بۆتورکیە دەگەڕینەوە.

بەڵام بە کردەوە، وەزیەت ڕوون نییە،و ڕیبەرانی کوردی تورکیە لە خۆیان دەپرسن، ئاخۆ باشترە ، لە ناو یەکێک لە حیزبەکانی حازر،تێکۆشانی خۆیان بەردەوام کەن، یان حیزبێکی چەپی گەورە، پێکبێنن،کە بە جۆرێکی نهێنی تێکۆشانی هەبێت.

فەسلی 2-

حیزبی دێمووکراتی کوردستانی ئێران،لە1958-هەتا 1976،

حیزبی دێمووکراتی کوردستانی ئێران، دووماهی ئینقلابی ژوئیەی 1958ی ئیراق و گەڕانەوەی بارزانی بۆ ئێراق، سەردەمێکی درێژخایەن لە ئۆقرەو مەیین، تێپەڕدەکات و ئەم کپ وبێدەنگییە، هۆی تەوەژم وسەرکوتی (ساواک) ئیستخباڕات..و سیاسەتی ژەنەڕاڵ بازانی یە! لەڕاسیتدا دەست و جێ دوایی گەڕانەوەی ژەنەڕاڵ بارزانی لە یەکێتەتی سۆڤیەت، لە ئۆکتۆبری 1958 هێندێک لە ڕێبەرانی کوردی ئێران، بۆ (هاوسەنگ) کردنی سیاسەتی خۆیان، لە گەڵ وی، چوونە بەغدا. لە سەرەتا، هەمووشت لەباربوو. وبارزانی هەتا پێشنیاری کرد یەکێک لە وان ببێتە سکرتێری گشتی حیزبی تاقانە، بۆ ئێراق و ئێران. بەڵام لە ئاکامدا لەئێران ساواک، هێندێک لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی گرتبوو، و لە ناو ئەوان، لە1958 ئازیزیوسفی و پاشان غەنی بلووریان، کەهەر دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون، هەنۆکەش 1976 هەرلە بەندیخانەدان.

ساڵیک دوایی یانی 1959ساواک تەپکەو داو کۆدەکاتەوە: نێچێرەکەی باشە: وێدەچێ بەهۆی خەیانەتێک، /250کەس لەئەندامانی حیزبی دێموکرات، یەک لەوان شەریعەتی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەگیرێت. بەم هۆیەوە لەکۆتایی 1959حیزبی دێمووکراتی کوردستانی ئێران، بەکردەوە، رێبەری نییە. ڕێبەرەکانی یان لە بەندیخانەن، ...یان لەبەغدا! بەڵام هەتا ئەوانیش، لە باتڵاغ دەرناچن: دوایی تێکچوونی پەیوەندی نێوان قاسم وکموونیستەکان لەبەغدا، دەردەکرین(بڕواننەفەسڵی -5لەبەشی 2)ناعیلاج پەنا بۆ سوورییەو لوبنان یان ئۆڕوپا، دەبن.

1-وەرچەرخانی بەڕاستی حیزبی دێموکڕاتی کوردسانی ئێران

کۆنگرەی دووەم ساڵی 1964،

حیزبی دێمواکڕاتی کوردستان، هەنۆکە بەتایبەت لە ڕێبەرانی ئینقلابی، کەبەرنامەی پێشکەوتووخوازی لەساڵی 19556ڕێک وپێک کردووە، بێ بەش ماوەتەوە. حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی(ئێران)یش وەکوو پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق، کەلە دوو لاتووشی کێشەی چەپەکانی مەیلەو کمونیست وڕاستەکانی سەر وەبیری نەتەوەیی بوو لە1959، پاش قەدەرحەیامێک وەرچەرخانی توند، بۆچەپ لە ژێرکارتێکردنی ژەنەڕاڵ بارزانی بۆڕاست سووڕاوە، ولە 1960لەژێر شوێن دانانەسەری عەولا ئیساقی(ئەحمەد تۆفیق،کەیەکێک لەبنیات نەرانی کۆمیتەی مەهاباد و لەئەندامانی لاوی حیزب بوو، زۆر لەگەڵ بارزانی نزیکاتی هەبوو ولە ساڵی 1962بەرپرسی بنکەکانی پشتیوانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، لە خەباتێکدا کە بارزانی لەو دیوی سنوور دەستی پێکردبوو، عەلا ئیسحاقی ببوو بە سکرتێری گشتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئیران، و لە 1964لە گوندی (سونێ) هەڵکەوتوو لەنزیک (قەلادزێ ئێراق، کۆنگرەی دووەمی حیزبی پێکهێنا: کۆنگرە لە هەڵ ومەرجیکی ناروون وحەستەمدا پێکهات-هێندێک لە نوێنەران بە هۆی پێشگیری بۆیان نەلوا، لە کۆنگرەدا بەشداری بکەن... بەڵام ڕێبەرانی وەکوو سولەیمان وعەولا موعێنی کەلە 1967دەبنە ئەندامی(کۆمیتەی ئینقلابی) لەکۆنگرەدا بەشداریان کرد. کۆنگرە بەتێکۆشانی عەولا ئیسحاقی -قازی محەمەدی-بەتاوانی خەیانەت، وپێشکەوتوخوازانی، کۆمیتەی ناوەندی 1954 بەتۆمەتی (لاڕێیی)مەحکووم کرد.

تێبینی: ئەحمەد توفیق(ناسراوبەعەولا ئیسحاقی) بەفەرمی سکرتێری حیزبی دێموکرات نەبوو.(وەرگێڕ زەرزا)

2-شۆڕشی 1967-1968

بەڵام پشێوی بەڕاستی دوایی 1964لە سەردەمێکدا ڕوویدا،کە ژەنەڕاڵ بارزانی پاش کەلک وەرگرتن، لەیارمەتیەکانی خەڵکی کوردستانی ئیران،لە گەڵ دەوڵەتی ئیران پەیوەندی گرێدا ڕێکەوت و دەوڵەتی ئیران یارمەتی گرنگی لە بەرچەنگ نا،دەستەبەرو، بە،بەریەک هەڵکێشانی ئەم یارمەتیانەی -شای ئیران- ئەمەبوو کە ئاسایشەکی بێ گرێوگۆڵ لە کوردستانی ئێران بۆ ڕژێمی شا، سەقامگیر بکات. و بەرێوەبردنی ئەم دەستەبەریە، بۆ ژەنەڕاڵ بارزانی زۆرتر لەم بارەوە سانایی بوو کە ئەو سەردەم بەهۆی عەولا ئیسحاقی چاوەدێری تەواوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانی دەکرد. بەڵام لە1966ئیدی بارزانی متمانەی بەعەولا ئیسحاقی نەما،(بەعسییەکان عەولا ئیسحاقیان گرت،و لە دوایی سەردەمێک بەرەڵلایان کرد)بارزانی ناوبراوی لەخۆ دوورکردەوە، وبۆ ناوچەی بادینانی نارد. دوایی سەردەمێک لە1967هێندێک لەکادیرەکانی تێکۆشەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، کەدژ بە سیاسەتی (هاوکاری) عەولا ئیسحاقی بوون(کۆمیتەیەکی ئینقلابیان پێکهێنا، کە ئەندامەکانی مەزن وناسراوی وی بریتی بوون لە: سولەیمان وعەولا موعینی (کوڕانی وەزیری ناوەخۆی کۆماری مەهاباد) ومحەمەد ئەمین ڕەوند، وعەبدولڕحمان قاسملوو(ئەوکات لەئۆروپابوون)لەمانگی مەی 1967، کاتێک ژەنەڕاڵ بارزانی لە هەبوونی جەستەی ئەم گروپە، کە سیاسەتێکی سەربەخۆیان گرتبوو بەر ئاگادار بوو، بەوەسیلەی (سامی) ئەم بەڵگەبرانەی پێراگەیاندن: یان لەبەغدا بمیننەوە،بەهەموو

تێکۆشانی خۆیان دوایی بێنن یان بچنەوە کوردستانی ئێران وهەموو پەیوەندیک لەگەڵ ئێمە هەڵبڕن. ئەوکات ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هاتنە سەرئەم بڕیارە: کە بڕۆنەوە ئێران! (شۆڕشگێڕان) کە لە گەڵ لایانگرانیان، نزیکەی سەت چەک هەڵگر دەبوون،بوونە دوو گروپ دەستەی یەکەم لەکۆتایی مارسی 1967 وگروپی دووەم لە ژانوییەی 1967 چوونەوە کوردستانی ڕۆژهەلاتی ئێران. بزوتنەوەی چەکدارانەی ئەم گروپە،کەلە سێ قۆزەی –مەهاباد-بانە-سەردەشت-نشتەجێ ببوو، لەماوەی چەند مانگ، بەلەناوچوونی بەشی زۆری ئەندامانی کۆتایی پێهات. لەیازدە ئەندامی (کۆمیتەی ئینقلاب) پێنج کەسیان بەوناوانە: شەریف زادە، مەلائەحمەد شەڵماسی ناسراو بە(ئاوارە) عەولا موعینی کوژران، و دوو کەسیان بەدیل گیران. ڕاستە بەدەگمەن دەتوانی بزوتنەوەیەکی بدۆزیەوە، کە ئەوها بێ سەروبەر ڕێخرابێت سەرجەمی چەک وچۆڵی ئەم گروپە، بریتی لەچوار کەلاش دوو تفەنگی خودکار و هشتاوپێنج تفەنگی کۆنی بێ کەلک بوو. ئەم بزوتنەوە جگە لەوەی داکۆکی درەوەی نەبوو زۆر زوو بەکەمبوونی تەمەنی ڕوو بەڕوو بوو، وتووشی ئەم هەڵەگەورەیەش بوو کە ئولکەی بەرەنگاری وخەبات و تێکۆشانی چەکدارانەی خۆی لە ناوچەیەکی گچکەو بەرتەسکدا دەستپێکرد بوو، وهەر ئەوهەش ئەو هەلەی بۆ ئەرتەشی ئێران ڕەخساند کە هێزەکانی خۆی دژی وان سەقامگیرو، وەگڕبخات. بل لەوانەش ژەنەڕاڵ بارزانی کەپەیوەندی ئەوانی لەگەڵ کوردستانی ئێراق بە کردەوە هەڵبڕیبوو لە(خۆش خزمەتی) هێندە چوویێش، کەلە بەهاری 1968سەلەیمان موعینی لەگەڕانەوە لەسەفەری ئوروپا، گرت و کوشت و تەرمەکەی تەحویلی دەسەلاتدارانی حکوومەتی ئێران کردەوە،هەتا لەمەهاباد، بۆ تەماشاکردن داینێن. و(بابی) یارمەتی شای ئێران بۆ بارزانی و(دەستخۆشانەکەی) هەنۆکە دیاریدا!

3-کۆنفڕانسی دووەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران 1969،

لەساڵی 1969لەوەدی هێنانی کۆنفڕانسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، کەبە هۆی (هێمن) وهێندێکی دیکە لەکادیرەکانی پاشمەنەی حیزب، لە کوردستانی ئێڕاق سازدرابوو...عەولا ئیسحاقی کە ئەو کات بە یەکچەلی لە بەرچاوی بارزانی کەوتبوو لەحیزب دەرکرا... دەرکرانی عەولا ئیسحاقی، نیشانەی وەرچەرخانی نوێیە، کە حیزب بۆ چەپ ڕەکێش دەکات.

4-لەکۆنفڕانسی سیوم(ژوئیەی 1971) هەتا کۆنگرەی سیوم

سپتامبەری 1973

پاش ڕیکەوتنی 11ی مارسی 1970بەغدا جارێکیتر بەناوەندی دنیایی کوردگۆڕدرا: ئیدی چ شت لەمپەری گەڕانەوەی ڕێبەرانی پێشکەوتووخوازی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، لەسوورییە و لوبنان وئوروپا،نەبوو. ئەم دەستەیە لە1960ناعیلاج بەدانیشتن لەم ولاتانە ببوون...و لە کۆتایی مانگی مارسی 1970(کۆمیتەی ناوەندی مووەقەتی نوێ)خەریکی تەیاروئامادە کردنی ئەساسنامەوبەرنامەی تازی حیزب بوو: ئەم ئەساسنامەو بەرنامەی نوێ، لە

سیومین کۆنفرانسی حیزب(ژوین 1971)پەسند کران، هەرلەم کۆنفرانسەدا بوو کە ڕیبەری نویی حیزبی هەڵبژدرا: کە کۆمیتەی ناوەندی ودەفتەری سیاسی بە عەبدولڕحمان قاسملو، کە یەکێک لە دەرکراوانی ساڵی 1964بوو.

پوختەی وتە،پاش ماوەیەکی درێژخایەنی ساڵەکانی 1960-1970حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئیران، بۆ سەرهەڵویستی پێشکەوتووخوازی خۆی گەڕابۆوە...ئەم وەرچەرخانەی نوێ بۆ چەپ،لەلایان کۆنفراسی سیومی حیزب پەسەندکرا،(22-26سپتامبەری 1973). کۆنفرانس خەباتی چەکدارانەی دژی شا، بە هاوکاری سازمانەکانی دیکەی ئینقلانی، بڕیاردا: بەرنامەی ئەم خەباتە دەکرێ بشێین لە دورشمی(خەبات وبەربەرەکانی بەئامانجی سەروسامان بەبنەڕەتی بناخەی دێموکڕاسی لەئیران و(مافی چارەنووسی کورد) کورت کەینەوە.

5-حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە کێ بەرکێ و چاو لێکەری ئێران و ئێڕاق.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران،بەکەلک وەرگرتن لەم بنکەیەی پشتی جبهە، یانی ئێڕاق، حیزبەکەی بەڕادەیەکی بەرچاو بەوزەو تواناکرد-بەیارمەتی بەغدا! بۆ دەوڵەتی ئێڕاق کە ئیکجاربڕیارگر بە زەبر وەشاندن لە ڕێژمی (کۆنەپەرست وپاوانخوازی) شای ئیرانە کە ئەوڵین دەستە لە سەربازەکانی لە ئاوریل 1973بۆ زەفار،ناردوە، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بە سەقامگیرکردنی بنکەکانی لە ناوخاکی ئێران چاوگەی دەپێگا،...

و لە مانگەکانی نێوان پچڕانی پەیوەندی فەرمی و نیوەفەرمی بارزانی و بەغدا لە چاوگەی بیروبۆچوونی ڕێبەرانی کوردستانی ئێران، شتێک لەمپەر لەیەکیەتی حیزبی دێموکڕات لەگەڵ دەوڵەتی بەغدا، دژی رژێمی شای ئیران نییە: مەگین ئەم دەوڵەتەی پێشکەوتووخوازو دژی ئەمپڕالیزم لەو دوایانەدا،بەکوردەکانی خۆی –بۆ ئەوەڵین کەڕەت لەمێژوو-خودموختاری نەدا؟

یارمەتی بەغدا بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران هیچ وەخت بەو یارمەتیانە کە شای ئێران بە بارزانی دەکات لە تەرازوی هەڵسەنگاندن نابێت-باشە ئیدی؟ هەبوون ولێهاتوویی! بەڵام حیزبی دێموکڕاتی ئێران،لە بەهاری 1973نوسینگەیەکی گرنگی لەبەغدا لە ژێر دەسەڵات دایە و لە دەوڵەتی ئێڕاق بەشێک یارمەتی ماڵی ولوجستیگی وەردەگرێت، کە سەبارت بەوی هەردوو لا،بەدیزە بەدەرخۆنە،قەرەقەپ لە درکانی حاشادەکەن.

بەمجۆرە یەکیەتی دوو سەرەی بەعس وحیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئیران، لەبەرامبەر شای ئێران وبارزانی خۆی دەنوێنێ. ئێستا ڕووداوی چارەڕەشی کوردان لە هەڕەتی کامڵ بووندایە!

دوو بزوتنەوەی، کوردەکانی ئێران وئیڕاق،لەگەڵ حکوومەتانێک،یەکگرتووبوونە کەلەولاتەکانی خۆیان دەمارگرژترین دوژمنی هاونیژادەکانی خۆیانن، لەڕاستیدا هەردووحکوومەت دوژمنی نەتەوەی کوردن. ئەم دوو حیزبە لەجیاتی ئەوە پال وێکدەن وپێکەوە دژی ئەم دوو حکوومەتە، خەبات وبەربەرەکانی بکەن، بەدوژمنایەتی یەکتری دەجۆڵینەوە.

تێبینی: حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئیران قەت دژی حیزبەکانی ئیراق، نەجولاوەتەوە، سیاسەتی حیزبی دیموکڕاتی ئیران لەم بارەوەیەکجار ڕوون حاشاهەڵنەگرە،بە شایەتی خەڵکی ئیراق و مێژووی کورد. بەڵام بەداخەوەسیاسەتی پارتی ویەکیەتی زۆری حاڵاتێ دەستخەرۆ تێدا دەبیندرێ کە مێژوو نوسانی کورد بەهۆی مەسەلەی کوردستان بە پێویست دەزانن لە درکانی چاوبپۆشن، هەنۆکە دێ ئەم سیاسەتە کە هەوادی بەدەست داگیرکەرانی کوردستان درابوو و بەهەڵ ومەرج سەوداو مامەلەی لەسەردەکرا، یەکجاری وەلابنرێ بە هیوای ئەو ڕۆژە بەڵام وەڕاست گەڕانی شەهامەتێکی زۆری دەوێ کە بەداخەوە لە ڕێبەرانی کوردستانی باشور بە تایبەت لە مام جەلال ئەوە نادیترێ ئیستاش هەروەرگێرکەی حکومەتەکانی داگیرە! وەرگێڕ،زەرزا)

## 6-حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لەدوایی 11ی مارس 1874

بەڵام دەستپێکردنەوەی دوژمنایەتی بەعس وبارزانی لەدوایی 11ی مارسی1974

بەڵام دەستپێکردنەوەی دوژمنایەتی بەعس وبارزانی دوایی 11ی مارسی 1974،ڕێبەرانی حیزبی دێموکڕاتی ئیرانیان مەجبوور بەهەڵبژاردن دەکات: بەعس زەختیان دەخاتەسەر، هەتا لەڕۆژنامەی ئۆرگانی حیزب، بارزانی مەحکووم بکەن بەلام ئەوان قەبوڵ ناکەن. بەعسییەکان بە یارمەتیەکانی خۆیان کۆتایی دێنن،هێندێک لە ڕێبەرانی حیزب کە دانیشتووی بەغدان،دیسان دەبێ حاشارگایەکی دیکە بۆخۆیان بدوزنەوە.

لە ئێران سیاسەتی شا،پرتاوێکی بەرفرەوانی گرتووە: گوندەییەکان یەکەمین کەس بوون، کەلە جوولانەوەی شا،سەبارەت بەکوردان، زوانیان بە پێهەڵاگوتن کردەوە. یەکێک لەگوندەییەکان،لەئاوایەکی سنووری ئێران لە فۆرییەی 1875گوتی: (پێشتر،ئێمە وبەتایبەت خەڵکی مەهاباد،لە هێنادی تەنگەژە بۆ حکوومەتی شا،لەچ کردەوەیەک ڕانەدەوەستاین،بەلام لەوکاتەوە کە یارمەتی بارزانی دەدا، مەسەلەکە گۆڕاوە!) وگوتی: هەتا بنەماڵەی قازی محەمەد گوتوویانە: بە بینینی ئەم کارانەی کەدەرحەق بەپەنابەرانی کورد دەکات، ئێمە ئەوەی کەئەو سەبارەت بەبنەماڵەی ئێمەی کردوە، چاوپۆشی لێدەکەین.) دیاری دەدا، کە بن لاقی ڕێبەرانی کورد وردە،وردە بۆشایی تێدەکەوێ!

## 7-..ودوایی ڕێکەوتنی 6ی مارسی 1975،

ساچانی 6ی مارس ئەوان(حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانی) لە کردن هاتنی هەرجۆرە کردەوەیەک،لەخاکی ئێراق بێ بەش کرد. بەڵام دەکرێ بڵێین کە ئەم ڕێکەوتنە، لانی کەم ئاکامێکی ئەرێتی هەبوو. ئەم پێکهاتنەوەی سەیرو تەماشاییەی دوو ڕژیمی بەغداو تاران لەسەرتەرمی نەتەوەی کورد،بەیەکگرتوویی پێچەوانەی سروشتی کە بزوتنەوەی کوردتێدا،لەبەریەک هەڵوەشابوو، کۆتایی پێهێنا.

ڕیبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەدانیشتنی مانگی مەی 1976بێڵانێک لە ڕێکەوتنی 6-ی مارس دەدەنەدەست،وسیاسەتی نوێ بۆ خەباتی حیزب حازر وڕیکدەخەن.

فەسڵی 3-

وەزیەت لە ئێڕاق، لەساڵی ،1976،

لەئێراق، دوایی ڕێکەوتنی ئەلجەزایەر تێکەڵاویی و ئاڵۆزی گەیوەتە ئەو پەڕی خۆی: لە مەڕ بیمچمی فەرمی شۆڵ،دەوڵەت هەروا خەریکی بەڕیوەبردنی گەڵاڵەی خودموختاری(خۆی)کە ناوەندی وی،هەولێر(ئەربیل) ە،لێی بەردەوامە: (حیزبی نوێی دێموکڕاتی کوردستانی ئێڕاق)لەمە1976(نۆهەمین کۆنگرەی) خۆی بەڕێوەدەبات. لەسەرگرتنی ئەم کۆنگرەیە،سالح الحیدەری ئەندامی دەفتەری سیاسی ئەم لێکدانەوەی (لەئینقلابی ئێمە) دەداتەدەست: (ئینقلابی ناسیونالیستی، کە بۆ ئازادی و یەکیەتی نەتەوەی عەرەب خەبات دەکات.)(!)

مرۆڤ لێی وەشک دەکەوێ،مەبادا کۆنگرەی بە تاگۆڕ گرتبێت.

ئەگەردەسەڵاتدارانی ئێڕاق توانیبوایان لە سیاستی خۆیاندا لێهاتوویی و ئابڕو لە خۆ بنوێنن، و ڕابردوەکانیان لە بیربردبوانەوە، و بەم پەنابەرانەی کە بڕیاریان گرتووە،بگەڕینەوە وڵات، ئیجارەیان پێدابوان بەگوێرەی ژێهاتوویی خۆیان لەناو کۆمەڵگا، جێگا بۆخۆیان بدۆزنەوە، زۆر وێدەچوو توانیبوایان لەبێ(بایەخی)دەم ودەزگای ڕێبەری پێشووی بزوتنەوە،یانی: دەم ودەزگای بارزانی- لەبەرچاوی خەڵکی هێنابوودی،ئەو پەڕی کەلک وەرگرن، زوربەی کوردەکانی ئێڕاقی کەهیوای ژیانکردنیان لەکوردستانی خودموختار لەدەست دابوو، بەسانایی دەکرا بۆهاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێڕاقی رابکێشین،هەڵبەتە ئەگەر ڕێبەرانی ئێراقی سیاسەتێکی باوەش هاوەڵایان گرتبوایەبەر.

دەم ودەزگای سەرکوت وتەوەژم

بەڵام ڕێبەرانی بەعسی بەغدا، جارێکیتر سیاسەتی سەرکوتکردنیان هەڵبژارد: و ئەم ڕێبەرانە لە دوایی ئەمە، کە گەڕاوەکانیان بەتۆبزی مەجبوور بە پڕ کردنەوەی پسیارنامەکانی دوورودرێژ سەبارەت بە تێکۆشانی پێشووی خۆیان دەکرد، کە وەبیرهێنانەوەی ئەم پرسیارنامانەیە،کەئەندامانی حیزبی کمونیستی(چەکوسڵەواکی) لەدوایی(بەهاری)پڕاک ناچار بەپڕکردنەوەیان بوون، وسەرجەمی کادیرەکانی پێشووی بزوتنەوەیان بۆ باکوور،عیمارە،ناسیریە، دوورخستنەوە. ئەم دەستەیە، لەوێ بوون بە پاڵەی بەلەدیەو لێرەوارەکان، بۆنموونە: هەمزەعەوڵا هەرچەند ڕەگەڵ ئۆردۆی بارزانیش نەکەوتبوو) وزانستگای سولەیمانیە بەکردەوە گاڵەدرابوو: هەموومامۆستاکانی وی بوون بەقۆچی قوربانی سیاسەتی سەرکوت کردن، فەرهنگستانی کوردیش تەقریبەن قەپات بوو.

لەلایەکی دیکە بەعس کاری(بەعەرەبی کردنی) ناوچەکانی کەرکووک، سنجار،شێخان وزاخۆی دووپات کردبوو، خەڵکی ئاواییەکانی کوردی دەستە دەستە بۆ باکووری وڵات دەگوێزتەوە، ولەشوین وان عەرەبی نشتەجێ دەکرد. پوختەی وتە،فشار ئەوها تاویگرتبوو هەرلەئێستاوە کوردەکان بەرەوچیا، سەرهەڵدەبرن، ولەکێوەکان دەڕوانن... بارزانی ئیدی جێگای تووک ونزا نییە، گازەندەو سەرکۆنە ناکرێ،دیسان قسەوباس لەشەڕی چریکی دەکرێ! بەڵام لە بەستێنی سیاسی، وەزیەت ئیکجار ئاڵۆزە، گروپی پێشوو لەبەرچاوی ڕۆشنبیروخوێنکاران چ چاوگەی قورسایی ومتمانەی نین، وجەلال تاڵەبانی کە پەنای بردۆتە،دیمشق حەولدەدا،ئەو کوردانەی کەحازری تێکۆشانی ڕاستەوخۆن، لەیەکدی کۆکاتەوە. نوێنەرانی سێ بزوتنەوە(جووڵانەوەی سوسیالیستی کوردستان) (کۆمیتەی مارکسیست لێنینیستی کوردستان) و(خەتی گشتی) لەکۆنگرەیەکدا کەلە 31ی ئەوت هەتا12ی سپتامبەر لەناوچەی برادۆست، بە بەرپرسایەتی تاڵەبانی دانیشتن، وهاتنە سەرئەم بڕوایە، کە سازمانێک بەناوی(یەکیەتی نیشتمانی) ئاویتەبکەن. ئەم سازمانە،کۆمیتەی ناوەندی ودەفتەری سیاسی هەڵبژارد، وجەلال تاڵەبانی بەسکرتێری گشتی دیاری کرد و بەرنامەی بزوتنەوی نوێ ڕێک وپێک کرد. لەلایەکی دیکە لەدوایی سەردەمێکی درێژخایەن، لەناهومێدی ڕیبەرانی پێشووی پارتی دیموکڕاتی کوردستانی ئێڕاق، ناخازا (سامی) هیوای بۆ کۆکردنەوەی پاشمەنەی جۆڵانەوە و پێکهێنانی حیزبێکی نوێ لەدەست نەداوە.

لەبەهاری ساڵی 1976بەم لاوە سامی، تێدەکۆشێ کادیرەکانی پەنابەر لەئۆڕوپا،(پارتی دێموکڕاتی کوردستان-قیادە مووەقەت- لێکدی کۆبکاتەوە، لە حاڵێکدا کە دکتۆر مەحموود عوسمان، بە پێکهێنانی (پارتی دێموکڕاتی کوردستان)-کۆمیتەی سەرەتایی) بە هیوایە هیزی سیوم بێنیتەدی.

بزوتنەوەی کوردەکانی ئێڕاق،بەبۆچونێکی زۆر بەهۆی کار تێکردنی خەبات بۆ شوێن لە سەردانان لە نێو لایانگران و دژکارانی بارزانی،لە بەینی باڵەکانی ڕاست وچەپ خۆی، چەند لەت دەبێت.)

دوایین قسە

بۆ وەدیهێنانی بێلانێکی بەڕاستی لەکردەوەی ژەنەڕاڵ بارزانی، هێشتا زۆر زووە، بە تایبەت کە ئەمڕۆکە، ئەوهەی کە زۆرتر سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێ لایانەکانی نەریتی(منفی) کردەوەی وین، نەخازا دەست لە شەڕکێشانەوەی لە خەبات،هەتا لایانەکانی ئەریتی(مثبت) وەک خەباتی شێلگێڕیی کە ئەو چل ساڵی ڕەبەق بەدوایدا حەودال بوو. بەڵام هەرقەزاوەتەکیش کەلە مەڕبارزانی بکرێ، پێویستە لە سەر بنەڕەتی وتەی دوو کەسایەتی لێک جیاواز، وەکوو قەدری جانی شاعێر، خەڵکی کوردستانی سوورییە، و سکرتێری گشتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران.

شاعێر پرسیاردەکات؟ بارزانی، بارزانی کێیە کە ناوی وی
نەبیسبێت؟ ناوی وی وەبن گوێچکە نەکەوتبێت؟ بارزانی، بارزانی...
کێیە؟ کە هاوین وزستانان دەجەنگی؟ بارزانی، بارزانی...

جگه لە بارزانی کێ یە،کە لە بەرامبەری ئەم حکوومەتانەی دژی خەڵکی، دەبێتە سەد ؟هەرکات
حەزبکات دەچێتەئیڕاق، جاروایە دەبێتە تیرێک
وڕادەخوشی،بەئیراندا تێدەپەڕی ماقولانی ئەفیونی ئەم وڵاتە
کاتێک بەم خاڵە ئاگادار دەبن دەڵێن: (ئەمە بارزانی
یە، بارزانی یە، کەدێ،
ئەستێنەری گیانان...)

سەبارەت بەکردەوەی سیاسی ژەنەڕاڵ بارزانی، بابەتێک کەڕێبەری حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران لە ئۆکتۆبری 1973 گوتوویەتی یەکجار سەرنج ڕاکێشە: (ئەوهەی خوێندەواران تێی نەگەیون ئەمەی ڕۆشنبیران هەودایان بۆ بانەدراوە، ئەوەی سیاسی پیشە، لیی حاڵی نەبوونە،وئەوەی ئەمن لەهێندێ بوار بۆم نەچۆتەوەسەریەک: ئەمەیە کە بارزانی تەنیا کەسیکە کە توانیویەتی ئەم خەڵکەی کە لە گوندەکانیان دەیاندینین، ئەم خەڵکە بێ سیوادو پاشکەوتووە- لەگەڵ ڕێبەری سیاسی بزوتنەوەی نەتەوەخوازی کورد،لیک پەیوەندو یەکگرتوو بکات)

ئەم داوەریە، لەلایان یەکێک لە ڕۆشنبیرو، یەکێک لەڕێبەرانی باڵی چەپی ئینقلابی کورد، گوتراوە...کە بایەخی قورسایی وگرنگایەتی زۆری هەیە، هەرچەند ئەم داوەریە ساڵ و بەرێک بەر لە ڕێکەوتننامەی ئەلجەزایەر،کراوە و خاوەنی ئەوئاخافتنانە، لە ڕووداوی ڕابردو بەم لاوە ماڵوی بەسەر شۆیەکە دەکێشێ... وهەنۆکە بارزانی لەئولکە دانییە، حیزبەکانی سیاسی کورد، دەشێن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، ڕۆڵێک کە بنیاتنانی یەکەمین، حیزبەکانی کورد، بەرلە شەڕی دووەمی دنیاگر،چ چاخ توانایی هەڵگێڕ وەرگێری ئەویان نەبوو دەتوانن لە سۆنگەی ڕوو داوی ڕابردو دەست بەلێکۆڵینەوە تۆژینەوەیەکی بەربڵاو بکەن بەڵام بەشێنەیی وبەکاوەخۆ، کە لە سەریان هەناسە سوار نەبن.

ئەو دەرسانەی کە پێویستە لە تێشکانی سیاسی بارزانی فێربن.

(ڕژیمی)کوردستانی ئازادکراو)ی ژەنەڕاڵ بارزانی لەسەرئەوهەموو ناریک وپێکی وکزو لەرزۆکی و بێ هێزی(سەرمەشق ونەمووچە)-هێندێک بەرلە کۆماری بچکۆڵانە و تەمەن کورتی مەهاباد، کەسنووری دیاری کراوی نەبوو بێ تەقاندنی گوللەیەک هەرەسی هێنا، لێکدانەوەو شێش کوتی وەزیەتی ئەم (کۆشکەی کورد) کەکوردەکان بە ماوەی زێدەتر لە دەساڵ و بەپێچەوانەی شاڵاوو هێرشی قورس وبێ ڕەزای قۆشەنی عەرەب،کاری خۆیان لەناخی وی بەڕیوەبرد. ئەو هەلەی بۆ ئێمە ڕەخساند و ئەم دەرەتانەی بە ئیمەدا، دژکردەوەی کوردەکان، یان بازێک لە سەرۆکانیان، لە بەرامبەر ئەوخەیاڵ ولێکدانەوەو ئارزوانەی کە تەقریبەن لە هەڕەتی گەین دابوو یانی لەبەرامبەر پێکهێنانی حکوومەتێکی خودموختار، یان سەربەخۆی کورد،بدینین وشێ کەینەوەو ئازانتی و هەلاجی کەین!

دەونێوەدا، چێرۆکی سەربەرزی وقارەمانەتی ژەنەڕاڵ بارزانی، تەنیا تایبەتمەندی بەکوردی کوردستانی ئێراق، وەنیە،بەڵکوو پەیوەندی بەهەموو کوردەکانە، چ کوردەکانی دانیشتووی کوردستانی تورکیە، چ کوردەکانی دانیشتووی کوردستانی ئیران،چ کوردی سوورییەو ئەوانیتر،کەلەپارچەکانی دیکەی کوردستان نشتەجێن، وڕیبەرەکانیان خەونی سەربەستی ئەو

ڕۆژە دەبینن، کەبشێن ناوەندیەکی ئینقلابی هەتا دەقات کچکەتر،لە(کۆشکی) ژەنەراڵ بارزانی یان، بکەوێتە بەردەست.

## گرێپوچکەی شەڕی قەڵایچەیی

ئەم مەتڵەبە وئاکامە، بتەوێ یان نەتەوێ بەمێشکت دا، دێ: هەروەک(دیوید ئادامس) لەساڵی 1962گوتوویەتی: پیشمەرگەکانی ژەنەراڵ بارزانی بەتایبەت و کوردەکان بەسەرجەم هەرچەند زۆرباش دەزانن لەکیو وچیا دەژی دوژمنێک کەلە پێدەشت دەستی بەپەلاماروهێرش کردووە، بەشەڕبێن،جگەلەم شەڕەی(بەرگرییە)بە چ شێوی دیکە لەشەڕ ئاشنا و لێزانیان نییە و ڕێگای کەلک وەرگرتن لە پێرۆزی نازانن.

کوردەکان کەلە کردنەوەی ئەم گرێپوچکەیە،ئازار دەکێشن و خەم دەخۆنەوە، کەدەکرێ ئەوی بەگرێپوچکەی شەڕی قەڵای کورد ناولێبەرین، جگە لەوڵاتی خۆیان، لە چیاکانی خۆیان، لەجێگای دیکە فەندی شەڕنازانن..وبەکردەوە چ کات شەڕیان نەبردە ناوجەرگی ئێراق: بۆمباردمان و خاپوورکردنی شارو ئاوایەکانی کوردستان، برسایەتی خەڵکی کوردی لە وزەوتوانا دەخست، چۆڵەمەی حەیاتی دەکێشا، لە حاڵێکدا لەبەغدا خەڵک چ ئاگایان لەشەڕ نەبوو، هەڵەی بنەڕەتی بەرپرسانی(قەڵای)کورد، شەڕکردن بەشێوەوشیوازی کۆن و کەلاسیک بوو... چ بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی ناتوانێ لەگەل قۆشەنێکی پۆشتە، کەبەهەموو جۆرە چەکێکی قورس وەک: تانگ،تۆپ، فڕۆکە، لە ئولکەیەکی مەییودا،بەربەرکانی بکات ولیی دامەزرێ(مەگین کە بۆخۆشی ئەم جۆرەچەکانەی هەبێت) پێداگری ئەم(قەڵا) عەزیمەبۆ بەرگری لەتخووب وسنووری خۆی، بەشێوازی خەیاڵی شەڕەکانی سەردەمی کۆن، هەڵەیەکی دیکەبوو، کە دوا ڕۆژو ئاکامێکی قورسی بەدواوەبوو. لەحاڵێکدا بارزانی بەم خەڵکە کوردەی کە یەک سیوم یان یەک چوارمی سەرجەمی دانیشتووانی ئێراق، پێک دێنا، دەیتوانی شۆڕشێکی سەرانسەری لەئیراق وەڕێخات وشاڵاوی هەموو وڵات وەبەرخۆی بدا،ودەبابەو فڕۆکەو تۆپخانە، نەیدەتوانی چ عەمەلیاتێک بکات. ژەنەراڵ بارزانی لاتەریکی لەم هەنگاوە بۆ وەڕێخستنی شۆڕش لە پاشمەنەی وڵات، بەخەباتێکی تروریستی دەزانی، ئەوی ئەوها شی دەکردەوە: (ئێمەبەشیوازی ترۆریست، بەشیوەی فەلەستین یەکان، وکوژرانی خەڵکی بێ تاوان وئاسایی وناچەکدار قایل نین.) ڕاستە ژەنەراڵ بارزانی، حاڵی بوون وبۆچونێکی(مەزبووت وقارەمانانەی) لەشەڕدا هەبوو، بەڵام لەسەرئەمەش ڕا،مرۆڤ لەخۆی پرسیاردەکات، بەم بۆنەوە لەهەنگاوهەڵینان بۆ شەڕێکی نوێ، خۆی دەپاڕاست و هەستی بەم مەترسییە دەکرد کە لە حاڵیکی ئەوها دا، جڵەوی دەسەڵاتی لەدەست دەرکەوێ... ودیسان مروڤ لەخۆ دەپرسی: بۆچی پێشمەرگەکان بۆسەرینچاوەی نەوتی کەرکووک، هێرشیان نەدەبرد؟ ئاخۆ هەر بەم جۆرەکە یەکێک لەئەندامانی دەفتەری سیاسی پارتی دێموکراتی کوردستان دەڵێ: شای ئێران کە(سەرینچاوەی نەوتی پاڵاوتراوەی لەئابادان بەردەوام لەلایان تۆپخانەی ئیراق،لەبەرهەڕەشەدابوو بارزانی لەکردەوەی پەلامار بۆ نەوتی کەرکووک، دەگێڕاوە؟ یان بارزانی بۆخۆی ئەم مەترسییەی هەبوو کەبەم کردەوەیە، وڵاتانی ڕۆژ ئاوایی، لەخۆ چەڵاخ و نادەستەمۆ دەکات؟ یان بەم هۆیەوەبوو کە سەرینچاوەی نەوتی کەرکووک بەباشی لەلایان حکوومەتی ئێراق، ئاگاداری و پارێزگاری لێدەکرا؟

## سنوورەکانی بزوتنەوەی نەتەوەی کورد

له حاڵێکدا که ژەنەڕاڵ بارزانی،گۆڕەپانی شەڕی خۆی بەناوچەی کوردستانی ئێڕاق بەرتەسک کردبوو جێ نشینانی، یانی که ئەو ڕێبەرانەی که جڵەوەی ڕاپەڕینەکانی کوردستانی ئێڕاق وتورکیە و...پارچەکانی دیکەیان له دەست دایە،ئەم شەڕگانە بە(وڵاتەکانی) پەیوەند بەخۆیان له قەپانچەله دەکەن: یەکێک له ڕێبەرانی کورد له کتێبەکەیدا به ناوی(کوردستانی ئێران) دەنوسێ: (شاراوەنییە، هەل ومەرجی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی وەک یەک)له تەواوی بەشەکانی کوردستان وجودی هەیە، که بەوان(حاڵاتێکی هاوبەش) دەدات. دیسان دەڵێ: (بەڵام نابێ سەبارەت بەم هاوبەشیە،زێدەڕەوی بکرێت) و پەنجەی بۆ ئەمە ڕادەکێشێت که تەنیا(نیشانگەی تخووب) نییە، که کوردەکانی تورکییەو ئێران و ئێڕاق، که دەیان ساڵه له ژێر شوێن تێکردنی جۆراوجۆری ئەو وڵاتانە بوونە(لەیەکدی)جیا دەکاتەوە. ئەگەر کوردەکان ئەم پەیوەندیانەی له گۆڕیدا، لەنێوان چەوسانەوەو، چەوسێنەران، وەک حەقیقەتێکی بێ گرێو گۆڵ، قەبووڵ بکەن هەر له ئێستاوە، نیوە له شەڕیان دۆڕاندوە!

لەم بارەوە دەبێ تۆژینەوەیەک کە(لوران رینە) سەبارەت بە ناسەرکەوتنی، ڕاپەڕینەکانی نەتەوەیی (چکی) کردوە و شێکردنەوەو لێکدانەوەی که لە(بێ تەوانایی له هەڵبڕینی ئەو دەسەڵاتی ڕزگاەیخوازی) و (بەدواداچوونی پشتیون)-کە یەک میلیون چەکی، بەرەوتێشکان بردوو ڕەکێش کرد، بەوردی موتاڵایی بکەن.

ژەنەڕاڵ بارزانی بێگومان لە(زاڵم وخوێن مژان)ی بڕیبۆوە، و لاتەریک ببوو، و قسەکانی لەو کاتیدا، که ڕایگەیاند کەچ وخت لەگەڵ بەعسییەکان وتوێژ ناکات هێندێک له وەزیرەکانی که بە یەکچەلی له بەغدایان نەبڕیبۆوە، تووشی پەریشانی ودڵەڕاوکە کرد،(ئەوانە هەنۆکە لە کوێن؟)بەلام ئەو بێ لێبڕانەوە، بە دوای دۆزینەوەی داکۆکی و پشتیوان بوو. پێشتر زۆربەی ئەوکەسانەی کەلە دەورەی بارزانی کۆ ببوونەوە، وەک ڕیبەرانی کوردی ساڵەکانی دەهەی بیستەمی قوستەنتەنییە، که (لاقەکیان له دەم ودەزگای ئالی عوسمانی بوو) بەیەکچەلی لەبەغدایان نەبڕیبۆوە،هەر وەک یەکێک لەم (پێوەلکاوانە) بەبارزانی، که له ناو پێوەلکاوانی ساڵەکانی 1974-1975یەکێک له کەسایەتیەکانی ئیکجار بێ گرێو گۆڵ بوو، و له هەموان کەمتر هەڵپەرست بوو لەم بارەوە، بەئاماژە بە کۆتایی دوژمنایەتی دەیگوت: (ئەگەر دەوڵەت هەموو مووچەو پارەی وێداتەوە، و مووچەی وەدواکەوتووم بۆ حیساب بکات فلان شت بۆخۆم دەکرم...) ئەم مرۆڤە کەجل وبەرگی پێشمەرگاتی لەبەردابوو وکەڵاشی لەمل کردبوو، هەتا چەند لەمەوبەر لەبەغدا بوو یان ئێستاش هەر لەوێیە!بۆ ڕیبەرانی حیزبە کوردیەکان مەسەلە شتێکی دیکەیە!

لەبەستێنی ئیدولۆژی، ئەمانە موستەحەقی بە یەکیەتی لەگەڵ بزوتنەوەی ئینقلابی دیکەی وڵاتی خۆیانن-نەمووچ: لەئیران، لەگەڵ سازمانەکانی ئینقلابی، وبەشێک لەجەبهەی مللی) درێژەپێدەرانی ڕێگای موسەدیق.

لەبەستێنی لەشکرکێشی، ڕیبەرانی کورد هەمێشە هەستیان بەم مەترسییە کردوە، که بەدەرکردنی بەرنامەیەک(زوربەی) وڵاتی دیکە که کەمایەتی کورددانیان تێدان،دژ بەخۆیان دەرنەبڕن-نموونە: لەتورکیە وئێڕاق،دژ بەکوردەکانی ئێران، ئەمانە هیوایان ئەمە بوو، نۆکەش لەسەر ئەم هیوایە مکوڕن که بەهەڵکردنی دورشمی خەبات بۆ خود موختاری لەچوارچیوەی پارچەیەک کوردستان، لانی کەم لەبێ لایانی ناتێکۆشانی وڵاتانی دیکە کەلک وەردەگرن. مرۆڤ تێناگات که کوردەکان چلۆن بیردەکەنەوە، که دەوڵەتانی ئەم وڵاتانە ئەمجۆرە مانووڕانە تێ ناگەن؟! شتێک که دەوڵەتان دەخاتە دڵەخورپە، نەک دورشم بەڵکوو،واقیعیەتی بزوتنەوەکانی

نەتەوەییە. ئەما ئومرو بزوتنەوەی نەتەویی کورد ئەگەر بێهەوێ شانسی سەرکەوتنی هەبێت نابێ بزوتنەوەکە، لە پارچەیەکی کوردستان بەرتەسک بکات و ببستیتەوە...سا ئەم کوردستانە چ پارچەکوردستانی تورکیە بێ چ پارچەکوردستانی ئێراق و ئیران، یان سوورییە...!

لەمەبەدوا ئەمە روون وئاشکرایە کەکوردەکان ناتوانن چاوەنواڕی یارمەتی لە دەرەوەبن، لەڕاستیدا نابێ هیوا لەسەرئەم یارمەتیانە هەڵچنن! بەرتەسک کردنەوەی خەبات، لەقولینچکێک، یانی لە پارچەیەکی کوردستان مانای بەرەوپیر چوونی تێشکان...کوردەکان کە هەنۆکە هزروفکریان(ولاٌتێکە) دەبێ بەدوایی پێکهێنانی ولاٌتێک بن، کە لێهاتووی ئەم ناوەی هەبێت، وهەموو سەرچاوەکانی ئاپوورەی پارچەکانی دیکەی کوردستان، ئاویتەی یەکدی بکات. هەڵبەتە قسە لە قوڵ هەڵماڵین بۆ گرێدانەوەی هێڵی جوغرافیایی کوردستانی پتوون، لەم دەم ودەستەدا، بۆ دنەدانوو، پڕتاوی ڕاپەڕینەکی گشتی وهێنانیان و کۆکردنەوەیان لەبزوتنەوەیەکی تاقانە دانییە، بۆ کردەوەیەکی ئەوها غللورانە، بە وێچوونێکی زۆر جگە لێگێڕانەو بۆ کوشت وکوشتاری هەمووانی بەرهەمی نابێت. بەلاٌم تەنیا بە کۆکردنەوەی سەرجەمی هێزەکان و ڕیک و پیک و هاو سەنگ و تەرازکردنی ڕێکخستنی ئەوان،بەرلە کۆکردنەوەیان لە ناو بزوتبەوەیەک، و سترینەوەی ئەم بۆچوونە کە وردەوردە، سنوورەکان قەبووڵ دەکات،ئەم شانسەی دەبێ کە(نەتەویی خۆیان) پێ داسەپینرێت. (ئاندەرۆ، سەبارەت بەخودموختاری خوازان، بابەتەکی گوێچە لێ هەڵێخستنی هەیە: (بەبۆچوونی من، خودموختارخوازان، ئەوشتانەن کە بەرێک لە سەردەم و زەمانی ئێمە پێکدێنن...بەلاٌم... دەڵێی دەنگی زەنگوڵەی دەلخەک دێت! لەبۆ کەسەکان، باسکەکان، کورسیەکان... (لەکوردەکان ناو نابات)لێرەیە لەدلخەکەکانی شکسپیر دێنە سەرپەردەی شانۆ!)—دوورنییە مەنزوری قسەکەر ئەمەبێت: کەئەمانە(خودموختارخوازان) بەشێک لە ئەکتەرانی ڕەسەن نین،وبۆ کات ڕابواردن وسەرگەرمی تەماشاکەران دێنە سەر سەحنە،یان دەیانهێنن، وێدەچێ بەم دەلیلە بێ کە نووسەر لەئاماژە بە وان، وشەی هەڵبژاردن، لەکاردەکات، هەتا بەمە بێ بایەخی وان بۆ خوێنەر بەرجەستە بکات—

هیچ کەس ناتوانێت چارەنووسی مللەتێک قەڵم بەسەردابکێشێت.یان لە جیاتی وی دیاری بکات. ئەمە ئەرک و مافی کوردەکانە کە بۆ خۆیان ئەمە وەڕاست بگەڕینن و بەدونیا بسلمێنن کە نایانەوێ (ببن بەدەلوو،دێوانەکانی شکسپێر) و ثابت کەن، کە لەکردن نهاتووە،(و کەس ناتوانیت... بوونی 15 میلیون کورد(هەنۆکە چل میلیونە-وەرگێڕ) لە مەڵبەندی خاوەرمیانە(دووچۆمان) بەنەدیتوو، ونەبوو قەڵم بەسەر دا بکێشت و حاشای لەبکەن -لەئاکامدا ئەمە کە(مەسەلەی) کوردەکان، (مەسەلەی) سالەکانی دەهەی هەشتاد دەبێت....

تەواو......2006/11/5

بلاٌو کراوە لە سایتی:

2008-01-02

www.peshmergekan.com

www.peshmergekan.eu